ژیـــانـــەوە

بەرگی (1–8)

نووسینی

ئەندازیار عوسمان

چاپی حەوتەم

2012ز-1433ك

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: ژیانەوە

بەرگی : 1–8

نووسەر: ئەندازیار عوسمان محەممەد رەشید

ساڵی چاپ : 2012ز –1433 ك

چاپی : حەوتەم

لەکتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی 354 ساڵی 2005 دراوەتێ

ئەرکی چاپی حەوتەم کتێبخانەی مەحوی لە هەولێر گرتیە ئەستۆی خۆی

پێشەكی چاپی حەوتەم

سوپاس وستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان درووددوسەلامیش لەسەر سەرداری پێغەمبەران و یارویاوەران ..قورئان دەفەرموێت:

﴿أَو مَن كَانَ مَيْتاً فَأَحْيَيْنَاهُ وجَعَلْنَا لَهُ نُوراً يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾الأنعام:122

واتە:ئایا ئەو كەسەی كە مردوو(بێبڕوا)بێت وبەهۆی ئیمانــەوە بیژێنینــەوەو نــورێكی بــدەینیّ كــە قورئانەوبەناوخەڵكیدا ڕێی پێدەركات وەك ئەوە وایە كەوا لەناو تاریكستانێكدا بێـت كـە بـەهیچ جۆرێك لێی دەرنەچێت، بەو شێوەیە ڕازێنراوەتەوە بۆ بێبڕوایان ئەو كردەوە خراپانەی دەیانكرد .

سوپاس بۆ خوا كە بەفەزڵ وكەرەمی خۆی هاوكاری كردم و ژیانەوە هاتە دنیاوە .

سوپاس بۆ خوا كە خەڵكانێكی زۆر سوودیان لێبینیوەو واچاپی حەوتەم دەكرێت .

لەم چاپەدا بەپێی توانا پیایدا چوومەتەوەوچەند شتێكی كەمیشم بـۆ زیـادكردووە كـە پێویسـت بوو،كە خوێندمەوە زۆر دڵخۆش بووم كەئەم بەرهەمە پڕ خێروبەرەكەتە ناوی منـی بەنـدەی لاوازو كەم توانای لەسەرە ، بڵێم چی هەروەك باوكی ڕەحمەتیم دەیووت : ئـەم قـوڕە هەرئەوەنـدە تـۆزی لێهەڵدەسێت .

ئەم بەرهەمەو ئەوانی تریش شەونخوونی وهەوڵی زۆری ویستووە بەدرێژایی سی و هەشت سـاڵ ، تەنانەت لەهەقی نەفسی خۆم و ماڵ ومناڵیشم خواردووە، لەخوادەپاڕێمــەوە كـەلێمان وەرگـریّ وپاداشتی خێری هاوسەفەرو هاوسەری خۆشەویستم بداتەوە كەئەگەر هاوكاری و بوار بۆ ڕەخسانی ئەو نەبوایە ڕەنگە نەمتوانیایە ئەم بەرهەمانە بەو شێوەیە پێشكەش بكەم .

لە خوێنەری بەڕێزداواكارم كە دوعای خێرمان بۆ بكـات وپـەڕاوەكانی تـریش بخوێنێتـەوە كـە هەموویان تەواوكاری یەكترین .

وتەیەک

عادل شاسواری

سەبارەت بە سەدەكانی ڕابردوو ئەڵێن :

حەڤدە سەدەی ئەقڵ گەرایی بوو.. هەژدە ، ڕۆشنگەرایی لە برەودا بوو..نۆزدەش، ئیلحاد لە گەشەدا بوو ..ئەندریێ مالرۆی فەیلەسوفی فەڕەنسیش ئەڵێت: سەدەی بیست ، سەدەی زانست بوو،بەڵام بیست ویەك ڕۆح پەرەدەسێنێت .

جەوهەری ئاینیش ڕۆحە.. ئەو لایەنە ڕۆحیەی كەمایەی بزوتنی مرۆڤە ..كەمایەی زیندویەتی هەست و ویژدان و فیترەتی مرۆڤایەتیەو كۆی جوانیەكانی مرۆڤی تێدان.

مرۆڤ چەندە لەناواخنی ڕاستەقینەی ئایین دووربكەوێتەوە ئەوەندە لە مانای ئاسوودەیی ڕۆح وهێمنی ژیان وچێژی نەمری‌و تخوبی جوانی ڕەها دووردەكەوێتەوە.. چونكەخوای جوانكارو ئاسوودەبەخش وئافەریدەی ژیان و بوون هەر خۆی داهێنەری ئایین و بەخشەری سكونەكانی دڵ وگیانە ..قەسوەتی قەلب بەزیكری پەروەردگار لادەچیێ ..ژەنگی دڵ بەنزای سەر بەرماڵ و بەگریانی بە كوڵی سەبای سالحان وبە دڵی پڕ لە عیشق و ئەوین و فیداكاری بۆ خوای جیهانیان هەڵدەوەرێت..هەموو ئەو چەمكانەش لەدەرەوەی ئاییندا مانای خۆیان ون دەكەن..هەر بۆیە لە دووریی ئەم كەژاوەی ئایینەوە، دەبینین چەندین مرۆڤ لەسەر شەقامی ئەم ژیانەدا لاڕێ كەوتوون و بێسەروشوێن بوون و بێهوودەیی بۆتە ماكی ژیانیان..

مرۆڤ ئەگەر بیەوێت لە نێوراستی ئایین و لە باوەشی ئیسلام ولە ئامێزی دادو ئاسوودەییەوە لە دایك ببێتەوە ، جارێكی تر بژێتەوە ،ڕەنجی ئەویێ ، چاو ڕۆشنی باشی ئەویێ .. ئەزموون و ئاوەزی ئەویێ..پاكی و چاكی ودڵ دامەزراوی ئەویێ ..

ژیانەوە..كۆی ئەو هەوڵ وكۆششەیە كەدەدرێت بۆ ڕازاندنەوەی كەژاوەی زێڕینی ئیسلام، لە هەموو زمكانە جیاوازەكاندا ، هەرچەندە لێرەو لەوێش قوربانی لێبكەوێتەوە، بەڵام لە ئاكامدا ژیانەوەی هەتاهەتایی بەرهەم دێنێت .

ژیانەوە..ئەو هەناسەیەیە کە جارێکی تر مرۆڤ لەناو قولآیی ئیسلامدا هەستی پێدەکاتەوەو تێدەگا تا ئەمێستاش هێشتا ژیانی ئاسوودەیی و دوور لە دڵە ڕاوکێ بە پایان نەگەیشتووەو هێشتا دەرفەتێ بۆ ژیان ماوە .. هێشتا ئاخێزێ بۆ بزاوتن ماوە..هێشتا هیوایەك بۆ تەمەن ماوە کە جێگای دڵخۆشی بێت..هێشتا بیانوویەك ماوە تا خوا لێمان خۆش بێت .

ژیانەوە..هەنگاوێکە بەرەو دۆستایەتی خوا .ڕێگایەکە بۆ چەشتنی شیرینی ئیمان ،بەرماڵێکە بۆ نزاو پاڕانەوە.. پەنجەرەیەکە بەسەر چەندئایەت وباسێکی ئیمانیدا..

ژیانەوە..هەوڵێکە تا بانگی خوا زۆر بەهێمنی بلاوبکاتەوە ، لەناو ئەم دنیا پرش و بلاوەدا مرۆڤەکان بۆ خوا جارێکی تر کۆبکاتەوە ، ناڵەی دەروێش وجۆشی تەلەبەو ڕێگای پیران و زانکۆی لاوان هەموو پێکەوە گرێبداتەوەوبۆ بانگی خوا هەریەك دەنگی خۆی تاقیکاتەوە ..

ناوەرۆکی بەرگەکان

ژیــانـەوە

بەرگی یەکەم

پێشەکی

سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری جیهان و درووودوسەلامیش لەسەر پێشەوای پێغەمبەران ویارو یاوەرو شوێنکەوتوان..

ڕۆژێك خاتوو عائیشەی دایکی بڕواداران ، ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوەو دەگریا (فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا ووقَانَا عَذَابَ السَّمُومِ) (الطور27) واتە: بەهەشتیەکان دەڵێن: خوای میهرەبان چاکەی لەگەڵ کردین و لەسزای دۆزەخی پڕئێش پاراستینی..

بەڕاستی چاکی تێگەیشتووە ، ئای لەو خۆشیەی کە مرۆڤ سەرفراز بێت وبۆ هەتا هەتا لە بەهەشتا بێت . کێ لە ئێمە دڵخۆش ناکات بە دەسکەوتێکی دنیای کاتی کەچەند ساڵێکەو دەبڕێتەوە؟ ئەی دەبێ خۆشی ئەوسەرفرازی ودەستکەوتە یەکجاری یە چۆن بێت ؟؟ دیارە خاتوو عائیشەی دایکمان ، ئاواتێتی وخۆزگەی پێدەخوازێ وهۆن هۆن فرمێسکی بۆ دەڕێژێ..

بەڕاستی هەروایە، هەرچی لەدۆزەخ ترازاو سزا نەدرا سەرفرازە، سەرکەوتووە ، خوا پێداوە(كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وإِنَّمَا تُوفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَنْ زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ومَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ) (آل عمران:185) واتە: هەموو کەسێك دەبێت مردن بچێژێت ، ڕۆژی قیامەت بەتەواوی پاداشتی کردەوەکانتان وەردەگرن ، ئەو کاتەی ئەوەی لە دۆزەخ ترازاو ڕزگاری بوو، خرایە بەهەشتەوە ، ئەوە بەڕاستی سەرفرازە و ژیانی دنیاش بێجگە لەوەی کە خۆشی و ڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە هیچی تر نییە !

(ژیانەوە) هەوڵێکە بۆ ڕەزامەندی خواو جێ بەجێ کردنی ئەرکی سەرشان ، سابەڵکو سەرفرازیی دنیاو قیامەت بەدەست بێنین..

(ژیانەوە) بەکۆمەڵێ بابەتی ئیمانیەوە دێتە خزمەت هۆگرانی (بەهاری دڵان وفەرهەنگی بانگخوازان وبەرچاو ڕوونی وبەرەو پەروەردەی ئیسلامی وڕامان لەقورئان ولە خزمەت قورئاندا) بۆ ئەوەی هەندێ ڕاستی ویەقینیاتی تر بۆ خەرمانی ئیمان وبڕوایان زیاد بێ لە گەشتێکی پڕ خێردا ، بەرەو شارەزابوونی زیاتر لەبەرنامەی خواو، بوون بەبانگخوازی زرنگی چالاك کە شەوو ڕۆژ باتە دەم یەك وشوێن پێی بانگخوازانی بەهیممەت وماندوو نەناسی پێش خۆی هەڵگرێت...

هەوڵ و تێکۆشان ژیانەوەیە

جیهادو هەوڵ وتێکۆشان بەهەموو جۆرەکانیەوە لە هەموو کات و شوێنێکدا مایەی ژیانەوەیە هەرچەند ڕەنگە سەروماڵیش تیابچن ..

لەڕاستیدا ئەوسەروماڵە هەر تیادەچن ونامێنن، ئەمڕۆ بێت یان سبەی ، بۆیە مانەوە و ژیانەوەی ڕاستی و ژیانی ڕاستەقینە ژیانی ئاخیرەتەو، دنیا وەك خەوێك وایەو کورتەو تەواو دەبێت .. قورئانی پیرۆز بە موسڵمانان دەفەرموێت : (يأيها الذين أمنوا استجيبوا لله وللرّسول إذا دعاكم لِما يُحيِيكُمْ واعلَمُوا أنّ اللهَ يَحُولُ بين المرء وقلبه وأنَّهُ إليه تُحْشَرون)24 الانفال : واتە :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، بەدەم بانگەوازی خواو پێغەمبەرەوە بچن کاتێك بانگتان دەکەن بۆبەرنامەو ڕێبازێك کە **دەتانژێنێتەوە و ژیان بەخشە** ، چاك بزانن بەڕاستی خوا زۆر بەئاسانی دەتوانێت دڵتان لێ بسێنێ و دڵتان بە جۆرێك بگۆڕێ کەخۆشتان نەزانن سەرلەکوێوە دەردەکەن ، ئنجا گەڕانەوەشتان بۆلای پەروەردگارەو لێتان دەپرسێتەوە ..

هەوڵ دان بۆدینی خوا ژیانەوەیە ، بۆیە ئەوانەی کە هەوڵ دەدەن خوای گەورە ڕێنماییان دەکات و لەم ژیانە کورتە دا گیرناخۆن (والذين جاهدوا فينا لنهدينهم سُبُلنا)69 العنكبوت ، هەروەها دڵشادو بەرچاو ڕوون و سەربەرزن بەوەی کە دۆست و(أنصار)ی خوان ، قورئان داوا لەبڕواداران دەکات کە هەروەك هاوەڵانی حەزرەتی عیسا دۆستی بەرنامەی خواو (ئەنصاری خوا)بن ﴿ يأيها الذين أمنوا كونوا أنصارَ الله كما قال عيسى بن مريم للحواريين : مَن أنصاري إلى الله ؟ قال الحواريون نحن أنصارُ الله ، فآمنت طائفة من بني اسرائيل وكفرت طائفة فأيدنا الذين امنواعلى عدوهم فأصحوا ظاهرين ﴾ الصف 14 واتە :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ببنە پشتیوانی ئایینی خواو ، ببنە دۆستی خوا ، هەروەکو عیسای کوڕی مەریەم بەحەواریەکانی هاوەڵی فەرموو : کێ پشتیوان و یاوەرمە بۆ ڕێبازی خوا ، حەواری یەکان وتیان : ئێمە ئامادەین ببینە پشتیوان ودۆست و لایەنگری خوا ، ئەوسائیتر کۆمەڵێ لەبەنی ئیسرائیل موسڵمان بوون و کۆمەڵێکیش بێباوەڕبوون ، ئێمەش بڕوادارانمان سەرخست بەسەر دوژمنەکانیاندا و زاڵ بوون ..

حەزرەت (د.خ)هانمان دەدات لەسەر جیهادو هەوڵ و تێکۆشان و، لەسەر ئەوەی کەخەمی چوونە بەهەشتمان بێت لەیەکێ لەدەرگاکانیەوە ﴿عليكم بالجهاد في سبيل الله ، فإنّه باب من أبواب الجنة ، يُذهِبُ الله بِهِ الغَمَّ والهَم﴾واتە: خەبات بکەن لەڕێی خوادا ، چونکە ئەوە دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت و بەوهەوڵ و کۆششە دەرگاکەتان بۆدەکرێتەوە و بە بەهەشت شاد دەبن ،

هەروەها جیهادکردن خوای گەورە دەیکاتە لابەری خەم و خەفەت و نارەحەتیتان ، چونکە مرۆڤ کە بەهیممەتی بەرزەوە خەریکی هەوڵ و خەبات بوو ، لاناکاتەوە بەلای شتی سووك و بێبایەخدا وشەیتان کەمتر پێی دەوێرێت ، زانایان دەڵێن : ئەوکەسەی هیممەتی بەرز بێت وەك هەڵۆیەکی بەرزە فڕوایە ، تابەرزتر بفڕێت ، زیاتر دوور دەبێت لە گوللەوتیری ڕاوچیان ..

بەڕاستی بانگخواز و خەباتگێڕی موسڵمان لەهەوڵەکەیدا هەموو خۆشیەکەی دێتە سەر هیدایەتی خەڵکی و، بۆئەومەبەستە هەموو شتێکی دنیایی دەخاتە لاوە، قورئانیش ئاماژە بۆئەمە دەکات و دەفەرموێت ﴿ قاتِلُوهُم يُعَذِبهُمُ اﷲ بأيديكم ويُخزِهِم ويَنصُرْكُم عليهم ويَشْفِ صُدُورَ قومٍ مؤمنين ، ويُذهِبْ غيظ قلوبهم ، ويتوب اﷲ على مَن يشاء ، واﷲ عليم حكيم ﴾التوبة 15 واتە: ئەی ئیمانداران بجەنگن دژی بێباوەڕان ، (ئەو بێباوەڕانەی ڕێ دەگرن لە دانی بانگی خوا بەگوێی خەڵکیدا ، چونکە دەبێت بانگی خوا ئازادبێت و تاقە دین لای خوا ئیسلامە ، ئنجا کەئازاد بوو ، خەڵکی هیچ زۆریان لێناکرێت ، بڕوادەهێنن یان نایهێنن ﴿ فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر﴾ هەروەك قورئان لەشوێنی تردا ئاماژەی بۆکردووە) .

خوا بەدەستی ئێوە سزای کافران دەدات و سەرشۆڕو خەجاڵەتیان دەکات و ئێوە بەسەریاندا سەردەخات و ، سینەی ئیماندارانیش ئاسوودە دەکات و دڵ و دەروونیان سارێژ دەکات و خەمیان ناهێڵێ ، خوای گەورەش تەوبەو پەشیمانی لەو کەسە وەردەگرێت کە شایستەیە ،خوا زاناو دانایە.

خۆت تالان فرۆش مەکە !

زانای پایەبەرز حەسەنی بەصری دەڵێت :(نەفسی تۆ بەنرخە ، بە بەهەشت نەبێ مەیفرۆشە ، هەرچەند هەندێ کەس خۆی تالان فرۆش دەکات) . بەڕاستی هەروایە ، خوای گەورە سەروماڵی داوێنپێتیێ و بەفەزڵی خۆی بەبەهەشتیش لێمان دەکڕێتەوە ، قورئان دەفەرموێت ﴿إنّ اﷲ اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأنَّ لَهُم الجنّةَ ، يُقاتِلون في سبيل اﷲ فَيَقْتُلُونَ ويُقْتَلُون وعداً عليه حّقاً في التوراة والانجيل والقران ، ومَنْ أوفى بِعَهْدِهِ مِنَّ اﷲ ، فاستبْشِراوا ببيعكُمُ الذى بايَعْتُمْ بِهِ وذلك هو الفوزُ العظيم ﴾ 111 التوبة واتە : بەڕاستی خوا ، گیان ومالّی لەئیمانداران کڕیوە بەوەی کە بەهەشت بۆئەوانە ، ئەوانە دەجەنگن لەپێناوی خوادا ، دوژمنانی ئاینی خوا دەکوژن کە (دژایەتی ئەم بەرنامەیە دەکەن)،یان دەکوژرێن و شەهید دەبن ، ئەوپاداشت و بەڵێنە بەڕاستی لەسەر خوایە و باسکراوە لەتەورات و ئینجیل و قورئاندا ، جاکێ هەیە لەخوا بە وەفاتربێت لەپەیمانەکانیدا ،

کەواتە زۆر دڵخۆش و کامەران بن بەومامەڵەیەی کە ئەنجامتانداوە و بەو کڕین و فرۆشتنەی کە لەسەری ڕێکەوتوون و، بێگومان هەر ئەوەشە سەرفرازی و سەرکەوتنی نەبڕاوەو بێ سنوور ..

کاتێك پێغەمبەر (د.خ)پەیمانی بەست لەگەڵ (أنصار)ەکاندا داوای لێکردن سەروماڵیان بەخت بکەن بۆخوا بەرامبەر بە بەهەشت ،(ئەنصارەکان)وتیان (**ربِحَ البیع ،ربح البیع**)..

(کڕین و فرۆشتنێکی قازانجدارە ، کڕین و فرۆشتنێکی قازانجدارە)...بەڕاستیش هەروایە دنیایەکی پێنج ودووڕۆژێك لەکوێ و بەهەشتی هەتاهەتایی لەکوێ ؟! دەی باشە سەروماڵ نافرۆشی بەخوا ، بۆکوێی دەبەیت و چیلێ دەکەی ؟!

جائەوانەی کە باوەڕناهێنن ، ئەوانە بەڕاستی خۆیان خەسار کردووە و خۆیان فرۆشتووە بەشتێکی خراپ ﴿بئسما اشتَرَوا بهِ أنْفُسَهُمْ أن یَكفُرُوا بما أنزلَ الله بغیاً أن یُنَزِلَ الله مِن فضلِهِ علی مَن یشاءُ مِن عباده ، فباؤا بغضب علی غَضَب وللكافرین عذاب مهین ﴾90 البقرة . واتە : ئەو جولەکانە خۆیان بەشتێکی ناپەسەند فرۆشت ، کاتێك کافربوون بەو قورئانەی خوا ناردوویەتی ، لەحەسوودی و سەرسەختیدا وتیان : بۆچی خوای گەورە دەرگای فەزڵ و ڕەحمەت دەکاتەوە لەهەرکەسێك کەبیەوێت لە بەندەکانی، ئەوسائیتر دووچاری یەك لەدوای یەکی رق وخەشمی خوا بوون ، بۆکافروخوانەناسان سزایەکی ڕیسواکەر ئامادەیە ..

جائەوانەی خۆیان نافرۆشن بەخواو، کفر دەکەن لەجیاتی ئەوەی ئیمان بێنن ئەوانە تەنها زیان لەخۆیان دەدەن و خوای گەورە زیانی لێناکەوێت و ئاتاجی بە کەس نیە ﴿إنَّ الذین اشْتَرَوا الكفر بالایمان لَن یَضُرّوا الله شیئاً ولهم عذاب ألیم﴾175 آل عمران /واتە: بەڕاستی ئەوانەی کفریان هەڵبژارد لەجیاتی ئیمان و ، بێباوەڕییان کڕی لەجیاتی باوەڕ ، بەهیچ جۆرێك زیان بەخوا ناگەیەنن بەڵکو سزای ئازاراوی چاوەڕێیانە ..

دووڕووەکان خۆیان دەخەڵەتێنن

هەندێ کەس کە تووشی نەخۆشی دووڕوویی بوون ، بەرووکەش و بەزمان هیچیان نەهێشتۆتەوە ، کەچی لەڕاستی دا خۆیان دەخەڵەتێنن و خوا ئاگای لەدڵیانە کە ڕاست ناکەن ، قورئان لەبارەی ئەو جۆرە کەسانەوە دەفەرموێت ﴿ومِنَ الناسِ مَن یُعْجِبُك قَوْلُهُ في الحیاة الدُنیا ویُشْهِدُ الله علی مافي قلبِهِ وهوَ ألَدُّ الخِصام ، وإذا تَوَلّی سعی في الاَرضِ لیُفْسِدَ فیها ویُهْلِكَ الحَرْثَ والنَّسْلَ والله لایُحِبُ الفَساد ، وإذا قیلَ له اتَّقِ الله أخَذَتْهُ العِزَّةُ بالإثمْ فَحَسْبُهُ جَهنَّم ولبئس المِهاد ﴾ 206 البقرة / واتە :هەندێ کەس هەیە قسەودەم و زمانی لە بارەی ژیانی دنیاوە سەرسامت دەکات

، خواش بەشایەت دەگرێت و دەڵێت : دڵ و زمانم یەکن ، لەکاتێکـدا ئـەو سەرسـەختترین کەسـە لەهەموو جۆرە دوژمنایەتیەکدا . هەرکاتێك ئەو جۆرە کەسە پشتی هەڵکردو دەسەڵاتی پەیدا کـرد ، هەوڵ دەدات لە زەویدا تا ئاشووب بەرپابکات وخراپە بڕوێنێت و کشتوکاڵ لەناوببات و خەڵکی قڕبکات ، بێگومان خوا فەسادو خراپەی خۆش ناوێت ..

خۆئەگەر پێی بووترێـت : لـەخوا بترسـە ، غـەڕڕا دەبێـت و شـانازی بەگوناهیـەوە دەکـات و سووردەبێت لەسەری ، جائەوە دۆزەخی بەسە ، سوێند بەخوا ئـەو دۆزەخـە شـوێن و جێگەیـەکی نالەبارو ناخۆشە ..

بەرامبەر بەم دەستەیە ، دەستەیەکی ترهەن کەخواناسی ڕاستەقینەن ﴿وَمِنَ الناس مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابتِغاءَ مرضاتِ الله ، والله ُرؤوف بالعِباد﴾البقرة 207 واتـە :هەنـدێ کەسـیش هـەن بەپێچـەوانەی ئەوانەی باسکران ، خۆیان دەفرۆشن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا ، خوای گـەورەش بەسـۆز و میهرەبانە بەرامبەر ئەو جۆرە بەندانەی . هەروەها قورئان دەفەرموێ ﴿الذين خسـروا أنفسـهم فهـم لايؤمنون ﴾ الانعام 12واتە: ئەوانەی کەخۆیان دۆڕانـدو خۆیـان خەسـارکرد ئەوانـەن کـەباوەڕیان نەهێنا.

گەورەیی و نرخی مرۆڤ لەئیمانەکەیدایە

(جولـەیبیب)هـاوەڵێکی هـەژاری بێکـەس وبێـدەری حـەزرەت بـوو (د.خ)، ڕۆژێـك پێغەمبـەر (د.خ)پێ ی فەرموو (ئەی جولـەیبیب)ژن ناهێنی ؟! ئەویش وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)جاکێ ژن دەدات بەمن ؟! نەماڵـم هەیەو نە بنەماڵـەوعەشرەت ؟! .. جارێکی تر هەمان شتی پێفەرموو ئـەویش هەمان شتی وەڵام دایەوە ، سێیەم جاریش هەمان شتی پێفەرموو ئەویش هەمان شـتی وەڵام دایـەوە .. ئنجا حەزرەت (د.خ)پێ ی فەرموو : برۆ بۆلای فلانە ماڵی (ئەنصار)وپێیان بڵـێ : پێغەمبەری خـوا سەلامتان لێ دەکات و داواتان لێ دەکات کە کچەکەتانم بدەنێ !

(جولـەیبیب)یش چوو بۆلایان و ئەمەی پێ ڕایگەیاندن ، (ئەنصار)ەکە وتی : سەلام لەپێغەمبەری خوا بێت ، چۆن کچەکەمت بدەمێ ، نەماڵـت هەیەو نە بنەماڵـەو عەشرەت ؟! لـەم قسانەدا بـوون ، کچەکە بەمەسەلـەکەی زانی و بەدایك و باوکی وت : چـۆن داوای پێغەمبـەری خـوا (د.خ)ئەدەنـە دواوە ؟! نەبەخوا هەرگیز شتی وا نابێت !

بەڵێ .. لـەسەر شەرعی خوا شووی پێکردو ماڵ و خێزانیان پێکەوەنا ، لـەغەزایەکدا جولـەیبیب شەهید کرا پاش ئەوەی حەوت کافری کوشت ، کەغەزاکە تەواو بـوو ، پێغەمبـەر (د.خ)هـاوەڵانی

بەسـەركردەوە ، كـێ مـاوەو كـێ شـەهید بـووە ، پـاش باسـكردنی چـەند هـاوەڵێ ، حـەزرەت (د.خ)فەرمووی : من جولەیبیب نابینم، كە سەیریان كرد لـەنێوان حـەوت كـافردا شـەهید بـووە ، حەزرەت (د.خ)تۆزو خۆڵی سەر دەم وچـاوی پـاكردەوەو سـەری لەسـەر قـۆڵی موبـارەكی دانـاو فەرمووی : (تۆلە منی و من لە تۆم ، تۆلەمنی ومن لە تۆم ، تۆ لەمنی و من لە تۆم) ..

بەڵێ ئەمەیە دەستی ڕێزو ئەمەیە پاداشت كەحەزرەت (د.خ)ئەیدا بەهاوەڵی هەژار و بێكەسی ؟! ئاوا ئیمان و بڕوا نرخ و قیمەت پەیدا دەكـات بۆكەسـێك كەخوابناسـێ و خـۆی بفرۆشـێ بـەخوا ..پاشان حەزرەت هاوسەرەكەی بینی و زۆر دوعای خێری بۆكرد ، هاوەڵان دەڵێن ، خوای گەورە بەرەكەتی خستە ماڵ و حاڵیانەوەو لەهەموو ئافرەتە بێوەژنەكان زیاتر بەرەكەتدارو خێرەومەند بـوو. ل 434 (لاتحزن ، د . عائض القرني)

ئەوانەی لەحەوزی كەوسەر ناخۆنەوە ! ؟

حەزرەت (د.خ) دەفەرموێ ﴿إنِّي فَرَطُكُمْ على الحوضِ مَنْ مرَّ عليَّ شَرِبَ ، ومَـنْ شَـرِبَ لم يظمـأ أبداً ، لَيَرِدَنَّ عليَّ أقوامُ أعْرِفُهُمْ ويَعْرِفُونَني ثُمُّ يُحالُ بيني وبينَهُمْ ، فأقول : إنَّهم منِّي ، فُيقـال : إنَّـك لاتَدْري ما أحْدَثوا بَعْدَك ، فأقول : سُحْقاً لَمِنْ غَيَرَ بَعْدي .. ﴾

واتە : لـەقیامەت دا لـەسەرحەوزی كەوسەر دەبم و هەرچی بەلامـدا تێپـەڕێت ئـاو دەخواتـەوەو هەر كەسیش لـەو ئاوە بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێـت ، كەسـانێك دێـن دەیانناسـم و ئەمناسـن ، كەچی ناهێڵرێت ئاویان بدەمێ و دوور دەخرێنەوە لێم ، دەڵـێم : ئەوانـە لـەمنن و ، سـەربەمنن ، دەوترێ : تۆنازانی چییان كردووە دوای تۆ ، منیش دەڵێم : دە كەواتە لـەوە لەولاترچـێ ، لـەوە لەولاترچێ ، كەسێك كە دوای من بگۆڕدرێ و لابدات .. (بوخاری).

بەڕاستی ئەوەیە ڕەنجەڕۆیی و بەدبەختی ، خەریك بیت بگەیتە لای حەزرەت (د.خ)و ، بەدەسـتی موبارەكی ئاوی كەوسەرت بداتێ ، بتگێڕنەوەو پێت بلێن : تۆشایستەی ئەوەنیت لەوئاوە بخۆیتەوە ، حەزرەتیش (د.خ)دەستی بگێڕێتەوەو بفـەرموێ : بـابڕوا لـەوە لەولاترچـێت ! كەسـێك حـەزرەت (د.خ)لێ ی زویربێت و خۆی نەكات بەخاوەنی ، ئەی دەبـێ چـی بكـات و سـەری خـۆی بۆكـوێ هەڵگرێت ؟ !

لەئێمە نییە

پێغەمبەر (د.خ)لەهەندێ فەرموودەدا ئاگاداری كردوینەتەوە لـەهەندێ كاروكردەوە كـە مایـەی خەسارەتمەندیەو دەفەرموێ : هەركەس ئەوكارەبكات لـە ئێمە نییە !؟! بۆنموونە :

1) مَن غَشَنا فليس منا (مسلم): واته : هەرکەس غەش و فڕوفێڵمان لێبکات لە ئێمە نیە.
2) مَنْ حمل علينا السلاح فليس منا (مسلم): واته : هەرکـەس چـەك دژی موسـڵمانان هـەڵگری و ئاژاوە بنێتەوە لە ئێمە نیە .
3) ليس منا من لطم الخدود وشق الجيوب أو دعا بدعوى الجاهلية .(ئەحمەد/ 4131)واته : لەئێمەنیە کەسێك بە ڕوومەتی خۆیابکێشێ و جلی دابـدڕێ لـە موسـیبەتدا ، یـان بانگـەواز بکـات بۆشـتی سەردەمی نەفامی و جاهیلیەت .
4) ليس منا من لَمْ يوقرِ الكبير و يَرحَم الصغير ويأمُر بالمعروفِ وينهى عن المُنكر (ئەحمەد2214) واته : لەئێمە نیە کەسێك ڕێز لەگەورە نەگرێت و بەزەیی بە بچووکدا نەیەتەوەو فـەرمان نـەدا بەچـاکەو جڵەوگیری نەکا لەخراپە .

بۆئەوەی شایانی هیدایەت بین

خوای پەروەردگار هەموو خەڵکی بانگکردووە بۆسەر هـەق وڕاسـتی و زیـاتر لەسـەدو بیسـت وچوار هەزار پێغەمبەری بۆناردوون (سەلامی خوایان لێ بێ)، ئەمە بانگەوازی گشتیە ، لەگەڵ ئەو بانگەوازە گشتیەدا ، هەرچی نیەتی گۆڕان بێنێ و هەنگاوبنێ خوای گەورە بەفەزڵی خۆی هیدایەتی تایبەتی دەدات﴿والله يدعُوا الى دارالسلام ويهدي من يشاء إلى صـراط مسـتتقيم﴾ یـونس 25واتـە: خوای گەورە بانگ دەکات بۆبەهەشتی پڕخێروخۆشی کە هەمووی ئاشـتی و ئاسایشـەو، هیدایـەتی ئەوانەش دەدات بەفەزڵی خۆی کە دەیانەوێت و شایستەن بۆ ڕێگای ڕاست .

ئەو هیدایەتە زۆرگرنگە بۆیە ڕۆژی بەلای کەمەوە حەڤدە جار داوای هیدایەت دەکەین لە نوێژە فەرزەکانماندا ودەڵێین : (إهدنا الصراط المستقيم).

وەك لەپێشتردا وتمان ئەوانەی کە تێدەکۆشن و ، نیەتیان گەیشـتنە بەهـەق و ڕاسـتی وهـەوڵ دەدەن بۆ ڕێنمایی خەڵکی ،خوای گـەورە هیدایـەتیان دەدات و دەرگایـان لێدەکاتـەوە ﴿ والـذين جاهدوا فينا لنهدينهم سُبلنا ﴾ .

بۆئەوەی بەتەواوی هیدایەت بدرێین ، باهەمیشە لەخوا بپاڕێینەوەو ئەو ڕێگایانـە بگرینەبـەر کـە دەبنە مایەی دڵنیایی و هیدایەتی زیاترو ، ئەگەر هیدایەتیش دراین بامنەت بەسـەر کەسـدا نەکـەین ،چونکە خوا بە فەزڵی خۆی هیدایەتی داوین ، ئەگینا ئێمەیەکی داماو چین لـەم دنیـا جەنجاڵـەدا ، ﴿ومن لم يجعلِ الله له نوراً فما له من نـور﴾کەسـێ خـوا نـووری نـەداتێ نـووری لـەکوێ بـوو؟؟. جابۆئەوەی زیاتر دڵنیا بین و یەقینمان هەبێ و باشتر بانگەواز بکەین باسی چەند لایەنێکی ئیعجـازی

قورئان و سوننەت و هەوڵی نەبڕاوەی ئەو بانگخوازانە دەکەین کە خوا کردوونی بـە سەرمەشـق و پێشەوا ﴿وجعلنا منهم أئمة يهدون بأمرنا لَما صَبَروا وكانوا بآياتنا يوقنون ﴾ السجدة / 24 .

ئەوانەی هەنگ ئاسا کاردەکەن

بانگخواز وەك هەنگ وایە لـە هەوڵ وکۆشش و دڵسۆزیدا وخەریکی بەرهەمهێنانی هەنگوینێکە کە شیفایە ولـەپاراستنی شانەکەشی دا گیان فیدایە، حەزرەت (د.خ)بڕوادار دەشـوبهێنێ بەهـەنگ و دەفەرموێ : ﴿انَّ الله يُبْغِض الفُحش والتَفَحشْ والذى نفس محمدٍ بيده لا تقوم السـاعةحتى يُخَـونَ الأمينُ ويُؤتمنَ الخائنُ ، حتى يَظهرَ الفُحشُ والتفَحش وقطيعة الأرحام وسـوءُ الجـوار ، والـذى نفـس محمد بيده إن مثلَ المؤمن كمثل القطعة من الذهب نَفَخ عليها صاحبها فلم تَغيَّـر ولم تَـنْقُصْ﴾ واتـە : بەڕاستی خوا ڕقی لـە کاروکردەوەی خراپ وزیادە ڕەویە ، بەو خوایـەی گیـانی محمـدی بەدەسـتە قیامەت نایەت هەتا دەست پاك بەناپاك دانەنرێ ومتمانە بەناپاك نـەکرێ ، تـاوەکو کـاروکردەوەی خراپ وزیادە ڕەوی دەرنەکەوێت ، لـەگەڵ نەمانی پەیوەندی خزمایەتی وسـیلـەی ڕەحـم و خراپـی لـەگەڵ دراوسێدا.

بەو خوایەی گیانی محمدی بەدەسـتە بـڕوادار وەك پارچـە ئاڵتونـە کەئەگـەر خاوەنەکـەی لــە موشەدەمەش دا داینێ و بیخاتە ئاگرەوە نـاگۆڕێ وکـەم ناکـات ، چـونکە خڵتـەو پیسـی تیـا نیـە وئاڵتونی عەیار (24)ە ..

ئنجا حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت ﴿ والذى نفسُ محمدٍ بيده إنَّ مثلَ المؤمن لَكَمَثـلِ النَحْلـة أكلـت طيّباً ووضَعَتْ طيّباً ووقَعَتْ فلم تُكْسَر ولم تَفْسُد﴾ بەو خوایەی کە گیانی محمدی بەدەستە ، نموونەی بڕوادار وەك هەنگ وایە شتی پاك وچاك دەخوات وشتی پاك وچاکیش پێشکەش دەکات و، کاتێك دەکەوێت هیچی لێنایەت و هیچ خـراپ ناکـات وزیـانی بـۆ کـەس نیـە.. ئینجـا حـەزرەت (د.خ) دەفەرموێت: ﴿ألا إنَّ لي حوضًا مابين ناحيتيه كما بين أيكة الى مكّة أو صنعاء الى المدينة ، وان فيه من الأباريق مثل الكواكب هو أشدُّ بياضاً من اللبنِ وأحلى من العسل مَنْ شَرِبَ منه لم يظمأ بعدها أبـداَ﴾ أحمد (6577).

واتە / ئاگاداربن من حەوزێکم هەیە کەماوەی نێوان دوولای بەهێندەی دووری نێـوان (ئەیکـە) و(مەککە) یان (صنعاء)و(مەدینە) دەبێت و، بەهێنـدەی ئەسـتێرەی ئاسمـان (پـەرداخ) ی تایبـەتی لێ دانراوە بۆ سوود وەرگرتن لـە ئاوەکەو خواردنەوەی ، ئاوی حەوزەکە سپی تـرە لـەشـیرو شـیرینترە لـەهەنگوین ، هەرکەس لێی خواردەوە هەرگیز تینووی نابێت.

حەزرەت (د.خ)لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت (ئارام بگرن تا بەمن دەگەنەوە لەسەر حەوزی کەوسەر)، جا لێرەدا کەباسی حەوزی کەوسەردەکات بۆ هاندانە لەسەر ئارامگرتن ، چونکە بڕواداران تووشی زەحمەت ونارەحەتی زۆر دەبن لە ژیانی دنیادا.

ژنێکی (صحابی) لەکاتی کۆچکردندا بۆ مەدینە زۆر تینووی بوو ، وەك کەرامەتێك ، لەسەر سەریەوە شتێکی بۆ ڕاگیرا ئاوی تیابوو لێی خواردەوە ، ئیتر هەرگیز تینووی نەبوو .

مامۆستا (نشأة غفور) بۆی گێڕامەوە کە لە کەرکووك لە ساڵی پەنجاکاندا پیاوێکی خواناسی موسڵمان لە دائیرەی پۆستەو گەیاندن لە خەودا ئاوی کەوسەری ئەدەنێ ، ئیتر دوای ئەو خەوە هەرگیز تینووی نەبووە !(ئەمە لە دنیادا، ئەبێ لە قیامەتدا چۆن بێت !).

پێشەوا عەلی و ئامۆژگارییەک

پێشەوا عەلی (خ.ر) ئامۆژگاری بڕواداران دەکات کەوەك هەنگ وابن ودەڵێت (کونوا فی الناس کالنحلة فی الطیر، انه لیس من الطیر شیء الا وهو یستَضْعِفُها ولو یَعلمُ الطیر مافی اجوافها من البَرَکة لم یفعلوا ذلك بها ، خالطوا الناس بألسنتکم وأجسادکم وزایلُوُهُم بأعمالکم وقلوبکم فإن للمرء ما اکتسب وهو یوم القیامة مع مَنْ أحبَّ) دارمی 314/ واتە : لەناو خەڵکی دا وەك هەنگ بن لەناو باڵندەکاندا ، بەڕاستی هیچ باڵندەیەك نیە هەنگ نەچەوسێنێتەوە ونەیخوات، جا ئەگەر باڵندەکان بیانزانیایە چ بەرەکەتێك لە سکیایەتی ئاوایان پێنەدەکرد !

تێکەڵ بەخەڵکی بن بەزمان وجەستەتان و جیابن لێیان بەکردەوەودڵتان ، بەڕاستی مرۆڤ هەرئەوەی دەست دەکەوێ کە هەوڵی بۆداوەو، لەقیامەتیش دا لەگەڵ خۆشەویستانیدا حەشر دەکرێت.

بەپەروەردگارم ئەم ئاینە هەقە

قورئانی پیرۆز زۆر گرنگی دەدات بە دامەزراندنی ئیمان و باوەڕ لە دڵ داو مەبەستێتی کە گومان ودوودڵی نەهێڵێ ، تەنانەت خوای گەورە داوا لەحەزرەت (د.خ)دەکات کە سوێندیان بۆ بخوات بەپەروەردگاری کەئەم ئاینەو هەرچی وادەو پەیمانی تیایە هەقە . هەروەك دەفەرموێت : ﴿ویَسْتَنْبِئُونَكَ أَحَقٌّ هُو قُلْ إِي ورَبِّي إِنَّهُ لَحَقّ ومَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ﴾ (یونس:53) واتە: بێباوەڕان لێت دەپرسن ، ئایا بەرپابوونی قیامەت ڕاستە ، ئەم قورئانە ڕاستە ؟؟ پێیان بڵێ: بەڵێ ، سوێند بەپەروەردگارم ، بەڕاستی ئەوە هەقێکەو پێش دێت وئێوە ناتوانن خوادەستەوسان بکەن ولەدەستی دەرچن .

﴿ولَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي الْأَرْضِ لافْتَدَتْ بِهِ وأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ وهُمْ لا يُظْلَمُونَ، أَلا إِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ والْأَرْضِ أَلا إِنَّ وعْدَ اللَّهِ حَقٌّ ولَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُونَ﴾ (يونس:55)

واته/ ئەگەر هەرچی لەزەویدایە کەسێك کە ستەمی کردووە و (بڕوای نەهێناوە) خاوەنی بێت لەقیامەتدا ، ئامادەیە هەر هەمووی بکاتە قوربانی خۆی و بیبەخشێت (بەڵام دیارە وەرناگیرێت وسوودی نییە) ، ئەوانە پەشیمانی حاسڵ دەکەن کاتێك سزاو ئازاری چاوەڕوان نەکراو دەبینن ، ئەوسا داوەری لە نێوانیاندا لەسەر بنچینەی هەق دەکرێت وئەوانە بەهیچ جۆرێك ستەمیان لێناکرێت.. خەڵکینە ئاگاداربن بەڵێنی خوا ڕاست ودروستە، هەرچەند زۆربەیان ئەم ڕاستیە نازانن.

﴿هُوَ يُحْيِي ويُمِيتُ وإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ، يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وهُدىً ورَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ، قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُو خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ﴾ (يونس:56 –58)

واتە : هەر خوایە دەژێنێ و دەمرێنێ ، هەر بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە ، ئەی خەڵکینە ، بەڕاستی ئێوە ئامۆژگارییەکی گەورە وگرنگتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە قورئانە ، شیفاو چارەسەرە بۆ نەخۆشیو دەردە کۆمەڵایەتیەکانیشتان وڕێ نیشاندەرو ڕەحمەتیشە بۆ بڕواداران ، ئەی محمد بەبڕواداران بڵێ : با دڵشادو شادمان بن بەفەزڵ و بەخشش و ڕەحمەتی خوایی (کەقورئانە) ، کەوابوو با هەر بەوە دڵخۆشبن ، هەرئەوەش چاکترە بۆیان لەهەموو ئەو شتانەی کە خەڵکی خەریکن کۆی دەکەنەوەو کەڵەکەی دەکەن (لەپارەو ماڵ و سامان) .

خوا شایەتی بۆ ئەم قورئانە دەدات

دیارە گەورەترین شایەتی لەم بوونەوەرەدا شایەتی خوایەو هەرئەوەوە کە ئاگای لە هەموو شتێکەو کەس نیە لەو ڕاستگۆ تر بێت (ومَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ حَدِيثاً؟!) (النساء:122).

جا خوای پەروەدگار بەحەزرەت (د.خ) دەفەرموێت کە بە گەلەکەی بڵێت : ﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وبَيْنَكُمْ وأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ ومَنْ بَلَغَ أَإِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَى قُلْ لا أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُو إِلَهٌ واحِدٌ وإِنَّنِي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ﴾ (الأنعام:19)

واتە: بڵێ چ شتێك گەورەترو ڕاسترە لە شایەتیدا؟ هەر خۆت بڵێ : خوا ڕاسترین شایەتە، کەشایەتی نێوان من وئێوەیە ، من ئەم قورئانەشم بە وەحی بۆهاتووە تا ئێوەو هەموو ئەوانەی پێیان گەیشتوە ئاگادارو بێدار بکەم ، (لەگەڵ ئەم هەموو ڕوون کردنەوانەدا) ئایا ئێوە شایەتی دەدەن کە

بەڕاستی لەگەڵ خوادا چەند خوایەکی تر هەبێت؟! بڵێ : من بەش بەحاڵی خۆم شایەتی ناهەق ونارەوای وا نادەم وبڵێ: بەڕاستی ئەو خوایە زاتێکی تاك وتەنهایەومن بەڕاستی بەریم لەهەموو ئەوشتانەی کە ئێوە دەیانکەنە هاوەڵ و هاوتای ئەو زاتە..ئنجا دەفەرموێت ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمُ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ فَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ﴾ (الأنعام:20) واتە: ئەوانەی کتێبی ئاسمانیمان پێداون لەگاورو جوو، پێغەمبەر(د.خ)دەناسن هەروەك چۆن منداڵەکانی خۆیان دەناسن ، بەڵام ئەوانەی کەخۆیان دۆڕاندو بڕوایان بە محمد (د.خ)نەهێناوە ،ئەوە هەر باوەڕناهێنن. ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِباً أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ إِنَّهُ لا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ (الأنعام:21) واتە: جا کێ هەیە لەوە ستەمکارتر بێت ، کە شتی نادروست و درۆ، بۆ خوا هەڵدەبەستێت؟ یان ئایەت وفەرمانەکانی خوا بەدرۆ دەزانێت ؟! چونکە بەڕاستی ئەو ستەمکارانە سەرفراز نابن.

بەڵێ.. خوای گەورە لەمیهرەبانی وفەزڵی خۆیەتی دەیەوێت بەندەکانی دڵنیا بکات ، تاسەرگەردان نەبن ، نەکەونە داوی شەیتانەوە ، بۆیە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێ ﴿ قل ای وربی انه لحق ﴾ سوێندیان بۆ بخۆو بڵێ : سوێند بێ بەپەروەردگارم ئەم ئایینە هەقە، ئینجا خوا خۆی دەکات بەشایەت بەسەر ڕاستی پێغەمبەرێتی حەزرەتەوە (د.خ).

موعجیزاتی پێغەمبەر

هەرچەندە خوا شایەتی بۆ پێغەمبەرایەتی (محمد) (د.خ)دەدات ، موعجیزاتی زۆریشی داوەتی کە هەمیشە وبەردەوام بەڵگەبن بۆ ڕاستێتی بەرنامەکەی ، قورئان گەورەترین موعجیزەیەوئایەت وبەڵگەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەردەکەون ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقّ أَولَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ (فصلت:53) واتە: ئایەتەکانی خۆمان وبەڵگەی زۆریان پیشان دەدەین لەبوونەوەرو دەروونی خۆیاندا تا بۆیان دەربکەوێ وبۆیان بسەلمێت کەئەم قورئانە هەقە، ئایا ئەوە بەس نییە کە خوا ئاگادارو شایەتە بەسەر هەموو شتێکەوە و هیچی لێ ون نابێت وغافڵ نابێت.

جا حەزرەت (د.خ)هەرچی فەرمووە لەخواوەیە ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وحْيٌ يُوحَى ،عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى) النجم:3- 5 واتە / (محمد) (د.خ)هەرچی دەڵێ لە هەواو ئارەزووەوە نیە، بەڵکو وەحی خوایە بۆی و جوبرائیلی خاوەن هێزو توانا بۆی هێناوە..

ڕووبار لە نیوە دوورگەی عەرەب دا

پێغەمبەر (د.خ)لە فەرموودەیەکی (صحیحی موسلیم) دا دەفەرموێ (لن تقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجا وأنهارا) واتە : قیامەت نایەت هەتاوەکو جاران نیوە دوورگەی عەرەب نەبێتەوە بەباخ وبێستان وسەوزایی وڕووبار.

ئەم فەرموودەیە هەواڵ دانە بەوەی کە لە ڕابردوویەکی دووردا نیوە دوورگەی عەرەب ڕووباری تیابووەو ئاوەدان بووە ، وەقیامەتیش نایەت تاوای لێنەیەتەوە .. زانستی سەردەم وزانایانی جیولۆجی ئەم ڕاستیەیان سەلماند، کە بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی (محمد) (د.خ).

نیوە دوورگەی عەرەب (أرض العرب) ، پشتێنە بیابانێکی تیایەو دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (51) و(30)ی سەرووی هێڵی ئیستیواو خوارووی هێڵی ئیستیواوە.

هەندێ شوێنی وەك (الربع الخالی) ناوچەیەکی بێبارانەو شوێنی وای هەیە بەپەنجا ساڵ جارێکیش بارانی تیا نابارێت .. حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەر بێت باسی وشکوبرنگی وبێ سەوزایی مەککە دەکات لەچەند هەزار ساڵ لەمەو بەرەوەو دەفەرموێت (رَّبَّنَا إِنِّي أَسْكَنْتُ مِنْ ذُرِّيَّتِي بِوادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِنْدَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ) (ابراهیم:37) واتە: پەروەردگارا مـن ژن ومنـاڵـم نیشـتەجێ کـردووە لەدۆڵێکی بێسەوزاییو وشك لەلای ماڵەکەی تۆدا کە (بیت الحرام) کەعبەی پیرۆزە .

کەواتە لەچەند هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە ناوچەکە بیابان بووە ، دەی چۆن حەزرەت(د.خ)زانـی کە لە ڕابـردوودا نیـوە دوورگـەی عـەرەب ڕووبـارو ئـاوەدانی زۆر بـووەو، قیامـەت نایـەت تـا لەداهاتوودا وای لێ نەیەتەوە.

زانایانی جیۆلۆجی باس لەچاخە سـەهۆڵینەکان دەکـەن کـە هـاتوون بەسـەر زەویـداو سـەهۆڵ وبەفرو سەرمای زۆر هەبووەو نزیکەی دە هەزار ساڵ لەمەوبەر تـەواو بـووەو فەترەیـەکی گـەرمی هاتووە بەسەر زەوی داو ئێستاش بەرەو ئەوچـاخە سـەهۆڵیە دەچـینەوە.. لەچـاخە سـەهۆڵیەکەدا بارانی زۆر باریوە لەنیوە دوورگەی عەرەب داو ڕووبارو ئـاوەدانی زۆری تیـا بـووەو لـە فـەترەی گەرمیەکەشدا وشکی وبێبارانی وبیابان هاتووە بەسەر ناوچەکەدا.

زانای جیۆلۆجی ئەمریکی (هال ماکلور) لەنامەی دکتۆراکەیدا کەلەبارەی (الربع الخالی) یەوەیە دەڵێـت (دەریاچـەی زۆر هـەبووە لـەنیوە دوورگـەی عەرەبـدا لەچـاخە سـەهۆڵینەکاندا ، کـە دووجاریش دەرکەوتووە ، یەکێکیان لـەپێش (37) هەزار ساڵ بـۆ (17) هـەزار سـاڵ و، دووەمـیش لەپێش دە هەزار ساڵ بۆ (5) هەزار ساڵ پێش ئێستا).

وێنەكانی كەشتی یەئاسمانی یەكان

لەگەڵ پێشكەوتنی زانستداو لەم ساڵانەی دواییدا توانرا زۆر كار ئاسانی بۆ شوێنەوارناسان بكرێت ، ئەویش بە هۆی وێنەگرتن وكەشف كردنی ژێر زەوییەوە بۆ چەندەها مەتر..

بۆ نموونە لەساڵی(1981) دا دیراسەی بیابانی میسری كراو زانایانی ئەمریكی بۆیان دەركەوت كە لەجێی نیلی ئێستا ڕووبارێكی تری گەورە هەبووەو لەئەنجامی گۆڕانی جیۆلۆجی یەوە نەماوەو (نیل) جێی گرتۆتەوە . بەمەش بۆیان دەركەوت كەچەند هەزار ساڵێك لەمەوبەر بیابانی میسرو سۆدان ئاوەدانی وڕووباری تیابووە.. بەهەمان شێوەش دیراسەی نیوە دوورگەی عەرەب كرا لە كەشتیە ئاسمانییەكان ومانگە دەستكردەكانەوە ، دەركەوت كە ڕووبارێكی گەورە هەبووە لەرۆژئاوای نیوە دوورگەی عەرەبەوە بەرەو ڕۆژهەلآت و ڕووەو كوێت ڕۆیشتووە، هەرچەندە ئێستا وشك بووەو لم داپۆشیوە، پاشان بۆیان دەركەوت كە ڕووبەرێكی فراوانی باكوری خۆرئاوای كوێت دەلتای ئەو ڕووبارە گەورەیە بووە.

دكتۆر (فاروق الباز) دەڵێت : ڕەنگە ئاوێكی زۆری ژێر زەوی هەبێت لە چینەكانی ژێرەوەی زەوی ئەو ڕێڕەوی ڕووبارەداو دیارە شوێنەواری ئادەمیزادیش هەیە لەقەراخ ڕووبارەكەدا كە هی چەند هەزار ساڵ لەمەوبەرە. (هەندێ زانای تر دەڵێن كە ئەو ئاوی ژێر زەویەی ئێستا وڵاتی سعودیە سوودی لێوەردەگرێت ، هی سی هەزار ساڵ لەمەوبەرە كەلەژێر زەویدا كۆبۆتەوە).

شوێنەواری گەلی ثمود

لە قورئاندا باسی گەلانی دێرین كراوە كە خوای گەورە چۆن لەناوی بردوون وشوێنەواری هەندێكیان دیارەو ماوە ، وەك شوێنەواری گەلی سەمود لەناوچەی (حجر)دا ، كەلەسەر ڕێی كۆنی نێوان (مەدینە)و (تەبوك)ە.

مەبەست لە (حجر) ئەو شوێنەی گەلی سەمودە كە چواردەوریان بە شاخ گیراوەو لەو شاخانەش خانوویان بۆ خۆیان هەڵكۆڵیبوو ، هەروەها بەردیشیان هێنابوو لەدۆڵەكەدا پایەی جوان و بینای جوانیان دروست كردبوو.

(وكَانُوا يَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتاً آمِنِينَ) (الحجر:82) ،(وثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوادِ) (الفجر:9) واتە :گەلی سەمود كەبەردیان هێنا بۆ ناو دۆڵەكەو بینایان پێ دروستكرد .

كاتێك حەزرەت **(د.خ)**چوو بۆ غەزای تەبوك بەلای ئەوشوێنەدا تێپەڕین وبەهاوەڵانی فەرموو كە لێی لانەدەن ولەئاوەكەی نەخۆنەوە وپەندی لێوەرگرن.جا قورئان سەرگوزەشتەی ئەو گەلە

لەگەڵ(صالح) پێغەمبەردا باس دەکات وموعجیزەکانی وبانگەوازی ئەو زاتە بەجوانی تۆمار دەکات وسەرەنجامی گەلەکەش کە خوا چۆن لەناوی بردوون دەخاتە ڕوو ، تاگەلانی دواتر خۆیان لەو بەلاّی تیاچوون وسزایە بپارێزن وپشت نەکەنە بەرنامەی خوا.

شوێنەواری گەلی عاد

قورئان باسی گەلی (عاد) لە (25) شوێن زیاتردا دەکات، بەلاّم هیچ لەبارەیانەوە نەزانرابوو ، چونکە بە ڕەشەبای لم لەناوچوون وشوێنەواریان لم دایپۆشیبوو.

نزیکەی دووسەد ساڵ لەمەوبەر باڵوێزی فەڕەنسی لە قاهیرە قورئانی وەرگێڕایە سەر زمانی فەڕەنسی و پیاوێکی ئینگلیزیش بەناوی (سەیل) لە فەڕەنسیەکەوە وەری گێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی .

(سەیل) پێشەکیەکی هەشتاو پێنج لاپەڕەیی بۆ قورئانەکە نووسی:خۆلاسەی باسەکەی ئەوەیە کە دەیەوێت گومان دروست بکات لەدڵی ئەو کەسەی کە ئەو قورئانە وەرگێڕاوە دەخوێنێتەوە ، بۆ ئەوەی بڕوا نەهێنێت ، ناوبراو لە باسەکەیدا دەڵێت: ئەگەر خوا بەڕەحم ومیهرەبانە وەك دەڵێن وقورئان بەو ناوەوە دەست پێدەکەن (بسم الله الرحمان الرحيم) ئەی چۆن ئەوخوایە ئەو گەلانەی لەناو برد، ئەگەر وایە ولەناوی بردوون کوا شوێنەوارەکانیان ؟؟.

دۆزینەوەی قەلاّیەک

لەساڵی 1834 ز دا قەلاّیەك لە نزیك شاری (عدن) دۆزرایەوە بەناوی (حصن الغُراب) ، کەلێکی زۆر دایپۆشیبوو، زۆر شتیان دۆزیەوە ، لەوانە پارچەیەك مەڕمەڕ بوو کە ئەمەی لەسەر هەڵکەنرابوو: (ئێمە ڕۆژگارێکی دوورودرێژی خۆشمان لەم شوێنەدا بەسەربرد ، دوور لەناڕەحەتی وناخۆشی وتەنگانە ، ئاوی دەریامان لێ نزیك بوو ، سوودمان لەهەڵکشان وداکشانی وەرگرتو ، ڕووبارەکانیشمان ئاوی چاکی تیابوو ، لەناو ئەو دارخورما بەرزانەدا ، باخەوانەکانمان دارخورمای تریان لەقەراخ جۆگەو شوێنە پێچاوپێچەکاندا دەناشت، ئێمە ڕاومان دەکردو لەقولاّیی دەریاش ماسیمان دەگرت ،ئێمە بەنازەوە پێمان دەنا بەسەر زەویداو جلوبەرگی ئاوریشم وسوندوسمان دەپۆشی، پاشاکانمان پیاوانەو دوور لەنەفس نزمی فەرمانڕەواییان دەکردین وتوندوتیژ بوون بەرامبەر خەڵکانی فڕوفێلاّوی وساختەچی و، شەریعەتێکیان بۆ هەڵبژاردبووین کە لە ئاینی (هود)ەوە وەرگیرابوو، ئێمە بڕوامان بەموعجیزات وزیندوو بوونەوەو قیامەت هەبوو).

دەرکەوت کەئەم شارە پاشماوەو شوێنەواری گەلی عادی دووەمن ، واتە نەوەی ئەوانەی کە لەگەڵ حەزرەتی (هود) دا ڕزگاریان بوو.

ڕەنگە لەبەر ئەوەش بێت کە قورئان دەفەرموێت (وأَنَّهُ أَهْلَكَ عَاداً الْأُولَى، وثَمُودَ فَمَا أَبْقَى) النجم:51 واتە: خوا گەلی عادی یەکەمی لەناو برد ، کەواتە کە عادی یەکەم هەبێ دووەمیش هەیە، ئەوەش ئەوەبوو کە دۆزرایەوە.

شوێنەواری گەلی عادی یەکەم

کاتێك حەزرەتی هود ئامۆژگاری گەلەکەی دەکردو باسی پاداشتی بەهەشتی بۆدەکردن ، پاشاکەیان وتی: بەهەشت چیە ، منیش دەتوانم لە سەر زەویدا بەهەشتێك دروست بکەم ...ئنجا هەرچی تواناو دەسەلاتی هەبوو خستیە کارو ، وەستای چاك و پسپۆڕی بینای لەهەموو لایەکەوە خڕکردەوە و پارەی زۆری خستە بەردەستیان ، پاش چەند ساڵێك کە شاری (إرم) یان بۆ دروستکردو لەوەدا بوو بگوێزنەوە ناوی ، خوای گەورە بە ڕەشەبای لم لەناوی بردن ..بەڵام ئاخۆ شوێنەکەیان لەکوێدا بوو بێت ؟!

گەڕان بەدوای شوێنەواری (عاد)دا خولیای زۆر کەس بوو ، (لورانس العرب)خەوی ئەدی بەدۆزینەوەی ئەم شارەوەو ناوی نابوو (اطلنتس الصحراء)، کەئەمەش ناوێکی ئەفسانەییە، (لورانس)مردو ئاواتەکەی بردە گڵەوە !.

کۆمەڵێ زانای تری شوێنەواریش لەساڵی (1947) تا(1953)کەوتنە گەڕان ، وەك (برترام تۆماس)ی بەریتانی ، کە شوێن قسەی بیابان نشینەکان دەکەوت و سەرەنجام ئەمیش هیچی بەهیچ نەکردو ئەم هەوڵانەشی لەیادەوەریەکانیدا تۆمارکرد .

لە سەرەتای ساڵی 1980 ز دا ئاسەواری (مەملەکەتی ئیبیلا) دۆزرایەوە لە سەرووی خۆرئاوای سوریادا ، کە دەگەڕێتەوە بۆ دووهەزارو چوارسەد ساڵ پێش زایین ، لەو پاشماوە دێرینانەی کە تیابوو ، چەند لەوحێکی قوڕی سورەوکراو بوو کەباسی گەلی عادو شارستانیەکەیانی لەسەر هەڵکەندرابوو.

(نیقولاس کلاپ) دەرهێنەری فیلمی وثائقی ئەمریکی خولیای دۆزینەوەی شوێنەواری عاد بوو،ناوبراو یادەوەریەکانی (برترام تۆماس)ی خوێندەوەو پاش گەڕانێکی زۆر نەخشەیەکی دەستکەوت کە جوگرافیازان و زانای فەلەکی و بیرکاری یۆنانی (کلودیوس بطلیموس)کێشابووی لەسەدەی دووەمی پێش زاییندا ، کاتێك کە ئەمین مەکتەبەی ئەسکەندەری یە بوو ، وە تیایا ئاماژەی

بۆ (ربع الخالی)کردبوو گوایە گەلی عاد لەوێدا ژیاون. (ئەم خەریتەیە لەمەکتەبەی هنتنگتون دەستی کەوت).

(کلاپ)لیژنەیەکی پێکهێناو یەکێکیان کەمافناس بوو کردی بە لێپرسراوی پڕوپاگەندەکردن بۆکارەکەو پارە کۆکردنەوە بۆیان .

پرۆفیسۆر (زەغلول النجار) دەڵێت : کاتێك ناوی لێکۆڵەرەوەو شوێنەوار ناسەکان ڕاگەیەندراو ، زانیم کەهەموو ئەندامەکانی تیمەکە کە (سی)کەس بوون ، جوولەکەن .. داوام کرد لەحکومەتی سعودی کە ڕێیان پێ نەدا لەخاکی سعودیەوە داخڵ بن .. چونکە بەڕاستی جوولەکە ئەمین نین و هەروەك چۆن کەلامی خوایان گۆڕی و پێغەمبەرانیان شەهید کرد ، ئاواش ئەو دۆزینەوانە دەگۆڕن و لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری دەهێنن ، کەمەملەکەتی ئیبیلا شیان دۆزیەوە جوولەکە دەستی بەسەر دۆزینەوەکەدا گرت و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوو چی ویست ئەوەی بلاوکردەوە..جاحکومەتی سعودی ڕێی نەدان و ئەوانیش چوون لەڕێ ی سەڵتەنەی عومانەوە داخڵ بوون و(سوڵتان قابوس) یان ڕازی کرد کە ڕێیان بدات وهاوکاریان بکات ، ئەویش خۆی وبانقی عومان و کۆمپانیای نەوت زۆرهاوکاریان کردن .

(کلاپ)لەساڵی 1984 دا داوای لەوەکالەتی ناسای ئەمریکی کرد، کە بەهۆی ڕاداری سەرمەکوکە فەزاییەکانەوە وێنەی نیوە دوورگەی عەرەب و (ربع الخالی)بۆبگرن ، ئەوانیش بەهۆی (چالنجر) و مانگە دەستکردەکانەوە دیراسەی ناوچەکەیان بۆکردو وێنەکانیان دایە، کەڕێگای کاروانچیان و شوێنەواری ڕووبارو دۆڵی تیابوو ، کەهەندێ شوێنی بە (183)م لم داپۆشرابوو.

ئەم زانیاریانە هەمووی (کلاپ)سودی لێوەرگرتن و لەساڵی (1990)زدا لەڕێی (عومان)ەوە داخڵی (ربع الخالی)بوون و لەبەرئەوەی ناوچەکە زۆر گەرم و ترسناك بوو بەهۆی ئەو لمە ئیسفەنجیەیەوە کە ڕەشەبا دەیگواستەوە ، نەیانتوانی بەردەوام بن و لەم لاشەوە شەڕی عێراق – کوەیت هەڵگیرسا و گەڕانەوەو کارەکە دواکەوت ..

لەساڵی(1991)ز دا دەستیان کردەوە بەگەڕان لە شوێنی یەکتر بڕینی ڕێی کاروانچیەکاندا . پاش شەش ساڵ هەوڵ وزەحمەت ومانەووبوون ، شاری (إرم)یان دۆزیەوە و ناویان نا (ئوبار)، لەپاشماوەی شارەکەشدا پایەی درێژی نۆمەتریان دۆزیەوەو بۆیان دەرکەوت کە بەڕەشەبای لم لەناوچوون وخاوەنی دەسەلات و تواناو شارستانیەتیەکی گەورە بوون .

(مركز دفع النفاث)ی ئەمریكی كەسەر بەوەكالەتی (ناسا)یە ،ڕاپۆڕتێكی بڵاوكردەوە لەسەر ئەو دۆزینەوەیەو لەسەری ڕاپۆڕتەكەدا ئەم ئایەتەیان نووسی (ألم تركیف فعل ربك بعاد ، ارم ذات العماد التی لم یُخلَق مثلها فی البلاد) (الفجر)پاشان ڕاپۆڕتی تر بڵاوكرایەوە لەسەری لە :

*گۆڤاری (طیران العُمان)

*گۆڤاری (التایم)

*گۆڤاری (لوس ئەنجلوس تایم) و هەروەها كۆمپانیای ئارامكۆ فلیمێكی وثائقی لەسەر دەركرد .. بەڵێ دەركەوت :

*ئەو ناوچەیە لەكۆندا دووڕووباری تیابووە و دەریاچەیەكی هەبووە كەتیرەكەی چەندكیلۆمەترێك بووە .

*تەختەو زێڕ و زیویان ناردۆتە دەرەوە .

*پایەی نۆمەتریان دروست كردووەو لەسەرپایەكانیشەوە بینایان كردووە ، دیارە ئەمەش ڕاستی قورئانی سەلماند.. بەڵی قورئان پێش هەزار و چوارسەد ساڵ باسی پایەكانیان و هۆی تیاچوونیان و شارستانیەتی و دەسەڵاتەكەیانی كردووە بە وە سفێكی زۆر كورت و، زانستی سەردەمیش هەمووی سەلماند (ل 32 گۆڤاری الاعجاز /6)و (وتارێكی د.زغلول النجار)..(فلیمی دۆبلاژكراوی دەرئەنجامی گەلان / ئارا) .

سەركەوتنی ڕۆم بەسەر فارسەكاندا

گرنگی پێشبینیەكەی قورئان :

پێشبینیەكانی قورئان لایەنێكی دیاری ئیعجازی قورئانن ، كە خوای گەورە بۆپشتگیری پێغەمبەرەكەی هێناونی و ، مرۆڤ لە ئاستیانا سەرسام دەبێ ..

ئەو باروزروفەی كە قورئان ئەمەی تیا ڕاگەیاند بێگومان موعجیزە بوو چونكە :

أ–بارو زرووف و ڕووداوەكان بەهیچ جۆرێك ئەوەی لێنەدەخوێنرایەوە كە ئەو پێشبینیە دێتەدی .

ب–دیاری كردنی ماوەی (3)تا (9)ساڵ بۆ هەستانەوەی گەلێكی ژێركەوتووی شپرزی بێ دەسەڵاتی وەك ڕۆمەكان لەو سەردەمەدا بەعەقڵی كەسدا نەدەچوو .

بەڵام دیارە دنیا هەروا بەگۆترە ناڕوات بەڕێوەو، پەروەردگار دەستی لێ بەرنەداوەو فەرمان هەرفەرمانی ئەوەو چی بوێت لە بوونەوەرەكەیدا ئەوە دەكات و هیچ شتێك نیە بتوانێ دەستەوسانی بكات .

لەو ڕۆژەدا ڕۆمەکان لە پەلەقاژێی مەرگ وگیانەلاّدابوون بەدەست فارسە ئاگر پەرستەکانەوە و پەنجا هەزاریان لیّ بەدیل گیرابوو لە دوایەمین جەنگیاندا.

دەنگ وباسی سەرکەوتنی فارس بەسەر ڕۆمدا گەیشتە مەککەوکافرانی مەککە کەوتنە پڕوپاگەندە ولاف وگەزاف وتانووتدان لە موسلّمانان ، گوایە خۆ فارسەکان بەلای ئێوەوە ئاگر پەرستن و ڕۆمەکانیش ئەهلی کیتابن ، ئەی بۆچی فارسەکان سەرکەوتن بەسەر ڕۆمەکاندا ، کەواتە ئێمەش سەردەکەوین بەسەر ئێوەدا ، هەرچەندە ئێوە خۆتان بەڕاست دەزانن وخۆتان بەخاوەنی کتێبی ئاسمانی دەزانن .

ئالەم کاتەدا قورئان هاتە خوارەوەو فەرمووی :(ألم ،غُلِبَتِ الروم ، في أدنى الآرض ، وهُمْ مِن بعدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبون في بِضْعِ سنين ، للهِ الأمرُ مِن قبل ومِن بعد ويومئذٍ يفرحُ المؤمنون بنصرِ اللهِ ، ينصُرُ مَنْ يشاء وهو العزيز الرحيم ، وعدَالله لايُخْلِفُ اللهُ وعْدَهُ ولكن أكثر الناسِ لايعلمون ، يعلمون ظاهراً من الحياة الدنيا وهم عن الآخِرَة هم غافِلون)الروم 7 واتە : ئەليف لام ميم ، ڕۆمەکان بەدەستی فارسەکان تێکشکێنران ، لەنزیکترین و نزمترین ولاّتیاندا ، بەلاّم لە ئایندەدا نۆرەیان دێتەوەو ڕۆمەکان دوای شکستیان سەردەکەونەوە ، لەچەند ساڵێکدا (3تا 9)ساڵ ،هەموو کارو فرمانێك تەنها بەدەست خوایە ، لەوەو پێش و لەوەو دوایش و لەهەموو کات وشوێنێکدا .. جائەو ڕۆژە بڕواداران خۆشحاڵ و شادمان دەبن ، بەسەرکەوتنی خوا کە بەخشی بە بڕواداران ، (کە لە بەدردا سەری خستن)، هەرکەسێك یان هەردەستەیەك ئەوزاتە بیەوێت سەری دەخات ، هەرئەو خوایەش خاوەنی دەسەلاّتی بیّ سنوورە و زۆریش میهرەبانە . بێگومان ئەوە بەڵێنی خوا خۆیەتی کە کێی بوێت سەری دەخات ، خوا بەڵێنی خۆی دەباتە سەر، هەرچەند زۆربەی خەڵکی تەنها ڕواڵەت لەدنیا دەزانن وعەقڵیان لەچاویاندایە ، ئەوانە بێئاگاو بیّ خەبەرن لەڕۆژی دوایی وقیامەت . ئەوانە هەر ڕواڵەتی ژیانی دنیا بەدی دەکەن ، لەقیامەتیش بێئاگان .

بارو زرووفی ئەو ڕۆژگارە :

لەپەڕاوی (انحطاط وسقوط الامبراطورية الرومية)دا مێژوونووسی ئینگلیزی ناسراو (إیدورد جیبون)باسی ئەو سەردەمە دەکات ، کە چەندە ڕۆمەکان لاوازو شپرزو بیّ دەسەلاّت بوون : (لەو ڕۆژگارەدا کسری ئەپرویز (خسرو)لەساڵی 603 ی زاییندا هێرشی کردەسەر دەوڵەتی ڕۆم وتوانی قەلاّکانی ڕۆمەکان داگیر بکات ولە ڕووباری فورات بپەڕێتەوەو بەرەو شام بکەوێتە ڕیّ وحەڵەب داگیر بکاو پاشان (أنطاكيه) ش بگریّ ، کەپایتەختی بەشی ڕۆژهەلاّتی دەوڵەتی بیزەنتی بوو ، ئنجا

دیمەشقیان گرت وپاشان خلیل و ڕۆژهەلاتی ئەردەن و، کەنیسەکانیان سوتاندن و هەرچی مالی وەقفی تیابوو کە لە سێ سەدەدا کۆکرابوونەوە هەرهەموویان بەتالان برد ، تەنانەت خاچی ئەسلی (TRUد.خCROSS)یشیان برد بۆ ئێران و نزیکەی نەوەد هەزار گاوریان کوشت.

ئنجا فارسەکان چوون بەرەو میسرو داگیریان کردو سنووری فارسەکان گەیشتە حەبەشەو تەڕابلوسی ڕۆژئاواو بەمەش دەستیان گرت بەسەر زۆر ناوچەی ئەفریقیادا..

هۆی هێرشی فارسەکان بۆسەر ڕۆمەکان :

کاتی خۆی کیسرا ابرویز خەسرەو کوڕی هرمزی کوڕی ئەنوشیروان ، ڕای کرد لەدەست (بهرام جور)، کە هرمزی باوکی لەسەرتەخت هێنایە خوارەوە و، چوو بۆلای ڕۆمەکان و پاشای ڕۆمەکانی ئەوکاتە(موریقس)ڕێزێکی شاهانەی لێگرت و تەنانەت دەڵێن کچی خۆشی دایەو ،پاشان سوپاشی لەگەڵ نارد بە سەرکردایەتی جەنراڵ (نارشز) و تەختی پاشایی باوو باپیریان بۆسەندەوە لەساڵی (590)ی زایینیدا، ئەمەش وای لەخەسرەوشا کرد کە هەمیشە وەك باوکێك سەیری (موریقس)بکات و هەردەم خۆی بەمنەتباری بزانێت . لەساڵی (602)زایینیدا (منوقس)کەیەکێ بوو لەجەنراڵاتی سوپای ڕۆم شۆڕشی کرد دژی (موریقس)و کوشتی و ماڵ ومناڵی لەناوبردو لەسەر تەختی پاشایەتی (قسطنطينية)دانیشت .. ئنجا سەفیری خۆی نارد بۆلای ئێرانیەکان .

کاتێ کیسرا خەسرەو شا بەمەی زانی زۆر ناڕەحەت بوو ، دانی نەنا بەم حکومەتە تازەیەداو ویستی تۆڵەی (موریقس)بکاتەوە ، بۆیە ساڵی 603 ی زایینی هێرشی کردە سەر دەوڵەتی ڕۆم (کەئەمەش حەوت ساڵ پێش هەڵبژاردنی حەزرەت **(د.خ)**بوو بۆپێغەمبەرایەتی).

شۆڕشی هرقل :

لەو ڕۆژگارەدا کە دەوڵەتی ڕۆم لە گیانەلادا بوو ، هرقل کە حاکمی ئەفریقیابوو شۆڕشی کرد دژی (فوقس)و لەساڵی (610)ز دا سەرکەوت بەسەریاو کوشتی ، هەرئەوەندە کاروباری گرتە دەست ، هەواڵی داگیرکردنی (انطاكية) ی پێگەیشت لەلایەن فارسەکانەوە . فارسەکان کۆڵیان نەداو بەردەوام بوون لەسەر داگیر کردن و پەلاماردان وگوێیان بەم گۆڕانکاریانە نەدا ، تاساڵی 616ی زایینی کە ڕۆمەکان تەواو شکان و زۆر وڵاتیان لەدەست داو ئەورووپاش پشێوی و نائارامی زۆر ڕووی تێکرد .

برسێتی ڕووی کردە پایتەخت : لەساڵی (303)ی زایینەوە لەمیسرەوە خواردن و دانەوێڵە دەهات بۆ (قسطنطينية)ی پایتەختی ڕۆمەکان و دابەش دەکرا بەسەرخەڵکدا ، بۆ ئەوەی خۆش گوزەران

بن و لەپایتەختدا بمێننەوەو جێگیر بن ، کەچی کەئەو باروزرووفە هاتە پێشێ ومیسر لەلایەن فارسەکانەوە داگیرکرا ، بۆیەکەمجار لەساڵی (618) زایینیدا ، ئەو دانەوێڵەو خواردنەی میسر بڕاو نەهات ، کە ئەمەش بووە هۆی برسیەتی و تێکچوونی باری گوزەرانی خەڵك لەپایتەختدا.

هرقل وگۆڕانێکی سەیر :

مێژوونووسەکان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە(هرقل) لەگەڵ ئەوهەموو دەست درێژیەی فارسەکاندا بۆسەر وڵاتەکەی ، کابرایەکی ساردوسڕو بەندەی هەواو ئارەزووی بوو ، هەروەهاخەریکی خورافات و شتانێك بوو کە دوورن لە ڕەوشتی پاشایەکی مەزنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو بەرفراوان...

ئالەو شەوەزەنگەی ڕۆمەکاندا لەساڵی 616ی زایینیدا قورئان دابەزییە سەر ئەو پێغەمبەرەی کەنەخوێندەواربوو، لە ناو چوار دیواری ماڵێکی قوڕیندا دەژیا لەمککەو پێی فەرموو(غُلِبَتِ الروم في ادنى الارض وهم مِن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبون).

(جیبون)ی مێژوونووس دەڵێت (محمد(د.خ) ئەم هەواڵەی دا لە کاتێکدا کە فتوحاتی ئێرانی و فارسی لەوپەڕی بەهێزیدابوو، لەکاتێکدا کە هەستانەوەی ڕۆمەکان بەعەقڵی کەسدا نەدەچوو(بگرە هەر ئەستەم بوو)، چونکە دوانزە ساڵی یەکەمی حوکمی هرقل ئەوەی لێدەخوێنرایەوە ، کەباری دەوڵەتەکە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت)ج 3 ل 303 (انحطاط وسقوط الامبراطورية الرومية) ..

لە گەرمەی ئەو هەموو ناهەمواری یەی دەوڵەتی ڕۆمەکاندا ، هرقل ویستی (قسطنطينية)بەجێ بهێڵێ و بچێ بۆشاری (قرطاجنه)لەنزیك(تونس)و بیکاتە پایتەختی خۆی ،کەلوپەل و ئاڵتون وهەرچی هەبوو لە کۆشکی پاشایەتیدا سواری کەشتی کران و لەوەدا بوون بڕۆن ، یەکێ لەپیاوە ئایینیەکان زۆر هانی داو ورەی بەرز کردەوە کەبجەنگێ و پایتەخت بەجێ نەهێڵێ .

(هرقل)قەناعەتی کردو چووبۆکەنیسەی (st-sophia) وسوێندی بۆخواردن کەژیان و مردنی لەگەڵ ڕەعیەتەکەیدا بێت و بەجێیان نەهێڵێ .

بەڵێ .. گۆڕانێکی گەورە بەسەر (هرقل)دا هات و شەوگاری تاریکی تەمومژاوی گۆڕدرا بەڕۆژی ڕوناك و بووە پاڵەوان و سوارچاکی مەیدان و، هێزەکانی کۆکردەوە لە (کەنداوی ئەسکەندەرۆنە)وبە بۆنەی لابردنی پەردەش لەسەر پەیکەری (عیسا)، وتارێکی ئاگرینی بۆخەڵکەکە داو ، داوای لێکردن کە تۆڵە بکەنەوە لە فارسە ئاگرپەرستەکان .

هرقل كەوتە هێرش كردنە سەرفارسەكان و سەركەوتنی باشی بەدەست هێناو، توانی بچێتە ناوئێرانەوەو دیلە ڕۆمەكان ئازاد بكات و، لە هەڵمەتەكانیدا كارێكی وای بەفارس كرد ، خەریك بوو بەیەكجاری تەفروتوونایان بكات ، هرقل توانی ئالاّی ڕۆمەكان لەسەردڵی فارسەكان لەئێراندا بچەقێنیٚ و بەسەریانەوە بشەكێتەوە .

ئەم سەركەوتنە مەزنەش لەساڵی (625) ی زاینیدا بوو كەبەرامبەر ساڵی دووی كۆچی یە (كەموسڵمانان تیایا لەشەڕی بەدردا سەركەوتن) .

مێژوونووسان سەرسامن لە گورج بوونەوەو گۆڕانی (هرقل)و دەڵێن : دەستی قەدەر هرقلی برد بەرەو ئەو كارە كە لەخەیاڵی كەسدا نەبوو ، پاشان (هرقل) گەڕایەوە سەرحاڵی جارانی وخەیاڵی دایە كچەجوانەكەی برازای كەناوی (مارتینا)بوو ، هەروەك جارانی كەوتەوە سەر ئەو بیرەی كە نابێت ژیانی پاشاو كاربەدەستان هەر لە گۆڕەپانی جەنگدابێت،ئەم حاڵەش درێژەی كێشا تاڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ سوپای ئیسلامدا .

موعجیزەكانی ئەو پێشبینیە :

1) ئایەتەكە دەفەرموێت ڕۆمەكان ژێركەوتن لەنزمترین و نزیكترین ناوچەدا كەئەمەش ڕاستەو، ڕۆمەكان لای دەریای مردوو ژێركەوتن كەنزمترین ناوچەیە لەجیهاندا (في ادنی الارض).

2) ئایەتەكە هەواڵی دا كە لە (بضع سنین)دا سەردەكەونەوە ، بۆیە ئەبوبەكر گرەوی كرد لەگەڵ كافرانی مەككەدا و حەزرەت (د.خ)پێی فەرموو لە (سیٚ تا نۆ)ساڵ دیاری بكە . هەروەاش دەرچوو لە نۆ ساڵەكەدا ڕۆمەكان هەستانەوەو سەركەوتن كەهیچ تەفسیرێكی نیە مەگەر ئەوەی كەئیرادەی خوا بوو هەستنەوە ، ئەگینا بەهەموو حساباتێكی دنیایی نەدەكرا لەوماوە كەمەدا هەستنەوە ، بەتایبەت كەئەوە حاڵی (هرقل)یش بوو .

3)ئایەتەكە هەواڵی سەركەوتنی موسڵمانان دەدات شان بەشانی سەركەوتنی ڕۆمەكان ، كەدیارە ئەمەش هەرشتێكی سەیرو ئەستەم بوو لەو كاتەدا كەموسڵمانان چەوساوە بوون لەمەككەداو كافران لەوپەڕی دەسەڵات و توانادا بوون ، ئەوەبوو لەو ساڵەدا كە ڕۆمەكان سەركەوتن و هەواڵەكە گەیشتە موسڵمانان ، ئەمانیش دڵخۆش بوون بەسەركەوتنیان لەجەنگی بەدردا كەخۆی لەخۆیدا موعجیزەو سەراسیمە بوو ، وە لەعەقڵی كەسدانەبوو .. (ویومئذ یفرح المؤمنون بنصر الله ، ینصر من یشاء وهو العزیز الحکیم وعدالله لایُخلف الله وعده ولکن اکثر الناس لایعلمون)الروم .

سەرچاوە /المدخل الی الدراسات القرانیة /ابی الحسن الندوي /ط 2002 ل87

قسەی کەشتیەوانێـکی ئاسمانی !

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ﴿ولو فَتحنا عليهم باباً مِن السَّماءِ فَظلُوا فيه يَعْرُجُون لقالوا إنّما سُكِرَت أبصارُنا بل نحن قومُ مسحورون ﴾الحجر 15 واتە: ئەو بێباوەڕانە ئەگـەر دەروازەیـەکمان لەئاسمانـدا بۆبکردنایەتەوە تا پیایدا سەربکەون ، ئەوە دەیانووت : بێگومان ئێمە چاوبەستمان لێکراوە وچاومان داخراوە ، یاخود ئێمە کەسانێکی جادوو لێکراوین .

موعجیزەکانی ئەم ئایەتە :

1)لەپێنج شوێندا باسی (العروج)کراوە ، واتـە سـەرکەوتن بەئاسمانـدا بەچـەماوەیی وبـەلاری نـەك بەهێڵی ڕاست ، کە ئەمەش لەسەدەی بیستەمدا زانرا ، کاتێ مرۆڤ بیری کردەوە لەچـوونە دەرەوە لەزەوی و چوونە سەر ئەستێرەکان ..

<u>ئەمەش ئایەتەکانی ترە لەو بارەیەوە :</u>

ا-﴿تعْرُجُ الملائكة والرُّوحُ إليه في يوم كان مِقدارُهُ خمسينَ ألفَ سنَةَ ﴾ المعارج 4 واتە : فریشـتەکان و جوبرەئیل بەرزدەبنەوە بۆلای پەروەردگار لە ڕۆژێکدا کەماوەکەی پەنجا هـەزار سـاڵە بەحسـابی ئادەمیزاد (یاخود ڕەنگە مەبەسـت درێـژی ڕۆژی قیامـەت بێـت کەپـەنجا هـەزار سـاڵ دەخایـەنێت بەنیسبەت خوانەناسانەوە) .

ب-﴿ يُدَبِّرُ الأمْر مِنَ السماء إلى الارضِ ثمَّ يَعْرُجُ إليه في يومٍ كان مقدارُهُ ألـف سـنَةٍ مِمّـا تَعُـدوُن﴾ السجدة 5 واتە: ئەو خوایە لەژوور ئاسمانەوە کاروباری زەوی ڕێك دەخات و سەرپەرشتی دەکـات ، لەوەو دوا ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان و کاروکردەوەی بەنـدەکان دەگەڕێتـەوە بـۆلای ، لـە ڕۆژێکدا کە بەرامبەر هەزار ساڵە بەو حسابەی کەئێوە دەیکەن .

ج-﴿ يَعْلَمُ مايَلَجُ في الارض وما يَخْرُجُ منها ومايَنْزِلُ مِن السَّماءِ ومايَعْرُجُ فيها وهو الرحيم الغفور ﴾ السبأ 2/ واتە : خواوەند دەزانێت چی دەچێت بـەناخی زەویـداو چیشـی لێ دێتـە دەرەوە و ، چـی لەئاسمان دێتە خوارەوەوچیش پیایدا بەرزدەبێتەوە ، بەڕاستی ئەو خوایە میهرەبان و لێخۆش بووە ..

د-﴿ يَعْلَمُ مايَلَجِ في الارض ومايَخْرُجُ منها ومايَنزِلُ من السماءِ وما يَعْرُجُ فيها وهو معكم أينما كنـتم والله بما تعلمون بصير ﴾الحديـد 4 واتە :خواوەند دەزانێت چی دەچێت بەناخی زەویـدا و چیشـی لێ دێتە دەرەوە ، چی لـە ئاسمان دێتە خوارەوەو چی پیادا سەردەکەوێت ،جالـەهەر شوێنێکدا بن ئەوزاتە لەگەڵتاندایەو پێتان دەزانێت ،دڵنیا بن کەخوا بەهەموو ئەو کارو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن بینایە.

لەهەرپێنج جێگاکەدا قورئان وشەی (یعرج)بەکاردەهێنێت بۆچوون بۆئاسمان ، کە ئەمەش بۆخۆی حیکمەتی خوای گەورە دەردەخات کەئەو وشەیەی بەکارهێناوەو تازە زانستی سەردەم تیَی دەگات .

2) ئایا کردنەوەی دەرگا هەروا لە بۆشاییدا دەبێت ؟! دیارە نابێت ! کەواتە کەجاران وادەزانرا ئاسمان بۆشاییە و هیچی تیانیە وانیە ، بەڵکو ئاسمان بیناکراوەو ماددەی تیایە (والسماءَ بناءً) وئەو دەرگایە لەوئاسمانە بیناکراوەدا دەکرێتەوە کەرِێی رِۆیشتن و دەرچوونی مرۆڤە بۆئاسمان .

3)دەفەرموێت (فظلوا فیە یعرجون)واتە گەشتەکەیان لەرِۆژدا بێت ، جا هەرچەند رِۆژەو سەردەکەون کەچی پاش دەرچوون لەوچینە گازیەی ئاسمان کە دەوری زەوی داوە ئیتر تاریکی دەست پێدەکات ، واتە گەشتەکە لەشەودانیە ، تا وابزانن بەهۆی شەوەوەیە کە ئاسمانەکانیان لیَ تاریك بووە .

3)جاکاتیَ مرۆڤ بەرز دەبێتەوە بۆ زیاتر لە (200کم)لەئاسمانداو چینی گازی دەوری زەوی دەبرِێت ، لەپرِ هەروەك چاوی دابخریَ هیچ نابینیَ و تاریکی یە ، تەنانەت خۆر وەك بازنەیەکی شین دەبینیَ ، جائەو رِوناکی‌یەی ئێمە دەیبینین لەسەر زەوی بەهۆی ئەو تیشکی خۆرەوەیە کە لەچینی گازیدا بەهۆی گەردی تۆزو خۆڵ و شتی ترەوە شکانەوە رِوودەدات و ئابەو جۆرەی لیَ دیَ کە سەرزەوی رِوناك بکاتەوە.

قورئان دەفەرموێت ﴿لقالوا إنما سُكِّرَتْ أبصارُنا بل نحن قوم مسحورون﴾ واتە: ئەگەر بەرەو ئاسمان دەرچن ئەوا دەڵێن بێگومان چاومان داخراوە و جادوومان لێکراوە .

ئەوەی سەیرە و جیَی سەرنجە ، یەکەم کەشتیەوان کەچووە ئاسمان و ئەو تاریکی‌یەی دی ، چەند قسەیەکی کرد لە وەسفی ئەو حاڵەتەدا کە ئەگەر وەری بگێرِین ئەمە ماناکەیەتی : (من کەچوومە ئاسمان چاوم لەدەست داو هیچم نەبینی هەروەکو ئەوەی جادوو سیحرم لێکرابێت ؟!).

ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوکەسە بیانیەو بە هیچ جۆرێك ئاگاداری ئەم فەرموودەیەی قورئان نەبووە و سەد دەرسەد قسەکەشی وەك فەرموودەکەی قورئانە (پرۆفیسۆر زغلول النجار) .

4) قورئان باسی رِۆژێك دەکات کە هەزار یان پەنجا هەزار ساڵی ئێمەیە ئەمەش هەر موعجیزەیەو ئێستا زانراوە کە تەنها لەسەر زەویدا رِۆژێك 24 سەعاتە ولەئەستێرەکانی ترو بوونەوەردا بەجۆرێکی ترە و دیارە کە ئەمە قسەی کەسێکی سەر زەوی نیە کەتەنها شەوورِۆژی 24 سەعاتی دیوە .

شتێكمان فێركردویت كه نەتدەزانی !

خوای پەروەردگار بەحەزرەت (د.خ)دەفەرموێت ﴿ولولا فضل الله عليك ورَحْمته لَهَمَتْ طائفة منهم أنْ يُضِلّك وما يُضِلّونَ إلاّ أنْفُسَهُمْ وما يضُرونَكَ مِن شئٍ ، وأنزل الله عليك الكتابَ والحِكْمَةَ وعَلّمكَ مالَمْ تكُنْ تَعْلَمْ ، وكان فضلُ الله عليك عظيما﴾النساء 113 واته: ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی خوا نەبوایە بەسەرتەوە خەریك بوو هەندێكیان سەرت لێ بشێوێنن ، بێگومان ئەوان بەو كارەیان هەر سەر لەخۆیان دەشێوێنن ، دڵنیابە كە ناتوانن لە هیچ شتێكدا زیانت پێبگەیەنن ، خوای گەورەش قورئان و حیكمەتی بۆ دابەزاندوویت و فێری ئەو شتانەی كردوویت كەجاران نەتدەزانی ، بەردەوامیش فەزڵ وڕێزی خوا لەسەر تۆ ئەی (محمد) زۆرو فراوان و ئاشكرا و دیارە .

هەروەها دەفەرموێت ﴿وماكُنْتَ تَرْجُوا أنْ يُلقى إليكَ الكتابُ إلا رحمةً من ربكَ فلا تكوننَّ ظهيراً للكافرين﴾القصص86 واته : ئەی (محمد)تۆ بەتەما نەبوویت قورئانت بۆ ڕەوانە بكرێت ، جگە لە میهرەبانیەك نەبێت لەلایەن پەروەردگارتەوە ، كەواتە هاوكارو پشتیوانی كافران مەبە .

بەڵێ..خوای گەورە بەندەكانی خۆی چاك دەناسێ ، بۆیە بۆهەموو مرۆڤ ، هەرلە (14)سەدە لەمەوبەرەوە تاڕۆژی قیامەت یەك كەسی هەڵبژارد ئەویش حەزرەت بوو(د.خ).

ئەوزاتە هەرگیز بەتەمای پێغەمبەرایەتی نەبوو ، خوای گەورە هەڵی بژاردو شتانێكی فێركرد كە نەیدەزانی وخەڵكی دەستەوسان بوون بەرامبەری .

موسڵمانبوونی پزیشكێك

پێغەمبەری خوا (د.خ)هەواڵی بەهەندێ شتی پزیشكی داوە، كە لەو زەمانەی خۆیدا ، كەس نەیزانیوە و زانستی نوێش ڕاستیەكەی دەسەلمێنێت .. عبداللەی كوڕی عەمری كوڕی عاص لاوێكی وریاوزرنگ بوو ، لەماوەیەكی كەمدا فێری سریانی و قیبتی و ڕۆمانی بوو ، حەزرەت (د.خ)ڕێی پێدا كە فەرموودە بنووسێتەوە و ، ئەوەی كە نووسیەوە پێی دەوترا : (الصحيفة الصادقة)،كەزۆر فەرموودەی ڕاست و دروستی حەزرەتی تیا تۆمار كردووەو نوسخەی ئەسڵیشی لەشاری (ستوكهوڵم) ە لەسوید كە لەسەر ڕووبەرێكی فراوان ڕانوێنراوەو (عرض)كراوە .. لەو صحیفەیە دا هاتووە كەپزیشكێكی ناودار كەخەڵكی نەجران و ناوی (شەمەردەل كوڕی قەباسی كەعبی) بوو ، لەشارەزایی ودانابیدا ڕۆم وفارسەكان دەیانبرد وچارەسەری نەخۆشی بۆ دەكردن ، كاتێك بیستی كەحەزرەت (د.خ)هەڵبژێردراوە ، چوو بۆلای لە نیوەڕۆوە تاعەسر لەخزمەتیا مایەوەو پرسیاری زۆری لێكردوحەزرەت (د.خ)وەڵامی هەمووی دایەوە، پاشان حەزرەت كەوتە پرسیار كردن لێی ،

هەرچی لێ دەپرسی لەوەڵاما دەیووت :نازانم ،ئنجا کە (شەمەردەل)دڵنیا بوو ئەوەی حەزرەت (د.خ)دەیزانێ لەخواوەیەو بە وەحی بۆی هاتووە بڕوای پێهێنا . (ئەم باسەم لە دکتۆر عبدالباسط محمد السید وەرگرتووە لە دیداری کەناڵە فەزاییەکانەوە) .

حەزرەت (د.خ)یەکەم کەسە کە فەرموویەتی ئەگەر لەناوچەیەکدا (تاعون)بڵاوبۆوە ، نەکەس بچێتە ئەو ناوچەیەوەو نەکەسیشی لێ دەرچێت کە ئەمەش ئەمڕۆ لەلای پسپۆڕان پێی دەوترێ (الحجر الصحی)و تائێستاش کاری پێدەکرێت .

هەروەها حەزرەت (د.خ)لە سەدوبیست فەرموودەدا باسی (الطب التشریحی)دەکات کەهەندێکی تازە دۆزراونەتەوە ، بۆنموونە : کەحەزرەت (د.خ)دەفەرموێت لەلاشەی مرۆڤدا سێسەدو شەست جومگە هەیەو هەقە بەجوڵانی هەریەکەیان مرۆڤ خێرێك بکات ، ئاخر ئەگەر پێغەمبەری خوا نەبێ چووزانێ ئەو ژمارەجومگەیە هەیە لە لەشی مرۆڤدا ، کە تاساڵی 1997 زایینی لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی زانستی پزیشکیدا تەنها (340)جومگە دۆزرابوەوە ، تازانایەکی ئەڵمانی بواری گوێ ولووت و قورگ بەناوی (شین)جومگەیەکی ئاوێتەی لەگوێی ناوەڕاستدا دۆزیەوە کەپێك هاتووە لەدەجومگەی بچوك بەمەش ژمارەکە تەواو بوو ، (340)لەگەڵ بیست جومگەی هەردوو گوێچکە ، دەکاتە (360)جومگە هەروەك حەزرەت (د.خ)هەواڵی داوە ، کە ئەمەیان بەزانا ئەڵمانیەکە وت لەکۆتایی حەجی ساڵی (2002)دا موسڵمان بوو (وە سەردانی هەیئەی اعجازی عیلمی قورئان و فەرموودەی کرد).

(کیث مور)یش پڕۆفیسۆرێکی کەنەدی یەو یەکێکە لەو دوانزە پڕۆفیسۆرەی کە بۆ هەر باسێك لە مەسەلەی کۆرپەلەزانیدا پرس بەوان دەکرێت ، ویستی بەخەیاڵی خۆی حەزرەت (د.خ)بەدرۆبخاتەوە ، لەو فەرموودەیەی دا کە دەفەرموێت کۆرپەلە پاش چل و دووشەو لەڕەحم دا دیاری دەبێت کە نێرە یان مێ یە .. زۆر بەوردی دیراسەی کردو بەپێشکەوتوترین ئامێر چاودێری کۆرپەلەی کرد لەڕەحم دا ، لە شەوی دەیەم و بیستەم وسییەم وچلەم و،چل شەوو یەك سەعات و دووسەعات و ... هتد ، تابۆی سەلما کە تاچل و دوو شەوەکە تەواو نەبێت ، ڕەگەزی کۆرپەلەکە دیاری نابێت ، لە ئەنجامی ئەمەوە ئەمیش موسڵمان بوو . لە تەلەفیزیۆنی کەنەدی چەند وتارێکی لەسەر ئەم مەسەلەیە پێشکەش کردو چەندەها قوتابیشی موسڵمان بوون ، لێیان پرسی چۆن دەگونجێ تۆ بڕوات بەحەزرەتی عیسا هەیە و بڕوا بە (محمد) بهێنێ ، ئەویش وتی : (عیسا)و (محمد)سەلامی خوایان لێ بێ لەیەك قوتابخانەوە هاتوون !

شاژنی بەریتانیاو حیجامە

حەزرەت **(د.خ)**پێش زیاتر لەچواردە سەدە دەفەرموێت : (علیکم بالحجامة)نسائی ، واتە : سوود لە کەڵەشاخ گرتن وەربگرن .

هەروەها چەند جار (حجامە)کراوە بۆ پێغەمبەر **(د.خ)**و هەقی داوە بەوکەسەی کەحجامەکەی بۆکردووە (هەروەك لەبوخاری و مسلم)دا هاتووە وهەروەك ابن عباس ڕیوایەتی کردووە (أنَّ النبی (د.خ)احتجمَ وأعطی الحجَّامَ أجْرَهُ). زانایان و پسپۆڕان لەئەمریکا و ئەڵمانیاو چین وسوریاو زۆر وڵاتی تردا گرنگیان داوە بەخوێن گرتن لەپشت و زۆر سوودی لێبینراوە .

شاژنی بەریتانیا(الیزابیث) تووشی نەخۆشی (هیموفیلیا)بوو ، کەخوێن بەربوو ناگیرسێتەوەو لەزانستی پزیشکیدا دەرمانی بۆنەدۆزراوەتەوە ، بۆیە لەسوریاوە پزیشکی پسپۆڕیان بۆبردو بە (حجامە)چاك بوو .

لەوەش سەیر تر ئەوەیە کە لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە دەفەرموێت (علیکم بالحجامة في جوزة القمحدوة فإنها شفاء من اثنین وسبعین داءً) ل 34 الطب النبوی /واتە : (حجامە) بکەن لەو چاڵیەی کۆتایی کاسەی سەردا کە دەنووسێ بەملەوەو دەکەوێتە ژێر(غودەی نوخامیە)وە ، بۆ حەفتا ودوو نەخۆشی شیفایە.

زانایەکی ئەڵمانی لە شتۆتگارد لە ئەڵمانیا دیراسەی ئەم فەرموودەیەی کردو بۆی دەرکەوت کە ئەو غودەیە هەفتاو دوو هۆرمۆن دەردەکات ، بەهەر گیرانێك لەو ناوچەیەدا کە ڕوبدات و هۆرمۆنەکان کاری خۆیان نەکەن ئەوکەسە تووشی نەخۆشیەك دەبێت ، بۆیە ئەگەر گیران لە دەمارەکاندا ڕوویان دا لەو ناوچەیەدا بەو خوێن لێگرتنە بەردەبێت و چارەسەرە بۆ حەفتاو دوو نەخۆشی .. شایانی باسیشە ئەو زانایە ساڵی (2002) لە وڵاتی سعودیە موسڵمان بوو .(ئەم جۆرە حیجامەیە لای دکتۆری زۆر شارەزا نەبێت نابێت بکرێت).

گرنگی دان بەتەندروستی

قورئان و فەرموودە زۆر گرنگیان داوە بە لەش ساغی ، تەنانەت حەزرەت داوامان لێدەکات کە دوعا بکەین و بڵێین (اللهم انا نسألك العفو والعافیة في الدنیا والآخرة) واتە:پەروەردگارا ئێمە داوای لێخۆش بوون و لەش ساغیت لێ دەکەین لە دونیا و ئاخیرەت دا . هەروەها پێغەمبەر **(د.خ)**دەفەرموێت (لِکلِّ داءٍ دواءُ ، فإذا أصابَ دواءُ الدَّاءَ ، بَرأَ باذن الله عزوجل) نسائی واتە :

بۆهەر نەخۆشی ودەردێك دەرمانێك هەیە ، ئەگەر دەرمانەكە بەكارهێنرا بۆنەخۆشیەكە ، بەئیزنی خوا چاك دەبێتەوە ..

ڕۆژێك دەشتەكییەك هاتەلای حەزرەت (د.خ)وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە دەرمان بەكاربهێنین و بگەڕێین بەدوای چارەسەردا (یارسول الله أنَتَداوی ؟ فقال : یاعباد الله تَداوو ، فان اللهَ عزوجلَ لم یَضَعْ داء إلاّ وضَعَ لَه شَفاءً غیر داءٍ واحدٍ ، قالوا :ماهو ؟ قال : الهرم) ئەحمەد،حەزرەتیش (د.خ)لە وەلآمیا فەرمووی : بەڵێ ئەی بەندەكانی خوا ، بگەڕێن بە دوای چارەسەرداو داوودەرمان بەكاربهێنن ، چونكە بەڕاستی خوا هیچ دەردونەخۆشیەكی دانەناوە ئیللا چارەسەریشی بۆداناوە ، تەنها یەك نەخۆشی ودەرد نەبێت ، وتیان : ئەو دەردە چییە ؟؟ فەرمووی :پیریە .. هەروەها دەفەرموێت (إنّ الله تعالی لم یُنْزِلْ داء ، إلاّ أنزل لَهُ دواء :عَلِمَهُ مَنْ عَلِمَهُ ،وجَهِلَه مَنْ جَهِلَه) حاكم ،واتە : بەڕاستی خوا هیچ دەردو نەخۆشیەكی نەناردووە ئیللا دەرمانیشی بۆ ناردووە ، ئیتر هەركەس بزانێ دەزانێ و هەركەسیش نەزانێ ئەوا نازانێ و نایگاتێ .

ئەمانە هەمووی ڕێنمایی زۆر گەورەی پزیشكین كەهەقە بە ئاوی ئاڵتون بنوسرێنەوەو بەژوور سەردا هەڵواسرێن ، هەرچەند بەداخەوە غەیری ئێمە باشتر قەدری ئەو فەرموودانە دەزانن ، تەنانەت لە نەخۆشخانەیەكی گەورەی ئەڵمانیا ئەو فەرموودەیەی حەزرەت وەك حیكمەتێك هەڵواسراوە كە دەفەرموێ : (ماملأ ادمیُ وِعاء شراً من بطن ، بحسب ابن آدمَ لُقَیمات یُقِمْنَ صُلْبَهُ ، فإنْ كان لا محالة ، فثلث لطعامه ، وثلث لشرابه ،وثلث لِنَفَسِهِ) الترمذی ،واتە: خراپترین شتێ كە مرۆڤ پڕی بكات گەدەیەتی و ورگێتی ، مرۆڤ چەند پاروویەكی بەسە كەپشتی ڕاست بكاتەوە ، ئەگەر هەر دەشخوات و چارنیە ، ئەوا بایەك لەسەر سێی گەدەی بۆ خواردن و یەك لەسەرسێی بۆ خواردنەوەو یەك لەسەر سێشی بە بەتاڵی بهێنێتەوە بۆ هەناسە ..ئەم فەرموودەیە مەگەر هەر لەدەمی پیرۆزی حەزرەت (د.خ)بێتە دەرەوە ، كە بنەمایەكی مەزن و مەسەلەیەكی گرنگە لە تەندروستیدا . ئەوەشمان باسكرد لە پەڕاوی(بەهاری دڵان) دا كەیەك لەسەرسێی بۆهەناسە موعجیزەیە و تازە دۆزراوەتەوە ، گەدە كە بەتاڵ بوو ، هەوای تێچوو لێیەوە ئۆكسجین دەچێ بۆ خانەكان و وەك هەناسە وایەو زۆر گرنگە .

هەروەها ساڵی 1999 ز لەئەمریكا لێكۆڵینەوە كرا لەسەر ئەوەی كەمرۆڤ چەند خواردنی پێویستە بۆ لاشەی كە تەندروستیەكی باشی بداتێ ، بۆیان دەركەوت كەمرۆڤ تەنها بەیەك

لەسەرسێی پڕکردنی گەدەی دەژی و سەرو زیادێتی . (دکتۆر سمیر الحلو / بەرنامەی الشریعة والحیاة/ 2003)..

ئاشکرا کردنی فاحیشە و سزای خوا

حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت : (یا معشر المهاجرین : خمس إذا ابتلیتم بهن ، وأعوذ بالله أنْ تُدرکهن ، لم تظهرالفاحشة في قوم قط حتی یُعْلِنوا بها إلا فشا فیهم الطاعون والأوجاع التي لم تکن مضت في أسلافهم الذین مضوا ، ولم ینقصوا المکیال والمیزان إلا أُخِذوا بالسنین وشدة المؤنة وجورالسلطان علیهم ، ولم یمنعوا زکاة أموالِهِمْ إلا مُنِعوا القَطر ولولا البَهائم لم یمطروا ، ولم ینقضوا عهد الله وعهد رسوله إلا سلط الله علیهم عدواً من غیرهم فأخذوا بعض مافي ایدیهم ، ومالم تحکم أئمتهم بکتاب الله جعل بأسهم بینهم) ابن ماجه وابونعیم . واتە : ئەی گرۆهی کۆچەریەکان : پێنج شت هەیە ئەگەر گیرۆدەیان بن ، پەنادەگرم بەخوا لەوەی کە تووشیان بن ، شەڕوال پیسی لەناو هەر کۆمەڵێکا پەیدا ببێ بەجۆرێ کە بەئاشکراو بەبێ شەرم پێی هەستن ، دەردودرم وئێش و ئازاری ئەوتۆیان تیا بڵاودەبێتەوە کە لەناو پێشینەکانیاندا نەبوون و ، هەرکۆمەڵێ تەرازووبازیان کردو کەمیان دا بەخەڵك وخەڵەتانیانن ، تووشی گرانی و نەهاتی و ناڕەحەتی و ستەمی کاربەدەستیان دێن و ، هەرکۆمەڵێ دەستیان بەسەر زەکاتدا گرت و نەیان دا بەوانەی کە موستەحەقن ، بارانیان لێ دەگیرێتەوەو ، لەبەر چوارپێ وبێ زمانان نەبێت دڵۆپێ بارانیان بۆ ناباریێت ..هەر کۆمەڵێك پەیمانی خواو پەیمانی پێغەمبەری خوایان هەڵوەشاندەوە ، خوا دوژمنی دەرەوەیان بەسەردا زاڵ دەکات و چیان لەژێر دەستا بێت ئەیبات و ، هەرکۆمەڵێك کاربەدەستەکانی بەپێی فەرمانی خوا فەرمانڕەواییان نەکرد خوا بەریان دەداتە گیانی یەکتری و ئاژاوەو پشێوی بەرپادەبێت .

بەڵێ .. ئەو ڕۆژەی کەحەزرەت (د.خ)ئەمەی فەرمووە ، کێ توانیویەتی شتی وا بڵێت و ، ئەمڕۆش پاش هەزارو چوارسەد ساڵ زیاتر لەئەنجامی ئاشکرا کردنی بەدڕەوشتی و پڕوپاگەندەکردن بۆی و هەوڵ دان بۆبەیاسایی کردنی ، دەبینین کە فەرموودەکە لەسەدا سەد ڕاستەو نەخۆشی وا هاتۆتە کایەوە کە لە باوباپیرانی پێشیندا نەبووە ، وەك ئایدز کە زۆر لە وڵاتانی گرتۆتەوە ، بۆنموونە لەئەفریقیا دێ واهەیە هەموویان بەئایدز قڕبوون و هێشتا حکومەت نەیزانیوە ، هەروەها ئۆکرانیاش دەڵێن بەرمیلێك تەقەمەنی تەوقیت کراوە بە ئایدزو کەی تەقیەوە تەفروتوونا دەبن .

جیهازی بەرگری لەشی ئادەمیزاد نیشانەی دەسەڵاتی خوایە ، ئەوخانانەی بەرگری دەکەن دێنە لای ملەوەو لەلای غودەی (ثیموس)شفرەی سی هەزار خانەیان دەردرێتێ کە لەلاشەی ئەو

کەسەدا هەیە ، تابیان ناسێتەوەو هەرکاتێك میکرۆبێ یان ڤایرۆسێکی بێگانە بێتە ناوەوە پەلاماری دەدەن و لەناوی دەبەن ، کەچی کە ئەو میکرۆبانە لەئەنجامی نەخۆشی جنسیەوە بن ، ئەوا خانەکانی بەرگری ، بەرگری لێ ناکەن ، هەروەك خوای گەورە ئاگاداری کردبن کە دەیەوێ سزای بدات لەئەنجامی سەرپێچی کردنیەوە .

ئەمە لەجیهانی ئادەمیزادا کەچی لەجیهانی ئاژەڵدا لەبەر بەرژەوەندی مرۆڤ تاوەکو زاوزێ زۆر بێت ومرۆڤ سوودیان لێوەربگرێ ، بەقەدەری خوا لەگەڵ ئەوەدا کە نێرێك دەچێتە لای چەند مێ و هەموو شتێك لەبارە کەئایدزو نەخۆشی تر بڵاوبێتەوە کەچی بڵاونابێتەوە ، ئەمەش حیکمەتێکی گەورەیە و هەقە مرۆڤ سەرنجی بدات ، دیارە ئاژەڵان لەسەر ئەو بەرنامەیەن کەبۆیان دیاری کراوە و هەڵبژاردنیان نیەو لادانیان نیە.

خورما و سوودەکانی

حەزرەت **(د.خ)**لەبارەی خورماوە دەفەرموێت (خيرُ تمراتكم البَرْنيّ يُذهِبُ الداء)حاکم ریوایەتی کردوووەو لە صحيح الجامع الالبانی /3298واتە :چاکترین خورماتان جۆری (البَرْنيّ)یە(کە خورمایەکی خڕو زەردە)و نەخۆشی ناهێڵێ . یان دەفەرموێت (مَنْ تَصبَّحَ بسبع تمرات عجوة لم يضره ذلك اليوم سُمّ ولا سحر) واتە:کێ بەیانیان حەوت خورمای (عجوة)بخوات ئەو ڕۆژە نە ژەهرو نەسیحر کاری تێناکەن .

زانستی نوێ دەڵێت خورما ڤیتامین (ا)و (ب) تیایە کە دەبنە مایەی بەهێزی (ئەعصاب)و دژی نەخۆشیەکانی جگەرن ، هەروەها فسفۆڕی زۆریشی تیایە کە سوودی هەیە بۆ بیرکەوتنەوەو گرنگترین سوود بەخانەکانی مێشك دەگەیەنن .. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئاسنی تیایە وسوودی هەیە بۆ خوێن و .. هتد .. بۆیە حەزرەتیش **(د.خ)**داوا دەکات لە ڕۆژووەوان کە بەخورما ڕۆژووەکەی بشکێنێ ئەگەر دەستیکەوت و ئەگەر نەبوو ئەوا با بە ئاو بیشکێنێ :(مَنْ وجَدَ تمراً فليفطر عليه ، ومَن لايجد فليفطر على الماء)أبو داود / 2355 .

تاقیکردنەوەیەکی سەیر :

دکتۆر عبدالباسط محمد السيد کەمامۆستای (الكيمياء الحيوية)یە لەمرکزی قەومی بۆ لێکۆڵینەوە لەمیسر ، لەسەر ئەم فەرموودەیە هەڵوێستەی کردو وتی:(حەزرەت حەوت دەنك خورمای دیاری کردووە کە لە بەیانیانا بخورێت و بۆ ژەهراوی بوون وسیحر باشە.

دیاره دووجۆره ژەهراوی بوون هەیە دەرەکی و ناوەکی ، ئەوەی دەرەوە وەك پێوەدانی دوپشك ومار ، ئەوەی ناوەوەش وەك ژەهراوی بوون بەهۆی خواردنی پیسەوە .

لەبواری پزیشکیدا زانراوە کەیەکێك لەکارەکانی جگەر هەستانە بە دەردانی ماددەی دژە ژەهر ، کە ئەمەش گرنگترین کاری جگەرە لەکاتێکدا کە بە (25) کاروچالاکی هەڵدەستێ و ، ئەگەر جگەرنەبێ ڕۆژانە لەش تووشی ژەهراوی بوون دەبێت بەهۆی پیسبوونی کەش و هەوای شارە گەورەکانەوە ، بۆنموونە دانیشتوانی شاری قاهیرە ، تووشی ژەهراوی بوون دەبن و، ئینزیمێك کەجگەر دەری دەدات بەناوی (جاماجیتی)لە لەشدا ڕێژەکەی زیاد دەبێت .. پزیشکەکانیش (کۆرتیزۆن)دەدەن بە نەخۆشەکە تالەو ژەهراوی بوونە ڕزگاری ببێت .. ئێمەش هاتین دەیان کەس کە ژەهراوی بوو بوون خستمانە ژێر تاقیکردنەوە ، بەوەی کە ڕۆژانە یەکی حەوت دەنك خورما بخۆن ، پاش یەك دوو هەفتە ڕێژەی ئەو ئەنزیمە لە سێ قاتەوە دابەزی بۆ ڕێژەی ئاسایی ، ئیتر لەوەوە هەرنەخۆشێك لەوبابەتە بهاتایە هیچ دەرمانم بۆ نەدەنووسی تەنها پێم دەووت کە بۆ پانزە ڕۆژ هەموو بەیانیەك تەنها حەوت دەنك خورمابخوات، دواتر بۆمان دەرکەوت کە هەموو نەخۆشیەکی جگەر ئەوخورما خواردنە سوودی پێدەگەیەنێت .

لەلایەکی ترەوە خورما لاوێتیءخانەکانی لەش دەپارێزێ و دەبێتە هۆی دواخستنی پیری .. بۆپێوەدانی مارودوپشکیش لێکۆڵینەوە بەردەوامە بۆ دەرهێنانی ماددەیەك لەخورما کەچارەسەری بکات ، هیواردارم ئەنجامی چاك بەدەست بهێنرێت).

بۆمەسەلەی سیحریش کە زیاتر شتێکی مەعنەوییەو حەزرەت جلەو گیری لێکردووەو فەرموویەتی هەرکەس سیحربکات ئەوا بێباوەڕ دەبێت(مَنْ سَحَرَ فقد كفر) ابوداود 3904 .

پسپۆڕان دەڵێن :کە هەموو کەسێك لەلاشەیەوە شەپۆلی گەرمی دەردەچێت و ئێستا بە ئامێری تایبەت دەپێورێت ، زانای سویدی (روبرت کانزی)توانی بیسەلمێنێ کە هەر مرۆڤێك ڕەنگی ئەو شەپۆلە گەرمیانەی کە لە لاشەی دەردەچێت سیءحەوت ملیۆن رەنگەو، کەتێکەڵ دەبن حەوت ڕەنگەکەی شەبەنگ دروست دەکەن (الأطياف السبعة)..

(روبرت کانزی) لە کۆمەڵگای ئەوروپی خۆی دا ڕێی لە هەرچی دەکەوت برێك دوودڵی و نارەحەتی هەبوو لەو کۆمەڵگا شێواوەدا ، بۆیە زۆربەیان تێکەڵ بوونی ڕەنگەکانیان هاوسەنگ نەبوون وهەندێك ڕەنگیان زاڵ بووبوون بەسەر ڕەنگەکانی تردا ، تارۆژێك تاقیکردنەوەی کرد لەسەر موسڵمانێك و دیراسەی ئەو شەپۆلە گەرمی وڕەنگانەی کرد کە لەجەستەی دەردەچێت ،

بـۆی دەركـەوت كـە ڕەنگـەكان هاوسـەنگیان تیایـە ، كـە ئەمـەش بەڵگـەی دڵنیـایی و ئـارامی موسڵمانەكە بوو، كابرای زانا سەری سوڕما كە موسڵمانەكە پێی وت : پەلە مەكە بادەستنوێژێك بشۆم ئەوسا دەبینی زیاتر ڕەنگەكان ڕێك دەكەون وهاوسەنگ دەبن و زیاتر ئارامی وئاسایشم پێـوە دەبینی ، كاتێك دەستنوێژی شت و بەئامێری تایبەت فەحسی كرد بینی ئەو (37)ملیۆن ڕەنگەی كە لە شەپۆلە گەرمییەكانی لەشیەوە دەردەچێت ڕێكوپێـك و گونجاووتـەواون ، كـە ئـەم ئەنجامـەی دەست كەوت موسڵمانەكە ئەم فەرموودەیەی پێ ووت : (مَنْ توضأ فقد خرجت ذنوبه من بين عينيه ، ومن بين اذنيه ، ومن بين يديه ، ومن بـين رجليـه ، فـإذا قعـد قعـد مغفـوراً لـه)احمـد 349 واتـە: هەركەس دەسـتنوێژ بشـوات گوناهـەكانی لەچـاوو گـوێ و دەسـت وقاچـی یـەوە لێ دەبێتـەوەو كەدانیشت وادادەنیشێ كەخوا لەگوناهەكانی خۆش بووە .

جارێكی تر (روبـرت كـانزی) ئـەو شـەپۆلە گەرمیانـەی كـە لەچـاوو گـوێ و دەسـت و قاچیموسڵمانەكەوە دەردەچوو پێوایی و بۆی دەركەوت كە زۆر گونجاوو تەواوو هاوسەنگن ..

هەندێك كەس شەپۆلە گەرمی یەكـەی لـەخۆی جیانابێتـەوە و دوورناكەوێتـەوە ، لەكاتێكـدا هەندێ كەسی تر ماوەیەكی زۆر ئەو شەپۆلە گەرمیانەی دەڕوات ، (روبـرت كـانزی) دیراسـەی شەپۆلە گەرمییەكانی (ئەحمەد دیدات)ی كرد لەكاتی (مناظرة)دا لەئەمریكا ، بۆی دەركەوت كە تا دووری زۆر دەڕوات ، سەرەنجامی ئەم دیراساتانە ، (روبرت كانزی) بـۆی دەركـەوت ئیسـلام ئاینێكی هەقەولەخواوە هاتووەوموسڵمان بوو.

لەلایەكی ترەوە لێكۆڵینەوەكان دەریان خست كە سیحر كاردەكاتە سەر ئەوشەپۆلە گەرمیانەو دەیشێوێنێ، بەوەش حاڵی ئەوكەسەی كەجادووی لێكراوە تێك دەچێت ، ئنجا هەندێ خـواردنیش كاردەكاتە سەرئەو شەپۆلە گەرمیانە ، بەمەش لەنهێنی ئەوە تێدەگەین كەبۆچی خورمـا كاریگـەری سیحر بەتاڵ دەكاتەوە .

هەندێ لەوانەی كەخەریكی پاراسایكۆلۆجین لەیابان بۆ دیراسەی ئەم فەرموودەیە خورمایان لە بۆتەیەكی تاقیكردنەوەی شوشـەدا دانـاو تیشـكیان لێـدا ، بۆیـان دەركـەوت كـە هەنـدێ تیشـك دەگێڕێتەوە.. ل52 (معجزات الاستشفاء بالغذاء /مجدي الشهاوي)..

خورما نەخۆشی ناگوێزێتەوە

حەزرەت (د.خ)دەفەرموێ (خيرُ تمـراتكم البَرْنـي يُـذهِب الـداء ، ولا داء فيـه) (الطبرانـي)واتـە: چاكترین جۆری خورماتان (البرنی)ەو نەخۆشی چارەسەر دەكات و نەخۆشیشـی تیانیـە ، لـەعێراق

بەهاوكارى پسپۆڕانى (منظمة الصحة العالمية) ، تاقيكردنەوەيان كرد لەسەر خورما و لە ئەنجامدا (معهد البكترولوجى العراقى)بەهاوكارى (دكتور أوسكار فيلزنفليد)كە پسپۆڕە لە (منظمة الصحة العالمية)ڕايان گەياند كە ئەگەر خورما پيس بكرێت بە (جراثيم)ى نەخۆشى كولێرا ، پاش سێ ڕۆژ ئەو (جراثيم)انە لەناودەچن وخورما نابێتە ناوەندێك بۆ گواستنەوەى ئەو نەخۆشىيە و ئەم ڕاستيەشيان لەساڵى (1966)دا ڕاگەياندو، ئاشكراشيان كرد كەخورما سەرچاوەيەكى گرنگە بۆ دەرهێنانى دەرمانى (پەنسلين و ئورومايسين و زۆر لە موضاداتى حيوى و ڤيتامين 12 و، هەندێ هۆرمونات ودەرمانى (ديوستولنس)يشى لێ دەردەهێنرێ كە بۆنەخۆشى ڕۆماتيزم و نەخۆشى چاو بەكاردەهێنرێ) الاعجاز العلمى فى السنة النبويه /د.صالح بن أحمد رضا /ل289 جلدى يەكەم.

گرنگى سيواك

حەزرەت (د.خ)لە فەرموودەيەكى (صحيح)دا دەفەرموێ (السواك مَطْهَرَةٌ للفم مرضاة للرب)... واتە : سيواك دەم و دان پاك دەكاتەوەو مايەى ڕەزامەندى خوايە ، پاش هەزارو چوارسەد ساڵ زياتر لێكۆڵينەوە كرا لەسەر سيواك و بۆزانايان دەركەوت كە سيواك :

ا- موادى تيايە بۆ چارەسەرى ئيلتهابى پووك .

ب- دكتۆر (رودات)بەڕێوەبەرى پەيمانگاى زانستى (جراثيم والأوبئة)لەزانكۆى (روستوك)ى ئەڵمانى ماددەى تيادۆزيەوە كەدژى بۆن كردنى ناو دەمە ..

ج- هەروەها دكتۆر (كينيث كيوديل)ماددەيەكى تيا دۆزيەوە كە نايەڵێ دان كلۆر ببێت .. ئەمانە و زۆرشتى تريش كە ڕەنگە لە داهاتوودا بدۆزرێنەوە ڕەنگە لەپشت گرنگى پێدانى حەزرەتەوە بێت (د.خ)، بەتايبەت كەفەرموويەتى : (لولا ان أشق على أمتي لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة)احمد واتە : ئەگەر گران و ناڕەحەت نەبوايە لەسەر ئومەتم ، ئەوا فەرمانم پێدەدان كە لە كاتى هەموو نوێژەكاندا سيواك بكەن .. ل510 سەرچاوەى پێشوو

تاعون ناچێتە مەككەو مەدينەوە

حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت (المدينة ومكة محفوفتان بالملائكة على كل نقب منها ملك لايدخلها الدجال و لاالطاعون)الطبراني.واتە :مەدينە ومەككە مەلائيكەت دەوريان داون و لەهەموو لايەكەوە دەيپارێزن ، نەدەجاڵ و نە تاعون ناچێتە ناويانەوە . دكتۆر محمد على البار دەڵێت(تاعون دەردێكى كۆنەو ميسريە كۆنەكان لەسەر پەڕەى (البردى)شتيان لەسەر نوسيوەو باسيان كردووە ، لەساڵى 542 پێش زايين تاعون لە سەرووى ئەفريقياو ئەورووپاو ئاسيادا بلاوبۆتەوە و، پەنجا ساڵ لەم ولاتەوە

بۆئەو ولاَت دەگوێزرایەوەو نزیکەی سەد ملیۆن کەسی لەناوبرد ، بۆیە حەزرەت دەفەرموێ (إن هذا الطاعون رجز على مَن كان قبلكم) واتە: ئەم تاعونە سزایەك بووە لەسەر گەلەکانی پێش ئێوە .. ئنجا تاعون ناوبەناو دەرکەوتووە ، تەنانەت لەزەمانی حەزرەتی عومەردا لە شاری (عمواس)تاعون بلاوبۆوە و لەسەدەی چوارەدەی میلادیش دا ئەوروپا و ئاسیای گرتەوەو تەنها لە ئەوروپادا بیست و پێنج ملیۆن کەسی کوشت کەیەك لەسەر چواری دانیشتوانی هەموو ئەوروپا بوون و ناونرا (الموت الأسود).. تائێستاش ناوبەناو بلاودەبێتەوە لەهیندو ولاَتانی تردا ، تەنها دووشوێنێك کە تائێستاو تاقیامەت تیایا بلاونەبێتەوە مەککەو مەدینەیە کەئەوەش یەکێکە لەموعجیزەکانی حەزرەت **(د.خ)**کەخوای گەورە فێری کردووە .ل 550 الاعجازالعلمي في السنة النبوية /مج 1 .

دیاریکردنی قیبلە

یەکێك لەموعجیزەکانی حەزرەت **(د.خ)**دیاری کردنی قیبلەیە لە (قوباء)و (مەدینە)ڕووەو (قودس)لەسەرەتاداو دواتریش ڕووەو کەعبە ، دیارە پێغەمبەر **(د.خ)**نەخوێندەوار بووەو هیچی لە زانستی جوگرافیاو فەلەك نەخوێندووە و هیچ ئامێرێك نەبووە کە ئەو کارەی پێبکات ، دیارە ئەو دیاری کردنە کە تائێستا ماوەو لەسەدا سەدیش تەواوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەخوا فێری کردووە .

پاشای فارس فەرمانی دا بە (باذان)کەحاکمی یەمەن بوو (محمد) ی بۆ قۆڵ بەست بکاو بینێرێت ، ئەویش دووسەربازی خۆی ناردو لەمەدینە هاتنە مزگەوتەکەی حەزرەت **(د.خ)**وتیان ئێمە بەفەرمانی باذان کەئەویش (کسری)فەرمانی پێداوە هاتووین تۆ بەرین ، ئەویش فەرمووی : بڕۆن سبەینێ وەرنەوە .

بۆسبەینێ کەهاتنەوە حەزرەت **(د.خ)**پێی فەرموون (إنَّ ربِّي قتل ربكم الليلة)واتە : ئەمشەو پەروەردگاری من گەورەکەی ئێوەی کوشت (بەدەستی کوڕەکەی خۆی).. ئەوانیش ئەم هەواڵەیان بردەوە بۆ (باذان)، ئەویش کابرایەکی ژیر بوو وتی :ئەگەر هەواڵمان بگاتێ و ڕاست دەرچێ ، مانای وایە : (محمد)پێغەمبەرە ، چونکە کێ توانی هەواڵی بداتێ کە ئەوە ڕوویداوە لە فارس ..پاش مانگێك هەواڵ گەیشتە باذان کە لەو شەوەدا کەحەزرەت **(د.خ)**فەرمووبووی کوڕی کیسرا باوکی خۆی کوشتووە ...ئیتر (باذان) موسڵمان بوو.

حەزرەت(د.خ) چەند هاوەڵێکی نارد بۆ لایان تا فێری ئیسلامەتیان بکەن و فەرمانی دا کە لە باخەکەی باذان دا مزگەوتێك دروست بکەن لەناو شاری سەنعاداو، بۆ قیبلەکەشی ڕووبکەنە شاخی (ضین) کە (30 کم)یك لە سەنعاوە دوورە ، بەڵێ حەزرەت (د.خ)بەبێ ئەوەی یەمەنی دیبێ بەبێ ئەوەی ئەو باخەی دیبێ، فەرمووی : بۆ نوێژ ڕووبکەنە شاخی (ضین) ئەوە قیبلەتانە .. شارەزایان دەڵێن تەواوترین قیبلە لەیەمەندا ئەو قیبلەیەیە کەحەزرەت (د.خ)دیاری کردووەو تائێستاش زانراوەو ماوە ..بەهۆی بەرنامەی گوگڵ ئێرسەوە دکتۆر عبدالمجید زەندانی هێڵێکی کێشا لە قیبلەی مزگەوتەکەوەو درێژی کردەوە بۆ لوتکەی شاخەکەو درێژی کردووە بۆ ناو مزگەوتی حەرام هێڵەکە دای لە دیواری کەعبە کە لایەکی بەردە ڕەشەکەیەو لاکەی تریشی ڕوکنی یەمانیيە،بەمەش موعجیزەیەکی تری حەزرەت دەرکەوت لەسەدەی بیست ویەکدا ،شایانی باسە سەنعا نزیکەی 815 کم دوورە لە مەککەوە ،(ژمارە 12ی گۆڤاری هەیڤ بەوێنەوە ئەم بابەتەی بلاوکردۆتەوە تکایە بیخۆێنەرەوە).

پشت بەستن بەخوا

لە بەشەکانی پێشوودا باسی گرنگی دان بەتەندروستی و چوونە لای پزیشك ودەرمان بەکارهێنانمان کرد ، دیارە ئەمەش لە شەرعدا فەرمانی پێدراوە و گرتنی هۆکارەکانە کە نابێ فەرامۆش بکرێن .

بەڵام ئەبێ ئەوەمان بیرنەچێت کەخوا (شیفا)ئەدات ، بۆیە لەفەرموودەکەش دا دەفەرمووێ (فإذا اصاب دواءُ الدّاء ، بَرأ بإذنِ الله عزوجل)نسائی وابن ماجة/ جاموسڵمانی تەواو وتێگەیشتوو ئەوەیە کە هەوڵی بەکارهێنانی داوودەرمان دەدات و ئنجا لەدڵیشەوە دەزانێت بەئیزنی خوا چاك دەبێت و هەمیشە دوعادەکات ولەڕەحمی خوا بێ هیوا نابێت ودەزانێت هەرچی بۆپێش بێت ، ئینشا الله خێرە بۆی .. جاری وا هەیە خوای گەورە کەسێك چاك دەکاتەوە لە کاتێکدا پزیشکەکان چاوەڕێی مردنی ئەوکەسەن ، یان لەکاتێدا هیچ دەستی بەدکتۆر و دەرماندا نەگەیشتووە و بەهەموو حسابێك دەبێ بمرێت .

بۆنموونە :

1) کاك ڕەجا محمد علی کەخەڵکی هەڵەبجەیە دەڵێت : باوکم لەشەستەکاندا تووشی نەخۆشی قورحەی دوانزەگرێ بوو ، هەرجارێك کەلێ ی هەڵئەدایەوە ، خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕۆیشت وناچار پزیشك یەك دوو بوتڵ خوێنی تێدەکرد ،ئەمە درێژەی کێشا تاجارێکیان لە ڕەمەزاندا کە

کەوتبووە چلەی زستانەوە ، ئازارەکەی لێ هەڵدەداتەوەو کاتێ دەچێتە لای دکتۆر ، دەڵێت :دەبێ بەزووترین کات نەشتەرگەریت بۆبکەین ئەگینا دەتکوژێت ومەوعیدی سبەینێ ی بۆ دائەنێت ، باوکیشم زۆر لەو نەشتەرگەری یە دەترسا چونکە وەك ئێستا نەبوو ، زۆر ئەگەری ئەوە هەبوو کە نەشتەرگەرییەکە سەرنەکەوێت و بەوە بمرێت .

شەوێ دەچێتەوە ماڵی خزمێکی لەسلێمانی و بەدەم ئازارەوە خەوی لێ دەکەوێت ، لەخەویا لەژووری نەشتەرگەری دایەو سێ کەس دێنە ژوورسەریو نەشتەرگەری بۆدەکەن و یەکێکیان لە ناوسکی گۆشتپارەیەکی بچووکی ڕەشی لێ دەردەهێنێ و پیشانی دوانەکەی تری دەدات و دەڵێت : ئەوە نیوەی نەخۆشی یەکەمان چارەسەر کرد ، ئەوەی ماوە (ان شاء الله)بۆ جارێکی تر ..

کاتێك باوکم خەبەری بۆوە دەستی برد بۆ سکی ، وەیزانی بەڕاستی نەشتەرگەری بۆکراوە ، دوایی زانی کەخەوە ، لەدوای ئەمەوە ئیتر نەخۆشییەکە نەماو ، هەربۆ سبەینێ چووەوە لای دکتۆرەکەی وئەویش کەفەحسی کرد سەری سوڕماو وتی : باشەچۆن تۆ نەخۆشەکەی دوێنێ ی ؟!

2) کاك (ظاهیر باهر)تەمەنی چل ساڵ زیاترەو خەڵکی کەرکوکە ، کە لەئیدارەی لقی یەکگرتوویچەمچەماڵ بوو ساڵی دووهەزار بۆی گێڕامەوە و وتی : (چەند ساڵێك لەمەوبەر تووشی ئازاری گورچیلە بووم ، لە کاتێکدا کە سەربازبووم لەبەغدا ، شەوێکیان ئازارەکە زۆری بۆهێنام ومنیش دانم بەخۆمدا گرت و نەمتوانی هیچ بخۆم ، سەعات دوانزەی شەو بەدەم دوعا کردنەوە خەوم لێکەوت و لە پڕ خەبەرم بۆوە ژوورەکە زۆر ڕووناك بوو، سێ کەس بەجلی سپییەوە لەسەرسەرم بوون، هۆشم نەما، کاتێك بەیانی هاتمەوە هۆش خۆم، بینیم کە فانیلەکەم بەپێستەکەمەوە نووساوەو چەند دڵۆپ خوێنێکی پێوەیە ، فانیلەکەم لێکردەوە بینیم (13)تەقەڵی پێوەیە و دیارە، بەفەزڵی خوا نەشتەرگەریەکەم بۆکرا بوو، ئیتر ئازارم نەما ، کاتێك گەڕامەوە ماڵی باوکم لە کاتی (ئیجازە)کەمدا پیشانم دان و کەوتمە گلەیی و وتم ئێوە لێم ناپرسنەوە و ئەوەتا نەشتەرگەریم کردووە لەبەغداو شوێنەکەشم پیشان دان، ئیتر ئەوانیش خەمیانخواردو ، کەوتنە گلەیی کە بۆهەواڵت نەداوینەتێ بێین بۆلات !

3) مەسەلەی دوعا قبووڵ بوون زۆر گرنگە تێی بگەین و پاشان بێزارنەبین لەدوعا و بە عیبادەت و واجبێکی عەبدایەتی بزانین و هەوڵبدەین لەو کەسانە بین کە دوعایان قبووڵە .

حاجی مەلا جەلالی مزگەوتی قامیشان خوا لێی خۆش بێت ، لەحەج دەبێت لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ، لەوێ مەلایەك نەخۆش دەکەوێت و برادەرێك بە مامۆستا مەلاجەلال دەڵێ : ئەوا فلانە

کەس خەریکە دەمرێ و وەزعی زۆر خراپە ، بەڵکو بێی بەلایەوە، مامۆستاش دەڵێ : هیچ نیە گوێ مەدەرێ، پاش ماوەیەکی تر هانا دەباتەوە بۆمامۆستاو دەڵێ : چیبکەین وادەمرێ وەرە بەلایەوە ! مامۆستاش بە نەخۆشەکە دەڵێ : هەستە هەستە بەخوا ئەو پیاوە نیت لێرە بمریت و حەزرەت شەفاعەتت بۆ بکات ، قسەکەی مامۆستا وادەردەچێ و مەلاکە چاك دەبێتەوە !

جامنیش دەڵێم بەداخەوە هێشتا فێری خواناسی و دوعاکردن نەبووین ، هێشتا لەخۆمان بەد گومانین لەدوعا کردن دا ونەبووین بەوپیاوەی دوعامان قبووڵ بێت ..

دۆستێك کەساڵی 2001 چوو بوو بۆحەج لەئێرانەوە ، وتی : لە فڕۆکەخانە بووین و ناوەکان خوێنرایەوەو پەساپۆرتەکان وەرگیرانەوە و کۆمەڵێکمان بەفڕۆکە ڕۆیشتن ، ئێمەش ماینەوە لەسەر ژنێك ناویان خوێندبۆوەو لە فارسەکان تێنەگەیشتبوو ، کابراش پەساپۆرتەکەی خستبووە گیرفانیەوەو ڕۆیشتبووەوە ، هەموو پەکمان کەوتبوو لەسەر ئەو ژنەو کاتیش کاتی حەجەودرەنگە و خواخوای دەقیقەیەکمانە زووتر بچین ، لەم لاشەوە ژنە خۆی دابوو بەزەویداو دەگریاو دەپاڕایەوە و دەیووت: چارەم بکەن ،فریام بکەون ! دۆستەکەم دەڵێ : زۆر وەزعمان ناخۆش بوو، لە نێوان خۆم و خوادا کەوتمە دوعاکردن : خوایە گیان تۆ کارت هەیە دەڵێن ، (بین المغرب والعشاء یفعل الله مایشاء)ئەمە سەعاتێ زیاتری دەوێت، ئێمە پەلەمانەو بە (کن فیکون) ەکەی خۆت فریامان کەوە با دوانەکەوین و زووبڕۆین ، خوا ئاگادارە ئەوەندەی نەبرد کابرای ئێرانی پەیدا بوو ناوی پەساپۆرتەکەی خوێندەوەو دامانەوە بەژنەکە، هەرلەوێدا یەکسەر لەسەر ئەرزی فڕۆکەخانەکە سوجدەم برد بۆخوا، زانیم کە تەنها خوایە ئاوا دەمودەست هات بەدەنگمانەوە و ڕزگاری کردین !

دوعای ڕاست و تەواوئەوەیە کە بە یەقین و بەکوڵ ودڵ بکرێت نەك بەغافڵی و ساردو سڕی یەوە کە لە ژوور سەر بستێك بەرز نابێتەوە !

پڕۆفیسۆر (ئەنیس الراوی)کەخەڵکی بەغدایە و پسپۆڕە لەفیزیای نەوەوی دا دەڵێت : لەساڵی (1976)دا لە لەندەن ماوەیەکی زۆر باران نەباری و زۆر شپرزو پێویست بوون بۆ بارانێکی چاك ، هەرچی هەوڵیان دا ، تەنانەت بارانی دەستکردیشیان تاقی کردەوە سوودی نەبوو ، داوایان لەموسڵمانان کرد کەنوێژی باران بارین بکەن و ئەمەش زۆر گرنگ بوو بۆئێمەو وەکو تەحەددایەکیش بوو ، شەوو ڕۆژێك دوعامان کردو پاڕاینەوە ونوێژی باران بارینیشمان کرد ، خوا کردی باران باری و (BBC) لەهەواڵەکانیدا وتی (المسلمون یمطرون السماء!) (بەرنامەی ایات وحوار / قناة اقرا) .

شێوازی با نگەوازکردن

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا داوامان لێدەکات کە بەچاکی بانگەواز بکەین (ادع الی سبیل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي أحسن) واتە :بانگەواز بکە بۆ ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و ئامۆژگاری جوان وبە چاکترین شێوەش موجادەلەیان لە گەڵدا بکەن.

چەند نموونەیەك لەسەر شێوازی بانگەواز کردن :

یەکەم: ئیمامی مەرکەزی ئیسلامی یابان :

شێخ نعمة الله خليل ابراهيم کە ئیمامی مەرکەزی ئیسلامی یابانە لەبارەی ژیانی خۆیەوە دەڵێت : تەمەنم حەفتاو دووساڵە و ، خەڵکی (تورکیا)م ، لە تەمەنی لاوێتیم دا هەرچەند پارەشم نەبوو ، خوای گەورە بۆی ڕەخساندم چووم بۆ حەج ، ئەوەندە بەلامەوە خۆش بوو لە ڕێگا زۆر گریام ، زۆر کەس لەو گڕو عەشق و سۆزەی من نەدەگەیشت بۆخواوپێغەمبەرو وایان دەزانی (شێت)بووم!!

لەمەدینە هەندێ زانام ناسی وپاشان جاری تر سەردانی مەککەو مەدینەم کردەوەو لەخزمەت زانایاندا زۆر سوودم وەرگرت و ، وتاری زۆریشم دا بۆجالیاتی ئەوێ ..

ویستم بچم بۆ یابان بۆ بانگەوازکردن ، زانایەك پێی وتم : تۆ زمان دەزانیت؟ ، وتم : نەخێر ! وتی : ئێمە زمان زانمان ناردووەوهیچی پێنەکراوە ، ئاخۆ تۆچیت بۆدەکرێ ؟!

گوێم بەوەنەداو چووم ، دیارە نیەتی من تەنها بۆ خوا بوو ، بۆگەیاندنی بانگی خوابوو .. هەر کە گەیشتمە یابان ، کابرایەکی یابانی موسڵمان هات بۆلام و وتی : من لەمیسر فێری عەرەبی بووم و لەبەرخوا دەبمە وەرگێڕ بۆت ..

ڕۆژێك داوام کرد کە هەندێك خەڵکی یابانم بۆ کۆبکەنەوە ، وتیان : خەڵکی هەمووی سەرقاڵی کارن و کەس تاقەتی نیە گوێ بگرێت . وتم : هەرچۆنێك بێت کۆیان بکەنەوە ومنیش باسی مادیاتیان بۆدەکەم .

کاتێك کۆمەڵێکیان بۆکۆکردمەوە پێم وتن : من لەجیهانی ئیسلامیەوە ناردویانم تاسوپاستان بکەم لەسەر ئەو هەمووئامێرە چاکانەی کەبۆتان ناردوین ، بەڕاستی ئێمە زۆر سودمان لێ بینیون و ژیانی دنیای ئێمەتان خۆش و ئاسان کردووە ، جا بۆیە ئێمەش دیاریەکمان پێیە بۆتان و بانگتان دەکەین بۆدنیایەکی فراوانتر و خۆشتر . هەموو بەخۆشحاڵیەوە وتیان : زۆرچاکە کوا بەچ پەساپۆرت وفیزەیەك بچین و لەکوێ یە ؟ منیش وتم : ئێمە بۆ بەهەشتی هەتا هەتایی ونەبڕاوە و پڕکامەرانی بانگتان دەکەین و پەساپۆرت وفیزەکەش (لا إلا الله محمد رسول الله)یە ..

پاشان وتم : ئێوه له ئه‌نجامی ڕێز گرتنتانه‌وه ، ده‌چه‌مێنه‌وه و ده‌چنه ڕكوعه‌وه ، كه ئه‌وه‌ش نیوه‌ی نوێژه‌كه‌ی ئێمه‌یه وزۆری ناوێت بگه‌ن به ئێمه.

به‌ڵێ بەم شێوازه نه‌رم و ناسكه وبه هه‌وڵی زۆری خواناسان بیست ساڵ له‌مه‌وبه‌ر دوومزگه‌وت له‌یاباندا هه‌بوو ، ئێستا بۆته سێ سه‌د مزگه‌وت .

جارێك چووم بۆ كۆریا وله‌لای مزگه‌وتێك بانگم داو زۆر گریام بۆغه‌ریبی ئیسلام له‌و ناوچه‌یه‌و بێ ئاگایی خه‌ڵكی له‌م ئاینه به‌رزه پیرۆزه . چوار لاو هاتن بۆلام ، خێرا فرمێسكه‌كانم سڕی و به ڕوویه‌كی خۆشه‌وه كه‌وتمه قسه‌كردن له‌گه‌ڵیاندا ، هه‌رچه‌ند له‌وه‌ش ده‌چوو سه‌رخۆش بن من هانم دان موسڵمان بن و بڵێن : لا إله إلا الله محمد رسول الله، ئه‌وانیش وتیان و پاشان پێم وتن : تۆناوت ئه‌بوبه‌كره و ئه‌ویترتان عومه‌ر و سێیه‌متان عوسمانه و چواره‌متان عه‌لی .

پاش دوانزه ساڵ له‌مه‌دینه یه‌كێكیان منی ناسیه‌وه‌و هات بۆلام و وتی : من عومه‌رم كه تۆناوت نام له كۆریا و ئێستا هاتووم كه شه‌ریعه‌ت بخوێنم لێره ، مه‌گه‌ر خوابزانێ چه‌ند دڵم خۆش بوو ، ئاخر چی له‌وه خۆشتره به‌ری ڕه‌نج و ماندووبوونی خۆت ببینی وخه‌ڵك له‌سه‌ر ده‌ستا موسڵمان ببێت .

له‌و ولاتانه‌ش كه‌موسڵمانی غافڵم ده‌دی له‌عه‌ره‌ب و له تورك ، قسه‌م بۆده‌كردن و ده‌مووت : سه‌لامتان لێ بێت ڕۆڵه‌كانی تێكۆشه‌ران (مجاهدین) ، باوك و باپیرتان موسڵمان بوون و ڕه‌نگه هه‌موو پاره‌یان دابێ تاله‌م شوێنانه ئه‌م مز گه‌وتانه دروست كراون ، بۆئێوه له دین ته‌وه‌لا بوون ، بۆناگه‌ڕێنه‌وه سه‌ر ڕێبازی سه‌ربه‌زری و سه‌رفرازی ، من ده‌گریام و ئه‌وانیش ده‌كه‌وتنه گریان .

پێم ده‌ڵێن تۆ حه‌فتا ساڵی و چۆن ناسره‌وێیت ومانده‌وونابیت ؟ ، ده‌ڵێم : برایینه ئه‌گه‌ر من دانیشم ماندووده‌بم ، خۆشی من له‌وه‌دایه كه‌سێك زیاتر موسڵمان ببێت .

به‌هاوسه‌ره‌كه‌شمیان ده‌ووت : تۆچۆن به‌رگه‌ی ئه‌وهه‌مووگه‌ڕان و هات وچۆیه ده‌گریت ، ده‌یووت : من به‌خته‌وه‌رم به‌م كاره و خۆمان نه‌زركردووه بۆخوا .

ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت ڕه‌مه‌زانی 2002 وه‌فاتی كردو دنیای فانی به‌جێهێشت (به‌رنامه‌ی (صفحات من حیاتي) كه‌ناڵی المجد) .(بۆ درێژه‌ی ئه‌م باسه سه‌یری (ده‌ستی گه‌ل) بكه _ئه‌ندازیار عوسمان).

دووه‌م: سۆزی مظهر

ناوبراو بیست ساڵه بانگخوازه بۆئه‌م دینه‌و باسی هیدایه‌تی خۆی ده‌كات له‌سه‌ر ده‌ستی ئافره‌تێكی فه‌ڕه‌نسی داو ده‌ڵێت : من له‌گه‌ڵ نه‌نكما ده‌ژیام كه‌دایكی هونه‌رمه‌ندی میسری (احمد

مظهر) ەو، ناوبراو مامە ، بەشی ڕۆژنامەگەریم تەواو کرد لەکولێژی ئاداب و، زۆر بەخۆما دەنازیم و بە شەقامەکانی گەرەکی زەمالیك و یانەکان دا دەگەڕام بەوپەڕی شۆخ و شەنگی وخۆنواندنەوەو خەڵکی هەموو چاویان تێدەبڕیم ، نەباوك و نەدایك و نەنەنکم دەرەقەتم نەدەهاتن وچاری منیان بۆنەدەکرا .. بەڕاستی من دووروبێئاگا بووم لە ئیسلام .. هەرچەند لە دەروونما ترسێك هەبوو کەخوای گەورە بمسووتێنێ بەغاز یان بەکارەبا لە ئەنجامی ئەو دووریەم لەخواوە.

من دەمووت : باشە نەنکم واپیرەو بە نەخۆشیش نوێژەکانی دەکات ، باشە چۆن ڕزگارم بێ لە سزای خوا ؟ خێرا لەم خەیاڵاتانە خۆم ڕزگار دەکرد بەوەی دەچووم دەنووستم یان دەچووم بۆ یانەکان ..

کاتێ شووم کرد، لەگەڵ مێردەکەمدا بۆ (شهرالعسل)چووین بۆ ئەوروپا ..ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام جارێك سەردانی (فاتیکان)مان کرد لە ڕۆماو ، ویستمان بچین سەردانی مۆزەخانەی پاپا بکەین ، لەبەر دەرگا وتیان دەبێ پاڵتۆ یان چەرمێکی ڕەش لەبەربکەی .. لام سەیر بوو ئەوان ئاوا ڕێز لە ئاینە تەحریف کراوەکەیان دەگرن ، لەدڵی خۆمدا وتم : باشە ئێمە چیمانە ؟ بۆچی ڕێز لە ئاینەکەی خۆمان ناگرین !

لەچڵەپۆپەی خۆشی دنیام دا ڕۆژێك بەمێردەکەم وت : دەمەوێت بچم نوێژێك بکەم بۆخواو سوپاسی بکەم .. ئەویش وتی : تۆ سەربەستیت، چیت پێخۆشە وابکە.. منیش جلێکی سەرتاپام لەبەرکردو چووم بۆمزگەوتیگەورەی پاریس ونوێژێکم کرد .کە هاتمە دەرەوە لەناو دەرگاکەدا ، لەچکەکەم وجلە درێژەکەم کە کردبووم بەسەر جلەکانی تردا لام بردن، خەریك بووم بیانخەمە جانتاکەمەوە ، ئالێرە دا بووخاڵی وەرچەخانم بەرەو خێر !

ئافرەتێکی فەڕەنسی چاوشین کە هەرگیز لەیادم ناچێت ، جلی سەرتاپای پۆشیبوو ، دەستێکی بەنەرمی خستە سەرشانم و بەسووکی پێی وتم : بۆچی سەرپۆشەکەت لائەبەی ؟ نازانی ئەوە فەرمانی خوایە ؟

داوای لێکردم بۆچەند خوولەکێك بچمە مزگەوتەکەوە لەگەڵیا،من دەمویست لەدەستی قوتاربم،بەڵام بەشێوزای جوانی و ڕەوشتی بەرزی ناچاری کردم بچمەوە ناومزگەوت وگفتوگۆ بکەین . پێی وتم : تۆ شایەتی دەدەیت کە تەنها خوا شایانی پەرستنە ؟ئایا تۆ ماناکەی تێدەگەیت ؟ تۆدەزانی ئەو وتنی : (لا إله إلا الله) یە چەند وشەیەك نیە بووترێ و بەس ، بەڵکو دەبێ بە کردەوە ئەوە بسەلمێنی و پابەندی فەرمانەکانی خوا بیت ..

بەڕاستی قسەکانی گەورەترین پەندو ئامۆژگاری بوون بۆم و ، دڵی هەژاندم و هێنامیە لەرزە !

ئنجـــا تەوقـــەی لەگـــەڵ کـــردم و وتـــی : خوشـــکم ئـــەم دینـــە ســـەرنجە !

بەڵێ .. لەمزگەوت هاتمە دەرەوە و نـەم ئـەزانی چـی وا لـە دەوروبـەرم ، هەرئـەو ڕۆژەش بـوو کەمێردەکەم بردمی بۆ ئاهەنگێکی شەو کـەپیاوان وئافرەتـان سـەمایان دەکـردو جـل و بـەرگێکی کەمیان لەبەردا بوو ، شتی وایان دەکرد ئاژەڵ بە ئاژەڵی خۆیەوە نایکات ! زۆر ڕقم هەستا ، خـۆم لەبەرچاو کەوت کە لە شوێنی ئاوادام ، داوام لەمێردەکـەم کـرد کـە بچـینە دەرەوە تاهەوایـەك هەڵمژم و هەناسەیەك بدەم ، پاش ئەوە بەخێرایی گەڕامەوە قاهیرەو یەکەم هەنگاوم نابەرەو ئیمان و ئیسلامەتی .

هەرچەند من لەماددیاتدا نقوم بووبووم و هەرچی دڵم بیویستایە لەخۆشی دنیا لەبەر دەستما بوو ، بەڵام تامی هیچم نەدەکرد وخۆشیم لێ نەدەبینی ، تـا لـە قورئـان و ئیسـلامەتیدا ونبـووی خـۆمم دۆزیەوەو بەختەوەربووم ، وازم هێنا لەیانەکان و ژیـانی جاهیلیـەت و نـەفامی و کەوتمـە هـاوەڵی کردنی دەستە خوشکە ئیماندارەکانم.

هەرچەند لەسەرەتاوە مێردەکەم بالاّ پۆشیەکەمی پـێ ئاسـایی نـەبوو ، هەنـدێ کێشـەمان بـۆ دروست بوو ، تاخەریك بوو لەیەك جیا ببینەوە ، بەڵام خوا بەڕەحمی خۆی هیدایەتی ئەویشی داو لانـەی لێ نەشـێوانین وئێسـتا ئـەو زۆر لـەمن باشـترە و بـانگخوازەو هـەوڵ دەدات بۆئـەم دینـە . جاهەرچەند تووشی بەڵاوموسیبەت و نەخۆشیبووین ، بەڵام هەربەختیارین و ئارامگرین و دەڵێین : سوپاس بۆخوا کە بەڵاو موسیبەتەکەمان لەدنیاکەماندایەو لە دینەکەماندا نیـە !(ل56 العائـدون الی الله –علی عبد العال).

سێیەم : هەڵبژاردنی باسێک

ساڵی (2002 ز)لە (27) ی ڕەمەزاندا ، لەچەند مزگـەوتێك کـە موسـڵمانان تاشـەو درەنـگ دەمانەوە ، وتارمدا ، پێش ئەوەی کە وتارەکە بدەم بـیرم کـردەوە چـی بـاس بکـەم لـەم شـەوەدا کەخەڵکی بەڕۆژ بەڕۆژوو بوون وماندوون ، ئنجا وا سەعات دە ویانزەی شەوە ، چی بێت لـەلای ئەو موسڵمانانە خۆش بێت و بیریان نەچێتەوەو سوودی لێوەرگرن ، بۆیـە کـاتێ کەوتمـە وتـاردان پاش سوپاس وستایشی خوای پەروەردگار ودروودو سەلام لەسەرگیانی حـەزرەت و یـاوەران وتم : بەڕێزینە دەمەوێ باسی مارویەیژەی دینداریتان بۆ بکـەم ، هـەمووتان دەزانـن کەمارویەیـژە هەیـەو یارییەکەو یەکێ زار هەڵـەداو ئنجـا لەسـەر خشـتەکە چـەند خانەیـەك پـێش دەکـەوێت ، یـان

سەردەکەوێ بەپەیژەدا یان مارێك قووتی دەدات ودێتەوە خوارێ ،لەدینداریش دا بەهەمان شێوەیە ، هەندێ کارو کردەوە وەك ماروئەژدەها کردەوەکان پووچەڵ دەکەنەوە و لەناوی دەبەن ، وەك هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردن وخراپی لەگەڵ دایك و باوك و. .هتد، هەندێ کردەوەی چاکەش مرۆڤ بەرز دەکاتەوە وەك دەستنوێژ و نوێژەکان کە ڕۆژانە گوناه پاك دەکەنەوەو ، نوێژی هەینی کەگوناهی هەفتە دەبات و عومرە کردن و حەج کردن کەگوناهەکانی پێشین هەمووی دەسڕنەوەو شەهادەتیش کە لەیەکەوە دەتباتە سەدو دەچیتە بەهەشتەوە .

باسەکە ئامانجی خۆی پێکاو لە سایەی خواوە لە هەموو مزگەوتەکان مایەی خۆشی و ڕەزامەندی ئامادەبووان بوو ،بەڕاستی ئەم ئیسلامە دەوڵەمەندەو چواردەسەدە زیاترە شتی لەسەر دەنووسرێ ، حەیفە پەکمان بکەوێ لەباس و خواسی چاك و گونجاو لە شوێن وکاتی پێویستدا .

ئای چەندخەم دەخۆم کە بەهەزاران کەس هەفتانە دەچنە بەردەستی وتاربێژێك لەڕۆژی هەینیدا ، کەچی شتێکیان پێنالێ کەسوودی لێ ببینین .

برادەرێکم ڕۆژێك قسەیەکی جوانی کرد وتی : خیتابی ئیسلامی ئێستا خیتابێکی تووڕەیەو زۆر لەمامۆستاکان لەسەر مینبەر خۆیان تووڕە دەکەن بەبێ ئەوەی خۆشیان بزانن بۆچی تووڕە بوون؟!! منیش دەڵێم بەخوا هی واشمان هەیە ئەڵێی ئاو لای داوەو ئەوەندە ساردوسڕە خەوت لێدەکەوێت ، یان وتارەکەی چوارکەلیمەیەو لەسەر وەرەقە دەیخوێنێتەوە خواخواتە زوو تەواوی بکات .

دکتۆر هومام سعید حەواکە وتاربێژێکی ئەردەنی یە دەڵێت : بۆ هەر وتارێك پێشتر سەدان لاپەڕە دەخوێنمەوەو هەوڵدەدەم کە هەموو ئامادەبووان سوود وەرگرن ، دوای وتارەکەشم سەیردەکەم ئەگەر ئەو منالأنەی لەگەڵ باوکیان هاتوون بۆ مزگەوت بەزۆر دەستی باوکیان ڕاکێشا بۆئەوەی بێن بۆلام تەعارف بکەین ئەڵێم : بەخوا ڕەنگە وتارەکەم کاریگەری لەسەر هەمووان بووبێت .

دکتۆر (ئەحمەد شەرباصی) ش کەچەندەها پەڕاوی نووسیوە دەڵێت : کەدەچمە سەر مینبەر یەك هەفتە خۆم ئامادە دەکەم و ئنجا زۆردەترسم کە نەتوانم هەقی مینبەرەکەی (رسول اللە) بدەم .

چوارەم : دکتۆرەیەکی بیانی موسڵمان دەبێت

دکتۆرێکی کوردی خۆمان کە لە دەرەوەی وڵاتە دەڵێت : دکتۆرەیەکی ئافرەتی بیانی دراوسێمان بوو ، بۆماوەی دووساڵ لە بۆنەکاندا دیاری و پەڕاوی ئیسلامیم دەدایەو دڵیمان ڕادەگرت ، بەڵکو خوابکا موسڵمان ببێت ، ڕۆژێك ژنەکەم هەواڵی دامێ کەموسڵمان بووە ، زۆرم پێخۆش بوو ، وتم ڕەنگە بەهۆی منەوە بووبێ ! کەچی کە بینیم و پیرۆزبایی موسڵمان

بوونەکەم لێکردو پرسیارم لێکرد چی کاری تێکردووە ، لە وەڵامە کەیەوە تێگەیشتم کە خێزانەکەم کاریگەری هەبووە لەسەری ، بەوەی کەخواردنی خۆشی لێناوە بۆی ناردووەو فێری چێشت لێنانی کردووە .

ڕاستە کتێبەکان ڕەنگە بەشێکی مەسەلەکەبن ، بەڵام هی وا هەیە لەڕێی (گەدە)یەوە دەتوانی کاری لەسەربکەیت ، (بیریشمان نەچێ کەجوولەکە لەزۆر لەوڵاتە ئەفریقیەکان لەڕێی چێشت لێنەرەکانەوە کار لەسەر ئەو سەرۆکانە دەکەن و ئەگەر خەتی سووریان بەزاند دەرمان خواردیان دەکەن . ئەمە بێجگە لەوەی کە دەزگای مۆساد دەستیان هەیە لەزۆر لەو وڵاتانەدا ، مەبەستمان ئەوەیە کە دوژمنان هەموو هۆکارێك بەکاردەهێنن بۆکاری خۆیان ..).

پێنجەم : پێغەمبەرەکەتان زۆر شارستانی بووە

عەمر خالید دەڵێت :ساڵی 1988 کۆلێژی بازرگانی قاهیرەم تەواوکردو بۆساڵێك لەگەڵ چەند برادەرێکدا لە بەریتانیا کارمان کرد ، ئافرەتێکی ئینگلیزمان لەگەڵدا بوو ، برادەرەکانم کەخۆیان دەبوون بە عەرەبی قسەیان دەکردو ، کە ئەو ئافرەتەش لەوێدا بوایە بەئینگلیزی قسەیان دەکرد بۆئەوەی ئەویش تێبگات و دڵی شتێك نەکات ، ئافرەتەکەش پاش ماوەیەك هەستی بەمە کردو لەم بارەیەوە پرسیاری لێکردن .

ئەوانیش وتیان : پێغەمبەر (د.خ)فەرمانی پێداوین کە لە شوێنێکدا دووکەس چرپە لەگەڵ یەکدا نەکەن و نەبنە مایەی بێزاری کەسی سێیەم .

ئافرەتەکە ئەم ڕەفتارەی زۆر پێ جوان بوو وتی : بەڕاستی پێغەمبەرەکەتان زۆر شارستانی بووە .

پاش شەش مانگ ئافرەتەکە موسڵمان بوو ، لەبارەی هۆی موسڵمان بوونەکەشیەوە وتی : یەکەم شتێك کاری تێکردم لەم دینەدا ڕەفتاری جوان ومامەڵەی شارستانی بوو لەگەڵ خەڵکیدا کە موسڵمانانی لەسەر پەروەردە دەکات .

(الصبر والذوق –عمرو خالد)

خزمەتکردنی خەڵکی هۆکارێکی گرنگە لە بانگەوازدا

پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێت :

*أحبُّ الناسِ الى اللهِ أَنْفَعُهُمْ للناس ،خۆشەویسترین کەس بەلای خواوە بەسوودترینیانە بۆخەڵکی.

*وأحبُ الاعمالِ الى الله عزوجل سرور تَدْخُلُهُ على مُسلم..

خۆشەویسترین کردار لای خوای گەورە خۆشییەکە بیخەیتە دڵی موسڵمانێکەوە ..

*أو تَكشِفَ عنه كُرْبَةً .. یان خەم و خەفەتێکی لەسەر لابەریت ..
*أو تَقْضِيَ عنه دَيْناً .. یان قەرزێکی بۆ بدەیتەوە ..
*أو تَطْرُدَ عنه جُوعاً .. یان لەبرسێتیەك ڕزگاری بکەی ..
*ولأن أمْشِيَ مع أخي المسلم في حاجةٍ أحَبُّ إليَّ مِنْ أن أعْتَكِفَ في هذا المسجدِ شهراً .. ئەگەر لەگەڵ براکەمدا بڕۆم بۆپێویستیەکی لام خۆشترە لەوەی یەك مانگ لەم مزگەوتەدا ئیعتیکاف بکەم.
*ومَنْ كَفَّ غَضَبُهُ سَتَرَ الله عَوْرَتَهُ .. هەرکەسێك تووڕەیی خۆی بگرێتەوە خوای گەورە ناتەواویەکانی دادەپۆشێت .
*ومَنْ كَظَمَ غَيْظاً ولوشاء أنْ يُمْضِيَهُ أمضاهُ ، ملأ الله قَلْبَهُ رِضاً يومَ القيامة .. هەرکەسێك ڕقی خۆی بخواتەوە (لە کاتێکدا کە بتوانێ ڕقی خۆی بڕێژێ بەوکەسەی کە دەیەوێت) ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دڵی پڕ دەکات لە ڕەزامەندی ..
*وَمَنْ مشى مع أخيه المُسْلِم في حاجَةٍ حتّى يُثْبِتَها لَهُ أَثْبَتَ الله تعالى قَدَمَهُ يومَ تَزولُ الاقدام . هەرکەسێك لەگەڵ برایەکی موسڵمانی بڕوات بۆجێبەجێ کردنی پێویستیەکی خوای گەورە پێکانی دامەزراو دەکات لەڕۆژێکدا کەپێکان هەڵدەخزێن .
*وأن سُوءَ الخُلُقِ لَيُفْسِدُ العملَ كما يُفسد الخَلُّ العَسَل .ڕەوشتی ناشیرینیش کردەوەوکار تێك دەدات هەروەك چۆن سرکە هەنگوین خراپ دەکات (صحيح الجامع للألباني176) ..

داواکردنی شەهیدی

مناڵ کە لە دایك دەبێت (معقم)ەو پاش ماوەیەکی کەم میکرۆب و ڤایرۆس دێنەسەر پێستی و دەچنە لەشیەوە ، ئەمانە کاری خۆیان دەکەن بەپێی ئەو بەرنامەیەی کەخوا بۆی داناون ، کە دەشمرێت ئەو کەسە هەڵدەوەشێن .

پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێ لا شەیان تێك ناچێ و خوا لاشەیانی حەرامکردووە لەسەرخاك و، ڤایرۆس وجراثیم و میکرۆب ناچێ بەلایانا ، هەندێ جاریش هەندێ شەهید خوای گەورە لاشەیان حەرام دەکات لەسەر زەوی ، تاخەڵکی لەپلەی بەرزی شەهادەت تێبگەن و هەوڵی بۆ بدەن ..

1- لەزەمانی حەزرەتی عومەردا لاشەی ئەو منداڵەی أصحابی (أخدود)دۆزرایەوە ، کە بە پاشاکەی وت: تیرەکەی خۆمم تێبگرە و بڵێ بەناوی خوای ئەم منالە ، ئنجا دەتوانی من بکوژیت ، ئەویش لەتاو ئەوەی لەومناڵە بانگخوازە ڕزگاری بێت کە بەهیچ بۆی نەدەکوژرا ، خەڵکی کۆکردەوەو

منالـەیان بەستەوەو ، پاشا بەتیروکەوانی منالـەکە تیرێکی گرتە منالـەکـەو وتـی : (بسـم الله رب هـذا الغلام)ومنالـەکە کە حەوت هەشت سالێك تەمەنی بوو شەهید بوو ، خەڵکەکەش کە ئەمەیان لـەپاشا بیست هەموو وتیان بڕوامان هێنا بـەخوای ئـەو منالـە ، ئەمـەش وای لـەپاشـا کـرد کـە لـەچـالێکی گەورەدا ئاگرێکی گەورەبکاتـەوەو هەرچـی پەشـیمان نەبێتـەوە فـڕێی بدەنـە نـاوی، هـەروەك لــە سوورەتی (البروج)دا باسکراوە ، ئنجا لـەگەڵ ئەوەدا کەدەیەها سـاڵ بەسـەر شـەهید بوونیـا تێپـەڕ بووبوو لاشەکەی هیچی لێ نەهاتبوو .

2–ئیمام مالیك دەڵێ : عەمری کوڕی جەموح وصحابەیەك بەیەکەوە نێژرابوون ، پاش ئەوەی کـە لـەغەزای ئوحودا شەهیدکران ، پاش (46)ساڵ لاشەکانیان گواستنەوە هیچیان لێنەهاتبوو ، تەنانەت دەستیان لـەسەر برینەکەیان بوو .

3–جابری کوڕی عبدالله دەڵێ : باوکم لـەجەنگی ئوحودا شەهید کـراو لـەگـەڵ هـاوەڵێکی تـردا نێژرا ، پاش شەش مانگ باوکم دەرهێنایەوە وەك خۆی بوو .

4–لـەزەمانی معاویەش دا لاشەی شەهیدەکانی ئوحودیان دەرهێنایەوە کە نزیکـەی پـەنجا سـاڵ بـوو شەهید بووبون ، لاشەی حەمزە وەك خۆی بوو.

5–محمد محمود صواف بۆ دکتۆر طارق سوەیدانی گێڕاوەتەوە کە: لـەئەنجامی دەرکەوتنی قەبرەکانی شەهیدەکانی ئوحود جارێکی ترلـەم سالأنەی دواییدا گواسترانەوە بە ئامـادەبوونی کۆمـەڵێك زانـاو کەسایەتی ومنیش بانگکرابووم بۆ ئەو مەراسیمە ، لاشەی حەمزەم بینی وەك خۆی بوو ئەتووت ئەو سەعاتە شەهید کراوە .

6–(محمد أبو زید)لـە کەتائبی قەسام شەهید کراو ناشتیان ،پاش شەش مانگ براکەشی شەهید کرا ، کاتێك لـەلایەوە قەبریان بۆ هەڵکەند لایەکی قەبرەکەی محمد داڕما ،بینیان لاشەکەی تێك نەچووە.

بەڵی شەهیدی ئەودەرەجە گەورەیەیە ، بۆیە حەزرەت (د.خ)هانمان دەدا لـەسەری و دەفەرموێت : هەرکەس بەڕاستی و لـە دڵـەوە داوای شەهیدی بکات ، پەروەردگار پلـەی شەهیدی ئەداتێ ئەگەر شەهیدیش نەبێ و لـەسەرجێی خۆی بمرێ ،قورئان دەفەرموێت (ویتخذ منکم شـهداء) واتە : خوا بۆ خۆی شەهید هەڵدەبژێرێت ..

7–ژنی عەبدولأ عەزام دەڵێ : مێردەکەم ئەوەندە ئـاواتی شـەهیدی بـوو دوعـای بـۆدەکرد ، وای لـەمنیش کرد کەدوعای شەهیدی بۆبکـەم ، ئـەوەبوو خـۆی و دووکوڕەکـەی دەچـوون بۆنوێـژی جومعە لـەئوتومبیلـەکەیاندا شەهید کران ..

8–کاتیٚ بڕیاری لـه سیٚدارەدانی (سید قطب)دەرچوو ، خوشك و براکـانی هـاتن بـۆلای ، باوەشـی پیاکردن و وتی : دوعام بۆکردوون هەموو شەهید بن ، ڕازیـن ؟؟!، وتیـان : بـەڵیٚ ڕازیـن . ئنجـا سەید وتی (سوپاس بۆخوا پانزه ساڵـه هەوڵ ئەدەم تاشەهادەتم دەست کەوت)..

عومەری کوڕی خەتاب و داواکردنی شەهیدی

عومەر دووەم خەلیفەی ئیسلامەو حەزرەت (د.خ)دوعای کرد کەخوا هیدایـەتی بـدات ،خـوای گەورەش عومەری هیدایەت داو بووە مایەی عیززەتی بڕواداران و تۆقینی کافران ، کاتیٚ موسـڵمان بوو ، وتی : کیٚ لەهەموو کەس دەم شڕ ترە ، وتیان : فلانە کەس ، چوو بۆلای و وتی : شـتیٚکت پیٚ دەڵیٚم بە کەس نەڵیٚی ، وتی : چییە ؟ وتی : موسڵمان بووم . کابرا ڕای کردو هاواری دەکـرد عومەر لـەدین وەرگەڕاوە ، عومەریش بەدوایدا دەیووت : نا لـه دین وەرنەگەڕاوم ، موسڵمان بووم، تاخەڵکی مەککە هەموو زانیان ..

خەوی حەزرەت بەعومەرەوە :

ا–حەزرەت (د.خ)دەفەرمویٚ (بینا أنا نائم رأیت الناس یُعرَضون علـيَّ وعلـیهم قُمـصُ ، منهـا مـایبلغ الثدي ، ومنها ما دون ذلك ، وعُرِضَ عليَّ عمر بن الخطاب وعلیه قمیص یجّرهُ) ،قالوا : فمـا أولْـتَ ذلك یارسول الله ؟ قال : الدین .(بخاری ومسلم)

واتە: نووستبووم لـەخەوما ئەو خەڵکەم نیشان دەدران ، هەموو سەرو کراسیان لـەبەردابوو ، هەیان بوو کراسەکەی دەگەیشتە سەر مەمکی و هەیان بوو لـەوە زیاتر یان کەمتر بـوو ، بـەلام کەعومـەر تیٚپەڕی بە بەردەمما تەماشام کرد کراسـیٚکی ئاودامـانی لـەبـەردابوو لـەدوایـەوە لـەزەوی دەخشـا ، هاوەلان پرسیاریان کرد : ئەی پیٚغەمبەری خوا ، ئەوەت بەچی لیٚکدایەوە ؟ فەرمووی : بەئایین .

ب–قال (د.خ) (بینا أنا نائم إذ رأیت قدحاً أتیت به فیه لبن ، فشربت منه حتى إني لأرى الرَّيَّ یجری في أظفاري ، ثمَّ أعطیت فضلي عمر بن الخطّاب ، قالوا : فما أولتَ ذلك یارسول الله ؟ قـال : العلـم .. (بخاری مسلم)واتە: نووستبووم ، لـەخەوما کاتیٚکم زانی پیاڵـەییٚ شـیریان بۆهیٚنـام ، جـاخۆم لـیٚم خواردەوە هەتا تەواو پاراو بووم و شیر لـەسەری نینۆکەکانمەوە سەری کرد و ئنجا ئـەوەی مـابۆوە دام بەعومەر ، وتیان : بەچی لیٚکی دەدەیتەوە ؟ فەرمووی : بەزانین وعیلـم .

ج–قال (د.خ) : بینا أنا نائم رأیتني في الجنَّة فإذا امرأةُ تتوضأ إلى جانب قصر ، فقلت : لمن هذا القصر ؟ قالوا :لعمر ، فذکرت غیرتـه فولِّیـت ، فبکـی عمـر وقـال : أعلیـك أغـارُ یارسـول الله . (بخـاری ومسلم).. واتە :خـەوتبووم ، لـەخـەوما لــە بەهەشـتدا بـووم ، ئـافرەتیٚکم بینـی لــەپاڵ کۆشـکیٚکا

دەستنوێژی دەگرت ، پرسیم : ئەم كۆشك و تەلارە هی كێیە ؟ وتیان : هی عومەرە ، (ویستم بچمە ناوی و سەیری بكەم)، غیرەی عومەرم بیركەوتەوە ، ئیتر گەڕامەوە ، عومەر گریاو وتی : چۆن غیرە لە تۆدەكەم ئەی پێغەمبەری خوا ..

د–قال (د.خ):(رأيت الناس مجتمعين في صعيد ، فقام أبوبكر فنزع ذنوباً أو ذنوبين ، وفي بعض نزعه ضعف ، والله يغفرله ، ثم أخذها عمر فاستحالت بيده غرباً ، فلم أرى عبقرياً في الناس يفري فريه ،حتى ضرب الناس بعطن) بخاری .. واتە :لەخەومدا بينيم خەڵكی لەشوێنێكدا كۆبوونەوە ، ئەبوبەكر یەك دوو دۆڵچەنە ئاوی هەڵگۆزت ، لە بەشێك لە هەڵگۆزینەكەیدا لاوازی تیابوو ،خوا لێی خۆش دەبێت ، پاشان عومەر لە دەستی وەرگرت ، بە دۆڵچەنەیەكی گەورەتر ئاوی هەڵگۆزت ، كەسم نەدیوە لەخەڵكیدا وەك ئەو بلیمەت و(عبقری)بێت و شان بدات لەشانی ، بەجۆرێك ئاوی دەرهێنا كەنەك مرۆڤەكان بەڵكو مەڕومالآت و ئاژەڵیشی تێر ئاوكرد ..

بەڵێ .. عومەر لە قوتابخانەی ئیسلامدا بوو بەو عومەرەی كە دادپەروەری یەكەی لەدنیادا دەنگی دایەوەو ، توانی دینی خوا بەچاكی بچەسپێنێ و، لەدوا ڕۆژەكانی تەمەنیشیدا دوعای كردو فەرمووی : خوایە شەهادەت بكەی بەنسیبم لە شارەكەی پێغەمبەرەكەتدا .. حفصەی كچی پێی وت :ئاخر چۆن دەبێ ، ئەگەر دەتەوێ شەهید ببی بچۆ بۆ بەرەكانی جەنگ ..

عومەر وتی : ئەوە دوعایەكەو من كردومەو (إن شاء الله)دەبێت ..

باشە عومەر ئەو هەموو مەدحەی كراوە لەلایەن حەزرەتەوە و مژدەی بەهەشتیشی دراوەتێ ، چی داوە لە شەهیدی ؟! دیارە هیممەتی بەرز وایە ، دەیەوێ گیانی بكاتە فیدای ئیسلام و لەگەڵ شەهیداندا حەشركرێ و بەبێ لێپرسینەوە بچێتە بەهەشتەوە ..

(نەك هەرئەوەندە بەڵكو زۆر لەهاوەڵان ئەگریان بۆئەوەی كەتەنها یەك ڕۆحیان هەیەو یەك جار دەتوانن بیكەن بەقوربانی بەرنامەكەی خوا و، ئاواتیان بوو پاش شەهیدی چەند جار زیندوو بكرێنەوەو شەهید ببنەوە ! دیارە ئەمەش ئاواتی حەزرەتی مامۆستاو سەرمەشقی موسڵمانان ، دوا پێغەمبەری مرۆڤایەتی بوو كە دەیفەرموو (والذي نفس محمد بيده ،لوددت أن أغزو في سبيل الله فأُقتل ، ثم أغزو فأُقتل ، ثمّ أغزو فأقتل) بخاری ومسلم/ واتە :بەوخوایەی گیانی محمدی بەدەستە ، حەزدەكەم كەبجەنگم لەڕێ ی خواداو شەهید بم ،پاشان زیندوو ببمەوەو بجەنگم و شەهید ببمەوە ! ،پاشان زیندوو ببمەوەو بجەنگم و شەهید ببمەوە !)

بەڵێ .. خوا دڵی عومەری نەشکاندو دوعاکەی لێوەرگرت و ئەبو (لؤلؤة)ی مەجوسی شەهیدی کرد لە نوێژی بەیانیدا ، لەوکاتەدا کەعومەر سوورەتی یوسف ی دەخوێندو گەیشتبووە ئایەتی (وأبيضت عيناه من الحُزن فهو كظيم)يوسف 84 / عومەر دەگریاو موسڵمانانیش دەگریان ..

عومەر بە برینداری کەوت و عبدالرحمان ی کوڕی عوف نوێژەکەی بۆ موسڵمانان تەواو کرد، کەس نەیدەزانی مەسەلە چی یە ، بۆ دەنگی عومەر گۆڕا بەدەنگێکی تر ! دواتر عومەر بەتەنها پاش چەند جار بورانەوەو هاتنەوە هۆش خۆی نوێژەکەی بە بەرگی خوێناویەوە تەواو کرد ..

عومەر لەسەرەمەرگدا:

عومەریان بردەوە ماڵەوە ، گەنجێك سەری لێ دا ، کەعومەر بینی جلەکانی زۆر درێژە پێی فەرموو : بەڵکو جلەکەت هەڵکێشی ، پاك تردەبێ و خواشت لێ ڕازی دەبێت . (سەیرە فەرمان بەچاکەدان و جڵەو گیری لەخراپە لەسەرە مەرگیش دا ؟!! ئاخر ئەوان ئاوا تێی گەیشتبوون بۆیە بوونە سەردارو پێشەوای عالەم).

عومەر داوای کرد کەپرسیار بکەن لەخاتوو عائیشە کە ئاخۆ ڕێی دەدات لای سەرداری پێغەمبەران و هاوەڵی ئازیزی ئەبوبەکرەوە بنێژرێ ، عائیشەش دڵی نەشکاندو وتی : حەزم دەکرد بۆخۆم بێت بەڵام باوی عومەر ئەدەم بەسەر حەزی خۆمداو باپیرۆزی ئەوبێت ! ئیبن عەبباس دەڵێ : عومەر وەفاتی کردو لەسەر دارە مەیتێك دایان ناو موسڵمانان نوێژیان لەسەر دەکردو بۆی دەپاڕانەوە ، ئیمامی عەلی هات وشانی گرتم و بۆحەزرەتی عومەر پاڕایەوەو وتی : کارێکی مەردانەی وات کردووە ، کە کەس نیە وەکو تۆ حەزبکەم چاوی لێ بکەم و کردەوەکانی بکەم و، حەزبکەم بەهاوشێوەی کردەوەکانیەوە بگەمەوە بەخوا ، سوێند بەخوا بەڕاستی هیوام وایە کە خوا بتگەیەنێ بە دووهاوەڵەکەت ، چونکە گەلێ جار گوێم لەحەزرەت بووە کە دەیفەرموو : من و ئەبوبەکرو عومەر ڕۆیشتین ،من وئەبوبەکرو عومەر هاتین، من و ئەبوبەکرو عومەر دەرچووین (بخاری ومسلم).

*سەلامی خوات لێ بێ عومەر ئەوکاتەی کە نزای حەزرەتت بۆگیرابوو ..

*سەلامی خوات لێ بێ عومەر ئەوکاتەی کەموسڵمان بوویت ..

*سەلامی خوات لێ بێ ئەوکاتەی کەحەزرەت ئەهاتە ناوهاوەڵانەوەو هەمووان سەریان دادەخست ، تەنها تۆو ئەبوبەکر نەبێ کەسەیرتان دەکردو زەردەخەنەتان لەسەر لێو بوو بۆی و ئەویش زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو بۆتان (ترمذی گێڕاویەتیەوە)..

*سەلامی خوات لێ بێ ئەو ڕۆژەی هاتی بۆماڵی حەزرەت (د.خ)و بینیت خەمبارە وتت : ئێستا قسەیەك دەكەم كەپێبكەنێ ، قسەیەكت كردو حەزرەتت هێنایە پێكەنین ..
*سەلامی خوات لێ بێ ئەو ڕۆژەی كە شەهید بوویت و گەیشتیتە كاروانی شەهیدانی بەرنامەی خوا ، ئەی ئەو كەسەی كەپێغەمبەر (د.خ)بەوەزیری خۆی دەزانیت و جارێكیش فەرمووی : ئەبوبەكر و عومەر وەك چاووگوێ وان بۆم ! (ترمذی گێڕاویەتیەوە)(سەیری التاج الجامع للاصول بكە بەرگی پێنجەم / وەرگێڕانی مامۆستا نوری فارس)ل 15 .

گۆڕ یەكەم مەنزڵی قیامەتە !

قورئان دەفەرموێت (ألهاكم التكاثر حتى زرتم المقابر)سەرقاڵن بەزۆركردنەوە ، كۆشكێك ، دووكۆشك ؟؟! نا ، سەدان كۆشكیش چاوتان تێرناكات ، ملیۆنێ ، دووملیۆن ؟؟! نا ، بەملیارەهاش پڕنابنەوە ، بەڕاستی هەر گڵە كەچاوی مرۆڤ تێركات ..
مرۆڤی واهەیە شەوێك جێێ لێدەگۆڕدرێت خەوی دەزڕێت ! خۆزەنگە ئەم شوێنەی ئەم شەوی چاكتربێ لەماڵەكەی خۆشی ، كەچی جێی لێگۆڕدراوەو خەوی لێناكەوێت ، باشە ، جێگۆڕینێ لەم ماڵ و حاڵە خۆشەوە بۆقەبری تەنگ و تاریك ئەبێ چۆن بێ ؟
پیاوباشان لەبەردەم ئەم ڕاستیە تاڵەدا هەڵوێستەیان كردووەو ، عوسمانی كوڕی عەفان كەجەنازەیەكیان دەبرد بۆ ناشتن ، لەسەر قەبران زۆر دەگریاو فرمێسك كوڵم و ڕیشی تەڕدەكرد ، دەیانووت :چی بووە ، بۆچی وا بەكوڵ دەگریت ؟! دەیووت : لەحەزرەتم بیستووە كە دەیفەرموو (القبر أول منازل الاخرة) قەبر یەكەم مەنزڵی ئاخیرەتە ! ...
مردن گەنجی و پیری نازانێ ، كەی هات بە ئەمری خوا دێت ، خەلیفە (معتصم)فەرمانیدا بە بەندكردنی (ئەحمەدی كوڕی حنبل)و سزادانی ، وایدەزانی دنیا تاسەر بۆئەودەبێ ، جا دیارە وانیە ، هەرزوو مردن یەخەی گرت و ناوبراو لە سەرەمەرگدا فەرشەكەی لابردو ڕوومەتی خستە سەر زەوی و زۆر گریاو وتی : ئەی ئەوكەسەی كەموڵك و دەسەڵاتی ئاوانابێت ، ڕەحم بكە بەكەسێك كەموڵك ودەسەڵاتی ئاوابوو ، ئنجا وتی ئەگەر ئەمزانی بەگەنجی ئەمرم هەرگیز گوناهم نەدەكرد !
كاتێ هارونە ڕەشید كۆشكێكی خۆشی لەسەر دیجلە بۆخۆی دروست كرد ، خەڵكی هاتن بۆ پیرۆزبایی و یەكێ لەوانە (أبو العتاهية)ی شاعیر بوو بەخەلیفەی وت :
عش مابدا لك سالماً   في ظلّ شاهِقةِ القصور
واتە بژی چەند دەتوانی بەخۆشی لەم كۆشك و تەلارە بەرزە خۆشەدا ..

يجري عليك بما اردت   من الغدو مع البكور

واته : هەرچيت بوێ خزمەتكاران دەيهێننە بەردەستت بەيانيان و ئێواران .. بەڵام بەداخەوە :

فإذا النفوس تغَرغَرَتْ   بزفير حَشْرَجةِ الصدور

فهناك تعلمُ موقـــناً   ماكنت إلا في غرور !!

واتە : بەداخەوە ئەم خێرو خۆشىيە بەردەوام نابێ و كاتێ ڕۆح گەيشتە كونە لووتـت ئەوسـا چاك دەزانى كە تۆ لەغروورو سەركەشىدا بوويت . هارونە ڕەشيد وتى : بيلێرەوە .. ئەويش بـۆى وتەوە ..وتى : جارێكى تر بيلێرەوە ، ئەويش بۆجارى سێيەم بۆى وتەوە .. ئنجا هارونە ڕەشيد زۆر گريا و فەرمانى دا كە بگەڕێتەوە كۆشكە كۆنەكەى ومانگێكى نەبرد وەفاتى كرد ..

بەڵێ .. ئەمە ئەو هارونە ڕەشيدەيە كەڕۆژى سەدڕكعات نوێژى سوننەتى دەكردو، ساڵێ حەجى دەكردو ساڵێكيش غەزاى دەكرد !

عبدالملك كوڕى مەڕوانيش فەرمانڕەواى لايـەكى دنيـابوو ، لـە سـەرەمەرگدا لـەسـەر تـەختى پاشايەتىيەكەى دابەزى و گوێى لـەجل شـۆرێك بـوو لـە دەرەوەى كۆشـكەكە جلـى دەشـت و بەدەنگى بەرز لەبەرخۆيەوە گۆرانى دەووت ، عبدالملك وتى :خۆزگە منيش جل شۆرێك بوومايـەو هەرگيز نەهاتمايە بەلاى خەلافەتدا ، زۆرى نەخاياند گيانى سپاردومرد..

سەعيدى كوڕى المُسَيَّب كە ئەم قسانەى خەليفەيان بۆ گێڕايەوە وتـى : سـوپاس بۆئەوخوايـەى كەواى لێكردوون لە سەرەمەرگدا ئاوات بەئێمەومانان بخوازن و ئێمە ئاوات بەوان نەخوازين . ل 85 (المسك و العنبر).

عومەرى كـوڕى عبـدالعزيز لـەپێش خەلافەتـدا لەنازونيعمـەتێكى زۆردابـوو ، كـاتێ كرديـان بەخەليفە ، لەترسى بـارى مەسـئوليەت و ، لەترسـى قـەبرو قيامـەت خـۆى گێڕايـەوە لەهـەموو نازونيعمەتێك و ،خۆىو ماڵ و منالّى برسى دەكرد ، تاسەرمەشق بن بۆخەڵك و، پارەو مالّى كـەس نەيـەت بەلايانـدا و، هەرچـى فاطمـە ى خێزانـى لـەباوك و براكانيـەوە بـۆى مـابۆوە ، كەهـەموو كاربەدەست و دەسەلاّتداربوون ، پێى گێڕايەوە خەزێنەى دەوڵەت و (بيت المال)..

ئەو ڕۆژەى ڕايانگەياند كەبووە بەخەليفە ، هەرچۆنێ بوو چووەسەر مينبـەرو بـەدەم گريـان و لەرزەوە وتى : خەڵكينە بەيعەتى خۆتـان بۆخۆتـان و ئێـوە ئـازادن كێتـان دەوێ هەڵبـژێرن ، مـن نامەوێ ببمە خەليفەتان ، خەڵكى هەموو گريان و وتيان : تەنها تۆمان دەوێت .. ئنجا كەوتە باسى

مردن و گەیشتن بەخواو لەناوچوونی گەلانی پێشوو ، بەجۆرێك كە (رجاء)كوڕی (حیوة) دەڵێت : بەخوا سەیری دیوارەكانی مزگەوتم دەكردو دەموت بزانم دیوارەكانیش دەگرین لەگەڵماندا !!

بەم جۆرە توانی لە دووساڵدا خەڵكی تێربكات و، زەكاتیان دەبرد بۆ ئەفریقیاو دەگەڕان بەدوای یەكێكدا موحتاج بێت و وەری بگرێت ..

ڕۆژێك زانایەك بەناوی (زیاد)هاتەلای و بینی ڕەنگ و ڕووی گۆڕاوەو زەردو لاوازە ، وتی : ئەمیری بڕواداران ، كوان ئەو كۆشكانەی تیایدا دائەنیشتی ، كوا ئەوجلە سپۆرتانەی دەتپۆشین ، كوائەو نازونیعمەتە زۆرەی كە تیابوویت ؟ عومەر وتی : لەوە دەچێ لەبەرچاوت گۆڕابم ؟ وتی : ئەرێ بەخوا گۆڕاویت !

وتی : ئای زیاد ، جارێ چیت دیوە ؟! ئەگەر دەمبینی پاش سێ ڕۆژ لەقەبرەكەمدا چیم لێ دێت ، كفنم پیوە نامێنێ و مارومێرو گیانم دەخۆن، ئەوسا دەبینی گۆڕان چۆنە ؟ ل 94 سەرچاوەی پێشوو.

هەركەسەو ئەجەلی خۆی

قورئان دەفەرموێت (وماكان لنفس أن تموت إلاّ باذن الله كتاباً مؤجلا)أل عمران 145واتە هیچ كەسێك نامرێت مەگەر بەویستی خوانەبێت ، لەكات وساتی دیاری كراودا.

بەڕاستی ئەم ئایەتە هاندەرە بۆبڕواداران كە لەمەرگ نەترسن و كۆڵنەدەربن بۆسەر خستنی بەرنامەی خواو جیهادكردن ، كەسی واهەیە لەسەر كورسی یەك دەكەوێتە خوارەوە بەبێ ئەوەی هیچی بێت دەمرێت و هی واش هەیە لە كەوتنە خوارەوەی فڕۆكە یان وەرگەڕانی زۆر خراپی ئوتومبیل ڕزگاری دەبێت ونامرێت .. بۆیە ئەبوبكر دەیفەرموو بەخالید (اطلب الموت توهب لك الحیاة) واتە : سووربە لە سەر مردن زیاتر دەژیت و ژیانت پێدەبەخشرێت ، ئاشكراشە هەموو ڕۆژێكی ترسنۆك مردنێكەومرۆڤی ئازاو چاونەترسیش یەكجار دەمرێت ..

ئەحمەد كوڕی سەعیدی كوڕی حزم باوكی (ئیبن حزم)وەزیر بوو ، ڕۆژێك كە لەمەجلیسی سوڵتان (المنصور ابی عامر محمد بن أبي عامر)دا دانیشتبوو ، كاغەزێكی ژنێكیان هێنا ، كەتیایا دەپاڕایەوە كوڕە بەندكراوەكەی ئازاد بكەن . سوڵتانیش زۆر داخ لەدڵ بوو لەو كوڕەو لەبەر تاوانێك بەندی كردبوو ، بۆیە زۆرتووڕە بوو ، وتی : بەخوا باش بوو هێنایەوە بیرم ، ئنجا قەڵەمێكی هەڵگرت و لەسەر وەرەقەیەك ویستی بنووسێ : لەسێدارەی بدەن .. كەچی بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ نووسیبووی بەری بدەن .. فەرمانەكەی دایە دەست وەزیر ، ئەویش بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی نووسی ئازادی بكەن ، سوڵتان لەوەزیری پرسی : ئادەی بزانم چیت نووسی ؟ وتی: قوربان

لەسەرفەرمانی جەنابتان بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسم نووسی ئازاد بکرێ ! وتی : چۆن شتی وادەبێت .. ئادەی وەرەقەکەی خۆم بدەنەوە ! کە دایەوە دەستی خەتێکی هێنا بەسەر ئەوی تـرداو بەحساب بنووسێ لە سێدارە بدرێ ، کەچی بەقەدەری خوا نووسی : ئازاد بکرێت .. ئەمجارەش وەزیر پێی وت قوربان : ئەوەتە نووسیووتە ئازاد بکرێت .. بۆسێیەم جاریش بەهەمان شێوە .. بۆیە سوڵتان سەری سوڕماو وتی : بەڵێ بائازاد بێت ، هەرکەس خوا بیەوێ ئازادی بکات من ناتوانم هیچی لێ بکەم ..

نموونە لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆرە ، ئەوەتا شێخ (عبدالفتاح أبوغدة)دەڵێت : سەربازی ڕاستگۆی دۆستم بۆی گێڕاومەتەوە کەلە شەڕی جیهانی یەکەمدا ، سەربازەکانی سوپای عوسمانی لەیەکێ لە شەڕەکاندا ، سەنگەر لێدەدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی دوژمن ، یەکێ لەسەرکردەکان دەگەڕێ بەسەریانداو یەکێ لە سەنگەرەکان دەبینێ کەزۆر مەحکەم و چاکە ، بەسەربازەکەی ناوی کەهەڵی کەندووە دەڵێت چۆڵی بکات و خزمێکی خۆی تیا دا دەنێت ، سەربازەکەش بە نابەدڵی بەجێی دەهێڵی ، پاش ماوەیەك شەڕ هەڵدەگیرسێ و تۆپێکی دوژمن دێت دەدات بەسەر ئەوسەنگەرەداو خزمی سەرکردەکە هەرزوو تیادەچێت ، سەربازەکەی تریش سەلامەت دەبێت و چەندەها ساڵی تر دەژی .. ل 37 زاد المتقین .

پشکۆ بەدەستەکان

ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر دەستی حەزرەت (د.خ)و هاوەڵاندا دامەزراو گەیشتە ڕۆم و فارس و شارستانێتیەکی جیهانی دامەزراند کەنزیکەی چواردە سەدە درێژەی کێشا .. بەڵام لەئەنجامی غەفڵەتی موسڵمانان و پیلانی نەبڕاوەی دوژمنانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە ، ئایین ودەوڵەت لەیەکتر جیابوونەوەو هەڵگرانی مەشخەڵی هەق وڕاستی کەوتنە بەر چەرمەسەرێ و دەردەسەری و دەربەدەری و کوشتن وبڕین .. هەر لە سەرەتاوە حەزرەت (د.خ)پێشبینی ئەم ڕۆژەی کردوووەو ئامۆژگاری موسڵمانانی کردووە کە دەست بگرن بەبەرنامەی خواوە وکۆڵ نەدەن لەهەوڵ و خەبات هەروەك دەفەرموێت :(یأتی علی الناس زمان الصابر فیهم علی دینه کالقابض علی الجمر) ترمذی /2260واتە ڕۆژێك دێت ئەوەی ئارام دەگرێت لەسەر دینداری وەکو کەسێکە کە پشکۆی بەدەستەوە بێت ، هەروەها دەفەرموێت(ألا إن رحی الاسلام دائرة ، فدوروا مع الکتاب حیث دار ، ألا إن الکتاب والسلطان سیفترقان ، فلاتفارقوا الکتاب ، ألا إنه سیکون علیکم أمراء یقضون لأنفسهم مالا یقضون لکم ، ان عصیتموهم قتلوکم وإن أطعتموهم أضلوکم.. قالوا یارسول الله:

كيف نصنع ؟؟ قال (د.خ)كماصنع اصحاب عيسى بن مريم ، نُشِروا بالمناشير وحُمِلوا على الخشب ، موت في طاعة الله خير من حياة في معصية الله) المعجم الكبير /172/90/20..

واته/ حاڵی ئیسلام دەگەڕێ ، لەگەڵ قورئاندابن هەرچۆن گەڕا ، ئاگـاداربن قورئـان و دەسـەڵات لـەیەکترى جیادەبنەوە ، ئێوە دەست لـەقورئان بەرمـەدەن ، ئاگـاداربن کاربەدەسـتى واتـان دەبـێ ئەوەى بۆخۆیان دەوێ بۆئێوەیان ناوێت ، ئەگەر بەگوێیان بکەن سەرگەردانتان دەکەن و ، ئەگـەر بە قسەشیان نەکەن دەتانکوژن .. وتیـان : باشـە ئـەو ڕۆژە چـی بکـەین ئـەى پێغەمبـەرى خـوا ؟ فەرمووى : وەکو هاوەڵانى حەزرەتى عیساى کوڕى مەریەم بن ، کە بەمشار دووکەرتیان دەکـردن و بەدارا هەڵیان دەواسین ، ئەوە واى لێ نەدەکردن لە ئاینەکەیان دووربکەونـەوە ، مـردن لەسـەر تاعەت وفەرمانبەرى خوا چاکترە لە ژیان لەگومڕایی و سەرپێچیدا ..

لـە فەرموودەیەکی تریشدا دەفەرموێت (بدأ الاسلام غريباً و سيعود غريباً كما بـدأ ، فطـوبى للغرباء .فقيل : ومن الغرباء؟ قال : الذين يُصلحون ماأفسده الناس من امتي والذين يحيـون مأمـاتوه من سنتي)مسلم واتە : ئیسلام بەغەریبی دەستی پێکردو گەیشتە لوتکەى دەسەڵات و جارێکی تریش غەریب دەبێتەوە هەروەك کاتی دەستپێکردنی ، خۆشبەختی بۆغەریبەکان ، وترا :کێن ئەو غەریبانە ؟ فەرمووى : ئەوانەن کەچاکی دەکەن ئەوەى کەخەڵکانێك لە ئوممەتم تێکی دەدەن و ئەوانەى کـە زیندووى دەکەنەوە ئەو سـوننەتانەى مـن کـە مرێنـدراون ..لـە فەرموودەیـەکی تریشـدا وەسـفی غەریبەکان ئاوا دەکات (الغرباء ناس قليل صالحون بين ناس كثير، من يبغضـهم في الخلـق أكثـر ممـن يحبهم) أحمد ،واتە: غەریبەکان ئەو خەڵکە چاکە کەمەن لەناو خەڵکانێکی زۆرى خراپدا ، ئەوانەى ڕقیان لێیانەو دژایەتیان دەکەن زیاترن لەوانەى کەخۆشیان دەوێن ..

داگیرکردنی وڵاتە ئیسلامیەکان

جوولـەکەو هاوکارانیان بەپیلانێکی مەحکەم و وردوحساب بـۆکراو لــە دەیـان سـاڵدا کاریـان کردو ماندووبوون و پارەى زۆریان خەرج کرد تاخەلافەتی ئیسلامیان ڕووخاند لە ئەنجامی جـەنگی جیهـانی یەکەمــەوە ، کەجوولـەکـە دەسـتیان تیایـا بـوو ، هـەروەك لــە (پرۆتۆکـۆلاتی حکمـاء صهیون)داهاتووە .

جوولـەکە هەڵگیرسێنەرى ئاگرى شـەڕن ، قورئـان ئـەم ڕاسـتیەى چـواردە سـەدە لەمەوبـەر تۆمارکردووە کە دەفەرموێت : (كُلَّمَا أَوْقَدُواْ نَاراً لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللّهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ)المائـدة64واتـە: هەرچـەند ئـاگرى شـەڕ هەڵگیرسـێنن خـواى گـەورە

دەیکوژێنێتەوە و نایەڵێت بەمەرامی گلاویان بگەن .. ئنجا ولاتە داگیرکەرەکان ، میراتی دەوڵـەتی عوسمانیان بەشکرد ، دیارە ئەمەشیان بۆ نەچووە سەر چونکە جیهاد لـەسەر موسـڵمانان فـەرزە بـۆ دەرکردنی داگیرکەران.

بەملیۆنەها قوربانی درا ، بەڵام کاتێك ڕۆیشتن کە دڵنیا بوون حوکم ناکەوێتە دەست موسڵمانی ڕاستەقینە ،کەسانێکیان دروست کرد کـە لـەسـەر مەنهـەجی ئـەوان بێـت و دیـن ودەوڵـەتیان بـۆ جیابکاتەوەو ڕۆژ بەڕۆژ غەریبی ئیسلام و موسڵمانان زیاد بکات ..

ڕۆژئاوا کەسانی زیرەك و بلیمەتیان لـەجیهانی ئیسـلامیەوە دەقۆسـتەوە و لـەڕێی (بعثـات)ی زانستی و وەرگرتنی عیلـم ومەعریفەت و بڕوانامەی بالاوە ئاوی گوێیان دەدان و ئنجا هەر لـەڕێی ئەوانەوە موسڵمانانیان لەئیسلام دەتۆراند ، کاتی خـۆی (طـه حسـین)چـوو بـۆ فەڕەنسـاو لـەوێ بیروباوەڕیان شێواندو ناردیانەوە بۆدژیـەتی ئیسـلام و بانگـەواز کـردن بۆشارسـتانیەتی خۆرئـاوا . ئەمەش لـەبەرئەوەی باش لـەو ڕاستیە تێگەیشتبوون کە دار پوازی لـەخۆی نەبێت ناقڵیشێت !

بەڵێ.. دوژمنان بەپیلانێکی مەحکەم و هەمەلایەنە موسڵمانانیان دوورخستەوە لـەئیسلام هـەنگاو بەهەنگاوو پلە بەپلە ، لـەسەرەتاوە حـوکم و دەسـەلاتیان نەهێشـتن بـەوەی کـە دەڵـێن : دیـن و دەوڵەت دەبێت لـەیەك جیا بکرێتەوە ، باشە دینێك نەتوانێ حوکم بکات بۆچی باشە ؟؟چۆن دەبـێ موسڵمان لـەعیبادەتەکانی دا بەپێی ئیسلام بجوڵێتەوەو دینەکەی تەنها لـەمزگەوتدا بێ ولـەم لاشەوە بێ دین و خوانەناسەکان بەپێی بەرنامەی شەیتان و هەواو ئارەزووی خۆیان حوکمی بکەن ؟!

دوای نەهێشتنی حوکم وردە وردە عیبادەتەکانیشیان نەهێشت ، حـەزرەت (د.خ)دەفـەرموێت : (لَيَنْقَضَنَّ عُرى الاسلامِ عُروةً عُروةً فكُلَما انتَقَضَتْ عُرْوةُ تَشَبَّثَ الناسُ بـالتي تَليهـا وأولُهُـنَ الحُكْـمُ وآخِرُهُنَّ الصَّلاةُ)احمد / واتە : قوڵفەکانی خێمەی ئیسلام یەك یەك دەپچڕێن ، هەرکاتێك یەکێکیان پچڕا خەڵکی دەست بەیەکێکی تریانەوە دەگرن ، لـەسەرەتاوە حوکم نامێنێ ودواهەمینیش نوێژە ..

دروستکردنی قاسم ئەمین

قاسـم ئـەمین لـە میسـر دەژیـاو لـە بنەچـەدا تورکـە و ، زۆر زیـرەك و بلیمـەت بـوو ، (لیسانسی حقـوقی فرنسـی) هێنـا لـە قـاهیرە لـە تەمـەنی بیسـت سـاڵی دا ، لـە کاتێکـدا کـە هاوتەمەنەکانی ئەو بەهەزار حاڵ بڕوانامەی سەرەتاییان دەهێنا ..

هەرزوو قۆستیانەوەو ناردیان بۆ فەڕەنسا هەتامێشکی داشۆرن ودژی ئیسلام بەکاریبهێنن ..

پێش ئەوەی بچێت بۆ فەڕەنسا ، نووسینی ڕۆژهەڵاتناسێکی خوێندەوە کە باس لە سووکایەتی کردنی ئیسلام دەکات بەئافرەت ، زۆری پێناخۆش بوو ویستی وەڵامی بداتەوەو قسەکانی پووچ بکاتەوە ، بەڵام کەچوو بۆ فەڕەنسا و هاتەوە هەموو بیرو بۆچوونی گۆڕدرا ..

کاتێك چوو بۆ فەڕەنسا ، ئافرەتێکی فەڕەنسی بووە هاوەڵی و ، لەوەدەچێ بۆی دانرابێ و بە بەرنامە بووبێ بۆئەوەی بیروبۆچوونی بگۆڕن)پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا سەوز بوو .. بەڵام وەك خۆی دەڵێ لەیادەوەریەکانیداپەیوەندیەکی (برئ)بوو ، واتە نەگەیشتبوو حاڵەتی (فاحیشە وزینا). بەهەرحاڵ ئەگەر بەلای ئەوەوە (برئ)یش بێت بەلای شەرعەوە ناجائیزە !،ئەم ئافرەتە قاسمی دەبرد بۆ سەردانی خێزانە فەڕەنسیەکان وئەوانیش بەگەرمی پێشوازیان لێدەکرد .

کاتێك گەڕایەوە میسر، کەوتە بانگکردن بۆ ئازادی ئافرەت و سفووری و فڕێدانی سەرپۆش و لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا لەهەموو شتێکدا .. گوایە ئەوە ڕێگای پێشکەوتنە ... (دەیان ساڵ پێشتریش رفاعة طهطاوی هەر لەفەڕەنسا ئاوی گوێیان داو هەمان بانگەوازی کرد ، بەڵام بانگەوازەکەی (رفاعة)هەرزوو زیندەبەچاڵ کرا چونکە کۆمەڵگای میسری ئامادەنەکرابوو بۆ وەرگرتنی ئەوجۆرە بیروبۆچوونە ، بەڵام زەمانی قاسم ئەمین ، کەپاش نزیکەی پەنجا ساڵ لە داگیرکردنی بێگانە بوو بۆمیسر ،خەڵکی گۆڕابوون و ز یاتر ئامادە بووبوون بۆئەم جۆرە بیرو بۆچوونانە).

لە سەرەتاوە قاسم ئەمین پەڕاوی (تحرير المراة)ی نووسی ، بەبێ ئەوەی دژایەتی ئیسلام بکات ، ئەم پەڕاوە زۆر بەتوندی وەڵام درایەوە ، بۆیە قاسم ئەمین ترساو کونجی قەناعەتی گرت لەماڵەوە ، تائەوکاتەی (سعد زغلول) هانی داو پێی ڕاگەیاند کە پارێزگاری لێدەکات .. ئنجا کەوتەوە کارکردن و پەڕاوی دوەمی نووسی (المرأة الجديدة)، لەم پەڕاوەیدا ئیسلامی خستە لاوەو بەهەموو توانایەوە بانگی دەکرد بۆلاسایی ئافرەتانی فەڕەنسی تاوەکو پێش بکەون ... لەسەرەتاوە باس لەوەدەکرا کە ئافرەت مافی هەبێ و هاوسەری خۆی هەڵبژێرێ ، دواتر بوو بەوەی کە هەقی هەبێ هەست و سۆزی خۆی دەربڕێ ، ئنجا بوو بەوەی کە ئازاد بێ خۆی ئەدا بەکێ بیداو چی دەکات بیکات !

هدى شعراويش کە کچی (محمد باشا سلطان) بوو ، کە لەپاشاوات بوون ، بەداپۆشراوی چوو بۆ فەڕەنساو بەسفووری هاتەوە .. ژنانی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوەو پیاوانی دەعوەت دەکرد

لەماڵەوەو کۆمەڵێ نووسەر و قەڵەم بەدەستیشی کڕی کە فوو بکەن بەمەسەلەی ئافرەت و چالاکیەکانی ناوبراودا ..

لەساڵی1919 دا ئینگلیز میسری داگیر کردبوو ، خۆپیشاندانێك کرا لەمەیدانی قصر النیل (مەیدانی ئیسماعیلیە) ، لەبەرامبەر مۆڵگەکانی سوپای ئینگلیز، ئەو سەردەمەبوو کەشۆڕشی میسری هەڵگیرسابوو ، لەهەموو شەقامەکانی قاهیرە خۆپیشان دان هەبوو ، ئینگلیزیش تەقەی لێدەکردن و هەرجارەو کۆمەڵێك پێوە دەبوون .

لە گەرمەی ئەم خۆپیشاندانانەدا ، ژنی سعد زەغلول و ئافرەتانی تر کە لە بەردەم ئینگلیزدا خۆپیشاندانیان دەکرد و هوتافیان دەکێشا بۆ چوونە دەرەوەی ئینگلیز لەمیسر ، هەموو لەچکەکانیان داکەندو نەوتیان پیاکردو سوتانیان ، بەحساب ئازاد بوون !

باشە خۆ زیاتر لەسیانزە سەدەبوو ئیسلام لەچکی فەرزکردبوو ، باشە خۆمەسەلەی لەچك هیچ پەیوەندیەکی بەدەرچوونی ئینگلیز و ئازادی یەوە نەبوو، ئەی بۆچی لەچك فڕێ بدرێ و بسوتێنرێ ، ئەمە لەڕاستیدا ئاواتی دوژمنانی ئیسلام بوو ، بۆ غەریب کردنی ئیسلام لەلای موسڵمانان .. بەڵێ لاسایی کردنەوەی کوێرانەی ڕۆژئاوا لەمەسەلەی ئافرەتدا دەیان ساڵی خایاندو هەوڵی زۆری بۆدرا و کەسانێك هەبوون چاویان بەشەوارە کەوتبوو لەبەرامبەر پێشکەوتنی ڕۆژئاواوە ، بەڵام شیرازە پچڕانی کۆمەڵگای خۆرئاواو کەشف بوونی کەم وکوڕی و ناتەواوی یەکانیان لەلایەك و سەوزبوون و فراوان بوونی ڕابوونی ئیسلامیش لەلایەکی ترەوە کارێکی کرد کەخەڵکی بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی بێنەوە بەرەو ئیسلام .. تەنانەت قاسم ئەمین لە دوا ساتەکانی ژیانیدا دانی‌نا بەوەدا کە بانگەوازەکەی ناگونجێ بۆکۆمەڵگای ئیسلامی و پەشیمان بوو لە کارەکانی پێشووی .. ل244 واقعنا المعاصر/ محمد قطب .

هەوڵ و کۆششی نەبڕاوە بۆ ئیسلام

بەردەوام ئوممەتی ئیسلام کەسانی لەخۆبردووی تیا هەڵکەوتووە کە بەهەوڵ و کۆششی نەبڕاوەیان گیانیان کردۆتەوە بەبەری کۆمەڵگای ئیسلامیدا ودژی دوژمنان وەستاون بۆنموونە :

یەکەم /ئیمام ئەحمەد ..

ناوبراو لە کۆتایی سەدەی دووەمی کۆچیدا لەدایك بووەو ، منالێ بوو کە باوکی مردو ، دایکی ژنێکی ژیرو خواناس بوو ، لە دە ساڵیدا قورئانی پێ لەبەرکرد و، بەیانیان ئاوی بۆ گەرم دەکرد بۆ دەستنوێژو ، بەیەکەوە دەچوون بۆ نوێژی بەیانی هەرچەند مزگەوتەکەش دووربوو .. لە شانزە

ساڵیدا هەندێ نان و پێویستی دایەو پێی وت : برۆ فەرموودەی پێغەمبەر کۆبکەرەوە وبزانە هەر شتێك بەخوا بسپێردرێت ، خوا دەیپارێزێت ، بۆیە منیش تۆ دەسپێرم بەخوا ..

ئیمام ئەحمەد بەغدا بەجێدەهێڵێت کە پایتەختی دنیابوو، خۆی دەڵێت :چووم بەرەو مەککەو لەرێگا سێ جار وون بووم ، منیش خێرا دەپاڕامەوەو دەمووت : (یا دلیل الحائرین دلنی) ، دوای ئەم دوعایە یەکسەر رێی خۆمم دەدۆزیەوە ..جارێکیش لەرێی یەمەن هیچم پێنەما ناچار سێ رۆژ بە کرێ ئیشم کرد لە باخێکدا تابتوانم بگەمە جێ ..

دیارە ئەم هەموو هەوڵە جۆرێکە لەجۆرەکانی جیهادوئاشکراشە کە چی سزایان دا لەسەر مەسەلەی (خلق القران) وچەند بەندی و قامچی خوارد ، کەچی لەکۆتایی ژیانیدا ولەسەرەمەرگدا سەیری قاچی کردو گریاو وتی : خۆزگە بەو قاچانەم جیهادم بکردایە بۆ خوا ..ئنجا گەردنی هەموو ئەوانەشی ئازاد کرد کە ئازاریان دابوو ..ل 581 / المسك والعنبر من خطب المنبر..

دووەم/ ئەلب ئەرسەلان و جەنگی ملاذکرد :

پاش هەشتا ساڵ خۆئامادەکردن ، لە ساڵی 462 کۆچیدا پاشای رۆم (ارمانوس)کەبەهێزترین کەسایەتی و دەسەڵات بوو لە ئەوروپادا ، بەسوپایەکی گەورەوە کەوتەرێ بۆ لەناوبردنی ئیسلام و موسڵمانان ..

سوپاکەی (350)قەشەی تیابوو کە هەریەکەیان (200)سواریان لەدەور بوو ، هەروەها پەنجا هەزار شەرکەری ترئامادەبوون، ئەمە بێجگە لەسەدهەزار کرێکارو چاڵ هەڵکەن و کەل وپەلێکی بێ ئەندازەیجەنگ .. ویستیان لەپێشدا خۆراسان وعێراق بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەو دوایش وڵاتی شام بگرن .. سوپاکەیان گەیشتە (ملاذکرد)کە دەکەوێتە سەرووی بوحەیرەی وان لەئەرمینیا..

دەنگ و باسی ئەم سوپایە گەیشتە سوڵتان ئەلب ئەرسەلان (کەبەناوبانگترین سوڵتانی سەلجوقی بوو ، زۆر هەوڵی دا بۆئیسلام و زۆر شوێنی ئاسیای فەتح کردو دژی هێرشەکانی خاچ پەرستانیش وەستا)..

سوڵتان لەو کاتەدا لەحەڵەبەوە گەڕابۆوە شاری (خوی)لەئەزەربیجان ، بەئاسانی دەستی نەدەگەیشتە حەڵەب و فریای کۆکردنەوەی سوپای زۆر نەدەکەوت ، بۆیە خۆیو پانزە هەزار کەس ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوەو وتی : من بۆخوا دەجەنگم ، ئەگەر مام ئەوە نیعمەتی خوایە ، ئەگەر شەهیدیش بووم مەلیکشای کوڕم وەلی عەهدم بێت .. هەرزوو کەڕووبەڕووی پێشەنگی

سوپای ڕۆم بوونەوەو سەرکەوتن بەسەریاندا ، بەڵام لەبەرئەوەی سوپای ڕۆم ژمارەیان بێ ئەندازە بوو ، سوڵتان داوای لەمەلیکی ڕۆم کرد بەبێ جەنگ ڕێ بکەون .. مەلیکی ڕۆم ڕازی نەبوو، وتی : لەخۆراسان ڕێك دەکەوین ..سوڵتان زۆر نارەحەت بوو ، ڕاوێژی کرد لەگەڵ زانا (ئەبو نصر محمد کوڕی عبدالملك البخاری الحنفی)دا ، ناوبراو پێی وت : تۆ بۆ ئاینێك ئەجەنگیت کەخوا پەیمانی داوە سەری بخات بەسەرهەموو ڕێبازێکدا ، هیوادارم خوای گەورە ئەم فەتحە لەسەردەستی تۆدابکات و پێم باشە لە دوای نیوەڕۆی جومعە هێرش بەرین ، چونکە وتاربێژەکان لەسەردوانگەکانەوە دوعا بۆ موجاهیدەکان دەکەن و کاتەکەش کاتی دوعا قبوڵ بوونە ..

بەڵێ .. لەڕۆژی جومعەدا سوڵتان جومعەی بۆکردن و خۆی گریاو موسڵمانانیش گریان و زۆر پاڕانەوە لەخوا .. ئنجا پێی وتن : کێ دەیەوێ بگەڕێتەوە بابگەڕێتەوەو ئازاد بێت ، وابزانن سوڵتانتان لەگەڵدا نیە کە فەرمانتان پێبدات وڕێتان لێبگرێت .ئنجادوای نوێژەکە کفنی سپی پۆشی و وتی : ئەگەر شەهیدبووم بائەمە کفنم بێت ،جەنگاوەرانیش هەموو وەك ئەویان کردو ئنجا سوڵتان لەئەسپەکەی دابەزیو لەسەرخۆڵەکە سوجدەی بردو زۆر گریاو زۆر دوعای تری کرد .. شەڕهەڵگیرساو ژمارەیەکی زۆر لەدوژمن کوژراو پاشاکەشیان بەدیل گیراو هێنایانە بەردەمی سوڵتان ..

سوڵتان پێی وت : نەمناردە لات کە ڕێ بکەوین ، ڕازی نەبوویت !

ئەرمانوس وتی : واز لەسەرزەنشت بهێنەو چیت دەوێت وابکە ..

سوڵتان وتی : من دیل بوومایە لای تۆ چیت لێدەکردم ؟

ئەرمانوس وتی : هەرچی خراپە وام لێدەکردیت !

سوڵتان وتی : چی دێت بەخەیاڵتدا کە لێت بکەم ؟

ئەرمانوس وتی : یا دەمکوژی ، یان شاربەدەرم دەکەی و دەمگێڕی بەوڵاتی ئیسلامدا ، یان ئازادم دەکەی کە ئەمەش زۆر دوورەو بڕواناکەم ..

سوڵتان وتی : دە من نیازمە لێت خۆش بم و ئازادت بکەم !

ئیتر ئازادی کرد بەرامبەر ملیۆن و نیوێ دیناری ئەو ڕۆژەو مەرجی ئەوەشی لەسەردانا کە هەرچی دیلێکی موسڵمان هەیە ئازادی بکات وبەمەش بۆ پەنجا ساڵ ڕێکەوتن و ژمارەیەکی زۆر لە قەشەو سەربازەکانی بەردان وناردنیەوە بۆ وڵاتی خۆیان بەئاڵایەکەوە کە لەسەری نووسرابوو (لا إله إلا الله

محمد رسول الله) ئەم جەنگەش کەوتنی قودسی دواخست .. (البدا یة والنهایة /ابن کثیر/ الکامل في التأریخ / ابن الأثیر) ول60 زاد المتقین.

سێیەم/شێخ ئەحمەد دیدات :

(دیدات) دەڵێت (من هەموو ژیانم بەخت کرد بۆگەیاندنی پەیامی خوا ، داواتان لێدەکەم ئێوەش هەموو تواناتان بخەنەکار بۆئەومەبەستە بەرزە پیرۆزە).. هەروەهادەڵێت : بۆچی گاورەکـان ئینجیـل وەرگێڕن بۆ دووهەزار زمان و شەش ملیاری لێ چاپ بکـەن تابـەدنیادا بـڵاوی بکەنـەوەو ئێمـەش کەمتەرخەم بین بەرامبەر بە قورئان ؟ شەرت بێ منیش هەوڵ بدەم ، هەرهیچ نەبێ ملیۆنێك قورئانی وەرگێڕاو بۆزمانی ئینگلیزی چاپ بکەم و بڵاوی بکەمەوە .. بەڵێ : (دیـدات)تاسـاڵی 1996 کـە تووشی شەلـەل بوو ، توانی (400)هەزا ر قورئان چاپ بکات و بڵاوی بکاتـەوە ، ئنجـا داوای لـە (ابراهیم جادات)کرد کەبەیارمەتی(بنکەی جیهانی بۆ بانگەوازی ئیسلامی)کارەکە تەواو بکات .. شایانی باسە ، (دیدات)لـەخـەویا بینیـوی کـەملیۆنێك نوسـخەی قورئـان بڵاودەکاتـەوە ، بۆیـە خەمیبوو کەبەزووترین کات ئەو خەوە خێرە بهێنێتەدی ، دەستی پێکردو فریای ئەوەندە کـەوت ، گرنگ ئەوەیە بەهۆی نیەتەکەیەوە (إن شاء الله) هەمووی بۆ نووسراوە ....المجتمع 1514

ڕق لێ بوونی پێغەمبەر مایەی دوا بڕاوییە

موسڵمان لـەگەڵ موسڵماندا ڕەنگە کێشەی بۆ دروست بیێو دابڕان وشەڕیش ڕووبدات ، ئەمەش چارەسەر دەکرێت بە سوڵح کردن و ئامۆژگاری کردن و پشتگرتنی ئەوەی کە لـە سەر هەقە ، قورئان لـە سوورەتی الحجرات دا دەفەرموێت : (وإن طائفتان من المؤمنین اقتتلوا فأصلحوا بینهما ، فإن بغت إحداهما علی الاخری فقاتلوا التي تبغي حتّی تفِئ الی أمر الله ، فإن فاءت فأصلِحوا بینها بالعدلِ وأقسِطوا ، إنّ الله یُحِبِ المقسطین ، إنما المؤمنون إخوة فأصلِحوا بین أَخَویکم واتقوا الله لعلکم تُرحمون)10واتە : ئەگەر دوو دەستەو تاقم لـەموسڵمانان بوو بەشەڕیان ، ئەوە دەستبەجێ هەوڵبدەن ڕێکیان بخەن و ئاشتیان بکەنەوە ، خۆئەگەر لایەکیان هەر دەستدرێژی دەکردە سەر لاکەی تر ، ئەوا ئێوە بەگژئەوەیاندا بچن کەستەم ودەستدرێژی دەکات ، هەتا دەگەڕێتەوە بۆفەرمانی خوا.

جائەگەر لایەنە سەرکەشەکە بۆفەرمانی خوا سەری دانەواند ، ئەوە ئێوە نابژیوانیەکی دادگەرانە لـەنێوانیاندا بکەن ودادپەروەری ئەنجام بدەن ، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە دادپەروەری ئەنجام دەدەن . لـەڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن ، کەواتە هەرکاتێك

لەنێوان دووبراتاندا ناکۆکی پەیدا بوو ، ئێوە نێوانیان چاك بکەن و ئاشتیان بکەنەوە ، هەمیشە لەخوا بترسن و پارێزکاربن ، بۆئەوەی رەحمتان پێ بکرێت .ئەمە لە نێوان موسڵمانانندا ڕوودەدات ، بەلاّم ڕق لێ بوونی حەزرەت(د.خ)و بەسووك سەیرکردنی مایەی خەسارەتمەندی دنیاو ئاخیرەتە چونکە پەیوەندی بە بەرنامەکەوە هەیە ، هەروەك قورئان دەفەرموێ (إنا أعطيناك الكوثر، فصّلِ لِربَّك وانحر، إنّ شانئك هو الابتر)الكوثر واتە : بەڕاستی ئێمە خێرو چاکە وخۆشی هەردوو جیهان و ناوبانگی چاکەی تۆمان ئەی (محمد)بێ ئەندازەو بێ سنوور کردووە لەهەموو چەرخ و زەمانێکدا . کەواتە نوێژ تەنها بۆخواو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارت ئەنجام بدەو قوربانییش بکە (هەربەوشێوەیە بۆبەدەستهێنانی رەزامەندی پەروەردگارت) بێگومان هەردوژمنان و ناحەزانی تۆکە ڕقیان لێتە بێ ناونیشان و وەجاخ کوێرودوا بڕاون(لە هەموو خێرو چاکەیەك لە هەردوو جیهاندا).

عەللامە شێخ احمد محمد شاکر دەڵێت : (طه حسين) کە قوتابی بوو لەزانکۆی کۆنی میسری بڕیاردرا بنێردرێ بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن و ،جەنابی سوڵتان حسين ویستی ڕێزی لێ بگرێت ، بۆیە پێش وازیەکەی گەرمی لە کۆشکەکەی خۆی دا لێکردو پاشان هەموو لەنوێژی جومعەش دا ئامادەبوون و ، وتاربێژێکی قسەزان وتاری داو ویستی مەدحی سوڵتان حسين بکات و ، لەناو : وتارەکەیدا وتی : (جاءه الاعمی ، فما عبس وجهه وماتولّی)...واتە :جەنابی سوڵتان قوتابیەکی کوێر هاتەلای و ڕێزی لێگرت و ڕووی لێ وەرنەگێڕاو پشتی تێنەکرد ...کابرای وتاربێژ کەوتە هەڵەیەکی گەورەوە ، قسەکەی مەدح بوو بۆسوڵتان کە ڕێزی لە (طه حسين)ی نابینا گرتبوو ، بەلاّم زەم بوو بۆحەزرەت (د.خ)هەروەك ئەوەی ئەم لەحەزرەت (د.خ)چاکتر بووبێ ! چونکە حەزرەت (د.خ)بە (ئیجتیهاد)ی خۆی دەیویست گەورە پیاوانی قوڕەیش بانگ بکات بۆ ئیسلام وسەرقاڵی ئەوان بوو ، کاتێ (ابن أم مكتوم)ی نابینا هات بۆلای حەزی نەکرد کاتی لێ بگرێ و ڕووی لێ وەرگێڕاو سارد بوو لەگەڵی دا ، چونکە کاتی تر بۆئەم زۆرەو ئەو دەمە گونجاونەبوو ..

خوای گەورەش بە ناسکی سەرزەنشتی کردو بۆچوونەکەی بۆڕاست کردەوەو فەرمووی (عبس وتولی أن جاءه الاعمی،وما يدريك لعله يَزّكی او يذَّكّر فتنفعه الذِكری)العبس ، یەکێ لەوانەی ئامادەی ئەو نوێژی جومعەیە بووبوون باوکم بوو (شێخ محمد شاکر)کەوەکیلی پێشووی زانکۆی ئەز هەربوو ، هەستی بەهەڵەکەی وتارخوێن کردو دوای نوێژ هەستا بەدەنگی بەرز بەخەڵکەکەی وت : خەڵکینە نوێژەکانتان بکەنەوە ، چونکە نوێژی ئیمامەکەتان بەتاڵەو هەڵەی گەورەی کردووە بەرامبەر پێغەمبەر (د.خ).. دواتر مەسەلەکە گەورەبوو کەسانێکی دەسەلاّتدار پشتی ناوبراویان گرت

و دوایی هەرچەند کێشەکە کۆتایی پێهات بەڵام پاش چەند ساڵێك ئەو وتاربێژەم بینی ، خوا ڕیسوای کردو لە وتاربێژی لابراو لەدەرگای مزگەوتێدا بووبوو بەپاسەوانی پێڵاوی نوێژ خوێنان و هەرکەسەوخێری خۆی شتێکی دەدایە .. کە بەڕاستی ئەمەش پەندە بۆئەوەی کەس بێ ئەدەبی ئەکا بەرامبەرحەزرەت(د.خ)..ل24/ زاد المتقين .

بوخاری ومسلم ڕیوایەتیان کردووە ،کەپیاوێکی گاور موسڵمان بوو ، فێری سورەتی (البقرة)و (آل عمران)بوو ، ماوەیەك بوو بە کاتبی حەزرەت (د.خ)، پاشان لە دین وەرگەڕاو بووەوە بەگاورو ، ڕای کرد بۆلای گاورو جوولەکەکان و ئەوانیش زۆر زلیان کردو فوویان کرد بە لووتیدا ، جاناوبراو دژایەتی حەزرەتی (د.خ)دەکردو دەیوت : محمد هیچی نەزانیوە ئەوە نەبێ کەمن بۆم نووسیوە .. خوای گەورە پشتی شکاندو لەناوی برد ، کاتێك ناشتیان ، قەبر نەی گرتە خۆی و پاش ماوەیەك فڕێی دایەوە دەرێ، وتیان : ئەمە دیارە ئیشی موسڵمانانەو ئەوان وەك تۆڵەیەك دەریانهێناوەتەوە، جارێکی تر ناشتیانەوە ، ئەمجارەش گۆڕ فڕێی دایەوە دەرێ ، بۆیە ئیتر لەو دەشت و دەرەدا وازیان لێهێنا قەل ودالّ بیخوات ! ڕەنگە کەسێك بڵێ : خۆ زۆر لەو خراپتر قەبر گرتوویەتیە خۆی ، ئەوە ڕاستە بەڵام خوای گەورە ویستی وابوو پەندی خەڵك دابات بەو ڕووداوە تا دەست بکێشنەوە لە دژایەتی و بوختان کردن بۆ پێغەمبەر.

کاتێکیش موسڵمانان گەمارۆی قەڵای ڕۆمەکانیان ئەدا لەشام و بۆیان نەدەگیرا ، چاوەڕێیان دەکرد ، تا کەسێکیان لەسەر شوورای قەڵاکانەوە بەدەنگی بەرز دەکەوتنە بێ ئەدەبی بەرامبەر حەزرەت ،ئیتر زیاتر خوا غەزەبی لێدەگرتن ولەیەك دوورۆژدا قەڵاکە دەگیرا.. ل34 هەمان سەرچاوە.

دواوتە

کاروانی خێر بەڕێوەیەو هەرڕۆژەو قۆناغێکی ڕێــی دووری دەبــڕێ ، دوژمنــانیش لەبۆســەدان بۆی و دەیانەوێت ئاستەنگ بهێننە ڕێی .. یەکێك لەو ئاستەنگانە لەکۆن و نوێ دا سەرقاڵ کردنی موسڵمانە بەموسڵمانەوە ، کەتەنها چارەش ترسانە لەخواو ڕەچاوکردنی ئەدەبی خیلاف وڕاجیاییە.

کاتی خۆی پێش چەند سەدەیەك ، (ئیبن تەیمیە) لەلایەن کۆمــەڵێ زانــاوە دژایــەتی زۆر کــرا ، ڕۆژێکیان یەکێك لەسەرسەختترین ناحەزی دەمرێ و (ئیبن قەیم)ی قوتــابی مــژدەی بــۆ دەهێنــێ ، وادەزانێ ئێستا دەست دەهێنێ بەدڵیاو زۆری پێخۆش دەبێت .. کەچــی کــە هەواڵەکــەی دەداتــێ لەجیاتی ئەوەی دڵخۆش بێ ، دەگری ودەڵێ : بەخوا من هەرگیز بە دوژمنم نەزانیوە و ئەوەی لە نێوانیشماندا ڕووی داوە ئیختیلافی عولەمایە) ..

ئنجا چوو بۆ ماڵی مردووەکەو پێی وتن : من لەخزمەتاندام و هەرچیتان ویست داوابکەن . ئەوانیش ئەم هەڵویستەیان بەرز نرخاند .. قوتابیەکی دەڵێ : خۆزگەئەوەندەی ئیبن تەیمیە بۆ دوژمنەکانی باش بوو ئێمە بمانتوانیایە بۆ دۆستەکانمان باش بین .

بەڵێ موسڵمانان دەتوانن یەکتری تەواو بکەن و بەژیری وبرایانە سەیری کاری یەکتری بکەن، پرسیارکرا لەپێشەوا بەننا لەکاتی وتارداندا کەجیاوازی نێوان (جمعیەی شەرعی)و (إخوان) چیە ؟ دیارە پرسیارکەر دەیوویست بەزم بنێتەوەو دووبەرەکی دروست بکات..

بەنناش وتی : جیاوازیمان ئەوەیە ئەوان لە گەڕەکی (المغربلین)ن و ئێمەش لە گەڕەکی (درب الاحمر)ین .. ئنجا پرسیاریان کرد : باشە ئەوان مزگەوت دروست دەکەن ، بۆچی ئێوەش ئەوە ناکەن ؟ بەننا وتی : زۆر چاکە ئەوان لەسەریانە مزگەوت دروست بکەن وئێمەش لەسەرمانە بەپیاوی خواناس ئاوەدانی بکەینەوە !

جائەم ئاژاوە نانەوەیە ، کە بەداخەوە هەندێ موسڵمان لەسادەیی و ناحاڵی بوونەوە تێی دەکەوێت ، کاری شەیتان و دۆستانی شەیتانە ،حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت (قد يَئِسَ الشيطانُ أن يَعْبُدَهُ المسلمون ولكن في التحريش بينهم)ئەحمەد (14586).. (شەیتان بێ هیوا بووە کە بپەرسترێ لە لایەن موسڵمانانەوە ،بۆیە کاری هاتۆتە سەرتێکدانی پەیوەندیەنێوان موسڵمانان) ..

پیاوێك هات بۆ لای ئیمام جەعفەری صادق وجنێوی بە موسڵمانێك دا ، ئیمام جەعفەر پێی وت : ئایا جیهادی ڕۆمت کردووە ؟؟وتی : نەخێر . وتی : ئایا جیهادی فارست کردووە ؟؟ وتی : نەخێر . وتی : جیهادی کافرانت کردووە ؟؟ وتی : نەخێر . وتی :سبحان الله کافرو ڕۆم و فارس و جولەکەو گاور لە دەستت سەلامەتن و موسڵمانان لە دەست ودەمت سەلامەت نابن ؟! باشە پێغەمبەر (د.خ) نافەرموێت (المسلمُ مَن سَلِم المسلمونَ مِن لسانه ويده). (المجتمع 1515)

زۆر جار کەسێکی بەد ئەکەوێتە بەینەوەو هەوڵدەدات ئاژاوە بنێتەوە ، یەکێ لەو بەدانە دێت بۆ لای ئیمام شافیعی و لۆمەی دەکات ودەڵێت : بۆ هەر تۆ سەردانی ئیمام ئەحمەد دەکەیت لەکاتێکدا تۆ لەو بەتەمەن تری ؟؟!

ئیمام شافیعی قوڕی دا بەدەمیاو وتی : من هەرچی بکەم فەزڵ و چاکی هەر بۆئەوە و ئەم دوو دێرِ هۆنراوەیەی پێووت :

قالوا يزورك احمد وتزوره   قلت الفضائل لا تغادر منزله
ان زارنی فلفضله او زرته   فلفضله فالفضل في الحالين له (المسك والعنبر /456)

سەرچاوە

1-مجلة الاعجاز / 6
2-المدخل الى الدراسات القرآنية /ابي الحسن الندوى /2002/ط1
3-محاضرات د . زغلول النجار
4-معجزات الاستشفاء بالغذاء /مجدي الشهاوى
5-الاعجاز العلمى فى السنة النبوية /د. صالح بن احمد رضا
6-الطب النبوى /ابن القيم
7-برنامج الشريعة والحياة /مقابلة مع د.سمير الحلو
8-برنامج المواجهات /مقابلة مع د.عبدالباسط محمد السيد
9-برنامج آيات وحوار / قناة اقرأ /
10-برنامج صفحات من حياتي /قناة المجد
11-العائدون الى الله /على عبد العال الطهطاوى
12- واقعنا المعاصر /محمد قطب
13- مجلةالمجتمع /1521،1514، 1515
14-زاد المتقين /ج 1 /الشريف ابراهيم الحازمى
15- المسك والعنبر في خطب المنبر / ولاتحزن /د. عائض القرنى

ناوەرۆك

ژیـانـەوە

بەرگی دووەم

پێشەکی

سوپاس و ستایشی بیٚ پایان بۆ خوای پەروەردگار و درووود و سەلامیش لەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران و یارویاوەران و شوێنکەوتوان ..

نیعمەتی ئیمان گەورەترین نیعمەتە کە مرۆڤ بەدەستی بهێنێت لە دنیادا ،(قل بفضل الله وبرحمته فبذلك فليفرحوا هو خير مما يجمعون)يونس/58 ، پێیان بڵێ ئەی (محمد) : بە فەزڵ و ڕەحمەتی خوا و بڕوابوون پێی دڵخۆش بکەن چونکە ئەوە خێرتر و چاکترە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە دنیادا کۆی دەکەنەوە و دڵی پێخۆش دەکەن .

حەزرەت دەفەرمویٚ(من أصبح معافى في جسده ، عنده قوت يومه كأنما حيزت له الدنيا بحذافيرها) ، واتە : هەر بڕوادارێك ڕۆژی لێبۆوە و لەش ساغ بوو ، خواردنی تاقە ڕۆژێکیشی هەبوو ، ئەوا وەك ئەوەیە کە هەموو دنیا هی ئەو بێت .

زۆربەمان لەسایەی خواوە لەشمان ساغە وخواردنیش نەك هی ڕۆژیٚ هی چەند ساڵێکیشمان هەیە ، ئەی بۆ چاوبرسین و وانازانین دنیا هەمووی هی ئێمەیە ؟؟..

ڕەنگە بۆئەوە بگەڕێتەوە کە ئەوەی هەمانە بە کەمی دەزانین و، قەدری ئەو ئیمانە نازانین کە خوای گەورە بە فەزڵی خۆی پێی بەخشیوین .

خوای گەورە کە دنیا هیچ نیە بەلایەوە دەیدات بە باوەڕدار و بێباوەڕو بەخششی خوا لە کەس قەدەغە نیە (كلاً نُمِد هؤلاء وهؤلاء مِنْ عَطاءِ رَبكَ وَما كانَ عَطاءُ رَبكَ محَظورا) الاسراء ، بەلاٚم خوای گەورە ئیمان و بڕوا نادات مەگەر بە کەسێك شایستە بێت ، چونکە بڕوابوون یانی ژیانی هەتاهەتایی و ناز و نیعمەتی نەبڕاوەی بەهەشت ، ئەمە بێجگە لە خێر و خۆشی و بەختیاری دنیا کە بڕوادار لە دنیادا تامی دەکات .

ئەم بەرنامەیەی ئێمە بیٚ منەتە و تاقە پەڕاوە کە (لا اكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي) البقرة 256/تیایە.. واتە زۆر کردن نیە بۆ بڕواهێنان ، هەموو کەسیٚ سەرپشکە و ئازادە لەوەی کە چی دەوێت ئەوە هەڵبژێرێت ،چونکە پەروەردگار چاك و خراپی دیاریکردووە بۆ هەموو کەس و هەردووکی ڕوون و ئاشکرایە .

بڕوادار پێویستە ڕۆڵی خۆی ببینیٚ لەم ژیانەدا و ئەو هەق و ڕاستیەی لەلایەتی بیگەیەنیٚ و لەپێناوی ئەمەشدا هەوڵ و کۆششی بەردەوام بدات و لە مردن نەترسێت ، هەروەك دکتۆر محمد ئیقبال لە هۆنراوەیەك دا کە ئەمە ماناکەیەتی دەڵێت :

(به ڕاستی سەیرە ئەی موسڵمان دنیات لەبەرچاو ڕوونە و زۆر شتت دۆزیوەتەوە ، کەچی نەفسی خۆتت لێ ون بووە ، تاکەی بەو نەزانی و بێئاگایی‌یە دەمێنیتەوەو ، سەرگەردان و بێکار دادەنیشیت.. تۆ نوورێکی لە دێر زەمانەوە ، دەی شەوی تاریکی ئەموستە چاوی پێ ڕووناك بکەرەوە .. لە گیرفانتا دەستی سپی درەوشاوی موعجیزە هەیە ، دە کارەکەی حەزرەتی موسای پێبکە و ، سنوورە تەسکەکان بشکێنە ، تۆ پێشڕەوی .. ئایا لە مردن دەترسی ئەی ئادەمیزادی زیندووی هەتا هەتایی ؟ هەق وابوو مردن لە تۆ بترسایە و ، تۆ خۆت بۆ ئەو بنایاتەوەو بۆی لەکەمین دا بووایەی .

باش بزانە و دڵنیابە ، خوای کەریمی بەخشندەی دەوڵەمەند کە شتێکی بەخشی نایسێنێتەوە ، دەی کە خوا ڕۆحی پێبەخشیویت تازە نایباتەوە و نایسێنێتەوە و، مردنیش کەگیان دەرچوونە کۆتایی و تیاچوون نیە ، بەڵکو تیاچوون و کۆتایی لاوازی ئیمان و دانەمەزراوی و ڕاڕایی‌یە) (روائع اقبال/الندوي/ص98) .

فراوانی دونیا و ئاخیرەت

ئاشکرایە ئیمپراتۆریەتی فارسی دەسەڵاتداری جیهان بوو ، شارستانێتیەکی هەزارساڵی پێکەوە نابوو ، زۆر ناوچەشی داگیر کردبوو ..

کاتێك موسوڵمانان ڕووبەڕوویان بوونەوە لە شەڕی قادسیەدا ، ڕۆستەم داوای کرد لە موسڵمانان کە نوێنەرێکیان بنێرن بۆ گفتوگۆ ، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی سەرکردەش سەربازێکی نارد کە ناوی ربعی کوڕی عامر بوو ، کاتێك ربعی هات بە خۆی و وڵاخ و ڕمەکەیەوە ، داوایان لێکرد کە چەکەکەی دانێ ، ڕازی نەبوو ، وتی: ئێوە ناردوتانە بە دواما ئەگەر وانەبێ دەگەڕێمەوە ، کە هاتیشە نزیکەوە فەرشی زۆر نایاب داخرابوو ڕۆستەمیش لەسەر تەختێکی گران بەها بەو بەپەڕی جاهو سەڵتەنەتەوە دانیشتبوو ، ربعی بۆ ئەوەی تێیان بگەیەنێ کە فەرش و ڕاخەر و دیکۆراتیان بێنرخە و کار لەم ناکەن و چاوی بەشەوارە ناخەن ، هەر هەنگاوێك دەهات ڕمەکەی دەچەقاند لە فەرشەکەی بەردەمی ، ئەمە وانەی یەکەم بوو بۆیان ، کە چووە بەردەم ڕۆستەمیش ویستی لایەوە دانیشێ خێرا لێی ڕاست بوونەوەو نەیانهێشت ، ئەمیش لای سەیر بوو ، وتی: ئەمە عەقڵتانە ، ئاوا جیاوازی هەیە لە نێوانتاندا و یەکتری دەپەرستن ..

ڕۆستەم وتی: ئێوەیەکی ڕەش و ڕووت و برسی چیتانە بەسەرمانەوە ، بگەڕێنەوە و شەڕمان لێ لادەن ، نانتان دەوێ دەتان دەینێ و پۆشتەشتان دەکەینەوە ، ربعی وتی: ئێمە لەبرسا و ، لە ڕووت

و ڕەجاڵیدا نەهاتووین ، بەڵکو (الله ابتعثنا لنُخرج مَن شاء مِن عبادة العباد إلى عبادة الله ، ومن ضيق الدنيا إلى سعتها ، ومن جور الأديان إلى عدل الاسلام ، فأرسلنا بدينه إلى خلقه لندعوهم إليه ، فمن قبل ذلك قبلنا منه ورجعنا عنه ، ومن أبى قاتلناه أبداً حتى نفضي إلى موعود الله ، قالوا: وما موعود الله ؟ قال: الجنة لمن مات على القتال من أبى والظفر لمن يبقى) ، واتە: ئێمە خوا هەڵیبژاردووین و ناردوینی تا هەرکەس ویستی دەری بهێنین لە مادده پەرستی و مرۆڤ پەرستیەوە بەرەو خواپەرستی ، لە تەنگەلأنی دنیاوە بەرەو فراوانی دنیا و لە زوڵم و ستەمی ئاینە دەستکاری کراوەکانەوە بەرەو دادپەروەری ئیسلام ، ئێمەی بە ئاینەکەیەوە ناردووە بۆ لای بەندەکانی و دروستکراوەکانی تا بانگیان بکەین بەرەولای ، هەرچی لێی وەرگرتین و لێی قبووڵ کردین ، ئێمەش لێی قبوڵ دەکەین و دەگەڕێینەوە ، هەرچیش ڕازی نەبوو ڕێی لێگرتین دەجەنگێین لەگەڵیا تا ئەگەینە پەیمانی خوایی ، وتیان :پەیمانی خوایی چیە ؟ وتی: بەهەشتە بۆ هەرکەسێکمان کە شەهید بێ لە جەنگدا و ، سەرکەوتنیشە بۆئەوانەی کە دەمێننەوە .

بە ڕاستی ئەم گفتوگۆیە کە مێژوو تۆماری کردووە، بلیمەتی و شارەزایی موسوڵمانان پیشان دەدات لەو ڕۆژگارەدا، هەروەها دەری دەخات کە چۆن زۆر بەجوانی توانیویانە ڕاستیەکانی ئیسلام وئامانجی جیهادیان دەربڕن و هەقی خۆی بدەنێ، ئەوەی زۆرتر سەرنج ڕاکێشە مەسەلەی دەرکردنە لە تەنگەلأنی دنیاوە بەرەو فراوانیەکەی .

باشە ئەبێ دنیای ئیمبراتۆریەتی فارسی تەنگەلأنی و ناخۆشی بووبێ ؟ ئەی بۆ ئەم سەربازە هەژارە ڕەش و ڕووتە ئاوا دەیبینێ ؟

بە ڕاستی چاکی تێگەیشتبوو ، چونکە مرۆڤ کە خوای نەپەرست ، دار و بەرد یان مرۆڤەکان ، یان هەواو ئارەزوو ، یان پارە و ماڵ دەپەرستێ ! کە بەوانەش هەمووی سەرگەردان دەبێت و ژیانی تاڵ دەبێت وئیرادە و جڵەوی خۆی لە دەست ئەدات (الا بذكر الله تطمئن القلوب) (الرعد).

لەو ڕۆژگارەدا لە کۆڕ وکۆبوونەوەکاندا ئەوەی جلەکانی بەری نرخی لەسەد هەزار کەمتربوایە تانە و تەشەری لێ دەدرا ، ئەوەی کە جلەکانی بەری بایی (50)هەزار بوایە ، نیوەی ئەوانی پێشوو حسابی بۆ دەکراو ڕێزی لێ دەگیرا .

کاتێك ئیمبراتۆری فارس تێك شکاو مەدائنی پایتەخت گیرا ڕایکردو، هەزار چێشت لێنەر و هەزار گۆرانیبێژ و هەزار بەخێوکەری هەڵۆ و پڵنگی لەگەڵ خۆیدا برد و دەیووت: من زۆر

بێبەختم کە ئەم ژمارە کەمەم لەگەڵ خۆم هێناوە لە خزمەتکار و دەست و پێوەند ، بە ڕاستی مـن جێی بەزەییم .

جا کاتێ لە ڕێگا لەماڵی پیرێژنێك لایدا و خواردنی بۆ دانا ، بەزەیی پیاهاتەوە و زانی کە پادشا بووەو لێی قەوماوە .. پادشای فارس وتی: ناتوانم نانەکەم بخۆم و بە گەرووم دا ناچـێتە خـوارێ تـا ئەمانە گۆرانیم بۆ نەڵێن ..

کاتێکیش (هرمزان)ی کاربەدەستی ئەهواز گیرا و هێنایان بۆ مەدینە و لە جامێکی گڵینـی زبـردا ئاویان بۆ هێنا نەیتوانی بیخواتـەوە تـا جـامێکی باشـتریان بـۆ هێنـا .. بـەڵێ .. ئەوانـە دەژیـان لـە قەفەسێکدا ، با قەفەسەکەش گەورە و ئاڵتونی بێت هەر قەفەسە و هەر کۆیلەیەتیە ..ئیسـلام هـات مرۆڤ ئازاد کات وبە مرۆڤایـەتی فـەرموو(أتعبـدون مـاتنحتون) صـافات/95 ، چـۆن ئێـوە شـتێك دەپەرستن کە بەدەستی خۆتان دەیتاشن و دروستی دەکەن ؟! چۆن ئێوە یەکتری دەپەرستن ، مەگەر هەموو وەك یەك نین لە ئادەمێتیدا ، کێ زیاترە لەکێ ؟! .

ئەی دیاردە سروشتیەکان دەپەرستن ؟مەگەر ئەوانە هەموو بۆخزمەتی ئێوە دروست نەکراون ؟!

ئەی پارە و سامان دەپەرستن و شپرزن بەدوایدا و هەر ئەوەندەش شتێکتان بەخۆتان شك برد لە خۆتان بایی دەبن و سنوور دەشکێنن؟؟ (كَلا إن الانسانَ لَيَطغى أنْ رآه استغنى) العلق .

تەنگەلأنی و ناخۆشی دنیای بێبڕواکان لە ئامارەکانی ڕۆژئاوادا بە ئاشکرا دەردەکەوێت ، لەگەڵ ئەو هەموو خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنە ماددیەدا ، کەچی ڕێژەیەکی زۆر خۆکـوژی و خوودانـە مەی خواردن و ماددە بێهۆشکەرەکان هەیە ..

پێغەمبەر (د.خ) لە دوعاکانیدا پەنای گرتووە بە خوا لەم تەنگی و نارەحەتیەی دونیا بە تایبەتی کە شەولەخەو هەڵدەستا بۆ شەو نوێژ ، دە جار (الله أكبر) و دە جار (لا اله إلا الله)ی دەکرد وئینجا دە جاریش دەیفەرموو(اللهم إني أعوذ بك من ضيق الدنيا وضيق يوم القيامة)ل 3939 في ظلال القرآن.

کاری مەزنی ئوممەتی ئیسلام

ئوممەتی ئیسلام هێنراوەتە دنیایی بوونەوە ، تا مایەی بەختیاری مرۆڤایەتی بێت و فەرمان بدا بـە چاکە و جڵەوگیری بکات لە خراپە : (كنتم خيرَ امةٍ اخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهَـونَ عَـن المنكر وتؤمنون بالله) آل عمران 110..

گەیاندنی ئەم پەیامەش هەوڵ و کۆشش و یەك بوونی دەوێ ، هاوکاری یەکتری دەوێـت ، چـونکە کافران بە کوفری خۆشیانەوە هاوکاری یەکتری دەکەن ، بەرگری لە بەرنامـەی خۆیـان دەکـەن ،

ئەگەر بڕواداران کەم تەرخەم و پەرتەوازە بن ناگەنە هیچ و فەساد وخراپە دنیا دەتەنێت، قورئان دەفەرموێت (والذين كفروا بعضهم أولياء بعض إلا تفعلوه تكن فتنةٌ في الأرض وفسادٌ كبير) الانفال/73 .

ڕەوشت بەرزی بانگخوازان

ڕەوشت بەرزی و مامەڵەی جوانی بانگخوازان هۆکاری گرنگن بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە ، چونکە خەڵکی بە چاکی لە هەڵس و کەوت و مامەڵەیان ورد دەبنەوە و دەیانەوێ بزانن ئاخۆ ئەو بانگخوازانە ئەوەی دەیڵێن ڕەنگی داوەتەوە لە خۆیاندا یان نا .. کاتی خۆی پێش چەند سەدەیەك ئیسلامەتی لە هیند و وولاتە دوورەکان بە هۆی ڕەفتاری جوانی بازرگانە موسڵمانەکانەوە بڵاوبۆتەوە .. نموونەی تریشمان زۆرە لەسەر ئەم مەسەلەیە ، کاتێك بانگخوازی پایە بەرز پێشەوا ئەحمەدی کوری عیرفانی شەهید ، لە هیندەوە بیشاوری گرت و سوپاکەی بۆ چەند هەفتەیەك تیامانەوە ، ڕەفتاری جوانیان کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر دانیشتوان .

ڕۆژێك هاولاتیەك بەیەکێ لە موجاهیدانی وت: ئایا چاوتان هیچی هەیە ، ئاخۆ چاوتان (قصر النظر)یتی ؟ ئەویش وتی: نەخێر ، وتی : ئەی باشە ئێوە هەموو لاون و چەند ساڵە هیجرەتتان کردووە و لەگەڵ ئیمام دا خەریکی جیهاد کردنن ، کەچی هیچتان سەیری ئافرەتان ناکەن ، لەکاتێکدا کە سەرباز و سوپا هیچ شتێ نیە دەستیان بگرێ و هەرچی بکەن دەیکەن .. ئەویش وتی: برا ئێمە پەیڕەوی ئایەتی (قل للمؤمنين يغضوا من ابصارهم ويحفظوا فروجهم ..) النور30/ دەکەین و ئیمامەکەمان ئاوا پەروەردەی کردووین .. ل/620 محاضرات اسلامية مجلد (1)/الندوي

بانگخواز مەبەستی ڕەزامەندی خوایە

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی بانگەواز ئەوەیە کە بانگخواز تەنها مەبەستی خوا بێت و چاو نەبڕێتە ماڵی دنیا و پلەوپایە ، بە ئیبن تەیمیە وترا : تۆ بۆ دەسەلات و پادشایەتی وا دەکەیت ؟؟ ئەویش سەری‌سوڕما و بەو بەپەڕی هێزەوە وتی: من دەسەلات و پادشاییم دەوێ ! بەخوا هەموو موڵك و دەسەلاتی تەتەر لەلام درهەمێك ناهێنێ ..

هەروەها یەکێ لە بانگخوازەکانی هیندستان ، کە خەڵکێکی زۆر لەسەر دەستیا بەهرەوەربوون ، پادشای (دهلی) ویستی پارە و ماڵێکی زۆری بداتێ .. ئەویش وتی: نامەوێت.. پادشا وتی: هەردەبێ شتێك وەرگری لەوەی کە خوا پێی داوم .. ئەویش وتی: خوای پەروەردگار دەفەرموێ (قل متاع الدنيا قليل) النساء77 ، جا ئەگەر دنیا کەم بێت ، دیارە کیشوەری ئاسیا بچوکترە لە دنیا

و ، هیندستانیش بچوکتره لە ئاسیا و (دهلـی)ش بچـوکتره لــە هیندسـتان .. تـۆش تـەنها مـوڵکی (دهلی)ت بەدەستە ، ئیتر من چۆن ببمە برابەشت لەو موڵك و ماڵە کەمەدا .

لە سەدەی ڕابردوودا لە دیمەشق ، زانای بەناوبانگ شێخ سەعیدی حەڵەبی لە مزگەوتێك وانەی دەوتەوە و لەبەرئەوەی قاچی دەیەشا پاڵیدابۆوە بە دیواری میحرابەکەوە و قاچـی درێـژ کردبـوو ، لەو کاتەدا (ئیبراهیم پاشا)ی حاکمی گشتی سوریا کە پیاوێکی بەزەبر و زەنگ و دڵ ڕەق بوو هاتە مزگەوتەکەوە و شێخ سەعید خۆی تێك نەدا و قاچی هەڵنەکێشا ، هەموو لەو بڕوایەدا بوون ئێستا لەسەری دەدات و خوێنی دەڕێژێ ، کەچی ئیبراهیم پاشا گەڕایەوە و دوایی کیسـەیەك پـارەی بـۆ نارد بەدیاری بە خزمەتکارێکیدا ، ئەویش وتی: بۆی بەرەوە و پێی بڵێ :ئەوەی قاچی درێـژ بکـات دەست درێژ ناکات بۆ وەرگرتنی هیچ شتێك(محاضرات اسلامیة في الفکر والدعوة/الندوي مجلد/1)

بانگخواز هەموو هۆکارێکی ڕاگەیاندن بەکار دێنێت

ژیان بەردەوام لە پێشکەوتندایە و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیش لە زیادبوون و بەرەوپێش چووندان ، بۆیە بانگخوازی بە ئەمەك و وریا هەموو هۆکارێك بەکار دێنێت لە گەیانـدنی پەیامەکەیـدا ، بـۆ نموونە : لەم سەردەمەدا بانگخوازێکی وەك عەمر خالید ڕۆڵێکی گرنگی بینیـوە و توانیـوێتی جێـی خـۆی بکاتــەوە لـــەدڵی کەســانێکی زۆردا لەسەرتاســەری جیهانــدا ، یــەکێ لــە هۆکــانی ئــەم سەرکەوتنەش بێجگە لە ئیخلاص ، بـەکار هێنـانی کەناڵـە فەزاییـەکان و ئینتـەرنێت و وتـاردان و پەڕاونوسینە،کە بەمانەش لە هەموو لایەکەوە پەیوەندی پێوە دەکرێت و سوودی لێ وەردەگیرێت .

سارا لە ئوسترالیا وە تەوبەی کرد :

سارا کیژۆڵەیەکی لوبنانی باوك موسوڵمان و دایك مەسیحیە لە هەشـتاکاندا کـۆچ دەکـەن بـۆ ئوسترالیا ، کێشە دەکەوێتە نێوان دایك و باوکیەوە و لەیەك جیا دەبنەوە ، بە هەر حاڵێك دەبێـت سارا خوێندن تەواو دەکات ، ناوبراو لەبارەی تەوبە و هیدایەتیەوە دەڵێت : من هیچم لــە ئیســلام نەدەزانی ، وەك کچانی تری ئەو وڵاتە سەرگەردان بووم و لە پێشبڕکێی شای جوانانـدا بەشـداریم کرد لە نیوزلەندا و بەیەکەم دەرچووم ، بەڵام ئەو هـەموو ڕابـواردن و خۆشـگوزەرانیە دەروونـی تێراو نەدەکردم و، هەمیشە دڵەڕاوکێم بوو ، هەستم بە بەختیاری نـەدەکرد ، تـا ڕۆژێـك ڕێـم لــە سایتی عەمر خالید کەوت و هۆگری وتار و قسەکانی بووم و چەند نامەم بۆ نـاردو، بەمـەش خـوا هیدایەتی دام .. کاتێ کە بە تەواوی تەوبەشم کرد نامەم نارد بۆ مامۆستا و مژدەم دایـە کـە فێـری

دەستنوێژ و نوێژکردن بووم .. خوایە گیان هەزاران هەزار سوپاس و ستایش بۆ تۆ کە بەو سەرگەردانیە سەرم نەنایەوە .

بەڵێ .. سارا زۆری نەخایاند تووشی نەخۆشی بوو ، کە پزیشکەکان پشکنینیان بۆ کرد دەرکەوت تووشی شێرپەنجەی مێشك بووە ، هەرچەند ڕێژەی سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکەی لەسەدا بیست بوو سارا ڕازی بوو کە بۆی بکەن و زۆر دڵخۆش بوو کە پێش ئەوەی بزانێ نەخۆشە تەوبەی کردبوو.. پێش ئەوەی کە ببرێ بۆ نەشتەرگەریەکەی نامەیەکی نارد بۆ مامۆستا وپێی ڕاگەیاند کە بەهیچ جۆرێك نەیزانیوە نەخۆشە و بەتەمای نەخۆشی نەبووە کە تەوبەی کردووەو، داواشی کرد ئەگەر خوا بردیەوە دوعای خێری بۆ بکەن .. بەڵێ نەشتەرگەرییان بۆ کرد و بەداخەوە لێی دەرنەچوو ، بۆیە مامۆستا عەمر خالید فرمێسکی بۆ ڕشت و داوای لەهەموو ئەوانە کرد کە سەردانی سایتەکەی دەکەن نوێژی (غائب)ی لەسەر بکەن و دوعای خێری بۆ بکەن .. ژمارە/464 ، ساڵی دەیەم/ڕۆژنامەی یەکگرتوو .

نەرم و نیانی بانگخوازان

نەرم و نیانیلەناو خێزان و کۆمەڵدا ، بەهرەی خوا و بەخشش‌ێکی گەورەیە ئەگەر مرۆڤ لێی بەهرەوەر بێت ، حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت (إذا أراد الله بأهل بيت خيراً ، أدخل عليهم الرفق) .

واتە / ئەگەر خوا ئیرادەی خێری بە ماڵێك هەبێت ئەوا نەرم و نیانیان ئەداتێ .. بەڵێ .. نەرم و نیانی لەهەر شتێکدا بێت جوانی دەکات ، بە تایبەت لە بانگەوازدا ، حەزرەت (د.خ)تا دوا پلە نەرم و نیان بوو لەگەڵ خەڵکیدا ، خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت(فبما رحمةٍ من الله لنت لهم ، ولو كنت فظاً غليظ القلب لانفضوا من حولك) (آل عمران/159) .

واتە: بە هۆی ڕەحمەتی خواوەیە کە تۆ نەرم و نیانیت لەگەڵیاندا ، خۆ ئەگەر تووڕە و قسە ڕەق و بێبەزەیی بوویتایە ، ئەوە هەموو لە دەورت بڵاوەیان دەکرد ..

چوار ئافرەت لە ئەرجەنتین

شێخ جاسم المطوع لە بەرنامەی (بيوت الانبياء) دا وتی :

چوار ئافرەتی پانتۆڵ لەپێ هاتنە مزگەوتی ئەرجەنتین بۆ نوێژکردن ، خەریك بوو ئیمامی مزگەوتەکە بیانکاتە دەرەوە ، بۆیە ساردم کردەوە و پێموت کە حەزرەت (د.خ)لە مزگەوتەکەیدا پیاوێکی دەشتەکی میزی کردو لێشی تووڕە نەبوو ، ئیتر تۆ بۆچی پێت سەیرە و پێت گرانە ئەمانە ڕوویان

کردۆته ماڵی خوا .. خوا ئاگاداره ئەم ئافرەتانـە و هاوشـێوەکانیان کـە هـاتن بـەرەو مزگـەوت و بەنەرمی مامەڵـەیان لـەگەڵدا کرا بوونە بانگخواز وئێستا ملیۆنێك موسوڵمان هەیە لـەئەرجەنتین دا .

بانگخوازان گرنگی بە هەموو بوارێکی ژیان دەدەن

موسوڵمانان گرنگیان بە هەموو لایەنێکی ژیان دەدا ، بۆیە بوونە پێشەوا و سەرداری جیهـان .. کاتێك زانای بەناوبانگ (الطبري) سی جلـد تەفسـیری نووسـی ، زانـای بـەناوبانگ ڕازیـش سـی موجەڵـەدی لـەسەر زانستی پزیشکی نووسی.

جا بانگخوازانیش بەوەی کە گرنگی بدەن بە هەموو بوارێکی زانست و هەموو لایەنێکی ژیـان ، دەتوانن جێی خۆیان بکەنەوە و ڕۆڵی خۆیان بەچاکی ببینن . زانای خواناسی هیندی (محمـد ئیقبـال) دەیان ساڵ لـەمەوبەر لـە ڕۆژئاوادا دکتۆرای هێنا و توانی لـە بریـق و بـاقی شارسـتانیەتی ڕۆژئـاواش قوتار ببێت و هەردەم ئەوەی لـەیادبوو کە بڕوادار بە بڕواکەی گـەورەترە و لـەپێشـترە لـە هـەموو کەسێك کە بڕوای نەبێت ، با هەرچی بێت و هەر پلـەیەکی ببێت ، مەگەر قورئان نافـەرموێت (ولا تهنوا ولاتحزنوا وأنتم الأعلون إن كنتم مؤمنين) آل عمران 139 .

محمد ئیقبال لـە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت: من توانیم دەنکە گـەنمی خـۆم بەدەسـت بهێـنم و نەشـبم بەدوای ڕاوچییەوە ، خوا دەزانێ من لـەسەر ڕچەی حەزرەتی ئیبراهیم ڕۆیشـتم و چـوومە ئـاگری شارستانیەتی ڕۆژئاواوە و متمانەم بە خۆم هەبوو ، بە سەلامەتی لێی دەرچووم و شەخسیەتی خـۆمم نەدۆڕاندو ،لـە زستانی زۆر ساردی بەریتانیادا ، کە هەوای ساردی وەك شمشێر کاریگەر بوو ، نوێژ و شەونوێژم نەفەوتاند..(ل/137 محاضرات اسلامية) ..

بانگخواز و خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر

ئاشکرایە دینەمۆی بانگخواز ئەو خۆشەویستیەیە کە لـە دڵیا دەجۆشێ ،خۆشەویستی بۆ خـوا و پێغەمبەرەکەی و بڕواداران .. ئەگەر کەسانێك ماڵ و سامان ، یان خۆیان ، یان هەر شتێکیان تا دوا پلـە خۆش بوێ ، بڕواداران و بانگخوازان لـەوان زیاتر خوایان خۆش دەوێ (والذين آمنوا أشد حباً لله) البقـرة 165. خۆشەویسـتی پێغەمبـەریش (د.خ)، حـەزرەت خـۆی ئامـاژەی پێـدەکات و دەفەرموێت:کەستان بڕواداری تەواو نیە هەتا منی لـەماڵ و منداڵ و پارە و سامان و لـەخۆشی خۆشتر نەوێت ..

نموونەیەك لـە کوردستانەوە : حاجی شێخ محمدی شێخ سەعید کە لـە گوندی بـەردێی قـەرەداغ لـە ئازاری 1988 دا کۆچی دوایی کردووە ، بەردەوام لـە مزگـەوت بـانگی دەدا و کـە دەگەیشـتە

(أشهد أن محمداً رسول الله) کەمێك دەوەستا و لـەژێر لێـوەوە دەیـووت (خـۆم و دایـك و بـاوکم بەقوربانت بین ئەی پێغەمبەری خوا) ، ئینجا بۆ دووەم جار دەیووتەوە (أشهد أن محمـداً رسـول الله) بەهەمان شێوەی جاری یەکەم لەژێر لێوەوە بە نزمی دەیووت (خۆم و دایك و باوکم بەقوربانت بین ئەی پێغەمبەری خوا)، بە ڕاستی ئەمە جۆرێکە لەدەربڕینی خۆشەویستی کە ئەم پیاوە باشە لـە دڵیـا بووە .

نموونەیەك لـە میسرەوە :

شێخ محمد حسان ، وتاربێژێکی میسری یە و دەڵێ: کە لـە ولاتی سعودیە دەمخوێند و بـۆ یەکـەم جار بەشەو گەیشتمە مەدینە ، خێرا چووم زیارەتی پێغەمبەری خـوا بکـەم ، بـەلاّم چـونکە بەشـەو مزگەوتەکە دادەخرا و کاتەکەی منیش درەنگ بوو ، لەگەڵ برادەرەکانم گەیشتمە بەر دەرگایەك و پاسەوانێك هاتە دەرەوە و دایخست ، خێرا ڕام کرد بەرەو دەرگایـەکی تـر بـەڵکو فریابکـەوم و خێرا هەر ئەوشەوە زیارەتی خۆم بکەم و سـلاّو لـە حـەزرەت بکـەم ، کەچـی ئـەویش داخـرا بـە ڕوومدا، دەرگایەکی تریش بەهەمان شێوە ، بۆیە دانیشتم و زۆر دڵم لەخۆم دامـا و گریـام ، لـەو کاتەدا ئەفسەرێك کە لەو دەرگایە هاتە دەرێ و بەحاڵەکەی زانی ، دڵـی پـێم سـووتا و بردمیـە ژوورەوەو بەتاقی تەنها لەبەر ئارامگای حـەزرەت دا (د.خ)وەسـتام و سـلاّوم لێکـردو دڵـم ئـاوی خواردەوە.

بانگخوازو ئاگری جگەر

بانگخوازی بە ئەمەك و ڕاست ، ئاگری جگەر هەڵیدەگرێ و دەبیات بەرەو هەوڵ و کۆشش و خەباتی بێوچان و دەزانێت کە ئەرکی سەرشانی گرانە .. قازی بهاءالدین (ئـیبن شـیداد) لـەبارەی (صلاح الدین)ی هاوڕێیەوە دەڵێت: (صلاح الدین تەوبەیەکی چاکی کرد لـە هـەموو شـتێك کـە شەرع یاساغی کردبوو ، هەروەها وازی لە هەموو لـەززەت و خۆشـییەك هێنـاو ، هەسـتی کـرد خوای گەورە بۆ کارێکی مەزن دروستی کردووە کە ناگونجێ لەگەڵ ڕابواردن و کەیف کردنـدا .. صلاح الدین خەمێکی ئەوەندە زۆری قودسی بوو کە شاخ بەرگـەی نـەدەگرت و، هـەر دەتـووت کوڕی جگەر گۆشەی ون کردووە ، یان دەتووت ئـافرەتێکی جـەرگ سـوتاوە و خۆشەویسـتێکی لەکیس چووە).

(ل/234 محاضرات /الندوي – ل/155 النوادر السلطانية)

.

زانست بەرەو ئیمان دەچێتەوە

زۆر هەوڵ درا بۆ جیاکردنەوەی زانست و ئیمان ، بە هۆی ئـەو زوڵـم و زۆرەی کـە کەنیسـە دەیکرد لـە زانایان لـەسەدەکانی ڕابردوودا لـە ئەوروپا ، ڕاستە پیاوانی کەنیسە زانایانیان دەسـووتاند لـەسەر هەندێ بیروڕای زانستی ، بەڵام ئەمە پاکانە نیە بۆ جیاکردنەوەی ئیمان و زانست لـەیەکتری و ، هەر زوو زانایانی بە ویژدان بەبێ دەمارگیری وتیان زانست بەبێ ئیمان وەك باڵندەیەك وایە کـە بیەوێ بەیەك باڵ بفڕێت کە دیارە ئەمەش ئەستەمە.

ئەو ڕۆژگارە ڕۆیشت و هەندێ لـەوانەی کە چاویان بەشەوارە کەوتبوو بە پێشکەوتنی ڕۆژئاوا ، ویستیان هەمان بەزم لـە وڵاتە ئیسلامیەکاندا بنێنـەوە ، بـەڵام زۆر بۆیـان نەچـووە سـەر ، چـونکە ئیسلام هەرگیز دژی زانست نەبووەو ، لـەلایەکی تریشەوە ڕابوونی ئیسلامی زۆر بەهێزەوە سـەری هەڵدایەوە و لـە ڕۆژئاواش زانایان بەرەو ئیمان هاتنەوە و زانیان کە ژیان بەبێ ئیمان مانای نیە ..

زانای بەناوبانگ باول دیفیز :

زانای فیزیای بەناوبانگ (باول دیفیز) لـەساڵی1995دا جائیزەی یـەك ملیـۆن دۆلاری وەرگـرت لـەسەر پەڕاوەکەی (الله والفیزیاء الحدیث) (GOD AND THخـ.دNخـ.دW PHYSICS)، کە تیایـا دەیسـەلمێنێ ڕاستیەکانی فیزیای نوێ لـە نەفسی بەشەردا بـڕوا بـەخوا و ڕۆژی دوایـی و غـەیب دەچەسـپێنێ.. (www.Tasabد.خد.خـh.Com) .

زانای پاکستانی محمد عبدالسلام :

زانای پاکستانی محمد عبدالسلام لـەساڵی1979دا جائیزەی نۆبڵی وەرگرت لـە فیزیادا ، بـەوەی کە لێکۆڵینەوەی گرنگی کرد لـە مەسەلـەی (الجسیمات وقرائنها) وە توانی بیردۆزێ دابنێ کە تیایـا دوو هێزی سەرەکی لـەم بوونەوەرەدا بەیەکەوە ببەستێتەوە کە ئـەوانیش (هێـزی کهرومغناتیسـی و هێزی ناوکی لاوازە) .

پاش ئەوەی جائیزەکەی وەرگرت ، وتی:وورد بوونەوەم لـە ئایەتی (ومن کل شـيءٍ خلقنـا زوجـین) بووە هۆی ئەو لێکۆڵینەوانەم و گەیشتمە ئەو ئەنجامە گرنگانە . (پەڕاوی/آیـات قرآنیـة في مشـكاة العلم – د.یحیی المحجري) .

پرۆفیسۆر الفرید کوروز :

زانای بەناوبانگی جیۆلۆجیای جیهانی (پرۆفیسۆر الفرید کوروز) ئامادەی کۆنفرانسی جیۆلۆجیا بوو لـە کۆلێژی (علوم الأرض) لـە زانکۆی مەلیك عبدالعزیز ، شێخ عبدالمجید زندانی لێی پرسی :

ئێوه وەك زانای بواری جیۆلۆجیا هیچ ڕاستی و زانستێکتان لایه لەسەر ئەوەی کە کاتی خۆی نیوە دورگەی عەرەب باخ و بێستان و ڕووبار بووە و دواتر بووە بە بیابان ، وتی: بەڵێ ئەوە شتێکی زانراو و بەڵگە نەویستە لەلامان و ڕاستیەکە ناتوانین لێی ڕابکەین ، شێخ عبدالمجید پێی وت: دە گوێ بگرە بزانە کێ هەواڵی داوە بە محمد (د.خ)کە ئەم فەرموودەیەی فەرمووە کە موسلیم ڕیوایەتی کردووە (لاتقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجاً وأنهارا) ..

ئاخۆ کێ پێی ڕاگەیاندووە کە لە داهاتووش دا وای لێدێتەوە .. ئەویش بیری کردەوە و وتی: شتی بەرزی تیایە .. وتم: بینوسە بۆم ، ئەویش بە دەستی خۆی نووسی (بە ڕاستی سەرسامی کردم ئەو ڕاستیە زانستیانەی کە لە قورئان و سوننەت دا هەن ، کە ئێمە لە ڕێی زانستی نوێوە لەم دواییەدا دۆزیومانەتەوە ، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ محمد (د.خ) نەگەیشتۆتە ئەم زانیاریانە مەگەر لە ڕێی وەحی یەوە)..

بەڵێ لە دوو سەعات و نیوی کۆنفرانسێك دا زانایەکی دوور لە دینی ئەڵمانی ئاوا کاری تێکرا و ڕاوبۆچوونی گۆڕدرا بەو جۆرەی کە ئاوا تەعبیری لێکرد و نووسی.. (العلم طريق الايمان/الزنداني) .

موسوڵمانانی خوارووی ئەفریقیا :

پرۆفیسۆر زەغلول النجار کە زانایەکی میسری و پسپۆڕە لە بواری جیۆلۆجیادا دەڵێ: ساڵی1975 چووم بۆخوارووی ئەفریقیا ، لەسەر داوای موسوڵمانەکان و ماوەیەك لەلایان مامەوە ، ڕۆژی چەند وتارێکم بۆ دەدان لەچەند شوێنێکی جیاوازدا .. لەو وڵاتە جیاوازی هەبوو لەنێوان ڕەش پێست و سپی پێستەکاندا ، شوێنی برینی بلیتی ڕەش و سپی جیابوو ، چێشتخانە و پاصی ڕەش و سپی جیابوو ، لەگەڵ ئەو هەموو ستەمەی کە دەکرا ، موسوڵمانان زۆر پاك و تەمیز بوون و مزگەوتەکانیان پاك بوون ، دەیانزانی کە تەنها ئیسلامە جیاوازی ناکات لە نێوان کەس دا و فەزڵی کەس نادا بەسەر کەس دا مەگەر بەوەی کە یەکێکیان پارێزکارتر بێت.. لە زانکۆیەکی جوولەکە وتارم دا و دواتر گفتوگۆ دروست بوو ، ژنێك هەستا زۆر بەڕەقی قسەی کرد و وتی: ئێوە دواکەوتوون ، ئێوە ماف بە ئافرەت نادەن ، ئێوە کار بەدەستەکانتان دیکتاتۆرن و ... هتد .

منیش بەنەرمی وەڵامم دایەوە ، پاش دوو ساڵ هات بۆ کوەیت و موسوڵمان بوو پاش ئەوەی ڕاستیەکانی بۆ دەرکەوت .

لە دێیەکی دەوروبەری جوهانسبێرگ وتارم دا ، دوای قسەکانی من ڕەش پێستێکی چوارشانە هەستاو ویستی قسە بکات ، هەڵسوڕێنەرانی کۆڕەکە خەریك بوو نەهێڵن و ڕێی نەدەن ، وتم: بۆچی ڕێی لێدەگرن؟ وتیان: ئەوە قەشەی دێکەیە و دەترسین بەزمێك بنێتەوە وهەڵە بکات بەرامبەرت ، منیش وتم: قەیناکە ڕێی بدەن چی دەوێت بابیڵێ ! بەڵێ: ڕێیان دا و ، پیاوەکە هاتە لای مایکرۆفۆنەکە و کەوتە قسەکردن و هەموو ئامادەبووانی خستەگریان ، وتی: پێش وتارەکە کە هەموو بەیەکەوە نوێژی ئێوارەتان کرد بە کۆمەڵ و جیاوازی نەبوو لەنێوانتاندا و ڕەش و سپی و گەورە و بچووك شان بەشانی یەك وەستابوون ، ئەو دیمەنە زۆر کاری تێکردم ، بە ڕاستی من فێری گاورێتی بووم لەخوارووی ئەفریقیا و ئەوەتا قەشەم لەم ناوچەیەدا و ئەو جیاوازییە زۆرە دەبینم کە دەکرێت لە نێوان ومن و سپی پێستێك دا ئەگەر قەشەش بێت ، بۆیە وا ساڵێکە بیردەکەمەوە و وێڵم بەدوای بەرنامەیەکدا کە بەیەك چاو سەیری هەموو ئادەمیزادێك بکات ، وا ئێستا لە ئیسلامدا دۆزیمەوەو ، من زۆر گلەییم لە موسوڵمانانی ئەم دێیەی خۆمان هەیە کە بۆچی بەسنگێکی فراوانەوە ئەم ئیسلامە بەرزە پیرۆزە ناگەیەنن بە خەڵکی وێڵ و سەرگەردان تا سەرفرازبن ، وە من دەمەوێ موسوڵمان ببم ..

(زەغلول النجار) بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکانی و دەڵێ: پێم وت: برا جارێ پەلەمەکە و باشتر لێکۆڵینەوە بکە لەسەر ئیسلام ، تا قەناعەتت زیاتربێت ، کەچی ڕازی نەبوو ، وتی: دیراسەی تەواوم کردووە ولەهەموو دڵمەوە موسوڵمان بوونی خۆم ڕادەگەیەنم و (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله) .. بەدوای ئەویشدا دەیان کەسی تر موسوڵمان بوون و ئەو دیمەنە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەریان و دڵ و دەروونیانی هەژاند (بەرنامەی اسلام بلاحدود/کەناڵی محور) .

بانگخوازی نموونەیی

یەکەم / زەغلول النجار

پرۆفیسۆر زەغلول النجار لەساڵی 1933دا لە دێیەکی پارێزگای الغربیە لە میسر لەدایك بووە ، هەر لەمناڵیەوە لەسەر دەستی باوکیا قورئانی لەبەر کردووەو ، باوکی مودەڕیس بووەو زۆر خەمی بوو لەسەر ڕەوشت و خووی ئیسلامی مناڵەکانی پەروەردە بکات ، بۆیە لەسەر هەموو کۆبوونەوەیەك بۆ نان خواردن وانەیەکی پەروەردەیی کورتی داياون ..

زەغلول قۆناغەکانی خوێندنی بڕی تا گەیشتە کۆلێژی زانیاری زانکۆی قاهیرە و لەساڵی 1951ز دا بەکالوریۆسی لە جیۆلۆجیادا بەپلەی شەرف تەواو کرد و یەکەم بوو .

لەکاتی لاوی دا شوێنی قوتابخانەی ڕابـوونی ئیسـلامی (برایـان)کـەوت و ئەمـەش بـووە مایـەی بەربەرەکانیێ کردنی میری بۆی و تەنگ پێهەڵچنینی ، لەبەرئەوەی لە برایان بوو لـە زانکۆ نەکرا بە (معید) هەرچەندە یەکەمیش بوو ، ناچار لـەچەند بەڕێوەبەرایەتیەکی میسریدا کـاری کـرد و، پێـنج مانگ لـە کۆمپانیای (صحاری)ی نەوت و پێنج مانگیش لـە (مرکزی قومی بحوث) و ، دواتـر پێـنج ساڵ لەکانەکانی فۆسفات و، ناوبراو بە جۆرێك سەرکەوتوو بوو کە توانی کارێك بکات فۆسـفات لەکانەکانی (ابو طرطور) لـەماوەی شەش مانگدا بەرهەم بێت و بایی ملیارەها جونەیهی لێ بنێرێ بۆ دەرەوەی وولاَت .

لـە ئاهەنگی ناردنە دەرەوەی فۆسفات لـەو کانانەوە ، سەرۆکی یەکێتی کرێکاران وتی: (بـە ڕاستی کەسایەتیەکمان لایە کە توانیویەتی دڵی کرێکارەکان هەموو بکات بەیەك) .. ئەوەی سەیرە لـەجیاتی ئەوەی دەستی ڕێزی لێبنرێ و بەخشیشی چاکی بدرێتێ ، لـەبەرئەوەی بـانگخواز بـوو لــە کارەکەی دەرکرا !

زەغلول لەهیچ کارێکدا نەیان هێشتووە زۆر بمێنێتەوە ، بۆ ساڵێك لـە زانکۆی (عین الشــمس) دانرا و دوایش لـە زانکـۆ دەریـان کـرد .. لـەسـاڵی 1959ز خـوا دەرگـای لــەم زانـا بـانگخوازە بەناوبانگە کردەوە بەوەی بانگکرا لـە زانکۆی (آل سعود)ەوە لـە (ریاض) بۆ دامەزرانـدنی بەشـی جیولۆجیا لـەو زانکۆیە .. لـە سعودیەوە توانی بچێ بـۆ لـنـدن وە لــەوێ دکتـۆرای هێنـا لـەسـاڵی 1963ز دا ، ئینجا زانکۆ هەڵی بژارد بۆئەوەی پلـەیەکی بەرزتری بـداتێ دوای دکتۆراکـەی ، کـە ئەمەش بەیەك کەس ئەدرا ، (ئیدارەی بعثاتی میسر)ی ویسـتیان ئاسـتەنگ بهێننـە ڕێـی ، کەچـی مامۆستاکەی کە زاوای شاژنی بەریتانیا بوو نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی نارد بۆ میسری یەکان و تـی: (گومانی تیا نیە کە دکتۆر زەغلول النجار لـە هـەموو کـەس زیـاتر شـایانی ئەوەیـە کـە ئـەو پلــە زانستیەی بدرێتێ ، جا ئەگەر ڕێی لێبگرن ئـەوا هـیچ قوتابیـەکی میسـری لـەمـەودوا وەرنـاگرین) ئەوانیش ناچاربوون دەست نەهێننە ڕێی و بینێرن ..

دەستی قەدەر : لـەساڵی1961دا کە دکتۆر زەغلول ویستی لـە میسرەوە بچێ بۆ لندن و هەموو معامەلـەیەکی سەفەرەکەی کرد کەچی لـە دوا ساتدا پێیان وت : تۆ ڕێنادرێیت سەفەر بکەیت و، کارەکەش لای بەڕێوەبەری (جوازات)ە لـە پۆرسعید !

دکتور زەغلول و (محمد) ی برای بە پەلـە چون بۆ ماڵی ئەفسەرەکە لـەماڵ نەبوو ، زانیان کە لــە خەستەخانەیە و ژنەکەی لـەسەر منالْ بوونە ، خێرا چوون بۆ خەستەخانە بـۆ لای و ئـەویش پیاوانـە

فەرمانەکەی هەڵوەشاندەوە و وتی: مادام خوای گەورە ئەمڕۆ ژیانی بەخشیوە تەوە بە ژنەکەم و بەسەلامەتی هەستاوەتەوە ، ئەبێ تۆش سەفەر بکەیت ، جاچی دەبێت بابێت !) ..

جا لەبەرئەوەی سەفەرەکەی دکتور زەغلول بە کەشتی بوو ، کەشتیەکەش جوولاّبوو ، بۆیە ئەفسەرەکە بەلەمێکی بۆ دەرکرد و لەناوەڕاستی دەریادا زەغلولیان گەیاندە لای و پەیژەیان بۆ شۆڕکردەوە و بەو شەوە سەرکەوت و هەموو سەرنشینانی کەشتیەکە سەیریان دەکرد و لایان سەیر بوو .. دکتور لەم بارەیەوە دەڵێت: (بە خەیاڵمدا نەهاتووە هیچ گەورەیی و بەرزی یەك لەمە زیاتر لە ژیانمدا دەستم کەوتبێ) .

بەڵێ: ئاوا خوای گەورە لوتی دوژمنانی ڕابوونی ئیسلامی شکاند و فەرمانەکەیان هەڵوەشایەوەو دکتۆر چوو بۆ بەدەست هێنانی پلەی بەرزتر .. دکتۆریش لەبواری جیولۆجیادا چواردە بابەت و لێکۆڵینەوەی پێشکەش کرد و زانکۆش پلەی (زەمالە)ی بۆ لێکۆڵینەوەی دوای دکتۆرای دایە لە (1967–1963) ...

باس و لێکۆڵینەوەکانی دکتۆر زانکۆ بلاّوی کردونەتەوە و حەڤدە جار چاپ کراونەتەوە و نوسخەیەکیش بۆ یادگار کە شەش سەد لاپەڕەیە لە مەتحەفی بەریتانیدا دانراوە ..

دکتۆر بەشداری کرد لە دامەزراندنی بەشی جیولۆجیادا لە زانکۆی کوەیت لەساڵی 1967دا و لەساڵی 1972دا پلەی (استاذ)ی وەرگرت و بوو بە سەرۆکی بەشی جیۆلۆجیا لەهەمان ساڵدا و.. بۆ ساڵێکیش لە (1977)دا مامۆستای (زائر) بوو بۆ زانکۆی کالیفورنیا..

پاشان لە (قطر) لەساڵی 1978و1979 کاری کرد ...شایانی باسە دکتۆر (85) لێکۆڵینەوەی زانستی لەبواری جیۆلۆجیادا نوسیوە ، وەك بابەتی (کوەیت پێش شەش سەد ملیۆن ساڵ) و (وزەی ژێر خاکی سعودی) ە و (نەوت لە سروشتدا).

لە بواری ئیسلامیش دا چل بابەتی زانستی پێشکەش کردووە وەك (التطور من منظور اسلامي) و (مفهوم علم الجيولوجيا في القرآن) و (قصة الحجر الأسود في الكعبة) و (حل الاسلام لكارثة التعليم) و .. هتد ، دکتۆر دە پەڕاوی هەیە ، لەوانە (الجبال في القرآن) و (صور من حياة ماقبل التأريخ) و (أزمة التعليم المعاصر) و ... هتد .

ئەمە بێجگە لەوەی کە سەرپەرشتیاری زیاتر لە سی نامەی ماجستێر و دکتۆرا بووە لەمیسر و ولاّتانی خلیج داو ، دکتۆر یەکەم نەخشەی جیۆلۆجی بۆ بنی دەریای باکور کێشا و چەند جاریش خەلاّت کراوە .

دكتۆر بەشداری كردووە لە دامەزراندنی بانقی (دبی) و بانقی (فیصل)ی میسری و بانقی (تقوی)، ئەمە بێجگە لەوەی كە لەدەستەی دامەزرێنەرانی دەزگای خەیری ئیسلامی كوەیتی بوو ..

دكتۆر ئەندامە بۆ دەركردنی چەندەها گۆڤار لە نیویورك و پاریس و ڕاوێژكاری زانستی گۆڤاری ئیسلامی یە كە لە هیندستان دەردەچێ ،ئەمە بێجگە لەوەی كە ئەندامە لەچەندەها كۆمەڵەی زانستی ناوخۆ و دەرەوەدا كە زۆر چالاكانە كارەكانی ڕادەپەڕێنێت تیایاندا ..

بەڵێ ، د.زەغلول النجار لەڕێی زانستەكەیەوە توانی خزمەتێكی باش بە بانگەوازی ئیسلامی بكات لەسەرتاسەری جیهاندا ، لەكاتێكدا كە لە وڵاتی میسر برایان و دەنگی ڕابوونی ئیسلامی بەئاگر و ئاسن كپ دەكرا ئەم توانی ئەو دەنگە بگەیەنێتە وڵاتانی دەرەوە و لە ڕێی زانكۆكانەوە بانگەوازەكەی بڵاو بكاتەوە و لەبواری ئیعجازی زانستی قورئان و سوننەت دا خزمەتێكی باش پێشكەش بكات ..

ئێستاش سەرپەرشتیاری پەیمانگای خوێندنی باڵایە لە ئینگلتەرە بەناوی : (Markfiد.خ ld Instituteد.خ Of High د.خ rد.خ ducation) كە ماجستێر و دكتۆرا دەدات لەبوارەكانی ئیسلامدا ، وەك (ئابووری و مێژوو ،ئازادی ئافرەت و... هتد) ، شایانی باسە دكتۆر لەساڵی1986دا ژنی هێنا و خوا دوو كوڕی دایە و هەر زووش ئەمانەتەكەی لێوەرگرتەوە و كوڕەكانی بە ڕەحمەتی خوا چوون .(اسلام أون لایت . نت) .

دووەم / ابو الاعلی المودودی :

باوكی ابو الاعلی پارێزەر بوو وازی لە كارەكەی هێنا لەترسی ئەوەی كە بەرگری لەناهەق بكات و ماڵی حەرام بێتە گیرفانیەوە ، لەچوار ساڵیەوە گرنگی دا بە كوڕەكەی و لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ نوێژی جەماعەت و قورئان و موطأ ی ئیمام مالیكی پێ لەبەر كرد و مێژووی ئیسلام و هیندستانیشی بۆباس دەكرد . ابو الاعلی بەچواردە ساڵی دواناوەندی تەواو كردو بەچوارمانگ توانی بەچاكی فێری زمانی ئینگلیزی ببێت ..

ناوبراو بانگخوازێكی نموونەیی بوو ، لەگەڵ ئەوەدا كەهەژارو نەدار بوو ، بەتاقی تەنها گۆڤاری ترجمان القران ی دەردەكردو سەرپەرشتی چاپی دەكردو پاشان بە پاسكیل بڵاویشی دەكردەوە .

لە تەمەنی پڕ بەرەكەتیدا سەدوچل پەڕاوی نووسیو نزیكەی هەزار نامەشی ئاڕاستەی گەورە پیاوان و ناوداران كرد ، بۆیە ابوالحسن الندوی دەڵێت : وانازانم كەس بەهێندەی ابو الاعلی كاریگەری هەبووبێ لەسەر نەوەی نوێ .

لەساڵی 1941 دا کۆمەڵی ئیسلامی دامەزراندو چەندجار بەندکرا و چـەند ساڵیکی لەبەندیخانـەدا بردە سەر ..

لیوا محمود شیت خەتاب دەڵیٚ : جاریٚك سەرۆکی عیٚراقی عبدالسلام عـارف نـاردمی کـە لای حکومەتی پاکسـتانی هـەوڵی بۆبـدەم بـەربیٚ ، کەچـوومە لای مـەودودی و پـیٚم وت بۆکـاریٚکی واهاتووم بەهیچ جۆریٚك قایل نەبوو ، بەندیخانەی پیٚ باشتر بوو لەپاڕانەوە لـە حکومەت ..
مەودودی ئەندامی دامەزریٚنەری رابیتـەی عالـەمی ئیسـلامی و زۆر ڕیٚکخـراوی تـر بـوو ، تـوانی بەربەستیٚکی پۆلاین بیٚت لەبەردەم دوژمنانی ئیسلامدا ..

لەیەکیٚك لەوتە بەنرخەکانیدا بە بانگخوازان دەڵیٚت :چی کیٚشەو نارەحەتیتان هەیە ، بیبەسـتن بە بەردیٚکەوەو بیخەنە بنی دەریاوە تا سـەرقاڵتان نـەکات و دووربکەونـەوە لـەکاری بـانگخوازی وخزمەت بە ئیسلام.(بەرنامەی أوراق کەناڵی اقرأ).

ئاینێکی جیهانی بیٚ سنوور

ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەتاهەتاییەیە و بۆ هەموو بەرەی ئادەمیەیە و هیچ سنووریٚك نـاتوانیٚ ڕیٚـی لیٚبگریٚت و هەرکەس گویٚی لـە قورئان بوو‌بیٚت ، یان دڵی بۆ شتیٚکی ئـەم ئایینـە کردبیٚتـەوە ، بۆتـە مایەی هیدایەتی .. ئافرەتیٚکی ئەمریکی دەچیٚ بۆ تایلاند بۆ هەڵگەران بەشـاخ دا ، گـویٚی لـەبانگ دەبیٚ و ئەمەش بەرەو ئیسلامی دێنیٚ و موسوڵمان دەبیٚت ، پرۆفیسۆر زەغلول النجـار دەڵـیٚ: ئـەو ئافرەتە سەردانی کردم و باسی موسوڵمان بوونەکەی خۆی بۆ کردم ..

لـە وولاٚتی بەحرەینیش بەهۆی بنکەی (التعریف بالاسلام)ەوە لـەم سیٚ سـاڵەی دوایيـدا نزیکـەی هەزار بیانی موسوڵمان بوون . دیارە بانگەواز پیٚویستی بەهۆکاری تایبەتە ، وەك زانینی زمانی بیـانی و ، وە رگیٚڕانی قورئان و پەڕاوی تر بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان .

وەرگیٚڕانی قورئان بۆ سەر زمانی ئینگلیری

لـە دەیان ساڵ لەمەوبەردا لـە ولاٚتی هیندستان بازرگانیٚکی موسوڵمان بـەناوی (یوسـف علـی) خەو دەبینیٚ بە ژنەکەیەوە کە دووگیان بـووە ، لــە خەوەکەیـدا کـوڕیٚکی دەبیٚـت و کوڕەکـەش لەباوەشی حەزرەتدا دەبیٚت ، پرسیار دەکات لەوانەی کە لەخەو دەزانن ، پیٚی دەڵـیٚن: کوڕیٚکـت دەبیٚت و خزمەت بەپیٚغەمبەر (د.خ)و ئیسلام دەکات .. جـا وەك خـوا بیـەویٚ بەخـەو ئیشـارەتیٚکی بداتیٚ و ڕیٚنمایی بکات بۆ کاریٚکی مەزن .

بەڵێ ..پاش ماوەیەك کوڕێکیان بوو نـاوی نـا (عبداللـه) ، یوسـف عـەلی زۆر گرنگیـدا بـە پەروەردەی منداڵەکەی و کەگەورە بوو خستیە بەر خوێندن و باشترین مامۆستای بۆ پەیدا دەکـرد و ناردیشی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە لـە بـەریتانیا و ئـەویش بڕوانامـەی هێنـا و ئینگلیزیـیـەکی بـاش فێربوو ، خۆی و هاوسەرەکەی خزمەتێکیباشی ئیسلامیان کرد و چـەند پـەڕاوێکی نووسـی و زۆر خەمیبوو کە مانای ئایەتەکانی قورئان بە ئینگلیزی لێك بداتەوە ، تا هەموو کەس تێی بگات وپاش سی ساڵ ڕەنج و شەونخونی توانیان بەو کارە هەستن و بیێ بەیەکەم وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی کە لەلایەن موسوڵمانێکەوە کرابێت ..

پرۆفیسۆر تی بی ئێرڤنگ :

نـاوبراو مامۆسـتای زانکـۆی تێنسـی ئـەمریکیبوو ، لــە شەسـتەکاندا بەشـداری کـرد لــە کۆنفرانسـێکدا لــەبارەی وەرگێڕانـی قورئانـەوە .. دکتـۆر زەغلـول النجـار دەڵـێ: لەبەرئـەوەی کۆنفرانسەکە لەبارەی وەرگێڕانی قورئانەوە بوو منیش چووم ، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام وتارەکەی پرۆفیسۆر ئێرڤنگ بوو کە پیاوێکی بەتەمەنی بە ویقار بوو ، بەهەسـت و سـۆزێکی بـەرزەوە باسـی وەرگێڕانی قورئانی کرد کە زەحمەتە و وتی: من لەهەموو زمانی ئینگلیزیدا ناتوانم وشـە بهێـنم کـە دەقاودەق مانای(ياأيها الذين آمنو اتقوا الله حق تقاته) بدات ..

دوای وتارەکەی چووم بۆلای و زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردم و لێم پرسـی: تـۆ پەیوەنـدیت چی یە بە ئیسلامەوە ؟ ئەویش وتی: من خۆم و ژن و منداڵەکانم موسڵمان بـووین .. وتم: چـی وای لێکردی موسوڵمان ببیت؟! وتی: من نامەی دکتۆرام ئامادە دەکرد لـەسەر زمانی ئیسـپانی سـەیرم کرد کە زۆر ووشـەی عـەرەبی تیایـە ، بۆیـە پەیوەنـدیم کـرد بـە هەنـدێ عەرەبـەوە ، بـۆ زیـاتر شارەزابوون ، کەچی زمانی (فوصحایان) نەدەزانی ، بۆیە کەوتمە دیراسەی قورئان تازیـاتر لـەزمانی فصحای عەرەبی شارەزابیم ، قورئان دڵی کەمەندکێش کردم بەبێ ئەوەی کەس باسی ئیسـلامم بـۆ بکات ، ئیتر لەو ساتەوە خۆم و ماڵ و منداڵم موسڵمان بووین ، قورئانیشم وەرگێڕایـە سـەر زمـانی ئینگلیزی ، چونکە بەڕاستی قورئانێکی وانەبوو کە بەچاکی وەرگێڕدرابێ لەلایەن موسوڵمانانەوە ، ئەوەی لـەبەردەستا بوو وەرگێڕانەکەی (سەیل)ی ئینگلیزی بوو کە هەشتا و پێنج لاپەڕە پێشەکی بۆ نووسیوەو بوختان دەکات بۆ ئەم دینە و دەیـەوێ هەرکـەس خوێندیـەوە گومـان لـەدڵیا دروسـت بکات، ئەمە بێجگە لە دەستکاری مانای ئایەت و تەزویرێکی زۆر کە کردویـەتی .. شـایانی باسـە

وەرگێڕانەکەی (عبدالله یوسف علی) یش بە زمانی شکسپیر بوو کە ئینگلیزیەکەی قورسەو ئێستا کەم کەس سوودی لێوەردەگرێت ..

دکتۆر زەغلول دەڵێ: بە ڕاستی ئێرڤنگ خۆی و منداڵەکانی قوتابخانەیەکی بانگەوازبوون بۆ ئیسلام ، بۆیە لەساڵی1963دا داوەتنامەم بۆ نارد تا بێت بۆ ئوسکۆتلەندە و وتار بۆ موسوڵمانان بدات ،کە گەیشت پارەی بلیتەکانی داینەوەو وتی: حەز دەکەم خۆم پارەکە بدەم تا خێری زیاترم دەست بکەوێت ..

جا کە وتاری بۆداین وتی: بەڕاستی موسوڵمانینە زۆر نووستن ، هەق وابوو ئێستا ئێوە پێشەواو ڕابەری جیهان بن .. چل لاوی خوێن گەرمم بدەنێ کە جوان پەیڕەوی ئیسلام بکەن و باش تێی بگەن ، بزانن چۆن فەتحی عالەمیان پێدەکەم .

موسوڵمانینە ڕاستە ئێوە ئێستا لەزۆر بواردا دواکەوتوون ، بەڵام نوورێکتان پێیە کە لای کەسی تر نیە و دەتوانن وا بکەن کەدنیا بە چۆکدا بێت بۆتان .. شایانی باسە پرۆفیسۆر ئێرڤنگ تائێستا ماوەو خەریکی هەوڵ و کۆششە بۆ ئیسلام لە جیهاندا .

موسوڵمان بوونی پزیشکی ئیسپانی رافاییل کۆندی :

پرۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێ: دکتۆر (کۆندی) پزیشکێکی ئیسپانی بوو ، خاوەنی عەیادە و خەستەخانەی خۆی بوو ، زۆر هەوڵیداکە کچەکەی ببێت بەپزیشك و جێیبگرێتەوە ، کەچی قەدەری خوا وابوو کە لە پێشبڕکێی شۆفێردا لە لۆفەیەك دا وەربگەڕێ و بمرێت .

دوای ئەم ڕووداوە زۆر شەو دەچووە خەوی باوکی و پێی دەووت باوکە لەگەڵ یەکتاپەرستەکاندابە و ڕێی ڕاست بگرەبەر .. ئەمیش ئەم خەوەی زۆر لا سەیربوو ، ئەبێ ڕێی ڕاست چی بێ و چۆن بێ و لای کێ بێ ؟ بۆیە ڕۆژێ چوو سەردانی زانکۆی کرد و هاوەڵەکانی کچەکەی بینی و، پاش پرسیارکردن بۆی دەرکەوت کە کچەکەی لە زانکۆ هاوەڵی موسوڵمانی هەبووە و موسوڵمان بووبوو ، وە بەتەمابوو لەداهاتوودا موسوڵمان بوونەکەی ڕابگەیەنێ ..

پاش ئەوە کۆندی شەو خەو بە کەعبەوە دەبینێ و زۆر لای سەیر دەبێت و ، حەز دەکات کە زیارەتی کەعبە بکات ، بۆیە داوا لە هاوەڵێکی دەکات کە ناوی (عبدالصمد رومیرۆ رومان)بوو ، تا کاری بۆ ئاسان بکات بۆ چوون بۆ زیارەتی کەعبە ، ئەویش پێی وت: تا موسوڵمان نەبی ناتوانی بچی بۆ زیارەتی کەعبە.

بۆ ئەمەش عبدالصمد لە ڕێی برادەرێکییەوە لەجەدەوە کە خەستەخانەی هەبوو داوەتنامەی نارد بۆ دکتۆر کۆنـدی ، کاتێـك گەیشـتە جـدە ، فێـری ئیحـرام بەسـتن و عـومرەکردنی کـرد و موسوڵمان بوونی خۆی تۆمارکرد ، پاش ئەمـە دکتـۆر کۆنـدی چـوو بـۆ زیـارەتی کەعبـە و هـەر ئەوەندەی لەدوورەوە بینی ئەوەندە گریا خەریك بوو ببورێتەوە و وتی: سبحان الله ، ئـەوەی ئێسـتە دەیبینم ئەوەیە کە لەخەوەکەمدا بینیومە ..

پرۆفیسۆر زەغلول دەڵێ: کە دکتـۆر کۆنـدیم بینـی زۆر گلـەیی کـرد و وتـی: ئێـوە بەڕاسـتی ئیسپانیاتان پشت گوێ خستووە ، لەکاتێکدا ئیسپانیەکان دەتوانن ببنە نوێنەرتان بۆ هەموو ئـەوروپا و دەروازەیەکی گرنگە بۆ ئیسلام..

ئینجا وتی: ئێمە بە ئەسڵ موسوڵمانین ، هەرچەندە ئێستا هـیچ لەئیسـلام نـازانین ، ماڵـەکانمان ئایەتی تیا هەڵواسراوە و تێی ناگەین ، ئێمە کاتی خوێ باووباپیرمان لەسـەر ئیسـلام سـزا دراون و تائێستاش مردوو لەلای ئێمە دەشۆرێت و کفن دەکرێـت و لەسـەر لای ڕاسـت دەنێـژرێت .. بـە ڕاستی تەنانەت ناوی من (کۆندی) لەزانای بەناوبانگی موسوڵمانەوە (کندی) هاتووە ..
ئێوە هەقە بانگی خوا بدەنەوە بەگوێی ئیسپانیەکاندا .. شایانی باسە دکتۆر کۆندی و عبدالصـمدی هاوەڵی چوونە سەرایڤۆ و خەستەخانەیان لەسەر حسابی خۆیان کردەوەو خزمەتێکی موسوڵمانانیان کرد کە بە دەوڵەتیش نەدەکرا .. (بەرنامەی اسلام بلا حدود) .

موسوڵمانبوونی هەژدە پرۆفیسۆر لە لەندەن:

پرۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێ: چوار ساڵ لەمەوبەر بانگ کرام بۆ زانکۆیەکی لەندەن ، کـە بەشداری بکەم لە کۆنفرانسێکدا لەبارەی قورئانەوە ، زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسە کۆنەکان بەشـدارییان کرد کە کۆنە قینێکیان لەدڵدایە بەرامبەر ئیسلام و کاتی خۆی دەزگا سیخوڕییەکان ناردبوویـانن بۆ وولاتە ئیسلامیەکان ..

لە کۆنفرانسەکەدا هەژدە پرۆفیسۆری ڕۆژهەڵاتناس کە تەمەنیان نزیکەی (35 –40) سـاڵێك دەبوو ، هەموو موسوڵمان بوون بەهۆی ئەو باسانەی کە لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش کران .
یەکێك لەو پرۆفیسۆرە گەنجانە وتی: ئەمشەو کە باسەکەم ئامادە دەکرد ، لەبەر خۆمـەوە وتم: باشە ئەمە هەق نییە ؟ دەی کە دەزانی هەقە بۆ دوای‌ناکەوی ؟ لەچی دەترسی؟ پاش تاووتوێ یەك لەنەفسی خۆم دا بڕیارم دا موسوڵمان بم و خۆم یەکلایی کردەوەو خۆم گۆڕی و هەر شەوێ چووم لە مەرکەزێکی ئیسلامی موسوڵمان بوونی خۆم ڕاگەیاند ..

موسڵمانبوونی عبد الصمد رۆمیرۆ رۆمان :

دکتۆر زەغلول دەڵێت : ساڵێکیان لە حەج بووم ، لە عەرەفە پیاوێك هات بۆ لام کە ناوی عبدالصمد بوو، کوڕە تەمەن نۆ ساڵەکەشی لەگەڵ بوو کە هەموو قورئانی لەبەربوو، پاش خۆش وچۆنی کەوتە باسی موسڵمانبوونی خۆی و وتی : من ئیسپانیم وپسپۆڕم لە بواری مۆسیقادا ، ویستم لێکۆڵینەوەیەك ئامادە بکەم لەسەر مۆسیقای کلاسیکی و هەر پەڕاوێکم دەخوێندەوە باسی گەورە مۆسیقارە کانی دەکرد وەك بتهۆڤن ، منیش پێم باش بووکە بۆ دەوڵەمەند کردنی باسەکەم لێکۆلینەوە بکەم لەسەر موەشەحاتی ئەندەلووسی.

لەمووەشەحاتەوە یەکخواناسی فێربووم و لەبەر ئەوەی کەزۆر باسی پێغەمبەریشی تیایە لام خۆشەویست بوو ، چونکە بەڕاستی ئەو کەسێکە کە ناڕەحەتی زۆری هاتە ڕێ و خۆگر بوو ، وە بە درێژایی بیست و سێ ساڵ تۆزقاڵێك دانەبەزی لەبیروڕاکەی.. هاوین گەڕامەوە ماڵی باوکم لە (غرناطة)وپاشان خانوویەکم بەکرێ گرت لە گەڕەکی موسڵمانەکان کە بەڕاستی زۆر ڕێزیان لێدەگرتم و منیش گوێم دەگرت لە قورئانی مزگەوت و زۆر کاری تێدەکردم ، بۆیە داوام کرد لێیان کەکاسێتێکم بۆ بهێنن ،ئەوانیش کاسێتێکی عبدالباسط یان بۆ هێنام و کاتێك بەکۆمپیوتەر لێکۆڵینەوەم لەسەر کرد بۆم دەرکەوت کە ئەو مۆسیقایەی لە قورئاندا هەیە بەڵگەیە لەسەر موعجیزەکەی ..

بەیانیان زوو گوێم دەگرت لە قورئانی پێشنوێژی مزگەوت و زۆر کاری تێدەکردم ، تا ڕۆژێك دراوسێکانم وتیان کۆنفرانسێك هەیە لەشاری(تطوان)لەبارەی موەشەحاتەوە و هەفتەیەك دەخایەنێت ، بڕیارمان دا بەیەکەوە بە ئوتومبیلەکەی من بچین ..

پاش سێ ڕۆژ لە کۆنفرانسەکە بەناو شاردا گەڕاین ، بانگی ئێوارەی داو ، برادەرەکانم چوون بۆمزگەوت بۆ نوێژو منیش بەپیاسە بەدەوری مزگەوتەکەدا دەسوڕامەوە و قورئان خوێندنی پێشنوێژی مزگەوتەکە هەست وهۆشی هەژاندم و بەپەلە چوومەوە ناو ئوتومبیلەکەم و زۆر گریام ،کە برادەرەکانم هاتنەوەو بەو بێتاقەتیە منیان بینی ، پرسیاریان کرد : چی بووە ؟ چی قەوماوە ؟ منیش وتم : هیچ نیەو دەمەوێت بە زووترین کات بگەڕێینەوە بۆ شاری غرناطة ، ئیتر پێکەوە گەڕاینەوە و یەکسەر لەماڵەوە خۆم شت و چووم بۆ مزگەوت و موسڵمان بوونی خۆم ڕاگەیاند ..

سەفیری سعودیە کە بەمەی زانی دەعوەتی کردین بۆ حەج و پاشان (منحەیان) داینیٚ کە خـۆم و هاوسەرم لـە زانکۆی (ام القری) بخـوێنین و تـوانیم ماجسـتێر بهێـنم لـە دراسـات ئیسـلامیداو هاوسەرەکەشم بڕوانامەی لە پەروەردەی ئیسلامیدا هێنا ..

دکتۆر زەغلول دەڵێت : ناوبراو جارێك لـە ڕەمەزاندا هات بۆلام بۆ قاهیرەولـە ماڵمان مایـەوە ، شەو کە چووم ئاگاداری بکەمەوە بۆ پارشێو بینـیم کەپێشـتر هەسـتاوەو خـەریکی شـەو نوێـژە .. جارێکی تریش کەچووم لـە فڕۆکەخانـە پێشـوازیان بکـەم ، بینـیم پیـاوێکی ئینگلیـزی لـەگەڵدایـە کەژنەکەی ئیسپانی بوو ، وەتەنها لـەماوەی چەند سەعاتی گەشتەکەیاندا لـە ئیسـپانیاوە بـۆ قـاهیرە توانیبووی موسڵمانیان بکات ..

ساڵی پاریش بینیم لـە (شارقە) و بۆی باسکردم کە کۆلێژی دیراسات ئیسلامی کردۆتـەوە و خەڵکێکی زۆر لێی سوودمەندن ، ئەمـە بێجگـە لـەوەی کـە ئیستگەشـیان هەیـەو بووەتـە هـۆی موسڵمان بوونی خەڵکی وئێستا نزیکەی ملوێنێك موسڵمان هەیە لەو ولاٌتەدا ..

خستنەڕووی ئایەتەکانی قورئان و بوونەوەر لە بانگەوازدا

(1) لە خۆتان وردبنەوە :

قورئان دەفەرموێت(وفي أنفسكم أفلا تبصرون) الذاريات 21..وردبوونەوە لـە دەروونی مرۆڤ و پێکهاتنی ئەندامەکانی ، مرۆڤ دەبات بەرەو ئیمان و تێگەیشتن لـە دەسەلاٌتی پەروەردگار، بۆ نموونە: یەکەم : خڕۆکە سوورەکان سەد و بیست ڕۆژ دەژیـن و دوای ئـەوە دەمـرن و لــە ڕێـی سـپڵەوە دەردەکرێنە دەرەوەو خانەی نویٚ لـەجێیان دروست دەکرێنەوە ، لـەباروزرووفی ئاساییدا دوو ملیۆن و نیو خڕۆکەی سوور لـە چرکەیەکدا بەرهەم دەهێنرێت لـە لـەشداو ، ئەم ژمارەیەش زیـاتر دەبێـت ئەگـەر پێویسـت بکـات ، ڕێـژەی ئـەم بەرهـەم هێنانـەش هۆرمۆنێـك ڕێکـی دەخـات کـە نـاوی (ئیریسرۆپۆیتین)ە ..

کاتێك لـە ڕووداو و کارەساتێکدا مرۆڤ تووشی خوێن لـەبەر ڕۆیشـتن دەبێـت ، بەرهـەم هێنـان زیاد دەکات .. هەروەها کاتێك مرۆڤ بەسەر شوێنێکی بەرزدا سەرکەوێت و ئۆکسجین کەم بکـات خڕۆکەی سوور زیاتر بەرهەم دەهێنرێت تا زۆرترین ئۆکسجین وەربگرێـت.. ل126 / التصـميم في الطبيعة/هارون يحيى ، وەرگێڕانی أورخان محمد علي) .

دووەم : لە هەوادا تۆز و خۆڵ هەیە ولەساڵێکدا مرۆڤ نزیکـەی نیـو کیلـۆ تـۆز و خـۆڵ لـە ڕێـی لووتیەوە بە هەناسەدان هەڵدەمژێت و، ئەگەر شەست ساڵ بژی دەکاتە نزیکەی سی کیلۆ .

پەروەردگاریش بۆ پاراستنی مرۆڤ لەو تۆز و خۆڵە لووتی بە جۆرێك دروست کـردووە کـە ڕێ لەو تۆز و خۆڵە بگرێ وکەمترینی بگاتە ناو بۆری هەناسە و سیەکان ، ئینجـا بـەهۆی پژمینـەوە ئەگەر ڤایرۆس و تۆز و خۆڵ هێڵەکانی بەرگری بڕیبـوو دێنـەوە دەرەوە ، بۆیـە سـوننەتە سوپاسـی خوای لەسەر بکرێ .

هەروەها لە لووت دا ملیۆنەها خانەی بۆن کردن هەیە کـە نزیکـەی سـێ هـەزار جـۆر بـۆن لەیەکتری جیا دەکاتەوەو هەستی پێدەکات .. ئەمە بێجگە لەوەی کە لووت وەك ئێرکۆندیشن وایە ، ئەگەر هەوای دەرەوە گەرم بوو وەك (ربعی الخالی) کە دەگاتە (50) پلە ، یـان سـارد بـوو وەك (سیبریا) ، ئەوا لەچوار چرکەدا هەواکە گەرم بێت یان سارد دەیکات بە (30 – 37) پلە ئەمـەش بۆئەوەی زیان بە سـیەکان نەگەیـەنێت .. (د.عبدالحمیـد القضـاة – وتـاری (وفي انفسـکم أفـلا تبصرون)).

(2) سەرنج ڕاکێشان بۆ دروستکراوەکانی خوا :

قورئان دەفەرموێت (إن في السماوات والأرض لآيات لقومٍ مؤمنين وفي خلقكم ومايبث من دابةٍ آياتٌ لقومٍ يوقنون) الجاثیة/4 .

واتە: بە ڕاستی لە ئاسمانەکان و زەویدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن دەربارەی گـەورەیی دەسـەڵاتی پەروەردگار بۆ کەسانێك کە بڕوادارن ، هەروەها لە دروستکردنی ئێوەدا و لەو هەموو زینـدەوەرە جۆراوجۆرانەی کە لەسەر زەوی و ژێرزەوی و نـاو ئـاودا هـەن و بڵاویـان دەکاتـەوە ، بەڵگـە و نیشانەن لەسەر دەسەڵاتی خوا بۆ کەسانێك کە دڵنیان و باوەڕی دامەزراویان هەیە .

هەروەها دەفەرموێت (خلقَ السماوات بِغَيرِ عمدٍ تَرَونها ، وألقـى في الأرض رواسـيَ أن تَميـدَ بكـم وبثَ فيها من كل دابة وأنزلنا من السماءِ ماءً فأنبتنا فيها من كل زوجٍ كريم ، هذا خلـق الله فـأروني ماذا خلق الذين مِنْ دونهِ بلِ الظالمونَ في ضلالٍ مُبينْ) لقمان 10.

واتە: ئاسمانەکانی دروست کردووە بـەبێ کۆڵەکـە بەچـاوی خۆتـان دەیبیـنن ، لـە زەویشـدا کێوەکانی دامەزراندووە کە لەنگەری زەویان ڕاگرتووەو (چەندەها سوودی تریـان هەیـە) نـەوەکو ژێرەو ژوور بن و لاربـنـەوە ، جۆرەهـا زینـدەوەر و گیـان لەبەریشـی تیـادا بڵاوکردۆتـەوە ، لـە

ئاسمانیشەوە بارانمان باراند و، جۆرەها ڕووەك و گژوگیای هاوجووتی بەسوود و بەکەڵك و جوان ڕازاوەمان لە زەویدا پێ ڕواند .

ئائەمەیە دروست کراوەکانی خوا ، وەرن پیشانم بدەن بزانم ئەوانی تر جگە لەو زاتە ، چیان دروستکردووە ، نەخێر هیچیان دروست نەکردووە ، بەڵکو ستەمکاران هەمیشە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان .

خوای گەورە هەرچی دروستکردووە بەوپەڕی وردی و حیکمەتەوە بەدی هێناوە (وخلق كل شيء فقدره تقديرا) الفرقان/2 . بۆ نموونە: مێشوولە بەو وردی و بچکۆلەییەوە بەڵگەیە لەسەر دەسەلاّتی پەروەردگار بۆیە لەبارەیەوە دەفەرموێت (إن الله لايستحي أن يضرب مثلاً مابعوضةً فما فوقها ، فأما الذينَ آمنوا فيعلمونَ أنه الحق من رَبهم ، وأما الذين كفروا فيقولون ماذا أراد الله بهذا مثلا ، يُضل به كثيراً ويهدي به كثيرا ، ومايُضل به إلا الفاسقينْ) (البقرة/26) .

واتە: بە ڕاستی خوا نەنگ نیە بەلایەوە هەر نموونەیەك بهێنێتەوە بە مێشوولەیەك ، لەویش گەورەتر یان بچوکتر ، جا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە ئەوە چاك دەزانن ئەم نموونەیە ڕاستە و لەلایەن پەروەردگاریانەوەیە ، ئەوانەش کافر و بێباوەڕن دەڵێن: خوا مەبەستی چی بوو لەم نموونەیەدا ؟ (خوای گەورەش دەفەرموێت) زۆرێکی پێ گومڕا دەکات و زۆرێکی تریشی پێ هیدایەت و ڕینموویی دەکات ، بەلاّم دیارە جگە لە لار و وێرو یاخی و تاوانباران کەسی تر گومڕا ناکات .

مێشوولە :

مێشوولە بەهۆی نیزامێکی هەستی تایبەتیەوە جێی نێچیرەکەی دیاری دەکات و ، دەتوانێت لەتاریکیدا بەهۆی گەرمی لەشی نێچیرەکەوە بزانێ لەکوێدایە .. ئینجا کەلەسەر پێست دەنیشێتەوەو کونی دەکات ماددەیەك دەردەدات کە تەخدیری خانەکانی پێست دەکات لەو شوێنەدا و پاشان دەکەوێتە خوێن مژین و هەمان مادده نایەڵێ خوێنەکە بمەێت (ل/188 خديعة التطور/هارون يحيى/ وەرگێڕانی سلیمان بایبارا).

سەیری فڕینی باڵندە بکەن :

قورئانی پیرۆز سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ باڵندە و فڕینەکەی کە چۆن خوای گەورە لەشی وا دروستکردووە کە بەئاسمانا بفڕێت و نیزامێکی تایبەتی وای بۆداناوە کە ژیانی ئاسان بێت ، هەروەك دەفەرموێت: (أولَم يَرَوا إلى الطيرِ فوقَهُم صافات ويقبضن ما يُمسكهُن إلا الرحمنُ إنهُ بِكل شيءٍ بصير) (الملك/19) . واتە: ئایا سەرنجی باڵندەیان نەداوە بەسەریانەوە پۆل پۆل دەفڕن و باڵەکانیان

لێك دەنێن ، ئەو باڵندانە جگە لەخوای میهرەبان کەس بەئاسمانەوە ڕاگیریان ناکات ، بە ڕاستی ئەو زاتە بەهەموو شتێك بینایە و هیچی لێ ون نابێت و چاودێری هەموو دروست کراوەکانی دەکات .

باڵندەی (زەقزاق)ی ئاڵتونی : کۆچ دەکات لە (ئالاسکا)وە بۆ دوورگەکانی (هاوای) بۆئەوەی زستانی تیا بەسەر بەرێت ، جا لەبەرئەوەی لە ڕێگاکەیدا دوورگەی تر نیە ، ناچارە چوار هەزار کیلۆمەتر بەیەك جار ببڕێت و نزیکەی دووسەد و پەنجا هەزار جار باڵ بدات بەیەکدا و ئەم گەشتەشی (88) سەعات دەخایەنێت ..

کێشی ئەم باڵندەیە لەسەرەتای کۆچ کردندا (200)گرامە که (70)گرامی چەوری یە و بۆ وزە بەکاری دەهێنێت ، جا ئەگەر بڕی ئەو وزەیەی پێویستێتی بۆ ئەم گەشتە حسابی بکەین دەبینین پێویستی بە هەشتا ودوو گرامە ، واتە دوانزە گرامی کەمە بۆئەوەی گەشتەکەی تەواو بکات ..

خوای گەورە وای دروست کردوون کە بەشێوەی (7) بفڕن و بەوەش کەمترین وزە سەرف دەکا و لەسەدا بیست و سێی وزەکەی بۆ دەگەڕێتەوە ، واتە لەجیاتی ئەوەی وزەی لێ ببڕێت ، نزیکەی شەش گرام چەوریشی زیاد دەبێت کە دەتوانێت بۆ حالاَتی (طواری) و ناکا و سوودی لێوەرگرێت (ل52 التصمیم في الطبیعة) ..

باڵی مێرووەکان :

زانای بایۆلۆجی ئینگلیزی (روبین ووتون) لەباسێکدا بەناوی (التصمیم المیکانیکي لأجنحة الحشرات) دا دەڵێت: هەرچەند چاکتر و زیاتر تێبگەین لەکاری باڵی مێرووەکان ، ئەوەندە زیاتر تصمیمی ورد و بەدیقەتیان دەردەکەوێت بۆمان .. بە ڕاستی باڵەکانی مێرووەکان بە ووردی دروست کراون و بە جۆرێکن کە بەئاسانی هەموو پارچەکانی لەشی بجوڵێن وزیاتر بتوانێت لە هەوادا بمێنێتەوە ..(ل/14 التصمیم في الطبیعة/هارون یحیی ، وەرگێڕانی ئورخان محمد علی) .

پووش بەقنە- الیعسوب:

پووش بەقنە چوار باڵی هەیە و ناتوانێ قەیی بکات و بیخاتەوە سەر لەشی ئەم وردەکارییەی باڵەکانی وایکرد لە کۆمپانیای فڕۆکەی هێلیکۆبتەر (سیکورسکی) کە لەسەر شێوەو پێکهاتە و جۆری کارکردنی باڵەکانی فڕۆکەی هێلیکۆپتەر و فڕۆکەی گواستنەوە تصمیم بکات ..

(جیلز مارتن)ی وێنەگری دیاردە سروشتیەکان ، هەستا بە لێکۆڵینەوەی پووش بەقنە بۆ ماوەی دوو ساڵ و دەڵێت: ئەم زیندەوەرە ئالیەتێکی فڕینی زۆر ئاڵۆزی هەیە و ئەتوانێ لەوپەڕی خێراییدا بوەستێ و پاشان یەکسەر دەست بکاتەوە بە فڕین بەپێچەوانەی ئاڕاستەیەوە و خێرایشی دەگاتە

(40 کم/سەعات)دا و ، دەتوانێ بەو خێراییە خۆی بدات بە نێچیرەکەیدا و بیبورێنێتەوە یان بیمرێنێت ، ئینجا بیخوات . هەر چاوێکێشی پێك هاتووە لە سێ هەزار هاوێنەی جیاواز ، کە وا دەکەن بوارێکی زۆر فراوان ببینێ .

شایانی باسە کۆنترین پووش بەقنەی بەبەرد بوو دەگەڕێتەوە بۆ دووسەد و پەنجا ملیۆن ساڵ لەمەوبەر کە هەر وەکو ئێستایەو،ئەمەش پشتی بیردۆزی (تطور) دەشکێنێ (ل/16 التصمیم في الطبیعة) .

زانای فەڕەنسی بواری گیانلەبەران (بییر بول غراسە) دەڵێت: (ئێمە تائێستا لە تاریکیەکی تەواودایین لەبارەی ئەسڵی مێرووەکان) .. چونکە تائێستا یەك بەڵگە نەدۆزراوەتەوە لە (متحجرات) و ئەو مێروانەی کە بوونەتە بەرد قۆناغەکانی پەرەسەندنی تیا دیاربێت .

گیانلەبەرانیش ئوممەتن :

(وما منْ دابةٍ في الارض ولاطائرٍ يطيرُ بجناحيه إلا أممٌ أمثالكم مافرطنا في الكتاب من شيءٍ ثم إلى ربهم يحشرون ، والذين كَذبوا بآياتنا صمٌ وبكمٌ في الظلمات ، من يشأ اللهُ يضللهُ ومن يشأ يجعله على صراط مستقيم) الانعام/39

واتە: هیچ زیندەوەر و گیانلەبەرێك نیە بەسەر زەویدا بڕوات وهیچ باڵندەیەك نیە بە باڵەکانی بفڕێت و ئەوانیش ئوممەت و گەلێك نەبن وەك ئێوە ، دڵنیابن هیچ شتێك نیە پشت گوێمان خستبێت لە پەڕاوە تایبەتیەکەی (لوح المحفوظ)دا ، لەمەودوا هەر هەموو ئەوانە کۆ دەکرێنەوە بۆلای پەروەردگاریان ، بۆئەوەی دادگایی بکرێن و هەموو کەس مافی خۆی وەربگرێت ، یان تۆڵەی ڕەوای لێبسەنرێت .

ئەوانەی کە بڕوایان نەکردووە بەئایەت و فەرمانەکانی ئێمە ، کەڕن وحەق نابیستن و، لاڵن وحەق ناڵێن ، لەناو تاریکیەکاندا ژیان بەسەردەبەن ، بێگومان ئەوەی خوا بیەوێت گومڕای دەکات (چونکە دەستپێشخەرە لەو بوارەدا و بەخواهێشتی خۆی هەڵی بژاردوە) و ئەوەش کە بیەوێت هیدایەتی بداو (هیدایەت وەرگرێت) دەیخاتە سەر ڕێبازی ڕاست و ڕەوا ..

ئەم ئایەتە بۆ خۆی موعجزەیەکی گەورەیە ، چونکە کێ دەتوانێ هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر بڵێ : هەرچی گیانلەبەرێك هەیە و هەرچی بەباڵ دەفڕێت ئوممەتن .. ئەمڕۆ پاش ئەو هەموو هەوڵ و کۆشش و ڕەنجەی زانایان ئەو ڕاستیە دەرکەوتووە ، پسپۆڕانی ئەو بوارە پاش چاودێری و دیراسەی ساڵەهای ساڵی گیانلەبەران و باڵندەکان دەڵێن: هەموو گیانلەبەران و

باڵندەکان لەناو خۆیاندا جۆرە لەیەکتر گەیشتن و فیداکاری و خۆشەویستیەیەك هەیە کە مرۆڤ سەرسام دەبێت لە ئاستیا ، دیارە ئەو ئومەتانەش هەریەکە و کارێکی تایبەتی هەیە و هاوسەنگیەیەك دەپارێزن لەم سەر زەویەدا ئیتر دۆزرابێتەوە یان نا ..

بۆ نموونە: کاتی خۆی لە وڵاتی چین بڕیاریان دا کە هەڵمەتێکی نیشتمانی بکەن بۆ لەناوبردنی چۆلەکەی بەسەزمان ، گوایە تۆ و دانەوێڵە دەخوات و زیان لە ئابووری دەدات ، کاتێك بە خۆیان زانی کرم و مێرووی وا پەیدابوو کە زۆر زیان بەخشتربوون لە چۆلەکە ، بۆیە بڕیاریان دا کە بەزووترین کات هەوڵی زاوزێ و زۆربوونی چۆلەکە بدەنەوە تا هاوسەنگی لەسروشت دا ڕابگرێ.

مۆڵگەکانی مێرووڵەی سپی :

مێرووڵەی سپی گیانلەبەرێکی بچووکە و لە مۆڵگەی زۆر چڕدا دەژی و کاتێك ژمارەیان زۆر زیاد دەکات ، هێلانەکەیان چەند مەترێك لەسەر ڕووی زەوی بەرزدەبێتەوە ، سەیریش لەوەدایە کە ئەومێرووڵە کرێکارانەی ئەوە دروست دەکەن کوێرن ..

نیزام و یاسای هێلانەی مێرووڵەی سپی زۆر ئاڵۆزە و، شاژنێکیان هەیە کە کاری زاووزێیە ، کاتێك شاژنەکە تلقیح دەبێت لەشی گەورە دەبێت تا دەگاتە نزیکەی (9)سانتیمەتر و وەکو ئالەتێکی بەرهەم هێنانی لێدێت و ناتوانێ بجوڵێت و گەرا دادەنێت ، گەراکانیش کۆمەڵێکی تایبەتی لە مێرووڵەکان گرنگیان پێ دەدەن و پاکیان دەکەنەوە و خواردنیان دەدەنێ ، شاژن لە ڕۆژێکدا نزیکەی سێ هەزار گەرا و لە هەموو ژیانیشیدا نزیکەی دە میلۆن گەرا دادەنێت ..

مێرووڵەی کرێکار هەرچەندە کوێرە ، تەمەنی سێ تا چوار ساڵ دەبێت و کاری دروست کردنی هێلانەکەیە و هەندێکیشیان چاودێری گەرا و بێچووەکان و شاژن دەکەن و لە ڕێگای ئیشاراتی کیمیاییەوە لە یەکتری تێدەگەن و یەکتری ئاگادار دەکەن لەهاتنی دوژمن ..

هێلانەکەیان بە تونێلی باریك و تەسك بەدەرەوە دەبەسرێتەوە تەنها مێرووڵەیەکی پیا دەچێت و پاسەوانیشی هەیە و ، هەر مێرووڵەیەك بێتە ژوورەوە بە بۆنەکەیدا دەیناسنەوە کە لەخۆیانە یان نا ..

کاتێك مێرووڵە خۆرێك یان هەر دوژمنێك دێت ، مێرووڵە سپیەکانی تایبەت بە بەرگریکردن ڕووبەڕوویان دەبنەوە و هەر یەکە لەو مێرووڵانەش کیسەیەکی تایبەتی لەلەشیایە کە ماددەی کیمیایی تیایە و کە دوژمن دەیگرێ ماسولکەکانی سکی خۆی گرژ دەکات و ماددەیەکی زەردی ژەهراوی دەردەکات کە زیان بە دوژمن دەگەیەنێ و بەدەرکردنی ئەو ماددەیەش خۆی پاش ماوەیەکی کەم دەمرێت ، ئەگەر شەڕەکەش زۆر قورس بوو ناچار مێرووڵە کرێکارەکانیش

بەشداری دەکەن لـەشەڕەکەدا.. کە بە ڕاستی ئەمـەش نموونـەی ئەوپـەڕی گیانفیـدایی وخۆبـەخت کردنە لەو مێروولـە بچکۆلانەدا .

ئەم جۆرە مێروولـەیە لـە دارستانی ئیستوایی مالـیزیا و خوارووی ئەفریقیا و خوارووی ئەمەریکادا دەژین (التصميم في الطبيعة) .

هەنگ و بەرگری کردن :

ئاشکرایە هەنگ بەهۆی چزووەکەیەوە بە دوژمنەوە ئەدات و ئازاری پێدەگەیەنێت و بەمـەش خۆی دەمرێت .

یەکێ لە دوژمنەکانی هـەنگ زەردەواڵـەی گەورەیـە (بەتایبـەتی لـەیابان) ، سـێ دانـە لـەو زەردەواڵەیە دەتوانن سێ هەزار هەنگ لـەناوبەرن لـە سێ سـەعاتدا .. جـا کاتێـك هـەنگ دەزانـێ چزووەکەی لـەم شەڕەدا سوودی نیـە و کاریگـەر نیـە ، ڕێگایـەکی تـر دەگرێتەبـەر بـۆ پاراسـتنی شانەکەی .. ئەویش بەوەی کەکاتێك ئەو زەردەوالأنە هێرش دەهێنن بۆنێکی تایبەت دەردەدەن کـە بەهۆیەوە یەکتری ئاگادار دەکەن و بەرەو جەنگەکە دەچن ، هەنگەکانیش هەست بەم بۆنەی ئەوان دەکەن و نزیکەی پێنج سەد هەنگیان دێن بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی دوژمـن ، جـا لـەبەرئـەوەی لـە شەڕەکەدا پێوەدان سوودی نیە ، ئەوا هەموو بەیەکەوە بە باڵـەفڕکێ پلـەی گـەرمی ئـەو ناوچـەیە بەرزدەکەنەوە بۆ نزیکەی چل و هەشت پلـەی سەدی و بەم گەرمییە زۆرەش زەردەواڵەکان دەمرن (التصميم/ل164).

بەزەیی و میهرەبانی لەناو گیانلەبەراندا :

خوای گەورە (رحمان) و (رحيم)ە و بەزەیی و میهرەبانیەکەی کە سەد بەشە ، یەك بەشی لـەسەر زەویدا داناوە ، بەهۆی ئەو بەشە میهرەبانیەوە گیانلـەبەران سۆز و بـەزەیی و میهرەبانیـان هەیـە بـۆ بێچووەکانیان ، حەزرەت (د.خ) دەفەرموێت (جعل الله الرحمة مائة جزء ، فأمسك عنده تسعة وتسعين ، وأنزل في الأرض جزءاً واحداً فمن ذلك الجزء تتراحم الخلائق ، حتى ترفع الدابة حافرها عن ولدها خشية أن تصيبه) مسلم وبخاري ..

زانای زیندەوەرزانی سویدی (أدولف مودر) یەکەم کەسە کە گرنگی پێدان و چاودێری مێـروو حەشەراتی دۆزیەوە بۆ بێچوەکانیان ، لـەساڵی 1766دا ، لـەکاتێکدا کە دیراسـەی دەکـرد لـەسـەر مێرووی (المدرع الاوربي)و ، بۆی دەرکەوت کە مێیەی ئەو مێرووە لـەسەر هێلکەکـەی دادەنیشـێ

بەبیٚ ئەوەی هیچ بخوا و بخواتەوە و ئەگەر دوژمنێکیش نزیك بێتەوە لەخۆی و هێلکەکانی زۆر بەتوندی بەگژیا دەچێتەوە .

هەروەها مێرووی (دانتیلا)ش باڵەکانی ئەدا بەیەکدا و سواری پشتی دوژمنەکەی دەبێت بۆئەوەی بێزاری بکات و دووری بخاتەوە لە (یرقات)ەکانی ، جا لەو کاتەش دا کە دوژمنەکە سەرقاڵ دەبیٚ، خێرا (یرقات)ەکانی دەچن خۆیان دەشارنەوە لە گەڵایەکدا ، زۆرجار مێیەکەش لەم بەرگری کردنەدا تیادەچێت و بەمەش وەچەکانی ڕزگار دەکات (ل95التضحية) .

جۆرێك هەنگیش هەیە ، کە پێی دەڵێن (النحل البري الحفار) چاڵێك هەڵدەکەنیٚ و گەرایەکی تیا دادەنیٚ و زۆر ژیرانە گڵە هەڵکەنراوەکە دوور دەخاتەوەو پاشان کوللەیەك یان حەشەرەیەکی تر دەگریٚ و تەخدیری دەکات و دەیهێنیٚ لای گەراکەوە دایدەنیٚ و دایدەپۆشێتەوە بەجۆرێك هەستی پێنەکرێت ، کاتێك گەراکە دەتروکیٚ ودێتە دەریٚ کوللەکەش دێتەوە هۆشی خۆی و بەمەش ئەو مێرووە تازە لەدایك بووە خواردنێکی تەڕوتازەی دەست دەکەوێت و ماوەیەك لەسەری دەژی و دوایی دێتە دەرەوە .. (ل/85 التضحية) ..

هەندێك باڵندەش لەکاتی نزیك بوونەوەی دوژمندا دەنگیٚ دەردەکات وەك فیشکەی مار و باڵی دەدا بەیەکدا تا دوژمنەکەی بترسێنیٚ و نەوێریٚ نزیك بکەوێتەوە . (ل/91 التضحية) (فلیمی دۆبلاژکراوی التضحية عند الحيوانات / ئارا) .

بەتریقی ئیمبراتۆر :

ئەم جۆرە بەتریقە لە بەستەڵەکی خواروو دەژی ، لەکەش و هەوایەکی زۆر ساردی سەختدا و، لەکاتی زاووزێدا چەندەها کیلۆمەتر دەڕۆن بۆ دۆزینەوەی جێگایەکی گونجاو ، مێیەکەش یەك هێلکە دەکات کە زۆربەی ووزە و توانای خۆی بۆ سەرف دەکات ، کاتێکیش هێلکەکە دەکات یەکسەر نێرەکە دەیخاتە سەر قاچی و لەنێوان قاچ و سکیدا دایدەنیٚ و نایەڵیٚ سەهۆڵ وبەفری سەرزەوی بەربکەویٚ ، تابێچووەکەی لیٚ دێتە دەریٚ ، دایکەکەش دەڕوات دەگەڕیٚ بەدوای خواردندا و هەوڵ دەدات تێربێت و هێزو توانای خۆی پەیدا بکاتەوە ..

نێرەکەش بۆ چوار مانگیٚ لەشوێنی خۆی ناجوڵیٚ مەگەر بۆ زۆر پێویستیەك نەبیٚ ، کە بیەویٚ پشووش بدات لەسەر کلکی پشوودەدات کە وەك کورسیەك بەکاری دەهێنیٚ و هاوسەنگی خۆی پیٚ ڕادەگریٚ ..

شایانی باسە لەو چەند مانگەشدا هیچ ناخوات ، کە دایکەکەش خـواردنی باشـی دەسـتکەوت دەگەڕێتەوە لای نێرەکەو بێچووەکەی و خواردن دەدا بەبێچووەکە ، پاشان نێرەکە هەر دەمێنێتـەوە بۆ چاودێری تا دە ڕۆژی تر و ئینجا دەچێتە لای دەریاوە بـۆ پەیـداکردنی خـواردن و خـۆتێرکردن پاش ئەوەی چوار مانگ هیچی نەخوارد، کە ئەمەش زۆرترین گرنگی دانە بە بێچوو ، وە لوتکەی میهرەبانی و بەزەیی و سۆزە کە لای ئەو گیانلەبەرانە هەیە (ل/72 التضحیة) .

نەعامە و سێبەرکردن :

ئاشکرایە کە تیشکی خـۆر گـەرمایی زۆرە لـە ئـەفریقیادا ، بۆیـە زۆر لـە گیانلەبـەرانی ئـەو کیشوەرە دەچنە شوێنی سێبەرەوە بۆ خۆپاراستن لەو گەرما زۆرە ، کەچی نەعامە بە لەشی خۆی و باڵەکانی سێبەر بۆ هێلکەکان و بێچووەکانی دەکات و نایەڵێ زۆر گەرمایان ببێـت ، کـە ئەمـەش نیشانەی ئەوپەڕی گیان فیدایی‌یە بۆ بێچوو .

هاوکاری لەنێوان گیانلەبەراندا :

گیانلەبەران زۆریان بەیەکەوە دەژین و هاوکاری یەکتری دەکەن و یەکتری ئاگـادار دەکەنـەوە لەهەر مەترسیەك کـە ڕوویـان تێبکـات .. کاتێـك دۆلفینێـك لەسـەر ئەوەیـە بێچـووی ببێـت ، دۆلفینێکی مێیەی تر لەگەڵیا هاوکاریێتی و چـاودێری دەکـات و پاشـان بـە هـەموویان خزمـەت و چاودێری دۆلفینە بچوکەکان دەکەن و بە کۆمەڵ بەیەکەوە دژین (ل159 – التصمیم في الطبیعة) .

تێبینیەکانی (کینیث ووکر):

ئەم زانا بەناوبانگە گەشتێکی کرد بە ئەفریقیادا و کەوتە تۆمـارکردنی ئـەوەی کـە دەیبینـی و دەڵێ: پێش چەند ساڵێك لە ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقیا بەچاوی خۆم بینیم کە کۆمەڵێك ئاسك و کەری وەحشی بەیەکەوە بوون و هاوکاری یەکتریان دەکرد لـە دەشـتەکانی (هـایتی)دا ، بـەجۆرێك کـە یەکێکیان لەخۆیان دادەنا بۆ چاودێری کردنی ناوچەکە و هەر ئەوەنـدە هەسـتی بەشـتێك بکردایـە هەموانی ئاگاداردەکردەوە ..

هەروەها فیل و زەڕافەشم بینی ، کە هاوکاری یەکتریان دەکـرد ، چـونکە فیـل چـاوی کـزە و بەهۆی گوێیەکانیەوە زیاتر هەست بە نزیك بوونەوەی دوژمن دەکات، زەرافـەش بـەملی بـەرز و چاوی تیژی باشتر دوژمن دەبینێ ، بۆیە زەڕافەکان هـەر شـتێکیان ببینیایـە لـەدوورەوە فیلـەکانیان ئاگادار دەکردەوە ..

(وحيد القرن)نيش باڵندەیەك لەسەر پشتی دەنیشێتەوە هەر مشەخۆرێك لەسەر پشتی بێت دەیخوات و بەمەش هاوكاری یەكتری دەكەن و هەر باڵندەكەش هەست بە دوژمنێك بكات دەنگێكی لێوە دێت و (وحيد القرن)ەكە ئاگادار دەكاتەوە تا ڕابكات و دوور بكەوێتەوە . (ل/114 التضحية عند الحيوان/هارون يحيى ، وەرگێڕانی/ مصطفى الستيتى/2003) .

بەرنامەی خوا بۆ گیانلەبەران :

وردبوونەوە لە هەڵسووكەوتی گیانلەبەران و ڕێكوپێكی ژیانیان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات ، كە خوای گەورە بەرنامەی بۆ هەموان داناوەو هەموان بەنەخشە و پلانێكی تایبەت دەژین تا بەرگری بكەن لەتیاچوون و هەوڵ بدەن بۆ مانەوەو بەردەوام بوون ، قورئان لەبارەی هەنگەوە دەفەرموێت :

(وأوحى ربك إلى النحلِ أن اتخذي من الجبالِ بيوتاً ومنَ الشجرِ ومما يَعرشون ، ثم كلي من كل الثمرات فاسلكي سبُلَ رَبك ذُلُلا يخرج من بطونها شرابٌ مختلفٌ ألوانه فيه شفاء للناس إن في ذلك لآية لِقومٍ يَتَفكرونْ) النحل/69.

واتە: پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد (د.خ) ، ئەی ئینسان) نیگا و ئیلهامی كردووە بۆ هەنگ كەجێگە بۆ خۆی ساز بكات لەكون و كەلێنی چیاكاندا ، هەروەها لە كەلەبەری درەختەكان و لەو شوێنانەی كە ئادەمیزاد بۆی ئامادە دەكات ، لەوەودوا فێرمان كردووە كە لە هەموو بەروبووم و شیلەی گوڵ وشتی بەسوود بخوات و پێمان ڕاگەیاندووە : ئەو نەخشانەی كە پەروەردگارت بۆی كێشاویت بە ملكەچیەوە ئەنجامی بدە ، (لە دروست كردنی شانەو مژینی شیلە و دروست كردنی هەنگوین و پوورەدان بەدەوری شاژندا و بەخێوكردنی گەراكان ..هتد) ، جا لەناوسكی ئەو هەنگانەوە شلەیەكی ڕەنگ جیاواز دێتە دەرەوە كە شیفای تێدایە بۆ زۆر نەخۆشی خەڵكی ، بەڕاستی ئالەمەشدا بەڵگە و نیشانەی بەهێز هەیە بۆ كەسانێك بیربكەنەوە ..

بیردۆزی داروین و هەڵسوكەوتی گیانلەبەران :

پێش سەد و پەنجا ساڵ كە داروین بیردۆزی پەرەسەندنی ڕاگەیاند ، مادده پەرستان و دوژمنانی ئاین دڵیان پێخۆش كرد ودنیایان پڕكرد و خرایە ناو بەرنامەی قوتابخانە و زانكۆكانەوە ، بەڵام پاش چەند ساڵێك وردەوردە ڕاستیەكان دەركەوتن و ئەو بیردۆزە هەرەسی هێنا بە جۆرێك كە ئێستا لە چەند ویلایەتێكی ئەمریكادا ناخوێنرێت و هیچ گوێی پێنادرێت ..

یەکێ لەو هۆیانەی کە ئەو بیردۆزەی هەرەس پێهێنا ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە غەریزیەی گیانلەبەران بوو ، کە تەنانەت دارونیشی سەرسام کردبوو ، ئەوەتا داروین خۆی دەڵێت :
(أغلب الغرائز تمتاز بتأثير بالغ وتثير درجة كبيرة من الحيرة ، وكيفية نشوءها وتطورها ربما تبدو لقارىء نظريتي كافية لهدم نظريتي من الأساس) ل/21 التضحية .

ئەوەتا داروین دان دەنێ بەمەسەلەی غرائزدا کە چۆن جێی سەرسوڕمانە و وردبوونەوە لێی وا دەکات کە خوێنەری ئەو بیردۆزە بڕوای پێی نەمێنێ و لەبنەڕەتەوە هەرەسی پێ بهێنێت .
هەروەها دەڵێت (إنه لخطأ كبير أن نتحدث عن فرضية اكتساب الأنماط السلوكية الغريزية بالطبع وتوريثها إلى أجيال لاحقة ، لاننا كما نعلم هناك غرائز محيرة للغاية كتلك التي عند النمل أو النحل ولايمكن أكتسابها بالطبع) (ل/26 هەمان سەرچاوە).

لێرەشدا دەڵێ : هەڵەیەکی گەورەیە کە باس لەو گریمانە بکەین کە ئەو ڕەفتار و هەڵس و کەوتە غەریزیە سەرسوڕهێنەرانە ، وەك ئەوەی کە لای مێروولە و هەنگ هەیە بە پەرەسەندن وردەوردە پەیدا بووبێ .

دۆزینەوەکان ڕاستیەکان دەسەلمێنن :

هەوڵی زانایان بەردەوامە و بەملیارەها دۆلار بۆ دیراسە و گەڕان و لێکۆڵینەوە خەرج دەکرێت و زۆر لە دۆزینەوەکان بوونەتە مایەی هەرەسهێنانی بیردۆزی داروین .. چونکە دەبوایە لەو دۆزینەوانەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ملیۆنەها ساڵ لەمەوبەر ئەو گیانلەبەرانە بدۆزرانایەتەوە کە پەرەیان سەندووەو لەحاڵەتێکەوە گۆڕاون بۆ حاڵەتێکی تر ، هەروەها دۆزینەوەی جینات و کێشەی بازدان (طفرات) و زۆر ڕاستی تر کە جاران نەدەزانرا قوڕی دا بەدەمی ئەوانەی کەدوای ئەو بیروبۆچوونانە کەوتبوون .

لەو بەبەردبوانەی دۆزراونەتەوە :

1–بە بەردبوویەکی هەنگێك کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند ملیۆن ساڵێك لەمەوبەر و دیارە کە هەنگ پێش ئەو هەموو ماوە درێژە هەروەك خۆی بووە .

2– بە بەردبوویەکی مێشی (التنين) کە تەمەنی بەبەردبووە کە (135)ملیۆن ساڵە و هەروەکو ئەمانەی ئێستا وایە .

3– بەبەردبوویەکی مێروولەیەك دۆزراوەتە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەد ملیۆن ساڵ لەمەوبەر و هەروەك مێروولەی ئێستایە (ل/46 خديعة التطور) .

4- ماسیەکی جۆری (کولاکانث) دۆزرایەوە کە بووە بەبەرد و دەگەڕێتەوە بۆ (410)ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ، لەکاتێکدا لەهەمان جۆر ماسی لەساڵی (1938)ەوە چەند جار ڕاو کراوە لەلایەن ماسی گرانەوە (ل/52 هەمان سەرچاوە).

داروین دەیووت: ئەگەر بیردۆزەکەم ڕاست بێ ئەوا لەداهاتوودا (متحجرات) دەدۆزرێتەوە و ئەو گیانلەبەرانە دەرئەکەون تیایانا کە پەرەیان سەندووە .. کەچی وادەرنەچوو دۆزینەوەکان سەلماندیان کە ئەو گیانلەبەرانە پەرەیان نەسەندووەو لەپڕ پەیدا بوون و هەر بەهەمان شێوەی ئێستابوون .. ئەمەش زانای متحجراتی ئینگلیزی بەناوبانگ (دیریك اجر) دانی پیادەنێ و هەروەها زانای متحجرات (مارك سیزارنکی)یش دەڵێ:

(إن المشكلة الأساسية في اثبات النظرية تكمن في سجل المتحجرات ، أي آثار الانواع المنقرضة المحفوظة في التكوينات الجغرافية للأرض ولم يكشف هذا السجل قط اية آثار للأشكال المتوسطة التي افترضها دارون، وعوضاً عن ذلك تظهر الاجناس وتختفي فجأةً ويدعم هذا الشذوذ حجة دعاة الخلق القائلة بأن الأنواع قد خلقها الله) ل46/ خديعة التطور .

5- لەساڵی1977دا ماری لیکی لەناوچەی (لاتولی) لە تەنزانیا لە چینەکانی زەویدا پاشماوەی جێ پێی مرۆڤێکی دۆزیەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (3.6)ملیۆن ساڵ ، ئەوەی سەیرە کە وەك جێ پێی مرۆڤی ئەم سەردەمە وایە .. ئەمەش جەختی کرایە سەر لەلایەن زانای بەناوبانگ (لویس روبنز) لە زانکۆی سەرووی کالیفورنیا و (راسل تاتل)یش کە لێکۆڵینەوەی کرد لەسەر ئەو جێ پێیە لەساڵی1990دا لە وتارێکدا نووسی کە ئەو جێ پێیە هی ئادەمیزادێکە کە لە (3.6) ملیۆن ساڵ لەمەوبەردا ژیاوە .. ل98 خديعة التطور .

6- شەویلگەیەکی خوارووی ئادەمیزادێکیش دۆزرایەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ (2.3)ملیۆن ساڵ ، لەناوچەی (هادار) لە **ئثیوبیا** و ئەم ژمارەیەی بۆ دانرا (AL666-1) ل99 هەمان سەرچاوە .

ئەم دۆزینەوانە و هەزارەهای تر کەبوار نیە باسیان بکەین بەڵگەن بۆ ئەو ئایەتەی کە پەروەردگار دەفەرموێت (سنريهم آياتنا في الآفاق وفي أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق ، أولم يكف بربك أنه على كل شيءٍ شهيد) 53 فصلت .

دوو موعجیزەی قورئانی

یەکەم : هەواڵدان بە فەتحی خەیبەر : لەساڵی شەشی کۆچیدا حەزرەتی محمد (د.خ)خەوێکی بینی کە خۆی و هاوەڵانی دەچنە ناو کەعبەوەو تەواف و عەمرە دەکەن و ئەمەی بۆ

هاوەڵان گێڕایەوەو زۆر دڵیان خۆش بوو ، ئینجا چوون بەرەو مەککە بۆ عەمرەکردن وتەواف ماڵیخوا کە شەش ساڵ دەبوو چاویان پێی نەکەوتبوو .

قورەیش کە بەمەی زانی ڕێی لێگرتن و حەزرەتیش (د.خ)نەیویست خوێن بڕژێ و کۆتایی بە سوڵحی حودەیبیە هات کە موسوڵمانان ئەو ساڵە بگەڕێنەوەو ساڵی داهاتووبێن عومرە بکەن و تا دە ساڵ شەڕنەبێت لە نێوانیاندا..

هاوەڵان ئەم سوڵحەیان زۆر پێناخۆش بوو ، کە گەڕانەوە سورەتی فەتح هاتە خوارەوە کە باس لە سوڵحی حودەیبییە دەکات و بەفەتحی ئەداتە قەڵەم و مژدە ئەدات بە موسوڵمانان کە پاشە ڕۆژ بۆ ئەمانە و فەتحی نزیك چاوەڕێیانە ، کە ئەوەش فەتحی خەیبەر بوو کە دەستکەوتێکی گەورەبوو بۆ موسوڵمانان و زۆریان پێخۆش بوو، ئەم هەواڵدانەی قورئان بەفەتحی خەیبەر کە لەماوەیەکی زوودا دەبێت موعجیزە بوو ، هەروەك دەفەرموێت : (إنا فتحنا لك فتحاً مبينا ، ليغفر لـك الله ماتقـدمَ مـن ذنبك وماتأخر ويتم نعمته عليك ويهديكَ صراطاً مستقيما ، وينصركَ الله نصراً عزيزا) الفتح 1-3 .

واتە: ئەی پێغەمبەر (د.خ)بەڕاستی ئێمە سەرکەوتنێکی ئاشکرامان پێبەخشیت (مەبەست ڕێکەوتنی حودەیبیەیە) ، تا خوا لەهەموو گوناهانی ڕابردوو و ئایندەشت خۆش ببێت و بەخششەکانی لەسەرت تەواوبکات و بتخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست ، تا بەوبۆنەیەوە خوا سەرکەوتنێکی بەهێز و بالأت پێببەخشێت .

بە ڕاستی هەواڵدان بەوەی کە سوڵحی حودەیبییە فەتحە ، زۆر گرنگە بۆ موسوڵمانان و موعجیزەیەکی تری قورئانیە چونکە هیچ یەکێ لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەو هەموو دەسکەوتەی دەبێت ، بۆیە بەناچاری پێی ڕازیبوون و کە ئەم ئایەتەش هاتە خوارەوە حەزرەت (د.خ) ناردی بەدوای حەزرەتی عومەردا و بۆی خوێندەوە ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەڕاستی ئەوە فەتحە؟ فەرمووی: بەڵێ ، ئینجا عومەر دڵی بەتەواوی ئارامی گرت و گەڕایەوە لەو هەموو هەوڵەی کە دای لەپێش سوڵحەکەدا تا نەکرێ و زۆر هانی هاوەڵانی دا کە وا بکەن حەزرەت (د.خ)ڕازی نەبێ بە پەیماننامەکە و بەزۆر فەتحی مەککە بکەن .. جا حەزرەتی عومەر لەدواییدا کە ئەم ڕاستییەی بۆ دەرکەوت و ڕۆژگاریش سەلماندی کە چ خێر و بەرەکەت و فەتحێك بوو ، دەیووت: بەردەوام خێر و چاکە دەکەم تا خوا لەو قسەو مەوقیفەی ئەوسام خۆش بێت ..

ئینجا لەدوای چەند ئایەتێکی تر دەفەرموێت (لقـد رضـى الله عـن المـؤمنين إذ يبايعونـكَ تحـتَ الشجرة فَعَلِمَ مافي قلوبهمْ فأنزَلَ السكينةَ عليهمْ وأثابهم فتحاً قريبا ، ومغانمَ كثيرةً يأخذونها وكانَ الله

عزيزاً حكيما ، وعَدَكُم الله مغانِمَ كثيرة تأخذونها فعجل لكم هذه وكف أيدي الناسِ عَنْكُمْ ولتكونَ آيةً للمؤمنين ويهديكمْ صراطاً مستقيما ، واخرى لمْ تَقدروا عليها قَد أحاط الله بها وكان الله على كل شيءٍ قديرا) الفتح/12 .

واته: سوێند بەخوا بەڕاستی خوا ڕازیبووە لەو باوەڕدارانەی کاتێك پەیمانیان لەگەڵدا بەستیت لەژێر درەختەکەدا ، خوا خۆشی ئاگاداربوو بەوەی لەدڵەکانیاندا هەیە لە نیازپاکی و دڵسۆزی ، هەر بۆیە ئارامی و هێمنی و ئاسوودەیی دابەزاندە سەریان و پاداشتی بەمژدەی سەرکەوتنێکی نزیك دانەوە ، هەروەها بەڵێنی چەندین دەسکەوتی زۆری پێدان ، کە لەئایندەدا دەستیان دەکەوێت و وەریدەگرن ، خوا هەمیشە و بەردەوام باڵادەستە بەسەر خوانەناساندا ودانایەو دەزانێت چ کاتێك ئیمانداران سەردەخات .

خوا بەڵێنیێ دەسکەوتی زۆری پێداون ، لە ئایندەدا دەستتان دەکەوێت و وەریدەگرن ، بەلاّم جاریێ ئێستا هەرئەوەی پێبەخشیون کە دەسکەوتەکانی خەیبەرە ، دەستی خەڵکیشی لێ کۆتاکردن (مەبەست قوڕەیشە کە بەهۆی ڕێکەوتنەکەی حودەیبییەوە خوای گەورە لە بەگژاچوونی موسوڵمانان دەستی بەستنەوە) ، تا ئەم دەسکەوت و سەرکەوتنە ببێتە نیشانە و بەڵگەیەکی بەهێز بۆ ئیمانداران (کە خوا یارو یاوەرو پشتیوانیانە) هەروەها ڕێنموونیان بکات بۆ ڕێبازی ڕاست و دروست و، چەندین دەسکەوتی تریشیان هەیە کە ئێستا دەستیان بەسەریدا نەڕۆیشتووە ، بەڕاستی خوا خۆی چاك بەو دەسکەوتانە دەزانێت کە بەڕێوەیە بۆتان ، هەمیشە و بەردەوام خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە . پاش چەند ئایەتێکی تریش دەفەرموێت (لقد صدقَ الله رسوله الرؤيا بالحق لَتَدخُلن المسجد الحرامَ إن شاء الله آمنين محلقين رؤسكم ومقصرين لاتخافون فعلم مالم تعلموا فجعل من دونِ ذَلكَ فتحاً قريبا) الفتح/27 ، واتە: سوێند بەخوا بێگومان خوا خەونی پێغەمبەرەکەی بەڕاستی و وەك خۆی هێناوەتە دی کە دەفەرموێت: بەم زووانە ئێوە بەهەموو ئارامی و ئاسوودەییەکەوە بە ویستی خوا دەچنە ناو کەعبەی پیرۆزەوە ، عەمرە بەجیێ دەهێنن ، سەرتان دەتاشن یان کورتی دەکەنەوە بێئەوەی ترس و بیمتان لەکەس هەبێت ، جائەوەی نەتانزانیووە خوا دەیزانیێ ، کە جگە لەم سەرکەوتنە سەرکەوتنێکی نزیکی تری بۆ بڕیار داون پێتان دەبەخشێت (کە فەتحی خەیبەرە) .. بەڵیێ.. سوڵحی حودەیبییە فەتح بوو چونکە :

1- لەسەرەتاکانیساڵی حەوتی کۆچیدا پاش ئەم شەڕ وەستانە پاڵەوانەکانی قوڕەیش وەك عەمری کوری عاص و خالید کوڕی وەلید و عوسمانی کوڕی تەڵحە موسوڵمان بوون.

2- چالاكی لەبواری بانگەوازدا زیاتر بوو ، بەنامە نووسین بۆ پاشاو میرەكـان و بانگكردنیـان بـۆ ئیسلام ، وەك نەجاشی حەبەشەو (مقوقس) پاشـای میسـر و كیسـرای پاشـای فـارس و قەیسـەری پاشای ڕۆم ..

3- لە موحەڕەمی ساڵی حەوتی كۆچیدا واتە پاش چەند مانگێـك فـەتحی خەیبـەری كـرد كـە زۆر گرنگ بوو بۆ موسوڵمانان و بۆ شكاندن و نەهێشتنی شەوكەتی جولـەكە ، كە ئەمەش پەیمانی خـوا بوو (وعدكم الله مغانمَ كثيرة تأخذونها فعجلَ لكم هذه) الفتح/20

4- لە مانگی ذو القعدەی حەوتی كۆچیدا موسوڵمانان عومرەیان كـرد وخـەڵكی مەككـە لەشـار دەرچوون تا ئەمان عومرەی خۆیان كرد كە ئەمەش سەركەوتنێكی گەورەبوو بۆ ئیسلام .

5- لـــــە جـــــەمادی یەكـــــەمی (8)ی كۆچـــــیدا جـــــەنگی مۆتـــــە ڕوویـــــدا كـــــە بەرەنگاربوونەوەی موسوڵمانان بوو لـەگەڵ ڕۆمەكانداو سەركەوتنێك بوو بۆ ئیسلام .

6- لەمانگی ڕەمەزانی (8)ی كۆچیدا حەزرەت (د.خ) بە دەهەزار لـە هاوەڵانیەوە فـەتحی مەككـەی كـرد بـە یـەكجاری وبـەم جـۆرەش پەیمانـەكانی خـوا لـەو مـاوە كەمـەدا هاتـە دی كـە ئەمـەش موعجیزەیەكی گەورەیە كە ئایەتەكانی سوورەتی فەتح باسی كردبوون .. (سەیری گوڵاوی سەرمۆر بكە بۆ درێژەی ئەم باسە) ..

دووەم: كەسایەتی هامان وئیعجازی قورئان :

قورئانی پیرۆز هەندێ شتی فەرمووە لـەبارەی میسری كۆنەوە ، كەكەس تا ئەم دواییە نـەیزانیوە بۆ نموونە : یەكێ لـەو كەسایەتیانەی كە لـەزەمانی فیرعەوندا ژیاوە ، (هامان)بووە ، كە لـەگەڵ باسی فیرعەون دا قورئان باسی دەكـات لـەشـەش جێگـادا و ئـەوەش دەردەخـات كـە زۆر نزیـك بـووە لـەفیرعەونەوە.

شایانی باسە لـەتەورات دا باسی (هامان) نـەهاتووە ، ئەوەنـەبێ كـە لــەكۆتایی بەشـی دوایـی (العهد القديم)دا ، ناوی هاتووە وەك یارمەتیدەری پاشای بابـل كـە لــەدوای هـەزار و سـەد سـاڵ لـەزەمانی حەزرەتی موسادا ژیاوەو زوڵمی زۆری لـە جوولـەكە كردووە (دیـارە ئەمـەی لـەتـەورات دایــە دەســتكاری كــراوەو تێكیــان داوەو شــێوێنراوە) . دوژمنـــانی ئیســلام و زۆر لـەناحــەزان پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەكرد كە حـەزرەت (د.خ) لـەتـەورات و ئینجیلـەوە شـتی وەرگرتبـێ، كـە ئەمەش گرێی لـەدڵی هەندێ نۆ موسوڵماندا دروست دەكرد كە تازەو كەم شارەزابوون .. كەدیارە ئەمانەش هەمووی دوورن لـەڕاستیەوەو قورئان هەڵە و كەم و كورتی و ناتەواوییـەكانی تـەورات و

ئینجیل ڕاست دەکاتەوەو بە دەسەلاتە بەسەریانا ، وەك قورئـان خـۆی وەسـفی خـۆی دەکـات و دەفەرموێ (ومهيمناً عليه) واتە: قورئان (مهيمن)ە و (مسيطرة) بەسەر هـەموو ئـەو پەڕاوانـەدا کـە زووتر هاتوون و دەستکاری کراون .

قەدەری خوا وابوو کە ئەم ڕاستیەی قورئانیش بسـەلمێنرێ بـۆ جیهـان ، ئـەویش بـەوەی کـە دووسەد ساڵێك لەمەوبەر نووسینی هیرۆغلیفی دۆزرایەوەو ڕەمزەکانی شیکارکرا .. بەمەش توانیان نووسینەکانی میسری یە کۆنەکان بخوێننەوە .. تا دووسەد سـاڵ لەمەوبـەر کـەس نەیـدەتوانی لـەو زمانە تێبگات کە میسری یە کۆنەکان شتیان پێ نووسی بوو ، ئەم زمانەش چەند سەدەیەك درێـژەی کێشاوەو پاش بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لـە سـەدەی دووەم وسـێیەمی زایینیـدا ، میسـری‌یەکان بێجگە لەگۆڕینی ئاینەکەیان زمانەکەشیان گۆڕدراو وردەوردە لاوازبوو، کەس پێـی نەدەنووسـی و دەڵێن دوانووسین کە بەزمانی هیرۆغلیفی یە لە ساڵی394 زایینیدا بووە.

ئیتر ئەو زمانە لەبیر کرا تا ساڵی1799 زایینی کە بەردی (ڕەشید) دۆزرایەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی196ی پێش زایین ..

نووسینەکانی سەر ئەم بەردە سێ نووسین بوو ، نووسـینێك بـەزمانی هیرۆغلیفـی و نووسـینێك بەزمانی دیمونیکی کە شێوەی نووسینی دەستی زمانی هیرۆغلیفی یەو نووسینێکیشی بـەزمانی یۆنـانی .. جا بەهۆی یۆنانیەکەوە توانرا لەدەقی نووسینی هیرۆغلیفی یەکـە تێبگـەن ، کەئەمـەش لەلایـەن زانای فەڕەنسی (فرانجيس شامبيلون)ەوە جێبەجێ کرا ..

دۆزینەوەی ئەم زمانە کۆنەی میسری یەکان خێری تیـابوو ، بـەوەی کـە نـاوی هامـان هـاتووە لەسەر بەردێك لە مۆزەخانەی (هۆف) لە ڤییەننا و تیایا باس دەکات کە (هامان) نزیکی فیرعەون و لەحاشیەی بووە . وە لەقاموسی (الأشخاص في الملكيـة الجديـدة)دا (کـە نووسـراوە بـەهۆی ئـەو زانیارانەی کە دەستیان کەوتووە لەو بەردە و لەو دۆزراوانەی تری میسریە کۆنەکانـەوە) هـاتووە کە **هامان بەرپرسی بەرد هەڵکەنەکان وبەرپرسی بیناکردن بـووە** ، بۆیـە لەقورئانـدا هـاتووە کـە فیرعەون داوا لەهامان دەکات کە بینایەکی بەرزی بۆ دروست بکات ، تا گوایـە لەسـەر ئـەو بینـا بەرزەوە سەیری ئاسمان بکات و بزانێ خواکەی موسای لێیە یان نا ، دیـارە ئەمـەش بـۆ خلافانـدنی خەڵك و سەرقاڵ کردنیان بووە .. جا قورئان لەبارەی هامانەوە دەفەرموێت :

1.(وقال فرعون ياأيها الملأ ماعلمت لكم من الهٍ غيري ، فأوقد لي ياهامان على الطين ، فاجعـل لـي صرحاً لعلي أطلع إلى إله موسى وإني لأظنه من الكاذبين) القصص/38 .

واته: فیرعەون سەرکەشانە وتی: ئەی خەڵکینە من کەسی تر شك نابەم کـە شایسـتە بێـت بـەوەی خواتان بێت جگە لەخۆم ، ئەی هامان تـۆ لـەگڵ خشـتی سـوورەوە کـراوم بـۆ دروسـت بکـە و قەڵایەکی بەرز و پتەوم بۆ بینا بکە بەڵکو پیایدا سەربکەوم ، تا خوای موسا ببینم ، هەرچـەندە مـن بەڕاستی بڕوام وایە کە موسا لـە درۆزنەکانە .

2. (وقَال فرعونُ یاهامان ابن لي صرحاً لعلي أبلغُ الأسباب ، أسبابَ السماوات فاطلعَ إلى إله موسى وإني لَأظُنهُ کاذبا) غافر/37 .واتە: فیرعەون وتی: ئەی هامان بورجێکی بەرزم بـۆ دروسـت بکـەن ، بۆئەوەی هەندێ هۆکارم دەستکەوێت ، هۆکاری بەرزبوونەوە بۆ ئاسمانەکان ، تا لـەوێوە سـەرکەوم و نهێنیەکان شارەزابیم ، تا سەردانێکی خوایموسا بکەم و ببینم ،هەرچەندە من دڵنیام کە درۆزنە.

3.(لقد أرسلنا موسى بِآیاتِنا وسُلطانٍ مبین إلى فرعَونَ وهامان وقارون فقالوا ساحرٌ کَذاب) غافر/24 واتە: سوێند بەخوا بە ڕاستی ئێمە موسامان ڕەوانەکرد هاوڕێ لـەگەڵ چەندەها بەڵگـەو نیشـانەی ئاشکرادا ، بۆ سەر فیرعەون و هامان و قارون ، بـەڵام ئـەو سـتەمکارانە وتیـان: جادووگـەرێکی درۆزنە .

4 .(ونُریدُ أن نَمُن على الذینَ استضعفوا في الأرض ونَجعَلَهُم أئمةً ونَجعَلَهُم الوارثین ، ونُمَکن لَهُمْ في الأرض ونُریَ فِرعَون وهامان وجنودَهُما منْهُم ماکانوا یَحذَرون) القصص/6

واتە: بەناردنی حەزرەتی موسا ویستمان دەروو بکەینەوە لـەبەنی ئیسرائیلیە چەوسـاوەکان ومنـەتی خێر بکەین بەسەریاناو بیانکەینە پێشەواو میراتگـری سـامان و دەسـەڵاتی سـتەمکاران .. هـەروەها ویستمان پایەداریان بکەین و دەسەڵاتیان بچەسپێنین لـە وڵاتـداو ، ئـەوە پـێش بهێـنین بـۆ فیرعـەون وهامان و سەربازانیان کە لێی دەترسان (وأوحَینا إلى امِ موسى أنْ أرضعیە فإذا خفتِ علیـە فألقیـە في الیم ولاتخافي ولاتَحزَني إنا رادوە إلیك وجاعلوُە مِنَ المرسلین) (القصـص/7) ئێمـە دایکـی موسـامان ئاگادارکرد ، کەشیری بداتێ و پێمانوت جاکاتێك مەترسیت پەیدا کرد لـەوەی کـە پێـی بزانرێـت فڕێی بدەرە ڕووباری نیلەوە ، نەبترسە تووشـی بـەڵابێت ، نەخەفەتیشـی بـۆ بخۆ ، چـونکە ئێمـە بەڕاستی دەیگێڕینەوە بۆلات و لـەئایندەشدا دەیکەینە یەکێك لـەپێغەمبەرە پەیامدارەکان ..

5. (فالتقطە آل فرعَون لِیَکونَ لَهُم عَدواً وحَزَناً ، إن فِرعَـونَ وهامـان وجنُودَهُمـا کـانوا خـاطئین) (القصص/8) .واتە: ئەوسا ئیتر داروودەستەی فیرعەون هەڵیان گرتەوە ، تا سەرەنجام ببێتە دوژمن و خەفەت بۆیان ، بەڕاستی فیرعەون وهامان و سەربازەکانیان گوناهکار و تاوانبارو هەڵـەبوون .

6.(وقارون وفرعون وهامان ولقد جاءَهُم موسى بالبياتِ فاستَكبَروا في الأرض وماكانوا سابقين) العنكبوت/36 .. واته: قارون و فيرعەون و هامانیشمان لەناوبرد ، سوێند بەخوا بێگومان موسا بەڵگەی زۆری بۆهێنان ، کەچی خۆیان زۆر بەگەورە دانا لەزەویدا ، سەرەنجام نەیانتوانی لەسزا و تۆڵەی خوا خۆیان ڕزگار بکەن و لەدەستمان دەرچن ..(المعجزات القرآنية/هارون يحيى/ل/73 وەرگێڕانی ئورخان محمد علی/2003).

قورئان تەورات و ئینجیل ڕاست دەکاتەوە

1- قورئان زۆر ڕاستی شیوێنراو لەناو تەورات و ئینجیلدا ڕاست دەکاتەوە ، بۆ نموونە: لەبارەی حەزرەتی سولەیمانەوە سەلامی خوای لێ بێ دەفەرموێت : (وماكفرَ سُلَيمانُ ولَكن الشياطينَ كَفَروا) البقرة/102 . واته: سولەیمان کوفری نەکردووەو شەیاتینەکان کوفریان کرد ..

ڕەنگە کەسێکی فیترەت پاك سەری بسوڕمێ لەم دیفاعەی قورئان لەحەزرەتی سولەیمان ، بەلاّم ئەگەر سەیری (العهد القديم) بکەین وسەیری بیروباوەڕی شێواویان بکەین ، دەبینین کە زۆر بەخراپی باس لەپێغەمبەران دەکەن ، بەتایبەت حەزرەتی سولەیمان کە کوفرو سیحری دەخەنە پاڵ و دەڵێن: بتی پەرستووە بەهۆی کاریگەری ژنەکانیەوە لەسەری .. بەڵێ.. قورئان ئەو بیروبۆچوونە ناڕاستانەی جوولەکەو گاورەکانی ڕاست کردەوەوباسی (معصوم)ی پێغەمبەرانی کرد .. دیارە حەزرەتی سولەیمان کە هەزاران ساڵ پێش حەزرەت بووەو ، هیچ زانیارییەکی وا لەبەردەستا نەبووە لەو سەردەمەدا لەسەری ،کەچی چونکە قورئان کەلامی خوایەو وەحییە ، دەبینین زۆر بەجوانی بەبێ ئەوەی گوێ باتە خەڵکی دەڵێن چی ، یان ناڵێن چی ، هەقی خۆی دەچەسپێنێ و دوای چواردە سەدە لەهاتنی قورئانیش ئەوانەی کە (دائرة المعارف)ی بەریتانیان داناوە لەو هەلاّنە خۆیان دەپارێزن و دەگەڕێنەوە سەرهەق و ڕاستی و دەڵێن: (لقد كان سليمان موحداً) واته: بەڕاستی سولەیمان یەکتاپەرست بووە..

هەروەها لە(دائرة المعارف)ی (عهد القديم والجديد)یشدا کە هەوڵ و کۆششی زۆر زانای مەسیحی بەئینصافە ، هەموو ئەو خورافاتەیان دایە دواوەو وتیان: (حەزرەتی سولەیمان دوور بووە لەبت پەرستی و شتی نالائیق ..) دراسات قرآنية - ل/96 الندوی.

2- لە(عەهدی قدیم)دا ئەم دەقە هەیە کە دەڵێ (خلق الله السماوات والأرض في ستة أيام ، فاستراح في اليوم السابع) سفر التكوين 2-3 . واته: خوا ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا بەدی هێناو ڕۆژی حەوتەمیش پشووی دا (ئاشکرایە کەئەمە تحریف کراوە).

قورئانی پیرۆز ئەمـەی ڕاسـت کـردەوەو لەسـوورەتی (ق/38)دا و دەفـەرمویێت (وَلَقَـد خَلَقنـا السماوات والأرض ومابينَهُما في ستةِ أيامٍ ومامَسنا مـنْ لُغُـوب) واتـە: بەڕاسـتی ئێمـە ئاسمانـەکان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندا هەیە بەشەش ڕۆژ دروستمان کردوون ، هیچ ماندوویەتیـەکیش ڕووی تێنەکردین .

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە پاش چواردە سەدە زانایانی مەسـیحی و وەرگێڕەرانـی تـەورات ناچاربوون ئەو دەقە بگۆڕن و بەم شێوەیەی لێبکەن (خلق الله السماوات والأرض في ستة أيام ، فرغ من أعماله التي كان يقوم بها في اليوم السابع) سفر التكوين/202 British And For د.خ signbibl د.خ Soci د.خ ty عەهدی قدیم ساڵی/1958 ﴾ واتە: خوا بەشەش ڕۆژ ئاسمانەکان و زەوی بەدی هێنـاو لەکارەکانی بووەوە لە ڕۆژی حەوتەم دا (ل/98 دراسات قرآنية/الندوى) .

ژیاننامەی حەزرەتی محمد

بانگخواز زۆر گرنگە شارەزابێت لە ژیاننامەی حەزرەت و لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە چی ڕاستە ئەوە هەڵگۆزێ و بیگەیەنێ بەخەڵکی ، بەڕاستی تاقە پێغەمبەرێك کە ئاوا ژیاننامەی بەوردی نوسرابێتەوە (محمد)ە درووودی خوا لەسەربێت ، کەئەمەش ڕەحمەتی خوایە بۆ مرۆڤایەتی ، بۆئـەوەی تا قیامەت سەرمەشق و پێشەوابێت و، وانەیەکی کرداری بێت ژیانی پڕ بەرەکەتی بـۆ هەرکەسـێك کە بیەوێت ڕێی ڕاست بگرێتەبەر و بیەوێت بەچاکی ڕەنگ دانەوەی قورئان ببینێ لەژیان دا .

لـە ژیاننامەی پێغەمبەرەوە زۆر ڕاستیمان بۆ دەردەکەوێت ، یەکێ لـەو ڕاستیانە ئەوەیـە ، کـە هەروەك حەزرەت (د.خ)خۆی دەفەرموێت (چی لەئاسمانەکان و زەویدایە دەزانن کە من پێغەمبـەری خوام ، تەنها سەرکەشەکانی ئینس و جین نەبێت) .. ئەمەش چەند نموونەیەکە :

یەکەم / لەڕۆژی عەرەفەی حەجی ماڵ ئاواییدا حەزرەت (د.خ)وتاری بۆ زیاتر لەسەد هەزار کەس دا و، بەبێ ئەوەی بڵندگۆ هەبێت هەموویان گوێیان لەدەنگی بوو .

دووەم / حەزرەت (د.خ) چووە باخاتی یەکێ لەهاوەڵە ئەنسارەکانیەوە ، کەحوشترێك تیایا بەلـەسـە بوو بوو بەکەس دابین نەدەکرا ، کە حوشترەکە چاوی بەحـەزرەت کـەوت (د.خ) ، چـۆکی دایـاو فرمێسك بەچاویا هاتە خوارەوە ، حەزرەتیش (د.خ)چوو دەستی موبارەکی هێنا بەسەریاو فـەرمووی: کێ خاوەنی ئەم حوشترەیە ؟ لاوێکی ئەنساری هات وتی: هی منە ئـەی پێغەمبـەری خـوا ، ئـەویش فەرمووی (نابێ لەخوا بترسی لەم گیانلەبەرەدا کەخوا پێی داوی، بەڕاستی ئەو سکاڵای کرد لەلام کە تۆ برسی دەکەیت و زۆر ماندووی دەکەیت) (أبو داود/2549/23/3).

سێیەم / لەحەجی ماڵ ئاواییدا حەزرەت (د.خ)سەد حوشتری هێنابوو سەری ببڕێت ، بەدەستی موبارەکی شەست و سێ دانەی سەربڕی و سی و حەوتەکەی تری دایە دەست ئیمامی عەلی تا ئەو سەریان ببڕێ ، ئەوەی سەیرە حوشترەکان جوولەیان تێکەوتبوو هەریەکەیان حەزی دەکرد پێشبکەوێ و زووتر بیێ بەقوربانی بەدەستی موبارەکی پێغەمبەر (د.خ)، کەئەو بۆ سەربڕین دروست بووبێ بۆچی تا زووە بەدەستی پیرۆزترین کەس نەبێ بەقوربانی (ئەم ڕووداوە ئیبن قەیم لەزاد المعاد 216/2 باسی کردووە ، ابی داود 1765/149/2 ریوایەتی کردووە (أرناؤوط) سەنەدەکەی بەچاك داناوە ، ص/386 الخطب المنبرية) ...

تێگەیشتن لە دەسەڵاتی بێپایانی پەروەردگار

خوای پەروەردگار باڵادەستە و بەدیهێنەری بوونەوەرە، ئەو بوونەوەرەی کە عەقڵی مرۆڤ تائێستا بەشێکی کەمی دۆزیوەتەوە، زانایانی فەلەك دەڵێن ئاسمانەکان و ئەستێرەو هەسارەکان و هەرچی دۆزراوەتەوە تەنها ئاسمانی دنیایەو یەك ئاسمانەو شەش ئاسمانەکەی تر مەگەر خوا بزانێ چەندەو چییەو چۆنە .. گەورەیی ئەوەی کە دۆزراوەتەوە ئەگەر ڕۆکێتێك دروست بکرێ کە بەخێرایی ڕووناکی بڕوات بە (24)ملیار ساڵی ڕوناکی دەگاتە ئەو سنوورەی کە دۆزراوەتەوە .. پرۆفیسۆر ئەنیس الراوی دەڵێ: کە منالّ بووم وباسی گەورەیی پەروەردگاریان دەکرد وام دەزانی بەخەیاڵی منالّی خۆم ، کە خوا بەقەدەر باوکم گەورەیە ، بەلاّم ئێستا کەبیر لەم بوونەوەرە گەورەیە دەکەمەوە ، تێدەگەم کە دەسەلاّت و توانای پەروەردگار چەندەو ئاشکراشە (إنما يَخشى الله منْ عبادِهِ العُلَماءِ) زاناکان زیاتر لەخوا دەترسن ، چونکە باشتر لەدەسەلاّتی بێپایانی خوا تێدەگەن .

بەڕاستی فەرموودەیەك کە ئیبن عەباس ڕیوایەتی کردووە ژیانمی سەرتاپا گۆڕی کە دەفەرموێت (ئاسمانەکان و زەوی لەدەستی قودرەتی پەروەردگاردا وەك ئەوەیە کەسێك دەنکە خەرتەلەیەکی بەدەستەوە بێت) . بەڵێ.. تێگەیشتن لەوەی کە (الله أكبر) یانی چی ، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە ، بۆیە زۆر دووبارە دەکرێتەوە لەبانگ و نوێژدا و لەویردەکاندا ..سوننەتیشە یەکێك سەرکەوتە سەر بەرزاییەك بڵێ (الله أكبر) تا لەیادی بێت هەرکەس و هەرچی بەرزبێتەوە هەر خوا گەورەترو بالاّ دەست ترە .. خوای گەورە (حيٌ قيوم)ەو ، بەهیچ جۆرێك لە دروستکراوەکانی غافل نابێ و خەووخەوەنۆچکە نایگرێت، حەزرەت دەفەرموێت: (إن الله لاينام ولاينبغي عليه أن ينام ، يخفض القسط ويرفعه ، يُرفع إليه عمل النهار قبل عمل الليل ، وعمل الليل قبل عمل النهار ، حجابه النور أو النار ،لوكشفه لاحترقت سُبُحات وجه ماانتهى إليه بصره من خلقه) ل599الاساس في التفسير م1

خوا ستەم لەکەس قبوڵ ناکات

قورئانی پیرۆز لـەچەندەها ئایەتدا باسی زوڵم و ستەم دەکات و دەفەرمویێت:

1. (إن الشرك لظلمٌ عظيم) لقمان/13واتە: بەڕاستی هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا ستەمێکی گەورەیە .

2. (تلكَ حدودُ الله ومن يَتَعَد حدود اللهِ فَأولئِكَ هُمُ الظالمون) البقرة/229 .واتە: ئەوانە سنوورەکانی خوان ، سنوورشـکێنی مەکـەن ، هەرکـەس دەسـت درێـژی بکـات و سـنوور بشـکێنێ ، ئەوانـە ستەمکارن .

3. (أم تَقُولونَ إن إبراهيمَ واسماعيلَ وإسحاقَ ويعقوبَ والأسباطَ كانوا هوداً أو نصـارى ، قُـل أأنْـتُم أعلَمُ أمِ الله ، ومَنْ أظلَمُ مِمنْ كَتَمَ شهادةً عِنْدَهُ مِنَ الله ، وما اللهُ بِغافلٍ عمـا تَعلَمـون) البقـرة/140 . واتە:چۆن دەڵێن کە : ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یـەعقوب و کوڕەکـانی ، جوولـەکـە یـان گاوربوون ؟ پێیان بڵێ: باشە ئایا ئێوە دەزانن یان خوا ؟ جاکێ لـەوە ستەمکارترە کـە شـایەتیەیەکی خوایی لـەلابێت و شاردبێتیەوە ، بێگومان خوا بێئاگا نیە لـەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

4. (وَمَنْ أظلم مِمَن مَنَعَ مساجِدَ اللهِ أن يُذكر فيها اسمُـه ، وسـعى في خرابِهـا اولئـكَ ماكـانَ لهـم أن يَدخلوها إلا خائفين ، لَهَم فِي الدنيا خزيٌ ولَهُم فِي الآخرةِ عَذابٌ عَظيم) (البقـرة/114) . واتـە:کـێ لـەوە تاوانبارترە مزگەوتەکانی خوا قەدەغە دەکات ، لـەوەی ناوی پیرۆزی ئەوی تیا ببرێت و هـەوڵ بدات بۆ وێران کردنیان ، ئەوانە بۆیان نیە بچنە مزگەوتەکانەوە مەگەر ترسی خوایان لـە دڵدا بێت ، ئەوانە تەنها سوکیو ڕیسوایی بەشیانە لـەدانیادا و، لـە قیامەتیشدا سزای گەورەیان بۆهەیە .

5. (وَمَنْ أظلم مِمَن ذُكرَ بآياتِ رَبهِ فأعرَضَ عَنها ونسيَ ماقدَمَت يداهُ ، إنا جَعَلنا على قلـوبِهم أكنـةً أن يفقَهوهَ وفِي آذانهم وَقرا ، وإن تَدعوهم إلى الهدى فَلَنْ يَهتَدوا إذاً أبدا). الكهف/57 .

واتە: کێ لـەوە ستەمکارترە کە یاداوەری کرابێت بەئایەت و فەرمانەکانی پـەروەردگاری ، کەچـی ڕووی لێوەرگێڕاون و لــووتی بـەرزگرتووەو ئەوەشـی لــەیاد کـردووە کـە چ دەستپێشـکەریەکی کردووە لـەگوناهو تاوان ، ئێمە بەڕاستی پـەردەمان هێنـاوە بەسـەر دڵیانـدا تـا لـەئایەتـەکانی ئێمـە تێنەگەن و قورسی و کەڕیمان کردۆتە گوێیانەوە ، خۆ ئەگەر بانگیان بکەیت بۆ ڕێبازی هیدایـەت و دینداری ، ئەوە هەرگیز ئەوانە هیدایەت وەرناگرن.

6. (فَمَنْ أظلم مِمَن افترى على اللهِ كَذِبا لِيُضِل النـاسَ بِغَـير عِلـمٍ ، إن اللهَ لايَهـدي القَـومَ الظـالمين) الأنعام/144. واتە: کێ لـەوە ستەمکارترە کە درۆی بەدەم خواوە هەڵبەسـتووە ، تـا بـەبێ زانسـت خەڵکی سەرلێشێواو بکات ، بەڕاستی خوا هیدایەتی دەستەی ستەمکاران نادات .

7. (يأيها الذين آمَنوا لاتَأكلوا أموالَكُم بَينَكُم بالباطل إلا أنْ تَكونَ تِجارةً عَنْ تَراضٍ مِنْكُم ، ولاتَقتُلوا أنْفُسَكُم إن اللهَ كانَ بِكُم رَحيما ومَنْ يَفعَل ذٰلِكَ عُدواناً وظُلما فسَوفَ نُصليه ناراً ، وكانَ ذٰلِكَ على اللهِ يَسيرا) النساء/20واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەكتر بە ناهەق و بەبێ بەرامبەر مەخۆن لەنێوان خۆتاندا ، مەگەر بازرگانیەك بێت و لەسەر ڕەزامەندی هەموولایەكتان بێت ،خۆتان مەكوژن و یەكتر بە ناحەق مەكوژن ، كاتێك بێزاریی و بێتاقەتی ڕووتان لێ دەكات یان تووشی زیانێك دەبن ، بەڕاستی خوا میهرەبانە پێتان ، هەركەسێكیش كاری وا بكات و سامانی خەڵكی بەناهەق بخوات وخۆی یان خەڵك بكوژێت ، بە دوژمنایەتی وستەمكردن ، ئەوە لەئاییندەدا دەیخەینە دۆزەخەوەو بە ئاگر دەیسوتێنین ، ئەو كارەش بۆ خوا هەمیشە و بەردەوام ئاسانە ..

8. (إن الذينَ يأكلونَ أموالَ اليتامى ظُلما ، إنما يَأكُلُونَ في بطونِهم ناراً وسَيصلَونَ سَعيرا) النساء/10 واتە: بەڕاستی ئەوانەی كە ماڵی هەتیو بەناهەق و بەستەم دەخۆن ، بێگومان ئەوانە تەنها ئاگر دەخۆن و ئەو ماڵە دەبێتە ئاگر لەناو سكیاندا و لەقیامەتیشدا دەچنە ناو دۆزەخەوە .

9. (ولا تَركنوا إلى الذيَنَ ظَلَموا فَتَمَسَكُمُ النارُ ومالكُم مِنْ دونِ اللهِ مِنْ أولياء ثُم لا تُنْصَرون) هود/113 واتە: نەكەن مەیلی دڵتان لەگەڵ ئەوانەدا بێت كە ستەمیان كردووە و لەخوا یاخیبوون، چونكە ئەو كاتە ئاگر دەتانسوتێنێت ، كەسێكیش جگە لە خوا پشتیوانتان نابێت ، لەوەو دوایش یارمەتی نادرێن .

10. (ولَو يُؤاخِذِ اللهُ الناسَ بِظُلمِهِم ماتَرَكَ عَلَيها مِنْ دابةٍ ولَكن يَؤخِرُهُم إلى أجلٍ مسمى فَإذا جاءَ أجَلُهُم لايَستَأخرونَ ساعةً ولايَستَقدِمون) النحل/62 واتە: خۆ ئەگەر خوا خەڵكی لەناو ببات وبیانپێچێتەوە بەهۆی ستەمیانەوە (ئەوەندە گوناه و تاوان زۆرە) زیندەوەر لەسەر زەویدا نایەڵێت و، هەر زوو خاپووری دەكات بە هەموو گیانلەبەرانەوە ، بەڵام ئەو خوایە ئارامی و خۆگری بێ سنوورە ، لەبەرئەوە تاكاتێكی دیاریكراو مۆڵەتی ئەو خەڵكە دەدات و دوایان دەخات ، جا كاتێك ئاكامی دیاری كراویان هات ، نەتاوێك دوا دەكەون و ، نەتاوێك پێش دەكەون .

11. (إن اللهَ لايَظلِمُ مِثقالَ ذرة) النساء/40 واتە: بەڕاستی خوا مسقاڵە زەڕەیەك ستەم لەكەس ناكات ، هەروەها ستەمیشی حەرام كردووە هەروەك لەفەرمودەی قودسیدا هاتووە (ياعبادي اني حرمت الظلم على نفسي وجعلته محرماً بينكم فلا تظالَموا) مسلم . واتە: بەندەكانم من ستەمم لەخۆم حەرام كردووەو لەناو ئێوەشدا حەرامم كردووە ، جا ستەم لەیەكتری مەكەن ..

پێغەمبەریش (د.خ)جڵەوگیری كردووە لەستەمكردن و دەفەرموێت:

أ) (الظلم ظلمات يوم القيامة) بخاري ومسلم . واته:ستەم كردن مايەی تاريكی و ڕێ دەرنەكردنە لە قيامەتدا . چونكە بڕوادار بە نووری ئيمان ڕێی بۆ ڕۆشن دەبێتەوە ، بەلاٌم ستەمكار بڕواكەی ناتەواوەو لاوازە وڕێگای بۆ ڕووناك نابێتەوە و ئەگەر چاكەشی كردبێت دەدرێت بەستەم لێكراوان.

ب) (إن الله ليملي للظالم حتى إذا أخذه لم يُفلته) بخاري ومسلم .واته: بە ڕاستی خوا مۆڵەتی ئەدات بە ستەمكاران ، بەلاٌم كەگرتنی بەرەلاٌيان ناكات و نايەڵێت قوتار بن .

ج) حەزرەت ئامۆژگاری معاذی كوڕی جەبەلی كرد كاتێ ناردی بۆ يەمەن و پێی فەرموو (واتقِ دعوة المظلوم فإنه ليس بينها وبين الله حجاب) بخاري ومسلم . واته: خۆت بپارێزە لەدوعا و نزای ستەملێكراو ، چونكە لەنێوان ئەو دوعايەو خوادا پەردە نيەو يەكسەر گيرادەبێت .

د) (إياك ودعوة المظلوم ، فإنما يسأل الله حقه ، وإن الله لايمنع ذا حق حقه) البيهقي . واته: خۆت بپارێزە لەدوعا و نزای ستەملێكراو ، چونكە بەڕاستی ئەو ستەملێكراوە داوای هەقی خۆی دەكات و بەڕاستی خواش مەنعی هيچ خاوەن هەقێك ناكات لەهەقەكەی.

هەروەها دەفەرموێت (دعوة المظلوم مستجابة وإن كان فاجراً ، ففجوره على نفسه). بخاري ، واته: دوعاو نزای ستەملێكراو وەلاٌم ئەدرێتەوە ئەگەر ستەملێكراوەكە خراپەكاريش بێت ، چونكە ئەو كەسە خراپیيەكەی بۆ خۆيەتی و پەيوەندی نيە بەو ستەمەی كە لێی كراوە .

و) (من كان عنده مظلمة لأخيه من عرضه أو من شيء فليتحلله منه اليوم ، قبل أن لايكون دينار ولا درهم ، إن كان له عمل صالح أُخذ منه بقدر مظلمته ، وإن لم تكن له حسنات أُخذ من سيئات صاحبه فحُمل عليه). بخاري، واته: هەركەس هەقی يەكێكی بەسەرەوەيەو ستەمێكی لەيەكێك كردووە ، با تا دنيای ڕوونەو دينار و درهەم هەيە گەردنی خۆی پێ ئازاد بكات ، چونكە لە قيامەتدا هەقی هەركەسی بەسەرەوە بێت ، لەچاكەكانی هەڵدەگيرێ و دەدرێ بە ستەملێكراوەكە ، ئەگەر چاكەشی نەما لەخراپەكانی ستەملێكراو هەڵدەگيرێ و دەدرێ بەسەر ئەمەدا .

ه) غەش كردن و ناپاكی و لادانی هەرشتێك لە غەنيمەتيش ستەمەو سزای سەختی لەسەرە و بەخۆی وئەو شتە دزراوەوە لە قيامەتدا دەهێنرێت كە بەكۆڵيەوەتی و مەحكەمە دەكرێت ، حەزرەت (د.خ) دەفەرموێت (لا الفين أحدكم يجيء يوم القيامة على رقبته بعير له رغاء ، فيقول: يارسول الله أغثني ، فأقول لاأملك لك من الله شيئا قد بلغتك لا الفين أحدكم يجيء يوم القيامة على رقبته فرس لها حمحمة فيقول: يارسول الله أغثني ، فأقول: لاأملك لك من الله شيئا قد بلغتك ، لا الفين أحدكم يجيء يوم القيامة على رقبته صامت ، فيقول يارسول الله اغثني ، فأقول: لاأملك لك من

الله شيئا قد بلغتـك) .. واته: نەتان بینم لـەقیامەتدا یەکێکتان بێت و حوشترێکی بە کۆڵـەوە بێـت و بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام بکەوە منیش پێی دەڵێم: ناتوانم هیچـت بـۆ بکـەم لای خـوا ، مـن لـەدنیادا تەبلیغم کردی و ئاگادارم کردی ، نەبینم یەکێکتان بێـت لـەڕۆژی قیامەتـدا ئەسـپێك بـە کۆڵێکەوە حیلەی بێت و ، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا: فریامکەوە ، منیش پێـی دەڵـێم: هیچـم بـۆ ناکرێ لای خوا بۆت ، من لـەدنیادا تەبلیغم کردی ، نەبینم لـەقیامەتدا یەکێکتان بێت و شتێکی بـێ دەنگی بەکۆڵەوە بێت و بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام بکەوە ، منیش پێی دەڵێم: نـاتوانم هیچـت بۆ بکەم لای خوا ، من لـەدنیادا تەبلیغم کردی .

دوعای ستەملێکراو

ستەم ئازاری دەروونی ستەملێکراو دەدات و بەکوڵ و دڵ دوعـا لـەسـتەمکار دەکـات ، یـەکێ لـەپاشاکانی فارس مامۆستایەك بۆ کوڕەکەی دەگرێت ، تا بەچـاکی پـەروەردەی بکـات و ئامـادەی بکات ببێتە پاشای دوارۆژ ، ڕۆژێك مامۆستاکە زۆر لـەکوڕی پاشـا دەدات بـە ناهـەق ، کـوڕیش هیچی دەسەڵات نابێ بیکات بەرامبەری‌و زۆر دەروونی ئازار دەدات .. کاتێك بـاوکی دەمرێـت و دەبێتە پاشای وولات ، دەنێرێ بەدوای مامۆستاکەیدا و پێی دەڵێت: فلان ڕۆژ بۆ بەناهەق ئاوا لێت دام و ئازارت دام ، ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە تۆڵەت لێ بسێنم ، ئەویش دەڵێ: ویستم تێت بگەیەنم کـە ستەمکردن چەند ناخۆشە ، تا ئازارەکەی بچێژیت و هەرگیز ستەم نەکەیت .

کاتێك کەسێکی ستەملێکراو دوعا دەکات لـەستەمکار پەروەردگار یان یەکسەر یان پاشماوەیەك کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکات و لـەفەرموودەدا هاتووە کەخوای پـەروەردگار دەفـەرموێت (وعزتـي وجلالي لأنصرنك ولو بعد حين) بـە گـەورەیی و دەسـەڵاتی خـۆم ، سـەرت دەخـەم ئەگـەر پـاش ماوەیەکی تریش بێت.. جاری وا هەیە خوا لـەبەر حیکمەتێك سـزای سـتەمکار دوا دەخـات ، کـە ئێمەی بەندەی هەست و هۆش سنووردار نازانین بۆچیە و لـەبەر چیە ، ئاشکراشە خوای گەورە کەس ناتوانێ موحاسەبەی بکات و بڵێ بۆ وایەو بۆ وانیە ، وە تەنها ئەوە کە دەتوانێت بە دەسەڵاتی خوایەتی خۆی لـەهەموو کەس بپرسێتەوە (لايُسأل عما يفعل وهم يُسألون) الانبياء 23 .

نزاکەی ئیمام ئەحمەد

کاتێك ئیمام ئەحمەد لـەسەر مەسەلـەی (خلق القرآن) گیرابوو ، وەزیرێك بەناهەق شەقازلـەیەکی لێدا ، ئەویش دوعای لێکرد وتی: خوایە من مەزلومم و هەقم بسێنە بەوەی کـە لـەلاشـەی خۆیـدا بەندی بکەی .. بەڵێ خوای گەورە نزاکەی وەرگرت و ئەو وەزیرە پاش ماوەیەك لایـەکی تووشـی

ئیفلیجی بوو ، زۆر بێزارو نارەحەت بوو بوو ، دەیـووت: لایـەکم ئەگـەر پارچـە پارچـە بکرێـت بەخۆی نازانێت ولایەکیشم ئەگەر مێشێکی پێوە بنیشیٚ وا دەزانم شاخێکی بەسەرا کەتووە .

شێخ ئیبراهیم الحسان

لـەچەند مانگی پاش ئازادکردنی عێـراق ، وەفـدێکی کـوەیتی هـاتن بـۆ بەغـداو چـاویان بـە وتارخوێنی مزگەوتێکی بەغـدا کـەوتبوو کـە نـاوی (شـێخ ئیـبراهیم الحسـان)ە ، شـێخی نـاوبراو ڕووداوێکی بۆ گێڕابوونەوە ، کە نموونەی دوعا قبوڵ بوونی ستەم لێکراوەو وتبـوی : مـن خـەڵکی بەسرەم و لـەو شـارە وتـارخوێن بـووم لـە مزگەوتێکـدا ، لـەیادی لـەدایك بـوونی حـەزرەت دا لەنەوەدەکاندا هۆنراوەیەکی (ولید الأعظمی)م خوێندەوە ، کـە دەڵـیٚ: (إسـلامنا نـور لمـن یهتـدي إسلامنا نار لمن یعتدي)واتە ئیسلامەکەمان نوورە بۆ هەرکەسێك هیدایەت وەرگرێت وئیسلامەکەمان ئاگرە بۆ هەرکەسێك دەست درێژی بکـات ، تـا دەگاتـە ئـەو دێـڕەی کـەدەڵیٚ : ئێمـە بەغـەیری پێغەمبەر ئیقتیدا بەکەس ناکەین .. پاش تەواوبوونی یادەکە ڕاپۆرتیان لـەسەر نوسیم و گیرام لـەلایەن ڕژێمەوە .. پاش ئازار و چەرمەسەریٚ یەکی زۆر ڕزگارم بوو، پاشان سـاڵی1994 گواسـتیانمەوە بـۆ بەغدا ، لـەیەکەم وتارمدا باسی زوڵـم و ستەمم کرد ، یەکیٚ لـەئامادەبوان کـە لـەسـەر کورسـیەکی کەم ئەندامەکان دانیشتبوو تا لـە وتارەکەم بوومەوە گریا .. پاش نوێژ کوڕەکەی نارد بۆلام و وتی: باوکم حەز دەکات سەردانێکی ماڵـمان بکەیت ، منـیش هەرچـەند وتم: زۆر سـەرقاڵـم و کـاتم نیـە سوودی نەبوو .. ئیتر ناچار چووم بۆ ماڵیان و پاش بەخێر هاتن ، بـە کوڕەکـەی وت: ئـەو چـادرە لابەن لـەسەر ئەو ئۆتۆمبێلـە لـە گەراجەکەدا .. کەلایان برد سوپەرێکی سپی مۆدێـل1982بـوو کـە ڕەقەمی کوەیتی پێوەبوو .. وتم: مەسەلـەی ئەم سیارەیە چىیە؟ کابرای خاوەن ماڵ وتی: من لـەساڵی 1990دا لیوابووم لـە سوپای عێراقیدا وکاتێك کوەیتمان داگیر کرد ، من تەفتیشی بازگەکانم دەکرد لــەنێوان عێـراق و کوەیـت دا ، ڕۆژێـك ئـەم ئوتۆمبێلــەم بینـی بەدەسـت لاوێکـەوە بـوو چـەند ئافرەتێکیشی تیابوو ، حەزم لێکرد و بەپاسەوانەکانم وت: شـەڕ بـەو شـۆفێرە بفرۆشـن ، ئـەوانیش گێچەڵەیان پێکرد و بوو بەدەمەقاڵێیان و منیش چووم ، کوڕەکـەم دایـە بەرشـەق و زللـە و زۆرم لێدا تا لـەسەر شۆستەکە بورایەوە .. ژنەکان دابەزین بەگریان و زریکەو منـیش دەسـترێژێکم کـرد بەسەریاندا تا بترسن ، ئینجا سەیارەکەمان لێسەندن و هێنامانەوە ، پیرێـژنێکیان دوعـای لێکـردم و وتی: یاخوا تووشی ئیفلیجی ببیت و لـەدنیا و قیامەتدا لـەخۆت نەحەسێیتەوە ..

خوا ئاگاداره پاش چەند ڕۆژێك تووشی پشت یەشە بووم و دواتر قاچی چەپم سڕبوو ، بەپەلە بردیانم بۆلای باشترین پزیشکی پسپۆڕی بەغدا ، پاش فەحس کردن ، بڕیاریان دا نەشتەرگەری بڕبڕەی پشتم بۆ بکەن .. بەڵێ نەشتەرگەریان بۆکردم و نەجاحەتی نەهێنا و تووشی ئیفلیجی بووم و لەوساوە لەسەر ئەم کورسی کەم ئەندامەم و ئەزانم ئاهی ئەو پیرێژنەیە گرتوومی ، تەوبەم کردووە و دەمەوێ ئوتومبێلەکەشیان بۆ بگەڕێنمەوە ، ئیتر نازانم چۆن دەستم پێیان بگات و بیاندۆزمەوە .. جا کە تۆ وتارتدا زانیم لەهجەکەت بەسراوی یەو ، دیارە خەڵکی بەسرەش تێکەڵاویان هەیە لەگەڵ کوەیتیەکاندا ، بەڵکو لەبەر خوا سۆراخێکم بۆ بکەیت و سەیارەکەیان بۆ بگێڕینەوەو گەردنم ئازاد بکەن ..

شێخ ئیبراهیم دەڵێ: منیش پێم وت: ئاخر کێ ئەوێرێ پەیوەندی بکات بە کوەیتیەکانەوەو تەلەفۆنیان بۆبکات ، دیارە حکومەت بەشتی وابزانێ سزای قورسی لەسەر ئەدات .. ئیتر هەموو هەینییەك کوڕەکەی دەناردە لام دەیووت: باوکم دەڵێ: بە قوربانە چی بۆکردووین ؟ منیش دەمووت : بەخوا هیچم بۆنەکراوە ، ئەمە ساڵێکی خایاند ، تا لەساڵی1995دا بۆ کارێکی خۆم سەردانێکی بەسرەم کرد و کەویستم بگەڕێمەوە بۆ بەغدا چەند سەعاتێك لە نەقڵیات چاوەڕێم کرد سەیارەیەکی بەغدام دەست نەکەوت .. برادەرێك کە منی ئاوا بینی وتی: یاشێخ فلان کەسی گەڕەکی خۆمان سەیارەی پێیە و دەچێت بۆ بەغدا بۆ لەگەڵ ئەو ناچی ، منیش وتم: زۆر باشەو ئیتر ڕۆیشتم برادەرەکەم دۆزیەوەو لەگەڵی سواربووم بەرەو بەغدا ، دیارە ڕێگەیەکی دوورو درێژە و کەوتینە گفتوگۆ ، برادەرەکە وتی: مامۆستا هەرچەندە ئەم سەیارەیە زۆر باش نیەو لایەق بەجەنابتان نیە ، چیبکەین خوابیانگرێت سەیارەیەکی باشمان هەبوو ئەو زاڵمانە لێیان سەندین ، منیش پێم وت: قەت ناشێ سەیارەکەت سوپەرێکی سپی مۆدێلی1982ی ڕەقەم کوەیت بێت ، برادەرەکە هەر ئەبڵەق بوو ، وتی: یاشێخ دەڵێی کەراماتت هەیە ؟ وتم: نا کەراماتم نیە ، وەرە بتبەم بۆلای سەیارەکەتان ..

ئیتر بردم بۆ ماڵی لیواکە و سەیارەکەی دایەوەو وتی: بەڵکو تەلەفۆن بکەی بۆ نەنکت لە کوەیت تا گەردنم ئازاد بکات ، کوڕەش وتی: کێ دەوێرێ لەعێراقەوە پەیوەندی بکات بە کوەیتەوە ..

کابرای لیوا وتی: باشە پەساپۆرتت بۆ تەرتیب دەکەم و لەسەر حسابی من بچۆ بۆ (عەممان) و لەوێوە تەلەفۆن بکە .. بەڵێ.. پاش ماوەیەك هەموو شتێکیان بۆ ئامادەکرد و چوو بۆ عەممان و

تەلەفۆنی کرد بۆ کوەیت و بەنەنکی وت: نەنە خوا کردی وا سەیارەکەمان دەستکەوتۆتەوەو کابرای لیوا تووشی ئیفلیجی بووەو داوای گەردن ئازادی دەکات ، نەنکیشی ئەوەندەی تر دوعای لێکردو وتی: گەردنی ئازاد نەبێت و خوا لەوە خراپتری لێبکات .. کورە کە گەڕایەوە بەغدا لێمان پرسی ها چی بوو ؟ وتی: بەخوا چی خەریك بووم لەگەڵیا ، گەردنی ئازاد نەکرد ، منیش پێم وت: ئاخر کوڕی باش چۆن ئیش وا دەکرێ ، ئەبوایە هەندێ فەزڵی عەفوکردن و لێخۆش بوونت بۆ باسکردایە و ئینجا داوای گەردن ئازادیت لێبکردایە .. ناچار جارێکی تر لەسەر حسابی (لیوا)ەکە چووەوە بۆ عەممان و ئینجا بەجۆرێکی تر قسەی لەگەڵ نەنکی کرد تا ڕازیبوو گەردنی ئازاد بکا.

خوا ئاگادارە پاش دوو هەفتەیەك کابرای لیوا بەرەوچاکی ڕۆیشت و لەسەر عەرەبانەکە هەستا و ئێستا بەگۆچان دێت بۆ مزگەوت بەپێی خۆی .. (ئەم ڕووداوە لە ڕەمەزانی 2003 ، دکتۆر محمد عوضی لە بەرنامەکەی (صور وخواطر)دا باسی کرد).

سەرچاوەکان

1- روائع اقبال -الندوی
2-محاضرات اسلامية في الفكر والدعوة - الندوي مجلد 1
3- رۆژنامەی یەکگرتوو ژ- 464
4-ايات قرانية في مشكاة العلم -د . يحيى المحجري
5-العلم طريق الايمان -الزنداني
6-التصميم في الطبيعة - هارون يحيى -ترجمة -اورخان محمد علي
7- خديعة التطور - هارون يحيى -ترجمة - سليمان بايبارا
8- التضحية عند الحيوان- هارون يحيى -ترجمة - مصطفى الستيتي
9- المعجزات القرانية - هارون يحيى -ترجمة - اورخان محمد علي
10-دراسات قرانية -الندوي -
11-الخطب المنبرية - محمد الحسان
12- الاساس في التفسير - سعيد حوى
13- برنامج / صور و خواطر -د.محمد عوضي -الفضائية الكويتية
14- برنامج / اسلام بلا حدود - زغلول النجار - المحور

15 – بيوت الانبياء –جاسم المطوع –اقرأ
16 – الانترنيت – اسلام ئون لاين و موقع التسابيح
17– وتارى / وفى انفسكم افلا تبصرون/ د. عبدالحميد القضاة
18– برنامج / اوراق / د. محمد موسى الشريف / قناة اقرأ

ناوەرۆك

ژیــانــەوە

بەرگی سێیەم

پێشەکی

بەرنامەیەك کەخوا ناردبێتی و بە(عزیز)ناوی ببات (وإنە لکتاب عزیز) فصلت 41 ، بانگخوازانێکیش کەپشتیان بە خوا بەستبێ و کاروفرمانیان دابێتە دەست خوا (فوضت امري اِليك ووجهت وجهي اِليك،واَلجأت ظهري اِليك ،لاملجأ ولا منجى منك اِلا اِليك) و، خواش پشتگیریان بێ ودەستی پێیانەوە بێ (ومن یتوکل علی الله فهو حسبه)الطلاق3 ، هەرکەس پشت بەخوا ببەستێ خوای بەسە ..

دیارە ئەو بەرنامەیە وئەو بانگخوازانە کاریگەریان دەبێت لە واقیعی ژیاندا و دڵان کەمەندکێش دەکەن بەرەو هەق و ڕاستی،لەم لاشەوە کە دوژمنان ئەوە دەبینن چاویان بەرایی نایەو ، پڕو پاگەندەیان بۆ دەکەن ، دوژمنان دەیانوت : ئەوە جادوەو خەڵکی لە خشتە دەبات و چاو بەستیان لێدەکات ، قورئانیش فەرمووی (افسحرٌ هذا اَم انتم لا تُبصِرون) الطور 51 ، ئاخر ئەمە سیحرو جادووە ؟! یان کوێرایی بە چاوتانا هاتووە !! نا چاویان هەیە ،بەڵام نایانەوێ ببینن ونایانەوێ دان بنێن بەهەق وڕاستی دا ، چونکە چاوی دڵیان کوێرە و شەیتان دڵیانی داگیرکردوە (اِنها لا تعمىَ الابصار ولکن تَعمى القلوب التيِ فيِ الصدور)الحج6 .

کافران گورج و خێرا بوون لە کفرو خراپەکردندا و ، هەندێکیان سەرو ماڵیشیان بەخت دەکرد ، ئەمەش حەزرەتی (د.خ) خەمبار کرد ، بۆیە پەروەردەگار دڵنەوایی کردو پێی فەرموو: (ولا یَحزنك الذین یسارِعون فيِ الکفر ، اِنهمَ لن یَضُروا اللهَ شیئا یرید الله اَلا یجعَل لهَم حظاَ فيِ الاخرِة ،ولهم عذاب عظِیم) 176آل عمران واتە : ئەی پێغەمبەر (د.خ) ئەوانەی کەپێشبڕکێ دەکەن لە کفرو بێباوەڕیدا خەمبارت نەکەن ،چونکە بەڕاستی ئەوانە هەرگیز هیچ زیانێك بەخوا ناگەیەنن ،خوا دەیەوێت هیچ بەشێکیان لە قیامەتدا پێنەبەخشێت ، سزای سەخت وناسۆریش بۆیان ئامادەیە ..هەروەها دەفەرموێت (ان الذین کفروا یُنفقون اموالهم لیصدوا عن سبیل الله ، فسیُنفقونها ثم تکون علیهم حسرة ثم یُغلَبون ، والذین کفروا الی جهنم یُحشرون) الانفال 36 ..

لەمەوە تێدەگەین کە لە کێشمەکێشی نێوان هەق و ناهەقدا کافرانیش ماڵ و سامان سەرف دەکەن و ، قوربانی دەدەن و ماندودەبن و دان بە خۆیانا دەگرن، لەکاتێکدا کە تەنها دنیایان هەیەو بڕواداران دنیاو ئاخیرەتیان هەیە ..ئەگەر ئەوان ئاوابن بۆ ناهەقی خۆیان لەپێناوی دنیادا، ئەی دەبێ بڕواداران چۆن بن لە هەوڵ و کۆشش و قوربانی دانیاندا بۆ بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خواو دەست کەوتنی دنیاوئاخیرەت ؟؟.. قورئانیش ئەمە دەخاتە بەرچاوی بڕواداران و لەپاش غەزای ئوحد

دەفەرمویّت (ولا تهنوا فيِ ابتغاء القوم اِن تكونوا تألمون فاِنهم يألمون كما تألمون وترجون من الله مـالا يرجون)104النساء/ واته : سســت و لاواز مـەبن و کـەم تەرخـەم مـەبن لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی کافراندا ،خۆ ئەگەر ئێوە ئازارو ئەشکەنجە و نارەحەتیتان هەبێت ئەوانیش وەك ئێوە دەیـان بێـت ، لـەکاتێکدا ئێوە چاوەڕێی پاداشتی خوان و ئەوانیش چاوەڕێی سزای خوان .

کافران پیلان دادەنێن ، پیلانێك کە شاخ لـەبن دێنێ ؟!(وقد مكروا مكرهم وعندالله مكرهم واِن كان مكرهم لتزول منه الجبال) ابراهيم46/ ئەگەر کافران بەرێبازی ناهەق و دنیا پەرستیانەوە بتوانن پیلانی ئاوا دابنێن ، ئـیتر چـۆن ئـەهلی هـەق ودۆسـتانی خـوا و، شـوێن کـەوتوانی بەرنامەکـەی بەپشتیوانی خوا پیلانی مەحکەم و کاریگەر دانەنێن و گورج و گۆڵ و گەرم و گـوڕ نـەبن لــەپێناو گەیاندنی هەقدا .. ئالێرەوە جارێکی تر ژیانەوە بەشی سێیەم دێتەوە خزمەت خوێنەرانی بـۆ تیشـك خستنە سەر کۆمەڵێ چەمکی ئیمانی و ئاماژەکردن بۆ هەوڵ وکۆششی حـەزرەت (د.خ)بەتایبـەتی و بانگخوازان بەگشتی ، سا بەڵکو گوڕوتینێکی نوێمان بۆ بگەڕێتەوە و بتـوانین بەرنامـەی بێوێنـەی قورئان بگەیەنین بە سەرتاسەری جیهاندا .

بانگخوازی ماندونەناس

ئەگەر بانگخوازیی پلـەو پایەیەکی یەکجار بەرز و چاکتر ین قسـەو گوفتاربێـت کـە کەسـێك بیکات و مایەی ڕەزامەندی خوا بێت ،ئیتر بۆچی بانگخواز منەت بکاوهەست بە ماندویەتی بکات ؟

هەرکات چاو بە ئایەت وفەرمودە پیرۆزەکاندا بگێڕین ، گەورەیی بانگخوازیی تێدەگەین ، ئـەوە قورئانە دەفەرمویّت(ومن أَحسن قولا ممن دعا الى الله وعمل صالحاًوقال انني من المسلمين)33فصـلت ،حەزرەتیش (د.خ) دەفەرمویّت (ان الله وملا ئكته واَهل السماوات واهل الأَرَضـين حتـىَ النملـة فـي جُحرها وحتىَ الحيتان ليُصَلون على معلمي الناسِ الخير)باشە کەسـێك خـوای گـەورەی بالأدەسـت ڕەحمەت وبەرەکەت ببارێنێ بەسەریاو مەلا ئیکەتەکان مەگەر خوا بۆ خۆی بزانـێ چـەندن دوعـا و نزای خێر بکەن بۆی و چی لـە ئاسمانەکان و چی لـە زەویدایە ، تەنانەت مێروولـە ، تەنانەت حوتیش دوعای خێری بۆ بکەن ، ئیتر چی دەوێ ؟چۆن شەوو ڕۆژ ناخاتـە سـەریەك تـا ئـەو پلـە بـەرزەی دەست بکەویّت ..

خوای گەورە(مقدم)و (مؤخر)ە وهەرئـەوە کـەدەتوانیّ بتباتـە پێشـەوە و پایەبـەرزت بکـات ،هەرئەویش دەتوانێ بتخاتە دواوە و نەیەڵێ سەر زیاد بکەیت، بۆیە بـانگخواز هـەموو هۆکارێـك دەگرێتە بەرو ئینجا بەدڵیش پشت دەبەستێت بەخواو لێـی دەپاڕێتـەوە کـاری بـۆ ئاسـان بکـات و

دەست بداتە باڵی، یان سەرکەوتن یان شەهادەتی پێببەخشێ‌وهەمیشە چاودەخشێنێ بەکارەکانیاو بەخۆیدا دەچێتەوە تاکارەکانی چاکتر بکات وکەموکوڕیەکانی نەهێڵێ .

هەرتۆم لێ نەڕەنجێ ی!

ئەوەی باسمان کرد لەژیاننامەی پڕ بەرەکەتی سەرووەرماندا دەیبینین بۆ نموونە :

لەشەوالی ساڵی (10)ی پێغەمبەرێتیدا ،حەزرەت(د.خ)بەرەو (طائف)دەرچوو ، ئەم شارۆچکەیە (100)کم لەمەککەوە دوورە ، بەپێ لە هەردووسەرەوە ماوەکەی بڕی ، (زید)ی کوڕی (حارثة)ی غولامی لەگەڵدا بوو ، لەرێگەدا بەلای هەر خێڵێکدا بگوزەرایە بانگی دەکردن بۆ ئیسلام ، کەسیان بەدەمیەوە نەهاتن ، کە گەیشتە (طائف) چووە لای سێ برا لەخێڵی (ثقیف) ،کە بریتی بون لە (عبد یالیل) و (مسعود) و (حبیب) کوڕی (عمرو)ی کوڕی(عمر) ی (ثقفي). لەگەڵیان دانیشت و بانگی کردن بۆ ئیسلام ، یەکێکیان وتی :ئەگەر خوا تۆی ناردبێت شەرت بێ پۆشاکی کەعبە بدڕێنم ، ئەوی تریان وتی: خوا کەسی نەدۆزیوەتەوە تۆ نەبێت ؟ سێیەمیشیان وتی : بەخوا هەرگیز قسەت لەگەڵ ناکەم ، ئەگەر تۆ پێغەمبەریت لەوە گەورەتریت کەمن ڕەتی قسەی تۆ بدەمەوە ، ئەگەر لەگەڵ خواشدا درۆ بکەیت پێویست ناکا قسەت لەگەڵدا بکەم ، ئیدی پێغەمبەر (د.خ)فەرمووی : ئەگەر ئەوەی دەتانەوێت بیکەن ئەوا تکاتان لێ دەکەم ئاشکرام مەکەن .

حەزرەت (د.خ) دە ڕۆژ لەناویاندا مایەوە و پیاو ماقوڵ نەما نەڕواتە لای ،پێیان وت: لێرە بڕۆ دەرەوە ، ئینجا هەرزەو نەفامەکانیان لێ هاندا ، کەویستی بگەڕێتەوە ، نەفام و کویلەکان کەوتنە دوای بە جنێودان و هاوار لێکردن ، خەڵکی کۆبونەوە و بەدوو ڕیز بۆی وەستان و کەوتنە بەرد باران کردنی و قسەی ناشرینیشیان پێدەوت ، قاچیان دایە بەربەرد ، هەتا نەعلەکانی پڕبوون لەخوێن و(زید)یش خۆی دەدایە بەری ، هەتا بەردێك بەر سەری کەوت و شکاندی، بەشوێنیەوە بوون هەتا ناچار بوو خۆی بکات بەباخێکی (عتبە)و (شیبە)ی کوڕانی (ربیعە)دا،کە(سێ)میل لە (طائف)ە وە دوورە (واتە :پێنج کیلۆمەتر)،کەچوە ناو باخەکەوە ئەوان گەڕانەوە!!..

پێغەمبەر (د.خ) چووە ژێر دار مێوێك ، لەژێر سێبەرێکدا پاڵی دا بە دارێکەوە ، کە هێورو ئارام بووەوە ، نزا بەناوبانگەکەی کرد کەپڕیەتی لە خەمی دڵ وبێتاقەتی دەرهەق ئەو مامەڵە خراپەی توشی هات و ، بێزار بونی لەدەست باوەڕ نەهێنانی هیچ کەسێك پێی ، فەرموی (اللهم اِنـي اَشكو اليك ضعف قوتيِ،وقلةحيلتيِ، وهوانيِ على الناس،يا اَرحم الـراحمين ،اَنـت ربُ المستضـعفين ،وانـت ربيِ،الى من تكلنيِ؟ الى بعيد يتجهمنيِ ،اَم الى عدو ملكته اَمرى ،اِن لم يكن بك عليَ غضبٌ فلا أُبالِي ،

ولكن عافيتك هيِ اَوسع لي أعوذ بنور وجهك الذيِ اَشَرقت له الظلمـات وصَـلُح عليـه امـرُ الـدنيا والاخرة ،مِن ان تنزلَ بى غضبك اَويحل عليَ سخطك ، لك العُتبى حتى ترضى، ولا حول ولا قوة الا بك) واته : خوايه ، شكاتى لاوازى و كهم توانايى وبيّدهسهلاّتيم بهدهست خهڵكهوه لاى تۆ دهكهم ، ئهى بهبهزهيترينى ههموو بهبهزهييهكان ، تۆ پهروهردهگارى چهوساوهكانى و ، تۆ خـاوهنى منــى ، بهكێم دهسپێريت ؟ بهدووره كهسێك ئازارم بدات ، يان به دوژمنێك كارت داوه دهست ؟ ئهگـهر تۆم لێ نهڕهنجێيت من باكم نيه ، بهڵام بێ وهيى كردنى تۆ بۆ من دڵگوشادتره ، پهنادهگرم بـهنوورى ڕووى پيرۆزى تۆ كه ههموو تاريكستانهكانى ڕووناك كردۆتهوه و، كاروبارى دونيا و ئاخيرهتى لــه سهر دامهزراوه لـهوهى كه تورهيى خـۆتم بهسـهردا داباريێنيـت ،يـان خـهشمت بمگريـت ، ڕازونيـاز ههربۆلاى تۆيه ههتا ڕازى دهبيت،هيچ تواناو دهسهلاّت وجوڵهيهك نيه مهگهر بهيارمهتى تۆ .

بهڵێ..حهزرهت(د.خ)كهمامۆستاى مرۆڤايهتيهو ئيمامى پێغهمبهرانه سهلامى خوايان لێبێت ، بهپێ (100) كم بهدهشت و دۆڵ و ههردو چۆڵهوانيدا دهبڕيت ، سهرباقى هيلاكى و ماندووبوون بهلاى ههر خێڵێكدا ڕۆيشتووه بانگى كردوون بۆ ئيسـلام و ههرچـهند كهسـيان وهلاّميـان نهداوهتـهوه ، كۆڵێ نهداوه و بێزار نهبووه .پاشان ده ڕۆژى ڕهبهق لـهناو تائيف دا ههوڵـهكانى بـهرى نـهگرت و زۆر به ناشرينى وهلاّميان دايهوهو تهنانهت بهردبارانيشيان كردو <u>پێنج كيلۆمهتر</u> به دوايهوه بـوون و ئازاريان دا !

لـه دوعاكهشيهوه لوتكهى بهندايهتى و خواپهرستيمان بۆ دهردهكـهوێ ،كهچـۆن بـهكوڵ و دڵ دهپاڕێتهوه و تهنها شكات لاى خواى بالاّ دهست دهكات و دهترسێت كهم وكورتيـهكى هـهبێت و بووبێته مايهى غهزهبى خوا ! ههروهها ههموو مهبهستى ڕهزامهندى خوايه و دهفهرموێت :تهنها تـۆم لێ نهڕهنجێيت باكم نيه و چى دهبێت بابێت..

موسڵمان بوونى عهداس :

كه ههردوو كوڕهكهى ڕهبيعه بهو شێوهيه بينيان بهزهييان پێـدا هاتـهوه ، غـولاّمێكى نهسـرانيان ههبوو، ناوى عهداس بوو ، بانگيان كرد ، پێيان وت :برۆ هێشويهك لـهو ترێيه ببه بۆ ئهو پياوه ، كه بردى و داينا لـهبهردهم پێغهمبهردا (د.خ) بسم اللـهى كردو دهستى كرد به خواردنى ، عهداس وتى: حهڵكى ئهم شوێنه ئهو وتهيه بهكارناهێنن..

پێغهمبهر (د.خ) فهرمووى : تۆ خهڵكى كوێيت و چ ئاينێكت ههيه ؟

وتی :نەسرانیم و خەڵکی (نینوی)م ،پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی :خەڵکی شاری پیاوە چاکەکەیت (یونس)کوڕی (مەتی)؟ وتی :تۆ چوزانیت (یونس)کوڕی (مەتی) کێیە ؟

پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی :ئەو برای منەو پێغەمبەر بوو ، منیش پێغەمبەرم..

ئینجا عەداس کەوت بەسەر دەست و قاچیاو کەوتە ماچکردنی ، کوڕەکانی (ربیعە)ش یەکێکیان بەوی تریانی وت:ئەوە غولامەکەشی لێ هەڵگێڕاینەوە ..

کەعەداس هاتەوە پێیان وت :دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات ئەوە چیە ؟؟

وتی :گەورەم ، لەسەر زەمیندا لەم پیاوە باشتر نیە ، بەڕاستی هەواڵێکی پێداوم جگە لە پێغەمبەر کەس نایزانێت .. پێیان وت:دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات عەداس ، نەکەیت لەئاینەکەت وەرت بگێڕێت ، ئاینەکەی خۆت باشترە لە ئاینەکەی ئەو .

(ئەمەش یەکەم دڵنەوایی بوو بۆ پێغەمبەر (د.خ)کە کەسێکی نەسرانی خەڵکی نەینەوا موسڵمان بوو لەسەر دەستیا) ..

دڵفراوانی تا دوا پلە

پێغەمبەری خوا (د.خ) پاش دەرچوونی لەباخەکە بەدڵشکاوی و خەمباری یەوە بەرەو مەککە گەڕایەوە تا گەیشتە (قرن المنازل) ، بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە :

جارێکیان عائشەپرسیاریکردلەحەزرەت(د.خ)کەئایاڕۆژی ناخۆشتروخراپترت بەسەر هاتوە لەڕۆژی ئوحود؟!ئەویش لەوەلامدا فەرموی :خراپترین شتێك کە بینیم ڕۆژی (عقبە)بوو، کەچوومە لای (عبد یالیل)ی کوڕی (عبد کلال)وبە هیچ شێوەیەك بەدەممەوە نەهات ، ئیتر بەکۆمەڵێك خەم و خەفەتەوە دەرچووم ، لە (قرن المنازل) نەبێت هۆشم نەهاتەوە ، سەرم بەرز کردەوە بینیم هەورێك سێبەری بۆ کردووم ، لێی وردبوومەوە ، سەیر دەکەم جوبرائیلی تیایە ، بانگی لێکردم ، فەرمووی :خوای گەورە گوێی لە وتەکانی گەلەکەت بوو کەپێیان وتی ، ئەوە خوای گەورە فریشتەی بۆ ناردویت بۆ ئەوەی بەخواستی خۆت فەرمانی بەسەرا بدەیت .. ئینجا فریشتەی شاخەکان بانگی کردم و سلاوی لێکردم ،پاشان فەرموی :ئەی محمد ئەوە منم ،چیت دەوێت ، ئەگەر دەتەوێت ئێستا ئەو دوو شاخەیان بەسەردا دەهێنمەوە ، منیش وتم :بەڵکو ئومێدەوارم خوای گەورە لەپشتی ئەمانە نەوەیەك بخاتەوە کە تەنها خوای گەورە بپەرستێت و هیچ هاوبەشی بۆ پەیدا نەکات ... لەم وەلامەوە کەسایەتی لەوێنە نەبووی حەزرەتمان بۆ دەردەکەوێ کەچۆن گوێ ناداتە ناخۆشی و نارەحەتیەکانی و هیوای بەدوارۆژوو نەوەی داهاتووە . (ل149 گولاوی سەرمۆر)

پاشان حەزرەت (د.خ)ڕێی مەککەی گرتە بەر تاگەیشتە شیوی (النخلة)و چەند ڕۆژێك لەوێدا مایەوە ، خوای گەورە چەند پەرییەکی نارد کە بڕوایان پێ هێنا، کە لە دووشوێنی قورئاندا باس کراوە ، لەسوورەتی (ئەحقاف)دا دەفەرموێ : (وإذ صرفنا إليك نفراُ من الجِنَّ يستمِعون القرآن ، فلما حَضَرُوُهُ قالوا : انصِتُوا فلما قُضِيَ ولُّوا إلى قومِهِم مُنذِرين ، قالوا : ياقومنا إنا سَمِعْنا كتاباً أُنزِلَ مِن بعدِ موسى مُصَدِقاً لِما بين يَدَيهِ يهدي الى الحقِ وإلي طريق مستقيم ، ياقومنا اجيبوا داعيَ اللهِ وآمِنوا بِهِ يَغْفِرْ لكم مِن ذنوبِكُمْ ويُجِرْكُم مَنْ عذابٍ أَلِيم ، ومَنْ لايُجِبْ داعِيَ اللهِ فليس بُمِعْجِزٍ في الارضِ وليس لهُ مِن دونِهِ أولياء اولئكَ في ضلالٍ مبين)32 / الاحقاف .

واته : یادی ئەوە بکە کاتێك ئێمە دەستەیەك پەریمان لادایە لای تۆ ، تا گوێ لە قورئان بگرن ، ئەوسا کە ئامادەبوون بە یەکتریان وت : گوێ بگرن وبێ دەنگ بن ، کاتێك قورئان خوێندنەکە تەواو بوو ، پەری یەکان گەڕانەوە بۆناو هۆزو قەومەکەیان و دەستیان کرد بەئاگادار کردنەوەو بانگکردنیان بۆ پەیڕەوی کردنی ئەم ئاینە نوێ یە .

وتیان :ئەی هۆزو گەلی ئێمە ، باوەڕ بکەن ، گوێمان لە پەڕاوێك بوو کە لە دوای موسا نێردراوە ، سەلمێنەری پەیام و کتێبەکانی پێش خۆیەتی و ڕێکە لەگەڵیاندا و ، ڕێنمایی و هیدایەت دەدات بۆ هەق و ڕاستە شەقامیڕاست ودروست .

ئەی خزمینە ، بچن بەدەم بانگخوازی خواوە و بڕوای پێ بهێنن ، ئەوکاتە لەگوناهەکانتان خۆش دەبێت و لەسزای بە ئێش و ئازار دەتانپارێزێت ،جائەوەی پێشوازی لەبانگخوازی خوا نەکات ، ئەوە وەنەبێت لەدەست خوا دەرباز ببێت و خوا دەستی قودرەتی نەیگاتێ ، کەسیش ناتوانێت جگە لەخوا ڕزگاری بکات و پشتیوانی لێ بکات ، ئائەوانە لە گومڕایی‌و سەر لێشێواوێکی زۆر ئاشکرادان ..

لە سورەتی (الجن)یش دا دەفەرموێت (قل أُوحى اِلَيَ انهُ استمَعَ نفَر من الجن فقالوا :اِنَا سَمِعنا قراناً عجباً ،يهدى اِلىَ الرشدِ فآمنا به ولن نشرِك بربنا اَحدا .. واَنا ظننا اَن لَن نُعجِزَ فِي الارض ولَن نُعجِزَه هَرَبا) الجن (1–12) واته:ئەی محمد (د.خ) پێیان بڵێ :سرووشم بۆ هاتووە کە بەڕاستی دەستەیەك لە پەرییان گوێیان گرتووە بۆ خوێندنەوەی قورئان و جاکە تەواو بووە وتویانە :بەڕاستی ئێمە قورئانێکی سەرسوڕهێنەرمان بیست ، هیدایەت دەدات بۆ ڕێبازی ژیری و تێگەیشتن و ئێمەش باوەڕمان پێکرد و هەرگیز کەس ناکەینە هاوەڵ بۆ پەروەردگارمان.

ئینجا قورئان جەخت دەكاتە سەر ڕاستیەك كە ئەویش ئەوەیە :كەس ناتوانیٚ لەدەستی قودرەتی پەروەردەگار دەرچیٚت و كەس ناتوانیٚ لیٚی ڕابكات، هەروەك پەری یەكان دەركیان بەم راستیە كردووە كە دەڵیٚن (وانا ظننا اَن لنَ نُعجِزَ الَله في الارض ولنَ نُعجِزَه هربا).

لەسورەتی (ئەحقاف ئایەتی 32)یشدا هەمان ڕاستی باسكرد ، تاتیٚمان بگەیەنیٚ كەنە (ئینس) و نە (جن) ناتوانن لەدەسەلاٚت و توانای خوا خۆیان قوتار بكەن ،مەگەر بەفەرمانبەری و گویٚرایەڵی بۆ پەروەردگار (ومَنْ لايُجبْ داعيَ الله فليس بِمُعْجِزٍ في الارض وليس له مِن دونه أولياء اولئك في ضلال مبين)....

بەڵگەی لەبەرچاویش بۆ ئەمە ئەو سزایە بوو كەخوا ناردی بۆ خەڵكی (طائف)ودایە دەست حەزرەت (د.خ) ، كەحەزرەتیش لە زۆری میهرەبانی و دامەزراوی خۆیەوە ،حەزی نەكرد خوا ژیٚرە و ژووریان بكات و لەناویان ببات..

بۆ تاقە ساتیٚكیش بیٚ هیوا نەبوو

ئەگەر بەوردی سەیری ژیاننامەی حەزرەت (د.خ)بكەین ، بۆمان دەردەكەویٚت كەبۆ تاقە ساتیٚكیش حەزرەت (د.خ)بیٚ هیوا نەبووەو هەمیشە دڵنیابووە لە سەركەوتنی بەرنامەی خوا ، ئەوەتا لە ناخۆشترین ڕۆژو لەسەختترین كاتدا ، لەپیٚش ئەوەی بچیٚتە ناو مەككەوە زەید لیٚی پرسی : چۆن دەڕۆیتەوە بۆ ناویان لەكاتیٚكدا كە قوڕەیش دەریان كردویت ؟ ئەویش فەرمووی : ئەی زەید ، ئەوەی تۆ دەیبینی خوا دەرووی خیٚر دەكاتەوەو پیٚغەمبەر و ئایینەكەشی سەردەخات ..

بەوەفایی حەزرەت

پیٚغەمبەری خوا (د.خ) كە لەمەككە نزیك بووەوە ،لە (حرا) مایەوە ، پیاویٚكی خیٚڵی (خوزاعە)ی نارد بۆلای (اخنس) ی كوڕی (شریق)تاپەنای بدات ،پەنای نەدا ،ئینجا ناردی بۆ لای (سهیل)ی كوڕی (عمرو)ئەویش ڕازی نەبوو ، ئنجا ناردی بۆ لای (مُطعم)كوڕی (عدی)،(مطعم)ڕازی بوو، كوڕەكانی و خیٚڵەكەی بانگ كردوو بەچەكەوە لەدەوری كەعبە كۆبونەوە و ڕایگەیاند كە (محمد)ی داڵدە داوەو كەس نابیٚ دەست بهیٚنیٚتە ڕیٚی ، ئینجا هەواڵی نارد بۆ حەزرەت (د.خ)كەبیٚتە ناو مەككەوە ،حەزرەتیش هات تەوافی كەعبەی كردوو دووڕكات نویٚژی كرد و گەڕایەوە ماڵی خۆی و، سەر لەنویٚ كەوتەوە هەوڵدان ، تاپاش چەند ساڵیٚك لەشاری (یثرب)ە وە دەرگا لەبانگەوازەكەی كرایەوە .

جا پێغەمبەری خوا (د.خ) هەمیشە پیاوەتیەکەی (مطعم)ی لەبەرچاو بوو ، لە بارەی دیلەکانی بەدرەوە کە حەفتا کەس بوون فەرمووی : ئەگەر(مطعم)ی کوڕی (عدی)لەژیاندا بوایەو تکای بۆ ئەم دیلانە بکردایە هەموویانم بۆ بەردەدا ! کە بەڕاستی ئەمەش لوتکەی بەوەفایی و مەردایەتی یە.

بانگخوازو پاڕانەوە لەخوا

ئەگەر سەیری نزاو پاڕانەوەکانی حەزرەت بکەین (د.خ)بۆمان دەردەکەوێت کەگرنگی زۆری داوە بەنزاو پاڕانەوە ، چونکە ئەوەش جۆرێکە لەعیبادەت .. پێغەمبەری خوا هەمیشە دەمی پیرۆزی پاراو بووە بەنزاو پاڕانەوە و یادی خوا ، ئەوەتا کە شەو دەنووست دەیفەرموو : (اللهم اسلمت نفسي إليك ، وفوضت امري إليك ، ووجهت وجهي إليك ، وأجأت ظهري إليك ، لاملجأ ولا منجا منك إلا إليك ، آمنت بكتابك الذي انزلت وبنبيك الذى ارسلت).. جا داوامان لێدەکات کەئەمە بخوێنین و ، هەرکەسیش بیخوێنێت و بمرێت لەسەر فیترەت دەمرێت ..

بەهەمان شێوە سەیری دوعاکانی بەیانیان و ئێواران و شەونوێژی بکە ، لوتکەی بەندایەتیت بۆ دەردەکەوێت کەحەزرەت (د.خ)گەیشتبوویە .. لەرۆژی عەرەفەی حەجی ماڵئاواییدا بەجۆرێك پاڕاوەتەوەو هەژاری و بێ دەسەڵاتی و ئاتاجی زۆری خۆی بۆ خوا دەردەبڕێت کەجێی تێڕامان و سەرنجە ، کەدەفەرموێت :

(اللهم اِنك تسمع كلامي، وترى مكاني، وتعلم سرىِ و علانيتي،لايخفى عليكَ شيء من اَمري،انا البائِس ُالفقير ،المستغيث المستجير ،والوجل المشفِق،المقِرُ المعترف بذنوبي ،أسألك مسألة المسكين ،وأبتهل اليك اِبتهال المذنب الذليل ،وأدعوك دعاء الخائف الضرير،مَن خضعت لك رَقَبَتُهُ وفاضت لك عيناه، وذل جسده، ورغِم اَنفه لك ،اللهم لا تجعلنيِ بدعائك رب شقيا، وكن لِي رؤوفاً رحيماً، ياخير المسؤلين وياخيرالمعطين)

بەڕاستی هەرچەندە ئەم دوعایە دەخوێنم و بیری لێ دەکەمەوە ، گەورەیی حەزرەتم بۆ دەردەکەوێ و وانازانم کەس هەبێ وەك ئەو پایەبەرزە هەژاری وبێ نازی و کەساسی و بێکەسی خۆی بۆ خوا بەیان کردبێ و پاڕابێتەوە .. ئەوەتا دەفەرموێ :خوایە لێت دەپاڕێمەوە هەروەك پاڕانەوەی کوێرێکی نابینای ترساو(وادعوك دعاء الخائف الضرير) ، پاڕانەوەی چ کەسێك ؟! پاڕانەوەی کەسێك کە گەردنی بۆ خوا کەچ کردبێ و چاوانی فرمێسك بڕێژێ و دان بنێ بە کەمتەرخەمی و کەم و کورتی و گوناهەکانیا ، ئەمە لەکاتێکدا کەخوا بە دەقی ئایەت پێی

ڕاگەیاندووە لەگوناهی بەرودوای خۆش بووە ! (ليغفر لك الله ماتقـدمَ مِـن ذنبـكَ و ماتـاَخَر ويُـتِمَ نعمتَةُ عليكَ و يهديكَ صراطامستقمِاَ ، ويَنْصُرَكَ الله نصراَ عزيزاَ)الفتح3 .

حەزرەت (د.خ)مەعصوم بووە ئاوا دەفەرموێ ، دەی ئێمەی گوناهکاری داماوی بێدەســەلأت ، کەهەر ڕۆژەی شەیتان لـە لایەکەوە زەفەرمان پێدەبات ئەبێ چۆن بپارێینەوە و بڵێین چی ؟!

کاروانی ماندوونەناسان

یەکەم : دکتۆر عبدالرحمان السميط :

دکتۆر عبدالرحمان پزیشکەو خەڵکی (کوێـت)ەو لــەزانکۆی (ام درمـان الاســلامية) دکتـۆرای هێناوە ، کارێکی کرد بۆ ئیسلام لـەئەفریقیادا کەمێژوو بەئاوی ئاڵتون بۆی تۆمـار دەکـات و نــەك هەر لـەئاخیرەت دا (ان شاءالله) باشترین پاداشــت وەردەگـرێ ، لـەدنیاشــدا هــەردەم جێـی ڕێـز و پێزانین بووە ، تەنانەت چەندجار خەلأت کراوە ، وەك (وسام النيلين) و (جائزة الملك العالمية لخدمـة الاسلام)و (وسام التكريم من دول تعاون الخليجي)و .. هتد ..

سی ساڵە لیژنەی موســڵمانانی ئــەفریقیای دامەزرانــدووە و خــاوەنی ئــەزمونێکی گەورەیــە لــە بانگەوازی ئەفریقیادا ولـەگەڵ ئەوەدا کە لـە تەمەندایەو نەخۆشی شەکرەی هەیەوچـاوی(نزیفـی) هەیە و ڕۆژی پێنج دەرزی لـەخۆی دەدا ، کەچی هەر هیممــەت بــەرزەو ســالأنە یـانزە مـانگ لــە ئەفەریقیایەو یەك مانگیش لـە کوێت ، تووشی ناخۆشی و نارەحەتی زۆر بووە بـۆ خـوا ، بڕیاریشـی داوە پاشماوەی ژیانی لـە ئەفریقیادا تـەواو بکـات و خـۆی سەرپەرشـتی منـاڵی بـێ بـاوك بکـات و هاوسەرەکەشی ببێتە مامۆستای مناڵە بێ باوکەکان ..

ئەمەش چەند وێستگەیەکی هەوڵ و خەباتەکەیەتی بۆ دینی خوا ،هەروەك خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە :

1) **نەبوونی ئاوو خواردن** : لـەیەکێ لـەگەشتەکانما لـەگەڵ ماڵ و مناڵـم دا لـەدێهات و دارسـتانەکانی ئەفریقیادا ، پێنج ڕۆژ مناڵەکانم سێ ژەمە مۆزیـان خـوارد ، تاناوسـکیان هــەموو دانـا ! وتیـان وا دەمرین و دڵمان تێکەڵ دێت لـەمۆز ، بەڵکو شتێکی ترمان بۆ پەیدا بکەی بیخـۆین ، منـیش چـی گەڕام چەند هێلکەیەکم لـە کوخەکان دەستکەوت لـەوناوە ،کەچی ئـەویش سـوودمان لێ نـەبینی چونکە پیس بووبوون وبۆمان نەخوران .

2) **ئیسلامەتی و ئەفریقیا** : ئیسلامەتی لـە بەرەبەیانی بانگەوازی ئیســلامیەوە گەیشـتۆتە ئـەفریقیا ، بەهۆی ئەو کۆمەڵە موسڵمانەی بەفەرمانی حەزرەت (د.خ)کۆچیان کرد بۆ حەبەشە ، موسڵمانان لـە مێژووی خۆیاندا لـە ئەفریقیاهەڵکشان و داکشانی زۆریان بەسەردا هـاتووە ، سـەردەمی واهـەبووە

دەسەڵاتدار بوون و ئیمپراتۆریەتیان دروست کردووە لەناوچەی بەرفراوانی ناو ئەفریقیادا و، بەهۆی پیلانی دوژمنان و داگیرکارانەوە ، زۆر جاریش دوور کەوتوونەتەوە لە ئیسلام و تەنها بەناو موسڵمان بوون و لەوپەڕی جەهالەت و نەفامیدا ژیاون ..

بۆ نموونە ، دێیەك هەیە لە ئەفریقیادا ناوی (مەككە)یەو یەكێكی تر ناوی (حیجاز) ە و باووباپیرانیان لەدێر زەمانەوە کەموسڵمان بوون ئاوا ناویان ناوە لەبەر پیرۆزی مەككەو مەدینەو حیجاز لەلایان،بەڵام ئەمان هیچ لەبارەی مەككەو مەدینەو حیجازەوە نازانن و هەرواش نازانن هەن.

بۆئەوەی سەردانی دێی مەككە بكەم ، چوار سەعات بەناو جۆگەو ئاودا ڕۆیشتم كە گەلاو قەوزە تەنانەت پیسایی و پاشەڕۆی ئاژەڵی زۆریشی تیابوو ، منیش لەبەرئەوەی شەكرەمەو زۆر زۆرم تینوو بوو ، ناچار لەو ئاوە پیسەم خواردەوە !

لەو ناوچانە بەفەزڵی خواو ،لەئەنجامی هەوڵ و كۆششی زۆرەوە نزیكەی حەڤدە هەزار كەس موسڵمان بوون و هەندێكمان لەسەركردەكانیان نارد بۆحەج ، كە گەڕانەوە وەك (صاروخ)یان لێهات و نزیكەی دووسەد هەزاری تریان موسڵمان كرد ! نزیكەی هەشت سەدو پەنجا دێ یان هەیەو توانیومانە تائێستا حەفتاو پێنج مزگەوتیان بۆ دروست بكەین ..

3) بت پەرستی لەئەفریقیادا :ژمارەیەكی زۆر بێئاگان لە دین و خەریكی بت پەرستین ، بۆیە هەوڵمان دەدا كەزۆر بەنەرمی مامەڵەیان بكەین و تاداو پلە بەئارام بین لەگەڵیاندا .. ئەمەش زۆر سوودمان لێبینی ..

لەیەكێ لەدێكانی ئەفریقیاداجادوگەرێك سەركردەیان بوو ، ڕۆژێ لەپێشیانەوە دەڕۆیشت و خەڵكەكەش بەدوایدا و، هەندێكیان كەڵەشێریان بەرز كردبۆوە بەسەر سەریانەوە تا ببیەن لەبەردەمی بتەكەیانا سەری ببڕن .. خوا كردی دالێكی برسی لە ئاسمانەوە هات و پڕی كرد بە كەڵەشێرێكدا وبردی ، ئەم دیمەنە زۆركاری كردە سەر جادوگەرەكەو چووە بەردەمی بتەكەو تفی لێكرد و وتی : ئەگەر دەتوانی دیفاع لەخۆت بكە ؟! ئەوە ئەگەر بۆمن بهاتایە نەم ئەهێشت ئەو داڵە ئاوا ببیات . ئەمەش سەرەنجام بووە مایەی هیدایەتی خۆی و خەڵكی ئەوناو چەیە ! .

4) خەڵكێكی ڕووت و قووت : هەندێ هۆزوعەشیرەت هەن لەئەفریقیادا كە باوەڕیان وایە ، مادەم خوا بەڕووتی دەیان هێنێتە دنیاوە ، كەواتە دەبێ هەروابن ، بۆیە كە قسەم بۆ دەكردن گوێیان لێ نەدەگرتم چونكە داپۆشراو بووم ..

ڕۆژێـك ئامـادەی دادگـایی كردنێـك بـووم ، دووكـەس زۆران بازیـان كردبـوو ، ئـەوی سەركەوتبوو ژنی ئەوی تریانی بردبوو ، ژێر كەوتوو كەژنەكەی برابـوو ، لای سـەرۆكی هۆزەكـە شكاتی كردبوو كە ئەو پارچە جلەم دەوێتەوە كەبۆ ژنەكەمم كڕیوە كاتێ هێناومە ، ژنەكەش زۆر بەئاسایی لـەسەر حوكمی سەرۆك هۆزەكە پارچە جلـەكەی لـەبەری داكەند ، كەتەواو كۆن بوو بوو لـەبەریاو دایەوە بەمێردە كۆنەكەی و لـەگەڵ مێردە تازەكەی بەڕووتی ڕۆیشتن !

لـەم هۆزە نەفامە سادەو ساكارەدا ، كارمان كرد و زۆر ڕەنجمان دا ، خواش بەرەكـەتی خستە كارمانەوە و ئێستا هی وایان تیایە نیوەی قورئانی لـەبەرەو هی واشیان هەیە ئێستا لـەزانكۆ دەخوێنێ !

من لـەبەرگدرووی ەكی مۆریتانیەوە وانەی ئارام گرتن و مامەڵـە كردن فێر بووم لـەگەڵ ئەو مرۆڤە سادەو ساویلكانەدا ..

ئەو بەرگدرووە دادەبەزیە پلـەی ئەوان و دەهات زۆرانبازی لـەگەڵدا دەكـردن و خـۆی چـەور دەكرد بۆئەوەی نەتوانن بەئاسانی بیگرن و لـەدەستیان بخلیسكێ ! ئابـەو جـۆرە بـەئارامگرتن وردە وردە فێری جل لـەبەر كردنی دەكردن !

5) دوعای باران بارین : دوانزە ساڵ لـەمەوبەر سەردانی هـۆزێكی بـت پەرسـتمان كـردو نزیكـەی دووسەعات قسەمان بۆ كردن ، هیچ سوودی نەبوو ، وتیان : ئێمە ئەو قسانە نازانین ، سێ سـاڵـە باران نەباریوە لـەناوچەكەماندا و برسـێتی و قـات و قـڕی كەوتۆتـەوە و، پـێش تـۆش گاورەكـان هاتوونە لامان و بەوە تاقیمان كردنەوە كەئەگەر ڕاست دەكەن بادوعا بكەن و بارانمان بۆ ببارێـت ، هەرچی دوعایان كرد باران نەباری بۆیە بڕوامان پێنەهێنان .. جائێسـتاش تـۆ بەهـەمان شـێوە تـاقی دەكەینەوە فەرموو ئەگەر ڕاست دەكەیت دوعا بكە با بارانمان بۆ ببارێت ، بەڕاستی منـیش لـەخۆم ڕانەئەبینی دوعام قبوڵ بێ و بەدوعاو پاڕانەوەی من باران ببارێت ، بۆیە كەوتمە بڕو بیانوو هێنانەوە و وتم : من وا دووسەعاتە بەپێوەم ماندووم ،

وتیان : جا فەرموو دانیشە دوعاكانت بكە !

وتم : ئاخر دەنگم دەرنایەت و دووسەعاتە قسە دەكەم و دووڕۆژیشە هیچمان نەخواردووە ؟!

وتیان : ئەوە نازانین ، باران نەبارێت بڕوات پێناهێنین ..

بۆیە ئیتر ناچار بووم كەمادەم ئەمان عەقڵیان وابێ ، بكەومە دوعاكردن ، نیەتی خۆم ساف كرد بـۆ خواو بەدڵ وبەكوڵ كەوتمە پاڕانەوەو، لـە بارەگای خوادا وتم : خوایـە هەرچـەند منـی گوناهكـارو كەمتەرخەم پیاوی ئەوەنیم دوعام قبوڵ بێت ، بەڵام خۆت ئاگاداری وە زعەكەیت و ئەمان بیـانووی

باران دەگرن ، خوایە لەبەرمنی گوناهکار نا کە لێرەدا ئەگەر نەبارێ ئابڕوم دەچێ لایان و لەبەرچاویان دەکەوم ، لەبەر ئاینەکەی خۆت ، لەبەر بەرزبوونەوەی پەیامەکەی حەزرەتی (رسول الله)، دەست مەنێ بەڕوومانەوەوقاپی ڕەحمەتت بکەرەوە بۆمان وبەدەم دوعاکانیشەوە فرمێسکم دەڕشت ..

دوای ودوعاکان وتیان وائێمە دەڕۆین و سێ سەعاتی تر دێینەوە ! بزانین چی دەبێت ، خوا ئاگادارە ئەوان ڕۆیشتن و ئێمەش لەژێر درەختێکدا ماینەوە ، کاتێك هاتنەوە بەفەزڵی خوا باران باری و ئێستا نیوەیان زیاتر موسڵمانەو یارمەتی بانگخوازەکانیان دەدەین بەمەڕومالاَت و شتی تر سابەڵکو ئەوانی تریش بانگ بکەن بۆئیسلام !

6) **قوربانی کردن** : هۆزێکی ئەفریقیا بیرو بۆچونیان وایە کەخوا رەشەوڵاخی لەبەر ئەوان دروست کردووە ، بۆیە هەمیشە منالەکانیان واپەروەردە دەکەن کە لە هەرکوێیەك گاومانگایان دی بیدزن ، چونکە وا دەزانن هی ئەمانەو خەڵکی تر بردویانە و لێیان زەوت کردون .

جارێك کۆمەڵێك رەشەوڵاخمان کڕی و ویستمان قوربانیان بۆ بکەین ، خوا ڕەحمی پێکردین کەپاسەوانی ڕەشەوڵاخەکان لەخۆیان بوو ، ئەگینا هەربەو شەوە هەرهەموویان دەبرد بۆ خۆیان ..

7) **ناوچەیەکی پڕ مەترسی** :جارێك من و صهیب ی کوڕم کەمناڵ بوو بەلای قەفەسی شێرێك دا ڕۆیشتین لەباخچەیەکیاندا ، تومەز پاسەوانەکە کەخواردن ئەدا بەشێرەکە بیری چووە دەرگاکە داخاتەوە ، بۆیە هەرئەوەندە لەکوڕەکەم غافڵ بووم دەبینم چۆتە ناو قەفەسی شێرەکەوە ، منیش ناچار چوومە ناوەوە و بەهەر حاڵێك بوو دەرمهێنایەوە ، خوا ڕەحمی کرد شێرەکە تێر بوو ئەگینا ڕزگارمان نەدەبوو !

هەموو جارێك بەناوچەیەکدا دەڕۆیشتم زۆر خۆش و ئارام بوو بەشۆفێرەکەم دەوت لێرەدا بوەستە ، دەوەستاو منیش دەستنوێژێکم دەشت و دووڕکات نوێژم دەکرد .. جارێك لای ئەو ئاوو سەوزاییەوە ویستم قاچم دابنێم ، وەم زانی بەردە ، چاوم باش نەیدەبینی بەهۆی شەکرەکەمەوە ، کاتێکم بەخۆم زانی تیمساحە و دەمی کردەوە بۆم ، بەپەلە ڕامکردو ناچار بە (تیمم)نوێژێکم کرد، تومەز من ئاگام لێ نیە پێش من لەو ناوچەیەدا تیمساح چەندەها جار خەڵکی لەناو بردووە ! (شایانی باسیشە زۆربەی کارمەندەکانمان بۆ چەند جار تووشی مەلاریا وچەندەها نەخۆشی تربوون).

8) **توانای زۆرو بەرهەمی کەم :**

ئاشکرایە گاورەکان سالآنە بۆ کاری مژدەدان پارەیـەکی بێ ئەنـدازە کۆدەکەنـەوە، بـۆ نمونـە لەساڵی (2003)دا تەنها لە ئەمریکادا سێ سەدو بیست ملیار دۆلاریان کۆکردەوە و نزیکەی شەش ملیار ئینجیلیان بەبیست زمان چاپ کردووەو بەخۆڕایی دەیبەشنەوە !

لەبەرنامەیاندا بوو لەساڵی دوو هەزاردا هەموو ئـەفریقیا بکەنـە گـاور ، بـەڵام خـوای گـەورە بەرەکەتی لەکارەکەیان هەڵگرتوەو لەگەڵ ئەو هەموو توانایەدا بەرهەمیان کەمەو شایانی باس نیە ..

ئەمەش چەند ئامارێکە لەسەر تواناکانیان :

* لەساڵی 1970توانیـان 70ملیـۆن دۆلار بـۆ مـژدەدان کـۆ بکەنـەوەو لەسـاڵی 2003دا گەیشـتە 320ملیار تەنها لەئەمەریکا و، بە تەمان لەساڵی 2025دا بگاتە (950)ملیار دۆلار.

* لەساڵی 1970دا دوو هەزارو دووسەد دەزگاو ڕێکخراو مژدە دەریان دەنارد بەجیهاندا بۆ کـاری مژدەدان و گاور کردن ، لەساڵی (2001) دا ژمارەیان گەیشتە چوار هەزار و سەد ڕێکخراو، واش چاوەڕوان دەکەن کەساڵی(2025)دا بگاتە شەش هەزار ڕێکخراو .

* لەسـاڵی 1970دا ،(1230)ئێسـتگەو کـەناڵی تەلـەفیزۆنیان هـەبوو بـۆ مـژدە دەدان ، لەسـاڵی (2001)دا گەیشتە (4450)و بەتەمان لە (2025)دا بگاتە (5400) ئیستگە و کەناڵی تەلەفزیۆن .

* لەساڵی (1970)دا (510)پلانیان هەبوو بۆ بەگاور کردن ، لەساڵی (2001)دا بوو بە (1540)پلان و، لەساڵی (2025)دا بەتەمان ببێ بە (3000) پلان .

* لەساڵی (1970) دا (240) هەزار مژدە دەری بیانی کاریان کردووە ، لەساڵی (2001)دا بوون بە (425)هەزار و، بەنیازن لەساڵی(2025)دا ببن بە (550)هـەزار مـژدەدەر (گۆڤـاری الایمـان ژ 61/ 2003) ..

9) **هاوکاری هەندێ قەشەو موسڵمان بوونیان :**

لەناوچـــەیەکدا قەشـــەیەك ملیۆنـــەها دۆلاری خـــەرج کردبـــوو بـــۆ بنیاتنـــانی قوتابخانـــەو ئاوەدانکردنەوەی دێیەکی گەورە ، بەهیوای بەگاورکردنی ئەو موسڵمانانەی لەو ناوچەیەدا بوون، کاتێك ئێمەش چووینە ئەو ناوچەیە هاتەلامان وتی : پەنجاو یەك ساڵە من خەریکم نەمتوانیوە خەڵکی بکەم بەگاور ، وامن پیربووم وەرن بادێیەکە بکەم بەناوتانەوە ، نـەوەك دوای مـن کەنیسـە داوای ئەم ناوچەیە بکات و دەست بگرێ بەسـەر موسـڵمانان دا ، ئێمـەش قایـل نـەبووین بیکـا بـەناوی

ئێمەوە، بۆیە تەگبیرمان بۆ کرد کە ئەو زەوییانەی هەیەتی و ئەو پڕۆژەو بینایانەی کردونی دابەشی بکات بەسەر موسڵمانانندا ..

لەڕوانداش شێخی بانگخوازەکانمان شێخ ئیسحاق قەشە بوو موسڵمان بوو..

لەناوچەیەکی تریش قەشەیەك زۆر دژایەتی دەکردین ، دوایی موسڵمان بوو ، ئێستا بانگبێژی مزگەوتەو وازی لەماڵ و سامان و ئۆتومبیل ومووچەی کەنیسە هێنا لەبەرخوا .

ئەگەر باسی ئەوانە بکەین بەگشتی کەموسڵمان بوون بەهۆی کارەکانی ئێمەوە زۆرن و نزیکەی سێ ملیۆن ونیوکەس موسڵمان بوون ..

10) مناڵە بێ باوکەکان و بڕوانامە :ئەو مناڵە بێباوکانەی کە ئێمە کەفالەتمان کردون ، ژمارەیەکی باشیان خوێندنیان تەواو کردووە وبڕوانامەی چاکیان بەدەست هێناوە ، هەیانە بوون بە پزیشك و یەکێ لەو مناڵانەش پاش ساڵانێکی زۆر خزمەت ئێستا بووە بە (خبیر البنك الدولی)..

لە (ملاوی)لەساڵی 1980 دا یەك دەرچووی زانکۆ نەبوو موسڵمان بێت ، ئێستا سیکەس لەمناڵە بێ باوکەکان کەلای ئێمە بوون بڕوانامەی باڵایان بەدەستهێناوە و شەشیان دکتۆرایان هەیەو تەنانەت هەیانە ئێستا بوون بەوەزیر و هەندێکیان بوون بەسەفیری وڵاتەکەیان ..

11) موسڵمان بوونی سوڵتانێک لە تەشاد :

ناوچەیەکی تەشاد (حرکەی تمردی)تیابوو ،هەرچی عەرەبێك بەویا بچوایە کوژرابو ، ئێمە حەز بەئاژاوە و پشێوی هیچ کوییەك ناکەین، ڕەمەزان چووین لەو ناوچەیە سفرەوخوانی ڕەمەزانیمان دروستکرد ، لایان سەیر بوو ، دوای دوومانگ سوڵتانی ناوچەکە هەشت هەزار مەتری داینێ وتی بیکەن بەمزگەوت وچەندخانووی ڕووخان بۆمان.

هەندێ لاوی نەفامی کەنیسە هاتن و (مضخات) ی سەربیرەکانیان بردو بەوەش خەڵکی وەزعیان خراپ بوو ، ئەویش بەو هەڵوێستە زۆر بێتاقەت بوو ، بڕیاریدا موسڵمان بێت ، بەڵام لەسەر دەستی ئەو ژنەدا کە پارەی مزگەوتەکەی دابوو ..

دیارە ئەمەش ئاسان نەبوو ، پیاوێکی چوارشانەی ڕەش پێستی ئەفریقی ببەین بۆلای پیرێژنێکی کوەیتی ، تا لەسەردەستیاموسڵمان ببێت .. هەرچۆنێك بوو گەشتەکەمان بۆ ڕێکخست وداوامان لەبەرپرسانی کوەیت کرد کە پێشوازی لەم میوانە بکەن و ئەوانیش ماڵیان ئاوابێت پێشوازیان کردو ڕێزی زۆریان لێگرت ، پاشان لەسەردەستی ئەوژنەدا موسڵمان بوو .. ئەو شەوە نەنوست هەتا فێری (فاتحە)بوو ! وەناوی خۆی گۆڕی بۆ (عبدالعزیز). .

پاشـان ناردمـان بـۆ حـەج و لـەوێش پێشـوزای باشـی لێکـراو حـەج زۆرکـاری تێکـرد ، کەگەڕاشەوە ، پەنجاودوو سـەیارەمان بـەکرێ گـرت وبـۆ پێشـوازی و ڕێزلـێنـانی لـەگـەڵیابوون، تاناردمانەوە ناوچەکەی خۆی .. لەڕێگاکەشیا بەدرێژایی چەند کیلۆمەترێك خەڵکی ناوچەکە هاتن بەپیریەوەو کەئەو ڕیزو حورمەتەیان بینی ، هەشت سوڵتانی تری ناوچەکە موسـڵمان بـوون ، ئەمـە بێجگە لە شەست هەزار کەسی تر کەهەمویان لەسەردەستیا موسڵمان بوون..

12) بەموسڵمانی پێم خۆشە بمرم لەبرسا :

هارون عەبدول ڕەحمەتی خوای لێبێت ، موسڵمانێکی ئەفریقی یە ناوچەکەی تووشی برسـێتی و قات وقڕی بوو، بیست هەزار کەسیان لەبارێکی زۆرخراپدا بوون . لە دوورەوە تۆزو خۆڵی چـەند لۆریەك پەیدابوو، کاتێك نزیك بوونەوە هاورن قسەی لەگەڵ کردن، قەشەیەکەیان لەگەڵ بوو پێـی ووت: بە مەرجێ ئەو یارمەتیەتان دەدەین کەببن بەگاور، ئـەویش ڕازی نـەبوو بۆیـە لـۆری یـەکان گەڕانەوە بەو هەمووئازوقەیەوە کە هەڵیان گرتبوو، هارون عەبدولیش قسەیەکی کرد کە نیشـانەی باوەڕو دامەزراوییەو وتی: پێم خۆشە لە برسا بەموسڵمانی بمرم و نەبمە گاور !!

شایانی باسە هارون عەبدول پاش ماوەیەك بە ڕووداوی ئوتومبێل گیانی سپارد..

13) بەرنامەی پانزە ساڵی لە بانگەوازدا:

ئێمە پاش دیراسەکردنی هەر ناوچەیەك ، بەپێی خـۆی بەرنامـەی دە پـانزە سـاڵی بـۆ دائـەنێین لەڕێی قوتابخانەو خولی ئیشی دەسـتو ئیسـتگەو زۆر هۆکـاری تـرەوە کـە هـیچ نـەبێ نیوەیـان موسڵمان بکەین وبەجێیان بهێڵین تائەو نیوەیەش نیوەکەی تر بەچەند ساڵێك موسڵمان بکەن..

ئیستگەمان هەیە دەیەها کیلۆمەتر دەڕواتو بەزمانی خۆیان بەرنامە بـڵاو دەکاتـەوە..بەمـەش زۆر ناوچەی دوورەدەست دەنگی بەرنامەکەی خوای پێدەگات..

لە یەکێ لەنیوە دوورگەکانەوە ڕاوچیەك هاتبوو بۆ شارو پێی وتم ئێمە ساڵی دووجـار دێـین بـۆ شار، ئەوا بۆ یەکەمجار ئەمساڵ بوو بەسێ جار، لەبـەر ئـەوەی ناچـاربووین بـێین (پیـل) بکـڕین بـۆ رادیۆکانمان تا گوێ لە بەرنامەکانتان بگرین منیش زۆر سوپاسی خوام کرد لەسەر نیعمەتەکانی..

دێیـەکیش لەنـەیجیریا موسـڵمان بـوونو پیتاکیـان کـرد تـا ڕادیۆیـەك بکـڕنو گـوێ بگـرن لەوبەرنامانەی دەگاتە ناوچەکەیان..

14) منالێک لەمردن گەڕایەوە :

لەناوچەیەکدا کە برسێتی بلاّو بوو بۆوە، خەڵکێکی زۆر سەرەی گرتبوو، کە ناویـان بنوسـین‌و هاوکاریان بکەین‌وبۆ ماوەیەك ئازوقەیان بدەینێ..لەو منالاّنەدا کە دەمکێشان منالێکی بێ باوك بـوو کە دایکەکەی هێنابووی، کە کێشام تەواو وشکبووبۆوە و لەگیانەلاّدا بوو، منیش وەك پزیشـکێك هیوام بەژیانی نەبوو بۆیە دامەوە دەست دایکیو ناوم نەنووسی، دواتـر کـە بینـیم دایکەکـەی زۆر گریا،لەسەر پارەی خۆم کەفالەتم کردو پاش دوو هەفتە خزمەت‌و خواردنی بـاش هۆشـی هاتـەوەو بوژایەوە.

دوای پانزە ساڵ هاوەلاّنم لە مەکتەبەکەمان لەو ناوچەیە وێنەی ئەو منالـەیان بۆ ناردم کە نـاوی (صدیق کنین)ەو وتیان ئەمە ئەوەیە کەبڕوات نەدەکرد بژی، وا لە سایەی خواوە ماوەو لـەقوتابخانـە یەکەمەو دە جزم قورئانیشی لەبەرە..

لەکینیا کیژۆڵەیەکی بێباوك زۆر هەژار بوو، پێلاّوی نەبوو، جل‌وبەرگی دڕابـوو، کـە هاوینـان منالـەکانی خۆم دەهاتن بۆ ئەفریقیاو سەریان لێ دەدام دیاری و شت‌ومەکیان ئەدا بەومنالـە کە نزیك نووسینگەکەمان بوو، ئەو کچە بچکۆلـەیە پێگەیشـت‌و خـۆی و خوشـکێکی تریشـی هـەردوکیان ئێستا لە کۆلیژی پزیشکین.. شایانی باسـە لـەکینیا لـە دایـەنگاوە تـا زانکۆمـان هەیـەو کۆلـێژی شەریعەتیشمان کردۆتەوەو زۆر خزمەتمان بە خەڵکی ناوچەکە کردووە..

15) موسڵمانبوونی هۆزی غریامە :

حاجی رەشید شای مەکتوب یەکێکە لە هۆزی غریامەو لەخێزانێکی گـاوردا لــەدایك بووەوبـە گاوری گوێی ئاودراوەو، کە گەورەبوو بـووە قەشەوبەرپرسـی کەنیسـەی ناوچـەکەیان لەسـاڵی (1938)ەوە تاساڵی (1993) واتە پـەنجاو چوارسـاڵێك.. بـەهۆی لێژنـەی موسـڵمانانی ئـەفریقیاوە موسڵمان بوو، هەموو ئەوانەی هاتوچۆی کەنیسەشیان دەکرد کە سێسـەد کـەس بـوون ئـەوانیش موسڵمان بوون.. لە بارەی موسڵمان بوونیەوە دەڵێت:

سەدان ساڵ لەمەوبەر بەهۆی بازرگانی موسڵمانەوە ئیسلامەتی گەیشتۆتە ناوچەکەمان‌و بـاوك‌و باپیرانمان موسڵمان بوون‌و ئێمە ناومان موسڵمانانەیەو گۆشتی مردارەوەبـوو نـاخۆین‌و مردوومـان کفن‌و دفن دەکەین‌و منالـمان خەتەنە دەکەین..

بەهۆی داگیرکەرانەوە کە بەناوی ئازادکردنی مرۆڤی ئەفریقی هـاتبوون ئێمـەیان کـردە گـاورو سەد ساڵێك لەمەوبەر زۆریان لێکردین بە کۆیلەو لێیان بردین بۆ وڵاتـانی ئـەوروپاو وەکـو ئـاژەڵ

مامەڵەیان کردین.. بۆیەزۆرێك لە ئەندامانی هۆزەکەی من لە ترسا لە دارستانە چڕەکاندا خۆیان دەشاردەوە.. من وەك قەشەیەك بۆم دەرکەوت کەئینجیل پاش سەدساڵ زیاتر لە دوای حەزرەتی عیساسەلامی خوای لێبێت نوسراوەتەوە لەلایەن (پۆلص)ەوەو بۆم دەرکەوت کە عیسا خوا نیەو کوڕی خواش نیە ، بەڵکو پێغەمبەری خوایە وەك سەرجەم پێغەمبەرانی تر..

کەڕاستیەکانم بۆ دەرکەوت موسڵمان بووم‌و هەر چەند زۆر هەوڵیاندا لەگەڵمدا بەپارەو سامان تەنانەت بە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەش لەسەر ڕای خۆم سوور بووم‌و موسڵمان بووم..

بەڵێ وازم لەماڵ‌و سامان‌و ئوتومبێل و پلەوپایەی دنیایی هێنا تاخوا لە خۆم ڕازی بکەم‌و ئایینی هەق هەڵبژێرم..

پاش ئەوەش کە چووم بۆ حەج زیاتر سووربووم لەسەر ئیسلامیەتیەکەم‌و پێشتر ئەگەر وەك برینپێچێك بووبم بەو حەجە بووم بە پزیشکێکی شارەزاو باشتر خەڵکی بانگ دەکەم بۆ ئیسلام..

بەڕاستی من هیچم نەدەزانی لە بارەی حەجەوە ، تەنها ئەوە نەبێت دەمزانی کە حەزرەتی ئیبراهیم‌و کوڕەکەی هەبوون‌و پێغەمبەر بوون، خەڵکی لای ئێمە باوەڕیان وا بوو کە هەرچی بچێت بۆ مەککە ناگەڕێتەوە، بۆیە کەس‌وکارم حەزیان نەدەکرد بچم‌و ، تەنانەت موسڵمانێکی تریش کە بڕیار بوو بێت بۆ حەج نەیوێرا بێت !

بەڕاستی لە حەج تێگەیشتم کە مانای (الحمد لله رب العالمین)یانی چی کە ئەو هەموو موسڵمانەم بینی لە هەموولایەکی دنیاوە هاتبوون.. الایمان ژ (16)(شایانی باسە کە سەرەتای 2012 ناوبراو کۆچی دوایی کرد ،بۆ درێژەی ئەم باسە سەیریناملکەی (دەستی گەل) بکە /ئەندازیار عوسمان).

دووەم/ محمد عز الدین القسّام:

ئەم پیاوەخواناسە ماندونەناسە خەڵکی سوریایەو لە نزیك (لاذقیة) لەساڵی 1300 کۆچی لە دایك بووە ، نۆ ساڵ لە ئەزهەر قوتابی بوو، گەڕایەوە بۆسوریاو بوو بە مامۆستا، بەیانیان بۆ گەنج‌و لاوو شەویش بۆ بە تەمەنەکان ، دەیویست فریای تەمەنی بکەوێ‌و ساتەکانی ژیانی بە فیڕۆ نەچن، لەو ڕۆژگارەدا دەوڵەتی عوسمانی لاواز بوو بوو، دوژمنی زۆریشی هەبوو، وەك ڕەمزێك وابوو بۆ موسڵمانان کە ڕووخا هەیبەتی موسڵمانان‌و شان‌و شەکەوتیان نەما، داواکرا لە خەڵکی سوریا کە جیهاد بکەن دژی داگیرکەران‌و فێری بەکارهێنانی چەك بن.. لەو ڕۆژگارەدا ئیتاڵیا لیبیای داگیرکردبوو، پیلانیش هەبوو بۆ داگیرکردنی وڵاتەکانی تر .

(قسّام) لـه مزگەوتی (المنصوريه) وتاری داو هانی موسڵمانانی دا هاوكاری موسـڵمانانی لیبیـا بكەنو، خۆشی وەك پێشەواو سەرمەشقێك خانووەكەی خۆی فرۆشتو دایەبەچەك تا جیهادی پێ بكات دژی داگیركەران..

(قسّام) خۆپیشاندانی رێكدەخستو لـەگەڵ جەماوەردا دەردەچوون دژی داگیركەرانو، دەڵـێن بەنهێنی گەیشتبووە لای (عمر مختار) و كۆبوونەوەیان كردبوو..

كاتێـك فەڕەنسـیەكانیش لـەسـاڵی 1918 دا سـوریایان گـرتو بـەریتانیاش عێراقوفەلـەسـتینی گرت.. جەنراڵ (اللنبی) سەركردەی بەریتانی چووە ناو (قودس)ەوەو وتی: الآن انتهـت الحـروب الصلیبیة.. ئێستا جەنگی خاچپەرستان كۆتایی هات!!

(غورو)ش سـەركردەیەكی سـوپای فەڕەنسـی بووچـووە سـەر قـەبری سـەلاحەدینو شـەقێكی تێهەڵداو وتی:ئێمە ڕۆڵەكانی ریكاردوسوخاچپەرستانین، كوا ڕۆڵەكانی تۆ سـەلاحەدین ! (قسـام) شۆڕشی كـرد دژی فەڕەنسـیەكان،ئەوانیش كـە هەسـتیان كردبـە زەبـری بـەرگری موسـڵمانان ، وەفدێكیان ناردبۆلای تاڕازی بكەنوبیكڕن، بەڵام دیارە مەرامیان نەهاتە دی،بۆیە حوكمی كوشتنیان بەغیابی دا.

(قسام) بەنهێنی خۆی گەیاندە (حیفا)و بوو بە وتاربێژی مزگەوتی (الاسـتقلال)، پـانزە سـاڵ لـە فەلـەسـتین مایـەوە تـا شـەهید بـوو، زۆر بەرچـاو ڕوونو هوشیاربوو،هەمیشـە كـاری دەكـرد بۆبەرچاوڕوونی وهوشیاركردنەوەی موسڵمانانو هاندانیان بۆ جیهاد دژی داگیركەران..

لـەو ڕۆژگارەدا ئینگلیز پڕوپاگەندەیـەكی زۆریـان هـەبوو، وایـان لـە خـەڵكی دەگەیانـد كـە فەڕەنسیەكان شارستانی ترنو (شریف حسین) یـان خەڵەتانـد تالـە سـایكس بیكـۆدا ناوچـەكەیان بەشكرد لـە ساڵی 1916ز ..

عوسمانیەكان نوسخەیەكی وەعدی بلفۆریان نـارد بـۆ (شـریف حسـین) تاچـی تـر نەخەڵـەتێ بـە داگیركەران، ئەویش كوڕەكەی نارد بۆ بەریتانیاو ئەوانیش زۆر پێشوازی یەكی جوانیان لێكردو بە درۆ وتیان: ئێمە هەردەم لـەگەڵ باوكت داین!

(قسّام) بەموسـڵمانانی دەوت بەقسـەی ئینگلیـز مەخەڵـەتێن چـونكە وەك ئـەو ڕاوچـیەن كـە ئەگەربەهۆی تۆزو خۆڵێو ڕەشەباوە چاویشی ئاوبكات، ئەوە گریان نیەو سەیری كاری دەستی بكەن چۆن باڵندەكان سەردەبڕێت..

لەو ڕۆژگارەدا (بەهائیەکان) و (قادیانیەکان) ئەڵقە لە گوێی ڕۆژئاوابوونو جیهادیان دژی ئینگلیز حەرام کردبوو بەناوی ئیسلامەوە ..

هەندێك پیاوی باشیش وەك (حاجی ئەمین حوسەینی)و کەسانی تریش حزبیان دروست کرد، بەڵام بە داخەوە پرسو ڕایان بەئینگلیز دەکردو هەندێکی تریش دەیووت: جوولەکە میوانن‌و ڕێزگرتنی میوانیش بەشێکە لە ئیسلامەتی..(قسام) دەبوایە ڕووبەڕووی هەموو ئەو بیرو بۆچوونانە ببێتەوە، بۆیە بەخەڵکی دەووت: جوولەکە لەژێرسایەی سەری ئینگلیزدا ئەم وڵاتە داگیر دەکەن، هۆشیاربن، بەفاکوفیکی دوژمن مەخەڵەتێن ، دیارە هەرواش دەرچوو کە ئەو وتی!

شۆڕشی (بوراق) کرا لە ساڵی 1929 داو ئینگلیز سیانیان هەڵواسی ،(قسام) لەسەر مینبەر موسڵمانانی هاندا بۆجیهادو وتی: ئەوانەی هەڵواسران ئەهلی فەلەستین نەبوون؟! وەك ئێوە نەدەهاتن بۆ مزگەوت؟! بەمەش شەڕێك هەڵگیرساو خەڵکەکە ڕووبەڕووی داگیرکەران بوونەوەو سەدو شانزە کەس شەهید بوون وسێسەد کەسیش برینداربوون ..

(قسام) دەیووت:من گرنگ نیەبەلامەوە سەربکەوم، بەڵکو گرنگە بەلامەوە کە گیانی جیهادکردن لە موسڵماناندا ببوژێنمەوە !

لەکاتی نوێژدا،ئایەتی(واعدوالهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخیل..) وئایەتی جیهادی زۆر دەخوێند، تا ڕۆژێك گرتیانو لە (تحقیق) دا لێیان پرسی ئەو ئایەتانە بۆ دەخوێنی؟! ئەویش وتی:ئەوئایەتانە بەشێکن لە قورئانو ناکرێ لەیادیان بکەینو لەبیر خۆمانی بەرینەوە..

جا خەڵکی هەموو مانیان گرت، بۆیەناچاربوون (قسام) بەربدەن..

(قسام)بەنهێنی خەڵکیڕێك دەخست چونکە (استخبارات)ی بەریتانی هەموو شوێنێکیان تەنی بوو ! ئەوانەی دەهاتنە مزگەوت ، لێی هەڵدەبژاردنو لەماڵەکانیاندا سەردانی دەکردنو هەر پێنج کەسو (نقیب)ێکی دەکردە چاودێریان، بەو شێوەیە نزیکەی هەزارکەسێکی بە جەرگو نەبەردی دروستکرد کە دوای شەهیدبوونی خۆی درێژەیان بە کارەکەدا!

پێش ئەوەی شەهید ببێت بە دووساڵ ، جیهادی ڕاگەیاندو، دژی جوولەکە چالاکیان دەکرد، لە (مستوطنە) یەك شەڕی لەگەڵ کردنو دوو جولەکە کوژرا، ئینگلیز مەراقی بوو بزانێ کێ لەپشت ئەو چالاکیانەوەیە ..

(قسّام) لەشاخوداخو چڕە دارستانەکاندا خۆیان ساز دەکردو پیلانێکیان دانا کە دەوری حەیفا بدەنو دەست بگرن بەسەریا، بەڵام یەکێ لە تێکۆشەران هەڵەیەکی کردو پیلانەکەیان ئاشکرابوو،

ئەویش بەوەی کاتێك دوو جولەکەی بینی تەقەی لێکردن‌و یەکێکیانی کوشت‌و دووەمیان بۆی دەرچوو، هەر ئەوەندە ئینگلیز بەمەی زانی، دەوری ناوچەکەی گرت‌و (قەسام)و چەند هاوەڵێکیان لە ڕووبەڕووبوونەوەدا شەهید کرد لە ساڵی (1900)دا، دوای ئەویش(فرحان السعدی) هەوڵ‌و خەباتەکەی درێژە پێدا تائەویش لە تەمەنی (77)ساڵیدا لە سێدارە دراو شەهید بوو..

(دروزە) دەڵێ: (قسّام) ڕێی جیهادی بۆ ڕووناك کردینەوە!

بەڵێ.. هەروابوو.. (قسّام) توانی بە ئیمکانیاتێکی زۆر کەمەوە لەناو جەماوەرێکی بێئاگاو ناحاڵیدا، جارێکی تر ڕێی جیهاد ڕۆشن بکاتەوەو خۆشی ببێتە سەرمەشق‌وشەهیدیەکەشی بووە مایەی چاوقایمی‌و نەبەردی‌و کۆڵ نەدانی موسڵمانان‌و شاگردەکانی!

سەرچاوە: بەرنامەی (اوراق) کەناڵی اقرا..

سێیەم/ شێخ ئەحمەد یاسین:

شێخ ئەحمەد یاسین لەساڵی 1938ز لە فەلەستین لە دایك بووەو لە دوانزە ساڵیدا لەیاریدا ئازاری فەقەراتی ملی دەگات‌و، ماوەیەك ملی دەگرنە گەچ‌و پاشان بەهۆی ئەم ڕووداوەوە لاوازو بێهێز دەبێت‌و زۆر بە ئاسانی بە بچوکترین شت دەکەوێت، بەو حاڵەوە خوێندن تەواو دەکاو دەچێتە زانکۆی ئەزهەرو پاشان دێتەوە فەلەستین‌و لەگەڵ هەژاری وباری تەندروستی خراپیدا، بەهیممەتی بەرزی بزوتنەوەی (حماس)ی دامەزراند، جوولەکە گرتیان‌و زیاتر باری تەندروستی خراپ بوو تا وای لێهات تەنها سەری دەجولاو لەسەر عەرەبانە هاتووچۆی پێدەکرا..

لە هەوڵێکی تیرۆریستیدا لە ئەردەن دەزگای سیخوڕی جوولەکە ویستیان (خالیدمشعل) بکوژن‌و سەر نەکەوتن‌و گیران، ئەمەش بووە مایەی ئیحراجی شا حسین‌و بەرامبەر بەئازادکردنی ئەودوو سیخوڕە ،جوولەکە شێخ ئەحمەد یاسینی بەردا..

شێخ ئەحمەد یاسین لەبەرنامەی (شاهد علی العصر)دا پێش شەهید بوونی بەماوەیەك وتی: من پێش ئەوەی لەدایك بم لەخەودا بەدایکمیان وت: تۆ کوڕت دەبێ‌و ناوی بنێ ئەحمەد.. بۆیە کە لەدایك بووم، دایکم ناوی نام ئەحمەد هەرچەند باوکم دوو ژنی تری هەبوو، هەردووکیان زۆر ناو ئەحمەدیان پێناخۆش بوو، بەڵام دایکم بەقسەی نەکردن..

ئەم پیاوە خوای گەورە وەك بیانووی لەش ساغەکان ببڕێت هێشتیەوە تا مانگی سێ ی (2004)، کەبەیانیەکیان لەنوێژ گەڕایەوە خۆی و چەند کەسێك کە لەگەڵیا بوون بەموشەکی فڕۆکەی جوولەکە شەهید بوون..

د. زغلول النجار دەڵێ: ڕۆژێ پێش ئەوەی شەهید ببێ لەخەستەخانەبوو گیانی ئەداو کەس بەتەمای نەبوو، خوای گەورە ویستی وا بوو کەلەسەر جێگا نەمرێت و بێتە دەرەوەو شەهیدی ببێ بەنسیبی..

شەهیدبونی ئەم نەبەردە قارەمانە گیانی جیهادو خەباتی کردەوە بەبەری موسڵمانانداو هەموو سەرکردە عەرەبەکانی شەرمەزار کرد..

شێخ بەئاواتی خۆی گەیشت کەهەمیشە دەیووت: (انا طالب الشهادة) من بەدوای شەهادەتدا دەگەڕێم.. هەروەها کەدەیووت: من ئاواتە خوازم خوا لێم ڕازی بێت.. کاتێکیش لەبەندیخانەدا بوو دەیوت: من شادمانو بەختەوەرم چونکە لەپێناوی هەقێکدا بەند کراوم کەبڕوام پێیەتی..

بەڕاستی بانگخوازێکی ماندونەناس بوو، توانی بەو حاڵەشەوە ڕووبەڕووی پیلانی دوژمنان ببێتەوە ، نەك هەر لەژیان دا بەڵکو پاش مردنیش.. ڕۆژنامەیەکی بەریتانی وتی: ئەگەر ئەحمەد یاسین لەژیاندا بوایە چەندی لەجوولەکە دەکوشت، پاش مردنیو بەشەهید بوونی زۆر لەو ژمارەیە زیاتر دەکوژرێ!..

چوارەم/ ئیمامی نەوەوی:

ناوی (یحیی) کوڕی (شرف)ی نەوەوییە لەساڵی 631ی کۆچیدا لەدایك بووە، باوکی پیاوێکی خواناس بوو، (ذهبی) دەڵێ: باوکی پیاوێکی موبارەك بووە..

باوکی نەوەوی دەڵێ: یەحیا شەش حەوت ساڵێك دەبوو شەوی بیستو حەوتی ڕەمەزان خەبەری کردینەوەو وتی: نابینن ژوورەکەمان ڕووناك بۆتەوە، هەرچەند ئێمە هیچمان نەدی، بەڵام زانیم کە شەوی قەدرەو ئەو لەئێمە پاکترەو خوا وەکو کەرامەتێك پیشانی داوە..

نەوەوی لەبارەی خۆیەوە دەڵێت: کاتێك لە (نوی) وە چووم بۆ دیمەشق دوو ساڵ تیا مامەوە، لەو دوو ساڵەدا ڕانەکشاوم لەناو جێدا بۆ نووستن..

وتیان: ئەی چۆن دەنووستی؟ وتی بەسەر کتێبەکانمەوە کەزۆر ماندوو دەبووم خەوم لێدەکەوت!

شایانی باسە کەخەبەریشی دەبۆوە بەم حاڵەشەوە دەیووت: (انا لله ضيعنا مدة من الزمن)!.

چەند ساڵ سەری لەزانایان دەداو شەوو ڕۆژی دوانزە دەرسی دەخوێند کەزیاتر بوون لەدوانزە سەعات..

بەشەو شەونوێژی دەکردو زۆرجاریش بەڕۆژ بەڕۆژوو بووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە شەوو ڕۆژی یەك ژەم نانی خواردووە !

ناسراوێکی دەڵێت: شەوێك چوومە مزگەوتی دیمەشق، گـوێم لـێ بـوو لـەپاڵ پایەیەکـدا شـەو نوێژی دەکردو ئایەتی (وقفوهم انهم مسؤولون) ی بەگریانەوە دووبارە دەکردەوە، ئەوەندە سۆزو خواناسیو خشوعی تیا بوو زۆر کاری تێکردم..

بەڵێ.. هەستی بە بەرپرسیاریەتو مەسئولیەت دەکرد، خواخـوای بـوو فریـا بکـەوێو کارێـك زیاتر بکات ، تەنانەت بواری نەبوو لـە سەرقاڵیدا ژن بهێنێت ! شەوێکیان شتی دەنووسی چـراکەی سوتەمەنی تیا نەما، بەفەزڵی خوا نەکوژایەوە هەتا هەموو شتەکانی نووسیەوەو تەواوی کرد.. دەڵێن جارێك کە شتی نووسیوەو تاریك بووە سەر پەنجەی خۆیو قەڵەمەکەی رووناك بوونەتەوە تا تـەواو بووە، دیارە ئەمەش کەراماتێك بووە خوا پێی داوە..

پیاوێکی پارێزکار بووەو، وەرعی بەجۆرێك بووە کەلـەو ماوەیەی ژیانی کە لـەدیمەشـق دا بـووە، میوەی نـەخوارد، دەیـووت : زۆر لـەباخو بێسـتانەکان وەقفـی منـاڵی هـەتیونو خۆیـان هیچـیان پێنــاکرێو سەرپەرشتیارەکانیشــیان بــەجۆرێك دەجوڵێنــەوەو هەڵســوکەوت دەکــەن کــەجێی (ڕاجیاوازی) و خیلافە..

لـەژیانی پڕ بەرەکەتیا کە نزیکەی چلوپێنج ساڵێك ژیا زۆر بەرهەمی نایابی هەبوو، وەك:

1-ریـاض الصـالحین، کەلــەدوای قورئانــەوە زۆرتـرین چـاپکراوە لــەدنیاداو بـۆ چـەندەها زمـان وەرگێڕدراوەو سوودی زۆری لێبینراوە.

2-الاذکار، ئەمیش ئەو پەڕاوەیە کـەبوو بـوو بەپەنـدو و خـەڵکی دەیـان وت: (بـع الـدار واشـتر الاذکار) واتە خانووەکەت بفرۆشەو پەڕاوی (اذکار) ی پێ بکڕە..

3-أربعین النووی.. کەچل فەرموودەی هەڵبژاردووەو زۆر لـەموسڵمانان لـەبەریان کردووەو بەوانە بەیەکتری دەڵێنەوە...

4-شــەرحی صــحیحی موســلیم، کەئەمــەش زۆر بڵاوبۆتــەوەو ناوبــانگی دەرکــردووە، لـەکاتێـدا (قرطبی)یش شرحی موسلیمی کردووە، کەچی وەك ئەو بەناوبانگ نیە..

ئەمە بێجگە لـەچەند پەڕاوێکی تر کەمرۆڤ سەرسام دەبێت چـۆن فریـای ئـەو هـەموو بەرهەمـە کەوتووە، دیارە بەرەکەتی ئیخلاسە .

نەوەوی لـەهەق دا چاونەترس بوو، فەرمانی دەدا بەچاکەو جڵەوگیری دەکرد لـەخراپە، تەنانەت کە (ظاهر بیبرس) سەرکەوت بەسەر تەتەرەکاندا، ویسـتی هەنـدی بـاخو بێسـتان دەسـت بەسـەرا بگرێتو بۆ سوپاکەی سەرفی بکات، نەوەوی نامەیەکی بۆ ناردو تیایا ئاگاداری کـردەوەو ئـەویش

بەڕەقی وەڵامی بۆ ناردەوە ، ئەمجارە نـەوەوی زۆر بەتونـدتر لـەجاری یەکـەم سەرزەنشـتی کـردو لۆمەی کرد لـەسەر ئەو کارەی..

پاش چلو پێنج ساڵێك تەمەن، پاش هەوڵو کۆششی نەبڕاوە، لـەدوا هەفتەی تەمەنیدا سـەردانی هاوەڵـەکانی کردو زۆر گریا لایانو ئامۆژگاری کردن لـەسەر پارێزکاریو خواناسی..

بەڵێ.. لـەساڵی 676 کۆچیدا لـە (نوی) مەلی بەرزە فڕی گیانی دایە شەقەی باڵو دنیای رەنـجو ماندووبوونی بەیەکجاری بەجێهێشت، هەرچەند ناوی بـەهۆی پەڕاوەکانیـەوە هـەر مـاوەو بـەخێر باسدەکرێت. سەرچاوە(بەرنامەی (اوراق)) ..

کۆنفرانسی حەوتەمی ئیعجازی عیلمی قورئانو سوننەت

لـەمانگی سێی ساڵی دوو هەزارو چواردا بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لـە زانایان لـە شاری دبی کۆنفرانسی حەوتەمی ئیعجازی عیـلمی قورئانو سوننەت بەسترا، کە تیایدا ژمارەیـەکی زۆر بابـەتی ئیعجاز پێشکەش کرا کەسێ رۆژی خایاند لـەبەیانیانو ئێواران دا، لـەو باسانەی کەپێشکەش کرا:

ئیعجازی ئایەتێک :

قورئانی پیرۆز باسی شیر دەکات کەجێی تێڕامانو وردبوونەوەیـەو بەڵگەیـە لـەسـەر دەسـەڵاتی بێپایانی پەروەردگارو دەفەرموێت:

(وإن لكم في الانعام لعبرة نسقيكم مما في بطونها ولكم فيها منافع كثيرة ومنها تأكلون) المؤمنـون/21،

واتە: بەڕاستی لـەبەدیهێنانی مالآتیشدا جێگەی سەرنجو پەنـدە بۆتـان ، کـە وردبنـەوە لـێـی ، جـا لـەوەی لـەناو سکیاندایە کەشیرە دەرخواردتان دەدەینو، چەندەها کەڵکی زۆری تری هەیە بۆتـان، هەروەها لـێشیان دەخۆن..

لـەئایەتێکی تریش دا بەدرێژ ترو زیاتر سەرنجمان رادەکێشیو دەفەرموێت: (وإن لكـم في الانعـام لعبرة نسقيكم مما في بطونه من بين فرث ودم لبنا خالصا سائغا للشاربين) النحل/66،

واتە/بەڕاستی لـەمەڕو مالآتدا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆتانو جێگەی سەرنجو تێڕامانە، تێراوتـان دەکەین لـەوەی لـەسکەکانیاندایە، لـەنێوان گژوگیاو خواردنی هەرسکراوو خوێنەوە شـیرێکی پـاكو بێگەردو خۆشو بەتام بەرهەم دەهێنین بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە..

بەڕاستی سەرنج راکێشان بۆ شیر کە دروسـتبوونەکەی چـەند گرنگـە موعجیزەیـە و بەعـەقڵی کەسدا نەهاتووە لـەو رۆژگارەدا ، زۆر لـەشاعیرو وێژەوانانی ئەو سەردەمە سـەرنجیان بـۆ (عـەرەق) راکێشاوەو چەندەها ناویان لـێناوەو بەبالآیدا شیعرو شانامەیان هەڵداوە، بەلآم کەس تا ئەم سەدانەی

دوایـی ئـاوا باسـی دروسـتبوونی شـیرو گرنگیەکـەی نـەکردووە کـەرۆژ بـەڕۆژ شـتی زیـاتری لێدەردەکەوێت.

باشە، هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەوبەرحەزرەت (د.خ) کەپیاوێکی نەخوێندەوار بـووەو هیچـی لـە (تشریح) و (طـب) ی بەیتەری نەزانیوە چۆن باس لـەوە دەکات کەبـەهۆی خـواردنی هەرسـکراوو خوێنەوە ئەو شـیرە پێـك دێـتو دەگوێزرێتـەوە نـاوگوان ، مـرۆڤیش دەیدۆشـێتو سـوودی زۆر لەڤیتامینو پرۆتینەکانی دەبینێ.. ئەگەر ئەمە موعجیزە نەبێو خوا لـەقورئاندا نەیهێنێ، کـێ هـەزارو چوار سەد ساڵ لەمەوبەر زانیویەتی خوێن لەمەسەلەی شیردا دەوری هەیە ، خـوێن لـەکوێو شـیر لەکوێ ؟!

زانایەك لـەو کۆنفرانسەدا سەرنجی ئامادەبووانی راکێشا بـۆ وشـەی (بطـون) بۆچـی لەهـەردوو ئایەتەکەدا (بطون) بەکۆ هاتووە، مەگـەر مـەڕو مـاڵات یـەك سـکی هەیـە یـان چـەند سـکێك؟!، لەسەدەی نۆزدەوە زانرا کەمەڕومالاّت چەند سکێکیان هەیەو ئەو سکانە کاریگەریان هەیە لەسـەر دروستکردنی ئەو شیرە..(ئەو سکانە یان ئەو ورگانە ، یەکێکیان ئەوەیە کـە دەکـرێ بـە گیپـەو ، یەکێکیان شیلاوگە و ئەوی تریان کلاّوقازی پێدەوترێت وچوارەمیشیان بەکارنایەت) ..

شایانی باسە لەفەرموودەیەکیشدا حەزرەت (د.خ) لەبارەی گرنگـی شـیرەوە دەفـەرموێت: (مـن اطعمه الله طعاما فليقل اللهم بارك لنا فيه وأطعمنا خيرا منه ومن سقاه الله لبنا فليقل: اللهم بـارك لنـا فيه وزدنا منه فانه ليس شيء يجزيء من الطعام والشراب الا اللبن) ابوداود والترمذي عن ابن عباس.

واتە: هەرکەس خوای گەورە خواردنێکی دایە با بڵـێ: پـەروەردگارا بەرەکـەت بخـەرە نـاویو چاکترمان پێ ببەخشەو، هەرکەسیش خوای گەورە شیری پێبەخشی با بڵێ: پەروەردگارا بەرەکەتی تێبخەو زیاترمان بدەرێ لێی، چونکە هیچ شتێك وەك شیر جێی خواردنو خواردنـەوە ناگرێـت (ل 46 الرسول/ سعيد حوى) .

موعجیزەیەکی پزیشکی لەفەرموودەیەکدا :

دکتۆر عبدالباسط محمدالسيد کەمامۆستای (الكيمياءالحيوية)یە لەمەرکەزی قەومی بۆ لێکۆڵینەوە لەمیسر، لەکۆنگرەی حەوتەمدا باسـێکی تـازەی زانسـتی پێشـکەش کـرد کـە (بـراءة اخـتراع)ی ئەمریکیو ئەورووپی لەسەر وەرگرت..

باسەکە بریتی بوو لەدۆزینەوەی دەرمانێك لەفەرموودەیەکی پێغەمبەرەوە (د.خ)، کەچارەسـەری نەخۆشی (التهاب الكبد الڤايروسی) دەکات.

د. عبدالباسط لەباسەکەیدا وتی :

حەزرەت (د.خ) دەفەرمویت (علیکم بالسَنا والسَنُّوت فان فیهما شفاء من کل داء الا السام) (ترمذی 2163، ابن ماجة 3461، حاکم 201/4) واتە: ئاگاتان لە ڕووەکی سەناو ڕووەکی سەنوت بێت کەچارەسەری نەخۆشیەکانن جگە لەمردن .

شایانی باسە حەزرەت (د.خ) تەنها لەم فەرموودەیەو فەرموودەیەکی تردا باسی دوو رووەك دەکات بەیەکەوە ، کاتێك دیراسەمان کرد بۆمان دەرکەوت کە ئەو دوو ڕووەکە (سەنا) و (سەنوت) بەیەکەوە کاریگەری تەواویان دەبێتو یەکتری تەواو دەکەن..

سەرەتا هەریەکە لەو ڕووەکانەمان دا بەمشکی تاقیکردنەو بۆ چوار هەفتەو هەموو پشکنینێکمان بۆ کردن، دەرکەوت کەهیچ زیانێکیان نیە.. (چونکە ئەو رووەکانە لەلایەن مرۆڤیشەوە دەخورێنو بەکاردەهێنرێن)..

پاشان بیست مەیموونی شەمپازیمان هێناو تووشی نەخۆشی(التهاب الکبد الڤایروسی)مان کردنو دەرمانێکمان دانێ کە لەو دوو ڕووەکەوە دروستمان کردبوو. پاش چلو پێنج ڕۆژ شانزەیان چاکبوونو دوای دوو مانگی تریش دوانیان چاك بوونو، لەبەرئەوە دوانەکەی تریش لاساربوونو دەرمانەکەیان نەدەخوارد چاك بوونەوەیان زیاتر دواکەوت .

ئنجا لەسەر پەنجا مرۆڤی نەخۆش تاقیکرایەوەو (34) یان چاك بوونو لە ئەمریکا پشکنینیان بۆکرا.. سەرەنجام دەرمانەکەمان سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەستهێناو بەمەش (براءة الاختراع) یان پێدام.. ئێستاش رێکەوتووم لەگەڵ کۆمپانیایەکی دەرمانی (هۆڵەندی ئەمریکی)دا، کەئەو دەرمانە بەرهەم بهێننو بیخەنە بازاڕەوەو، مەرجێکیشم لەسەر داناون کە دەبێ جێبەجێی بکەن ئەویش ئەوەیە کە لەسەر دەرمانەکە بنوسرێ (ئەم دەرمانە لەفەرموودەی محمد پێغەمبەرەوە(د.خ) وەرگیراوە)..

قورئانو دڵئارامی!

قورئانی پیرۆز دەفەرمویت (ألا بذکر الله تطمئن القلوب) غافر ...

واتە: بەڕاستی بەیادی خوا دڵان ئارام دەبن.. ئەم راستییە لەهەموو کاتو شوێنێکدا هەستی پێکراوەو دڵان بەیادی خوا ئارام بوون، لەکاتێدا کەهیچ شتێك نەبووە فریایان بکەوێو بێت بەهانایانەوە..

(علی) کوڕێکی فەلەستینی چەپڕەو بوو، لەبەر خراپی باری گوزەرانی کۆچی کرد بۆ (پۆڵەندا)، لەبارەی گەڕانەوەی بۆ ئیسلام لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵی (إقرأ) بەرنامەی (المسلمون فی الغرب) دا شەوی 20/19ی2004/3/ دا وتی:

من کە لەپۆڵەندا بووم، ئەو موسڵمانانەی کە لە (جمعیاتی طلبە ی اسلامی)یەوە دەهاتن بۆ بانگەوازکردن دژایەتیم دەکردن‌و کارەکەم لێتێك دەدان..

(ئیڤۆنا) ئافرەتێکی ڕێکوپێکی پۆڵەندی بوو، خووڕەوشت جوان بوو بۆیە پاش یەکترناسین خواستم، ئەویش لەبەرئەوەی من بەناو موسڵمان بووم هەندێ پرسیاری ئاینی لێدەکردم، منیش زۆر بە (منطق)ی وەڵامم دەدایەوە .

ڕۆژێك ویستم بگەڕێمەوە بۆ سەردانی خزمانم لە (یۆنان) ، پارەکەم کەم بوو، بۆیە نەمتوانی هاوسەرم لەگەڵ خۆم ببەم، ناچار بووم کە لەبەشی ناوخۆیی زانکۆ بەتەنها بەجێی بهێڵم، لەبەرئەوەی کاتی پشوودانی هاوینیش بوو، زانکۆ چۆڵ‌و هۆڵ بوو، قوتابی تیا نەمابوو..

(ئیڤۆنا) وتی: ئەگەر بەتەنها ترسام‌و تووشی دڵەڕاوکێ بووم چی بکەم، منیش (قل هو الله) و (لا اله الا الله)م لەسەر کاغەزێك بۆ نووسی‌و وتم: ئەگەر تووشی شتی وا هاتی، ئەمانە بخوێنە..

ئیتر چووم بۆ سەفەرەکەم‌و کە گەڕامەوە، هاوسەرەکەم وتی: دەمەوێ موسڵمان ببم ، وتم: ئەوە دەڵێی چی؟! ئیسلامی چی؟! من ئەوا عارەق‌و مەشروباتم بەدیاری هێناوە بۆهاوەڵانم و بەنیازم بۆ یان بەرم.. ئنجا با بزانم چی وای لێکردوویت موسڵمان ببیت ؟؟.. وتی: شەوێکیان کە تەنها بووم ترسێکی زۆر زۆرم لێنیشت‌و وەك شۆڕەبی هەموو گیانم دەلەرزی !

وەك گاورەکان نوێژم کرد هیچ سوودی نەبوو، بیرم کەوتەوە ئەو کاغەزە بخوێنمەوە کە بۆت نووسیبووم، کە کاغەزەکەم خوێندەوە چەند جارێك ، دڵم ئارام بوو بەجۆرێك بەدڵنیایی نووستم و تا بەیانیش دڵنیاییەکەم بەردەوام بوو.. بەمەدا بۆم دەرکەوت کەئەم دینە هەقەو ڕاستەو مایەی دڵئارامی‌و شادمانییە..

بەڵێ.. خێزانەکەم بەڕاستی ئیسلامی وەرگرت‌و هیدایەتەکەی ئەو بووە مایەی هیدایەتی منیش..

ئێستاش بەیەکەوە خەریکی بانگەوازین بۆ ئیسلام و نزیکەی دوانزە ساڵە خزمەت بەئیسلام دەکەین‌و، توانیومانە بەفەزڵی خوا چەندەها پەڕاو وەربگێڕین بۆ سەر زمانی پۆڵۆنی ، لەکاتێکدا کەپەڕاوی ئیسلامی بەو زمانە نەبوو لەکتێبخانەکاندا..

هەروەها لەزۆربەی شارەکاندا وتار دەدەین‌و خەڵکیش موسڵمان دەبن، تەنانەت لە دواخێوەتگەی ژناندا نزیکەی سەدئافرەتی پۆڵەندی موسڵمان بوون.. دەمانەوێ قورئانیش بەزمانی پۆڵەندی ڕاڤە بکەین تا خەڵکی بتوانن زیاتر تێی بگەن‌و سوودی لێببینن .

شایانی باسیشە زۆر لەو قوتابیانەی ئێستا بوون بە دکتۆرو مهندس لەم ولاتەو پێشتر چەپڕەو بوون ، گەڕاونەتەوە باوەشی ئیسلام‌و کار بۆ خزمەتی بەرنامەی خوا دەکەن..

(ئیڤۆنا)ش دەڵێ: پۆڵۆنیەکان پرۆتستانتن‌و لەبەرئەوەی پاپاش لەوانە شانازی پێوە دەکەن، خەڵکی هیچی وا نازانن لە بارەی ئیسلامەوەو ئەوەش کە دەیزانن ناتەواوو شێوێنراوە ، من کەچاوو گوێم کرانەوە هەستم بە بۆشاییەکی گەورە دەکرد لە دەروونمدا، بۆیە کە ڕێم لە ئیسلام کەوت هەروەك ئیسفەنجێکی وشك چۆن ئاو هەڵدەمژێ‌و تێراو دەبێ ، منیش بەئیمان‌و ئیسلامەتی بۆشایی دەروونم پڕ بووەوە..

من قەدەرم وا بوو کە (علی) بناسم‌و ببێتە هاوسەرم‌و لەو ڕێگایەشەوە ئیسلام بناسم، سوپاس بۆ خوا، دوای دوو ساڵ لەموسڵمان بونیشم کەدڵنیا بووم لە ئیمان‌و ئیسلامەتیەکەم‌و زانیم (حیجاب) فەرزە ، خۆم داپۆشی لە کۆمەڵگایەکدا کە بەلایانەوە سەیر بوو، جا خەڵك هەرچۆنێك بۆ حیجاب بڕوانن من شانازی دەکەم بەحیجابەکەمەوە چونکە فەرمانی خوایە .

(ئێمە لە کۆمەڵگایەکی نیوە موسڵمان ونیوە ماددیدا وەك ئەوان ڕەنگە هەست بەو تینوێتی شکانە نەکەین ، لە کاتێکدا قورئان بە ئاشکرا باسی دەکات و دەفەرموێت (الذين كفروا اعمالُهم كسراب بقيعة يحسبه الظمآن ماء حتى اذا جاءه لم يجده شيئا ووجد الله عنده فوفاه حسابه ، والله سريع الحساب) النور **39** .. واتە :ئەوانەی بێباوەڕن کردەوەکانیان وەك ئەوەیە هەموو تەمەنیان تینوو بن و دوای سەراب کەوتبن ، کاتێك تەمەنیشیان تەواو دەبێت دەزانن دوای سەراب کەوتوون وتینوێتیان ناشکێت و ، تازە کاریش لەکار ترازاوەو مردن یەخەی گرتوون و خوای گەورەش لێیان دەپرسێتەوە)..

بینای ژیان لەسەر ئیمان

مرۆڤ بەگشتی‌و بانگخوازان بەتایبەتی (خلیفە)ن، جێنشینن و خوای گەورە لە نەبوونەوە هێناونیتیە دنیای بوونەوە (وإذ قال ربك للملائكة اني جاعل في الارض خليفة) البقرة: **30**، بۆئەوەی کە بینای ژیان بکەن بەپێی بەرنامەو نەخشەیپەروەردگار کە لەڕێی پێغەمبەرانەوە سەلامی خوایان

لێبێت دەهێنرێت بۆ مرۆڤ (هو أنشأكم من الارض واستعمركم فيها، فاستغفروه ثم توبوا اليه، ان ربي قريب مجيب) (هود: 61).

واته: خوای گەورە ئێوەی بەدیهێناوەو لەزەویدا دایناون بۆ ئـاوەدان کردنـەوەی زەوی‌و پـەرەدان بەژیان، بەپێی بەرنامەی ئیمان‌و ئیسلام، جا هەرچەند لـە شارێ لاتان داو دوورکەوتنەوە بگەڕێنەوەو تەوبە بکەن‌و داوای لێخۆش بوون بکەن لـەخوا، بەڕاستی پەروەردگار نزیکەو وەڵامتان دەداتـەوەو دێت بەهاناتانەوە..

مرۆڤ نابێتە مەلائیکەو، معصوم نیە، بۆیە ئەگەر لاواز بوو، شەیتان زەفەری پێبرد لـەهەر کاتێکدا، بەتەوبەیەك کارەکەی ڕاست دەبێتەوەو، خوای گەورەش میهرەبان‌و خۆشەویستە (واستغفروا ربکـم ثم توبوا اليه، ان ربي رحيم ودود) هود: 90.

هاوکێشەکانی ژیان

هەروەك چۆن لـەعالـەمی ماددیاتدا، یاساو هاوکێشە هەیە، کە زانایان دەیدۆزنەوەو کاری لـەسەر دەکەن ، بەهەمان شێوەش لـەعالـەمی مەعنـەویات‌و مامەڵـەو هەڵسـوکەوتی مرۆڤەکانـدا لـەدنیادا هاوکێشەی تایبەت هەیە کەکاتێك لایـەکی دێتـە دی لاکـەی تریشـی بێگومـان دێتـە دی بـەهۆی کارلێکەکانەوە..

ئاو لـەپلـەی سەدا دەکوڵێت، ئەمە یاسایەکە، ئەگـەر هـەر جـارەو لـەپلـەیەکـدا بکوڵایـە ژیـان نەدەبوو، چونکە شـتێکی (نـەگۆڕ) و (ثابـت) نـەدەبوو کـەکاری لـەسـەر بکرێـت، هـەروەها دوو گەردیلـە هایدرۆجین‌و گەردیلـەیەك ئۆکسجین یەکبگرن ئاو پێك دێنن لـەبارو زروفی تایبەتـدا..کـە ئەمەش یاسایەکی نەگۆڕە ..

$2H + O \rightarrow H2O$

بەهەمان شێوەش قورئانی پیرۆز باس لـە کۆمەڵێ یاساو هاوکێشەی ئیمانی دەکات کـە لـەژیانـدا دێنە دی‌و دەیانبینین، بۆ نموونە، (والليل إذا يغشى، والنهار إذا تجلى، ومـا خلـق الـذكر والانثـى ان سعيكم لشتى) 4 الليل..واته/ سوێند بەشەو کاتێك دادێت و ، سوێند بە ڕۆژ کاتێـك دنیـا روونـاك دەبێتەوەو تاریکی دەڕەوێنێتەوە، سوێند بەو زاتەی کە نێرو مێی دروسـتکردووە، بەڕاسـتی هـەوڵ‌و کۆششی ئێوە جۆراوجۆرە (هەیە ڕێی ڕاست دەگرێ‌و هەشە بەپێچەوانەوەیە) (فأما مَن أعطى واتقى، وصدق بالحسنى، فسنُيَسره لليُسرى) 7/الليل.

واته: ئەوەی ببەخشێ لەماڵو سامانو زانستو.. هتد، پارێزکارو لەخواترس بێو بڕوای پتەوی بەپاداشتی چاکی خوا ببێ، ئەوە ئێمە ڕێگای چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەینو سەرەنجام دەیخەینە خێرو خۆشیەوە..

کەواتە: بەخشین + پارێزکاری + بڕوا بەپاداشتی خوا .... سەرەنجامی.. ئاسانکردنی ڕێگای چاکەکاریە بۆیو پاشان بەهەشتی بەرینو هەتا هەتایی..لەلایەکی تریشەوە (وأما مَن بخل واستَغنى، وكذبَ بالحُسنى فسنُيَسره للعُسرى، ومايُغني عنه ماله اذا تردى) 11/الليل. واتە: ئەوەی ڕەزیلو چرووك بێتو وا بزانێت پێویستی بەخوا نیەو هەوڵ نەدات لەخۆی ڕازی بکات و بڕوای نەبێت بەپاداشتی خوایی ئەوە بەڕێبازی تەنگانەو ناخۆشدا دەیبەین بەرەو دۆزەخ و تیاچوون..

ئینجا باش بزانن کە (إن علينا للهُدى ، وإن لنا للآخرة والاولى) 13/الليل.

واتە: بەڕاستی ڕوونکردنەوەی ڕێبازی خێرو هیدایەت لەسەر ئێمەیەو بێگومان دەسەڵاتی بێ سنوورمان هەیە بەسەر پاشەڕۆژو قیامەتو بەسەر دنیاش دا..

خوای گەورە تەوفیقی خراپەکاران نادات :

لەکاتێکدا کەخوا یارمەتی چاکەکاران دەداتو کارئاسانیان بۆ دەکاتو دەستیان دەگرێ (يا أيها الذين امنوا اتقوا الله وقولوا قولا سديدا، يُصلح لكم اعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم، ومن يُطع الله ورسوله فقد فاز فوزا عظيما) 71/الاحزاب،

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لەخوا بترسنو پارێزکار بن، هەمیشە قسەی بەجێو بەسوود بکەن ئەوسا ئیتر کردەوەکانتان چاكو بەجێو پەسەند دەکاتو(تەوفیقتان دەدات) و لەگوناهەکانیشتان خۆش دەبێت، جا ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی بێت ئەوە بەڕاستی سەرکەوتنو سەرفرازیەکی بێ ئەندازەو بێ سنووری بەدەستهێناوەو، لەلایەکی تریشەوە خراپەکاران کارو کردەوەیان بۆ چاك ناکرێو یارمەتی نادرێن (إن الله لايُصلح عمل المفسدين) 81/يونس، و (وان الله لايهدي كيد الخائنين) 5/ يوسف. واتە: بەڕاستی خوا کاری خراپەکاران چاك ناکاتو، بەڕاستی هیدایەتی ناپاکان نادات لەپلانو ناپاکیانداو هەرچی بکەن چەند بەهێزیش بن لاوازیان دەکات (ذلكم وأن الله موهِن كيد الكافرين) 18/ الانفال.

لە دنیای خۆشماندا ئەمە بەچاکی دەبینین، یاساناسان دەڵێن: هیچ تاوانێك نیە سەد دەرسەد تەواو بێتو نیشانەیەك بەجێ نەهێڵێ، ڕەنگە بڵێی چۆن؟ ئاخر نازانی خوا نایەڵێت ، خۆ خوا دنیای بەرەڵا نەکردووە ، هەرچی چی دەکات بیکاو وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێتو شانی پیابکات..

خوای گەورە نەك هەر دادپەروەرە (عادل)ە بەڵكو هەموو دادپەرورەی خۆیەتی واتە (العدل)ە ، بۆیە لەناوو سیفاتەكانی خوادا (العدل) بەكارهاتووە نەك (عادل)..

خوای گەورە (منتقم)ە، تۆڵەسێنەو بەزوڵمو ستەم قایل نابیو لێی بێدەنگ نابێ، چونكە زوڵمو ستەمی لەخۆی حەرام كردووەو لەناو خەڵكیشدا یاساغی كردووەو رازی نابێت كەس زوڵم لەكەس بكات، هەروەك لەفەرموودەی قودسیدا هاتووە (یا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته مُحَرَما بينكم فلا تظالموا) ...

یاسا و باوی خوا گۆڕینی بۆ نیە :

یاساو باوی خوا لەدنیادا قورئان بە (سُنن) ناوی دەباتو دەفەرموێت (وأقسموا بالله جَهد أيمانهم لئن جاءهم نذير ليكونن اهدى من احدى الامم، فلما جاءهم نذير مازادهم الا نفورا، استكبارا في الارض ومكر السيء، ولايحيق المكر السيء الا بأهله، فهل ينظرون الا سنت الاولين، فلن تجد لسنت الله تبديلا، ولن تجد لسنت الله تحويلا) 43/ فاطر.

واتە: ئەو كافرو بت پەرستانەی قوڕەیش زۆر بەگەرمی سوێندیان دەخواردو دەیانوت: ئەگەر پێغەمبەرێكی بێداركەرەوە بۆیان بێت بێگومان لە هەموو گەلانی تر باوەڕدارتر دەبن، كەچی كاتێ كە پێغەمبەرێكیان بۆ هات لەسەر كەشیودووروپەرێزی زیاتر هیچی تریان لێنەوەشایەوە ، چونكە خۆیان بە گەورە دەزانی لە زەویداو پیلانی شەڕو تاوانیان كێشا، لە كاتێكدا كەپیلانی شەڕو تاوان تەنها بەسەر ئەوانەدا دەشكێتەوە كە نەخشەی بۆ دەكێشن، ئەمانە بەدژایەتی ئیسلام ئەبێ تەنها چاوەڕێی سزای خوا بكەن وەك گەلانی پێشین، ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لەیاساو بەرنامەكانی خوادا گۆڕانكاری پێش بێتو، هەرگیز نابینیت یاساو بەرنامەی خوا لە نەخشەی خۆیان لابدەن..

ئنجا دەفەرموێت: (اولم يسيروا في الارض فينظروا كيف كان عاقبة الذين من قبلهم، وكانوا اشد منهم قوة،وماكان الله ليعجزه مِن شيء في السماوات ولا في الارض،انه كان عليما قديرا) فاطر44.

واتە: ئایا نەگەڕاون بەزەویدا، تاسەرنج بدەن و تەماشا بكەن چۆن بوو سەرەنجامی گەلانی پێش ئەمان وچیمان بەسەرهێنان، ئەوانە هێزو دەسەڵاتیان لەمان زیاتر بوو، وەنەبێت خوا هیچ شتێك دەستەوسانی بكات لە ئاسمانەكانو لە زەویدا، چونكە بەڕاستی ئەو زاتە هەمیشەو بەردەوام زانای بە دەسەڵاتو بە توانایە..

قورئانی پیرۆز زۆرگرنگی داوە بەوەی كە موسڵمانان لەو یاسایانە تێبگەن و ڕوون بێت لایان ، هەروەك دەفەرموێت : (يريد الله لِيُبَيِنَ لكم ويهديَكم سُنَن الذين مِن قبلكم ويتوبَ عليكم والله عليم

حكيم) النساء 26 /واته :خوا دەیەوێت هەموو شتێکتان بۆ ڕوون بکاتەوەو ڕێمموونیتان بکـات بـۆ ئەو یاساوباوانەی کە بەسەر گەلانی ڕابردوودا هاتوون و لێتان خۆشبێت، خوا زاناو دانایە ...

نموونـەکان زۆرن : چـاوگێڕان بـەژیانی خۆمـانو خەڵکیـدا لـەکۆنو نوێـدا ئـەم راسـتیانە دەسەلمێننو هەندێکیان دەماودەم دەگێڕدرێنەوەو هەندێکیان لەدوو توێی پەڕاوێکدا تۆمار کـراون و هەندێکیشی بیر دەچنەوە، لیوا روکن (محمود شیت خطاب) لە پەڕاوەکەیدا (عدالة السماء) چـەند نموونەیەکی بۆ تۆمارکردوینو مامۆستا راشیدیش لە (صناعة الحیاة) دا چەند نموونەیەك باس دەکات، کە دەڵێت :

یەکـەم/ پیاوێك یەکێك دەکوژێو فڕێی دەداتە چـاڵێکەوە، پـاش ماوەیـەکی زۆر، یـەکێك پەیـدا دەبێتو لەکێشەیەکەوە دەیەوێت ئـەم بکـوژێ، ڕادەکـاتو نازانـێ لەکوێـدا خـۆی بشـارێتەوە، سەرەنجام ئەچێتە ئەو شوێنەی کەخۆی پیاوەکەی تیا کوشتبوو، دوژمنەکەی هاتو لەوێدا دۆزیەوەو لەهەمان شوێن دا کوشتیەوە (الجزاء من جنس العمل)..

دووەم/ کاتێك سوپای عوسمـانی لەبەغـداد کشـانەوە، سـەربازێکی تـورك پەڕتـەوازە بـوو بـوو، لەدەرگای مزگەوتی (أبي الحنیفة) وەستا بوو، بێکەسو بیدەر، نەگبـەتێ هـات کوشـتیو شـتەکانی برد، پاش بیستساڵ ئەو نەگبەتە شەڕی بوو لەگەڵ زەلامێکداو چەقۆیەکی لێدا، لەتاو برینەکـەی شپرزە بوو، سەدان مەتر رای کرد تا گەیشتە ناو دەرگای مزگەوتی (أبـي حنیفـة) و لـەویا بـەدەما کەوتو مرد !.

سێیەم/ ئەحمەد جەمال الحریری خوا لێی خۆش بێت بۆی گێڕامەوە، کە لە مەککە (مطوف) بوو، تەوافی بەخەڵك دەکرد، وتی: کوڕم لات سـەیر نـەبێت کەلاشـەی ئـەمیر (عبدالالـە) لـە بـەیانی شۆڕشی چواردەی تەموزدا لەبەغدا ڕایان کێشا، من بەچاوی خۆم دیم لەبەیانی ڕۆژی نۆی شعبان دا لەمەککە، ئەو ڕۆژەی شۆڕشی عەرەبی ڕاگەیەنرا کـە (لـورنس) سـەرکردایەتی دەکـرد، عـەلی باوکی ئەو (عبدالالـە) ە، چووە سەر قەڵای مەککەو بە (حامیـة)ی عوسمـانی وت کـە ئـەمین بـنو دەستیان بۆ نابەن ، تاخوێن نـەڕژێ و بگەڕێنـەوەو ئـەو ناوچـەیە بـەجێبهێڵن، ئـەوانیش بۆئـەوەی لەمەککەدا خوێن نەڕژێت خۆیان تەسلیم کرد، کەچی سەربازەکانیان بـەرداو چـواردە ئەفسـەری عوسمانیش کە لەگەڵیان بوون قاچیان بەستنەوەو بەزیندوویی ڕایان کێشان تاپاش چەند سەد مەترێك گیانیان دەرچـوو، پاشـان لـەنێوان مەککـەو(منـی) دا بـەمردوویی بـەدارا هـەڵیان واسـین..دیـارە کوڕەکەشی لەو موبارەکتر نەبووە !! بۆیە بەڕاستی عەدالـەتی خوایە، کەئەو نەگبەتیو تاوانـە خـوا

به(عبدالالـه)ی کوڕی رشتو بێجگـه لەسـزای قیامـەت هـەر لـەدنیادا پیشـانی دان.. لاپـەڕە 12 (صناعة الحیاة) ..

چوارەم/ بەندە ، برادەرێکم بۆی گێڕامەوە کە لە شەڕی کوەیتـدا، دوو سـەربازی کـورد لـەوێ دەبن، یەکێکیان دەیەوێت خۆی بەرێتە پێشێ لە ئامرەکەیو دەڵێ: قوربان دەچم شتێکت بۆ دێـنم، ئەویش لەگەڵ سەربازە کوردەکەی تردا دەینێرێ کە سایەق دەبێت، لەرێ سایەقەکە پێی دەڵێـت: خوا هەڵناگرێ بۆ شتی وا دەکەیت ، ئەویش دەڵێت: من دەمەوێ بەهـەر نرخێـك بێـت (ئیجـازە) وەربگرم و بگەڕێمەوە سلێمانی بۆ ناو کەسو کارم..

بـەڵێ.. ئـەو بـرادەرە دەچـێتە سـەر مـاڵێکی کـوەیتی قـوڕ بەسـەرو دەسـت دەداتـە (ئێرکۆندیشن)ەکەیانو دەیهێنێ لەو چـلـەی گەرمایـەدا، هەرچـەند مـاڵو منـاڵی خـاوەن ماڵەکـە دەپاڕێنەوە سوودی نابێت .

کە دەیهێنێ بۆ ئامرەکەی، لـەبەرئەوەی شەو کارەبـا داناگرسـێنن لـەترسـی هێرشـی (حولـەفا)، ئامرەکە دەڵێت: ئەو کارەبایەی بۆ ترتیب بکەن باهیچ نەبێ بـەم گەرمایـە ئێرکۆندیشـنەکە بخەینـە ئیشو فێنکمان بێتەوە، سەربازەکەش خەریکی کارەباکـە دەبێـتو لـەگەرمـەی سـەرقاڵیدا نـازانن کارەباکە دادەگرسێننو کارەبا دەیگرێتو دەیکوژێت..

سەربازە کوردە دەست پاکە بەویژدانەکە دەڵێـت: خـوا ئاگـادارە مـن لاشـەی ئـەو بـرادەرەم بـەئیجازە هێنایـەوە کەبەتـەما بـوو بـەو زوڵـمو سـتەمە ئیجـازە وەرگـرێ؟!، وەری گـرت بـەڵام بەمردوویی.. ئەوە عقوبەتی خوا.. خوا بمانپارێزێ..

پێنجەم / حاجی شێخ عومەری قەراخی خزمە و لەسلێمانی لـەجادەی خانـەقا دوکانـدارە، بـۆی گێڕامەوەو وتی: لەپەنجاکاندا لاوبوومو لە بەنداوی دەربەندیخان کەتازە دروسـت دەکـرا حـەرەس بووم، هەندێ خەڵکیئەو ناوە فێربووبوون دەهاتن لەگەڵ حەرەسەکاندا رێدەکەوتنو بەشەو شتیان دەدزی بەشەریکی..

هاتنە لای منو وتیان: رێبکەوە لـەگـەڵمان بەشـەو بەقـەیاغ دێـنو شـت دەبـەین دەیفرۆشـین بەشەریکی.. منیش وتم: من خیانەت ناکەم ، یەکێکیان وتی: تا تۆ ئەمە عەقڵت بێت نابی بەخاوەنی هیچ و ناتوانی ژن بهێنیو خۆت دروست بکەت..

خوا ئاگادارە رێم نەدانوخواش رزقی حەڵاڵی دام و پاش بیست ساڵێك ئەو کابرایەی وای بەمن وت: کوڕەکەی دەستی گرتبوو هاتە بەر دوکانەکەی منو سـواڵیان دەکـرد بـۆ پـارەی عیـادەی

دكتۆر.. كەئەمەم بینی وتم: سبحان الله بەتەما بوو بەدزیو درۆزنی پێبگات ، دیارە سوننەتی خوا وا نیە لەدنیادا، کەس خێر لەحەرامو دزی نابینیو بێ بەرەکەتە..

شەشەم/ شەهیدکردنی پێشەوا (بەننا): پێشەوا بەننا ئەو کەسایەتیە بوو کەموسڵمانانی بەئاگا هێنایەوە لەبەردەم مەترسی هێزە ئیمپریالیزمەکان و لەناو ریزەکانی ڕێکخستنەکانی ئیخواندا ڕۆڵی راستەقینەی بۆ لاوان دیاری کردو، هەر ئەو بوو فیکری ئیسلامی لەچوارچێوەی کلێشەی دەستکردی داگیرکارو دوژمنانی ئیسلامدا دەرهێناو لەبەرگی ڕاستەقینەی خۆی دا بۆ هەموو جیهانی ئیسلامی خستەڕوو وتی:

ئیسلام ئاین و دەوڵەتو سیاسەتەو... هتد، بەکرداریش هەموو ئەو بنەما فیکریوعەقیدیانەی پیادەکردو خەڵکی لەسەرتاپای میسرو جیهانی ئیسلامی دا جارێکی تر بینیانو بیستیان .

پێشەوا (بەننا) توانی بەو ڕۆڵە ئەمەکدارانە بەرگری بکات لەقودسو لەپێناوی مەزڵومیەتی قودسو فەلەستیندا تێبکۆشێ، تاجولەکە ریشەکێش بکرێن لە فەلەستین..

دوژمنانی ناوەوەو دەرەوەی میسر پیلانیان داناو کۆمەڵەی برایانیان هەڵوەشاندو لەبەندیخانەکان توندیان کردن و، پێشەوایان بەتەنها هێشتەوە بۆئەوەی فرسەتی لێبهێننو شەهیدی بکەن..

هەموو دەرگایەکیان بەڕوویدا داخستو وەك باڵندەی ناو قەفەسیان لێکرد، زۆرچاك چاودێریان دەکردو پاشانیش رووخسەی دەمانچەکەشیان لێسەندەوە کەلەو زەمانەدا هەموو سەرۆك حیزبەکان دەمانچەی شەخسیان پێ بوو..

لەکۆشکی مەلیك (فاروق) ەوە پیلان دارێژرابوو، جولەکەش لەپشت پەردەوە بەهۆی کیژێکی جوانیانەوە کاریان لەسەر مەلیك دەکرد، کەدەستی لەگەڵی تێکەڵ کردبوو..

پێشەوا بەننایان بانگ کرد بۆ بارەگای (شُبان المسلمین) گوایە نوێنەری حکومەتیش ئامادە دەبێو دانوستان دەکەن، بەڵام هەرچەند (بەننا) و زاواکەی (عبدالکریم عابدین) چاوەڕێیان کردن نەهاتن..

پێشەوا بەننا بۆ دواجار لەژیانیا پێش نوێژی بۆ کردنو بەکۆمەڵ نوێژی ئێوارەیان کرد، ئنجا هاتنە خوارەوە دەست لە تەکسیەك رابگرن، کە تەکسیەکە وەستا جادە چۆڵو تاریك بوو، ئیمام بەننا سوار بوو لە دواوەو زاواکەی لەتەنیشتیەوە، لەوکاتەدا دوو چەکدار لەبەردەم ئوتومبیلەکەدا پەیدا بوونو تەقەیان لێکردن و برینداریان کردن..

برینەکانی بەننا کەمتر بـوون ، بۆیـە لـە تەکسـیەکە دابـەزیودوای تاوانبارەکـان کـەوت، کـە ئوتومبیلێك لـەپێشتر چاوەڕێی دەکردن، بەننا توانی ژمارەی ئوتومبیلـەکە بگرێ کە (9979) بوو..

پاشان بەو بریندارییە سەرکەوتەوە بارەگاکەو داوای ئیسعافی کرد بەتەلـەفون، بـەڵام ئیسـعاف دواکەوتو ناچار بەتەکسییەك گەیاندیاننە لای ئیسعافێكو پاشان بردیانن بۆ خەستەخانەی (القصر العینی).

لـەوکاتەدا کەخەریکیان بوون ، نوێنـەری مـەلیك هـاتو کەچـاوی پێیـان کـەوت بـەتوڕەیی هاواری کرد (تاوانباران هێشتا نەمردوون !) و ئیتر ڕۆیشت..

کەدکتۆر هات ویستی چارەسەری برینەکانی بەننا بکات، فەرمووی حاڵی من باشترە بچن بەلای (عبدالحکیم)ەوە.. جارێکی تر نوێنەری مەلیك هاتەوە ژوورەوەو بەپزیشـکەکەی وت مـن لـەلایـەن میرییەوە هاتووم بزانم حاڵی بەننا چۆنە، ئەویش وتی: حاڵـەتی ترسناك نیەو ئاساییە.

ئینجا بەنناو زاواکەیانیان جیاکردەوەو هەریەکەیان لـەژوورێکدا دانا ، ئەوەبوو نوێنەری مەلیك نەی هێشتبوو دکتۆرەکان بچن بەلای پێشەوا (بەننا)دا، تابـەهۆی لـەبـەر ڕۆیشـتنی خـوێنی زۆرەوە شەهید بوو.. (شـایانی باسـە لـەسـەعات (8.5) ی شـەوی شـەممەی 11ی فبرایـەری 1949 پێشـەوا بریندارکرا لـەتەمەنی چلو سێ ساڵیدا و، بەناهەق خوێنی مجددی سەدەی بیستیان ڕشت).

ناشتنی پێشەوا بەننا :

پۆلیسی سیاسی (سەعات یەکی شەوی 11ی فبرایەری 1949) پەیوەنـدیان کـرد بەشـێخ (احمـد عبدالرحمان بەننا) باوکی پێشەوا (بەننا)و، سەرپشکیان کرد لـەنێوان دوو مەسەلـەدا، کەلاشەی بەننا بنێژێو هیچ مەراسیمێکی بۆ نەکرێت، یان کەخۆیان بینێژنو هەر چاوی پێی نەکەوێت..

باوکیشی ئەوەی یەکەمی هەڵبژارد، لـەشەودا لاشەکەیان لـەژێر چاودێرییەکی زۆری پـۆلیس دا هێنایە ماڵـەوەو تەنها باوکی جەرگ سوتاو لاشەکەی شتو کفنی کـرد، ئینجـا خسـتیە تابوتـەوەو بەسەرشانی (دایکی)بەنناو هاوسەرەکەی و وەفای کچیو باوکی پیری برا بەرەو سەر قەبران و، لـە قەبرسانی ئیمام شافیعیو ئیمام (اللیث کوڕی سعد) بەخاك سپێردرا.

ئنجا نەیانهێشت تەعزیەی بۆ بگیرێو قورئانی بۆخوێنرێ و، هەرکەس نزیك ماڵیان بکەوتایەتەوە دەیان گرتو لـە بەندیخانە توندیان دەکرد، تەنها (مکرم عُبید پاشا) ی قبطی کەپێشـتر وەزیـر بـوو، توانی خۆی بگەیەنێتە مـاڵی پێشـەوا بـەنناو سەرخۆشـی بکـات لـە کەسـوکارەکەی ، کەئەمـەش مەوقیفێکی زۆر پیاوانە بوو ، جێی ڕێزو پێزانینە..

مەلیک فاروقیش مرد!

پاش عەزل کردنی فاروق لەلایەن (ضباط الاحرار)ەوە، مەلیکی لێکەوتوو، پاش چەند ساڵێك بەتەنهایی لە (ئیتاڵیا) سەری نایەوە، بێئەوەی کەس پیایدا هەڵبدات‌و ماستاوی بۆ سارد بکاتەوە، جا ئەمیش هەروەك پێشەوا بەننا هەرکەس پەیوەندی پێوە بکردنایە، حکومەتی میسری نارەحەتی دەکردو توندوتیژی دەنواند بەرامبەری..

پێشەوا بەننا لە (43)ساڵیدا شەهید بوو بۆ خوا ، مەلیك فاروقیش لە(45) ساڵیدا بەتاوانی زۆرەوە گیانی دەرچوو، لەشەوی 1965/3/18 دا لەهەمان ئەو سەعاتەدا کەبەننای تیا شەهیدکرا.

ژنانی خێزانەکەی لاشەی بەننایان ناشت‌و، تەنها باوکی‌و کوڕەکەی بەننا (ئەحمەد سیف الاسلام) یان لەگەڵدا بوو کەتەمەنی (14) ساڵ بوو، بەهەمان شێوەش لاشەی فاروق مایەوە لەقەبرسانی رۆما چاوەڕێی فەرمانی (عبدالناصر) بوون کەرازی بێ‌و بهێنرێتەوە بۆ میسر.

(عبدالناصر) رازی بوو بەمەرجێك بهێنرێتەوە کەوەك پاشایەك نەنێژرێ‌و کەسی لەگەڵدا نەبێ‌و لەقەبرسانی (الاسرة المالكة)دا نەنێژرێ،بەڵکو لە قەبرسانی ئیمام شافیعی دا تەسلیم بەخاك بکرێ!..

بەڵێ .. بەئەنقەست تەرمەکەی لە ئەسیناوە بەفڕۆکە لە نیوەشەوی (31)ی مارسی 1965 هێنرایەوە بۆ قاهیرە، کە تەنها خوشکەکانی بەجلی رەشەوە پێشوازیان کرد.. ئینجا بەهۆی ئیجرائاتی ئەمنی یەوە درەنگ برا بۆ سەر قەبران وکات گەیشتە سەعات (9)ی بەیانی‌و نەشیانهێشت کەس توخنی بکەوێ .

(شایانی باسە کەپێشەوا بەنناش سەعات 9ی بەیانی بەهەمان شێوە نێژرا)..

مەلیك فاروق تەنها پۆلیس‌و ژن لەگەڵی دا بوو لەسەر قەبران!! پاشان ئەمیرە فەوزیەی خوشکی داوای لەسادات کرد کەرێی بدات تەرمەکەی بگوێزێتەوە بۆ مزگەوتی (الرفاعی)، ئەویش رازی بوو بەمەرجێ ئەمە بێدەنگ‌و بەنهێنی بکرێ، جا تەرمەکەیان بەسەیارەیەکی رەش برد بۆ ئەو مزگەوتەو تەنها مجەوری مزگەوتەکە نوێژی لەسەر کردەوەو هەر لەسەعات 9ی بەیانیدا بوو کە بۆ دووەم جار ناشتیانەوە، پاش دە ساڵ لەناشتنی یەکەم جاری! کەئەمەش عەدالەتی خوامان بۆ دەردەخات کەهەر لەدنیادا مەلیك فاروقی بەو دەردە بردەوەو ئاوا بێ کەس‌و بێ دەر نێژرایەوە، جا دادگایی قیامەتیش با لەولاوە بوەستێ!؟ (موسوعة الشهداء عبدالحليم الكناني).

حەوتەم : ئاخرشەڕی :

ئەوانەی کەخراپەکارن و تاوانکارن ئاخر شەڕ دەبن ، بۆ نموونە :

1 - حسين علي مازندەرانی کۆمەڵەی بەهائییەکانی دامەزراندو ویستی ئاینێکی نویٚ لە ئیسلام دروست بکات کە جیهادی تیانەبێت وخەڵکانێکی نەفامی سەرگەردان کرد ، سەرەنجام شێت بوو ، بەئاخر شەڕی سەری نایەوە ..

2 - غولام ئەحمەدیش بەهەمان شێوە کۆمەڵەی قادیانی دامەزراندو سەرەنجام تووشی تاعون بوو ، لەئاودەستدا گیانی پیسی خراپەکاری دەرچوو.....

3 - سەرەنجامی صدامی دیکتاتۆرو کوڕەکانی و بنەماڵەکەشی گەورەترین پەندە بۆهەرکەس فامیدەو ژیر بێت .. ئەمانە وهەموو تیاچوونێکی ستەمکارێك تەفسیری ئەم ئایەتەن کە دەفەرموێت : (ولا تحسبن الله غافلا عما يعمل الظالمون)ابراهيم 42.. وامەزانن خوا غافلٚ و بێئاگایە لەستەمکاران، ئەگەر ماوەیەکیش مۆڵەتیان بدات حیکمەتی تیایە وکاتیٚ لە ناوی بردن خۆی دەزانیٚ چۆن لە ناویان دەبات .. (الغفلة /عبدالرحمن المعلمي/169) ..

تیاچوونی گەلان

ئەوەی باسمان کرد لەژیانی تاك دابوو ، لەکۆمەڵ وگەلیشدا هەروایەو، چەندەها گەلو کۆمەڵیش بەسزای خواوە گیرۆدە بوونو تیاچوون کاتێك زوڵمو ستەمیان کردووە..مێژووش شایەتە (قل سيروا في الارض فانظروا كيف كان عاقبة المجرمين) النحل: 69.

پێیان بڵیٚ: بڕۆن بگەڕێن بەزەویدا سەیرکەن سەرەنجامی تاوانباران چۆن بووە !

مامۆستا محمد ئەحمەد راشد دەڵیٚ: چووم بۆ شاری بۆمبی لەخوارووی ئیتالیا، بینیم کە خوا بە (بورکانی فیزوف) پێش دوو هەزار ساڵ هەموویانی لەناو بردووەو بوون بەبەرد، کەبەئاشکرا دیارە رووتوقوت بوونو خەریکی فیسقو فجورو مەی خواردنەوە بوون.. خوای گەورە غەزەبی لێگرتوونو کردونی بەپەندو عیبرەت بۆ هەر کەسیٚ کە ببینیٚ.. ل 13 صناعة الحياة.(فلیمی دۆبلاژکراوی دەرئەنجامی گەلان / ئارا) ..

روسیا حەفتا ساڵ زوڵمو ستەمی کرد لەموسڵمانان، سەرەنجام ڕووسیاو ڕیسوا بوونو، بەدەست بێکاریو فەسادو خراپەوە دەناڵێننو خوا ئەمریکای بۆ ناردن کەدەسەڵاتو بریقو باقیان نەهێشتن ولە ئەفغانستانیشدا بوونە پەندی زەمانە ، بەڕاستی کورد واتەنی هەموو شتێك لە باریکیدا دەپچڕێت زوڵم وستەم نەبێت کەلە ئەستووریدا دەپچڕێت ..

دوا وته

کاتێك موسڵمان بەیەکجاری خۆی دەداتە دەست خواو هەموو پشتو پەنایەکی بە خوای گەورە دەزانێو هەروەك حەزرەت (د.خ) دەڵێ (اللهم اسلمت نفسي اليك ، ووجهت وجهى اليك ، وفَوَّضتُ امري إليك ، والجأت ظهري إليك، رغبة ورهبة إليك ، لاملجأ ولامنجى منك الا إليك ، آمنت بكتابك الذى أنزلت ونبيك الذى ارسلت) بخارى ومسلم.

هەروەها کاتێك دەچێتە رکوع و دەڵێ (سبحان ربي العظيم) و بۆ ئەو خوا گەورە باڵا دەستەش کە کەس لەو (عظيم) تر نییە و نابێو، هەموو ئەندامەکانی لەشی (خاشع) دەبن لەحزوری خواداو دەڵێت: (اللهم لك ركعت وبك آمنت ولك أسلمت ، خشع لك سمعي وبصري ومُخي وعظمي وعصبى) مسلم..

بەڵێ.. کاتێ خوێنو گۆشتو گوێو چاو و مۆخو ئێسقانو دەمارەکانی بۆ خوا (خاشع) دەبێت.. ئینجا تێدەگات کەقەزاو قەدەری خوا بۆی هەمووی خێرەو مایەی ئەجرو پادشاتی دنیاو قیامەتە، دیارە دنیا بۆ کەس لەبار نییە تاسەر، دنیا دونیایەو کەم کورتو کەم ونزمەو بەرزی راستەقینەو هەتا هەتایی وا لەقیامەتا..

بۆیە زۆر زەرووره لەوە تێبگەین دەستکەوتنیماڵو سامان، تەندروستی چاك، نیشانەی رەزامەندی خواو رێز لێگرتن نیە، (فأما الانسان إذا ماابتلاه ربه فاكرمه ونعمه فيقول ربى اكرمن) الفجر15 ، هەروەها نەبوونیو ناخۆشیو بەڵاو موسیبەتیش نیشانەی رسواییو بێڕێزی نیە (واما إذا ماابتلاه فقدر عليه رزقَه فيقول رب أهانن).. (كلا) .. نەخێر وا نیە .

دەبێت باشترو روونتر بۆ ئەو مەسەلانە بڕوانین ، کاتێك دایكو باوك بۆ پەروەردەی منداڵەکەیان هەندێ شتی لێدەگرنەوەو هەموو داوایەکی جێبەجێ ناکەن، لە ڕوانگەی منداڵەکەوە دایكو باوکی ناهەقی لەگەڵ دەکەن، یان خۆشیان ناوێت، لەکاتێکدا هەموو دەزانین کەدایكو باوك منداڵ بەپارچەیەك لەخۆیان دەزانن‌و لەخۆیان خۆشتر دەوێت !..

(ولله المثل الاعلى).. خوای گەورەش کەئەم مرۆڤەی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، (رؤوف رحيم)ە بەرامبەری، ئەگەر شتێکی لێبگرێتەوە حیکمەتی تیایەو لە بەرژەوەندیەتی.. لەفەرموودەدا دەفەرموێت: (إن الله ليحمي عبده المؤمن من الدنيا وهو يحبه كما يحمي أحدكم مريضه) واتە: بەڕاستی خوا بەندەی بڕواداری خۆی لەدنیا دەپارێزێ لەبەرئەوەی خۆشی دەوێت ، هەروەك چۆن یەکێ لەئێوە نەخۆشەکەی دەپارێزێت..

ئاشكرايە مرۆڤ دەست دەداتـە زۆر شـت، وەك هۆكارەكـانی ژیـان كەپێویسـتە دەسـتی باتـیٌو دەستەوسان نەبیٌو بێكارە دانەنیشیٌ، بەڵام چەند دێت بەدەسـتیەوە؟! دیـارە ئەمـە تـەوفیقی خـوای دەوێت كەهەموو شتێك لـەم بوونەوەرەدا بەفەرمانی ئەوە..

رۆژێك سوفیانی ثوری لـەوپەڕی بێتاقەتیو بێزاری دا دەبێت لـەبارو وەزعی دنیـای ، هـاوەڵێكی پێی دەڵێت: (یا سفیان إن منع الله كله عطاء، لأنه لایمنع من بخـل، إنمـا نظـرا و اختبـارا) (صـراطنا المستقیم/ محمد احمد الراشد).

واتە: سوفیان بزانە، مەنعی خوا، كاتێك شتێك نادات لـەڕاستیدا بەخشینە، چونكە ئەو لـەبەخیلی نیە كەنابەخشیٌ، بەڵكو لـەبەر تاقیكردنەوەو قەزاو قەدەرێكی خێرە..

ناسری سوبحانی بەڕەحمەت بێت دەیووت: ئێمە لـەسەرمانە چی بكەینو چۆن بكەین، ئینجا چـی دەبێت با ببێت، ئەوە كاری خوایەو ئەنجامی شتەكان ئەو بەفەزڵو كـەرەمی خـۆی بڕیـاری لـەسـەر دەدات. هەروەها دەیووت : كاتێـك باخـەوانێك سـاڵانە لقـەكانی دار مێوێـك دەبڕێـت ، ئـەوەی نەزانێت ڕەنگە بەلایەوە ستەم بێت ، لـەكاتێكـدا ئـەوە دڵسـۆزیيە بەرامبـەری و چـاكەی لـەگـەڵ دەكات ، چونكە بەو بڕینە بەرهەمی زیاد دەكات و بەهێز دەبێت ..

مەولـەوییەكەی خۆشمان دەڵێت :

خەم خەفەت مەینەت عەشقی پڕ لـە خوێن

هەركامێكیان دێن بابێن بە خێربێن

خەلیفەی پێنجەمیش عومـەری كـوڕی عبـدالعزیز دەیـووت : گەیشـتوومە حاڵێـك كـە شـادمانم بەهەموو قەزاوقەدەرێكی پەروەردگار ..

سەرچاوەكان

1- گولاْوی سەرمۆر /المباركفوری /وەرگێڕانی بكر حمه صديق
2-بەرنامەی صفحات من حياتی / كەناڵی المجد
3- بەرنامەی اوراق / كەناڵی اقرا /د.محمد موسی الشريف
4- بەرنامەی شاهد علی العصر /الجزيره
5-بەرنامەی المسلمون فی الغرب / اقرا
6-گۆڤاری الايمان ژ/16
7-الرسول /سعيد حوی
8-صناعة الحياة /محمد احمد الراشد
9-صراطنا المستقيم /محمد احمد الراشد
10-موسوعة الشهداء /عبدالحليم الكنانی
11- الغفلة /عبدالرحمن عبدالقادر المعلمی

ناوەرۆك

ژیــانـەوە

بەرگی چوارەم

پێشەكی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار و درووودو سەلامیش لەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران و یارویاوەران..

جوولەكە لە نەوەی كوڕەكانی (یەعقوب)ن سەلامی خوای لێبێت ، كوڕەكانی (یەعقوب)یش ، ئەو كارەیان كرد بەباوكیان و بەحەزرەتی(یوسف)ی برایان(سەلامی خوای لێبێت) كەبەدرێژی لەسوورەتی یوسف دا باسكراوە..

ئەمانە نەوە دوای نەوە پیاوی چاك و خواناسیان تیاهەڵكەوتووە و خراپەكاری زۆریشیان هەبووە ، چەندەها پێغەمبەریان بۆنێردراوە و زۆر بە گران وزەحمەت ڕاست بوونەتەوە ..

هەوڵی كوشتنی پێغەمبەرانیان داوەو حەزرەتی زەكەریاو یەحیای كوڕیان شەهید كرد ، ئەمە بێجگە لەوەی كە بانگخوازو پیاوچاكیشیان دەكوشت .. (وضُرِبَت علیهم الذِلَـةُ والمسكنة وباءوا بغضبٍ من الله ، ذلك بأنهم كانوا یكفُرُونَ بایاتِ الله ویقتلون النبـیِّین بغَـیر الحـق ، ذلـك بما عصَـوا وكانوا یعتدون) (61 البقرة).

واته / بەهۆی لاساری یانەوە سووكی وڕیسوایی ولاتی و زەبوونی درا بەسەریاندا وشایانی خەشم وقینی خواش بوون ، چونكە ئەوان بەڕاستی باوەڕیان نەدەكرد بەئایەتەكانی خواو ، پێغەمبەرەكانیان بەناحەق دەكوشت ، ئەوەش بەهۆی ڕۆچوونیانەوە لەیاخی بوون و نافەرمانیدا ، هەمیشە دەستدرێژیان دەكرد ..

هەرچی خراپ بوو كردیان بەرامبەر حەزرەتی (موسا)ی پێغەمبەریان و تا بۆیان كرا ئازاریان دا ، تاپێی فەرموون (وإذ قال موسى لقومه یاقومِ لِمَ تُؤذُوننِي وقد تعلمونَ أنّي رسولُ اللهِ إلـیكم ، فلما زاغوا أزاغ الله قلوبهم والله لایهدي القوم الفاسقین)الصف 5 .

واته : بیریان بخەرەوە ، كاتێك موسا بە گەلەكەی وت : ئەی گەل و هۆزم ئێوە بۆچی ئازاری ڕۆح ودڵم دەدەن ، لە كاتێكدا چاك دەزانن كەمن نێردراوی خوام بۆتان ، جاكاتێك ئەوان گوێیان بۆ ڕاستی نەگرت و لەهەق لایاندا ، خواش دڵەكانیانی لەخشتە بردو مۆری پیانا ، چونكە خوا ڕێنموویی گەل وهۆزی تاوانكارو لە سنوور دەرچووناكات .

ئەمە بێجگە لەوەی كە دژایەتیەكی گەورەی حەزرەتی عیسایان كردو هەوڵی كوشتنیان داو سەرەنجام خوا بەرزی كردەوە بۆ ئاسمان و یەكێكی تریان كوشت لەجیاتی كەخوا خستبوویە شێوەی حەزرەتی عیساوە سەلامی خوای لێبێت .

دوژمنایەتیشیان بۆ پێغەمبەری خۆمان (د.خ)ئەوە پەڕاوەکانی ژیاننامەی حـەزرەت کـە هـەمووی باس دەکەن ..

جوولـەکە لـە هەرکوێ بووبن هەوڵی ئاژاوەو فیتنە و فەسادیان داوەو قورئان تۆماری کـردووە لـە سەریان (وقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ ولُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنْفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ ولَيَزِيدَنَّ كَثِيراً مِنْهُمْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ طُغْيَاناً وكُفْراً وأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ والْبَغْضَاءَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ كُلَّمَا أَوْقَدُوا نَاراً لِلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللَّهُ ويَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَـاداً واللَّـهُ لا يُحِـبُّ الْمُفْسِـدِينَ) (المائدة:64)

واتە :ئەو جوولـەکە نەفام و خوانەناسانە دەیانووت : خوا دەسـتی بەسـتراوە و خێـری لــە دەسـت نابێتەوە !! دەك دەستیان بەستراوو بیّ خێر بیّ و ئیفلیج بێت ، دەك نەفرینیان لـێبێت ، بۆ خۆیان و قسەیان ، نەخێر ، وانیە بەڵکو دوو دەستەی پڕ بەرەکەتی هەمیشـە و بـەردەوام کراوەیـە ، چـۆنی بوێت و چەندی بوێت دەیبەخشێت ! سوێند بێت زۆربەیان ئەوەی نێردراوەتـە خـوارەوە بـۆت کـە قورئانە لـەلایەن پەروەردگارتەوە یاخی بوون و ستەمیان بـۆ زیـاد دەکـات و نغرۆیـان دەکـات لــە کوفردا ، ئێمەش هـەتا ڕۆژی قیامـەت دوژمنایـەتی و ڕق و کینـەمان لـەنێوانیانـدا بـەرپاکردووە ، هەرکاتێك دەیانەوێت جەنگ بەرپابکەن و ئاگری شەڕ هەڵبگیرسێنن خوا دەیکوژێنێتەوە و نایەڵێت تەشەنە بکـات ، ئەوانـە زۆر بەپەلــە و بەگـەرمی هـەوڵی بڵاوبوونـەوەی فەسـادو تـاوان دەدەن لـەزەویدا ، خواش ئەوکەسانەی خۆش ناوێت کە تۆوی خراپە دەچێنن .

جوولـەکە لـە پشت زۆرترین خراپەکانی ئەم دنیایەوەن و لـەهەرکوێ بووبن میـوانێکی ڕەزا تـاڵ بوون و لـە هیچ شوێنێك جێیان نەبۆتەوە !

نووسەرێکی جوولـەکە کە ناوی (بنسکر)ە گاڵتە بەجوولـەکە دەکات و دەڵێ : (ئەوەی بڵـێ جوولـەکە گەلی هەڵبژێردراوی خوانیە کوێرە ، ئەوان خوا هەڵی بژاردوون بۆ ئەوەی هەموو جیهان ڕقی لـێیان بێت) وە (کلاتزکین)کە ئەمیش جولـەکەیە دەڵێت (جوولـەکە گەلـێکی ڕاڕاو بیّ بناغەن و ژیانێکی پڕ لـەدرۆو فەسادا دەژین) (ل 45 القنبلة) .

جوولـەکە فوویان کرد بە بیردۆزی داروین داو دەیانویست بەهـەر فڕوفێڵـێـك بێـت دژی دیـن بەکاری بهێنن و بەخەڵکی بسەلمێنن کە نەوەی مەیمونن ! هەروەك لـەپرۆتۆکۆلاتی حوکەمای صهیون دا باسکراوە و ، ئەوزانایانەش کەپڕوپاگەندەیان بۆئەو بیردۆزە دەکرد گۆڤاری (العلـوم الامریکیـة) لـەژمارەی کانونی دووەمی 1965 دا لـەبارەیانەوە دەڵێ :-

(هەموو ئەو زانایانەی کەباس لە (تطور)دەکەن ئەمانەتی عیلمیان نیەو مەناعەتیان نیە پەنا بەرنە بەرهەرفێڵێ تادەلیلی درۆ بچنن بۆ سەلماندنی ئەوەی کەدەیانەوێت) ل233 القنبلة / ئەمەش وای کرد کە ئێستا لە ئەمریکادا بەڕەسمی بیردۆزی داروین لە بەرنامەی خوێندن دا لابرێ و بەتەواوی ڕیسوا بوو !

یەکێ لەپیلانە نوێ یەکانی جوولەکە ئەوەیە کە لەبەرنامەیەکی کەناڵە فەزاییەکاندا باسکرا ، کە دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی پاش ئازادکردنی عێراق لەناو عێراقدا کاردەکەن و ژمارەیەکی زۆر لەزانا عێراقیەکانیان تیرۆر کردووەو بەردەوام هەڕەشەش دەنێرن بۆ ئەوانەی تر تا بێزاریان بکەن و عێراق بەجێ بهێڵن ئەمە بێجگە لەوەی کەپێیان ڕادەگەیەنن کە فرسەتی ئیش زۆرە لە ئیسرائیل و هەموو کار ئاسانیەك دەکەن ، ئەگەر یەکێکیان بیەوێ بچێت بۆلایان !

نموونەکان زۆرن لەسەر تاوانی جوولەکە لە سەرتاسەری جیهاندا ، بۆیە ئەم بەشی چوارەمەی ژیانەوەمان تەرخان کرد بۆ فڕوفێڵ و پیلانی جوولەکەوهەندێ لەو ئایەت و فەرموودانەمان هێناوە کە باسی نالەباری جوولەکە دەکەن و، ئنجا باسی دۆزینەوەی مۆمیای ئەو کەسانەمان کردووە کەخوای گەورە غەزەبی لێگرتن و کردنی بەمەیمون و بەراز ،کە لە قورئاندا بە (اصحاب السبت)ناویان هاتووە ..

ئاشکرایە دەردی فێڵ و خۆخەڵەتاندن قابیلی دووبارە بوونەوەیە و، بۆ ئەوەی موسڵمانان دووچاری ئەو بەڵایە نەبن ، قورئان بۆ پەندو ئامۆژگاری باسی فێڵی جوولەکەی کردووە و پێغەمبەریش (د.خ)لەفەرموودەکانیا جڵەوگیری موسڵمانانی کردووە کە تووشی سەرپێچی و فێڵ کردن بن و سەرەنجامیش خوا غەزەبیان لێبگرێت ئەوەتە پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێت (لاترتکبوا ما ارتکبت اليهود ، فتستحلون محارم الله بأدنى الحيل) رواه ابوهريرة واسناده جيد وأخرجه ابن كثير / واتە : ئەو تاوانە مەکەن کەجوولەکەکان کردیان ، ئەو شتانەی خوا یاساغی کردوون بەفێڵ حەڵاڵیان بکەن بۆ خۆتان .. بۆیە تەوەرەیەکی تری ئەم بەشەمان بۆ ئەم باسە تەرخان کردووە ، تاوەکو بەفەزڵی خوا ببێتە مایەی هۆشیاری موسڵمانان وفێڵ نەکەن وخۆیان نەخەڵەتێنن ..

کێ لەخوا قسەی ڕاسترە !

ئاشکرایە ڕاستترین قسەو وتار قسەو وتاری خوایە ، قورئان دەفەرموێت (الله لاإلـه إلاهـو ، لَيَجمَعَنكم إلى يوم القيامة لاريب فيه ومَن أصدقُ من الله حديثا)87 النساء / واتە : خوایە کە بێجگە

لەو هیچ خوایەکی تر نیە ، سوێند بەخوا لەڕۆژی قیامەتدا کۆتاندەکاتەوە و هـیچ گومـانی تیانیـە ، جاکێ هەیە لەخوا قسەی ڕاستتر بێت .. هەروەها (والـذین آمنـوا وعملـوا الصـالحات سَـنُدْخِلُهُمْ جناتٍ تجري مِن تحتها الانهار خالدين فيها ابداً ، وعد الله حقاً ومَن أصَدَقُ من الله قيلا)122 النساء واتە : ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە ، ئەوە لەمەودوا دەیانخەینـە ناو باخەکانی بەهەشتەوە کەچەندەها ڕووبار بەژێر درەخت و بەبەردەم کۆشـکەکانیاندا دەڕوات و ژیانی هەمیشەیی ونەبڕاوەو بەردەوام تیایدا دەبەنەسەر ، ئەوە بەڵێنێکی خوایە ، جاکێ هەیە راسـتتر و دروستتر لەخوا بەڵێنی خۆی بباتە سەر ؟

بەڵێ بەرنامەی خوا بەتەواوی و ئەمانەتەوە گەیەنرایە دەستی (محمد) (د.خ)و ئەویش بەئەمانەتەوە گەیاندی (وتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقاً وعَدْلاً لا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) (الأنعام:115) واتە : فەرمان و فەرموودەکانی پەروەردگارت ئەی محمد (د.خ)لەو پەڕی ڕاستی و دادپەروەریدا بەئەنجام گەیشتووە ، هەرگیز شتێك نیە بیانگۆڕێت ، هەر ئەویش بیسـەرە بـەگوفتاری هـەموان و ، زانایـە بەهەموو نهێنی و ئاشکرایەك..

ئەم قورئانە هەر لەسەرەتاوە کەدەست پێدەکەیت دەفەرمویت:(الم ،ذلك الكتاب لاريب فيـه ، هدىً للمتقين)(البقرة 1) .واتە : (ئەلیف ، لام ، میم ... ئەو قورئانە پەڕاوێکە هیچ گومانێکی تیانیە و مایەی ڕێنمایی و سەرچاوەی هیدایەتە بۆ ئەوانەی پارێزکارن و دەیانەوێ خۆیان بپارێزن لە سزای خوا)..

کافرەکان خۆیان دەخەڵەتاندو بۆ سـەر لێشـێواندنی خـەڵکی و دورخسـتنەوەیان لـە ئیسـلام پڕوپاگەندەی نابەجێیان دەکرد،کەخۆشیان باش دەیانزانی وانیەو دەیان وت:(وقَالَ الَّذِينَ كَفَـرُوا إنْ هَذَا إلَا إفْكٌ افْتَرَاهُ وأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاءُوا ظُلْماً وزُوراً ،وقالوا أساطيرالاولين اكتتبها فهي تُملى عليه بكرة وأصيلا،قل أنزله الذي يعلم السِرَّ في السماوات والارض انـه كـان غفـوراً رحيمـا) (الفرقان 6).

واتە : ئەوانەی بێباوەڕبوون وتویانە : ئەم قورئانـە درۆیـەك نـەبێت کـە محمـد (د.خ)خـۆی هـەڵی بەستووە ، شتێکی تر نیەو کەسانی تریش یارمەتیانداوە ، بەڕاستی ئەوانـە بـەو گوفتارەیـان سـتەم و بوختانێکی گەورە دەکەن و قسەیەکی ناڕەوایان کردووە . هەروەها وتویانە : ئەم قورئانـە داسـتانی پێشینەکانەو داوای نووسینەوەیانی کردووە ، بەیانیان و ئێواران بەسـەریدا دەیخوێننـەوە !! تـۆ ئـەی

محمد (د.خ)بڵێ : ئەو زاتەی ئەم قورئانەی دابەزاندووە بەهەموو نهێنییەك دەزانێت لە ئاسمانەکان و زەویدا ، هەرئەویش هەمیشە و بەردەوام لێخۆشبووی میهرەبانە ..

هەروەها کافران دەیان وت (ويَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَسْتَ مُرْسَلاً قُلْ كَفَى بِاللَّهِ شَهِيداً بَيْنِي وبَيْنَكُمْ ومَنْ عِنْدَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ) (الرعد:43) واتە : ئەوانەی کە بێباوەڕبوون دەڵێن : تۆ پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خوا نیت ، لە وەڵامیاندا بڵێ : هەرخوا بەسە کە شایەت بێت لەنێوان من و ئێوەدا ، هەروەها ئەو کەسەش کە شارەزای قورئان و کتێبە ئاسمانیەکانە ..

دیارە گەورەترین شایەتی ، شایەتی خوای پەروەردگارە کە هیچی لێ ون نابێ و ئاگاداری وردو درشتی ئەم بوونەوەرەیە ، هەر لە ئەتۆمێکەوە هەتا هەسارەیەك ..

(قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وبَيْنَكُمْ وأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ ومَنْ بَلَغَ أَإِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَى قُلْ لا أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُو إِلَهٌ واحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ ، الذين أتيناهم الكتاب يَعْرِفونه كما يَعْرِفون أبناءهُم ، الذين خَسِروا أنفُسَهُمْ فَهُمْ لايؤمنون) (الانعام 20) واتە : ئەی پێغەمبەر (د.خ)بەوانە بڵێ کەشایەتیان دەوێ لەسەر پێغەمبەرایەتی تۆ ، چ شتێك هەیە گەورەترو ڕاستترە لە شایەتیدا ؟! هەرخۆت بڵێ : (الله)ڕاسترین شایەتە ، کە شایەتی نێوان من و ئێوەیە . من ئەم قورئانەشم بەوەحی بۆ هاتووە تائێوەو هەموو ئەوانەی پێیان گەیشتووە ئاگادارو بێدار بکەم ، لەگەڵ ئەم هەموو ڕوونکردنەوانەدا ئایا ئیتر ئێوە شایەتی دەدەن کە بەڕاستی لەگەڵ خوادا چەند خوایەکی تر هەبێت ؟!

بڵێ : من بەش بەحاڵی خۆم شایەتی ناهەق و ناڕەوای وا نادەم و بڵێ : بەڕاستی ئەو خوایە زاتێکی تاك و تەنهایە و من بەڕاستی بەریم لەهەموو ئەو شتانەی کە ئێوە دەیانکەن بە هاوەڵ و هاوتای ئەو زاتە .ئەوانەی پەڕاوی ئاسمانیمان پێداون لە گاورو جوولەکە ، پێغەمبەر (د.خ)دەناسنەوە هەروەك چۆن منالی خۆیان دەناسنەوە ، بەڵام ئەوانەی کەخۆیان دۆڕاندو بڕوایان بە (محمد) (د.خ)نەهێناوە ، ئەوە هەر باوەڕناهێنن ..

کەواتە ئەهلی کیتاب کۆمەڵێ ڕاستی دەزانن ، ئەوانەیان کە بە ئینصافن دان دەنێن بەڕاستیداو ئەوانەش کە دڵیان مۆرکراوە خۆیانی لێ هەڵە دەکەن ، ئەم ڕاستیەش چەندجاری تر قورئان جەخت دەکاتەوە سەری .. ئەوەتا هەر لە (الاسراء)دا ئایەتی (109)دەفەرموێت : (قُلْ آمِنُوا بِهِ أَوْ لا تُؤْمِنُوا إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّداً ، ويقولون سبحان ربنا إن كان وعد ربنا لمفعولا ، ويخرون للآذقان يبكون ويزيدهم خشوعاً) (الاسراء:109)

واتە :پێیان بڵێ :(ئەی خوانەناسان)باوەڕ بهێنن بە قورئـان یـان بـاوەڕی پێنـەهێنن ، بەڕاسـتی ئەوانەی پێشتر زانیاریان پێدراوە و ڕاستیەکانی تەورات و ئینجیل دەزانـن و بەویـژدانن ، کاتێـك قورئانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە خۆیان پێناگیرێت ، خێرا سەری ڕێزو نەوازشی بـۆ دادەنـەوێنن و سـوژدە بـۆ خـوا دەبـەن و دەشـڵێن : پـاکی و بێگـەردی بـۆ پەروەردگارمانـە، بەڕاسـتی بـەڵێنی پەروەردگارمان هەردێتەدی ،(نموونەی ئەوانەش زانای گەورەی جوولەکە عبدالله کـوڕی سـەلام و (مُخَیرق)بوو که دواتر باسیان دەکەین)..

بـەڵێ قورئـان زۆر گرنگـی داوە بـەو ڕاسـتیانەی لای جوولـەکـەو گاورەکـان هەیـەو دەیداتـەوە بەڕوویاندا ..

بگەڕێن بە زەویدا تا بگەنە ڕاستیەکان

لەقورئاندا باسی دووجۆر گەڕان کراوە بەزەویدا و دەفەرموێت :

(وعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْناً وإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَـالُوا سَـلاماً) (الفرقـان:63)

واتە : بەندەکانی خوای میهرەبان ئەو کەسانەن کە بـەهێمنی و سـەلاری بەسـەر زەویـدا دەڕۆن ، کاتێکیش نەفامان بەقسەو قسەلۆکی ناخۆش بـەرەنگاریان دەبـن ، لـەوەڵامیانـدا دەڵـێن : سـڵاو ، بەمەش ڕەوشت بەرزی خۆیان دەنوێنن و لاناکانەوە بەلایانداو گوێیـان نـادەنێ .. بـەڵێ .. ئەمـە جۆری یەکەمە لـە ڕۆیشتن کە ڕۆیشتنێکە بەسەر زەویدا (یمشون علی الارض)..

جۆری دووەمیش بریتییە لـەڕۆیشتن و گەڕان بەزەیدا ، گەڕانێك کە بەدوادا گەڕان بێـت لـەسـەر زەوی و لـە ناو زەویدا ، هەروەك قورئان دەفەرموێت :

(أو لَمْ يروا كيف يُبدئُ الله الخلق ثُمَّ يُعيده ، إنّ ذلك على الله يسير، قُلْ سِيرُوا فِي الْـأَرْضِ فَـانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنْشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (العنكبوت:20)

واتە : ئایا سەرنجیان نەداوە چۆن خوا لـە سەرەتاوە دروستکراوان بەدی دەهێنێت و پاشان دووبارەی دەکاتەوە ، بێگومان ئەو شتانە بۆ خوا زۆر سادەو ئاسانە ، ئەی پێغەمبەر (د.خ)پێیان بڵـێ : بابگەڕێن بەزەویدا ، تەماشا بکەن و سەرنج بدەن چۆن ئەو زاتە دروسـتکراوانی بـەدیهێناوە ، لـەوەو دواش هەرخوا سـەر لـەنوێ دروسـتیان دەکاتـەوە بـەو شـێوەیەی کـەخۆی دەیـەوێت ، بەڕاسـتیخوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

ئەمە گەڕانە بەناو زەویدا بۆ دۆزینـەوەی سـەرەتاکانی دەسـت پێکردنـی ژیـان ، کـە ئەمـەش بەڵگەی تیایە لـەسەر دەسەڵاتی خواو دووبارە دروستکردنەوەو زیندوکردنەوە ..

هەروەها دەفەرمویّت : (أَولَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً ومَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِنْ شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ ولا فِي الْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ عَلِيماً قَدِيراً) (فاطر:44) واتە :ئایا ئەوە نەگەڕاون بەزەویدا ، تاسەرنج بدەن و تەماشابکەن ، چۆن بوو سەرەنجامی گەلانی پێش ئەمان و چیمان بەسەر هێنان ، ئەوانە هێزو دەسەلاّتیان لەمان زیاتر بوو ، وەنەبێت خوا هیچ شتێك دەستەوسانی بکات لە ئاسمانەکان ، یان لەزەیدا ، چونکە بەڕاستی ئەو زاتە هەمیشە و بەردەوام زانایەو بەدەسەلاّت و توانایە ..

لە ئایەتێکی تریش دا دەفەرمویّت: (قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ) (النمل:69) واتە :پێیان بلّێ : بگەڕێن بەزەیدا و سەیر بکەن سەرەنجامی تاوانباران چۆن بووە ..

لەسوودەکانی گەڕان بەزەویدا

قورئان دەفەرمویّت : (فَكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُعَطَّلَةٍ وقَصْرٍ مَشِيدٍ ، أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ) (الحج:46) واتە : چەندەها شارو شارۆچکەمان لەناوبرد لەکاتێکدا دانیشتوانی ستەمکاربوون ، ئەوەتە دەبینیت خانووبەرەکانیان بەسەریەکدا تەپیوە ، بیری ئاوی کوێر بووەوەو کۆشك و تەلاری بەرزو بلّندی زۆریشمان بەچۆلّی هێشتەوەو بیّ خاوەن ماوەتەوە ،کە بەلّگەیە لەسەر خەشم و قینی خوا لێیان ..

ئایا ئەوانە بەزەویدا نەگەڕاون بەدلّ و دەروونێکی هوشیارەوە تا بیرێك بکەنەوە ، کوان خەلّکانی ڕابردوو؟؟ ، ئەو شارانە بۆ کاولکران ؟ کیّ ئێمەی دروست کردووە ؟ ئامانج لەژیان چیە ؟ ! یان خاوەنی گویّ و دەزگای بیستن نەبوون بەسەر هاتەکانیان ببیستن و لێکی بدەنەوە ، جاوە نەبێت چاوان کوێر بووبن، بەلّکو ئەو دلاّنە کوێردەبن کەوان لەسینەکاندا (چونکە هەر ڕوالّەت دەبینن و وردنابنەوە).

لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرمویّت : (أَولَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ أَفَلا يَسْمَعُونَ) (السجدة:26) واتە : ئایا ئەوە پەندو ئامۆژگاری وەرناگرن لەوەی : ئێمە پێش ئەمان چەندەها جیل و نەوەمان لەناو بردووە ، بەناو مالّەکانیانا دێن و دەچن ، بەڕاستی ئالەو دیمەنانەدا بەلّگەی زۆر بەهێز هەیە لەسەر دەسەلاّتی ئێمە ، ئایا ئەوە نابیستن ؟! ..

ئەو گەڕانەش بەپێی قەدەری خوا لەکات و شوێنی تایبەت دا دەبێتە مایەی دۆزینەوە ، عومەری کوری خطاب کاتێك پرسیار دەکرا لەهەندێ ئایەت یان شتانێك کە تێی نەدەگەیشتن دەیفەرموو : واز لەم شتانە بێنن تا ئەو کاتەی کەخوا ڕێ دەدات بە عەقڵەکان کەبیدۆزنەوە ..

ئەصحابی السبت

قورئانی سەرگوزەشتەی دانیشوانی ناوچەیەکی گوێ دەریا کەجوولەکە بوون لەچەند شوێنێکدا باس دەکات تابێتە پەندو عیبرەت و دەفەرموێت :

یەکەم / (ولَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَوْا مِنْكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ ، فَجَعَلْنَاهَا نَكَالاً لِمَا بَيْنَ يَدَيْهَا ومَا خَلْفَهَا ومَوْعِظَةً لِلْمُتَّقِينَ) (البقرة:66)

واتە :سوێند بەخوا بێگومان زانیوتانەو ئاگادارن چیمان بەسەر ئەوانە هێنا ڕۆژانی شەممە دەستدرێژیان دەکردو لەسنوور دەردەچوون ، لەبەرئەوە بڕیارماندا و وتمان : ببنە مەیموونی دوور خراوە لە ڕەحمەتی خوا ، ئنجا ئەو بەمەیموون کردنەمان گێڕا بەپەندو عیبرەت بۆ ئەوانەی هاوچەرخی ڕووداوەکە بوون بۆئەوانەش لەدوای ئەوان دێن ، هەروەها کردمانە ئامۆژگاری بۆخواناس و پارێزکاران ..

دووەم / (قل يا أهل الكتاب هل تنقمون منا إلا أن امنا بالله) (المائدة : 60)

واتە/ئەی (محمد) (د.خ)پێیان بڵێ بەو جوولەکەو گاورانەی گاڵتە بە ئاینەکەتان دەکەن : ئایا ئێوە ئەوە لەئێمە دەکەن بەعەیب و لەکە ، کەبڕوای تەواوو ڕاستمان بەخواو پێغەمبەرانی هەیە ؟! (وما أُنزل إلينا)هەروەها ئەوەمان لێ دەکەن بە لەکە کە ئیمانمان بەو قورئانە هەیە کە نێردراوە بۆ سەرمان (وما أُنْزِلَ مِن قبل) هەروەها ئەونامە ئاسمانیانەش کە لەوەو پێش نێردراون بۆ سەر گەلەکانی تر ، دەی ئەم بیروباوەڕەمان نابێتە عەیبەو شایانی ڕەخنە گرتن نیە (وأن اكثركم فاسِقون) کە لەڕاستیش دا ئێوە زۆربەتان فاسقن و دوورن لە ئاین .. (قل : هل انبئكم بِشَرٍ مِنْ ذلك)ئنجا پێیان بڵێ ئەی محمد (د.خ) : ئایا پێتان ڕاگەیەنم ئەی گاڵتەکەران ، کەدەڵێن : پێمان وانیە ئایین لەئایینی ئێوەخراپتر بێت ! پێتان بڵێم کێ خراپترە لەخاوەنی ئەو ئاینەی کەئێوە ڕقتان لێ یەتی و گاڵتەی پێدەکەن ؟ (مثوبة عند الله)لەبارەی تۆڵە و سزای خراپەوە لای خودا (مَن لعنه الله وغضِب عليه) ئەوە خراپەی ئەو کەسەیە کەخودا نەفرینی لێکردووە و لەڕەحمەتی خۆی دووری خستۆتەوەو ڕق و خەشمی لێیەتی و (وجعل منهم القردة والخنازير)کردنی بەمەیموون و بەراز و (وعبد الطاغوت)کردنی بەگوێرەکە پەرست و بت پەرست وملهوڕ پەرست : (أولئك شرٌّ مكاناً

واضل عن سواء السبيل) ئەوانە جێگایان خراپەو ئاکامیان شەڕەو ڕێگایان لێ ونبووەو گومڕا و سەرگەردانن .

سێ یەم / (واسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعاً وَيَوْمَ لا يَسْبِتُونَ لا تَأْتِيهِمْ كَذَلِكَ نَبْلُوهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ) (الأعراف:163)

واتە : پرسیار لەجووەکان بکە دەربارەی ئەو شارەی کە لە گوێ دەریا بوو ، لە کاتێکدا ئەوان لە ڕۆژی شەممەدا سنووریان دەشکاند (کەبڕیار بوو ڕۆژی شەممە تەرخان بێت تەنها بۆ خواپەرستی) . کاتێك لە ڕۆژی شەممەکەیاندا ماسیە گەورەکانیان بۆ دەهاتە سەر ئاوەکەو ، ئەو ڕۆژانەش کە شەممە نەبوو ماسیەکانیان بۆ نەدەهات ، ئابەو شێوەیە بەهۆی یاخی بوون و لادانیانەوە تاقیمان کردنەوە .

جوولەکەکان داوایان کرد کەخوا ڕۆژێکیان بۆ بکات بەڕۆژی پشوو کەکارو کاسپی تیانەکەن ، خوای گەورەش شەممەی بۆ دانان و ئیرادەیانی تاقیکردەوە کە ئایا ڕاست دەکەن لەگەڵ خوادا یان نا ، ئەوە بوو بەفەرمانی خوا ماسی گەورە لەشەمماندا دەردەکەوتن و ئەمانیش چوارچاو دەبوون بۆیان ، پاشان ڕۆژانی تر خۆیان دەشاردەوە و، ئەمانیش کاریان ماسی گرتن بوو ، بۆیە هەندێکیان خۆیان بۆ نەگیراو شەیتان چووە بنکلێشەیان و کەوتنە فێڵ کردن بەوەی کە لە قەراغ دەریا ئەستێراو دروست بکەن و شەپۆلی دەریا شەممان ماسی لەگەڵ خۆی دەهێنا بۆ ناوی و دوایی لەحەوزەکاندا گیریان دەخواردو یەك شەممان ڕاویان دەکردن ..

لێرەدا خەڵکەکە بوون بەسێ دەستەوە ، یەکەمیان ئەم خراپەکارە فێڵبازانە بوون ، دووەمیان چاکەکار بوون وخواناس بوون ئامۆژگاریان دەکردن ، سێیەمیشیان هیچیان نەدەکردو هەرچەند خراپەکار نەبوون ، بەڵام بەچاکە کارانیان دەووت : بۆ چی ئامۆژگاری ئەو خراپانە دەکەن و هەقتان چی یە بە سەریانەوە ، ئەوانە هیچ سوودی نیە لەگەڵیاناو خوا سزایان دەدات ..

(وإذ قالت أمة منهم لِمَ تَعِظُونَ قوماً اللهُ مُهلِكُهُمْ أو مُعَذِّبُهُمْ عذاباً شديداً) کاتێك کۆمەڵێك لەو خەڵکە ، کە بێ لایەن بوون و پێیان وابوو ئامۆژگاری کردن سوودی نیەو دەستیان بەکڵاوی خۆیانەوە گرتبوو بانەیبات ، بەبانگخوازە چاکەکارەکانیان ووت : ئەوە ئێوە بۆچی ئامۆژگاری کۆمەڵێك دەکەن کەپەروەردگار بڕیاری لەناوبردنی داون ؟! ئێوە دەزانن کەخوا لەدونیادا بەهیلاکیان دەباو لەقیامەتدا سزای سەختیان دەدات ؟! ئامۆژگاری کارەکانیش وتیان (قالوا : معذِرةً إلى ربِّكُمْ و لَعَلَّهُمْ يَتَّقون)بۆیە : ئامۆژگارییان دەکەین ، بۆئەوەی بە ئەرکی سەرشانمان هەستین و لای خوا عوزرمان هەبێ و بڵێین : لە ئاستی خراپەدا بێ دەنگ نەبووین و بەرهەڵستی

خراپەمان کرد و، ویڕای ئەوەش ئێمە نائومێد نابین لە گەڕانەوەیان بۆلای هەق و هاتنەوەیان بۆ سەر ڕێی ڕاست و، بەڵکو وریاببنەوەو دەست بکێشنەوە بەئامۆژگاری یەکانمان ..

ئنجا (فَلَمّا نَسُوا ما ذُكّروا بِهِ انجينا الذين ينهون عن السوء وأخذنا الذين ظَلَموا بعذاب بئيس بما كانوا يفسقون) کاتێك ڕاوچیەکان گوێیان بەئامۆژگارییەکان نەدا و فەرامۆشیان کرد ، ئەوانەی کەچاکەکارو بانگخواز بوون ڕزگارمان کردن و ئەوانەش کە ستەمیان کردو هەوڵیان دا بۆ ئەو کارە نارەوایە ، بەسزایەکی سەخت گیرۆدەمان کردن ، بەهۆی ئەوەی لەسنوور دەرچوو بوون .

(فَلَمَّا عَتَوْا عَنْ مَا نُهُوا عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ) (الأعراف:166) کاتێك هەر سەرکەشیان کردو هوشیار نەبووونەوەو دەستیان نەگێڕایەوە لەوەی لێیان قەدەغە کرابوو ، پێمان وتن :ببنە کۆمەڵە مەیمونێکی سووك و ڕیسواو دوور لەڕەحمی خوا ..

چوارەم / (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ آمِنُوا بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقاً لِمَا مَعَكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَطْمِسَ وُجُوهاً فَنَرُدَّهَا عَلَى أَدْبَارِهَا أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّا أَصْحَابَ السَّبْتِ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولاً) (النساء:47)

واتە : ئەی ئەوانەی پەڕاوی ئاسمانیتان پێدراوە باوەڕ بهێنن بەو قورئانەی کە ناردوومانە و بەڕاست دانەری ئەوەی ئێوەیە ، پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت کە ڕووخسارانێکی بێ دین پان وپلیش بکەینەوە و ئاسەواری دەم و چاو نەهێڵین و بەرەو پشتی بکەین و (وەکو پشتی سەری لێ بکەین)، یاخود نەفرینیان لێبکەین وەکو چۆن نەفرینمان لەخەڵکانی ڕۆژانی شەممەوان کرد (کەبەفێڵ فەرمانی خوایان شکاند)، بێگومان هەر فەرمانی خوایە کە هەمیشە و بەردەوام ئەنجامدراوە ..

چەند سەرنجێك :

1) لەئایەتەکانی پێشەوە تێدەگەین کە ئەهلی کیتاب ئەم بەسەرهاتەیان زۆر بە باشی زانیوە بۆیە دەفەرموێ (ولقد علمتم الذين اعتدوا منكم في السبت) یان دەفەرموێ (واسألهم عن القرية التي كانت حاضرة البحر) ..جاکاتێك عبدالله ی کوڕی سەلام لەشامەوە هات بۆ مەدینەو گوێی لەئایەتی : (ياأيها الذين اوتوا الكتاب أمنوا بما نزلنا مصدقاً لما معكم من قبل أن نَطمس وجوها فنرُدها على أدبارها أو نَلعنهم كما لعَنا أصحاب السبت) بوو بەپەلە هات بۆلای پێغەمبەرو موسڵمان بوو ، چونکە دەیزانی خوا چی بە (أصحاب السبت)کردبوو ، وە دەیزانی کە هەڕەشەی خوا ڕاستە چونکە هیچ شتێك نیە بتوانێ ڕێی لێ بگرێت ..

کەموسڵمانیش بوو وتی : ئەی پێغەمبەری خوا لەڕێ زۆر دەترسام کەخوا (مەسخم) بکات و شکڵ و شێوەم بگۆڕێت ..

(كعب الاحبار)يش لـه سەردەمی حەزرەتی عومەردا موسـڵمان بـوو خـۆی و كـەس و كارەكـەی بەهۆی ئەو ئایەتەی كە باسمان كرد ، جا كەعب كە گوێی لەو هەڕەشەیە بوو یەكسەر وتـی (رب أسلمت).. پەروەردگار من موسڵمان بووم .. ئنجا دەڵێ كـەخۆم شـت كـاتێ موسـڵمان بـووم ، دەستم دەگێڕا بەدەم و چاوم داو دەترسام خوا مەسخی كردبم (ل249 القنبلة)..

2) هەندێ لـەموفەسیرەكان بۆ ئەوە چوون كـە ڕەنگـە ئەوانـەی كـە فـەرمانیان بەچـاكە نـەداوەو جڵەوگیریان نەكردووە لـەخراپە خوای گەورە ئەوانیشی سزا دابێت ، بۆیـە ئـیبن عبـاس خـوا لێـی ڕازی بێت كە ئەم ئایەتانەی دەخوێندەوە دەگریا لـەترسی ئەوەی هەرچی بێـدەنگ بێـت لـە ئاسـتی خراپەداو بەپێی توانا ڕۆڵی خۆی نەبینێ ، خوای گەورە وەك ئەوانەی باسكران غەزەبی لێ بگرێت. هەندێكی تریش دەڵێن : ڕەنگە قورئان كەباسی نەكردوون ، ئیهمالی كردبن چونكە شایانی باس نین و هەروا چارەنووسیانی بەنەزانراوی هێشتۆتەوە ..

3) قورئان باسی چەند جۆرێك سزا دەكات كـەخوای گـەورە سـزای خـەڵكی پێـداوەو ئەوانـەش دەگونجێ دووبارە ببنەوە ، هەروەك دەفەرموێ : (ولَمَّا أَنْ جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطاً سِيءَ بِهِمْ وضَاقَ بِهِـمْ ذَرْعاً وقَالُوا لا تَخَفْ ولا تَحْزَنْ إِنَّا مُنَجُّوكَ وأَهْلَكَ إِلَّا امْرَأَتَكَ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ ، إنـا مُنْزِلـون علـى أهل هذه القرية رِجْزاً مِن السماء بما كـانوا يَفْسـقُوُن ، ولقـد تركنـا منهـا أيـة بينـة لقـوم يعقلـون) (العنكبوت:35)

واتە : كاتێك فریشتەكان گەیشتنە لای لوط ، بەهاتنیان زۆر دڵتەنگ و غەمبار بوو ، نەیدەزانی كە فریشتەن و سەری دنیای لێ هاتەوەیەك ، وتیان : مەترسەو خەمت نەبێت ئەوان ناتوانن دەسـتدرێژی بكەنـە سـەر ئێمـەو ئێمـە فریشـتەین ، بێگومـان ئێمـە ڕزگاركـەری تـۆو كەسـوكارەكەتین تـەنها هاوسەرەكەت نەبێت كە لە تیاچووانە ، بەڕاستی ئێمـە دابەزێنـەری سـزاو بـەڵای ئاسمـانین بەسـەر خەڵكی ئەم شارەدا بەهۆی ئـەوەی كـە دەردەچـوون لـەفـەرمانی خـوا ، سـوێند بـەخوا بەڕاسـتی سەرەنجام ئاسـەوارێكی ئاشـكرامان لـەشـاری كـاول وویـران بەجێهێشـت بـۆ كەسـانێك كـەژیرو هۆشمەندبن . ئنجا دێتە سەرباسی (شعیب)سەلامی خوای لێبێت دەفەرموێت :

(وإلى مدين أخاهُم شُعيبا فقال ياقوم اعبدوا الله وارجُوا اليوم الآخِـرَ ولا تَعْثَـوا في الارض مُفسـدين ، فكذَّبوه فأَخَذَتْهُمُ الرّجْفَةُ فأصْبحوا في دارِهِمْ جاثمين)هەروەها شوعەیبمان ڕەوانـەكرد بۆنـاو براكـانی لـەشاری مەدیەن ، پێی وتن : ئەی گەل و هۆزم تەنها خوا بپەرستن ، بەهیوای قیامەت و ئاینده بژین و ترسی تەنگانەی ئەو ڕۆژەتان هەبێت ، گوناهو تـاوان و خراپـە لـەسـەر زەویـدا ئـەنجام مـەدەن و

مەیچێنن (چونکە زەوی بێ خاوەن نیەو ژیانتان تاسەرنیە)لەئاکامدا خەڵکەکە بڕوایان پێنەکرد ،ئیتر بە بوومە لەرزەیەك هەر هەموویان لەماڵەکانیاندا بەچۆکدا هاتن ومردن و بوون بەژێر خاك و خۆڵەوە . ئنجا دێتە سەر باسی گەلی عادو ثمودو دەفەرموێت :

(وعاداً وثمودَ وقد تَبَيَّنَ لكم مِن مساكِنِهِمْ وزَيَّنَ لهُم الشيطانُ أعمالهُمْ فَصَدَّهُمْ عن السبيلِ وكانوا مُستبصرين)هەروەها (عاد) ی گەلی (هود)و (ثمود)ی گەلی (صالح)یشمان لەناوبردکە ئاشکرابوو بۆتان تیاچوونیان لەشوێنەواری کاولیانەوە ، شەیتانیش کردەوەی نادروست و ناپەسەندیانی بۆ ڕازاندبوونەوە ، لەڕێگەو ڕێبازی ڕاست وێڵی کرد بوون ، لەکاتێکدا ئەوان خاوەنی عەقڵ و بیرو هۆشیش بوون .

ئنجا دێتە سەر باسی قارون و فیرعەون وهامان (وقارونَ وفِرعونَ وهامانَ ولقد جاءَهُمُ موسى بالبيناتِ فاستكبَرُوا في الارضِ وماكانوا سابقين)واتە : قارون و فیرعەون و هامانیشمان لەناوبرد ،سوێند بەخوا بێگومان موسا بەڵگەی زۆری بۆ هێنان ، کەچی خۆیان زۆر بەگەورە دانا لەزەویدا ، سەرەنجام نەیانتوانی لەسزاو تۆڵەی خوا خۆیان ڕزگار بکەن . ئنجا دێتە سەر باسی هۆی لەناوبردنیان کە گوناهوتاوان کردنە :

(فَكُلّاً أَخَذْنَا بِذَنْبِهِ فَمِنْهُمْ مَنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِباً وَمِنْهُمْ مَنْ أَخَذَتْهُ الصَّيْحَةُ وَمِنْهُمْ مَنْ خَسَفْنَا بِهِ الْأَرْضَ وَمِنْهُمْ مَنْ أَغْرَقْنَا وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ) (العنكبوت:40)

واتە : ئێمە هەریەکێك لەوانەمان بەسزای تاوانی خۆی گەیاند ، جا هەیانبوو بەرد بارانمان کردن (وەك گەلی لوط)، هەیان بوو دەنگ و سەدای بەهێز (الصيحة)لەناوی برد ، هەیانبوو بەناخی زەویدا بردمانە خوارەوە و نغرۆی زەویمان کرد وەك (قاروون)، هەشیانبوو نقومی دەریامان کرد وەك (فیرعەون)، جاوەنەبێت خوا ستەمی لێکردبن ، بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد..

جاری واش هەیە خوای گەورە لەبەر حیکمەتێك سزاکە دوادەخات ، بۆیە کافران دەکەونە لاقرتێ و گاڵتەکردن و پەلەکردن ، کوا خوا بۆ لەناومان نابات ؟؟ هەروەك لەسورەتی عنکبوت دا دەفەرموێت : (وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَوْلا أَجَلٌ مُسَمّىً لَجَاءَهُمُ الْعَذَابُ وَلَيَأْتِيَنَّهُمْ بَغْتَةً وَهُمْ لا يَشْعُرُونَ ، يَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ ، يَوْمَ يَغْشَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ وَيَقُولُ ذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (العنكبوت:55) واتە :بێباوەڕان پەلەت لێدەکەن و داوای هاتنی سزا دەکەن ، خۆ ئەگەر کاتی تایبەتیمان دیاری نەکردایە بۆ پێشهاتنی ، یەکسەر

سزایان بۆ دەهات ، بێگومان ئەو سزاو تۆڵەیە ، لەناکاو یەخەیان دەگرێت ، لەکاتێکدا ئەوان هەست بەنزیك بوونەوەشی ناکەن .

بێباوەڕان پەلەت لێدەکەن و داوای هاتنی سزا دەکەن ، بێگومانیش دۆزەخ دەوری کافرانی داوەو هەرگیز لەسزاکەی دەرباز نابن . لە ڕۆژێکدا کەسزا دایاندەگرێت لەسەرویانەوە و لەژێر پێیانەوە و ، خوای گەورە پێیان دەفەرموێت : بچێژن سەرەنجامی ئەو کاروکردەوانەی ئەنجامتان دەدا ..

4) هەرچەند قورئان بەجوولەکە دەفەرموێ (وأن أكثركم فاسقون)زۆربەتان خراپەکارن ، بەڵام بە ئینصافەوە باسی هەندێکیان دەکات کەخواناس و چاکن و ئەو دەرگایە بەوالآیی و کراوەیی بەجێ دەهێڵێ بۆ کەسانێك کە بیانەوێت بگەڕێنەوە ، هەروەك دەفەرموێت :(لَيْسُوا سَوَاءً مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وهُمْ يَسْجُدُونَ ،يُؤمِنُونَ بِاللَّهِ والْيَوْمِ الْآخِرِ ويَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ ويَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ ويُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وأُولَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ ، ومَا يَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَلَنْ يُكْفَرُوهُ واللَّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ) (آل عمران:115)

واتە : گاورو جوولەکە هەموویان یەکسان و چوونیەك نین ، بەڵکو لەخاوەنانی کتێب دەستەیەك لەئیماندارانیان هەن ، ئایەتەکانی خوا لەکاتەکانی شەودا دەخوێننەوە و نوێژ دەکەن و سوژدە دەبەن ، ئەوانە ئیمان و باوەڕیان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیەو فەرمان دەدەن بەچاکەو جڵەوگیری دەکەن لەخراپە و دەست و بردن بۆ چاکەکردن ، بێگومان ئەوانە لەڕیزی چاکەکارو چاکەخوازاندان . ئەو بڕوادارانە هەرچاکەیەك ئەنجام بدەن بەفیڕۆ ناچێت ، خواش زانایە بەپارێزکارو دینداران .

یەکێ لەوانەش زانایەکی جوولەکە بوو بەناوی (مُخَيرِق)، کە لەغەزای ئوحد دا ، بەجوولەکەکانی وت : (يامعشر يهود ، والله إنكم لتعلمون أن نصر محمد عليكم لحق) واتە : ئەی کوڕ گەلی جوولەکە بەخوا ئێوە بەڕاستی دەزانن کە سەرخستنی (محمد)پێویستە لەسەرتان ..

پاشان چەکی هەڵگرت و چوو بۆ جیهاد و شەهید بوو ، وە لەبەرئەوەی وەسیەتی کردبوو کە ئەگەر شەهید بوو ماڵ و سامانەکەی بدرێ بە حەزرەت (د.خ) چی لێ دەکات بیکات .. ماڵ و سامانەکەشی حەوت باخ بوون حەزرەت (د.خ)کردی بە وەقفی موسڵمانان لەمەدینەداو پاش شەهید بوونی حەزرەت (د.خ) فەرمووی (مخيرق خير يهود) واتە موخەیرق چاکترینی جوولەکەکانە.

هەروەها لەئایەتێکی تریشدا دەفەرموێت: (ومِنْ قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وبِهِ يَعْدِلُونَ) (الأعراف:159) واتە : کۆمەڵێك لە نەتەوەی ئیسرائیل لە سەردەمی موسادا و پاش لە

دنیادەرچونیشی شوێن هەق کەوتن و بەهەق و عەدالەت حوکمیان کـردووەو پابەنـدی بەرنامـەی خوا بوون ..

5) کاتێك کۆمەڵی کافران دەوری مەدینەیان داو جوولـەکەکانی (بنـی قریظـە)پـەیمانیان شـکاند ، خوای گەورە موسڵمانانی سەرخست بەوەی ڕەشەبای نارد داروپەردوی بەسەریەکەوە نەهێشـتن و دووبەرەکی تێخستن .. ئنجا حەزرەت **(د.خ)**چووە سەر (بنی قریظە) و گوێ یان لێ بوو کە لـەسەر شووراکانیانەوە جنێویان بەموسڵمانان دەدا ، حەزرەت **(د.خ)**پێ ی فـەرموون (یـاإخوان القـردة هـل أخزاکم الله وأنزل بکم نقمته ؟!)

واتە :ئەی براکانی مەیموون ئایا خوا ڕیسوای کردن و سزا و خەشمی خۆی بۆ ناردن ؟!

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەکاتی خۆی هەندێکیان بوون بەمەیمون و هەندێکیان بوون بە بەراز، هاوەڵان لـەحەزرەتیان **(د.خ)**پرسـی : ئایـا مـەیمون و بـەرازی ئێسـتا نـەوەی ئـەوانن ؟ حـەزرەتیش **(د.خ)**فەرمووی : نەخێر هەرکەس خوا مەسخی بکات نەوەی نابێت !

ئنجا ئاخۆ چۆن بوون بە مەیمون و بەراز ؟!

گەورەترین دۆزینەوە !

کاتێك هەندێ لـە جوولـەکەکان کەوتنە فڕوفێڵ کردن و حـەڵاڵ کردنـی ئـەوەی کـەخوا لێـی حەرام کردبوون ، خوای گەورە کلکی مەیموونی لێ ڕواندن و هەندێکیشیان کلکـی بـەرازیان بـۆ پەیدا بوو ، دەنگیان نەماو وەك مەیمون و بەراز دەنگیان دەردەهات ، بۆیە لـەماڵەوە نەهاتنـە دەرەوە ، جاکە خەڵکی نەیان بینین بچنە سەر کاری خۆیان و دیار نەبوون چوون بـۆ ماڵـەکانیان !! بینیـان (مەسخ)بوون و شیوازیان تێك چـووەو کلکیـان بـۆ پەیـدابووەو چـی قسـەیان لـەگـەڵ کـردن بـە ئیشارەت وەڵامیان دانەوە !﴿سەیری تفسیر جامع البیان /الامام الطـبری/سـورە (الاعـراف)بکـە ﴾ دیارە ئەمەش بەڵایەکی گەورەیە و بوون بەپەندی زەمانە ، بەرگەیان نـەگرت ، هەنـدێکیان سـەری خۆیان هەڵگرت بۆ بیابانی میسری و هەندێکیانیش بەرەو شام و سەرەنجام لـەو بیابـان و دەشـت و هەردو چۆڵەدا لـەناوچوون ، هەندێکی تریشیان پاش چـەند ڕۆژێـك لـەماڵـەکانی خۆیانـدا گیانیـان دەرچوو.

بەپێ ی عادەتی ئەو زەمانە هەندێك لـەوانـەیان (مۆمیـا)کـرد ، وەك مۆمیـای میسـری یـەکان و لـەتابوتی تەختەدا دایان نان کە هیچ بزماری پێوەنیە ، بەپێ ی بیروبۆچوونی جوولـەکەکان ..

خوای گەورە کە هەردەم دەستی خێری بەم ئوممەتەوەیە ، لەلوتکەی زەبرو زەنگ و تاوانی جوولەکەدا لە کۆتایی ساڵی (2000)دا ، ئیرادەی خێری وابوو کەئەم مەسەلەیە بۆ تەصدیقی قورئان ئاشکرا ببێت ..

هەندێ لەشوێنەوار ناس و پسپۆڕی موسڵمانی فەلەستینی توانیان قەبرسانێك بدۆزنەوەو ئەو مۆمیایانە دەربهێنن و وێنەی بگرن ...

مۆمیاکان ، قژی سەرو لاشەیان ماوەو دەمیان داچەقیوەو ترس و شپرزەییان پێوە دیارە و هەندێکیان کلکیان هەیە وەك مەیمون و هەندێکیان کلکیان بستێك دەبێ وەك بەرازو هەندێکیان ناوقەدیان درێژ بۆتەوەو شێواوە ، ئەمە بێجگەلەوەی کەپارچەی تۆڕی ڕاوچیەکانیش دۆزراوەتەوە.

ئنجا لەبەرئەوەی کە دەستی جوولەکەی نەگاتێ ، دایان پۆشیەوەو بەنهێنی هێشتیانەوە ، تائەو ڕۆژەی وەزعەکە باشتر دەبێت .. پاشان وێنەکانیان برد بۆلای نووسەری میسری (محمد عیسی داوود)و داوایان لێکرد کەبلاوی بکاتەوە بەناوی خۆیەوە ، ئەویش وێنەکان و باسەکەی لەپەڕاوێکدا بلاو کردەوە بۆ جیهان لەساڵی 2003 دا بەناوی (القنبلة / یهود مسخهم الله قردة وخنازیر ، اکتشاف القریة حاضرة البحر) تاببێتە پەندو عیبرەت بۆ هەموو ئەوانەی کەسنوور شکێنی دەکەن و گوێ نادەن بەفەرمانی خوا ..

سفرەو خوانێکی ئاسمانی

هاوەڵانی عیسی (سەلامی خوای لێ بێت)داوایان کرد لەحەزرەتی عیسا کە داوابکات لەپەروەردگار سفرەو خوانێکیان لەئاسمانەوە بۆ دابەزێنێ تالێ ی بخۆن و بەم موعجیزەیەش زیاتر دڵنیابن ، قورئانیش باس لەم ڕووداوە دەکات لەسوورەتی(مائدە)دا کە لەم ڕووداوەوە ناوەکەی هاتووە دەفەرموێت :

(إِذْ قَالَ الْحَوارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَنْ يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ ؟؟ قَالَ اتَّقُوا اللّهَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤمِنِينَ ،قَالُوا نُرِيدُ أَنْ نَأْكُلَ مِنْهَا وتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا ونَعْلَمَ أَنْ قَدْ صَدَقْتَنَا ونَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ) (المائدة:113) واتە : کاتێك حەوارییەکان وتیان : ئەی عیسای کوڕی مەریەم ، ئایا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت لە ئاسمانەوە سفرەو خوانێکمان بۆ دابەزێنێت ؟ عیسا سەلامی خوای لێبێت فەرمووی : لەخوا بترسن ئەگەر ئێوە ئیماندارن ..

حەوارییەکان وتیان : دەمانەوێت لێی بخۆین و دڵنیا بین و چاك بزانین کە بێگومان ڕاستت لەگەڵدا کردوین و لەسەریشی ببین بەشایەت ..

ئنجا : (قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنْزِلْ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِنَ السَّمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيداً لِأَوَلِنَا وآخِرِنَا وآيَةً مِنْكَ وارْزُقْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ ،قَالَ اللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ فَمَنْ يَكْفُرْ بَعْدُ مِنْكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَاباً لا أُعَذِّبُهُ أَحَداً مِنَ الْعَالَمِينَ) (المائدة:115) حەزرەتی عیسا سەلامی خوای لێبێت دوعای کردو فەرمووی : ئەی خوای پەروەردگار لەئاسمانەوە سفرەو خوانێکمان بۆ دابەزێنە تاببێتە جەژن و بۆنەوەکانی ئێستاو داهاتوومان و بەڵگەیەك بێت لەلایەن تۆوە بۆ پێغەمبەرایەتی من و دەسەڵاتی بێسنوورت و لە رۆزی بەهرەوەرمان بکە ، هەرتۆی چاکترین ڕۆزی بەخش ..

ئنجا خواوەند فەرمووی : بەڕاستی من ئەو سفرەوخوانەتان بۆ دادەبەزێنم ، جائەوەتان دوای دابەزینی ئەو سفرەو خوانە بێ بڕوابێت و سوپاسگوزار نەبێت ، ئەوە بەڕاستی من سزایەکی دەدەم کە سزای هیچ کەسێکم لەجیهانا ئاوا نەدابێت ..

هەندێك لەموفەسیرین لایان وایە کە حەواری یەکان لەترسی ئەو هەڕەشەیە پەشیمان بووبنەوەو سفرەیان نەویستبێ و دانەبەزیبێ ..

بەڵام فەرموودەیەك کە (ترمذی) ڕیوایەتی کردووە لەعەمماری کوڕی یاسرەوە حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت : (أنزلت المائدة من السماء خبزاً ولحماً ، وأُمروا ألا يخونوا ، ولايدخروا لغد فخانوا وادخروا ورفعوا لغد فمسخوا قردة وخنازير) التاج الجامع للاصول . واتە : سفرەو خوانەکە لەئاسمانەوە دابەزی کەنان و گۆشت بوو ، فەرمانیان پێدرا خیانەت نەکەن و لێی هەڵنەگرن بۆ سبەینێ ، کەچی خیانەتیان کردو لێیان هەڵگرت ، خوای گەورە مەسخی کردن و بوون بەمەیمون و بەراز ..(جائەگەر وابێ کەواتە ئەم بەڵایەش بەسەر گاورەکاندا هاتووە)..

فێڵ لەخوا ناکرێت

هەندێ کەس وا دەزانێت ئەگەر توانی شتێك لەخەڵکی بشارێتەوە دەتوانێت لەخواشی بشارێتەوە ، یان بەمانایەکی تر چۆن خەڵکی دەخەڵەتێنێ وادەزانێ دەتوانێ خواش بخەڵەتێنێ ، کەدیارە ئەمەش ئەستەمە ، چونکە هیچ شتێك نیە لەم بوونەوەرەدا ورد یان درشت خوا ئاگای لێی نەبێت : (قُلْ أَرَأَيْتُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ لَكُمْ مِنْ رِزْقٍ فَجَعَلْتُمْ مِنْهُ حَرَاماً وحَلالاً قُلْ آللّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ ،ومَا ظَنُّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ ولَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لا يَشْكُرُونَ) (يونس:60) واتە : پێیان بڵێ : هەواڵم بدەنێ ، ئێوە چۆن لەخۆتانەوە ئەو رزق و ڕۆزیەی کەخوا پێی بەخشیون بەکەیفی خۆتان حەڵاڵ و حەرامی دەکەن ، پێیان بڵێ : ئایا خوا خۆی مۆڵەتی داون ، یان لەخۆتانەوە شت بەدەم خواوە هەڵدەبەستن ؟!

باشه ، ئاخۆ لەڕۆژی قیامەتدا گومان و بۆچوونی ئەو کەسانە چۆن بێت کە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستن ؟ ئایا وادەزانن لێپرسینەوە نیە ؟ بەڕاستی لەگەڵ لاری زۆربەی خەڵکیدا خوا هەر خاوەنی فەزڵە بەسەریانەوە ، هەرچەندە زۆربەیان بێ ئەمەکن و سوپاسگوزارنین ..

(ومَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ ومَا تَتْلُو مِنْهُ مِنْ قُرْآنٍ ولا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُوداً إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ ومَا يَعْزُبُ عَنْ رَبِّكَ مِنْ مِثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ ولا فِي السَّمَاءِ ولا أَصْغَرَ مِنْ ذَلِكَ ولا أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ) (يونس:61) واتە : ئەی محمد (د.خ)تۆبە هیچ کارێك هەڵناسی ، هیچ بەشێك لەقورئان ناخوێنێتەوە کەئێمە ئاگادار نەبین ، ئێوەش ئەی خەڵکینە بەهیچ هەڵسوکەوتێك هەڵناسن کەئێمە شایەت نەبین بەسەریەوە لەکاتێکدا ئەنجامی دەدەن و تیایدا ڕۆدەچن ، هیچ شتێك لەپەروەردگاری تۆ ون نابێت ، لەمسقاڵە زەڕەیەکەوە ، لەزەوی یان لەئاسمانەوە ، بچوکتربێت یان گەورەتر ، کە لەدۆسیەیەکی تایبەتی ئاشکرادا لای ئێمە تۆمار نەکرابێت.

لە سورەتی (سبأ)یش دا جەخت دەکاتەوە سەر ئەمەو دەفەرموێت : (وقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لا تَأْتِينَا السَّاعَةُ قُلْ بَلَى ورَبِّي لَتَأْتِيَنَّكُمْ عَالِمِ الْغَيْبِ لا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ ولا فِي الْأَرْضِ ولا أَصْغَرُ مِنْ ذَلِكَ ولا أَكْبَرُ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ) (سبأ:3) واتە : ئەوانەی کافرو خوانەناسن دەیانووت : قیامەت هەر نایەت و نامانگاتێ ، ئەی پێغەمبەر (د.خ)پێیان بڵێ : نەخێر وانیە ، سوێند بەپەروەردگارم هەر یەخەتان دەگرێت چونکە ئەو زاتە زانایە بەنهێنی و شاراوەکان و ئەندازەی کێشی گەردیلەیەك لەئاسمانەکان و زەویدا لەخوا ون نابێت ، هەروەها لەویش بچوکتر یان گەورەتر نیە لەپەڕاوێکی تایبەتی ڕوون وئاشکرادا تۆمار نەکرابێت .

لەگەڵ زانایی بێ سنووری پەروەردگاردا کەسی واهەیە : (ومِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وبِالْيَوْمِ الْآخِرِ ومَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ ، يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا ومَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ ومَا يَشْعُرُونَ) (البقرة:9) واتە : لەناوخەڵکیدا کەسانێك هەن کە دەڵێن : ئیمان و باوەڕمان بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە ، ئەوانە لەڕاستیدا درۆدەکەن و بڕوادارنین ، ئەوان بەخەیاڵی خۆیان وا دەزانن خواو بڕواداران دەخەڵەتێنن ، کەچی جگە لەخۆیان کەسیان پێناخەڵەتێت ، بەڵام هەست ناکەن و فام ناکەنەوەو بیرناکەنەوە .

پێغەمبەریش (د.خ)لەفەرموودەکانیا جەخت دەکاتە سەر فێڵ نەکردن و خۆنەخەڵەتاندن و دەفەرموێت (مابال أقوام يلعبون بحدود الله ، يستهزءون بآياته)(ابن ماجە)واتە : چییانە کەسانێك یاری بەسنووری خوا دەکەن و گاڵتە بەئایەتەکانی دەکەن.

هەروەها دەفەرموێت : (والذی نفسي بيده ليبيتن أناس من أمتي على اشر وبطر ولعب ولهو ، فيصبحوا قردة وخنازير ، باستحلالهم المحارم و أكلهم الربا) (ئيمام ئەحمەد) واتە :بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە کەسانێك لەئومەتم سەرگەرمی تاوان و زیادە ڕەوی و (لهو)و (لعب)دەبن و ، خوا دەیانکات بەمەیمون و بەراز ، بەهۆی حەلاڵ کردنی حەرام و سووخواردنەوە ..

لەفەرموودەیەکی تریشدا دەفەرموێت : (ليشربن ناس مِن أمتي الخمر ، ويسمونها بغير اسمها ، يُعزف على رؤوسهم بالمعازف و المغنيات ، يخسف اللهُ بهم الارض ، ويجعل منهم قردة وخنازير)ابن ماجه . واتە: هەندێ لەئومەتم عەرەق دەخۆن و ناوی تری لێ دەنێن (وەك ئێستا کەدەڵێن مەشروباتی رۆحی ؟!)ولەسەر سەریانەوە مۆسیقا و گۆرانی هەیە ، خوای گەورە نغرۆی زەویان دەکات و دەیانکات بەمەیمون و بەراز .

زانای پایە بەرز (ئیبن القیم)یش لەپەڕاوی اغاثة اللهفان لاپەڕە (346)دا دەڵێت : مەسخ بوون و گۆڕان بۆ مەیموون و بەراز لەم ئومەتەشدا هەردەبێ ببێت لە دوو کۆمەڵدا ، یەکەم : زانا خراپەکان کەدرۆ بەدەم خواو پێغەمبەرەوە دەکەن ، ئەوانەی دینی خواو شەرعەکەی دەگۆڕن و خواش ڕەنگ و ڕووخساریان دەگۆڕێت . دووەم: ئەوانەی کە بە ئاشکرا خەریکی فیسق و خراپەوحەرامن .. جاهەرچیەکیان لەدنیاش دا مەسخ نەبن لەقەبرو قیامەتدا دەبن .. لەفەرموودەشدا هاتووە (يُحشر آكل الربا يوم القيامةفي صورة الخنازيروالكلاب ، مِن أجل حيلتهم على الربا ، كما مُسخ أصحاب داود ، لاحتيالهم على أخذ الحيتان يوم السبت) واتە : سووخۆرەکان لەشێوەی بەرازو سەگدا حەشر دەکرێن بەهۆی حیلە شەرعیانەوە لەسووخواردن دا ، هەروەك چۆن گەلی ئیسرائیل لە زەمانی (داود)دا ،بوون بەمەیموون و بەراز بەهۆی ماسی گرتنیانەوە لەڕۆژی شەممەدا ..

چەند جۆرێک لەفێڵ کردن

أ – هەندێك بۆئەوەی کە ڕزگاری بێت لەزەکات دان ، پێش ئەوەی ساڵ بێتەوە بەسەر ماڵ و سامانیا ، تەرتیباتێك دەکات بۆئەوەی (نصاب)ە کەی کەم بکات و ئەمەش پێغەمبەر **(د.خ)**جڵەو گیری لێکردووەو فەرموویەتی: (لايُجمع بين مُتفرق ، ولا يُفرق بين مجتمع خشية الصدقة)البخاري

ب – دیارە کاتێك کەسێك سێ جار هاوسەرەکەی تەڵاق دات ، ئیتر ناتوانێت بیهێنێتەوە تاشوویەکی تر نەکات بەپیاوێکی تر چونکە دیارە بەکەڵکی یەکتری نایەن و بەیەکەوە ناژین ، ئنجا هی واهەیە فێڵ دەکات لەم مەسەلەیەدا و لەگەڵ کەسێکدا ڕێك دەکەوێت کەژنەکەی مارەبکات و تەڵاقی بداتەوە تابۆی حەلاڵ بێتەوە ، دیارە ئەمەش فێڵەو حەزرەت **(د.خ)**دەفەرموێت (لعن الله

المُحَلِلَ والمُحَلَل لَهُ)مجمع الزوائد 4 / 267 واته : خوا لەعنەتی کردووە لەوەی کەژنی کەسێك مارە دەکات و تەڵاقی دەداتەوە ، بەبێ ئەوەی بەڕاستی ببێتە هاوسەری ، تەنها بۆ ئەوەی بۆی حەڵاڵ بێتەوە ، وەهەروەها لەعنەتیشی کردووە لەوەی کە بۆی حەڵاڵ دەکرێ (واتە مێردی یەکەمی ئافرەتەکە) .

ج – هی واهەیە سوو دەخوات و ناوی کڕین و فرۆشتنی لێ دەنێ واتە فێڵ دەکات و خۆی دەخەڵەتێنێ کەئەمەش جڵەوگیری لێکراوە (يأتي زمان على الناس يستحلون الربا بالبيع)البيهقي.

د– هەندێك ناوی تر دەنێن لەعەرەق و بڕوبیانووی بۆ دروست دەکەن و خۆیان دەخەڵەتێنن ، هەروەك حەزرەت (د.خ)هەواڵی داوینێ :(لاتذهب الأيام والليالي حتى تشرب طائفة من أمتي الخمر يُسمونها بغير اسمها) ابن ماجه . واته: دنیا تەواو نابێت تاوەکو کۆمەڵێ پەیدا نەبێت لەئومەتم کە عەرەق دەخۆن و ناوی تری لێ دەنێن ..

هەروەها هی واهەیە خۆی دەخەڵەتێنێ و دەڵێ وەك عیلاج دەیخۆمەوە ، دیارە ئەمەش قەدەغەکراوە و حەزرەت (د.خ)بیانویانی بڕیوەو دەفەرموێت : (خوای گەورە شیفای ئوممەتمی نەخستۆتە ئەو شتانەوە کەحەرامی کردوون)..

ه – دیارە بەرتیل وەرگرتن حەرامەو لەعنەت کراوە لەوەی کە وەری دەگرێت و لەوەی کە دەیدات و لەوەش کە کارەکە رێکدەخات و لە نێوانیاندا دەبێت ، هەروەك حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت : (لَعَن الله الراشي والمرتشي والرائش الذى يمشي بينهما)حاكم 4 / 103 . جابۆیە هەندێك کەس بەناوی دیاری یەوە بەرتیل دەبات و ئەوی تریش بەناوی دیاری یەوە وەری دەگرێت و لەڕاستیش دا بەرتیلەو حەرامەو بەو فێڵەو بەو ناونانە حەڵاڵ نابێت .

و – پیاوێك بە سوفیانی ثوری وت : دەزانی کە وتنی هەریەکە لە (لاإله إلا الله) و (الحمد لله)و (الله اكبر) دە حەسەنات و چاکە دەست مرۆڤ دەخات ، سوفیان وتی : بەڵێ دەزانم ، کابرا وتی : بەلاتەوە چۆنە کەسێك سی هەزار درهەمی بەناشەرعی دەست بکەوێت و دانیشێ تەسبیحات بکات و چاکە دەست خۆی بخات ، تاچاکەکانی خراپەکانی بسڕێتەوە ؟! سوفیان وتی : شتی وانابێت ، باپارەکە بگێڕێتەوە لەپێشدا ، چونکە زیکرەکە ئەو تاوانەی لەسەر لانابات .. جابەڕاستی وایە ، هی واهەیە بەهەڵە لەئایەتی (إن الحسنات يُذهِبنَ السيئات)تێگەیشتووەو بەتەمایە بەفێڵ لێی دەرچێ ، دیارە خوای گەورە لەهەقی خەڵکی خۆش نابێت تابۆیان نەگێڕدرێتەوە ..

ی- جوولەکە فێڵی تریان زۆر بووە ، ئەوەتە حەزرەت (د.خ)لە بارەیانەوە دەفەرموێت (لَعَن الله اليهود، حُرِمَت عليهم الشحوم ، فجَمَلوها وباعوا ، وأكلوا منها)ابن ماجه ، واتە : خوا لەعنەتی کرد لە جوولەکە، چونکە(شحوم - بەزو پیوی ماڵاتیان)لێ حەرام کراو ئەوانیش ئەیانتوانەوە و بەو شێوەیە دەیانفرۆشت و لێیان دەخوارد (الحيل الشرعية بين الحظر والإباحة / نشوة العلواني).

لەخواغافڵ مەبن

خوای گەورە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی یەو ئاگاداری هەموو وردو درشتێکە لەم بوونەوەرەدا هەروەك لە قورئان و سوننەت دا ئاماژەی پێکراوە ، ئەمەش بۆ ئەوەی مرۆڤ غافڵ نەبێ و بزانێ خوای گەورە چاوی لێیەتی و هەمووکارو کردەوەیەکی لەسەر حساب دەکات ئەگەر مسقاڵە زەرەیەکیش بێت .. بۆ نموونە :

1) (ولَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَائِقَ ومَا كُنَّا عَنِ الْخَلْقِ غَافِلِينَ) (المؤمنون:17) واتە :سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە لە ڕاسەرتانەوە حەوت چین ئاسمانمان دروستکردووە و ئێمە هەرگیز لە دروستکراوان غافڵ و بێئاگانین و هیچ شتێکمان لێ ون نابێت و هیچیش پشت گوێ ناخەین .

2) (وقُلْ لِلَّذِينَ لا يُؤمِنُونَ اعْمَلُوا عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَامِلُونَ ، وانْتَظِرُوا إِنَّا مُنْتَظِرُونَ ، ولِلَّهِ غَيْبُ السَّمَاواتِ والْأَرْضِ وإِلَيْهِ يُرْجَعُ الْأَمْرُ كُلُّهُ فَاعْبُدْهُ وتَوَكَّلْ عَلَيْهِ ومَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) (هود:123) واتە : بڵێ بەوانە کە بڕوا ناهێنن : ئێوە لەشوێنی خۆتاندا کاری خۆتان بکەن و بەڕاستی ئێمەش خەریکی کاری خۆمان دەبین ، بەردەوامیش چاوەڕێی دەرئەنجامی کاری هەردولابکەن و ئێمەش بەڕاستی چاوەڕێین ، (دیارە خوای گەورە تەوفیقی کێ دەدات و هی کێش نادات).. هەر بۆخوایە نهێنی و نادیارەکانی ئاسمانەکان و زەوی ، هەمووکارو فەرمانیش هەربۆلای ئەو زاتە دەگەڕێتەوە ، دەی کەوابوو هەر ئەو بپەرستەو تەنها پشت بەو ببەستە ، هەرگیز خوای پەروەردگارت بێئاگانیە لەوەی ئێوە دەیکەن و ئەنجامی دەدەن ..

3) (ولكل دَرَجَاتٌ مِمَّا عَمِلُوا ومَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ) (الأنعام:132) واتە : بۆ هەریەکێك لە بێباوەڕو موسڵمان چەندەها پلەو پایە هەیەو هەرکەس بە جۆرێك پاداشتی خۆی لەچاك یان لەخراپ وەردەگرێت و خوای پەروەردگارت بێئاگانیە لەو کردەوانەی کە دەیکەین ..

4) (قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ تَبْغُونَهَا عِوجاً وأَنْتُمْ شُهَدَاءُ ومَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) (آل عمران:99) واتە : بەخاوەن کتێبەکان بڵێ : ئەی خاوەنانی کتێبی ئاسمانی بۆ ڕێدەگرن لە بڵاوبوونەوەی ئایینی خواو دەتانەوێت ئەوەی باوەڕی هێناوە ڕێبازی دینداری بەچەوتی

بگرێت ؟ لەکاتێکدا خۆتان شایەتن و چاك دەزانن (ئەوە ڕاست نیەو چەوتە)دڵنیاش بن کەخوا غافڵ و بێئاگا نیە لەو شتانەی کە دەیکەین .

5) (وقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا ومَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) (النمل:93) واتە : بڵێ : سوپاس و ستایش بۆ خوایە ، لەئایندەیەکی نزیکدا ، بەڵگەو نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەدات و دەیانناسنەوە کەهەمووی دروستکراوو بەدیهێنراوی خوایە ، بێگومان پەروەردگاری تۆ غافڵ وبێ ئاگانیە لەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .

6) (ومِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ ومَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) (البقرة:149)واتە : لە هەر شوێنێکەوە دەرچوویتە دەرەوە ، لە هەرکوێ بویت لە نوێژەکاندا ڕووبکەرە کەعبەی پیرۆز ، بێگومان ئەو فەرمانە حەق و ڕاستیە و لەلایەن پەروەردگارتەوەیە ، خوا غافڵ و بێئاگا نیە لەو کارو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن .

7) ئەوانەی بێئاگاو غافڵن لەپلەی ئادەمیزادیەوە دادەبەزنە پلەی ئاژەڵێتی : (ولَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيراً مِنَ الْجِنِّ والْإِنْسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لا يَفْقَهُونَ بِهَا ولَهُمْ أَعْيُنٌ لا يُبْصِرُونَ بِهَا ولَهُمْ آذَانٌ لا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ) (لأعراف:179) واتە : سوێند بەخوا بێگومان ئێمە زۆر لەپەری و ئادەمیزادمان بۆ دۆزەخ داناوە ، ئەوانە دڵیان هەیە و کەچی هەقی پێنادۆزنەوە و ، چاویان هەیە و هەقی پێنابینن و گوێیان هەیە و هەقی پێنابیستن ، ئائەوانە وەکو ئاژەڵ وان ، بگرە وێڵ و سەرگەردانتریشن، ئائەوانە غافڵ و بێئاگان ..

لە فەرموودەیەکیشدا حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت: (إن الله يبغض كلَّ جعظري جواظ ، صَخّابٍ في الاسواق ، جيفة بالليل ، حِمارٌ بالنهار ، عالم بالدنيا ، جاهِلُ بأمْرِ الآخِرة)رواه ابن حبان / الالباني / السلسلة الصحيحة 1 / 331 / رقم 195 . واتە : بەڕاستی خوا ڕقی لەوانەیە کە فیزداروخەڵك بەکەم زانن و مۆن و ڕقاوین ولە بازاڕدا قیڕەقیڕکەرو، لە شەودا لاکە تۆپیون و هەڵناستن بۆ نوێژو ، لەڕۆژیشدا گوێدرێژن و ، زانان بە دنیا و نەفام و جاهیلن بە ئاخیرەت . چەند وەسفێکی سەیرە ، تو خوا سەد دەر سەد باسی حاڵی ئەوانە نیە کە دوورن لەبەرنامەی خواوە.

8) (اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وهُمْ فِي غفْلَةٍ مُعْرِضُونَ ، مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وهُمْ يَلْعَبُونَ ، لاهِيَةً قُلُوبُهُمْ وأَسَرُّوا النَّجْوَى الَّذِينَ ظَلَمُوا هَلْ هَذَا إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ أَفَتَأْتُونَ السِّحْرَ وأَنْتُمْ تُبْصِرُونَ) (الانبياء: 1-3) واتە : لێپرسینەوە وحسابی خەڵکی نزیك بۆتەوە ، لە کاتێکدا زۆربەیان بێ ئاگاو غافڵن و پشتیان لە ئاینی خوا کردووە وڕوویان لێوەرگێڕاوە و ، هیچ

یادەوەریەکی تازەیان لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆ نایەت کە ئەوان گوێ بیستی نەبووبن و لەوکاتەدا یاری و گەمەنەکەن ، دڵەکانیان بێئاگاو سەرگەردانە ، ئەوانەش کە ستەمیان کرد ، قسەکانیان شاردەوە و بەنهێنی دەیانووت ، ئایا ئەمە تەنها بەشەرێك نیە وەك ئێوە ؟! ئایا ئێوە بەدەم جادووگەریەوە دەچن ؟! لە کاتێکدا ئێوە چاوتان هەیەو دەبینن ! (واتە : وەك خۆیان دوای هەق ناکەون ، خەڵکیش سارد دەکەنەوەو هەق بەجادوو دائەنێن و گاڵتە بەوانە دەکەن کە دوای ڕێ ڕاست دەکەون).

9) (فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وإِنَّ كَثِيراً مِنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ) (يونس:92) واتە : ئەی فیرعەون ، ئەمڕۆ کە نقوم بوویت ، لاشەی تۆ ڕزگار دەکەین ، تاببێتە موعجیزە و پەندو ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی دوای تۆ دێن و (بزانن کە تۆ خوا نەبوویت و بەچاوی خۆیان لاشەی ساردو سڕو بێ گیانت ببینن و لە سەرەنجامی تاوان و ستەم تێبگەن)، بەڵام بەڕاستی زۆربەی خەڵکی لەئایەت و موعجیزەکانی ئێمە غافڵ و بێئاگان ..

10) (وما يَعزُبُ عن رَّبكَ مِن مثقال ذرة في الارض ولا في السماء ولا أصغر من ذلك ولا اكبر إلاّ في كتاب مبين) (يونس : 61) واتە :ئەی محمد (د.خ)هیچ شتێك لە پەروەردگاری تۆ ون نابێت ، لەمسقاڵە زەڕەیەکەوە ، لەزەوی یان لەئاسمانـدا ، بچوکتربێت یان گەورە ترو ، هەمووی لە دۆسیەیەکی تایبەتی ئاشکرادایە لای ئێمەو تۆمار کراوە ..

پێغەمبەریش (د.خ)ئاماژە بۆ ئەم ڕاستیە دەکات ودەفەرموێت :(ولا يَغْترنَّ احدكم بالله فإن الله لوكان غافلاً شيئاً لأغفل البعوضة والخردلة والذرة)(تفسيرابن كثير6 / 129) واتە : لەخوا غافڵ مەبن و لەسنوور دەرمەچن ، بەڕاستی خوا ئەگەر غافڵ بوایە و گوێی نەدایە بەدروستکراوەکانی ، ئەوا گوێی نەئەدا بەمێشوولەو دەنکە خەرتەلەو مێروولەو ...هتد ..

دەی کەخوا ڕزقی هەموو ئەو دروستکراوانە بدات و ، بوونیان پارێزرابێ و هەموو هاوسەنگی خۆیان ڕاگرن و ڕۆڵی خۆیان ببینن بەو جۆرەی کەخوا بۆی دیاری کردوون لەدنیادا ، ئیتر چۆن مرۆڤێك کەخوا کردویەتی بە جێنشین لەم سەر زەوی یەداو هەموو ئەو شتانەی تری لەبەرئەم دروستکردووەو دنیای بۆ تەسخیر کردووە ، چۆن لێی غافڵ دەبێ و چۆن لێی ناپرسێتەوە ؟!

11) زۆرجار غەفڵەت درێژە دەکێشێ تا دوا ساتەکانی سەرەمەرگ وگیان دەرچوون ، ئەو کاتەی کە مرۆڤ قاچێکی لەدنیاو قاچێکی لەئاخیرەت دایەو مەلائیکەت لۆمەی دەکەن و پێی دەڵێن (لقد كنت في غفلة مِن هذا فكشفنا عنك غطاءكَ فَبصَرُكَ اليومَ حديد)ق 22 واتە :بە بێباوەڕ دەوترێت :

سوێند بەخوا بەڕاستی تۆ لەم بەسەرهاتە غافڵ بوویت و گوێی خۆت لێ خەواند بوو ، ئێستا ئێمە پەردەمان لەسەر چاوت لاداو هەموو ڕاستیەکان دەبینیت وچاوەکانت تیژە ..

12) هوشیار بوونەوە لە کاتێکدا کە کار لەکار ترازاوە و سوودی نیە ؟!

(حَتَّى إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ ومَأْجُوجُ وَهُمْ مِنْ كُلِّ حَدَبٍ يَنْسِلُونَ ، واقْتَرَبَ الْوَعْدُ الْحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَاخِصَةٌ أَبْصَارُ الَّذِينَ كَفَرُوا يَا ويْلَنَا قَدْ كُنَّا فِي غَفْلَةٍ مِنْ هَذَا بَلْ كُنَّا ظَالِمِينَ) (الانبياء:97)

واتە : ئەو کاتەی بەربەستەکەی (ذو القرنين)لەسەر دووتیرەی (يأجوج و مأجوج)دەکرێتەوە (کەئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی نزیك بوونەوەی کۆتایی دنیا)و ئەوانە ئەوکاتە لەهەموو کون و کەلێنێکەوە بە لێشاو دێن ، ئەوسا ئیتر بەڵێنی ڕاستی نزیك دەبێتەوە ودەست پێدەکات ، ئنجا دەبینیت چاوی ئەوانەی بێباوەڕن ئەبلەق و زەق دەبێت و ، دەڵێت : هاوار بۆ ئێمە ، چاك غافڵ بووین لەم ڕۆژە ولەم سەرەنجامە ، نەك هەر ئەوە ! بەڵکو ئێمە ستەمکاریش بووین .

13) (وعْدَ اللَّهِ لا يُخْلِفُ اللَّهُ وعْدَهُ ولَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ ، يَعْلَمُونَ ظَاهِراً مِنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ) (الروم:7) واتە :بێگومان ئەوە بەڵێنی خوا خۆیەتی ، خوا بەڵێنی خۆی دەباتە سەر، بەسەر خستنی هەق و ڕاستی و بەهێنانی قیامەت و .. هتد ، هەرچەند زۆربەی خەڵکی تەنها بە ڕواڵەت لەدنیا دەزانن و عەقڵیان لەچاویاندایە ، ئەوانە بێئاگاو بێخەبەرن لە ڕۆژی دوایی و قیامەت ..

14) حەزرەت (د.خ)تاچاوی خەڵکی بکاتەوە و ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە وبێئاگاکان بەئاگا بهێنێتەوە: (لِتُنْذِرَ قَوْماً مَا أُنْذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ) (يس:6) واتە:تائینزاری خەڵکی بکات و وریایان بکاتەوە لەسزای خوایی ، لەکاتێکدا کەباوك و باپیریان ئاگادارنەکراونەتەوەو بێئاگاو غافڵن ..

سەرەنجامی غافڵ بوون

قورئانی پیرۆز گرنگی زۆری بەمەسەلەی غەفڵەت داوەو لەچەندەها ئایەتدا باسی کردووە وسەرەنجامی غەفڵەتیش دەخاتە بەرچاومان تازوو خۆمانی لێ رزگار بکەین ، هەروەك دەفەرموێت :

1) غەفڵەت مایەی سزای خوایە ، هەروەك چۆن دووچاری گەلی فیرعەون بوو :(فَانْتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُواعَنْهَا غَافِلِينَ) (الأعراف:136) واتە : تۆڵەمان لێسەندن و نقومی دەریامان کردن ، چونکە ئەوان بڕوایان بەبەڵگە و موعجیزەکانی ئێمە نەبوو بەدۆریان دادەناو ، ئەوان لێی بێئاگا بوون ..

2) غافلْ مۆر ئەنرێ بەسەر دلْ و چاوو گوێی دا : (أُولَئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وسَمْعِهِمْ وأَبْصَارِهِمْ وأُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ) (النحل:108) واتە : ئەوانە خوا مۆری ناوە بەسەر دلْ و گوێ و چاویاندا و ئەوانە غافلْن .. ئەمەش وادەکات کە سوود لەئایەت و بەلْگە زۆرەکانی خوا وەرنەگرن لەقورئان و لەبوونەوەردا :(سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وإِنْ يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لا يُؤْمِنُوا بِهَا وإِنْ يَرَوْا سَبِيلَ الرُّشْدِ لا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً وإِنْ يَرَوْا سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ) (الأعراف:146) واتە : ئەوکەسانەی کە بەناهەق فیز دەکەن لەزەویداو خۆیان بەگەورە دەزانن ، لەمەودوا ڕووی دلْیان وەردەچەرخێنم لەتێگەیشتنی ئایەت و فەرمانەکانم ، خۆئەوانە ئەگەر هەر بەلْگەو نیشانەیەك ببینن ئەوە باوەڕی پێناکەن ، ئەگەر ڕێبازی ژیری و بەرژەوەندی دنیاو قیامەت ببینن ئەوە نایگرنەبەر ، خۆ ئەگەر ڕێبازی ئارەزووپەرستی و گومڕایی ببینن ئەوە دەیگرنە بەرو پەیڕەوی دەکەن ، ئەوە لەبەرئەوەیە چونکە بەڕاستی ئەوان بڕوایان بەئایەت و فەرمانەکانی ئێمە نەبوو هەروەها غافلْ بوون ..

3) ئەوانەی غافلْن و گوێ بە بەرنامەی خوا نادەن دۆزەخ مەنزلْ و جێگەیانە :(إِنَّ الَّذِينَ لا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا ورَضُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا واطْمَأَنُّوا بِهَا والَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ ، أُولَئِكَ مَأْوَاهُمُ النَّارُ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ) (يونس:7– 8)

واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە بەتەمای ئامادەبوونی بەربارەگای ئێمەنین و باوەڕیان نیەو ڕازی بوون بەژیانی دنیاو دلْنیان پێی و دلْیان پێی خۆشەو ئەوانەش کە لەئایەتەکانی ئێمە غافلْن ، ئائەوانە شوێن وجێگەیان ئاگری دۆزەخە بەهۆی ئەو کاروکردەوانەی کە دەیکەن ..

چارەسەری غەفلەت

1) زانین و شارەزابوون :

دیارە ئەوانەی کە زانین و زانستیان زیاترەو باشتر خوا دەناسن ، زیاتر لەخوا دەترسن ، قورئان دەفەرموێت (إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ) (فاطر:28) هەروەها خاتوو عائیشە دەلْێت (يا أمة محمد واللهِ مامِن أَحَدٍ أغْيَرُ مِن اللهِ انْ يَزْني عبدَهُ أو تزنيَ أَمَتهُ ، يا أمة محمد واللهِ لو تعلمون ماأعلمُ لضَحِكتُم قليلاً ولبكيتم كثيراً)(صحيح البخارى / فتح البارى / 2 / 224)واتە : ئەی ئوممەتی محمد بەخوا کەس نیە بەهێندەی خوا (غیرە)ی هەبێت بەرامبەر بەوەی کە عەبدێکی پیاو یان ژن زینا بکات ، ئەی ئوممەتی محمد بەخوا ئەگەر ئەوە دەزانن کەمن دەیزانم تۆزێ پێدەکەنین و ئنجا زۆر دەگریان بۆ حالْی خۆتان .

2)یادەوەری بەردەوام و ترسان لەسزای خوا :
قورئان دەفەرموێت : (فَذَكِّرْ إِنْ نَفَعَتِ الذِّكْرَى ،سَيَذَّكَّرُ مَنْ يَخْشَى، ويتجنبها الاشقى ، الَّذِي يَصْلَى النَّارَ الْكُبْرَى) (الأعلى:12) واتە : تۆلەسەر یادخستنەوەی ئەو کەسانە بەردەوام بە ئەگەر ئامۆژگاری کردن سوودی هەبێت بۆیان ، بێگومان ئەوکەسەی کە ترسی خوای لە دڵدا بێت یاداوەری وەردەگرێت .. خراپترین کەس خۆی لێ دوور دەگرێت و یادەوەری وەرناگرێت ، ئەوەی دەچێتە ناو ئاگرە گەورەکەوە و دەسوتێت تیایدا ..
3) نوێژ کردن لەکاتی خۆی دا :
دیارە نوێژ ڕۆژی پێنج جار هۆکارێکی گرنگە بۆ هۆشیاری و غافڵ نەبوون بۆیە ئەوەندە گرنگی پێدراوە لەئیسلامدا ، پێغەمبەر (د.خ)لەم بارەیەوە دەفەرموێت : (مَن حافظ على هؤلاء الصلوات المكتوبات لم يُكتَبْ مِن الغافلين)سلسلة الالباني الصحيحة / 1142 واتە :هەرکەس نوێژە فەرزەکان بپارێزێ و لەکاتی خۆیاندا جێ بەجێیان بکات لە زومرەی غافلان نانوسرێت .
نوێژی جومعەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و ئەوەی بەبێ بیانوویەکی مەشروع بیفەوتێنێ لەغافلان حساب دەکرێ ومۆر دەنرێ بەدڵیا وحەزرەت (د.خ)دەفەرموێت (لينتهيَنَّ اقوام عَنْ ودَعهم الجُمُعات أو ليَختِمنَّ الله على قلوبِهم ثمَّ ليكوننَّ من الغافلين).
شەو نوێژیش بەهەمان شێوە مایەی هۆشیاری یەو گرنگی زۆری پێدراوە حەرزەت (د.خ)دەفەرموێت (مَن قام بعشر أياتٍ لم يُكتب من الغافلين)صحيح الآلباني / 643
واتە : کێ شەو هەستێ و دەئایەت بخوێنێ لەشەو نوێژدا لەغافڵەکان نانوسرێت ..
4) پارێزکاری :
یەکێکی تر لەچارەسەرەکانی غەفڵەت پارێزکاری یە ، چونکە ئەوانەی پارێزکارن کاتێک شەیتان لێیان نزیك دەبنەوە ، زوو هۆشیار دەبنەوەو ناخەڵەتێن : (إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُمْ مُبْصِرُونَ) (لأعراف:201)
واتە : بەڕاستی ئەوانەی کە پارێزکارن کاتێك خەتەرەو خەیاڵێك لەلایەن شەیتانەوە تووشیان دەبێت ، خێرا بێدار دەبنەوەو بەرچاویان ڕوون دەبێت و غافڵ نابن و بەشەیتان ناخەڵەتێن .
5)یادی خوا :
یادی خوا کردن بەقورئان خوێندن و ئەو یادو زیکرانەی کە حەزرەت (د.خ)کردوونی و فەرمانی پێداوین بیکەین هۆکارێکی زۆر گرنگن بۆ هۆشیاری بەردەوام و غافڵ نەبوون ، قورئان

بەحەزرەت (د.خ)و موسڵمانان دەفەرموێت : (واذْكُرْ رَبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وخِيفَـةً وَدُونَ الْجَهْـرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ والآصَالِ ولا تَكُنْ مِنَ الْغَافِلِينَ) (الأعراف:205) واتە : یـادی پـەروەردگارت بکـە لەدڵی خۆت دا بەلالأنەوەو ترسەوە ، بیَ دەنگ بەرزکردنەوە (لەنێوان چپەو ئاشکرادا)لەبـەیانیان و دەمەو ئێوارانداو لەبێئاگایان مەبە ..

لە فەرموودەیەکدا حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت (وآمُرُكم أنْ تذكروا الله تعالى فإن مثل ذلـك كمثـل رجل خرج العدو في أثره سراعاً حتى إذا أتى على حُصن حصين فأحرز نفسه مـنهم كـذلك العبـد لا يحرز نفسه من الشيطان إلا بذكر الله تعالى)ئیمام ئەحمەد .

واتە : فەرمانتان پێدەدەم کەیادی خوا بکەن ، نموونـەی ئـەوەش وەك ئەوەیـە کـە پیاوێـك دوژمـن بەدوایەوە بێت و ڕابکات تادەگاتە قەلآیـەکی چـاك و خـۆی تیـا حەشـار بـدات و ڕزگـاری بێـت لەدوژمنەکانی ، بەهەمان شێوەش مرۆڤێك خۆی ناپارێزیَ لەشەیتان مەگەر بەیادی خوا ..

ئامۆژگاری پیاوباشان

بەردەوام بانگخوازان وپیاوباشان ئامۆژگاری دەکەن ، تاببنە مایـەی هۆشـیاری و گەڕانـەوەی خەڵکی لەگوناهو تاوان و غافڵی ..

ئەبو درداو ڕۆژێك لەسەر مینبەری دیمەشق فەرموویی (ئەی ئەهلی دیمەشـق : ئـەریَ گـویَ نـاگرن لەبرایەکی دڵسۆزتان ؟ بەراستی ئەوانەی پێش خۆتان زۆریان کۆ دەکردەوەو بینای چاکیان دەکـرد و ، هیوای زۆریان هەبوو ، جا کۆکردنەوەیان نەماو ، بیناکانیـان بـووە قەبرسـان و هیواکانیشـیان نەهاتەدی)..

جارێکی تریش فەرمووی : سیَ شت دەمهێنێتە گریان :

ا – کەسێك کە بەدوای دنیادا ڕادەکاو مردنیش وا بەدوایەوە ..

ب–کەسێك کە بەقاقا پێدەکەنیَ و نازانیَ ئاخۆ خوای ڕازی کردووە یان نا ..

ج– کەسێکیش کەغافڵەو خواش لێی غافڵ نیە !!

بەیەزیدی کوڕی (مرثد)یان وت : بۆچی دەتبینین چاو بەگریانی ؟ لەوەڵاما وتی : برا بەڕاسـتی خوا پەیمانی داومەتیَ ئەگەر بیَ گوێی بکەم لــە دۆزەخ دا بەنـدم دەکـات ، بـەخوا ئەگـەر پـەیمانی بدامایەتیَ لەحەمامێك دا بەندم بکات ، هەق بوو جیَ بەخۆم نەگرم و هەردەم لە فەرمانبەریدابم !

ئەبوبەکری صدیق یش خوا لێی رازی بێت دەیفـەرموو : کـوان ئەوانـەی کـەجوان بـوون و بەگەنجیانەوە دەنازین ؟ کوان ئەو پاشایانەی کە بیناو کۆشکی مـەزنیان کـردو چـواردەوریان کـرد

بەشورای قایم ؟ کوان ئەوانەی لەجەنگەکاندا سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا ؟ دەورو زەمانیان گۆڕدرا و ئێستا وان لەتاریکاییەکانی گۆڕدا ، خێراکەن ، خێرا کەن ، دەست و بردکەن ، دەست و بردکەن ، (بۆ سەرفرازی دنیاو قیامەت)(الغفلة / عبدالرحمان عبدالقادر المعلمي)

پیلانی دوژمنان بۆ غافڵ کردنی موسڵمانان

دوژمنانی ئیسلام لە کۆن و نوێدا پیلانی بەردەوامیان هەیەو شەیتانەکانیان هانیان دەدەن بۆ بەردەوامی لە دژایەتی هەق و ڕاستیدا ، واتە شەیتانانی ئینس و جین یەك دەکەون و ، یەکتری تیژ دەکەن لە بڕواداران ، هەروەك قورئان دەفەرموێت : (أَلَمْ تَرَ أَنَّا أَرْسَلْنَا الشَّيَاطِينَ عَلَى الْكَافِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزّاً، فَلا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدّاً) (مريم:84) . واتە : ئایا نابینیت بەڕاستی ئێمە چۆن شەیتانەکان دەنێرینە سەر خوانەناسان ، بەگەرمی هانیان دەدەن بۆ تاوان و گوناهو خراپە و پیلان دانان ، ئەی محمد (د.خ)پەلەیان لێ مەکە ، چونکە بێگومان ئێمە بەوردی هەرهەموو کارو کردەوەیان بە ژمارە تۆمار دەکەین ..

بەڵێ .. خراپەکاران پیلانێ دادەنێن شاخ لەبن دێنێت (وقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ، فَلا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وعْدِهِ رُسُلَهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذو انْتِقَام) (ابراهيم:47) واتە : بێگومان خوانەناسان پیلان و تەڵەکەی خۆیان گێڕا ، فێڵ وفڕی زۆریان کرد ، بەڵام هەموو پیلان و فێڵیان لای خوا ئاشکراو دیارەو بەسەرخۆیاندا دەشکێتەوە ، هەرچەند پیلان و فێڵیان کێوەکانیش لەبن بهێنێت .. کەواتە ، وا حساب مەکە (ئەی محمد (د.خ))خوای گەورە بەڵێنی خۆی بۆ پێغەمبەران ناباتە سەر بەسەر خستن و لەناو بردنی کافران ، چونکە بەڕاستی خوا بالادەستە و خاوەنی تۆڵەیە لە ستەمکاران ..

بەڵێ .. دوژمنان شەوو ڕۆژ ئەدەنە دەم یەك و بەردەوام لەهەوڵدان ئەمەش بۆ غافڵ کردنی موسڵمانان و لەخشتە بردنیانە ، ئەوەتە لەخشتە براوەکان لەقیامەتدا دەڵێن : (وقَالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ والنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَا أَنْ نَكْفُرَ بِاللَّهِ ونَجْعَلَ لَهُ أَنْدَاداً وأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وجَعَلْنَا الْأَغْلالَ فِي أَعْنَاقِ الَّذِينَ كَفَرُوا هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (سبأ:33) واتە : خەڵەتاوو ژێردەستەکان وتیان بەزۆردارو دەسەڵاتدارەکان : نا ، وانیە بەڵکو پیلان و نەخشەی شەوانە و ڕۆژی بەردەوامتان بوو کە فەرمانتان پێدەداین بڕوامان بەخوا نەبێت ، هاوەڵی بۆ بڕیار بدەین ، پاشان هەمووان پەشیمانی لەدڵ و دەروونیاندا دەشارنەوە ، بەتایبەتی

کاتێك سزاو تۆڵەیان بینی بۆیان ئامادەیە ، ئێمەش چەندەها کۆت و زنجیری ئاگرینمان کردە گەردنی ئەوانەوە کە بێ بڕوابوون ، ئایا پاداشت دەدرێنەوە جگە بەوەی کە دەیانکرد ؟!

بەڵێ .. دوژمنانی هەق و ڕاستی گەرمن لەسەر دوژمنایەتی و لەسەر کپ کردنی دەنگی زوڵاڵی ئیسلامەتی ، بۆئەم مەبەستەش پارە بەلێشاو خەرج دەکرێ و تواناکان بەگەڕ دەخرێن ، ئەوەتە زۆربەی کەناڵە فەزاییەکان شەوو ڕۆژ لەکاردان ، بۆسەرقاڵ کردنی خەڵکی بەتایبەتی گەنج و لاوەکان تاخەوو خەیاڵیان ببێت بەئارەزوات و بەفیڕۆدانی تەمەن و بێ بەرنامەیی لەژیاندا ، جاهەروەك سیحرو جادوویان لێبکەن غافڵ دەبن و هەوڵی دەوێ تا بەئاگابێنەوە و سیحرەکە بەتاڵ بێتەوە .. قورئان پێیان دەفەرموێت (قل : فأنی تُسحَرون)(المؤمنون 89) واتە پێیان بڵێ : ئەوە چیتانە سحروجادوتان لێکراوە ؟!

جائێمەش بۆ بەتاڵ کردنەوەی سیحری دوژمنان و لەبەرئەوەی کە باسکردنی هیممەت بەرزان و خواناسان دەبنە مایەی هۆشیاری و بەخۆدا چوونەوە ، چەند نموونەیەکی کەسانی هۆشیارو بۆ خوا سوڵحاو باس دەکەین :

یەکەم / ئیبن سینا : ئەم زانایە سوودی لەتەمەنی وەرگرت و توانی دووسەدو پەنجا پەڕاو بنوسێت و یەکەم کەسە کەباسی پیس بوونی هەوای کردووە و یەکەم کەسە کەباسی نەخۆشی سیلی کردووە و ، ئەوروپا پێی دەڵێت (ئەمیری پزیشکان)و ، لەزانکۆیەکی فەرەنسیش دا پەیکەریان بۆ کردووە .

ئیبن سینا دەڵێت : من زۆر سوودم لەئایەتی (وکذلك جعلناكم أمة وسطا)کردو ، لێیەوە فێر بووم کە هەموو شتێ ئەمسەروئەو سەرێکی هەیەو (وسط) یشی هەیە ، بەگەڕان بەدوای (وسط)دا زۆر ئەنجامی باشم بەدەست هێناو ئەگەر شتێکم لێ عاسی ببوایە ، دووڕکات نوێژم دەکردو دوعام دەکرد تیایدا و دەمووت : ئەی ئەو خوایەی کەمنت کردووە بەئوممەتی (مصطفی) **(د.خ)**، کە ئوممەتی (وسط)و میانڕەوە ، هیدایەتم بدە ..

دووەم / عەباس کوڕی فیرناس : ئەم زانایەش هەرلەمناڵیەوە قورئانی لەبەر کردو کە گەورە بوو ، زۆر وەستا لەخزمەتی ئایەتی (یامعشر الجن والانس إن استطعتم أن تنفُذُوا مِن أقطار السماوات والارض فانفذوا لاتَنْفُذُون إلا بسلطان)(الرحمان)داو پرسیاری کرد : کەس ئەم ئایەتەی هێناوەتەدی ؟؟وتیان : کەس شك نابەین ، وتی : من ئەمەوێ یەکەم کەس بم کەئەمە بهێنمەدی .. کەوتە بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکارێك بۆ فڕینی ئادەمیزادو لەسەر خۆی

تاقیکردەوە .. ڕۆژێك خەڵکی (قرطبە)ی کۆکردەوە و لەبەرزاییەکەوە وەستاو پەڕو باڵی بۆ خۆی دروست کردبوو ، پێی وتن : ئێوە شایەتم بن لەقیامەتدا کەهەوڵم داوە ئەو ئایەتە بهێنمەدی ...

هەرچەند هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو ، نەیتوانی بفڕێت و قاچی شکا ، بەلاّم تا تەمەنی هەشتا ساڵی ژیاو هەوڵەکەی بوو بەبەردی بناغەی بیرکردنەوە بۆ فڕینی ئادەمیزاد ، تالە دوای خۆی زیاتر پەرە بەو کارە دراو پاش چەندەها سەدە ئەوە فڕۆکە کە بەئاسمانەدا دەفڕێت و ڕێی دوور نزیك دەکاتەوە !

بەڕاستی تێگەیشتنێکی جوانە ، دەیەوێ (مُبدع)و داهێنەربێت ، دەیەوێ ڕوو سووری قیامەت بێت و خەڵکی شایەتی بۆ بدەن کە هەوڵی داوە ، دیارە خوای گەورەش هەوڵی خێری کەس بەزایە نادات ..

سێیەم / ئیبن خلدون : ئەم زانایەش (علم الاجتماع)ی دامەزراند و دەڵێت ئایەتی (قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ، هَذَا بَيَانٌ لِلنَّاسِ وهُدىً ومَوْعِظَةٌ لِلْمُتَّقِينَ) (آل عمران:138) وای لێکردم ، کەهەوڵ بدەم جێبەجێ ی بکەم و ئەم زانستە دابمەزرێنم ..

چوارەم / محمد الفاتح :

حەزرەت (د.خ)هەرزوو هەواڵی دابوو کەئەو سوپایەی فەتحی قسطنطينيە دەکات سوپایەکی چاکەو ئەمیرەکەشی ئەمیرێکی چاکەو خوا لێیان خۆش دەبێت .. ئەمەش وای کرد کە موسڵمانان چەند جار هەوڵی گرتنی بدەن ، لەهەشت سەد ساڵدا دەجار هەوڵی بۆ درا ، تەنانەت ئەبو ئەیوبی ئەنصاری لەسوپای (یزید)دابوو کە دەوری ئەو شارەیان بۆ چەند ساڵێك دا ، سەرەنجام ئەبو ئەیوب نەخۆش کەوت و وەسیەتی کرد کە تاکوێ نزیك بوونەوە لەقەلاّکە لەوێدا بینێژن ، لێیان پرسی بۆ حەزدەکەی لەنزیك قەلاّکە بنێژرێیت ، فەرمووی : بۆ ئەوەی کە بە پێغەمبەر (د.خ)گەیشتمەوە من نزیکترین کەس بم لەقەلاّکەوە و سابەڵکو لەگەڵ ئەو سوپایەدا حەشر بکرێم کە فەتحی دەکەن ..

قسطنطينيە گرتنی ئاسان نەبوو چونکە دوولای ئاوبوو وە پێنج سەد کەشتی جەنگی پاسەوانیان دەکرد .. شوێنەکەی زۆر گرنگ بوو ، ناپلیۆن وتبووی : ئەگەر هەموو دنیا ولاّتێك بێت ، باشترین پایتەخت بۆی (قسطنطينيە) یە .

محمد فاتح هەر لەمناڵیەوە بلیمەت بوو ، پێنج زمانی دەزانی ، مامۆستاکەی پێی وت : من وادەزانم تۆ ئەو ئەمیرەیت کەفەتحی قسطنطينيە دەکەی ..

لەبیست و سێ ساڵیدا باوکی مردو ئەم بوو بەخەلیفە ..
لەشارەزایانی پرسی هۆی چیە قسطنطینیه فەتح ناکرێ وتیان لەبەرسێ هۆ :
1) ئەوان لەقەڵای قایم دان و ئەو سوپایەی کەدەچێت لەدەشتێکی کاکی بەکاکی ڕووت دا ناتوانێ خۆی بگرێ و ناتوانرێ بەئاسانیش قەڵا دروست بکرێت .
2)قەڵاکانیان بەرزەو بەتۆپی قورس نەبێ کاری تێناکرێت ..
3)زنجیری ئاسنیان لەو ئاوەدا داناوە کە لەدەوری قەڵاکەیەو کەشتی ناتوانێ پیا بڕوات ..
هیممەتی مەردانەی محمد فاتح کەتەمەنی گەیشتبووە (25)ساڵێك کەوتە کارو لەسێ مانگدا قەڵایەکیان بەرامبەر قەڵاکانی ڕۆمەکان دروست کرد ، پێش ئەوەی زستان بێت بەسەریاندا .. بۆ دروستکردنی تۆپی قورسیش وتیان زانایەکی شارەزای مەجەڕی هەیە لەلای ڕۆمەکان بەندەو کارەکەش بەو دەکرێت ، وتی :ئاسانە ئازادی دەکەین و دەیفڕێنین ..
ئەوەبوو کە سی بلیمەت و ئازای ناردو توانیان ئەو زانایە لەبەندیخانەدا دەربکەن وبیفڕێنن و بیهێنن بۆلای سوڵتان محمد فاتح .. ئەو زانایەش تۆپی قورسی بۆ دروستکردن تا بگاتە قەڵاکان و هەر (تۆپ)ێکیش سەد کەسی بەدەورا بوو ..
ئنجا بۆ ڕزگار بوون لەزنجیرەکانی ناو ئاوەکە ، درەختی ئەو ناوەی بڕیەوەو چەوری کردن و حەفتا کەشتی بەسەر ئەو دارانەدا ڕاکێشا بەناو دەشت ودۆڵ و شاخدا لەلایەکی ترەوە لەپشت زنجیرەکانەوە خستنیەوە ناو ئاوەکە ..
ئەم کارەشی لەیەك شەودا جێ بەجێ کردو بەیانی زوو لەناکاو پەلاماری کەشتی یەکانی دوژمنی داو زۆربەیانی سوتاند ..
(محمد فاتح)زۆر هانی سەربازەکانی دەداو ورەی بەرزدەکردنەوە ، پێی دەوتن : حەز دەکەن شوێنکەوتەی حەزرەت بن (د.خ)، ئەمشەو زۆر سەڵاوات بدەن لەسەر گیانی ئەو زاتە ، ئەمشەو فەرموودەیەکی حەزرەت (د.خ)دێنینە دی ..
ئنجا داوای لێکردن کەئەو شەوە پێش ڕۆیشتن یەکی دووڕکات نوێژ بکەن و دوعا بکەن خوا کارەکەیان بۆ ئاسان بکات ..
(محمد الفاتح)پاش ئەوەی کەسەرکەوت وتی : من بەدووشت سەرکەوتم :
1)دڵێکی ڕەقم هەیە وەك بەرد نەرم نابێ هەتا ئەوەی دەمەوێ جێ بەجێ ی دەکەم .
2)دووچاوی فرمێسك ڕێژم هەیە کە لەترسی خوا ئەسرین دەڕێژێ ..

ئەم پیاوە مەزنە ، چەند جار دوژمنان پیلانی کوشتنیان دانا ، هیچی سەری نەگرت ، تاپزیشکێکیان نارد کە خۆی لەسوڵتان نزیك کردەوەو پزیشکی تایبەتی بوو ، کەم کەم ژەهری ئەدایە تا لە لەشیا زۆر بوو بەوە شەهید بوو ، ئنجا نامەی نارد بۆ وڵاتەکانی دەرەوە و مژدەی دانیێ و تیا نووسی (هەڵۆی بەرزە فڕی ئیسلام مرد).. (هەروەك لەبەهاری دڵان دا بەدرێژی باسم کردووە).. (بەرنامەی صناع الحیاة / عمرو خالد)

وانەیەک لەمێرووڵەوە

لەدارستانەکانی ئەمازۆن دا جۆرێك مێرولە هەن ، کە (500)هەزارێکیان بەیەکەوە دەژین و کارەکانیان دابەشکردوە و هەرکەسەو بەکاری خۆی هەڵدەستیێ زۆر بەچاکی و بەبیێ وەستان ..

هەندێکیان ڕێگا دەکەنەوە و پاکی دەکەنەوە بەبەردەوام ،هەندێکیان دەڕۆن بەسەر درەختەکاندا سەردەکەون و پارچە گەڵاێ دەبڕن بەهۆی دوو چەقۆوە کە بەدەمیانەوەیەوەو بەمادەی (زنك)داپۆشراوە ..

ئەو پارچە گەڵایەی کە هەڵی دەگریێ و بەخێرایی دەیهێنێت وەك ئەوە وایە کەسێك دووسەدو پەنجا کیلۆی بەکۆڵەوە بێت وبەخێرایی پێنج کیلۆ مەتر بڕوات لەدەقیقەیەکدا ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ مرۆڤدا .

جۆرێك هەنگ ئەم مێرولانە دەخۆن بۆیە هەر پارچە گەڵایەك کە هەڵی دەگرن مێرولەیەکی پێوەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر هەنگە کە نزیك بۆوە بەرگری بکات لەو مێرووڵەیەی کە گەڵاکەی هەڵگرتووە ..

ئەو گەڵایانە کە دەبڕن دەیهێننەوە بۆ مەملەکەتەکەی خۆیان کە لەپێنج مەترەوە تاهەشت مەتر دەبێت و ژووری تایبەت و ڕیێی تایبەتی تیایەو بەشێوەیەکی ئەندازەیی زۆر ڕێك و پێك دروستکراوە ..

هەندیێ لەمێرووڵەی تر ماددەی (مضاداتی)ی (انتیبایوتیك) لەدەمیەوە دەردەدات و گەڵاکانی پیێ پاك دەکاتەوە ، نەوەکو بەکتریای پێوە بێت و نەخۆشی بڵاو بکاتەوەو ژیانیان لێتێك بدات ..

ئنجا هەندێکی تریان گەڵاکان ورد دەکەن بۆ ئەوەی کەڕوو(فطریات)ی لیێ دروست بیێ و پاشان ئەمان ئەو (فطریات)ە دەخۆن .. پاشماوەی گەڵاکانیش کە سوودیان نیە ، هەندیێ مێرووڵەی تر فڕیێی دەدەنە دەرەوە.

مێروولەی تریش هەن کاریان پاسەوانی مەملەکەتەکەیەو ئەگەر شتێکی نامۆ نزیك ببێتەوە پەلاماری دەدەن و گازی لێدەگرن و وازی لیٚ ناهێنن و دەمی لیٚ بەرنادەن ئەگەر تیاش بچن کە ئەمەش ئەو پەڕی گیانفیدایی یە ..

جائەو وانەیەی لەم مێرولانەوە وەری دەگرین ئەوەیە ئەم گیانلەبەرە بچکۆلانەیە بە فیترەتی خۆی وا دروست بووە کەئەو ژمارە زۆرەوە بەیەکەوە بژین و ئاوا کارەکانیان دابەش بکەن و زالٚ بن بەسەر خۆخۆیی دا .. جابەڕاستی پێکەوە ژیان و خۆ گونجاندن لەزۆر لایەنی تری ژیانی گیانلەبەراندا دەیبینین ،بۆیە هەق وایە بڕواداریش خۆی بگونجێنیٚ لەگەلٚ هاوبیرەکانیداو بەکارەکانیان یەکتری تەواو بکەن ، تاشەیتان و شوینکەوتوانی شەیتان نەتوانن زەفەری پیٚ بەرن و بەرەو غەفلەتی بەرن ..

حەزرەت (د.خ)فەرموویەتی : شەیتان لەیەکێکەوە نزیکەو لەدوانەوە دوورترە ولەسیانەوە زیاتر دوورە، هەروەها فەرموویەتی : (المؤمن يألف ويُؤلف لاخير فيمن لا يألف ولايُؤلف)واتە : بڕواداری ڕاست خۆی دەگونجێنیٚ و پەیوەندی دەبەستیٚ لەگەلٚ خەلٚکیداو خێر لەوەدانیە کە دوورەپەرێزەو نەگونجاوە و لەگەلٚ خەلٚکدا دەرنابات ..

(بەرنامەی روعه الخلق / اقرأ – فليمى دۆبلاژكراوى الاعجاز فى النملة /ئارا)

دوا وتە

لەکۆتایی ئەم گەشتە ئیمانی یەدا وەرن هەروەك حەزرەت (د.خ)بادوعا بکەین و بلێین (اللهم إني أعوذ بك من العجز والكسل ، والبُخلِ والهَرَم ، والقسوة والغفلة ، والعيلة والذلة والمسكنة ، وأعوذ بك من الفقر والكفر ،والفسوق و الشقاق والنفاق و السمعة والرياء ، وأعوذ بك من الصمم والبكم والجنون ، والجذام والبرص وسئ الاسقام) رواه الطبراني في الصغير . دوعایەك كە لەدلێکی هوشیارەوە بێت سابەلٚکو خوای گەورە بەرەحمی خۆی لێمان وەرگرێت ، چونکە دوعای غافلان بستێك بەرزنابێتەوە (لايُقبل الدعاء من قلب غافل لاه) الالبانى السلسلة الصحيحة 594 .

سەرچاوەکان

1–الغفلة /عبدالرحمان عبدالقادر المعلمى
2–القنبلة/يهود مسخهم الله قردة وخنازير /محمد عيسى داود
3–الحيل الشرعية بين الحظر والاباحة / نشوة العلوانى
4–بەرنامەی /صناع الحياة /عمرو خالد

ناوەرۆك

ژیــانـەوە

بەرگی پێنجەم

دەنگی نەرمی پێی ئاو

کاتێ ئـاو ڕێـی خۆی دەگـرێ
ڕەنگە بەردێ ڕێ ی لێ بگرێ
ئەویش هێمنانە ئەگەر بۆی بکرێ
خۆی لائەداو بەزمانی حاڵ دەڵێ:
(سلام عليكم لا نبتغي الجاهلين)
دیسانەوە ملی ڕێ دەگـــرێ
ئەگەر بەربەستێکی گەورەتری هاتە ڕێ
پەنگ دەخواتـەوەو ماوەیـەك دان بـەخۆیدا دەگـرێ
تا تواناکانی کۆ دەبێ و بەسەر بەربەستا زاڵ دەبێ
زۆر جاریش ئەوەی ڕێ بگرێ و بکەوێتە ململانێ
ئاو ئەوەندە بەهێزە ڕای دەماڵێ
هەندێ جاریش کەف ئاسمانی لێ دەگرێ
ئەوەی ناحاڵی و نەفام بێ وادەزانێ
جارێ تر ڕووی جوانی ئاو نابینرێ
کەچی هێندەی پێناچێ
کەف لادەچێ
ئەوەی دەمێنێتەوە ئاوە ،
ژیانەوەو خێرو بێرە
هەروەك کە قورئان دەفەرموێ
(فأما الزبد فيذهب جُفاءاً وأما ما ينفع الناس فيمكث في الأرض، كذلك يضرب الله الأمثال)..

پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خـوای پـەروەردگاری جیهـان و درووودوسـەلام لەسـەر گیـانی سەرداری پێغەمبەران و یارو یاوەران و شوێن کەوتوان ..

(ژیانەوە)ئەم جارەش بەکۆمەڵێ باس و خواسـی ئیمانیـەوە دێتـەوە بەردیـدەی هـۆگرانی، کـە تەوەرەکەشی بریتییە لـە باسی بڕواداری ڕاست و دروست و تەواولـەژێر ڕۆشنایی ئەم چەند ئایەتەدا کە دەفەرموێت:(قَالَتِ الأعْرَابُ آمنَّا قُلْ لَم تُؤمِنوا ولكِنْ قُولوا أسْلَمْنَا ولَمَّا يَدْخُلِ الإيمانُ في قُلُوبِكُمْ وإنْ تُطِيعُوا اللَّه ورَسُولَهُ لا يَلتكُم مِنْ أعمالِكُمْ شَيَئاً إنَّ اللَّه غَفُورٌ رَحِيمٌ) (الحجرات: 14)

واتە: هەندێك لـە بیابان نشینە عەرەبەکان وتیان : باوەڕمان هێناوە، پێیان بڵێ : نەخێر، باوەڕتان نەهێناوە، بەڵام بڵێن : بەناچاری موسوڵمان بووین، هێشتا باوەڕ نەچۆتە نـاو دڵـەکانتانـەوەو تیایـدا جێگیر نەبووە ، خۆ ئەگەر بەڕاستی ئێوە گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەر بن، ئەوا خوای گـەورە لـە پاداشتی چاکەکانتان هیچ کەم ناکاتەوە، چونکە بەڕاستی خوا لێخۆشبووی میهرەبانە.

ئینجا قورئان دێتە سەرباسی بڕواداری ڕاست و دروست و تەواو﴿ إنَّما الْمُؤمِنُون الَّـذينَ آمَنُـوا باللهِ ورَسُولِه ثُـمَّ لَـمْ يَرتـابُوا وجَاهَـدُوا بـأَمْوالِهِم وأنفُسِـهِم في سَـبيلِ اللهِ أُولئِـكَ هُـمُ الصَّـادِقُون ﴾ (الحجرات:15) واتە: بێگومان بڕوادارانـی ڕاسـت ئەوانـەن کـە باوەڕیـان بـەخواو پێغەمبەرەکـەی هێناوەو پاشان نەکەوتونەتە هیچ گومان و دوودڵیەکەوە، بەخۆیان و سەروماڵیشـیانەوە تێکۆشـاون لەپێناو ئاینی خوادا، تەنها ئائەوانە ڕاستن.

ئنجا دەفەرموێت﴿ قُلْ أتُعَلِّمُونَ اللَّه بِدِينِكُم واللَّهُ يَعْلَمُ ما في السَّماواتِ وما في الأرضِ واللَّهُ بِكُلِّ شيءٍ عَلِيمْ ﴾ (الحجرات:16) واتە: ئەی محمد (د.خ) پێیان بڵێ: ئایا ئێوە خـوای گـەورە لـەئاینی خۆتـان ئاگادار دەکەن و دەڵێن بڕوادارین، لـەحاڵێکدا (ئێوە قسە بکەن یان نەیکەن) خوا ئاگـادارو زانایـە بەهەرچی لـە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، خوا بەهەموو شتێك زاناو ئاگادارە؟!

ئنجا کە خوا بەهەموو شت ئاگادارەو دەزانێ ئیمان و بڕواکەیان چۆنە دەفەرموێت:

﴿ يَمُنُّونَ عَلَيكَ أنْ أسلَمُوا قُلْ لاتَمُنُّوا عَلَيَّ إسْلامَكُمْ بَلِ اللَّه يَمُنُّ عَلَيكُمْ أنْ هَدَاكُمْ للإيمَانِ إنْ كُنْـتُمْ صادِقِينْ ، إنَّ اللهَ يَعْلَمُ غَيبَ السَّماواتِ والأرضِ واللهُ بَصِيرٌ بِما تَعمَلُون﴾ (الحجرات:18) واتە: ئەوانە منەت دەکەن بەسەر تۆدا کە موسوڵمان بوون، پێیان بڵێ: منـەتم بەسـەردا مەکـەن کەموسـوڵمان بوون، بەڵکو خوا منەت دەکات بەسەر ئێوەدا کە هیدایەتی داون بـۆ ئیمـان و بـاوەڕ ئەگـەر ئێـوە

ڕاست دەکەن لەئیمانەکەتاندا، بەڕاستی خوا نهێنی و شاراوەکانی ئاسمان و زەوی دەزانێت ، هەروەها خوا بینایە بەهەموو ئەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن ...

بەڵێ : خوای گەورە مسقاڵە زەڕەیەك و کەمتر لەوەشی لێ وون نابێت لەم گەردوونە بەر فراوانەداو ئاگای لە ئیمان و بڕوای بڕوادارانەو ئەشزانێ کێ بەڕووکەشی موسوڵمان بووەو ئیمانی دانەمەزراوە ، جا بۆیە با هەوڵ بدەین دڵ و دەروونمان بەچاکی ئیمان بچێژێ و ، دوودڵی و ڕاڕایی واز لێبهێنین و ئێمەش وەك عەرەبە دەشتەکیە نەفامەکان منەت نەکەین و، بزانین کە خوا خاوەن منەت و فەزڵە بەرامبەر بەئێمەو هەردەم سوپاس گوزاربین.

مەرجەکانی بڕوای تەواو

1- بڕوابوون بەخواو پێغەمبەرەکەی و نەبوونی گومان و دوودڵی.

2- تێکۆشان لە ڕێی خوادا بەسەروماڵ.

زانای پایە بەرز(إبن تیمیە) لەبارەی ئەو بڕوادارانەوە کە جیهاد ناکەن دەڵێت:ئەوانە ڕاستە وازیان هێناوە لەخراپەکردن، بەڵام (مجاهد)نین و تێناکۆشن بۆ نەهێشتنی خراپە (حَتى لاتكون فتنةً ويكون الدين لله) تاوەکو فیتنە نەمێنێ و هەموو بەرنامە بەرنامەی خوا بێت) الفتاوی (ج15 ، ص240).

هەروەها(إبن قیم)یش دەڵێت: (لەغافڵبوونتە لە نەفسی خۆت، وە لەئەنجامی دووریتە لە خوا،کەدوور دەکەویتەوە لەوەی خوا پێی ناخۆشەو،کەچی فەرمان نادەی بەچاکەو جڵەوگیری ناکەی لەخراپە، لەترسی خەڵکی کە لەڕاستیدا هیچیان پێناکرێ بەرامبەرت و ناتوانن سوود یان زیانت پێبگەیەنن مەگەر بەئیزنی خوا) الجواب الكافي ص44...

گۆڕانکاری

هەوڵدان بۆ گەیشتن بەبڕوای تەواو پێویستی بە خۆ گۆڕین و (ئیرادە)یە، پێویستی بەگۆڕانکارییە لەژیانیدا، قورئان دەفەرموێت :﴿ ذِلِكَ بِأَنَّ اللهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّراً نِعمَةً أنْعَمَها عَلى قَومٍ حتى يُغَيِّرُوا ما بِأَنْفُسهِم وأنَّ الله سميعٌ عَليمٌ ﴾ (الأنفال:53) واتە: بێگومان خوا هیچ نازونیعمەتێکی نەگۆڕیوە کەبەخشیبێتی بەهەر گەلێك، هەتا ئەوان ئەوەی بەخۆیان دەکرێت نەیگۆڕن، بەڕاستی خوای گەورە بیسەرو زانایە ...

یان دەفەرموێت :﴿ إنَّ اللهَ لايُغَيِّرُ ما بقومٍ حتى يُغَيِّروا ما بِأَنفُسِهِمْ ﴾ (الرعد:11)

واتە: بەڕاستی خوا بارودۆخی هیچ گەلێك ناگۆڕێت، تا حاڵی خۆیان نەگۆڕن و ئەوەی فەرمانیان پێدراوە نەیکەن..بەڵێ مێژووش ئەوەی سەلماندووە کەمرۆڤ ناتوانێت داهاتوویەکی پرشنگدار و

شارستانێتییەکی پێشکەوتوو بۆخۆی بنیات بنێت، تاوەکو مرۆڤەکان دڵ و دەروونیان چاك نەکـەن و لەخۆیانەوە دەست پێنەکەن...

گۆڕانکاریش پێویستی بەجددیەت و بەرنامە ڕێژی هەیـەو ئینجـا لـەگـەڵ بـەکارهێنانی هـەموو هۆکارێکدا دەبێت پشت بەخوا ببەستێ ﴿ فإذا عَزَمتَ فَتَوَكَّل على اللهِ إنَّ اللهَ يُحِبُّ المتَوَكِّلِينَ ﴾ (آل عمران : 159) ...

ئنجا لـەم هەوڵـەشدا نابێت کۆڵ بدات، بەڵکو تووشی هەرچی بوو، یان هـەر جارێـك کـەوت، دەبێت هەستێتەوەو خۆی بتەکێنێت و دەست پێبکاتەوە ، دەڵێن: کابرایەك ئەسپێکی پیری دەبێـت ، دەکەوێتە چاڵێکی قوڵـەوەو هەرچی دەکات بۆی دەر نایەتەوە، بۆیە دڵی نایە هەروا بـەجێی بهێڵـێ لە برسا بمرێ، بڕیار دەدات لـەگـەڵ یـەك دوو برادەریـا کـە خـۆڵ بکـەن بەسـەریا، دوای ئـەوەی بەخاکەناز خۆڵ دەکەن بەسەریا پاش ماوەیەك هەرگوێیان لــەدەنگی ئەسـپەکە دەمـێنێ لایـان سـەیر دەبێت، کەسەیر دەکەن چی ئەمان خۆڵ دەکەنە سەر پشتی ، ئەو خـۆی دەتـەکێنێ و دەیکاتـە ژێـر پێیەوە و خۆی پێ بەرز دەکاتەوە ، وردە وردە تا بەرز دەبێتەوە و دوایی دەری دەهێننەوە... جائەمە حیکمەت و ژیری ئەسپەکە بوو کە بەڕاستی لەلای مرۆڤیش هەروایە...

گۆڕانکاری لێزانینی دەوێت

شێخێکی بەتوانا هەبوو مەشقی بە قوتابیەکانی دەکرد لـەسـەر بانگـەواز کـردن، شـەش مـانگ لەباری تیۆری و سێ مانگ لەبواری پراکتیکدا، خوێندکارێك کەلەبەرنامـەی تیۆریـدا سـەرکەوتو بوو چاوەڕێی سێ مانگی بەرنامەی پراکتیکی نەکردو چوو بۆ گوندێکی دوور بۆ بانگـەواز کـردن، لەیەکەم هەینیدا ئیمامی مزگەوتەکە کە پیـاوێکی نەشـارەزا بـوو، لــە وتارەکەیـدا کۆمـەڵێ شـتی باسکرد کەناتەواو دوور بوون لە ڕاستیەوە، دەمودەست خوێندکارەکە هەستاو هاواری کرد: (ئەم ئیمامە درۆزنەو نەخواو نەپێغەمبەر (د.خ) شتیان وایان نەوتووە)، ئیمام بەرپەرچی دایەوە کە ئەم لاوە کافرەو شایەنی سزادانە !!

نوێژکەران کەوتنە لێدانی لاوەکە و هەموو گیانیان شـکاند، پاشـان خوێندکارەکـە گەڕایـەوە لای شێخەکەی بەسەروچاوی شکاوەوە . شێخ پێی وت ڕێگام بدە نموونەیەکی چاکت نیشـان بـدەم بـۆ بانگەواز کردن ...

ڕۆژی هەینی داهاتوو بەیەکەوە چوونەوە هەمان مزگەوت، بینیان ئیمـامی مزگەوتەکـە لەسـەر هەمان شێوازی پێشوو وتاری دەخوێندەوە ، پاش ئەوەی شێخ گوێی لە وتارەکە گرت هەستاو وتی:

(خەڵکینە ئیمامەکەتان لەو کەسانەیە کە بەبەهەشت شاد دەبن و هەرکەسێك بتوانێت تاڵێك موو لەرِیشی بکاتەوە دەچێتە بەهەشتەوە)، خەڵکەکە هەر ئەوەندەی ئەوەیان بیست بەخێرایی پەلاماری رِیشی ئیمامیان داو دەستیان کرد بە هەڵکێشانی مووەکانی رِیشی، هەتا هەموو دەموچاویان کردە خوێن و مووی رِیشیان هەموو هەڵکەند، لەو کاتەدا شێخ بەچرپە بە ئیمامەکەی وت: (واز دێنێت لەوتاری ناتەواو نادروست ؟ یان سزای ترت دەوێت ؟) (ل 23 مەشقی رِێبەری سەرکردەیی).

بەڵێ بەرِاستی بانگەواز کردن و خراپەگۆرِین لێزانینی دەوێت و، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لەزەمانێکەوە بۆ زەمانێکی تر دەگۆرِدرێت.

عەمر خالید دەڵێت: لە لەندەن دەگەرِامەوە، لە فرِۆکەدا لاوێك لەلامەوە بوو، دیاربوو گوێی بەهیچ حەرام و حەڵاڵێك نەئەداو منیش لەباسی خراپی زیناکردندا پێموت: تۆ پێت خۆشە دایکت زینا بکات؟ تۆ پێت خۆشە خوشکت زینا بکات؟ تۆ پێت خۆشە کچەکەت زینا بکات؟ وەڵامێکی دامەوە کە سەرسامی کردم !؟ وتی: جا چییە ئەوە ئازادی خۆیانە !! بەرِاستی تێگەیشتم کەئەو زەمانەی حەزرەت (د.خ) ئەم حیوارەی کرد لەگەڵ لاوێکداو پێی چارەسەر بوو جیاوازە لەم زەمانەی ئێمە، ئەوسا رِەوشت و خوو بەم جۆرەی ئێستای لێنەهاتبوو! ئێستا دەبێت لەلای ترەوە بۆ مەسەلەکە بچین و بەزمانێکی تر بدوێین!

بەهەشتی هەتاهەتایی

قورئانی پیرۆز گرنگی داوە بە باسی بەهەشت و، هەرچیش بوترێ لە بارەیەوە بۆ ئەوەیە لە تێگەیشتنی مرۆڤ نزیك ببێتەوە شتێکی لێ تێبگات ، لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە (أعددت لعبادی ما لا عين رأت و لا أُذن سَمِعَت و لاخطر على قلب بشر) واتە : ئامادەم کردووە بۆ بەندەکانم لە بەهەشتدا شتێك کە نەچاو دیویەتی و نە گوێ بیستویەتی و نەهەرگیز بە خەیاڵی کەسدا هاتووە.

حەزرەتیش (د.خ) بە فەرمودەکانی هاوەڵاکانی پەروەردە کرد لەسەر ئەوەی کە بۆ بەهەشت بژین، بەبێ ئەوەی دنیا فەرامۆش بکەن ،بۆنمونە دەفەرموێت﴿من خافَ أدلج،ومن أدلج بلغ المنزل،ألا ان سلعة الله غالية،ألا ان سلعة الله الجنة﴾واتە: هەرکەس بترسێ لەوەی کە لە کاتی پێویستدا نەگاتە جێ، شەونخونی دەکات و دەمەوبەیان و لەکاتی فێنکدا سەفەر دەکات، هەرکەسیش وا بکات دەگاتە جێ ، بەرِاستی کەل و پەلی خوا بەنرخە (کە دەبێ هەوڵی دەست خستنی بدرێ) بەرِاستی کەل وپەلی خوا بەهەشتە...

خوای گەورە سەرو ماڵی داوەو هەر خۆشی دەیکڕێتەوە بەبەهەشت: ﴿ انَ اللهَ اشترى من المؤمنينَ أنفسهم وأموالهم بأَنَ لَهُم الجَنةُ يُقاتلُونَ فى سبيلِ اللهِ فَيَقتلُونَ و يُقتلونَ وعداً عَلَيهِ حَقاً فى التَوراةِ والانجيلِ و القرآنِ ومَن أوفى بعَهدِهِ مِنَ اللهِ فَاَستبشروا بِبيعِكُم الذِى بايَعتُم بِهِ و ذَلِكَ هُو الفَوزُ العظيمُ﴾(التوبة:111)

واتە / بە ڕاستی خوا ماڵ وگیانی لە ئیمان داران کڕیوە بەوەی کەبەهەشت بۆ ئەوانە ، ئەوانە دەجەنگن لە پێناوی ئاینی خوادا، دوژمنانی خوا دەکوژن، یان دەکوژرێن و شەهید دەبن، ئەو پاداشت و بەڵێنە بەڕاستی لەسەر خوایەو باسکراوە لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا ، جاکێ هەیە وەك خوا بەوەفا بێت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، کەواتە زۆر دڵخۆش و کامەران بن بەو مامەڵەیەی کە ئەنجامتان داوە بەو کڕین و فرۆشتنەی کە لەسەری ڕێکەوتوون ، بێگومان هەر ئەوەشە سەرفرازی و سەرکەوتنی نەبڕاوەو بی سنوور.

کاتێك پێغەمبەر(د.خ) لە پەیمانی عەقەبەدا پەیمانی بەست لەگەڵ هاوەڵاندا کە دینی خوا سەربخەن و سەرو ماڵیان بەخت بکەن ، وتیان: چیمان بۆ هەیە بەرامبەر بەوە ؟ فەرمووی : بەهەشت.

بەهەشتت لە بەرچاوبێت

1-(عبدالله کوڕی ئونەیس) لاوێك بوو، حەزرەت (د.خ) بەکارێك ناردی ، کە هاتەوە هەر لە دورەوە حەزرەت (د.خ) فەرمووی : چیت کرد؟

وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئیشەکەم جێبەجێ کرد؟

حەزرەت (د.خ) فەرمووی : بەخوا بەخشیشێکت ئەدەمێ.

عبدالله وەستا وحەزرەت (د.خ) چووە ماڵەوە و هاتە دەرەوە پارچە دارێکی بچوکی دایەو فەرمووی: ئەم دارە هەڵگرە با لە قیامەتدا ئەمە لەنێوانماندا بێت بەوە دەتخەمە بەهەشتەوە...

ئەویش وتی : بەخوا دەبێت شەوو ڕۆژ پێم بێت و کە مردیشم بخرێتە گۆڕەکەمەوە !

2- کاتێك لە شەڕی مؤتە دا سێ سەرکردە شەهید بوون ، زەیدی کوڕی حارثە و جەعفەر و عبدالله ی کوڕی ڕەواحە ، حەزرەت (د.خ) موسوڵمانانی کۆکردەوە لە مەدینەو فەرمووی : ئەوا زەید شەهید بوو دەیبینم لە بەهەشتدا، ئەوا جەعفەر شەهید بوو دەیبینم لە بەهەشتدا ئەوا عبدالله ی کوڕی ڕەواحەش شەهید بوو دەیبینم لە بەهەشتدا ، ئەوا شمشێرێك لە شمشێرەکانی خوا بوو بە سەرکردەیان و ...هتد...ئەمەش بۆ خۆی پەروەردەیەکی گرنگە لەسەر ژیان بۆ بەهەشت...

3- حەزرەت (د.خ) بە هاوەڵانی فەرموو: ئوحود شاخێکی بەهەشتە و ئێمەی خـۆش دەوێ ئێمـەش خۆشمان دەوێت ، بۆ ئەوەی هەرچەند ئوحودیان بینی بەهەشت بێتە بەرچاویان.
هەروەها فەمووی : نێوان ماڵـەکەم و مینبەرەکەم باخێکە لـە باخەکانی بەهەشت ، بۆ ئـەوەی زیـاتر بەهەشت لـە هەست و هۆشیاندا بێت و کاتێ لـەو شوێنەدا دانیشتن زیاتر هەست بە بەهەشت بکەن.
4- ڕۆژێك حەزرەت بەلاوێکی فەرموو کە ناوی حارثة بوو،(کیف أصبحت یا حارثه ؟!) ... حارثه چۆنیت؟.. وتی:أصبحت مؤمناً حقاً یا رسول الله.. بوومەتە بڕوادارێکی تەواو ئەی پێغەمبەری خوا..
ئەویش فەمووی بزانە دەڵێی چی؟ هەموو قسـەیەك بەڵگـەی دەوێ ، بەڵگـەی تـۆ چـییە لـەسـەر قسەکەت؟

وتی :وام لێهاتووە بە ڕۆژ بە ڕۆژووم و بە شەویش شەو نوێژ دەکەم و هەروەك عەرشـی خـوا بەسەر سەرمەوە ببینم وایە، بەهەشت لـەبەر چاومە کە چاکەکاران لـە ناز و نیعمەتدان و دۆزەخیش لـە بەر چاومە کە خراپەکاران سزا دەدرێن تیایدا...حەزرەتیش فەرمووی (عرفت فـالزم، عبـد نَـورَ الله الایمان فی قلبه) ڕێی خۆت دۆزیوەتەوە بەردەوام بە ، بە ڕاستی عەبدێکیت خوا نـوری خسـتۆتە دڵتەوە...

ئەم حارثە یە لـە غەزادا شەهید بوو دایکی هاتە لای حەزرەت و وتی : حارثە جێو ڕێـی چـۆن دەبێت؟ ئەگەر لـە بەهەشتایە با دڵخۆش بم وئەگەر واش نی یە با شیوەنی خۆمی بۆ بکەم ! حەزرەت (د.خ) فەرمووی: (أجنة هی ، بـل هـي جنـان ، وإن ابنـك أصـاب الفـردوس الأعلـى) واتـە : هـەر بەهەشت ، بگرە چەندەها بەهەشت، کوڕەکەی تۆ بەڕاستی لـە فیردەوسـی ئەعلادایـە، دایکەکـەش ڕۆیشت و لـەبەر خۆیەوە دەیوت: (بخٍ بخٍ لك یا حارثه) بەه بەه بۆ خۆت و جێت ئەی حارثە...
5- ڕۆژێك حەزرەت (د.خ) بە هاوەڵانی فەرموو : کێ لـە ئێوە چۆتە بەهەشتەوە؟ عبدالله ی کـوڕی عومەر وتی: من !

حەزرەتی عومەر کەلـەویا بوو وەڵامەکەی عبدالله ی کوڕی لا سەیر بوو، ئنجا حـەزرەت (د.خ) فەرمووی : کێ لـە ئاوی بەهەشتی خواردۆتەوە؟ عبدالله وتی : من ! ئنجا فەرمووی :ئـەی کـێ لــە خواردنی بەهەشتی خواردووە؟ عبدالله وتی: من؟! حـەزرەت(د.خ) فـەرمووی:ئـادەی بـزانم چـۆن؟! ئەویش فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ هەواڵت داوینێ کە لـە ئیسراو میعراجدا بەهەشتت دیوەو لـە ئاوەکەیت خواردۆتەوە و لـە خواردنیت خواردووە ، جا کەتۆ چوبیت لـە جیاتی ئێمە و هـەواڵی تۆش گومانی تێدا نیە، هەروەك من چووبم وایە ئەمەش جێی سەرسوڕمانی هاوەڵان بوو..

6- حەزرەت(**د.خ**) لەگەڵ هاوەڵاندا بەرنامەیان دادەنا بۆ چوونە ناو مەککەوە ، لەو کاتەدا سیخوڕێك لە کافرەکان هاتبووە ناویان و کەزانی هەستیان پێ کردووە ، خێرا سواری وڵاخەکەی بوو بۆی دەرچوو، حەزرەت (**د.خ**) فەرمووی: هەرکەس بیگرێ و بیهێنێ دەچێتە بەهەشتەوە... لەو کاتەدا یەکێ لە هاوەڵەکان حوشترەکەی ئامادە بوو دوای کەوت، یەکێکی تریش سواری وڵاخەکەی بوو دوای کەوت..ئا لەم کاتەدا سەلەمەی کوڕی ئەکوەع کە وڵاخ و حوشتری نەبوو ، هەستاو لەبەر دەستکەوتنی بەهەشت بەڕاکردن دوای کەوت ، دیارە نەیدەتوانی هیچیان بگرێتەوە خەریك بوو بگەڕێتەوە ، غیرەتی دایە بەر خۆی و بەردەوام بوو، پاش ماوەیەك کە کافرەکە بە تەواوی دوور کەوتەوە و لە بەر چاو دیار نەما، دوو هاوەڵەکە کە بە حوشترو وڵاخ دوای کەوتبوون گەڕانەوە و ، کافرەکەش کە تەواو دوور کەوتەوە و دڵنیا بوو لە ژێر درەختێکدا پشووی دا،پاش ماوەیەك سەلەمە گەیشتە سەری و وتی: وەرە تۆ بەهەشتەکەی منی و، هێنایەوە بۆ لای حەزرەت(**د.خ**)...

حەزرەت (**د.خ**) لە بارەی سەلەمەوە دەفەرموێت(خير رجالاتنا سلمة بن الأكوع) .

7- (أم عمارە) ئەو ئافرەتە پاڵەوانەیە کە زۆر تێکۆشا بۆ ئیسلام، بەتایبەت لە جەنگی ئوحودا لەبەردەم حەزرەتدا(**د.خ**) هێرشی کافرەکانی بەرپەرچ ئەدایەوە و شەڕی دەکرد، تا(إبن قميئە) شمشێرێکی دا لەشانی و بەجۆرێك بریندای کرد کە یەك لەپی دەستی پیا دەچوو، حەزرەت(**د.خ**) پێی فەرموو: ﴿ مَنْ تُطيق ما تُطيقين يا أُم عُمارة ﴾ کێ بەرگە دەگرێ وەك ئەوەی کە تۆ بەرگەت گرتووە ئەی (ام عُمارە)، ئەویش وتی: ﴿ أطيق وأطيق وأطيق ولكن أسألك مرافقتك في الجنة﴾ واتە: بەرگەدەگرم ، بەرگەدەگرم ، بەرگەدەگرم ، بەڵام داوای هاوەڵی تۆ دەکەم لە بەهەشتا.

حەزرەتیش(**د.خ**) فەرمووی : بەتەنها هاوەڵم نابی، بەڵکو خاوو خێزانت هەموویان هاوەڵم دەبن لەبەهەشتا.

لە شەڕی یەمامەدا، پاڵەوانانە جەنگاو هەقی کوڕەکەی کردەوە کەموسەیلەمە پارچە پارچەی کرد، بەوەی کە گەیشتە سەر موسەیلەمەو شمشێرێکی لێدا، هەر لەو شەڕەدا قۆڵێکی پەڕی، کە هاتەوە مەدینە زۆر نەدەچووە ناو ژنانەوە....عومەر کەبەمەی زانی لەمزگەوتدا بانگی لێکردو پێی وت: بیستوومە شەرم دەکەی لەوەی کەقۆڵێکت براوە لەپێناوی خوادا !! تۆ چۆن شەرم دەکەی لەپارچەیەکت کە پێش تۆ چۆتە بەهەشتەوە.. ئیتر ئەمە وەك ڕاچەڵەکاندنێك بوو بۆی و زۆر بەئاسایی وبەشانازیەوە دەچووە ناو ژنانەوە....

دڵنیایی و ڕازی بوون

ئاشکرایە خوای گەورە ژیان و مردنی دروست کردووە بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤــ، هــەر خــۆی خاوەنی هەموو بوونەوەرەو هەرچیش دەکات حیکمەتی تیایــەو ئــەوەش کــە بــۆ بڕوادارانــی بڕیــار دەدات خێرە هەر چەندە لـە ڕواڵـەتدا وا دەرنەکەوێ، بۆیە بڕواداری بەئەمەك و دامــەزراو دەڵێــت :﴿ قل لن يُصيبنا إلاّ ما كتب الله لنا﴾ واتە: پێیان بڵێ ئێمە تووشی هیچ شتێك نابین مەگەر ئــەوەی کەخوا بۆ ئێمەی نووسیوە...

دیارە ئەوەی ئەو زاتە پایە بەرزەش بۆ ئێمەی بڕیار بــدات هــەر خێــرە، چــونکە هەرچــی خێــرە بەدەست ئەوە : ﴿ قُلِ اللهم مالكَ المُلك تؤتى الملك من تشاء وتنزع الملك ممن تشاء وتعز مــن تشــاء وتذل من تشاء ، بيدك الخير﴾ حەزرەت (د.خ) جەخت دەکاتە سەر ئــەم مەســەلـەیەو دەفــەرموێت : ﴿إن الله ليتعاهد عبده المؤمن بالبلاء، كما يتعاهد الوالد ولده بالخير، وإن الله ليحمي عبده المؤمن مــن الدنيا كما يحمي المريضَ أهل الطعام﴾ (6818) كنز العمال...

واتە : خوای پەروەردگار بەندەی بڕواداری بەبەڵاو موسیبەت بەسەر دەکاتەوە، هەروەك چــۆن باوك و دایك منداڵیان بەخێر بەسەردەکەنەوە، وە بەڕاســتی خــوا بەنــدەی بــڕواداری خــۆی لــەدنیا دەپارێزێت هەروەك چــۆن کــەس و کــاری نــەخۆش نەخۆشــەکەیان دەپــارێزن لەهەنــدێ خــواردن (لـەبەرئەوەی زوو چاك ببێتەوە)...

یان دەفەرموێت :﴿ إن الله تعالى ليحمي عبده المؤمن كما يحمى الراعي الشفيق غنمه عــن مواقــع الهلكة ﴾ 6826 كنز العمال : واتە بەڕاستی خوا بەندەی بڕواداری خۆی دەپــارێزێ هــەروەك چــۆن شوانێکی بەبەزەیی و بەئەمەك مەڕەکانی لەشوێنی تیا چوون دەپارێزێ.

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ إن الله إذا أحبَ عبدا حَماهُ عنِ الدُّنيا كَمــا يظــل أحــدكم يحمــي ســقيه الماء﴾ واتە : بەڕاستی خوا ئەگەر عەبدێکی خۆش ویست دەیپارێزێت لـەدنیا هەروەك چۆن یــەکێك لـە ئێوە کشتوکاڵـەکەی دەپارێزێت لـەئاوی زۆر کە زیانی لێبدات....

عومەری کوڕی عبدالعزیزیش دەڵێت (ئەو دوعاو ویردانــەی کــە دەیخــوێنم وایــان لێکــردووم ئەوەم لاچاك بێت کە خوا تەقدیری دەکات بۆم)... زۆر جارنزای دەکردو دەیووت : خوایە رازیــم بکە بە(قەزا)ی خۆت و، بەرەکەت بخەرە (قەدەر)تەوە بۆم ، تاوەکو پەلـە نەکەم لـەشــتێك کــە بــۆم دوا دەخەیت و، حەز بەدواخستنی شتێك نەکەم کە بۆم پێش دەخەیت ...

تێگەیشتن لەوەی کەخوای گەورە(مولی)ی ئێمەیەو چاکترین دۆست و سەرخەرو پاڵپشتە، وادەکات کەزیاتر دڵنیا ببین و ڕازی ببین بەقەزاو قەدەری خوایی، هەر لەبەر ئەوەشە حەزرەت(د.خ) دوعای دەکردو دەیفەرموو(اللهم انی أسألك الرضا بعد القضاء) وەدەیفەرموو : (ومَن رضيَ فله الرضا) واتە: ئەوەی هەوڵی خۆی بدات و چ هۆکارێك بتوانێ بەکاری بهێنێ و دوایی پشت بەخوا چی لێ سەوز بوو ڕازی بێت، دڵنیایی ودڵئارامی دەست دەکەوێت .

ڕازی بوون بەقەزاو قەدەر مانای دەستەوسانی و کۆڵدان نییە، بەپێچەوانەوە، کاتێ قەدەری نەخۆشی دێت، بەقەدەری دەرمان هەوڵدەدەین چارەسەری بکەین، ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوو چاك دەبین، ئەگەر چاکیش نەبووین دڵنیاین کە حیکمەتێکی تیایەو خوای گەورە دەیەوێت زیاتر پاك بیبنەوە لەگوناهو، تاقیکردنەوەیە .

هەژاریش قەدەرێکە و هەوڵدان بۆ دەوڵەمەندبوون پێویستەو ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بوو دەوڵەمەند دەبین و، ئەگەر نەشبووین دیارە خێری تیایە وخوا چاکتر دەزانێت .

بەمەش موسوڵمان هاوسەنگی خۆی لەدەست ناداو چی بەسەر بێت خۆی دەتەکێنێ و بەعەزم و ئیرادەیەکی تازەوە دەست پێدەکاتەوە و هەڵدەستێتەوە ... (سەیری دواوتەی بەشی سێیەمی ژیانەوە بکە).

هەرکەسەو ئەجەلێکی هەیە

بڕواداری ڕاست دڵنیایە لەوەی کەئەجەلی بەدەست خوایە، بۆیە لەکەس ناترسێ و ئازاو نەبەردەو هەوڵی خۆی بەو پەڕی چاو نەترسییەوە دەدات .

(أحمد قطان) وتار بێژێکی کوەیتی یە، دەڵێ لەبەرئەوەی بەردەوام قسەی هەقم دەکردو باسی ستەم و خراپەی فەرمانڕەواکانم دەکرد و ئەمەش بە زۆر کەس نامۆ بوو، بۆیە لەلایەنێکەوە پیلان دانرا کەسێ کەس لە نوێژی هەینیدا تیرۆرم بکەن.

بە قەدەری خوا ئەو هەینی یە کە بەتەمابوون بێنە مزگەوتەکەوە بۆ دیاری کردنی ڕێ و شوێنی پێویست بۆ کارەکەیان ، من لە موسوڵمانانی (بەریتانیاوە) داوەتنامەم بۆهات کە بچم بۆ وتاردان و، ئەو هەینییە لەوێ نەبووم ، ئەوەی بەتەما بوو بە کارەکە هەستێ لەگەڵ دوانی تردا کە هاتبوومنی نەدی بوو، ترسابوو وای زانیبوو کە پیلانەکەیان ئاشکرا بووە ، بۆیە خۆی ئاشکرا کردبوو گوایە بۆ کارێکی وا هاتووە لەگەڵ دوو کەسی ترداو چەکەکەشی تەسلیم کردبوو...بەم شێوەیە قەدەری

خوا وا بوو كه پیلانی دوژمنان نەیەتەدی و خوا پاراستمی... ئنجا بیرمان كردەوە بۆ حاڵـەتێكی ئـا لەو جۆرە چەند گەنجێك مەشق پێ بكەین لەسەر كاراتی.

بەڵی چەند گەنجێكمان بۆ ئەو كارە ئامادە كردو لە پێشەوە دادەنیشتن .

رۆژێكی هەینی وتارم دەدا ، كابرایەك قوتویەكی بە دەستەوە بـو هـات بەرەومینبەرەكـە منـیش دەمووت :أیها الناس اتقوا الله ، سوودی نەبوو، برادەرەكان گەرم بووبـوون و خـەیاڵیان هـەمووی لای وتارەكە بوو ، كابرا هاتە بەر مینبەرەكەو (دیارە پیاوێكی سادە بوو) وتی قوربان من تۆم خـۆش دەوێ و ئەم دیاریەم بۆ هێناوی، ئنجا برادەرەكان هاتنەوە هۆش خۆیان ،ئیتر وازمان لـەوەش هێنـاو وتمان پشت بە خوا ،إن شاء الله خوا دەمان پارێزێت.

ئەمە بۆ ئەوە ناڵێین كە بڕوادار ئاگای لە خۆی نەبێ و خۆی نەپارێزێ ، بە پێچـەوانەوە دەبـێ هەموو هۆكارێكی پێویست بگیرێتە بەر بۆ سەلامەتی موسوڵمانان ئنجا دڵنیاش بن لە قەزاو قەدەری خێری خوایی و بزانن كە هەركەسەو بە ئەجەلێك دەڕوات و كەس ناتوانێ پێش و دوای بخات.

شیرینی ئیمان

پێغەمبەر(د.خ) لە چەند فەرمودەیەكدا باسی شیرینی ئیمان دەكات بۆ نمونە:

1- ﴿ ذاقَ طَعم الایمان مَن رَضیَ بالله رباَ و بالاسلام دیناً و بمحمد رسولاً﴾ كنز العمال9 واتە: تامی ئیمانی چەشتووە كەسێك ڕازی بێت بەوەی كە خوا پەروەردگاری بێت و ئیسلام دینی بێت و محمد (د.خ) پێغەمبەری بێت... بۆیە سوننەتە هەموو بەیانی و ئێوارەیەك سێ جار بڵێین(رضیت بالله ربـا و بالاسلام دینا و بمحمد نبیا و رسولا) .

2- هەروەها دەفەرموێت :﴿ ثلاث مَن كُنّ فیه وجد حلاوة الایمان أن یكون الله و رسوله أحب الیـه مما سواهُما، وأن یُحب المرء لا یُحبه إلا لله ، و أن یكره ان یعود فی الكفر بعد اذ أنقذه الله منه كمـا یكره أن یُلقی فی النار﴾ كنز العمال(43212). واتە : سێ شت لە هەر كەسێكدا بێت شیرینی ئیمان دەچێژێت :

یەكەم: خواو پێغەمبەری لا خۆشەویستر بێت لە هەموو شتێك .

دووەم: ئەگەر یەكێكی خۆشویست لەبەر خوا خۆشی بوێت .

سێیەم:پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ كوفر پاش ئەوەی خـوا ڕزگـاری كـرد هـەروەك چـۆن پێـی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ئاگرەوە .

3– لە فەرمودەیەکی تریشدا دەفـەرموێت: هەرکـەس چـاوی گێڕایـەوە لـە سـەیرکردنی ئـافرەتی نامەحرەم ئەوە لەزەتی ئیمان دەچێژێت.

ئیمان و بڕوا لە دڵی بڕواداردا شیرینە ، بەرزە ، بەنرخە و ئەوەندەی بـەلاوە مەبەسـتە، سـەرو ماڵی دەکا بە قوربانی و بە هیچ جۆرێك دەست بەرداری نابێت.

کاتێك پرسیار کرا لـە (بلال)، کە چۆن بەرگەی ئەو هەموو سـزایەی دەگـرت لـەبـەر گـەرمای هاوین و لەسەر لمی سوورەوەبوو، چۆن ویردی سەر زمانی(أحد،أحد) بـوو تـا حـەزرەتی ابـو بکـر کڕیەوە و سەرفراز بوو، وتی (من شیرینی ئیمانم تێکەڵی تاڵاوی سزاکە دەکردو ، شیرینی ئیمان زاڵ دەبوو بەسەر تاڵاوی سزاکەداو، هەستم بە ئازار نەدەکرد)ل 71(وقفات تربوية/ عبدالحميد البلالي).

هەوڵ و تێکۆشان بۆ خوا شەونخوونی و ماندووبوونی دەوێ ، ئارام گرتنی بەردەوامی دەوێ ، تا بەئاسانی دەستبەرداری ئیمان نەبین پێویستە تامی شیرینی ئیمان بچێژین.

ئیمان وبڕوا شیرینە و بڕواداریش حەز دەکا خەڵکی ئەو شیرینیە بچێژن بۆیە بەردەوام لە خەمی ئەوەدایە چۆن کەسێك زیاتر بێنێ بەرەو ئەم ئاینەو ئەگەر کەسانێکیش نەهاتن و سەرگەرمی خراپەو خراپەکاری بوون و دوای شەیتان و هەواو ئارەزوو کەوتن ، خەمیان لێ دەخواو زۆر بە پەرۆشە بـۆ ڕزگار کردنیان.

حەزرەت(د.خ) مامۆستای مرۆڤایەتی ئاوابوو، ئەوەندە خەمی بوو ، ئەوەندە سوور بـوو لـەسـەر ڕزگارکردنی خەڵکی خەریك بوو تیابچـێ ، خـوای گـەورە لـە چـەند ئایەتێکـدا ڕێنمـایی کـردو ئاگاداری کردەوە کە ئەگەر کار وا بڕوات تیا دەچی وئێمەش تیاچوونی تۆمـان ناوێـت:﴿ طـه، مـا أنزلنا علَيكَ القُرآن لِتَشقَى،إلاّ تذكِرةً لِمَنْ يَخشَى ﴾(طه:1) واتە : طا، ها، ئەی پێغەمبەر(د.خ) ئێمـە ئەم قورئانەمان دانەبەزاندۆتە سەر تۆ تا تووشی خەم و خەفەت و پەژارە ببیت، بەڵکو یادخەرەوەیە، بۆ ئەو کەسەی کە لە لێپرسینەوەی پەروەردگار دەترسێت ...

هەروەها دەفەرموێت ﴿ فَلَعَلّكَ باخعٌ نَفسَك على آثارِهِم إن لَم يُؤمِنـوا بِهـذَا الحَـديثِ أسَـفا ﴾ (الكهف:6)واتە : تۆ لـەوانەیە لـەخەم و پەژارەی ئەو بێباوەڕانە کـە بـڕوا بـەم فەرموودەیـە نـاهێنن خۆت لەناو بەریت و لەداخ وخەفەتدا بمریت .

بڕوادارانی ڕاستەقینەش کە شوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرەن(د.خ)، بەهەمان شێوە خەمیانە کە تۆوی خراپەو خراپەکاری نەمێنێت ، خەمێك کە شەوو ڕۆژ پێوەی دەتلێنەوە، تەنانـەت لای هەنـدێ لـە پیاوباشان دەگاتە ئەوەی کە لەداخا نەخۆش دەکەون، ئەوەتا لەژیاننامەی (سوفیان الثوری)دا هاتووە

کە(ئەگـەر خراپـەی بدیایـە میـزی دەبـوو بـەخوێن و نـەخۆش دەکـەوت) وەئەمـەش لوتکـەی هەستکردنە بە مەسئولیەت.

ئاشکرایە بڕوادار ئەگەر خراپەیەکی بینی نابێ بێدەنگ بێ و هەروا دانیشـێ بـەڵکو ئەگـەر تـوانی بەدەست بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی بەزمان بیگۆڕێت، ئەگەر ئەمەشی بۆ نەکرا بـەدڵ پێـی نـاخۆش بێت کە ئەمەش لاوازترین ئیمانەو دوای ئەم پلەیە پلەی تر نییە و ئەوەی بەدڵ پێی نـاخۆش نـەبێت ئیمانی نییە !!

بزانە خەریکی چیت !

ئیبن جوزی بانگخواز فێرمان دەکات کە چۆن پلەو پایـەی خۆمـان بـزانین و دەڵێـت (ئەگـەر دەتەوێت بزانیت پلەو پایەت لای خوا چەندە، سەیرکە خوای گەورە لـەچیدا خسـتویتیە کـارو، چ کارێکی پێ سپاردوی) ئەوەتا خوای گەورە بەحەزرەتی موسا دەفەرموێت: ﴿ وأنا أخترتُـكَ فاسْـتمع لِما يُوحى ﴾ (طه:13) واتە: من تۆم هەڵبژاردووە بۆ گەیاندنی پەیامی خـۆم، گـوێ بگـرە بـۆ ئـەو وەحیەی پێت ڕادەگەیەنرێ .

خوای گەورە لـەبارەی هەڵبژاردنی گەلی موساشەوە دەفەرموێت : ﴿ ولقد اختَرنَاهُمْ على عِلـمٍ عَلَى العَالَمين ﴾ (الدخان:32) واتە : ئێمە ئەو کاتە نەوەی ئیسرائیلمان هەڵبژارد لـەڕووی ئاگایی و زانیارییەوە و ڕێزی ئەوانماندا بەسەر خەڵکی ئەو سەردەمەدا (کەپەیامی خوا بگەیەنن) ...

ئاشکرایە دوای ئەوان خوا ئوممـەتی ئیسـلامی هەڵبـژارد کـە پـەیامی خـوا بگەیـەنن هـەروەك دەفەرموێت : ﴿ وجَاهِدوا في اللهِ حَقَّ جِهادهِ هو اجتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيكُم في الـدّينِ مِـن حَـرَجٍ مِلَّـةَ أبيكُمْ إبراهيمَ هو سَمّاكُمُ المسلمينَ مِن قَبلُ وفي هذا ليكون الرسولُ شَهيداً عَلَيكُم وتَكونوا شُهَداءَ على الناسِ فأَقيموا الصّلاةَ وآتوا الزّكاةَ واعتَصِموا باللهِ هو مَولاكُمْ فَنِعمَ المَولَى ونِعمَ النَصـيرُ ﴾ الحـج:78 واتە : تێبکۆشن و هەوڵ بدەن بـۆ خـوا بەوشـێوەیەی کەشایسـتەیەتی، ئـەو زاتـە بـۆ ئـەوە هـەڵی بژاردوون کەکاربکەن بۆ بەرنامەکەی، لـەئاین و بەرنامەکەشیدا هـیچ جـۆرە قورسـی و گرانیـەکی لـەسەر دانەناون کەنەتوانن بیکەن، جا ئەم بەرنامەیەش ڕێوشوێن و بەرنامەی ئیبراهیمی باواتانـە کـە پێشتر هەر خوای گەورە ناوی ناون موسڵمان و لـەم قورئانەشدا بەموسـوڵمان نـاوی بـردوون، تـا پێغەمبەر ببێتە شایەت بەسەرتانەوە کەپەیامی خوای پێ ڕاگەیاندوون و ئێوەش بەگەیاندنی ئەو پەیامە ببنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە، کەواتـە نوێـژەکانتان بەچـاکی ئـەنجام بـدەن و زەکـاتیش لـەماڵتان

دەربکەن و پشت بەخوا ببەستن، چونکە هەر ئـەو یـارو یاوەرتانـە، جـا دڵنیـا بـن کـەخوا چـەندە یارمەتیدەرێکی چاکەو چەندە پشت و پەنایەکی بەهێزە...

بەڵێ (جیهادی هەق)و هەوڵ و کۆششی بەردەوام بۆ دینی خوا ئەو کارەیە کەخوا موسـوڵمانی بۆ هەڵبژاردووە، بۆیە ئەگەر بەو کارە هەڵنەسا ئەوە خۆی لـەو مـەقام و پلـەوپایـە بـەرزەوە دێنێتـە خوارەوە بۆ پلـەیەك کە ئیبن جوزی لـەبارەیەوە دەڵێت (مەقامی زاهیدەکان کە لـەخـەڵکی دابـڕاون مەقامی شەمشەمە کوێرەیەو، مەقامی ترسنۆکە، بەڵام مەقامی ئازاو نەبەردەکان مـەقامی پێغەمبەرانـە کە خۆیان ڕۆشنبیر دەکەن و هەوڵیش لـەگەڵ خەڵکیدا دەدەن بۆ ئـەوەی فێـر بـبن) ل110 مواقـف تربوية .

کەسانی هیممەت بەرز هەن کە زۆر بەچاکی ڕۆڵی خۆیان دەبینن لـەژیاندا ئـەوە (یوسـف بـن تاشفین) کە تەمەنی نەوەد ساڵێك دەبوو سوپای کۆکردەوەو شەش مانگ جەنگاو سـێ سـەد سـاڵ کەوتنی ئەندەلوسی دواخست .

حەزرەت (د.خ) بەیانیان دوعای دەکرد(اللهم هَـبْ لِـي عمـلاً صـالِحاً يُقربنـي اليـك) خوایـە کارێکی چاکە بکە بەنسـیبم کـە لــە تـۆم نزیـك بکاتـەوە، ئەمـە لـەکاتێکـدا ئـەو پێغەمبـەر بـوو، خۆشەویستی خوا بوو، لـەخوا نزیك بوو، ئەی ئەبێ ئێمە بڵێین چی و چۆن نەگەڕێین بەدوای کاری چاکدا تا لـەخوا نزیك بینەوە، وەك وتیشمان بانگەواز و هەوڵ و کۆشش بۆخوا باشـترین کـارە بـۆ نزیك بوونەوە: (ومن أحسن قولاً ممن دعی الی الله وعمِلَ صالحاً وقال انني من المسلمين).

یەکێکی تریش لـەوکارە چاکانە خزمەتکردنی خەڵکییە، کە لـە دواتردا باسی دەکەین ..

گەیاندنی بانگەوازو کاری بەکۆمەڵ

بەڵگە نەویستە کە گەیاندنی بانگەواز هۆکاری زۆری دەوێـت، گـرنگترین هۆکـاریش کـاری بەکۆمەڵـە، دیارە ئەوەی بەکۆمەڵ دەکرێ و تواناکانی پێ کۆدەبێتەوە بە تاکە کەس ناکرێت.

نوورسی (بەرەحمەت بێت) دەڵێت: ئەگەر پێنج (یەك)بهێنین ، هەریەکەیان بەتەنها نرخی یەکە بەڵام کاتێك دوانیان دەخەینە پاڵ یەك دەبێ بەیانزە ، کاتێك یەکێکی تر دەخەینـە پـاڵ یـانزە دەبێتـە سەدو یانزە ، کاتێك یەکێکی تر دەخەینە پـاڵ سـەدو یـانزە دەبێتـە هـەزارو سـەدو یـانزە، کاتیـك یەکەکەی تردەخەینەپاڵیان دەبێتە یانزە هەزارو سەد و یانزە...لـەژیانی مرۆڤیشـدا هەروایـە کاتیـك کۆمەڵێ کەس دەکەونە یەك، بەو لـەیەك نزیك بوونەوەیە توانایان زیاد دەکات هەروەکو ژمارەکان.

جا لەبەرەبەیانی پێغەمبەرایەتیەوە هەتا ئەمڕۆ کێشـەمەکێش هەیـە لـەنێوان هـەق و ناهـەق دا، پێغەمبەران کۆمەڵی خوابوون(حزب الله) و خراپەکارانیش کۆمەڵی شەیتان بوون(حزب الشـیطان)، ئەم دوو دەستەواژەیەش لەقورئاندا هاتووە: لـەبارەی یەکەمیانـەوە دەفـەرموێت :﴿ ومـن يَتَـولَّ اللهَ ورَسولَهُ والَّذينَ آمَنوا فإنَّ حـزبَ اللهِ هُـمُ الغـالِبونَ﴾ (المائـدة:56) واتـە: ئـەوەی خـواو پێغەمبـەرو بڕواداران بکابە پشتیوان و دۆست و خۆشەویستی ئەوە بادڵنیا بێت کەکۆمەڵ و دەستەو تاقمی خوا زاڵ و سەرکەوتووە ...

لەبارەی دووەمیشەوە دەفەرموێت: ﴿استحوَذَ عَلَيهِمُ الشَيطانُ فأنساهُم ذِكرَ اللهِ اولئِـكَ حِـزبُ الشَـيطانِ ألا إنَّ حـزبَ الشَـيطانِ هُـمُ الخاسِـرونَ﴾ (المجادلـة:19) واتـە: ئـەوان شـەیتان زاڵ بـووە بەسەریانداو یادی خوای بیربردوونەتەوە ، ئائەوانە دەستەو تاقم و حیزبی شەیتانن ، ئاگادارو دڵنیابن کەدەستەو تاقمی شەیتان خەسارەتمەندن .

ئەهلی شەڕو ناهەق لـە دێر زەمانەوە بە کۆمەڵ ئیشیان کردووە، قورئان ئاماژە بەم ڕاستیە دەکات و دەفەرموێت: ﴿كَذَّبت قَبلَهُم قَومُ نوحٍ والأحزاب مـن بَعـدِهِم وهَمَّـت كُـلُّ امّـةٍ بِرَسـولِهِم لِيأخُـذُوهُ وجَادَلوا بالباطِلِ لِيُدحِضوا بهِ الحَقَّ فأَخَذْتُهُم فكَيفَ كانَ عِقابِ﴾(غافر:5) واتە: پێش کافرانی مەککە قەومی نوح و حیزبەکانی دوای (نـوح)یـش باوەڕیـان بەپێغەمبـەرەکانیان نـەکرد... کەواتـە کفـر بەکۆمەڵ ئیشی کردووەو دژایەتی پێغەمبەرانیان کردووە، چۆن دژایەتیەك، (وهمت كل أمةٍ برسولهم ليأخذوه) هەر گەل و کۆمەڵێك هەوڵی داوە پێغەمبەرەکەی لـەناو بـەرێ و ڕێـی لـێ بگـرێ، نـەك هەرئەوەندە بەڵکو (وجادلوا بالباطل لِيُدحضوا به الحق) دەمەدەمێ و موجادەلـەشـیان کـردووە تـا هەق داپۆشن و نەیهێڵن، تائەوکاتەی خوای گەورە لـەناوی بردوون (فأخذتهم فكيف كان عقاب).

ئاشکرایە کفری ڕێکخراو (منظم) بەهەقی پەرتەوازە چارەسەرناکرێ، دەی ئەگەر هـەقن چـۆن دەبێ پەرتەوازە بن و بەتەنها کار بکەن، مەگەر خوا ئەوانەی خۆش ناوێ کە بەکۆمەڵ و بە (صف) کاری بۆ دەکەن (ان الله يحب الذين يقاتلون في سبيله صفا كانهم بنيان مرصوص) الصف / واتە : بە ڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە دەجەنگن لـە پێناوی ڕێبازەکەیدا بەیەك ڕیزو یەك دڵ و، هەروەك کۆشکێکی بەرزی قایمی داڕێژراون کە خشتەکانی یەکیان گرتبێ .

بەڵێ ...(يد الله مع الجماعة) دەستی قودرەتی خوا لـەگـەڵ کۆمەڵدایـە و، کۆمـەڵ ڕەحمەتـەو پەرتەوازەیی عەزابە (الجماعة رحمـة والفرقـة عـذاب) و (شـەیتان لـەیەکێکـەوە نزیکـەو لـەدوانـەوە دوورەو لـەسیانەوە دوورترە) هەروەك پێغەمبەر(د.خ)فەرموویەتی.

پێشینان چاك لەمە تێگەیشتبوون ، ئەوە(مُطرف كوڕی الشخیر)ی تابیعی دەڵێت (من زیاتر لەبێوەژنێك پێویستم بە كۆمەڵ هەیە ، چونكە من لەناو كۆمەڵ و جەماعەتدا گوناهەكانی خۆم هەست پێدەكەم) مەگەر موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەك ئاوێنە نیە ؟!

چۆن ئافرەتێكی بێوەژن (بەتایبەتی جاران كە نەیانتوانیوە بژێوی پەیدا بكەن) پێویستی بەیارمەتی كەس و كارو كۆمەڵ هەبووە ئاواش موسوڵمان پێویستی بەكۆمەڵ و جەماعەت هەیە چونكە لەواندا خۆی دەبینێتەوە (ل118مواقف تربوية) .

باوكێك حەوت كوڕی دەبێت ڕۆژێك كۆیان دەكاتەوەو وانەیەكی كرداریان پێ دەڵێ بەوەی كەحەوت دار دێنێ و هەر یەكەیان دارێكیان ئەداتە دەست و ئەڵێ بیشكێنن، جاهەریەكەیان بەئاسانی دارەكەی دەستی دەشكێنێ، ئینجا حەوت داری تر دێنێ و ئەیانبەستێ بەیەكەوەو داوایان لێ دەكات كە بیشكێنن، هەرچەندە هەوڵ دەدەن بۆیان ناشكێ ،جابۆیە داوایان لێ دەكات یەك دەست و یەك دڵ بن بۆ ئەوەی وەك ئەو دارانە دوژمن نەیان شكێنێ.

جا بەڕاستی پێویستە باش لەو وانەیە تێبگەین بۆ ئەوەی دوژمنی هەق و ڕاستی نەمان شكێنێ و بتوانین بەكۆمەڵ بەچاكی پەیامی خوا بگەیەنین كەئەركی سەرشانی هەموانە و یەكێكە لەكارە مەزنەكانی ئەم ئوممەتە .

خوایە گوناهو كەم و كوڕیمان بپۆشە !

چەند ڕاستیەك هەیە كەهەموو دەبێ بیزانین تا شەیتان و پیاوانی شەیتان زەفەرمان پێ نەبەن ، ناحەزان بۆ ئەوەی ساردمان بكەنەوە لەكاری بەكۆمەڵ دەڵێن :

1- دینداری و حیزبایەتیان نەوتووە، ئەمەتان لەكوێ هێنا ؟؟! دەڵێین حیزبایەتی و كاری بەكۆمەڵ هۆكارێكە و بەهۆیەوە دینی خوا بڵاودەكەینەوەو خزمەتی بەرنامەی خوا دەكەین.

2- باشە خۆ كەم و كوڕی هەیەو فلاَن وای كردو فیسار وای كرد، دەڵێین: خۆێمە نەمان وتووە بێ عەیبین دەڵێین : خوایە گوناهو كەموكوڕیمان بپۆشە...دیارە ئەم كاری بەكۆمەڵە كاری مرۆڤەو مرۆڤیش گوناهكارە وبێجگە لە پێغەمبەران كەس معصوم نییە، بەلاَم سوورنین لەسەر گوناهو كەم و كوڕی و، چەند بتوانین چارەسەری دەكەین و چاوەڕێی ڕەحمی خواین.

3- دەڵێن ئێوە نەرم و نیانن، دەڵێین لەم كۆمەڵگا موسوڵمانەدا نەرم و نیانیمان هەڵبژاردووە و شێوازی خۆمان هەیە، مامۆستا عومەر تەلەسانی ڕابەری سێیەمی برایان دەڵێت: ئێمە بەحاكم ناڵێین درۆ دەكەیت، بەڵكو دەڵێین : ڕاستت نەوتووە، هەروەها ناڵێین : بێ ئینسافیت ، دەڵێین : ئەگەر

ئینسافت هەبیٚ بۆمان، خۆ هەر هەمان مەبەست دەگەیەنیٚ بەلاٚم بەجۆریٚکی تر، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەتوندو تیژی هەڵنەوەشیٚ و دانوستان جیٚی ململانیٚی نادروست بگریٚتەوە ، دیارە کۆمەڵگا وەك کەشتیە دوو قاتەکەیە ئەوەی لەسەرەوەیە و ئەوەی لەخوارەوەیە وەك یەك نقوم دەبن ئەگەر خوانەخواستە کونی تیٚ بوو !!

بیرمان نەچیٚ کە ئەمر بەچاکەو جلّەو گیری لەخراپە لەئیسلامدا سنووری خۆی هەیەو بەرنامەی تایبەتی هەیە، ئەگەر جلّەوگیری لەخراپەیەك بووە مایەی سەرهەڵدانی خراپەیەکی تر ئەوە نابیٚت بیکەین، هەروەك وتراوە : چاکی مەکە با خراپ نەبیٚت .

دەڵیٚن : ئیبن تەیمیەو قوتابیەکی بەلای چەند تەتەریٚکدا دەڕۆن مەی دەخۆنەوە، قوتابیەکەی دەیەویٚ ڕیٚیان لیٚ بگریٚ و نەهیٚڵیٚ، ئیبن تەیمیە دەفەرمویٚ : وازیان لیٚ بیٚنە سەرخۆش بن باشترە لەوەی بەئاگا بن و موسوڵمانان بکوژن !

ئەزموونی سالاٚنی ڕابردووش ئەوەیان سەلماندووە کەتوندو تیژی شەڕو بەلاٚی گەورەتری لیٚ دەکەویٚتەوە ، چونکە دوژمنان ئەو هەلە دەقۆزنەوە بۆ ناشرین کردنی موسوڵمانان، دیارە ئەوان لەبواری ڕاگەیاندندا دەستیٚکی بالاٚیان هەیەو بۆ هەل دەگەڕیٚن.

لەجەزائیردا بەرەی (الإنقاذ) ویستیان بدەنە شاخ و بەچەکداری شتیٚ بکەن، یەکسەر دەزگای مخابرات کەسیٚکی خۆی ناردە دەرەوە بەناوی (جمال زەیتون)و کۆمەڵیٚکی ئیسلامیان بۆ دروستکردو یەکی بستیٚ ڕیشیان پیٚ هیٚشتنەوەو کەوتنە سەربڕینی خەڵك و دەیانهیٚنا بەسەر(بەرە)دا، تاناچاربوون دەست هەڵگرن لەو کارە، بەهەمان شیٚوەش کۆمەڵی جیهادی میسریش پاش توندو تیژی و کوشتاریٚکی زۆر بەخۆیانا چوونەوەو وازیان لەو شیٚوازە هیٚناو، بەمەش شیٚوەی کاریان وەك شیٚوەی کاری برایانی لیٚ هاتەوە کە لەوەو پیٚش مەناعەتیان نەبوو برایان کافر بکەن لەسەر شیٚوازی کاریان!

غەیبەتی کەس مەکە !

کۆمەڵیٚك بۆ خوا کاردەکەن و لەهەزاران کەس پیٚك هاتوون ، چ پیٚویست دەکات، غەیبەت بکریٚن و پشتیان بشکیٚنریٚ ، ئاشکرایە ئەگەر غەیبەتی کەسیٚك حەرام بیٚت ئەوا غەیبەتی کۆمەڵیٚکی چەند هەزار کەس ، ئەوەندە هەزار جار گوناهە.

باشە بۆ خۆمان گوناهبار بکەین، ئەگەر دەڵیٚی ئەوان نازانن کاربکەن بۆ خواو ئیجتیهادەکەیان هەڵەیە، فەرموو تۆ باشتری بکە .

مامۆستا (راشد)دەڵێت: ئێمەی برایان لەم عەرزی خوایەدا بینایەکمان بۆ خۆمان دروستکردووە لەژێر سێبەریا دەژین و کاردەکەین بۆ خواو دڵمان پێی خۆشە، ئەگەر تۆ خەریتەکەیت بەدڵ نیە بۆ دەیرِوخێنی بەسەرماندا، ئەوە ئەرزی خوا زۆرە، فەرموو بینایەکی تر دروست بکە بەو خەریتەیەی کەخۆت دەتەوێ و خەڵکی خوا زۆرە بانگیان کە بۆ ئەو شێوە کارەی کەبەچاکی دەزانی !!. ئەوەشمان بیر نەچێت، ئەوەی کەم و کورِی موسوڵمانێك بپۆشێ خوا لە دنیاو قیامەتدا گوناهو کەم وکورِی دەپۆشێ (من ستر مسلماً ستره الله في الدنیا والآخرة) ..

مەسەلەیەکی تریش هەیە گرنگەو یەکێکە لەو مەبەستانەی ئیسلام کەئەیەوێ بیهێنێتە دی، ئەویش برایەتی موسوڵمانانە، چونکە﴿ إنّما المؤمنونَ إخوةٌ فأصلِحوا بينَ أخَوَيكُم﴾(الحجرات:10) دەکرێ بۆچوونمان لەمەسەلەیەکدا جیاواز بێت و دوو ئیجتیهادی جیاوازمان هەبێت و براش بین. ئیمامی شافیعی لەگەڵ هاوەڵێکیدا رِای جیاوازی دەبێت و زۆر دانوستان دەکەن ناگەنە ئەنجامێك و، پاشان بۆ ئەوەی دڵی گەرد نەگرێ و شەیتان دڵی کرمێ نەکات، ئیمامی شافیعی بەهاوەڵەکەی دەڵێ: (یا أبا موسى ألا یستقیم ان نكون اخواناً وإن لَم نتَّفِق) (ل142. مواقف تربویة) . واتە: ئەی باوکی موسا ناکرێ برابین هەرچەند لەسەر یەك رِاش رِێك نەکەوین .

بەڵێ ... دەکرێ! دەبا برابین و شەیتان بەخۆمان خۆش نەکەین، قورئان دەفەرموێت : ﴿ وقُل لِعِبادِي يَقولوا <u>الّتي هي أحسَنُ</u> إنَّ الشَّيطانَ يَنـزَغُ بَينَهم إنَّ الشَّيطانَ كانَ للإنسانِ عَدوّاً مبيناً﴾ (الإسراء :53) واتە: ئەی محمد(د.خ) بەبەندەکانم بڵێ : چاکترین قسە بکەن، چونکە شەیتان بەرِاستی دەیەوێت نێوانیان تێکبدات، بەرِاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئینسانە .(جابەداخەوە هی واهەیە نەك هەر چاکترین قسە ناکات بەڵکو خراپترین قسە دەکات، دەی ئیتر چۆن پەیوەندیەکان باش دەبن ؟!).

هاوسەنگی لەژیاندا

ژیان وەکو قوتابخانەیە، چۆن دەبێ لەهەموو وانەیەکدا پلەی دەرچوون بهێنرێ، بەهەمان شێوەش مرۆڤ لەژیاندا دەبێت گرنگی بدات بەهەموو لایەنێك و هەقی خۆی بداتێ و تیادەرچێ، ئەمەش لەو حیکمەتەوە دێت کە قورئان باسی دەکات :﴿ يؤتي الحِكمةَ مَن يَشاءُ ومَن يُؤتَ الحِكمةَ فقَد أُوتيَ خيراً كثيراً وما يذّكّرُ إلاّ أُلواْ الألباب﴾ (البقرة:269) واتە: خوا بەهەرکەس بیەوێت و شایستە بێت حیکمەت ودانایی دەبەخشێت و هەرکەسیش حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان

خێرێکی زۆری پێدراوه، جا بێجگه لـه ژیرو هۆشمەندەکان کەسانی تر لـەو بەهرەیە تێناگـەن و پەنـد وەرناگرن.

پێغەمبەر(**د.خ**) دەفەرموێت ﴿ إنّ لِربِّكَ علَيكَ حقًّا، وإنَّ لِجَسَدِكَ عليكَ حقًّا، وإنَّ لِعَينَيكَ عليـكَ حقّا، وإنَّ لأهلِكَ عليكَ حقًّا ... أعطوا كل ذي حَقّ حقّه ﴾ بەڵێ کۆمـەڵێ هـەق هـەن کـە دەبـێ جێبەجێ بکرێن و بدرێن :

یەکەم / لاشەی خۆت و ئەندامەکانت هەقیان لـەسەرتە، بۆیە دەبێت گرنگیان پێ بـدرێت، مرۆڤـــ پێویستە بەشی پێویست بخەوێت و، هیچ نەبێ هەفتەی جارێ دووجار خۆی بشوات و جلـی پـاك و ڕێك و پێك لـەبەربکات و....هتد، پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (**د.خ**) وتی: ئەی پێغەمبـەری خـوا گرنگی بدەم بە سەرو قژم(بیشۆم، دای بهێنم...هتد)، حەزرەتیش(**د.خ**) فەرمووی نـەك هەرئەوەنـدە کە بیشۆیت و دای بهێنیّ، بەڵکو ڕێزی قـژت بگـرە ...بەڕاسـتی بڕواناکـەم لـە فەرهـەنگی هـیچ گەلێکدا بگەڕێیت دەستەواژەی ئاوا جوان هەبێت (ڕێزی قژت بگرە) !

دووەم/ هەقی ماڵ و منالّ ، دەبێت ڕزق و ڕۆزیان بۆ پەیدا بکرێـت و ژیانیـان بـۆ خـۆش بکرێـت، یاریان لـەگـەڵ بکرێـت، بەچـاکی پـەروەردە بکـرێن و ....هتـد... حـەزرەت(**د.خ**) دەفـەرموێت (چاکترینتان چاکترینتانە بۆ ماڵ ومناڵی ومن چاکترینتانم بۆ ماڵ و مناڵم).

حـەزرەت(**د.خ**) پێشـبڕکێی دەکـرد لـەگـەڵ عائیشـەداو ڕێـزی زۆری لـەکچـەکانی دەگـرت و لـەبەریان هەڵدەستاو یاری دەکرد لـەگەڵ مناڵەکانیان.

سێیەم/ ڕێزگرتنی دایك و باوك و خزمەتکردنیان هەقێکەو، ئەوەش مایەی دەسـتکەوتنی بەهەشـتەو خراپەکردنیش لـەگەڵیان لـەگوناهە گەورەکانە.

چوارەم/ هەقی ڕێگا، ئیسلام ئەوەندە مەزنە باسی هەقی ڕێگا دەکـات بـەوەی ئەگـەر شـتێك ڕێـی خەڵکی گرتبوو لابرێت (إماطة الأذى عن الطريق)وە ئەمەش دانراوە بەبەشێك لـە ئیمان کە زیـاتر لـەحەفتا بەشە (بضع وسبعون شعبة)...

پێنجەم/ هەقی خوا کە لـەپێش هەموو هەقەکانەوەیە(إن لربِّكَ عليك حقا) بۆ ئەمەش بڕوادار هەوڵ دەدات فێری زانستی شەرعی بـێ و خواپەرسـتی زۆر بکـات و بانگـەواز بکـات و تێکۆشـێ بـۆ ئاینەکەی و ...هتد .

جابڕوادار لـەبگرەو بەردەی جێبەجێکردنی ئەم هەقانەدا ماندوو دەبێت، کە لـە ڕاستیشـدا لــەززەتی ژیان لـەو هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونەدایە.

ئیبن جوزی باسی ئەم حاڵەتەمان بۆ دەکات و دەڵێت :

(سەیری هیممەت بەرزی خۆمم کرد سەرم سوڕما، چونکە من حەزدەکەم زۆر شت فێربم وکەم زانین بەبێ هیممەتی دەزانم، هەرچەند ڕەنگە تەمەنیش بەش نەکات ئەو هەموو زانستەی تیا بەدەست بهێنم .

ئنجا حەز دەکەم کاربکەم بەو زانستەی هەمەو ئەمەوێ وەك (بیشر کوڕی حارث الحافي) وەرعم هەبێ و وەك (معروف الکرخي) زوهدم هەبێ و...هتد. ئەمە بەبێ ئەوەی لەخەڵکی دابڕێم، بەڵکو بەردەوام سوود بەخەڵکیش بگەیەنم. پاشان دەمەوێ کارو کاسپیەکیش بکەم تا ئاتاجم بەکەس نەبێ و دەست لەخەڵکی پان نەکەمەوە و کەس منەت نەکا بەسەرما،دیارە ئەوەی هیممەتی بەرز بێت هەروا دانانیشێت، دیسان حەز دەکەم منالم هەبێ و لەدەورم بن.

ئەمە بێجگە لەوەی کەحەز دەکەم بنووسم و نووسراوەکانم دوای خۆم سوودیان لێ وەرگیرێ و ناوم بمێنێ ، دیارە کۆکردنەوەی ئەمانە هەمووی کۆکردنەوەی کۆمەڵە شتێکی دژ بەیەکەو ،جۆرێك ماندوێتی و شپرزی و ئازار دروست دەکات ، بەلأم هەرچۆن بێت تەسلیمی بووم، ڕەنگە (تهذیب)و چاکبوونم لەو هەوڵ و کۆشش و ماندوو بوونەدا بێت، ئەگەر گەیشتمە ئەو هەموو شتانەی لەنیەتمدایە ئەوە باشە ئەگەر نەشگەیشتم ئەوا نیەتی بڕوادار لە کارەکەشی گرنگترەو خێری خۆمم دەست دەکەوێت ...(صید الخاطر)

ئەم حاڵەی ئیبن جوزی لای زۆر لە بڕواداران هەیەو هەرکەس بەجۆرێك هەقەکان ئەدات...

هاوسەنگی و چەند تێبینیەك :

1- ئاشکرایە ئیسلام ئاینێکی جیهانیەو تاڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت، بۆیە گرنگی بەهەموو بوارێکی ژیان دەدات و هانی موسوڵمانانیش دەدات کە گرنگیان پێ بدەن.

هەرلەکۆنەوە موسوڵمانان کەمتر لەلایەنەکانی تر گرنگیان داوە بەبواری پزیشکی، ئەمەش وای لەپێشەوا شافیعی کردووە کەبڵێت (وانازانم هیچ زانستێك پاش حەلأڵ و حەرام گرنگتر بێت لەزانستی پزیشکی، کەچی بەداخەوە ئەهلی کیتاب زاڵ بوون بەسەرماندا لەو بوارەدا و پێشمان کەوتوون).

هاوەڵێکی شافیعی دەڵێت:(پێشەوا شافیعی زۆر خەمی بوو کەموسوڵمانان گوێیان نەئەدا بەپزیشکی و، دەیووت : پزیشکی کەیەك لەسەر سێی زانستەکانە پشت گوێ خراوەو جوولەکەو گاور تیا بالأ دەستن).

ئەگەر سەیرێکی خێرای مێژووی ئیسلامی بکەین، دەبینین کە ئەم گوێ پێنەدانە چەند زیانی گەیاندووە بەکۆمەڵگای ئیسلامی، زۆر لەخەلیفەو کاربەدەستان پزیشکی تایبەتیان جوولەکەو گاور بوون و دیارە ئەوانیش نکوڵی ناکەن لەزیان گەیاندن بەموسوڵمانان، وەك دەشزانن کە (محمد الفاتح) نزیکەی چواردە جار هەوڵی تیرۆر کردنیان دا بۆیان نەکرا تاپزیشکێکی تایبەتیان نارده(استنبول)و وای کرد کە نزیك ببێتەوە لەکۆشك و پاشان ببێتە پزیشکی تایبەتی سوڵتان و کەم کەم زەهری بۆ دەکردە خواردنەوە تاسەرەنجام ژەهر ڕێژەکەی زۆر بوو لەلەشیاو کوشتی، ئنجا هەموو ئەوروپا دەستیان هێنا بەدڵیاناو وتیان (هەڵۆی بەرزە فڕی ئیسلام تیاچوو)....

زۆر زانستیش هەیە هەر لەکۆنەوە ڕۆژئاوا نایانەوێ دەست موسوڵمانان بکەوێ، سوڵتان عبدالحمید چەند کەسێکی نارد زەمانی خۆی کە ببنە پسپۆڕ لەبواری نەوتدا، ڕۆژئاوا نەیانهێشت فێر بن و ئاستەنگیان هێنایە بەردەمیان... کەچی خۆیان پسپۆڕیان دەنارد بەخاکی ئیسلامدا دەگەڕان بۆ نەوت لەژێر پەردەی گەڕان بەدوای(ئاثار)دا، جا بۆزیاتر چاوورِاوکردن شمشێرێك و هەندێ شتی کۆنیان برد بۆ سوڵتان عبدالحمید گوایە دۆزیویانەتەوە، (ئەمەش سوڵتان لەیادەوەریەکانیدا باسی کردووە !).

کاتێك ولاّتە ئەوروپیەکان قەرزێك ئەدەنە ولاّتە بەناو ئیسلامیەکان مەرجیان لەسەر دادەنێن کەبیکەن بەچی ؟! بۆئەوەی هەر بەقەرزاری بمێننەوەو پارەکە بەفیرۆ بچێت.

یان قەرزیان دەدەنێ و یارمەتیان دەدەن بەمەرجێ سەرکوتی ئیسلامیەکان بکەن، هەروەك مەرجیان دانا لەسەر ولاّتی یەمەن، گوایە بەمەرجێك یارمەتی دەدەن و قەرزیان دەدەنێ کەئیسلامیەکان لەبەشداریکردن لەحوکمدا دووربخاتەوە ؟!

گرنگیدان بەبواری پزیشکی و ئەندازیاری و ئەتۆمی و... هتد، بەشێکە لەو خواپەرستیەی(عبادە)کە ئێمە بۆی دروس بووین، چونکە هەرکارێك کە بۆ خوا بکرێت عیبادەتە،ئەمەش بۆ ئەوەی دانەمێنین بۆ پسپۆڕی تایبەت لە هەر بوارێکدا ولاّت پێویستی پێی بێت .ئەوەتە لەولاّتی سودان کەدەیەوێت بەرنامەی ئیسلام پەیڕەوی بکات جاری واهەیە دائەمێنن بۆ پسپۆڕی تایبەت .

2- ئەم مەسەلەی هاوسەنگیە هاوەلاّنیش نالاّندویانە پێیەوە و حەزرەت(د.خ) بەردەوام کاری لەسەر کردووە، کاتێك موسوڵمانان کۆچیان کرد لەمەککەوە بۆ مەدینە، پێغەمبەر(د.خ)، کۆچکەرانی دابەشکرد بەسەر ماڵە (انصار)ەکانداو کردنی بەبرا، (سلمان)ی فارسی بوو بەبرای (ابودرداء)،

كه(سلمان) سەردانى كرد، خێزانى (ئەبو درداء)ى بينى شڕۆڵەيەو هيچ گوێ بەخۆى و جل و بەرگى نادات، سەلمان لێى پرسى: بۆ ئاوايت؟ ئەويش وتى : ئەبو دەردائى برات كارى بەدنيا نەماوە...

كاتێك نان دانرا ئەبو دردا وتى: تۆ نان بخۆ من بەرۆژووم(رۆژووى سوننەت)، سەلمان وتى : تانان نەخۆى لەگەڵما نان ناخۆم، ناچار ئەبو دردا لەبەر ميوانەكەى رۆژووەكەى شكاند، كاتێك شەو داهات چەند جار ويستى هەستێ بۆ شەو نوێژ سەلمان پێى دەووت بنوو جارێ، تاسێيەكى دوايى شەو ئنجا سەلمان هەڵى ساند و وتى: ئنجا دەهەستە بابەيەكەوە نوێژ بكەين.

بەيەكەوە نوێژيان كردو ئنجا سەلمان پێى وت :﴿ إن لربك عليك حقا، ولنفسك عليك حقا، ولأهلك عليك حقا، فاعط كل ذي حقٍ حقّهُ﴾ دوايى هاتن بۆ پێغەمبەريان(د.خ) گێڕايەوە، ئەويش فەرمووى : سەلمان ڕاست دەكات...(بوخارى گێڕاويەتيەوە).

3- هاوسەنگى لەنێوان بانگەواز كردن و جێبەجێكردنى و سوننەتەكاندا پێويستە، تا بانگخواز زياتر لەخوا نزيك ببێتەوە، پياو باشێكى تابيعين دەڵێ (كێ پياوێكم پيشان دەدات كە بەشەو لەشەو نوێژدا بگرى لەترسى خواو لەڕۆژيشدا بەدەم خەڵكەوە پێبكەنێت)، ديارە ئەو كەسانەى ئەو هاوسەنگيە ڕادەگرن كەمن.

شێخ عبدالقادرى گەيلانى بەڕەحمەت بێت، لەگەڵ ئەو هەموو خواپەرستيەى دەيكرد بانگەوازيشى دەكردوبووە مايەى هيدايەتى خەڵكێكى زۆر وجارێكيان وتى: (خواى گەورە ويستى وابوو كەسوود بەخەڵكى بگەيەنم، سوپاس بۆ خوا زياتر لەپێنج سەد كەس لەسەر دەستما موسوڵمان بوون وزياتر لەسەد هەزار كەسيش لەسەردەستما تەوبەيان كردووە) ل 51 التنازع والتوازن (د.محمد موسى الشريف) .

4- هاوسەنگى كردن لەنێوان تێكەڵاوى خەڵك و سەردانيان و گرنگيدان بەخۆفێركردن (بەڕاستى كات كەمە، يارمەتى براكەت بدە سوود لەكاتەكانى وەربگرێ).

ئيمام يوسف القاضى كە لەساڵى 297 ز دا مردووە، بەزاناى پايەبەرز ئيبراهيمى حەربى كە لە (258)ى كۆچيدا مردووە دەڵێت (باوكى ئيسحاق ئەگەر بەپێى پێويست بێين بۆ لات و سەردانت بكەين، ئەوەندە هەقت لەسەرمانە دەبێت هەميشە لەلات بين و لەخزمەتتدا بين)، ئەويش وتى (هەموو نەهاتنێك لەخرابى و وشكى وبێ سەليقەييەوە نيەو هەموو هاتنێكيش لەخۆشەويستيەوە نييە، گرنگ ئەوەيە دڵەكان نزيك بن لەيەكەوە).

بەڕاستی ئەمە کێشەی ئەم زەمانەیە، هەریەك لەئێمە خەڵکانێکی زۆر دەناسێت و شار فراوان بووە، کەس و کار (ماشاء الله) زۆرن ، وەرە هەقی هەموان بدە ، بزانم کاتت دەمێنێتەوە بۆ خۆت شتێك فێر بی، یان شتێك بنووسی، بۆیە بادەم بەگلەیی نەبین و عوزر بۆ یەك بهێنینەوەو سوود لەکاتەکانمان وەرگرین بەباشترین شێوە، سابەڵکو بەفەزڵی خوا بەهەموو لایەکمان کاروانی ئەم بانگەوازە هەنگاوێ زیاتر لەسەر دەستمانا بچێتە پێشەوە...

5- ڕێگای دنیاوڕێگای ئاخیرەت دووڕێی جیاواز نین ، ئەگەر دنیات ویست بەڕێگایەکدا بڕۆیت و ئەگەر ئاخیرەتت ویست بەڕێگایەکی تردا بڕۆیت ، بەڵکو دەتوانی بەڕێی دنیادا بڕۆیت و ئاخیرەتیش بەدەست بێنێت بەوەی کە نیەتت ڕاست بکەیتەوە بۆ خوا...

خوای گەورە نایەوێ دنیا فەرامۆش بکەین و پشت گوێی بخەین، قورئان دەفەرموێت ﴿ ویَسألونَكَ مَاذَا يُنفِقونَ قُلِ العَفو كَذلِكَ يُبَيّنُ اللهُ لَكُمُ الآياتِ لَعَلّكُم تَتَفَكّرونَ في الدّنيا والآخِرَة ﴾ (البقرة:219) واتە: پرسیارت لێدەکەن چی ببەخشن لەڕێی خوادا، بڵێ: ئەوەی زیادە لەخۆتان و ماڵ و منداڵتان، ئابەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، تاوەکو بیر بکەنەوە لەدنیاو ئاخیرەتتان.

هەروەها قورئان فێرمان دەکات کە بپاڕێنەوە لەخوا کەچاکمان بۆ بکات لەدنیاو لەئاخیرەتدا: ﴿ ومِنهُم مَن يَقولُ رَبّنا آتِنا في الدّنيا حَسَنَةً وفي الآخِرَةِ حَسَنةً وقِنا عَذابَ النّار،أولئكَ لَهُم نَصيبٌ مِمّا كَسَبوا واللهُ سَريعُ الحِسابِ ﴾ (البقرة:202)

دیارە ژیان لەدنیادا هەوڵی دەوێ بۆ پەیداکردنی بژێوی و ئا لێرەوە مەسەلەی ماڵ و سامان دێتە ئاراوە، کە ئەمەش ئیسلام بەگرنگ گرتویەتی و پارەی داناوە بەمایەی ڕاگیر بوونی ژیان، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك نەفام و بێ عەقڵ بێت و (سفیە)بێت بۆ ئەوەی پارەکانی کەپارەی کۆمەڵگایە تیا نەچێ، ئەبێت بۆی سەرپەرشتی بکرێت و بخرێتە ئیشەوەو بەوە بەخێویش بکرێت ، قورئان دەفەرموێت: ﴿ ولا تُؤتوا السّفَهاءَ أموالَكُمُ التي جَعَلَ اللهُ لَكُم قياماً وارزُقوهُم فيها واكسُوهُم وقُولوا لَهُم قَولاً مَعروفاً ﴾ (النساء:5)

واتە: پارە خوا کردویەتی بەمایەی ڕاگیرکردنی ژیان(التي جعَل الله لكم قياماً) بۆیە نابێت بەفیڕۆ بدرێت و بەخۆڕایی تەخشان و پەخشانی پێ بکرێت، هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) کاروکاسپیشیان دەکردو لەڕێی بازرگانیەوە پارەی باشیان پەیدا دەکردو پارە بەدەستیانەوە بوو نەك لە دڵیانا، بۆیە

زۆر بەدڵفراوانی دەژیان و دەستیان نەقوچاندبوو لەئاستی بانگەوازی خوادا،تەنانەت شەش کەس لەو دە کەسەی کە مژدەی بەهەشتیان پێدرا بوومليۆنەر بوون...

ئەوەش (سعيد کوڕی المسيب)کە يەکێکە لەتابيعين دەڵێ: (خێرنيە لەکەسێکدا کەنەيەوێ پارەی حەڵاڵ کۆبکاتەوەو هەقی خوای لێ بدات و موحتاجی کەس نەبێت).

(سوفيان الثوري)کە لە161 کۆچيدا مردووە دەڵێت(جاران پارە زۆر مەبەست نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ قەڵغانی موسوڵمانە)...باشە لەسەدەی دووەمی کۆچيدا پارە قەڵغان بوويێت ئەی ئەمڕۆ کەسەدەی پانزەی کۆچييەو دنيا دنيای پارەيەو جولەکەو گاور بەپارە حوکم دەکەن و خەڵك دەکڕن و دنيا هەڵدەسوڕێنن، تەنانەت لەهەڵبژاردنەکاندا بەپارەو پڕوپاگەندە کێيان بوێ دەيهێننە سەر حوکم لەگەورەترين دەوڵەتدا کە ئەمريکايە.

کەواتە دەبێت بەچاوێکی تر سەيری دنياو ماڵ و سامان بکەين و لێی نەترسين، بەڵکو ئازايانە هەوڵی بۆ بدەين لەڕێی حەڵاڵەوەو ئازايانەش خزمەتی بانگەوازی خوای پێ بکەين تاوەکو لە قيامەتدا سەربەرزو سەرفراز بين، ئەوەندەش بەسە کەحەزرەت (د.خ) پەنای گرتووە بەخوا لەفەقيری و داوای دەوڵەمەندی کردووە لەخوا : (اللهم إني أعوذ بك من الكفر والفقر) (اللهم إني أسألك التُقى والغِنَى) يان دەفەرموێت (نعم المال الصالح للرجل الصالح)...

هەروەها دەفەرموێت : (نعم العون على تقوى الله المال)واتە: پارە يارمەتيدەرێکی چاکە بۆ پارێزکاری .کنز العمال، 6342 /الديلمي.

لەفەرمودەيەکی تريشدا هاتووە(الدراهم والدنانير خواتيم الله في أرضه من جاء بخاتم مولاه قُضيت حاجته) کنز العمال 6332 واتە: درهەم و دينار مۆری خوان لەسەر زەوی، هەرکەس مۆری پەروەردگاری پێبێ کاری جێبەجێ دەبێت.

6- ڕاستە مرۆڤ هەميشە لە هەڵپەدايەو چاوی تێر نابێت و ڕەنگە پەلاماری چەند ئيشێك بدات و هەقی هيچيشيان بەتەواوی نەدات و باش فريايان نەکەوێت، ئەمەش ديارە دەيبات بەرەو ئەوەی کە وەعدی ناڕاست بێت و نەتوانێت قسەی خۆی بباتە سەر.

بڕوادار کار دەکات و هاوسەنگی دەبێت لەنێوان کارەکانيدا، تاوەکو خاوەنی وەعدو پەيمانی خۆی بێت و بتوانێ بەچاکی پياڕابگات.

کات گرنگەو ڕێکخستنی کاتەکانيش بەهەمان شێوە گرنگە، بەتايبەت کەئێمە لەقوتابخانەی ئيسلامدا خوێندومانە، ئاشکرايە لەئيسلامدا نوێژو ڕۆژوو حەج و زەکات کاتی تايبەتيان هەيە،

بۆنمونه نوێژ (إنّ الصَلاةَ كَانَت عَلَى المؤمنينَ كِتاباً مَوقوتاً) (النساء:103) ڕاستگۆیی لەوەعدو لەمەوعیدا سیفەتی پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێ بێت ، ئەوە حەزرەتی ئیسماعیل کە قورئان لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿ واَذكُر فِي الكِتابِ إسمَاعيلَ إنّه كَانَ صادِقَ الوعدِ وكَانَ رَسولاً نَبيّاً﴾ (مريم:54) ڕێزگرتن لەکاتی خۆت و خەڵکی سیفەتێکی جوانەو کاتیش بریتیە لە ژیان، ئەو سەعات و خولەکانەی دەڕۆن ناگەڕێنەوەو مرۆڤ لە قیامەتدا خەفەت لە بەفیڕۆیانیان دەخوات.

زانای پایە بەرز علی طنطاوی زۆر گرنگی دەدا بەکاتەکانی و لەژوورەکەیدا بەرامبەر خۆی کاتژمێرێکی گەورەی دانابوو، هەموو کات پێش مەوعید خۆی ئامادە دەکرد بە دە خولەك و چاوەڕوانی میوانی دەکرد، ڕۆژێك خۆی ئامادە دەکات و چاوەڕێی برادەرێکی دەکات کەچی بیست خولەك دوادەکەوێت، ئەمیش دەیباتە ژووری میوان و بەتەنها بیست خولەك بەجێی دێڵێ ئنجا دەچێتەوە بۆلای و خزمەتێکی باشی دەکات بۆئەوەی تێی بگەیەنێ چاوەڕێی چەند ناخۆشە !

ئەمە بێجگە لەوەی کەکاتی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ خواردن و بۆ نووستن و... هتد.

دیارە ئەم ڕێکخستنی کاتەو تەمەنی درێژی وای کرد کە بەهەزاران پەڕاو بخوێنێتەوە و بەهەزاران لاپەڕەش بنووسێت و لەچەندەها ئێستگەو لەچەندەها کەناڵەوە وتاربدات و خزمەتێکی باش بە بەرنامەی خوا بکات...ل85 ظاهرة التهاون بالمواعيد.

چاکەکاری

قورئانی پیرۆز داوا لەبڕواداران دەکات کە خواپەرستی خۆیان بکەن و چاکەکاربن بۆ ئەوەی سەرفرازی دنیاو قیامەت بن : ﴿ يا أيها الذين آمنوا أركعوا وأسجدوا وأعبدوا ربكم وافعلوا الخير لعلكم تفلحون ﴾78 الحج.

بڕواداری ڕاستەقینە خێر خوازەو خێرو خۆشی بۆ خەڵکی دەوێت، خوای گەورەش هانی دەدات کە بۆ هەموو خێراتێك پێشبڕکێ بکات:﴿ أولئِكَ يُسارِعونَ فِي الخَيرَاتِ وهُم لَها سَابِقونَ ﴾ (المؤمنون:61) بەڵێ چاکەکاری و چاکەخوازی مایەی ڕەزامەندی خوایەو مسقاڵە زەرەیەك چاکە تەرازووی قیامەت دەیخوێنێتەوەو، پاداشتی لەسەر وەردەگیرێت (فمن يعمل مثقال ذرة خيراً يره)ل 178 لەخزمەت قورئاندا(نووسەر).

نموونەیەک لەکوردستانەوە :

لەپێش شەڕی عێراق – ئێراندا، لەیەکێ لەگوندەکانی خۆمان لەسنووری ئێران لای چوارتاوە، لە دەمەو ئێوارەیەکی زستانی ساردا ، پیاوێکی گوندەکە تارمایی سەربازێك دەبینێ کە لە

(ئیجازە)گەڕاوەتەوەو لەسەرمادا لەوەدایە ڕەق ببێتەوەو دیارە ناتوانێ بگاتەوە(ڕەبیەکەیان) کە لەسەر چیاکە دەبێت.

ئەو پیاوە دەچێت بەدەم سەربازەکەوەو دەیهێنێتەوە بۆ ماڵەوەو ئەو شەوە خزمەتی دەکات و بەیانی لەگەڵ کوڕەکەیدا بەولاخێك دەینێرێتەوە بۆسەر چیاکە بۆلای سەربازەکانی تر، پاش ماوەیەك شەڕی عێراق – ئێران دەست پێدەکات و گوندەکە تووشی ڕاگواستن دەبێت.

پاش چەند ساڵێك و پێش ڕاپەڕین ئەو پیاوە هەندێ ولاخ و مەڕو مالاتی خۆی و خەڵکی تر دەبات بۆ موسڵ و دەیفرۆشێت بە سی هەزار دیناری سویسری و پارەکە قایم دەکات لەجلەکانیداو دەیشارێتەوە ، کە دەگەڕێتەوە لەسەیتەرەی کەرکوك هەولێردا دەیگرن و پارەکەی لێدەسەنن و دەڵێن : ئەوە پارەی پێشمەرگەیەو، لەبەر سووری هەتاودا ڕایدەگرن و کەلەبچە دەکەنە دەستی ، ئەمیش چی قسە دەکات گوێی لێناگرن و بێسوود دەبێت.

ئالەم کاتەدا کوردێکی ئاوا بەو پارەیەوە بەردەست جەندرمەکانی بەعس بکەوێ، ئاشکرایە بەئاسانی وازی لێناهێنن، بەلام دیارە خوای گەورەش بەڕەحمەو ئەوەندەی پێناچێت سەیارەیەکی عەسکەری دەوەستێ و ئەفسەرێکی پلە بەرزی لێ دادەبەزێت کەحیمایەیەکی زۆری دەبێت و بەدارەکەی دەستی دەکەوێتە گیانی سەربازەکانی سەیتەرەکەو دەڵێ ئەم پیاوەتان بۆ لەم گەرمایەدا ڕاگرتووە ، ئەڵێن : گەورەم ئەوە پارەی (مخربین)ی پێیەو گرتومانە ، ئەڵێ : شتی وانیەو پارەکەیان لێ دەسێنێتەوەو کابرا لەگەڵ خۆیدا سەردەخات.

لەڕێ بەکابرا دەڵێت : نامناسی ؟ دەڵێ :نەخێر، دەڵێ: باش بیرکەرەوە چ خێرێکت کردووە ! هەرچی بیر دەکاتەوە ئەو چاکەیەی زووی بیر ناکەوێتەوە.

تومەز ئەو ئەفسەرە سەربازەکەیە کەکاتی خۆی پێش زیاتر لە دەساڵ ئەم چاکەی لەگەڵ کردووەو لەمردن و ڕەق بوونەوە ڕزگاری کردووەو بەهۆی ئازایەتیەوە لەشەڕی ئێران – عێراق دا (نوط الشجاعة)ی وەرگرتووە و ئاوا پێشکەوتووە وبووە بەو ئەفسەرە.

ئنجا دەڵێ بۆ کوێ دەچی، دەڵێ: دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، دەڵێ: بابتگەیەنین، ئەویش دەڵێ : ماڵت ئاوابێت تەنها بم گەیەننە نەقلیاتی کەرکوك خۆم دەگەڕێمەوە ، ئەفسەرەکەش دەیباتە نەقلیات و سەیارەی حیمایەکانی لەگەڵ دەنێرێ تا لە سەیتەرەی کەرکوك بەسەلامەتی دەری دەکەن ، بەڕاستی ئەمە وانەیەکی گەورەیە کەئەو کابرایە بۆ ناسیاوێکی منی گێڕاوەتەوە لەدوای ڕاپەڕین کەگەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی خۆی دوای ڕاپەڕین...

با نیەتمان بۆ خوا بێت

گرنگیدان بەنیەت و پاکردنەوەی ئەرکی سەرشانی هەموو بڕواداریێکی ڕاستە، پێغەمبەر(**د.خ**) دەفەرموێت (إنّما الاعمال بالنيات).

لە هەموو غەزاکاندا موسوڵمانان چەند قات لەدوژمن کەمتربوون کەچی بەفەزڵی خواو بەنیەتی بۆ خواسوڵحاویان سەردەکەوتن، لە فەتحی (مەدائین)دا لەساڵی شەشەمی کۆچیدا، کاتێك سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص سەرکەوت بەسەر فارسەکاندا ویستی بپەڕێتەوە بە دیجلەدا و دوای دوژمن بکەوێت تاوەکو شاری مەدائینیش فەتح بکات، دیارە ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە کەشتی و هۆکاری تری پەڕینەوەیان نەبوو، سەعد وتارێکیدا بۆ سوپاکەی و وتی : دوژمنتان بەهۆی ئەم دەریایەوە خۆیان بۆ مەلاّس داون، دەستان نایانگاتێ و ئەوانیش کەی بیانەوێ پەلامارتان دەدەن بەهۆی کەشتیەکانیانەوە ، جائێوەش شتێ نیە لەدواتانەوە لێی بترسن وخەمی دنیاتان نیە، بۆیە وادەبینم کەجیهادی دوژمنەکەتان بکەن بەنیەتتان پێش هۆکاری دنیایی، بەڕاستی من دەمەوێ بەم دەریایەدا بپەڕمەوە بۆیان، جانازانم کێ دێت لەگەڵما ؟!

هەموو هاواریان کرد، خوا بەخێری بگێڕێ و خێر بێنێتە ڕێمان.

نزیکەی شەش سەد سوار دایان لە ئاوەکە بەولاّخەکانیانەوەو بەفەزڵی خوا نقوم نەبوون و پەڕینەوە کە بەئاشکرا موعجیزەیەکی گەورە بوو خوا بۆ هاوەڵانی هێنایەدی، ئەو شەش سەد کەسە لەوبەر ئاوەکەوە سوپای فارسیان دوورخستەوە، تاسەعدیش بەباقی سوپاکەوە پەڕیەوە، لەناو ئاوەکەدا سەعد لەبەر خۆیەوە دەیووت(حسبنا الله ونعمَ الوكيل واللهِ لَينصرن الله وليه، وليظهرن دينه، وليَهزمن عدوه، إن لم يكن في الجيش بغي، أو ذنوب تغلب الحسنات) واتە:پشتمان بەخوا بەستووەوهەر ئەومان بەسە، بەخوا خوای گەورە دۆستانی سەردەخات و دینەکەی بەرز دەکاتەوە و، دوژمنەکانیشی تێك دەشکێنێ، بەمەرجێ لەسوپاکەدا تاوانکار نەبێ یان گوناە زاڵ نەبێ بەسەر چاکەکاندا.

کەپەڕینەوە سەعد جەختی کردەوە سەرئەم مانایەو وتی (وام بەچاك زانی کە دەستپێشخەری بکەن لەجیهادی دوژمنتاندا بەنیەتتان، کەئەوەش چەکێکە خوا بەتایبەت داوێتی پێتان و، بەوە فەزڵی داون بەسەر کەسانی تردا، وەبەوە پێشینانتان سەرکەوتوون، وە بەوە دوژمنتان دەشکێنن و دەگەنە ئاواتەکانتان.) (گۆڤاری المجتمع/1412 –2000/8/8)

دوا وته

(یاالله.. یاالله.. یاالله)

﴿ يَسَأله مَن في السّماوات والأرضِ كلَّ يومٍ هو في شَأن ﴾ (الرحمن:29)

هەموو گیانلەبەرو زیندەوەران، هەرچی هەن لە ئاسمانەکان و زەوی، هەموو کات بەگوتار و بەزمانی حاڵ، داوای پێویستیەکانیان لەخوا دەکەن، هەموو ڕۆژێك و هەموو کاتێك ئاگاداریانەو دەچێ بەهانایانەوەو کاریان بۆ جێبەجێ دەکات و ملیارەها ملیار کار تاوتوێ دەکات بە(کن فیکون)لەبوونەوەرو لەجیهانی ئادەمیزاد و پەری و فریشتەکان.

ئەگەر لەدەریادا ڕەشەبا هەڵی کردو شەپۆل هات،

سەرنشینانی کەشتی هاوار دەکەن : یا الله ...

ئەگەر کەسێك لەبیاباندا ونبوو، یان کاروان لەڕێ لایداو سەرگەردان بوون...

هاوار دەکەن : یا الله...

ئەگەر دەرگا بەڕووی داواکارێکدا داخراو هیچ کەس لای لێ نەکردەوە،

هاوار دەکات : یا الله...

ئەگەر هیچ دایی نەداو هەموو ڕێگاکان داخران، هیوا بڕاو دەست بەهیچا نەگەیشت...

هاوار دەکرێ : یا الله...

ئەگەر سەری دنیات لێ هاتەوەیەك و دڵت تەنگ بوو، تروسکایی نەما ئالەوێدا

هاواربکەو بڵێ : یا الله...

باش بزانە هاوارەکان بۆ لای خوا بەرزدەبنەوەو لەو کاتەدا کە کەس نیە لەم بوونەوەرەدا بێت بەهاناتەوە، خوا هەیە کە دێت بەدەم داواتەوە، دەتبینێ و شەکوای حاڵت دەبیستێ ﴿ وإذا سَألكَ عبادي عني فإني قريب أُجيب دعوة الداع إذا دعان، فليستجيبوا لي وليؤمِنوا بي لعلهم يرشدون ﴾ واتە : ئەگەر بەندەکانم لەبارەی منەوە پرسیاریان لێکردی، ئەوا من نزیکم و وەڵامی داواکەران دەدەمەوە کاتێك داوایەکیان لێم دەکەن، دەبا ئەوانیش هەروەك من چۆن وەڵامیان دەدەمەوە ، باوەڵامی من بدەنەوەو بڕوام پێ بهێنن، بەڵکو ڕێیان پیشان بدرێت و سەرفراز بن...(لا تحزن/ عائض القرني).

مامۆستا محمد حامد کە لەمزگەوتی گەیلانی لای عەلوەکە لەسلێمانی پێشنوێژی دەکات بۆی گێڕامەوە کە لە دوای ڕاپەڕین لە (گوندی باریکە)دەبن لەسلێمانی و، باوکی تووشی نەخۆشیەکی

سەخت دەبێت و چەند جار دەیهێنێت بۆ لای دكتۆر بۆ سلێمانی و پارەو پولیان بەدەستەوە نامێنیّ، ئێوارەیەكیان پیاوێكی ناسیاویان سەردانیان دەكات و بەباوكی دەڵێت : تۆ زۆر زەرووره گۆشت بخۆیت بۆ ئەوەی چاك ببیت...

باوكیشی بەمامۆستا محمد دەڵێت كورم بەڵكو گۆشت بكڕی، دەڵێن بۆ من باشە.

مامۆستاش زۆر خەمبار دەبێت چونكە دەمەو ئێوارەیەو نەهیچی پێیەو نەكەسیش شك دەبات لێی قەرز بكات، بۆیە دەچێتە ژوورەكەی ئەو دیویان و تێر دەگری لەداخی بێ وەزعی وبێ دەسەلأتیان... ئەوەندە ناخایەنێت كە كۆمەڵێ قازوقولنگ بەئاسمانا تێدەپەڕن و هەندێ چەكدار كە لەو ناوچەیەدا دەبن تەقەیان لێ دەكەن، بەقەدەری خوا دانەیەكیان دەكەوێتە ماڵی مامۆستاوە خێرا سەری دەبڕێ و بۆ باوكی لێ دەنێ و، خوای گەورە بەفەزلی خۆی دڵیان خۆش دەكات... قورئان دەفەرموێت :﴿ أمّن يجيبُ المضطرّ إذا دعاه ويكشف السوء ويجعلكم خلفاء الارضِ ءَ إله مع الله؟؟ قليلاً ماتذكرون.﴾ النمل/62 واتە: ئایا كێیە جگە لەخوا كەبێت بەهانای لێقەوماوو بێدەرەتانەوە، كاتێك لێی دەپاڕێتەوە، ئەوسا بەڵاو ناخۆشیەكان لادەبات و دەتانكاتە جێنشین لەزەویدا، ئایا خوا هاوەڵو هاوبەشی هەیە؟؟ كەمێك بیركەنەوە و یاداوەری وەرگرن.

خوایە ئێمە شایەتی ئەدەین كەتەنها تۆ خوایت و تەنها تۆش دێیت بەهانامانەوە ، بەندەش بۆ خۆم كۆمەڵێك ئەزموونم هەیە لەم بوارەدا بەنیازم لە پەڕاوێكدا بەناوی رازەكان تۆماری بكەم بۆ مێژوو،وەبلأوی بكەمەوە سابەڵكو سوودی لێوەربگیرێت..

سەرچاوەكان

1- رێبەری مەشقی سەركردەیی/

2- كنز العمال

3- وقفات تربوية/ عبدالحميد البلالى

4- صيد الخاطر/ابن الجوزى

5- التنازع والتوازن/ د. محمد موسى الشريف

6- مجلة المجتمع – 1412 – 2000/8/8

7- لاتحزن/ عائض القرنى

ناوەڕۆك

ژیــانـەوە

بڵاوبوونەوەی ئیسلام پاش کارەساتی 11ی سێپتەمبەر

بەرگی شەشەم

پێشەکی

پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێ (إن الله زوى لي الارض فرأيت مشارقها ومغاربها ، وإن مُلك أمتي سيبلغ ما زوى لي منها) مسلم ، ئەم فەرموودەیە وەڵامە بۆ هەموو حاڵەتێك کەموسڵمانان تیایا تووشی نارەحەتی و نەهامەتی دەبن، خوای گەورە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هێناوەتە بەرچاوی حەزرەت (د.خ)و هەواڵی داوەتێ کەبەدڵنیایی موڵکی ئیسلام و قەڵەمڕەوی ئیسلام ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەگرێتەوە ..

بڕواداران کەدوژمنان دەبینن کۆن لەسەر دژایەتیان ، دڵنیان کەئەوە پەیمانی خوایەو هاتۆتەدی ﴿ولما رأى المؤمنون الاحزاب قالوا هذا ماوعدنا اللهُ ورسُولهُ ومازادَهُمْ إلا إيماناً وتسليما﴾(الاحزاب/22).واتە : کاتێك بڕواداران کۆمەڵی(الاحزاب)یان بینی کەکافرانی مەککەو هاوکارانیان بوون هاتبوونە سەر مەدینە، وتیان : ئەمە ئەوەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی هەواڵیان داوینێ و پێیان ڕاگەیاندوین کە دوژمنان کۆڵنادەن و پەلامارمان دەدەن و،خواو پێغەمبەرەکەی ڕاستیان فەرمووە ، ئەمەش بووە مایەی بڕوای زیاتر و تەسلیم بوونی زیاتر بۆ خوا .

جاکاتێك خەڵکی دەیانەوێ موسڵمانان ساردبکەنەوە و پێیان دەڵێن :دوژمنان لەهەموو لایەکەوە هاتوون بۆتان ، دەیانەوێ ترس بخەنە دڵیانەوە لەوەڵامیاندا دەڵێن :﴿الذين قال لهُمُ الناسُ ان الناس قَدْ جَمَعُوا لكم فاخْشَوهُمْ فزادَهُمْ إيماناً وقالوا : حَسْبُنا الله ونعم الوكيل﴾(آل عمران : 173) واتە: کاتێك خەڵکی بەبڕوادارانیان وت : ئەوە لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکرێتە سەرتان و خەڵکی کۆبوونەتەوە لە دژتان ، بترسن ، ئەمە بڕوایان پتەوتر دەکات و دەڵێن : ئێمە خوامان بەسە هاوکارو سەرخەرمان بێت وهەرئەویش باشترین وەکیلمانە.

بەڵێ .. ئەمڕۆش وەك دوێنی و وەك هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەوبەر دوژمنان بەئاشکراو بەنهێنی دژ بەم دینە دەوەستن و پیلان دادەنێن و یەکتری ئاگادار دەکەنەوەو یەکتری هەڵدەنێن لەسەر کوژاندنەوەی نووری ئیسلام ..

﴿ يريدون لِيُطفِئوا نور الله بأفواههم والله مُتِمُ نوره ولو كرِه الكافِرون ﴾(الصف)دەیانەوێ نووری خوا بەفوو بکوژێننەوە ، خوای گەورەش نووری خۆی تەواو دەکات و بەردەوام دەبێت هەرچەند کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێت ...

گڕی مۆمێك بەفوویەك دەکوژێتەوە ، بەڵام ئاگرێکی گەورە بەفوو ناکوژێتەوە بەڵکو زیاتر کڵپەدەسێنێ ... هەندێ شتیش کە هەر مرۆڤ دایهێناوە فووکاری تێناکا ، کەسێ بیەوێ ڕووناکی

گڵۆپێك نەهێڵێ دەبێ لەسویچی تایبەتیەوە بکوژێنێتەوە ، ئەگەر وانەکات ئەوا ڕەنج بەخەسارە و هەتا تەمەنی هەیە فووی لێبکات هیچ بەهیچ ناکاو شێتێتی یە !

ئەگەر گلۆپێ کەدەستکردی مرۆڤە بەفوو نەکوژێتەوە ، دیارە نووری بەرنامەی خوا بەقاڵەی دەم و بەفووی فووکەران و بەهەوڵی کافران هیچی لێنایەت هەروەك مەحوی دەڵێت :

(وصلّی الله علی)ئەو حەزرەتەی صاحیّب کەماڵاتە
کەئەعلا موعجیزەی ، قوربانی بم من ، نوری قورئانە
لەتاریکی شەوی کوفرا بەیەك دەم لەمعەیێکی دا
هەزارو سێصەدو بیست ودوە، دنیا چراخانە
چرایەك نووری بێچوونی مومیددی بێت ، دەبێ وابێ
چرایەك دەستی قودرەت خۆشی کا ، بۆ تائەبەدمانە

ل 420 دیوانی مەحوی (مەلا عبدالکریم مدرس)

ئەگەر خوا ئەم ئاینەی نەپاراستایە ئەوا هەر زوو ڕۆژی هیجرەت تەواو دەبوو، یان لەشەڕی خەندەق دا هەرەسی دەهێنا ، یان بەوەفاتی حەزرەتت خامۆش دەبوو ، یان بەفیتنەی ناو موسڵمانان لەناو دەچوو ، یان بەهێرشی خاچپەرستان و تەتەرەکان کەسەدان ساڵیان خایاند ڕیشەکێش و بنەبڕدەبوو ..

﴿يُرِيدُونَ أَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ،هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾ (التوبة:33) واتە : دەیانەوێت نووری بەرنامەی خوا بەقاڵەی دەم بکوژێننەوە ، (خەیاڵیان خاوە) خوا ناهێڵێت ئاواتیان بێتەدی و هیچ شتێکی تری ناوێت جگە لەوەی ئاین و نووری خۆی سەربخات هەرچەند کافران سەغڵەت بن . هەرئەوزاتە بۆیە پێغەمبەرەکەی هاوڕێ لەگەڵ هیدایەت و ڕێنموویی و ئاینی ڕاست و دروستدا ڕەوانە کردووە تاسەری بخات بەسەر هەموو بەرنامەو ئاینەکانی تردا ، هەرچەندە موشریکان پێی دڵتەنگ بن.

بەرنامەی قورئان بۆ هەموو مرۆڤایەتی یە تاقیامەت ، قورئان دەفەرموێت ﴿وما أرسلناك إلا كافةً للناسِ بشيراً ونذيراً﴾(سبأ :28)، هەروەها پێغەمبەر (د.خ)خۆشی دەفەرموێت (وكان النبي يُبعث الى قومه خاصة ، وبُعثت للناس كافة).. واتە هەر پێغەمبەرێك بۆ گەلەکەی خۆی نێرراوە ، بەڵام من بۆ هەموو مرۆڤایەتی نێرراوم .

بۆیه دەبێ نووری ئیسلام بەسەر چوارقوڕنەی دنیادا پـەخش ببێـت ئـەمڕۆ بێـت یـان سـبەی ، ناحەزانیش ئەمە باش دەزانن بۆیـە دەیانـەوێ ئاسـتەنگ و بەربەسـت بهێننـەرێ ی ، بـۆ نموونـە : سەرۆکی ڕووسی(پۆتین) بەولاتانی ئەوروپاو (أرثوذکس) دەڵێ (ئوسوڵیەتی ئیسلامی تاکـە مەترسـی یە کە هەڕەشە لـەعالـەمی پێشکەوتوو دەکات و ئاشـتی و ئاسایشـی جیهـانی دەخاتـە مەترسـیەوە ، ئەوان دەیانەوێ خەلافەتی ئیسلامی بگێڕنەوەو یەك دەوڵـەتی گەورە دروست بکەن لـە (فلیـپین)ەوە بۆ (کۆسۆفۆ)، ئەگەر جیهان ڕووبەڕوویان نەبێتەوە دەگەنە ئامانج ، ڕووسیاش پێویسـتی بەیارمـەتی ماددی یە تا ئوسوڵیەت نەهێڵێ لـەباکووری قۆقازدا) ل 163 الاسلام المعجزه المتجدده.

لـەپەڕاوی (الفرصة السانحة) دا سەرۆکی ئەمریکی (ریچارد نیکسون) بەئاشکرا دەڵێت (تەیاری سـێیەم نموونەیەکی ترسناکە –مەبەستی ئیسلامە–ئـەو ئوصـولیانە لـەڕابردووەوە (انطـلاق)دەکـەن ، بـەلام لـەڕابردوودا ناژین) هەروەها دەڵێت (ئێمە هەرگیز ڕازی نـابین دەوڵـەتێکی ئیسـلامی هـەبێ لـە عێراق)دا ل144 هەمان سەرچاوە.

(ئەوانە چاویان لـەسەر داهاتووە ، ئەوانە (محافظ)نین ، ئەوانە شۆڕش گێڕن و ئیسلامێکیان دەوێ کەدین و دەوڵـەتەو دەیانەوێ شەریعەتی ئیسلامی (تطبیق)بکـەن و دەیانـەوێ شارسـتانیەتی ئیسـلامی سەرلـەنوێ زیندووبکەنەوە)، ئنجا نیکسـون دوای ئـەم قسـانەی داوا لـە (حلف الاطلسی) دەکـات کەڕوو بەڕووی ئەم تەیارە ببێتەوەو ئاستەنگ بهێنێتەرێ ی و نەیەڵێ سەر زیاد بکـات .. هـەروەها وەزیری دیفاعی ئەمریکی رامسفیلد دەڵێ (نا ، نا ، ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم عێراقێکـی ئوسـوڵی ئیسلامی ببینم) هەمان سەرچاوە (ل12 هەمان سەرچاوە) ..

پـیلان بەردەوامـە و خـوای گـەورەش پیلانـەکانیان پووچـەڵ دەکاتـەوە ، هـەروەك قورئـان دەفەرموێت : ﴿ ویمکرون ویمکرُ اللهُ واللهُ خیرُ الماکرین﴾(لأنفـال :30)واتـە :ئـەوان پیلانـی خۆیـان دەگێـڕن و خواش پیلانی خۆی دەخاتە کار (بەپووچ کردنەوەی کارەکانیان) دڵنیابن کەخوای گەورە چاکترینی هەموو پلانسازو نەخشە سازانە .

یان دەفەرموێ ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ فَسَيُنْفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَـيْهِمْ حَسْـرَةً ثُـمَّ يُغْلَبُـونَ والَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ﴾ (لأنفال:36)واتە :بێگومـان ئەوانـەی بێبـاوەڕن ، مـاڵ و سـامانی خۆیـان بەخت دەکەن بۆ ئەوەی بەربەست دانێن و ڕێگری بکەن لـەبەردەم ئاین و بەرنامەی خوادا ، جاماڵ و سامانیان لـەئایندەدا بەخت دەکەن ، پاشان دەبێتە پەشیمانی و داخ و حەسرەت بۆیان و شکسـت دەخۆن و ژێردەکەون و پاشان کافران بۆ دۆزەخیش ڕاپێچ دەکرێن .

بەڵێ ... چی خەرج دەکەن بابیکەن ، سەرەنجام لەلایەن خواوە دیاری کراوە کە (والعاقبة للمتقين)پاشەڕۆژو سەرەنجام هەربۆ پارێزکارانەو دوژمنان دوابڕاوو ژێرکەوتوو ڕیسوان لەدنیاداو، لەئاخیرەتیش دا دۆزەخ جێیانە .

هاتن بەرەو ئیسلام

بەردەوام خەڵکی بەویژدان و ژیر دێن بەرەو ئیسلام و نموونەی زۆرمان باسکردووە ، کەئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەرزی و پیرۆزی بەرنامەی خوا کە دڵان کەمەندکێش دەکات .

یەکێکی تر لەو نموونانە ، راوێژکاری ڕامیاری نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی (بافاریا) یە لە ئەڵمانیا، کەپێش بیست ساڵ لە نوسینگەی دکتۆر علی جریشە لە (میونخ)موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند ... دکتۆر علی داوای لێکرد کە ئیسلامەتی یەکەی جارێ بشارێتەوە لەبەرئەوەی تووشی نارەحەتی نەبێت و ئاستەنگ نەهێننە ڕێی ، کەچی پاش دوومانگ لە کۆنفرانسێکی گەورەدا لەژێر ناونیشانی (فەلەستین بەرەو کوێ ؟)چووە سەر (منصە) کە وتەی حکومەتی ئەڵمانیا بخوێنێتەوە ، پێش وتەکەی بەعەرەبیەکی نیوە ناچڵ وتی (الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، ثم أما بعد فإني أعلن اني مسلم واني أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله وأعلن أن الاسلام دين و دولة)...

بەمەش موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاندو جەختی کردەسەر ئەو ڕاستی یەی کەئیسلام دین و دەوڵەتە !! ئنجا وتەی دەوڵەتی ئەڵمانیای بەزمانی ئەڵمانی خوێندەوە ! ل25 الاسلام المعجزة المتجددة .

گەشەسەندنی ئیسلام پاش کارەساتەکەی ئەمریکا

11 ی سێبتەمبەر کارەساتێکی گەورە بوو ، هەرچۆن بێ و هەرکەس لەپشتیەوە بێت گرنگ نیە بەهێندەی ئەوەی کە چۆن زۆر لێزانانە سوودی لێوەرگیرا بۆ دژایەتی ئیسلام و ڕێگرتن لە ڕابوونی ئیسلامی .

لەگەڵ ئەو هەموو تەنگ پێهەڵچنینە بەموسڵمانان و بانگخوازان لەگەڵ ئەو هەموو ملیار دۆلارەی خەرج دەکرێ ، کەچی لەجیاتی ئەوەی ئیسلام بەرەو دوابچێ ، بەرەو پێش دەچێ و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر گەشە دەکات و پەرە دەسێنێ ! ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کەقورئان فەرمووی (فسينفقونها ثم تكون عليهم حسرة ثم يُغلبون) الانفال 36...

قەشە زویمر کە خەریکی کاری مژدەدان بوو لەسەرەتای سەدەی بیست دا ، لەساڵی 1916 دا ڕایگەیاند (ئیسلام لە گیانەڵادایە ، جا کاتێ هیلال دەکەوێ خاچ سەر دەکەوێت)... ل98 هەمان سەرچاوە . ئەوە سەدەی بیستیش ڕۆیشت و ئیسلام هەر پایە دارە و ئاواتیان نەهاتەدی !

تۆماس کارلیل بەویژدان بوو

ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی تۆماس کارلیل بەویژدان بوو کە وتی (موسڵمانان کە تادوێنێ شوان بوون ، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان بەناوی ئاینی تازەوە دەست بەسەردا گرت و ، لەماوەی سەدەیەکدا توانیان زلهێزەکان لەناوبەرن و ببنەخاوەنی موڵك و ماڵیان کە ئەمەش (موعجیزە)یە ...ئەگەر ئەوە بەڕاستی نەهاتایەتەدی دەمووت خەیاڵە!!

هاوارو بانگەکەی محمد وەك پریشکێکی ئاگر بوو ، نەکەوتە سەر شاخێکی لم ، بەڵکو کەوتە سەر شاخێکی باروت ، کە هەمووی بەیەکجار تەقیەوەو نوورەکەی لەشاخەکانی هیندەوە گەیشتە دەشتەکانی ئەندەلوس ...

بەڕاستی عەرەب زەلیل ترین گەل بوون ، بوونە گەورەی دنیا ، بێنرخترین کەس بوون ، بوونە چاکترین لەڕەوشت و زانین و تێگەیشتن دا ، لەهەموو کەسیش پەرتەوازەتربوون ، بوونە ئیمپراتۆریەتیەك کە لەمێژوودا نموونەو هاوشێوەیان نیە ، ئەمانەش هەمووی بەهۆی ئەو ئاینەوە بوو کەپابەندی بوون) ل100 هەمان سەرچاوە .

وەزیری دادی پێشووی ئەمریکا

لەئەنجامی دووری لە دین و فەسادی کۆمەڵگای ڕۆژئاواوە ، ژمارەیەکی بێ ئەندازە لەلاوو تازە پێگەیشتوان سەریان کردۆتە مەی و مادده هۆشبەرەکان و تاوان و خراپەکاری زۆر زیادی کردووەو ژمارەیەکی زۆریشیان دەگیرێن و لەبەندیخانەکان توند دەکرێن ... لەم لاشەوە ئیسلام لەڕێی بانگخوازانەوە چۆتە ناو بەندیخانەکانەوە و توانیویەتی زیاتر لە سێ سەد هەزار تاوانباری ناو بەندیخانەکانی ئەمریکا بهێنی بەرەو ئیسلام و نزیکەی هەزار کەسیشیان قورئانیان لەبەرەو خەریکی بانگەوازن ...

ئەمەش وای لە (رمزی کلارك) کرد کە وەزیری پێشووی دادی ئەمریکایەکە لەڕۆژنامەکاندا بڵێ (بەڕاستی ئیسلام ڕزگارکەری ئەم عالەمەیەو گەورەترین ئامانجی بەشەریەتیش ئەوەیە کە هێزو گەورەیی ئیسلامی پێبگات پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ ، بەڕاستی ئیسلام تاقە فرسەتە بۆ ڕزگاربوونمان لەقوڕولیتەی مادديەت ، بەڕاستی ئیسلام تاکە دینە کەتوانی بگاتە ناو بەندیخانەکانی ئەمریکاو ژمارەیەکی زۆر لەبەندکراوەکانی تاوان و مادده هۆشبەرەکان ڕزگار بکات).

موسڵمان بوونی سەرۆكی كۆمەڵەی پارێزەرانی ئەمریكا

(ڕۆبەرت دیكسن)سـەرۆكی كۆمەڵـەی پـارێزەرانی ئـەمریكا ، كەسـایەتیەكی سیاسـی دیـارو بەناوبانگە لـەئەمریكاو ، كاتێ خۆی ڕاوێژكاری ڕامیاری بوو لـە زۆر لـە ناوەنـدە سیاسـی یـەكان تاكۆتایی هەشتاكان و، موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند و ناوی خۆی گۆڕی بۆ (فـاروق عبـدالحق) لـە ئەنجامی ئەوەوە بێبەشكرا لـەهەموو تایبەتمەندییەكان و ، پێش ماوەیەك براكەشی موسڵمان بوو كە ئەندامی كۆنگریسی ئەمریكیە.

(فاروق) لـەوتارێكی دا كە لـەم دواییەدا بڵاوكرایەوە باس لـە ئەزموونی خۆی و ئەو هۆكارانـە دەكات كەبوون بەمایەی موسڵمان بوونی و ، دەڵێ : دوای ئەوەی موسڵمانبووم كەسـانێكی زۆر لـەپیاوانی ئاینی مەسیحی و ئەوكەسانەی كەشـارەزاییان هـەبوو لـەئاینی مەسـیحی هـاتن ، وتیـان : بیستوومانە كێشەت هەیە ؟

منیش لـەوەڵامدا وتم : نەخێر هەموو كێشەكانم بنـەبڕبوون بەموسـڵمان بـوونم ، بـەڵكو پـێش موسڵمان بوونم كێشەم هەبوو ..چونكە نەم دەتوانی تێبگەم كە(كوڕو باوك و روح القـدس)دەبێتـە یەك خوا ، باوكیش دەبێتە خوایەكی بێ سنوور ئەوانی تریش سنووردار.

وتیان :پێمان باشە ، بەڵام مـەرج نیـە پەنابـەری بـۆ موسـڵمان بـوون ، چـونكە ئێمـەش ئـەم كێشەیەمان هەیە وەكو تۆ، سەرەڕای ئەوەش لـەسەر بیروبـاوەڕی خۆمـان هـەرماوین ، بـەڵام مـن قەناعەتم نەكرد بەو قسانە، چونكە بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو دەگـەڕام بـەدوای پێناسـەی وشـەی (الله) دا كە لـەدڵی خۆم دا بۆخۆم پێناسەم كردبـوو ، خۆشـم دەپاراسـت لـە ئیسـلام و دژایـەتیم دەكرد ، وام دانابوو كە ئیسلام ڕاستیەكان چەواشە دەكات ، پیاوە ئاینی یەكانی مەسیحی ئـەم بـۆ چوونەیان لـەدڵ و دەروونمدا چاندبوو ، دەیان وت : موسڵمان دینەكەی كامڵ و تەواو نابێ ئەگـەر مەسیحی یەك نەكوژێ ، هەروەها ئیسلامیان وایپشان دەدا كەباس لـەبەهەشـتێك دەكـات كەتـەنها ڕابواردنەو ڕووبارەكانی (ئارەق)ن ، قەت بەخەیاڵمدا نەدەهات خوا لـەبەر ئەو شتانە بپەرستم ..
من دەگەڕام بەدوای پێناسەی وشەی (الله) دا ... چی گەڕام پێناسەم نەدی جوانتربێـت لـە (الله نـور السماوات والارض)... لـەئەمریكادا موسڵمانان لـەزیادكردن و گەشەسەندنان زیاتر لـەهـەموو وڵاتـانی دیكە ، بەتایبەت دوای 11ی سێپتەمبەر !

بۆیە ئەبێ تێبگەین لەو بەرپرسیارێتی یەی لەئەستۆماندایە ، بۆگۆڕانکاری لەژیانـدا ، ئێمـە کـە قورئان دەخوێنین تێدەگەین کـە گۆڕانکـاری لەجیهانـدا زۆر گرنگـە و ، بەڕاسـتی ئێمـە بێئاگـاین لەجوانی ئەم ڕاستی یە ...

کاتێ هەورەکان کـۆن و ڕەشـەبا بڵاویـان دەکاتـەوە ، کـاتێ دنیـا خامۆشـەو تـاریکی دنیـای داپۆشیوەو خۆر هەڵدێ ، ئەوانە هەمووی گۆڕانکارین و، جوانن ...

لاشەی خۆشمان گۆڕانکاری زۆری بەسەرادێ ، کاتێ لـەمناڵی یـەوە دەچـین بـەرەو لاوێتـی و لەوێشەوە بەرەو پیری ، ئەمەش هەر گۆڕانکاری جوانە ئەگەر بەجوانی دیقەت بدرێ ...

ئەو هەموو گۆڕانکاری یە ئامانجی هەیە ، بەهەمان شێوەش هاتن و نەمانی شارستانێتی یەکان ویستی خوای گەورەی لەسەرە و ئامانجی خۆی هەیە ، (ئێمەش بەشێکین لەم گۆڕانکاری یـە وەك ئومـمەتی ئیسلامی).

من موسڵمان بووم چونکە بۆ خـۆم لەسـەر ڕەوشـت و خوویـەکی بـەرز بـووم و ئیسـلامیش بانگەواز دەکات بۆ ئەو ڕەوشت خووە جوانانە ، بۆ موسڵمانان بوونیشم تـەنها شـایەتمانم پێویسـت بوو (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله)...

بەڕاستی ئیسلام ئاینی فیترەتە و ئاینی یەکتاپەرستی و خۆشی و ئاسوودەیی دەروونی یە ، ئیسلام ئاینی داد پەروەری یە .

بەڵام بۆچی خوامنی هیدایەت دا ، وەڵامەکەی مەگـەر لـەقیامەتـدا دەرکـەوێت ، ئـەو ڕۆژەی کەلەهەموو ڕۆژێکی تر زیاتر لێ ی دەترسم ، ئەو ڕۆژەی کەدەچـمەوە بـەر بارەگـای پـەروەردگار بەکۆڵێ گوناهەوە . ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژ 491 / 1 / 6 / 2004..

بانگێک پاش پێنج سەدە

پاش پێنج سەدە لە(غرناطة) لە ئەندەلوس لە 10ی یولیوی 2003 دا دەنگی بانگ بەرزبووەوە ، لەو مزگەوتەی کەموسڵمانان دروستیان کرد ، پاش زەحمەتێکی زۆر کە بیست و دووساڵی خایاند.

موسڵمانان پێش بیست ساڵ زەوی یەکیان کڕی بەنیازی مزگەوت ، مەجلیسی شارەوانیش کە بەمەی زانی بوو بە بەربەست لەڕێیداو دەیویست بیکاتە ناوچەیەکی نیشـتەجێ بـوون و دەیویسـت نەکرێ بەمزگەوت .

پاش نۆساڵی مەحکەمەو مەحکەمەکاری ، موسڵمانان کێشەکەیان بردەوەو کرا بە مزگەوت و پەیمانگای لەبەرکردنی قورئان ، کەئەمەش مژدەیە بەهاتنەوەی ئیسلام بۆسەر شانۆی ژیان ./ ل 150 المعجزة المتجددة.

قەشە دافید مکلورین

مەجلیسی پەیوەندی یەکانی ئیسلامی ئەمریکی دەڵێ : پاش ڕووداوی 11ی سێپتەمبەر ، ژمارەی هاتنی ئەمریکیەکان بەرەو ئیسلام بووە بەچوار ئەوەندەی جاران .. تەنانەت لەدوو هەفتەی دوای ڕووداوەکەدا نزیکەی سێ هەزار کەس موسڵمان بوون ، کەمامۆستای زانکۆو خاوەن شەهادەو پلەو پایە بوون لە ئەمریکا ..

لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەی کە جوولەکەکانی ئەمریکا دایان بۆ ناشرینکردنی ئیسلام کەلە (1981) ەوە لیژنەی تایبەتیان هەیە بۆ (قەلاچۆکردنی ئیسلام)، کەچی زیاتر و زیاتر ئیسلام جێ بۆ خۆی دەکاتەوە .. ئەمەش وای لەقەشەی کاثولیکی (دافید مکلورین)کرد لەگۆڤاری بەناوبانگی بەریتانی (صنداى تلگراف)دابڵێ (ئیسلام تواناو ڕوونیەکی هەیە کەلە مەسیحیەتی سەردەمدا نیە).

هەروەها وتی (ئەگەر ڕۆژ ئاوا بەهێزی سەربازی سەربکەوێ لەئەفغانستان و چی دەوێ بیکا، لەڕاستیدا هەر دۆڕاوە لەلایەنی ڕەوشت وبەهابالاَکانداو ،ناتوانێ سەرکەوێ بەسەر ئیسلام دا) ، پاشان وتی (هێزی کێشکردنی ئیسلام ئەوەندە زۆرە کەدەتوانێ خەڵکێکی زۆر بهێنێ بەرەو لای خۆی ، ئەوەتا ڕۆژنامەی (ریبابلیکا)ی ئیتاڵی دەڵێ : پاش ڕووداوەکانی ئەم دوایی یە حەفتا هەزار ئیتاڵی موسڵمانبوون). ل159 هەمان سەرچاوە

سەرۆکی کۆمەڵەی موسڵمانان لەهاوای

سەرۆکی کۆمەڵەی موسڵمانان لەهاوای دەڵێ :جاران سێ کەس لەمانگێکدا موسڵمان دەبوون ، کەچی وا لەماوەی سێ هەفتەی دوای 11ی سێپتەمبەر (23)کەس موسڵمان بووم کە زۆربەیان ئافرەتن ،یەکێ لەوانە وتی(من ئەمرۆ بێ یا سبەی دەمرم ،بۆیە دەمەوێ بەموسڵمانی بمرم).
(کرومویل کروفورد)سەرۆکی بەشی دین لە زانکۆی هاوای دەڵێ :
(ڕووداوەکان کاریگەریان هەیە لەسەر دەروونی ئەمریکیەکان و ئێستا زیاتر تێدەگەن کە ژیان کورت وکەمە ، ئەمەش وای لێکردوون زیاتر لەیەك نزیك ببنەوەو بەیەکەوە بژین ،هەروەهاخەڵکێکی زۆریش بەرەو ئاین دێنەوە)ل161 هەمان سەرچاوە .

چەند ڕۆژێ لەمێژووی ئەمریکا و ئیسلام

دکتۆر وەلید فتێحی کە لەئەمریکا پزیشکە باسی چەند ڕۆژێ دوای کارەساتی 11ی سێپتەمبەر دەکات و دەڵێت : بەیانی 11ی سێپتەمبەر پێش نوێژی بەیانی خەوێکم بینی ، لەخەوما شاخ و چیای ڕووتەن لە دەورم بوون دەلەرانەوە وەك ئەوەی کە بوومەلەرزەیەکی گەورە هەبێت ، منیش لەخەوەکەمدا ئەم ئایەتەم دەخوێند (وماقدراو الله حق قدره). ئەو بەیانی یە وەك عادەتی چووم بۆ عیادەکەم ، یەکەم نەخۆشم بینی باسی یەکەم فڕۆکەی کرد کە بەر بینای بنکەی بازرگانی جیهانی کەوتبوو،کە دووەم نەخۆشیشم بینی باسی دووەم فڕۆکەی کرد کە خۆی دابوو بەبینای دووەمدا.

هەر لەسەرەتاوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەجوولەکە دەستی بەسەر زۆربەیاندا گرتووە کەوتنە تاوانبارکردنی موسڵمانان .

لەسەعات دوانزەی ئەو ڕۆژەدا لیژنەو بەڕێوەبەرایەتی مەرکەزی ئیسلامی لە (بوسطن)کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بەپەلەیان ئەنجامداو منیش لەڕێی تەلەفونەوە بەشداریم کرد لەگەڵیاندا ..

بڕیارمان دا کەلیژنەیەك دروست بکەین بۆ پەیوەندی و کاری ئینسانی ، داواشمان لە ڕاگەیاندن کرد کەچالاکیەکانمان بلاوبکەنەوە ، پاشان داوامان لەدەسەلاتدارانی شار کرد کەبنکەکەمان بپارێزن ئەوانیش ئاسایشیان بۆ ناردین تامەرکەزی ئیسلامی بپارێزن لە کەسانی تێکدەرو ئاژاوەچی .

بەڕاستی ڕۆژێکی قورس بوو لەسەر هەموومان و خوا خوامان بوو هەواڵێك ببیستین کە دەستی موسڵمانی تیانەبووە .

لە ڕۆژی دوانزەی سێپتەمبەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لەهەموو لایەکەوە دەهاتن بۆلامان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکردین و ئێمەش وەلامی پرسیارەکانیانمان ئەدانەوە ، بەڕاستی ئێمە ئەوەندە دژایەتی دەکراین لەلایەن ناحەزانەوە لەوبڕوایەدا بووین کەئیسلام پەنجا ساڵ لەئەمریکادا هاتۆتەدواوە.

لە ڕۆژی سیانزەی سێپتەمبەردا ،لەگۆڕەپانی بەرامبەر بارەگای عومدەی شاری (بوسطن)هەزاران کەس کۆبوونەوە و ، چەند کەسایەتیەکی ئاینی قسەیان کرد لە گاورو موسڵمان و ، باسی بنەماکانی ئیسلام کراو بە ملیۆنەها کەس بینی و ئەم کۆبوونەوانەش لەسەر تاسەری ئەمریکادا ئەنجامدران ..

لە ڕۆژی جومعە چواردەی سێپتەمبەردا ، بانگکراین بۆ بەشداری کردن لە کۆمەڵێ بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا ،هەروەها بۆ نوێژی جومعەش کە لە خێمەیەکی تایبەتدا ئەنجام درا لەلای مەرکزی ئیسلامی لە (بوسطن) ، سەرۆکی کڵێسەکانیش ئامادەبوون و پاش نوێژ لەگەڵ موسڵمانان‌دا بەشداریان کرد بە ڕێپێوانێك بۆ بەردەم بارەگای عومدەی شاری کامبردج لەوێش باسی ئیسلاممان بۆ ئامادەبوان کردو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا هەموو ئەوانە بلاَوکرانەوە ...

لە ڕۆژی پانزەی سێپتەمبەردا چووم بۆ گەورەترین کڵێسەی شاری (بوسطن) کەبانگهێشت کرابووین بۆ باسکردنی ئیسلام و گەورە پیاوانی شارو کۆمەڵێ ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆش ئامادەبوون کە زیاتر لە هەزار کەس دەبوون ، هەروەك سەفیرەکان پێشوازیان لێکردین و گەورەترین قەشەی کلێسەکە وتاریداو دیفاعی لە ئیسلام کردو ڕایگەیاند کە ئیسلامیش ئاینێکی ئاسمانیە.

ئنجا منیش بەیاننامەی زانایانی ئیسلامم خوێندەوەو باسی مەوقفی ئیسلامم کرد لە بارەی تیرۆرەوە ..پاشان ئەم ئایەتانەم بەدەنگەوە خوێند و بە ئینگلیزیش بۆم تەفسیرکردن : ﴿ مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرائيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً ومَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعاً ﴾ (المائدة:32)

هەروەها ئایەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾ (الحجرات:13) وەئایەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ ولا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُو أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى واتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ (المائدة:8) خوێند ، ئەوەی کەهەرگیز بیرم ناچێتەوە گریانی ئامادەبوان بوو لەناو ئەو کەنیسەیەدا و، یەکێك لە ئامادەبووان وتی : (هەرچەند من هیچ لەزمانی عەرەبی تێناگەم ، بەلاَم دیارە ئەوەی خوێندت بەڕاستی کەلامی خوایە)...

یەکێکی تر کە لە کەنیسە چووە دەرەوە وخواحافیزیمان لێکرد بەچاوی فرمێسکاوی یەوە کاغەزێکی دایە دەستم کە تیانوسرابو (لەڕابردوو ئێستامان ببورن دوعامان بۆ بکەن)...

یەکێکی تریش بەهەمان شێوە بەچاوی فرمێسکاوییەوە وتی (ئێوەش وەك ئێمەن و بگرە چاکتریشن).زۆر کەسیش داوای ناونیشانی مەرکەزی ئیسلامیان دەکرد تائامادەیی وتاری هەفتانە بن ،بەڕاستی ئەم مەشهەدانە ئەو ئایەتەی بیر خستمەوە کە دەفەرموێ ﴿ وإِذَا سَمِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَى أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ......﴾ (المائده:83) ..

بەڕاستی لەو ساتە وەختەدا بەچاکی تێگەیشتم کەخوای گەورە کارێکی بوێ دەیکات و حیکمەتی تیایە هەرچەند عەقڵی کولی ئێمە پەی پێنەبات .

ڕۆژی یەك شەممەش شانزەی سێپتەمبەر بانگەوازێکمان کرد بۆ مەرکەزەکەمان لەوبڕوایەدا بووین سەد کەسێك ئامادە بێ ، کەچی زیاد لەهەزار کەس لە دراوسێ و پیاوانی ئاینی ومامۆستای زانکۆکان ئامادەبوون و باسی ئیسلام بەتێرو تەسەلی کراو قورئان خوێندرا .. هەرهەمان ڕۆژ لە هەمان کەنیسەی دوێنێ بانگکرامەوەو وتارمدا بۆ ئامادەبووان ...پاشان لەپێنج کەناڵی تەلەفیزیۆنیەوە بانگهێشت کراین بۆ پرسیارو وەڵام و قسەکردن ...

ڕۆژی چوارشەممەش 19 ی سێپتەمبەر لەلایەن عومدەی شارێکی دراوسێمانەوە دەعوەت کراین بۆ باسکردنی ئیسلام لە بەردەم هەزاران کەس لەخەڵکی شار ...

ڕۆژی پێنج شەممە (20)ی سێپتەمبەر ، سێ سەد مامۆستاو قوتابی زانکۆی هارفارد هاوڕێ لەگەڵ سەفیری ویلایەتی موتەحیدە لە ڤییەننا هاتن بۆ سەردانی مەرکزی ئیسلامی و لە گۆڕەپانی مزگەوتەکەدا دانیشتن و باسی ئیسلاممان بۆ کردن و قورئان خوێندراو جارێکی تریش زۆریان فرمێسك بەچاویانا هاتە خوارەوە ...

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا کە لەسەرتاسەری ئەمریکادا دەبینرا لەگەڵ پرۆفیسۆر ئالان دیرشوفیتز بەشداریمان کردو باسی هەقی مەدەنی و ئینسانیمان کرد لەیاساکانی ئەمریکاداو خەڵکانێکی زۆریش بەتەلەفۆن بەشداری بەرنامەکەیان کرد.

ڕۆژی جومعەش (21)ی سێپتەمبەر موسڵمانان لەگەڵ حاکمی ویلایەتی (ماستشۆستس)کۆبوونەوەو قسە لەسەر ئەوە کرا کەلەبەرنامەی خوێندن دا وانەیەك تەرخان بکرێ بۆ دینی ئیسلام تامایەی هۆشیاری بێت و کەس دژایەتی نارەوای موسڵمانان نەکات .

نوێژی جومعەش کەناڵی (سی إن إن) بە تەواوی بلاوی کردەوە ، هەروەها وتاری هەفتانەی شەوی مەرکەزەکەشمانی بلاوکردەوە .. بەڕاستی ئەمەی لەشاری (بوسطن) دا ڕوویدا لەشارەکانی تری ئەمریکاش بەهەمان شێوەبوو ، بۆیە بۆمان دەرکەوت کە ئیسلام هەرگیز پاشەکشە ناکات و ئەوەی ئێمە وامان دەزانی ئیسلام پەنجا ساڵ لەئەمریکادا هاتە دواوە ، وا دەرنەچوو بەڵکو لەسایەی خواوە بەو یانزە ڕۆژەی دوای یانزەی سێپتەمبەر ئیسلام یانزە ساڵ چووە پێشەوە .. ل166 هەمان سەرچاوە .

قەشەیەک و دە ئەمریکی موسڵمان بوون

مەرکەزی ئادەم لە فرجینیا پێشوازی کرد لە قەشەیەك و دە ئەمریکی کەپاش چەند ڕۆژێ لە ڕووداوی 11ی سێبتەمبەر موسڵمان بوون ، هەروەها خۆبەخشەکانی دراوسێ ی مزگەوت و دراوسێکانی مەرکەز هەڵمەتێکی پارە کۆکردنەوەیان کرد بۆ چاکردنەوەی مزگەوت کە لەسەردەستی هەندێ توندڕەوی جوولەکەو گاور تووشی زەرەرو زیان بوو بوو .. ل167 هەمان سەرچاوە .

هاوسۆزی ئەمریکیەکان لەگەڵ موسڵمانان دا

ئەمەش چیرۆکی هاوسۆزی کەسانی بەسۆزی ئەمریکیە بەرامبەر موسڵمانان کە موسڵمانانی ئەمریکا بۆمان دەگێڕنەوە :

1–ڕۆژێ لەگەڵ کۆمەڵێ هاوەڵم دا چوین بۆلای نەنکی کچێکی هاوەڵمان لە ویلایەتی فرجینیا و ، تەنها من پۆشاکی ئیسلامیم لەبەردا بوو، لەوێ لەچێشتخانەیەك نانی ئێوارەمان خواردو زۆر حەزەرم دەکرد کە کەسێك ڕەفتارێکی ناشرین بکات بەرامبەرم (بەتایبەت کەهەندێ کەس لەپەرچەکرداری 11ی سێپتەمبەردا پەلاماری موسڵمانانیان دەدا).

پاش دەخولەك پارەکانمان دا بە کارگوزارێك ، کەچی پاش تۆزێك هێنایەوە ، ترسام وتم: بەخوائێستا کەمن بالآپۆشم و لەچك بەسەرم هەربەپاڵ دەمانکەنە دەرەوە ، کەچی تەواو بەپێچەوانەوە بوو ، ئیدارەی چێشتخانەکە پارەکەیان داینەوە وەك هاوسۆزیەك لەگەڵماندا ، ئەوەش کە زیاتر کاری تێکردم ئەوەبوو ، کارگوزارەکە ئافرەتێك بوو ، چاوی فرمێسکی تیاقەتیس مابوو پێی وتم : من شانازی دەکەم بەو ئازایەتیەتەوە کە تۆ ئاوا بەجل و بەرگی ئیسلامییەوە هاتویتە دەرەوە ...ئەمەش زۆر دڵخۆشی کردم و تێگەیشتم کەخەڵکی ژیرو عاقڵ لەهەموو شوێنێك هەن .

2–ڕۆژێك دەترسام کە بچم بۆ مزگەوت ، بەتایبەت من ساڵێك بوو موسڵمان بووبووم ، لە شەودا دوعام کرد کەخوا ترس لەدڵما نەهێڵێ ... بەهەر حاڵ چووم بۆ مزگەوت ئەوەی سەیر بوو ، دەرگای مزگەوت بەچەپکە گوڵ ڕازابووەوە لەلایەن دەرو دراوسێ ی مزگەوتەوە ، کەوەك دەربڕینی هاوسۆزی یەك ئەو گوڵانەیان هێنابوو بۆ بەر دەرگای مزگەوت ، کەبەڕاستی ئەمەش مژدەی داهاتوویەکی ڕۆشنە بۆ ئیسلام لەئەمریکا و جیهاندا .

3–ئافرەتێکی تر دەڵێت :من بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی ئیسلامیم زۆر دوودڵ و بێتاقەت بووم لەو بارو وەزعەی هات بەسەر ئەمریکادا ، ڕۆژێك بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی حکومی کە لە پشتمانەوە

بوو ، هات بۆلام و وتی : زۆر شادمانم کەبتوانم هاوکاریت بکەم و هیوادارم ئـەم زروفـەی دوایـی نارەحەتی نەکردبن.

رۆژنامەی نیویۆرک تایمز

رۆژنامەی ناوبراو لەژمارە (22)ی (2001) دا باسی چەندحاڵەتێکی موسڵمان بوون دەکـات :

یەکەم : ئنجیلا دافیز کە تەمەنی (27)ساڵە پـێش شـەش مـانگ موسـڵمان بـووە و تـەواو ژیـانی گۆڕدراوە ، وازی لەگوێگرتنی گۆرانی هێناوەو پەیکەرەکانی ماڵەکەی گۆڕیوە بۆ تـابلۆی جـوانی قورئانی .

پاش ئەوەی کە لە رۆژنامەیەکی ناوخۆدا بەجلوبەرگی ئیسلامیەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرا لە (30)ی سێپتەمبەردا ، مێردەکەی بـەنیازە تـەلاقی بـدات و نەشـیەڵێ چـاوی بەمناڵـەکانی بکـەوێ کەیەکێکیان تەمەنی پێنج ساڵەو یەکێکیان تەمەنی دوو ساڵە .

ئنجیلا دەڵێ : (بەراستی ئەمەی تیا دەژیم تاقیکردنەوەی خوایـە تـا دەرکـەوێ ئیمـان و بـڕوام پتەوە یان نا).

ئنجیلا لەرێی ئینتەرنێتەوە لەئیسلام شارەزا بوو لـە سـاڵی (2000)داو ، ئێسـتا لـە باخچـەی ساوایاندا مامۆستایە لەسانت لویس لە ویلایەتی میسوری .

ئنجیلا دەڵێ(داوام لێدەکەن واز لە دینەکەم بێنم لەبەر ماڵ ومێردومناڵەکەم ، منیش هـەرگیز شتی واناکەم ، چونکە ئەوانە هیچی لە قیامەتدا فریام ناکەون و لەگەڵما نابن)...

بەراستی ئەو ئافرەتانـەی لـەرۆژئاوا موسـڵمان دەبـن قوربانیـەکی گـەورە دەدەن بـەوەی کـە لەمێردەکانیان حەرام دەبن ئەگەر موسڵمان نەبن ، هەروەها زۆر جار لە مناڵەکانیشـیان مـەحروم دەکرێن کەدیارە ئەمەش لەسەر دەروونی دایك زۆر گرانە ..

سوننەتی خوایەو گەورەیی ئەم ئاینەیە کە مێژووەکەی خۆی دووبارە دەکاتەوە، تادوێنێ بوولـە نیوە دوورگەی عەرەبدا قوربانی بۆ دەدراو سەرو مـاڵ دەکـرا بـەقوربانی ، ئـەمرۆش لەئـەمریکاوە موسڵمانە تازەکـان واز لەهـەموو شـتێك دێـنن و دنیـا هـەموو دەخەنـە ژێـر پێـوەو دەڵـێن : واز لەبڕواکەمان ناهێنین .

دووەم: خالید یحیی بلانکشیب ، سەرۆك بەشە لەزانکۆی تەمبڵ و، لە سـاڵی 1973 دا موسـڵمان بووەو دەڵێ : زیاتر لە سەد کەسم بینیوە موسڵمان بوون لـەدوای رووداوی 11ی سـێپتەمبەرەوە ،

زۆر گرنگ و پێویستە ئیسلام بڵاوبێتەوە ، چونکە موسڵمان حەز بە ڕزگارکردنی خەڵکی دەکات هەروەك چۆن خۆی ڕزگار بووە .

یەکێ لەشارەزایانیش دەڵێت (ساڵانە بیست و پێنج هەزار کەس لەئەمریکا موسڵمان دەبوون ، کەچی پاش ڕووداوی 11ی سێبتەمبەر ئەو ژمارەیە چوارقات بووە) .

یەکێکی تریش دەڵێ : هێزی کێشکردنی ئیسلام لەوەوەیە کە ئاینێکی جیهانی یە و بە بڕوای موسڵمانان خەڵکی هەموو بە موسڵمانی و لەسەر فیترەت لەدایك دەبن و، کاتێ موسڵمان دەبن گەڕانەوەیە بۆسەر فیترەت و ئیسلامەتی خۆیان .. ل 172 هەمان سەرچاوە . .

سێ یەم : ژنێك بەناوی (سوزان سمیث)دوو منالی دەبێ و دۆستە تازەکەی مەرجی لەسەر دادەنێ کە دوومناڵەکەی لەناوبەرێ ئنجا پێی ڕازی دەبێ ، ئەویش هەردوکیان لەسەیارەکەیدا دادەنێ و دەیخاتە سەر بۆش و پاڵی پێوە دەنێ بۆ ناو ئاوێك ، مناڵە بەسەزمانەکانیش نەیان دەزانی کەئەمە تیاچوونیانە و (بای بای)یان دەکرد لەدایکیان .. بەڵێ .. ئەم ژنە لەئازاری و یژدانەدا سەرەنجام شێت بوو، ئەم ڕووداوە ماوەیەك کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەرقاڵ کردو باس و خواسی هەمووان بوو .. وە بووە مایەی هیدایەتی زۆرکەس ، یەکێ لەوانە پیاوێکە کەناوی خۆی کرد بە (عبداللە رەزا)لەشاری رستون لەویلایەتی فرجینیا) ...

بەڕاستی ئەم ئاینە تەنها ڕزگارکەری مرۆڤە و بەچاکی دەستی دەگرێ لەجاهیلیەتەوە بەرەو ئیسلام و لە تاریکیەکانەوە بۆ ڕووناکی (الر كتاب أنزلناه إليك لتُخْرِجَ الناس من الظُلُماتِ الى النور ، بإذن ربهم الى صراط العزيز الحميد) ابراهيم 1.

ئەوەی کافرە وەك مردووەو دین زیندووی دەکاتەوە و نوورێکی ئەداتێ لەناو خەڵکیدا ڕێی پێ دەرکات : (أَومَنْ كَانَ مَيْتاً فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُوراً يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (الأنعام:122)

بەڵێ .. کافران لەتاریکی شەوی کوفرا چاوو گوێ و دڵ و عەقڵیان لەدەست دەدەن ، بەڵام بەهۆی ڕازاندنەوەو خەڵەتانی شەیتانەوە بەخۆیان نازانن ..

ئەوانەی بڕوا ناهێنن سوود لەچاوو گوێ و دڵیان وەرناگرن و ئەوان وەك ئاژەڵن و بگرە خراپتریشن قورئان دەفەرموێ : (أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلاً) (الفرقان:44)

یان دەفەرمویٚ : (وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيراً مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ) (الأعراف:179)

ڕەنگە یەکیٚ لای سەیربیٚ کەچۆن کافران لە ئاژەڵان سەرگەردان ترن ، ئاخر لەجیهانی ئاژەڵاندا چ گیانداریٚ بیٚچووەکانی خۆی ناپاریٚزی ، تەنانەت دڕندەترین گیانلەبەر وەك شیٚرو پڵنگ بەزەیی و سۆزی هەیە بۆ بیٚچووەکانی ، کاتیٚ ئافرەتیٚ بە دەستی خۆی لەبەر میٚردیٚکی کاتی دوو منالەکەی بەو شیٚوەیە لەناو بەریٚ ، ئایا ئەم ئافرەتە لەئاژەڵ خراپتر نیە ؟!

یان کەسیٚك پارەی خۆی سەرف بکا و خۆی سەرخۆش بکاو عەقلی لەدەست بدات ناوی دەنیٚ ی چی ! کاتیٚ عەقڵ گەورەترین نیعمەتە کەخوا داویەتی بەمرۆڤ ..

چوارەم :(دیا ریچاردسون) ئافرەتیٚکی ئەمریکیەو وەك زۆر لە ئافرەتانی تر سەرگەرمی خواردنەوەو ژیانی دوور لەخوایی بوو .

ئەم ئافرەتە کوڕیٚکی هەبوو بەناوی (کریستوفر)کە لە باخچەی ساوایان بوو لەلای مامۆستایەك کە ناوی خەدیجە شاباز بوو ، (خەدیجە)کەموسڵمان بوو منالەکە خۆشی دەویست و(بسم اللە)ی لیٚوە فیٚربوو بوو ..

ڕۆژی (خەدیجە)(دیا ریچاردسون)ی بانگ کرد بۆ ئاهەنگی شووکردنی لەمزگەوتی(شا فەهد) لە لوس ئەنجلوس ، ئەمەش کاریگەری هەبوولەسەر دڵ و دەروونی (دیا)و سەرەنجام لە ڕووداوی 11ی سیٚپتەمبەردا پاش گەڕانیٚکی چەند ساڵی باش بۆ تیٚگەیشتن لەئیسلام موسڵمان بوو لە کاتیٚکدا کەتەمەنی لە (21)ساڵدا بوو ...

(دیا)دەڵیٚت : بۆ یەکەم جار ئەوکاتەی موسڵمان بووم هەستم بەئارامی دەروون کرد .. ل 179 هەمان سەرچاوە..

پیٚنجەم: (مارثا اليت جونس) ئەندازیارەو شووی کردووە بەپیاویٚکی میسری کەئیش دەکات لە بەڕیٚوەبردنی پیٚشانگای (فنونی تشکیلی) لە زۆر ناوچەی ئەمریکادا ..

ئەم ئافرەتە ئەمریکی یە لەبارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵیٚ (زۆرم لەبارەی ئیسلامەوە خویٚندۆتەوەو پرسیاری زۆرم لەزانایانی ئیسلام کردووە تاهەموو ئەو گریٚ کویٚرانەم بۆ کرایەوە کە بەهۆی پڕوپاگەندەی دوژمنانی ئیسلامەوە دروست بوو بوو ، تاقەناعەتی تەواوم بۆ دروست بوو کە ئیسلام ئاینی هەقی خوایە) ..

هەروەها دەڵیٚ (بەهۆی ڕووداوی 11ی سیٚپتەمبەرەوە زیاتر هەوڵی تیٚگەیشتنم بوو لە ئیسلام

کەئاینی ئاشتی و ئاسایشە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و ، من دڵنیام کەئیسلام پاش 11ی سێبتەمبەر هەموو جیهان دەگرێتەوە بەتایبەت ئەمریکا)،شایانی باسە (مارثا)لەسەردەستی شێخ (فرحات المنجی)دا موسڵمان بوو ناوی خۆشی گۆڕی بۆ (مریم)... ل184.

شەشەم : دکتۆر (ألفین گلبرت) گەنجێکی فەڕەنسیەو هاتە میسر تا کاربکات وەك (محلل)ی مالی لە بورصەی (أوراق المالیە)دا .. شایانی باسە دکتۆر سێیەم کەسە کە لەو بوارەدا پسپۆڕە لەسەر ئاستی جیهان هەمووی .

لەبارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێ (بۆم دەرکەوت کە لە نیزامی مالی ئیسلامدا گەورەترین شێوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەگەر پەیڕەوی بکرێت برسی و ڕووت و ڕەجاڵ نامێنی لەدنیادا ، بەهۆی نیزامی زەکات وخێرو (صدقات)و دابەشکردنی میراتەوە ، هەروەها بۆم دەرکەوت کە لە ئیسلامدا کەس ئەڵقەی گەیاندن نیە لەنێوان بەندەو خوادا و، کاتێ زانیم ئیسلام داوای چیم لێ دەکات ئاسان بوو چونکە خۆم لەسەر خوو ڕەوشتێکی بەرز بووم و هەرگیز گۆشتی بەرازو ئارەقم نەخواردووەو تەنها نوێژو ڕووژووم نوقسان بوو کە بیکەم ..ل 185 المعجزە

موسڵمانبوونی ئەکتەری ئەمریکی (ویل سمیث)

(ویل سمیث)دەوری (محمد علی کلای)بینی لە فیلمێکدا کەباس لەژیانی (کلای)دەکات ، جاکاتێك دەگاتە ئەوەی کە (محمد علی کلای) لەفلیمەکەدا شایەتمان دێنێ ، ئەکتەرەکەش کە دەوری دەبینێ بەڕاستی ئەمیش شایەتمان دێنێ و ئەوەندە مەشهەدەکان کاری تێدەکەن موسڵمان دەبێت .

فلیمەکە باس لە ژیانی کلای دەکات کەناوی (کاسیوس)بوو ، کەئەم ناوەش کۆیلایەتی دەگەیاند ،چونکە باوکی ڕەش پێستێکی کوێلەبوو ، لەخزمەت سپی پێستەکاندا هەڵئەسوڕاو ئەوانیش چۆن بۆیان بکرایە دەیان چەوساندەوە ...

(کاسیوس)ناوی ئەو کەسەیە کەباوکی خزمەتکاری دەکرد ، (کلای)ئەو ناوەی گۆڕی بۆ (محمد)مامۆستای هەموو مرۆڤایەتی ، ئەو پایە بەرزەی کەجیاوازی نەهێشت لەنێوان ڕەش و سپی دا و یەکسانی هێنا بۆ بەرەی ئادەمی . (کلای)داوای لەبرادەرێکی کرد بیبات بۆ مزگەوت ، تاشتێك لەبارەی ئیسلامەوە ببیستێ ، ئەویش دەیبات و کلای لەبارەی ئەم چوونەیەوە بۆ مزگەوت دەڵێت (برادەرێکی موسڵمانم لەویلایەتی میامی ئەمریکی بردمی بۆ مزگەوت تابۆ یەکەمجار لەساڵی 1960 دا گوێم لەباسی ئیسلام بێت لە دەمی وتاربێژی مزگەوتەکەوە ، کە بەڕاستی باسی مەسیحیەت و

ئیسلامی دەکرد .. تێگەیشتم کەئیسلام ئاینی یەکسانی یەو ، جیاوازی نیە لەنێوان عەرەب و عەجەم دا مەگەر بەپارێزکاری ...)

کلای دەڵێت : (ئەمە یەکەم شارەزا بوونم بوو لەئیسلام ، پاشان کەوتمە خوێندنەوەی تەفسیری قورئان و هەر دێڕێکم خوێندبێتەوە زیاتر قەناعەتم بۆ دروست بووە کەئەم ئاینە ڕاستیەکە لەخواوە هاتووەو ئەستەمە هیچ مرۆڤێك بتوانێ دروستی بکات ..

سەرەتا ژیام لەگەڵ سوورەتی (فاتیحە)داو یەکەم سوورەت بوو کەفێری بووم ، گەشتی ئیسلامم دەست پێکرد ، کە گەشتی خۆشی و دڵئارامی بوو ، گەشتی بڕوا بوو ..
من هەقیقەتی مرۆڤم نەدەزانی ، حەڵاڵ و حەرامم نەدەزانی ، بەڕاستی ئیسلام هەموو ئەوانەی پێناسانم و فێری خۆشەویستی خەڵك و لەخۆبردوویی کردم) ..

(کلای)هەروا موسڵمانێکی سادە نەبوو ، ناوبانگ و پاڵەوانێتی لەجیهاندا دەنگی دابۆوە ، ئەمەش وای کرد کە زۆر کەس چاوی لێبکەن و بیکەنە سەرمەشقی خۆیان ، ئەویش لەهەموو شوێنێکدا بانگەوازی دەکرد ، بۆیە دوژمنان بەتایبەت جوولەکە ، دژایەتیەکی زۆریان کردو پڕوپاگەندەی زۆریان بۆ بڵاودەکردەوە .

(کلای)لەهەریەکێ لەویلایەتەکانی ئەمریکادا دەیویست مزگەوتێك بکاتەوەو زۆریش هەوڵی ئەدا پەڕاوی ئیسلامی چاپ بکات ...

لەگەڵ ئەوەشدا کە تووشی نەخۆشی بووە ، کەچی کۆڵ نادات لەبانگەوازکردن بۆیە بەچالاکترین بانگخواز دادەنرێت لەئەمریکادا ...

کلای لەبەرئەوەی پاڵەوانی جیهان بوو لەیاری مستەکۆڵەدا (بۆکسێن)دا ، ناویان نابوو (الاعظم) ،کە موسڵمان بوو وازی لەم ناوە هێنا ، چونکە بەڕاستی هەر خوایە کە (أعظم)ە بەڕاستی و لەهەموو گەورەیە گەورەترو لەهەموو دەسەڵاتدارێك بەدەسەڵاتترە .. ل193 (المعجزة المتجددة في عصرنا) ..

دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری فلیمی ژیاننامەی پێغەمبەر

فلیمی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)پێش ڕووداوی 11ی سێپتەمبەر کەم کەس لای لێ دەکردەوەو زۆر ئاستەنگ هاتە ڕێی ، کەچی دوای ئەو ڕووداوە زۆر کەس کەوتنە یارمەتیدانی ئەو فیلمە ، بۆ ئەوەی لەژیاننامەی حەزرەت (د.خ)شارەزا بن ، بەڕاستی ڕووداوەکە لەبەرژەوەندی فلیمەکە بوو ، کەئەمەش هەرگیز بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات .

شایانی باسە پاش بەرهەمهێنان و پیشاندانی فلیمەکـە ، دەرهێنـەری فلیمەکـە (مایکـل شـوارتز)و (مایکل وولف)و (الکسندر کرونمر)موسڵمان بوونی خۆیان لەبەرچاوی خەڵکێکی زۆر ڕاگەیاند .. ل 194 هەمان سەرچاوە ..

ڕۆژی کراوەی مزگەوت

لەم ڕۆژەدا مزگەوتەکانی ئەمریکا کراوەن بۆ هەرکەسـێك کـە لـە هەرکاتێکـدا بێتـە نـاو مزگەوتەوە، پێشوازی لێـدەکرێت و لــە نزیکـەوە ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلامی بـۆ باسـدەکرێت، بـە ئاشکراش دەوترێت ئێمە بە هیچ پرسیارێك قارس نابین و وەڵامی گشت پرسیارەکانتان دەدەینەوە ..

هەوڵ و کۆششی موسڵمانان هاتۆتە بەرهەم و ژمارەی ئەوانەی موسڵمان دەبن چوار ئەوەندەی ئەوانەن کە لەپێش ڕووداوی 11ی سێپتەمبەردا موسڵمان دەبوون ،بۆیە ئێستا لە هەندێ مزگـەوتی ئەمریکا دووسێ جار نوێژی هەینی دووبارە دەکرێتەوە چونکە نوێژ خوێنان زۆرن و جێگا نابێتەوە.

دەزگای (مخابراتی مەرکەزی ئەمریکی)لە ئامارێکدا دەڵێت :(ئیسلام لە هـەموو ئاینـەکانی تـر خێراتر بلاودەبێتەوە و ژمارەی موسڵمانان دەگاتە سێ یەکی دانیشـتوانی جیهان،واتـە لـە هەرسـێ کەسێك یەکێکیان موسڵمانەو ڕێژەی موسڵمان بوونیش دوای کارەساتی سێپتەمبەر زیادی کردووە) هەروەها دەزگای ناوبراو ناڕەحەتی خۆی دەربڕی لە بلاو بوونەوەی ئیسلام بەتایبەت لە ئـەمریکا وئەورووپا وئوستڕالیادا .. ل 209 هەمان سەرچاوە .

هەوڵی ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی ئەمریکا

ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی ئەمریکا چەندەها کۆنفرانسیان بەسـت بـۆ یەکخسـتنی هەوڵـەکان و بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەی ناحـەزان ،پـاش ڕووداوی سـێپتەمبەر ، هـەروەها (اتحـاد المنظمـات الاسلامیة)لە ئەمریکای باکور بە هاوکاری مەجلیسی کەنائسی قەومی ئەمریکی پلانێکیان دانا ، بـۆ ڕوونکردنەوەی ئیسلام بۆ پەنجا ملیۆن ئەمریکی کە شوێنکەوتەی کەنیسەی کاسۆلیکین و سەر بەو مەجلیسەن کە ژمارەی ئەو کەنیسانە (142)هەزارکەنیسەیە ..

بەرپرسانی موسڵمان لەگەڵ بەرپرسانی کەنیسەی کاسۆلیکی ئەمریکی ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بگەڕێن بە دوای خاڵە هاوبەشەکانداو زیاتر زمانی گفتوگۆو لەیەك حاڵی بـوون فەراهـەم بهێـنن ، تاباشتر پێکەوە ژیان بێتە ئاراوە .

بـۆ ئەمـەش جێگـری سـەرۆکی(اتحـاد المنظمـات الاسـلامیة)دکتـۆرە (ئینگـراد ماتسـون) چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ زیاتر لە سەد پەیامنێری ڕۆژنامەو گۆڤاری ئەمریکی لە کۆنفرانسـێکدا و

وەلامی هەمووپرسیارەکانیانی دایەوە و بۆچوونی هەڵەی لەبارەی ئافرەت و جیهادو شەڕو ئاشتی لە ئیسلامدا ڕاست کردەوە بۆیان ..

ئەم هەولانە بەگشتی سوودی زۆریان گەیاندو خەڵکانی بەویژدان کەوتنە خۆیان بۆ دەربڕینی هەست و سۆزو هاوکاریان بۆ موسڵمانان ..

تەنانەت لە (واشنتۆن)چوار هەزار ئافرەتی ئەمریکی بەبێ ئەوەی موسڵمان بن ، جلی بالاپۆشیان لەبەر کرد بۆیەك مانگ بۆ دەربڕینی هاوسۆزی و پشتگیری بۆ ئافرەتە بالاپۆشە موسڵمانانەکان بۆ ئەوەی کەس ڕەفتاری ناشرین نەنوێنێ بەرامبەریان ، کە بەڕاستی ئەمەش ئەو پەڕی پێکەوە ژیان و ڕەفتاری شارستانیە ...

هەروەها لەسەر ئاستی دەوڵەتیش ، پێنج ویلایەت کە (کالیفۆرنیاو نیوجرسی و الینوی و مینوسوتا و میشیگان)ن یاسای خواردنی حەلاڵیان دەرکرد ، تاکەس نەتوانێ فێڵ لەموسڵمانان بکات و خواردنێك کە حەلاڵ نەبێ و شەرعی نەبێ ، بەحەلاڵ پێیان بفرۆشێ ، کە ئەمەش جێی سوپاس و پێزانینی موسڵمانان بوو.

سەدەی بیست ویەک سەدەی ئیسلامە

جۆن مۆران ئەندامی لیژنەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکیە ، بەویژدان و قەناعەتی تەواوە دەڵێت : (بە ڕاستی پێویستە لەسەر ئەمریکیەکان کە بزانن زۆر گرنگە زانیاری تەواوو قوڵیان هەبێت لەبارەی ئیسلامەوە ، چونکە وەك من بۆم دەرکەوتووە ئیسلام هانی شوێنکەوتوانی دەدات لەسەر هەوڵ و کۆشش و نیزام و ئیلتیزام ، هەروەها پڕە لەخۆشەویستی .

جائەگەر ئەمڕۆ ئیسلام لەچاوی ئەمریکیەکاندا ئاینێکی غەریب بێت ، ڕۆژێك دێت بۆیان دەردەکەوێت ، کە ئیسلام بیروبۆچوونی زۆر جوان و ڕێنمایی بەرزی تیایە ، بۆیە دەبێت بپەڕینەوە بەو پردەی لە نێوان ئێمەو ئیسلامدایە ، ئەگەر ئەمەمان کرد ئەوا زۆر سوودمەند دەبین و نەوەکانی داهاتووش زۆر سوودی لێ دەبینن .

من هانی مناڵەکانم دەدەم کە قووڵ ببنەوە لە شارەزایی لە ئیسلامداو داوایان لێ دەکەم کە (محمد)پێغەمبەر (د.خ)بناسن کە دائەنرێ بەگەورەترین مرۆڤی سەر زەوی ، تەنانەت دەتوانم بڵێم : ئەو گەورەترین مرۆڤە مێژوو ناسیبێتی ، ئەم مەسەلەیە لای من خیلافی تیانیە ، بۆیە بەڕاستی پێویستە لەسەرمان هەموو لایەنەکانی گەورەیی ئەوپێغەمبەرە و زۆر لە هاوەڵانی بزانین ، ئەمەوێ مناڵەکانم

ئەوە بزانن ، هەروەها بەلای منەوە هەقـە هـەموو گـەلانی دنیـا ڕێنماییـەکانی (محمـد) (د.خ)بـزانن، هەرچەند ئەمە نەهاتۆتە دی لەبەر دووهۆ :
یەکەم :غەیرە موسڵمانەکان هەڵوێستێکیان گرتووە بەرامبەر ئیسلام کە لە نەفامییـەوە سەرچـاوەی گرتووە .
دووەم :هەوڵ نەدانی موسڵمانان بۆ خستنە ڕووی گەورەیی ئیسلام بـۆ غـەیری خۆیـان . هـەروەها جۆن مۆران دەڵێت (حەزناکەم ئەوانەی کۆچ دەکەن بۆ ئەمریکا و لەعالـەمی ئیسلامیەوە هاتوون ، واز لـە ئاین و زمان و ڕۆشنبیری خۆیان بهێنن بەڵکو بەپێچەوانەوە حەزدەکەم ئەوانەی دێن ئیسـلام بلاوبکەنەوە لەناو دەرودراوسێ و منالآنی قوتابخانەدا و، من داوا دەکەم کە ئەوە وەرگیرێ و ڕێزی لێ بگیرێ ، **من وا دەزانم کە سەدەی بیست و یەك سـەدەی ئیسـلام دەبێـت** و بـەوەش ئاشـتی و خۆشگوزەرانی زیاتر باڵ بەسەردنیادا دەکێشێ . (ل226)هەمان سەرچاوە.

موسڵمانبوونی ئەمریکی و ئەوروپی لەکوەیت

لیژنەی ناسـاندنی ئیسـلام لـەکوەیت ڕایگەیانـد کـە ژمـارەی ئـەو ئـەوروپی و ئەمریکیانـەی لەکوەیت موسڵمان بوون لەساڵی (2002) دا زیاترە لەدوو هەزار و چوارسەدو پەنجا کەس ..
هەروەها ئاماژەی کرد بەوەی کـە زیـاتر لـەبیسـت و دووهـەزار کـەس لەسـالآنی ڕابـردوودا لەئەمریکی و ئەوروپی یەکان موسڵمان بوون و لەساڵی (2003) ش دا پرۆژەی (بەهاری دلآنی)دانا بۆ ئەوەی ئەو نۆ موسڵمانانەی کەتەمەنیان لەشەش ساڵەوە تابیست و یەك سـاڵە فێـری قورئـان و فەرموودە بکرێن ...ل232 هەمان سەرچاوە .

دەربەدەرو بێ لانە لەئەمریکا

لـە وڵاتە ئیسلامیەکاندا دیاردەی دەربـەدەری و بـێ لانـەیی کەمـە ، بەپێچـەوانەی ڕۆژئـاوای ماددیەوە کە هەموو شتێك لەڕوانگەی بەرژەوەنـدی و سـوودو مـاددەوە تەماشـا دەکرێـت .. لـە ڕۆژئاواو ئەمریکادا بەندایەتی ماددەو دۆلار بە ئاشکرا دیارە ، مامۆستا محمد قطب دەڵێـت (کاتێـك سەید قطب لـە ئەمریکا بوو ، ڕۆژێك لەباخێکدا دانیشتبوو، کابرایەکی ئەمریکی هاتە لایەوەو وتی : تۆ ئەمریکیت ، ئەم پرسیارەشی بۆ ئەوە کرد ئەگەر ئەمریکی بێت و مادام سـپی پێسـت نیـە ، لای دانەنیشێ ! ئەویش وتی : من میسریم ، بۆیە کابرا لایەوە دانیشت و کەوتە پرسـیارکردن لـەبارەی میسـرو ئیسـلامەوە ، سـەیدیش باسـی ئیسـلامی بـەجوانی بـۆ کـرد ..کەچـی کـابرا لـەکۆتایی دانیشتنەکەدا دۆلارێکی لەگیرفانی دەرهێناو لەبەردەم سەیدا دایناو بەوپـەڕی جورئەتـەوەو وتـی:

(هەموو ئەوانەی وتت دەربارەی ئیسلام ڕاستە ، بەڵام ئێمە لە ئـەمریکا ئـەم دۆلارە دەپەرسـتین) کابرا ڕۆیشت و سەیدیش لەبەرخۆیەوە فەرموودەکەی حەزرەتی (د.خ)وتەوە (تعس عبد الـدرهم ، تعس عبد الدينار)..

بەڕاسـتی هەروایـە ، ئـەم دیاردەیـە ڕەنگـی داوەتـەوە لەهـەموو ژیانیـان دا ، ئەوەتـە ئەگـەر بەروبوومی گەنم زۆر بێت ، دەیکەنە دەریاکانەوە بۆ ئەوەی نرخی لەبازاڕەکاندا دانەبەزێت !

بەڵێ .. ژمارەیەکی زۆر بێکارەو بێ لانەن و ،شەو لەسـەر جـادەو شۆسـتەکان ڕۆژدەکەنـەوە وئەوە دەخۆن کە ئەیدزن یان خێریان پێدەکرێت ...

بزوتنەوەی ئیسلامی لە ئەمریکای باکور گرنگی دا بەم مەسەلەیە و لـەڕێی چـەند پرۆژەیـەکی هاوکاری کۆمەڵایەتیەوە کەوتنە هاوکاری و فریاکەوتنی ئەو کەسە دەربەدەر و بێ لانانە ، بەپێدانی خواردن وجل وبەرگ و زۆرشتی تر لە شارە گەورەکانی وەك نیویورك دا ....

لەگەڵ هاوکاریەکاندا بڵاوکراوەی تایبەت بە ئیسلامیش ئەدەن بەوکەسانە تابزانن ئەوە کـاری موسڵمانانەو بەمەش ڕووی گەشی جوانی ئیسلامیان بۆ دەرکەوێت .

ئەو بەرنامە خێرخوازی یەش بە سەرپەشـتی (خطیـب أکـبر جهـاد)ە کـە لەسـاڵی (1987)ەوە خەریکن ، ناوبراو لە بەندیخانەدا ئیسلامی ناسی و پاش بـەربوونی زۆر گـەڕا بـەدوای جـێ و ڕێـی نوستن داو لەپەناگەی گەڕەکی بروکلین لەنیویورك گیرسایەوە بۆ ماوەیـەك ، ئنجـا هەوڵیـدا کـە لەڕێی ئیشێکەوە هەندێ پارە پێکەوە بنـێ و بەسـەیارە کۆنەکەیـەوە لـەگـەڵ دووخۆبەخشـی تـردا کەوتنـە کۆکردنـەوەی خـواردن و جلوبـەرگ و دابەشـکردنی بەسـەر لێقـەوماوو بـێ لانـەو دەربەدەرەکاندا ،ئەم هەوڵەی (خطیب)نرخێنرا لەلایەن ئەڵقـەی ئیسـلامی ئـەمریکای بـاکورەوە و کەوتنە کارئاسانی بۆ ئەو خێرخوازانە و بەمەش کارەکەیان زۆر بەرەوپێش چوو .

شایانی باسە لە بەریتانیاش کوڕی وەزیری تەندروسـتی بـەریتانی موسـڵمان بـوو نـاوی خـۆی گۆڕی بۆ (ئەحمەد)و بەهەمان شێوە کەوتە یارمەتیدانی هەژار و بێ لانەکان .

ڕاپۆڕتەکەی وەکالەتی رویترز

وەکالەتی ڕۆیتەرز ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە لە ژێر ناونیشانی (ڕووکردنە ئیسلامی ئەمریکییەکان بێ وێنەیە) تیایا وتـی : گۆڤـاری هەفتانـەی منـاڵان لەلایـەن کۆمپانیـای گـەورەی ئـەمریکی یـەوە دەردەکرێت ، کە ئیسلام بـەمناڵان ئاشـنا دەکـات و ژمارەیـەکی زۆر زۆری لێ بڵاودەبێتـەوە ...

هەروەها دار نشری ئەتلەنتیك لە ویلایەتی ماساشویتس ڕایگەیاند کە داواکاریەکی زۆر هەیە لەسەر قورئانی وەرگێڕدراو بەزمانی ئینگلیزی و پەڕاوی تری ئیسلامی .

خوا هێناو یەتیە قسە !

لەمونتەدای دوبەی ئیستراتیجی، لە موحازەرەیەکیدا ڕۆشنبیری ناوداری ئەمریکی (صموئیل هنتنگتون)کە خاوەنی بیرۆکەی بەیەکادانی شارستانێتیەکانە وتی (ئەبێ دان بەوەدابنێین کەقورئان زۆرترین پەڕاوە کە دەفرۆشرێت لەئەمریکادا ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەئەنجامەکان پێچەوانەن) واتە لەجیاتی ئەوەی کەس نەهاتایە بەلای قورئاندا لە ئەمریکا ، کەچی بەپێچەوانەوە خەڵکێکی زۆر عەودالی تێگەیشتن و شارەزابوونن لە قورئان و لە ئیسلام . هەروەها وتی (ئاین ڕۆڵێکی گەورەو دیاری هەیە لەپاراستنی ناسنامەی ڕۆشنبیری وژیاری ، کەئەمەش لەجیهانی ئیسلامیدا دیارە)هەروەها دانی بەوەدانا کە (ڕابوونی ئیسلامی بەهێزە و نموونەی بەجەزائیرو تورکیا هێنایەوە، هەروەها دانی بەوەشدا نا کە دیموکراسیەت نیە لەسای سێبەری ئەو نیزامانەی کە دۆستی ئەمریکان ، یان ئەمریکا دروستیان دەکات)ل 255 هەمان سەرچاوە .

زانکۆی ئیسلامی ئەمریکی

پاش 11ی سێپتەمبەر زانکۆی ئیسلامی ئەمریکی دەستی کرد بەدانانی وەقفێك بۆخۆی بەبڕی (15)ملیۆن دۆلار تاوەکو کارەکانی زیاتر بەرەو پێش بچێت ، شایانی باسە زانکۆی هارفارد وەقفی خەیری هەیە بەبڕی (19)ملیاردۆلار کە کارەکانی خۆی پێ بەڕێوە دەبات ، جائەم وەقفانە سوودی زۆر دەگەیەنن لە بەرەو پێش چوونی زانست و کارە خێرخوازیەکاندا ، بەتایبەت کەزانکۆی ئیسلامی ئەیەوێ ئەوانەی کەتازە موسڵمان دەبن بواریان بۆ بڕەخسێنێ تا زیاتر بەرەو پێش بچن و خوێندن تەواو بکەن ... هەروەها هەوڵ دەدات فێری زمانی عەرەبیان بکات و قورئان بەباشی بخوێنن و تێی بگەن ... بۆ ئەمەش پرۆژەی پەیمانگای قورئانی دامەزراندووەو پرۆژەی بەخشین (منحە)ی خوێندنی هێناوەتە کایەوە بۆ موسڵمانە تازەکان و پرۆژەی کتێبخانەی زانکۆشی بە دەستەوەیە تاباشتر موسڵمانان شارەزابن .

لەکەنەداش کۆنگرێسی ئیسلامی کەنەدی بانگەشەی بۆ کردنەوەی کۆلێژی دیراساتی ئیسلامی کرد ، کە سەر بەیەکێ لەزانکۆ گەورەکانی کەنەدا بێت و بانگخوازو ئیمام تیا پێبگەن بۆ کەنەدا ، کە ئێستا زیاتر لەدووسەد مزگەوتی تیایە،هەروەها کۆنگرێسی ناوبراو پرۆژەیەکی خستۆتە بەردەم وەزارەتی فێرکردنی کەنەدی تائیسلام لە قوتابخانەکانی کەنەدادا بخوێنرێ . ل 258 المعجزە.

موسڵمانان لەئەڵمانیا

لەئەڵمانیا نزیکەی (1.7)ملیـۆن موسـڵمان هەیـەو ،(39)هـەزاریان لـە حیزبـە ئەڵمانیەکانـدا کاردەکەن و مەجلیسی شورای ئیسلامیش لەئەڵمانیا لەم ساڵانەی دواییدا ڕاگەیەنرا و نووسینگەی خۆی کردەوە لەشاری (بۆن)ی پایتەختدا ...

کاتی خۆی شاعیری ئـەڵمانی بـەناوبانگ گۆتـە وتـی (هـیچ شـەریعەتێك نیـە لەسـەروو ئـەو شەریعەتەی کەبە (محمد) (د.خ)دا نێردراوە و، لە داهاتووش دا هیچ کەس ناتوانێ پێشـی بکـەوێ ، جائەگەر ئەوەی هێناویەتی ئیسلامە ، ئەوە هەموومان موسڵمانین)...

لەئـەڵمانیا زۆر هـەوڵ درا بـۆ دان نـان بەئیسـلام دا، لـەوەدا بـوو کـە ئـەوە بێتـەدی و لـە قوتابخانەکاندا وانەی تایبەت بە ئیسلام بخوێنرێ ، کەچی لەژێر فشاری زۆری ناحەزان دا ئەو کـارە وەستێنرا، بەتایبەت دوای 11ی سێبتەمبەر ..دکتـۆر (مـوراد هوفمـان)کـەدیبلۆماتێکی بـەناوبانگی ئەڵمانیەو موسڵمان بووە و خاوەنی پەڕاوی (الاسلام کبدیل)ە داوا لە حکومەتی ئەڵمانی دەکا کـە لەئیسلام تێبگات باشترە لـەوەی کـە عینـادی بکـات .. هـەروەها دەڵێـت (جیهـان لەموسـڵمان دادپەروەرتری نەدیوەو، چوو بێتە هەر وڵاتێکەوە ڕەگەز پەرستی نەهێشتووە).... ل 261 .

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بەناوبانگیش (انا ماری شمیل)داوا لەحکومەتی ئەڵمانی دەکات کـە ڕێ بدرێ بە موسڵمانان حیزبێك دابمەزرێنن و بتوانن بچنە پەرلـەمانی ئەڵمانیەوە..

هەروەها دکتۆر ئەیوب کوهلر کەئابووری ناسێکی ئەڵمانی موسڵمانە دەڵێ (بەڕاستی ئیسـلام کێشەی هەژاری چارەسەر دەکات و ئەڵمانیاش خـەڵکانێکی تیـا دەژیـن کـەزۆر هـەژارن بـەهۆی نیزامی سەرمایەداری یەوە کە هەژار هەژارترو دەوڵەمەند دەوڵەمەند تر دەکات).

شایانی باسە ناوبراو داوا لەحکومەت دەکات کە بەشی ئابوری ئیسلامی لەزانکۆکان و دەزگا ئابووری یەکانی ئەڵمانیادا بکرێتەوە ... ل 262 هەمان سەرچاوە.

سەرپۆش و بەرگی پۆلیسی

وەکالـەتی قـدس پـرس لـەیولیو 2002 بـڵاوی کـردەوە کـە بەڕێوەبـەری پۆلیسـی کـەرتی (کوك)لەویلایـەتی ئـەلینۆی ئـەمریکی بڕیـاری دا کـەڕێ بـدرێ بـەجێگری بەڕێوەبـەر سـەرپۆش لەسەرکات لەکاتی دەوامی ڕەسمیدا ، چـونکە جێگـری بەڕێوەبـەر موسـڵمان بـووەو پێشـتر ڕێی پێنەدرا بوو بەسەرپۆشەوە دەوام بکات .. ئەم بڕیارەش بۆخۆی سەرکەوتنێکە بۆ موسـڵمانان و دان پیانانێکە بەپۆشاکی ئیسلامی دا .... هەمان سەرچاوە ل 264 .

دادگای ئیسلامی

هەندێ جار دادگای ئەمریکی کە کێشەیەکی موسڵمانانی دێتە بەردەست ڕووبەڕووی خۆیانی دەکاتەوە کە بەپێی شەرعی خوا کێشەکە یەکلایی بکەنەوە ، وەك ئەو ڕووداوەی کە لە (بروکلین)ڕووی داو ئەمەش ڕێ خۆش بوونێکە بۆموسڵمانان کەبتوانن پەیڕەوی شەریعەتیان بکەن و بەپێی شەرعی خوا ژیانی خۆیان ڕێکبخەن و کێشەکانیان یەکلایی بکەنەوە .

ئەمەش وای لەپێشەوای پێشووی مزگەوتی تەقوا کرد لە (بروکلین)کەداوا لە موسڵمانان بکات هەوڵبدەن کاریگەریان هەبێت لەسەر کۆمەڵگا و خۆیان ڕێکبخەن تابتوانن بگەنە کونگریس ومەجلیسی شیوخ ولەودوانگانەوە دەنگی خۆیان بگەیەنن بەخەڵکی وکاربەدەستان ، ل263 المعجزە

نوێژ چارەسەری نەخۆشی یە

لەئەمریکا کۆنفرانسێکی پزیشکی بەسترا بە سەرۆکایەتی (دکتۆر ڕۆبرت بینسون) مامۆستا لەزانکۆی هارفارد و سەرۆکی پەیمانگای دیکونیس بۆ لێکۆڵینەوەی عەقل و لەش لە (بوسطن) ..

ناوبراو پوختەی کۆنگرەکەی بەم جۆرە ڕاگەیاند (ئەوەی تازەیەو ئێمە لەم کۆنفرانسەدا پێی گەیشتوین ئەوەیە کە کاتێ مرۆڤ بەجۆرێکی تایبەت بیردەکاتەوەو نوێژو دوعاو نزا دووبارە دەکاتەوە گۆڕانکاری (سایکۆلۆجی)لەناو لەشیدا پەیدا دەبێت و بەرەو چاك بوونەوەو هێمنی دەبات ، نوێژ بەشێکە لەخاوبوونەوەو پشوودان و یارمەتی چاك بوونەوە دەدات ، لە کاتێکدا کە لە سەدا شەست تا لە سەدا نەوەدی ئەوانەی سەر لەعیادەی پزیشکەکان دەدەن نەخۆشی یەکانیان پەیوەندی بە دڵەڕاوکێ و باری دەروونیەوە هەیەکە ئەمەش کەمتر دەرمان چارەسەری دەکات.

ئەوانەی کە بڕواداری ڕاستن بڕواکەیان کاریگەری باشی دەبێت لەسەر نەخۆشی پەستانی خوێن ونەخۆشیەکانی دڵ وشێرپەنجەو ئایدزو ....هتد . ئەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێت کەخوایەکی بالآدەست هەیە کەیارمەیتمان دەدات لەسەرچاك بوونەوە) ل 266 المعجزە.

کۆنفرانسێکی نهێنی جولەکە

لەئەنجامی ڕووداوی 11ی سێپتەمبەرەوە ، موسڵمانان و گاورەکان ، نزیك بوونەوەو گفتوگۆیەکیان بۆ دروست بوو کە زۆر ئیجابی بوو بۆ لەیەك گەیشتن و بەرچاوڕوونی هەردوولا ، ئەمەش بووە ڕق وقین لەلای جوولەکەو بەئاشکرا ڕۆژنامەی (بوسطن گلوب) پاش بیست ڕۆژ لە 11ی سێپتەمبەر وتی (جەختی زۆر دەکرێتە سەر دانوستانی نێوان مەسیحیەت و ئیسلام

لەڕووداوی 11ی سێبتەمبەرەوە ، ئەم دیاردە نویێ یـەش زیـان دەگەیـەنیێ بەدانوسـتان و پەیوەنـدی نێوان ئێمە (جوولـەکەو مەسیحیەکان) .

هەروەها نووسەری ئیسلامی فەهمی هوەیدی ئاشکرای کرد کە دەنگ و باسی پێگەیشتووە کە گەورە پیاوانی جوولـەکەی ئەورووپا کۆنگرەیەکی نهێنیان بەسـتووە لـە (مدریـد)لـە ئیسـپانیا پـاش ڕووداوی 11ی سێبتەمبەر وباسەکەشیان لـەسەر بڵاوبوونەوەی ئیسلام بووە لـە ئـەورووپادا ودیـارە دیراسەی ئەوهۆکارانەشیان کردووە کەچۆن بەربەست و ئاستەنگ بهێننە ڕێی .

لەمانگی (6)ی (2001)دا لـەژمارەی (1457)دا گۆڤاری المجتمع ڕاپۆرتی کۆنگرسی جوولـەکەی جیهانی بڵاوکردەوە کە تیایا دەڵێن :

(لـەئەنجامی دیراسەو ڕووپێوکردنی (زیاد بوونی ئیسلام لـەئەورووپادا) بۆمان دەرکەوتووە کـە لـەم دەساڵـەی دوایی سەدەی بیست دا، گۆڕانکاریەکی گەورەی دیموگرافی لە بەرژەوەندی موسڵمانان لە ئـەورووپادا هاتۆتەکایـەوە ، ئـەمڕۆ مـەددی ئیسـلامی بـە ڕێژەیـەکی گـەورە ڕوو لـەزیادی یـە لـەئەورووپادا ، کەنزیکەی بیست ملیۆن کەس لـەئەورووپادا خۆیان بە موسڵمان دەزانن.

موسڵمانانی ئەورووپا ئەمڕۆ هێزێکی سیاسین کە دەبێ حسابیان بۆ بکرێت ، جا ئەگەر ئەم زیـاد بوونە بەردەوام بێت لـە ساڵی (2020)دا دەبنە (10٪)ی هەموو دانیشتوانی ئەورووپا) ..

ڕاپۆڕتەکە بۆ بەڵگە هێنانەوە لـەسەر مەترسی زیادبوونی موسڵمانان دوونموونەی باسکردووە :

یەکەم / موسـڵمانان لـەبـەریتانیادا لـەسـاڵی 1961 دا هەشـتاودوو هـەزار کـەس بـوون ،لـەسـاڵی (2001)ز دا بوون بە یەك ملیۆن ، کە ئەمەش زیادبوونە بەرێژەی (1200٪).

دووەم / لـەفەڕەنسادا ئێستا چوار ملیۆن و دووسەد هەزار موسڵمان هەیە ، ئەمە بێجگە لـەسـەدان هەزار کەس کە بە نایاسایی کۆچیان کردووە بۆ فەڕەنسا .

هەروەها ڕاپۆڕتەکـە دەڵـێ :زیـادبوونی موسـڵمانان لـەداهاتوودا کاردەکاتـە سـەر کێشـەی عەرەب– ئیسرائیل و پاشان زیـاد بـوونی موسـڵمانان لـەئـەورووپادا وا دەکـات هەڵوێسـت و ڕای حکوماتی ئەورووپی بگۆڕێت و پشتگیری جوولـەکە نەکەن .

بۆ ئەمەش ڕاپۆڕتەکە نموونە دێنێتـەوە بـە هەڵبژاردنـەکانی بـەریتانیا کەبەهـەزاران بڵاوکـراوە دابەش کرا لـەناو موسڵماناندا بۆئەوەی ئەوکەسانە هەڵنەبژێرین کەلایەنگری جوولـەکەن .

هەروەها ڕێکخراوە ئیسلامیەکان لـەبەریتانیا داوایان کرد کە لـەکۆگاکانی(مارکس اندسبنسر) شت نەکڕن ،چونکە بەشێك لـە قازانجەکەی یارمەتی جوولـەکەی پێدەدات .

بەڵێ .. بەم جۆرە جوولەکە لەکەمین دایە بۆ سەر زیاد نەکردنی موسڵمانان و بەهەموو شێوەیەك پیلان دادەنێن بۆ نەهاتنە پێشەوەی موسڵمانان ...ل274 المعجزە.

ئیسلام گیانێکی تازەیە بۆ نیزامی عالەمی

لەسەروتارێکدا (ناثان جارولز)بەناوی (روح النظام العالمي)دەڵێت (بەڕاستی ئیسلام دەبێتە گیانی سەدەی بیست ویەك و دەبێتە تاکە چارەسەری کێشە قورسەکان کەعیلمانیەتی شارستانی ڕۆژئاوا دروستیان کردون).

هەروەها دەڵێت (ڕەنگە ڕووبەڕووبونەوەو دژایەتی ئیسلام بووبێتە مایەی هاتنەکایەی سەردەمی دوای عیلمانیەت لە ڕۆژئاوادا ، کە بەمەش ڕێ خۆش دەبێت بۆ چوون بەرەو گرنگیدان بە ڕۆحیەت ، پاش ئەوەی بەتەواوی پشت گوێ خرابوو، ئەم چوون بەرەو ڕۆحیەتەش وادەکات بەچاوێکی تر سەیری بەها ئیسلامیەکان بکرێتەوە کە ئینساف وبەرچاووڕوونی تیا بێت).

ڕاوێژکاری پێشووی سەرۆکی ئەمریکی لە کۆشکی سپی (روبرت کرین)کە سوپاس بۆ خوا موسڵمان بووەو ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ (فاروق عبدالحق)دەڵێت : (بوونی زانایانی ئیسلام لە ئەمریکادا زۆر گرنگە ، چونکە تەنها ئەوان دەتوانن تاکە چارەسەر بێنن بۆئەو حاڵەی کەئێمە تیاین و ، فێری ئیسلاممان بکەن ، ئەوان لێهاتوون بۆسەرکردایەتی جوڵانەوەیەکی ڕاستی ڕەسەن بۆ گۆڕینی عالەم ، من داوای دوعای خێرتان لێدەکەم تابتوانم ئیسلام بگەیەنمە وڵاتەکەم ...

ئەمریکیەکان وا دەزانن کەخوا دەیەوێت پێشەوای جیهان بن ، ئێستاش زۆر کەس لەجیهان دا چاوەڕێی پێشەواو سەرکردەیەکی نوێیە ، ئێمەش ئەرکی شەرشانمانە کەهاوکاری ئەو بۆچوونە بکەین بە شوێنکەوتنی بەرنامەی خوا کەبەرەحمەتی خۆی ناردویەتی ..

ئەگەر ئەمریکیەکان ڕوونەکەنە ئیسلام هەرچیان هەیە بەرەو تیاچوون دەچێت ، بە ڕاستی مەسیحییەتی هاوچەرخ ئەو هەقەی پێ نیە کە محمد (د.خ)هێناویەتی لەفێرکردنی پەڕاوی خواو پاکردنەوەی دەروون ، بۆیە سەرکەوتوونەبوو لە گوتاریا بۆ کۆمەڵگای لەبەریەك هەڵوەشاوی ڕۆژئاوا...) ل 312 المعجزە .

دکتۆر موراد هوفمان

دکتۆر هوفمان یەکێکە لەو ڕۆشنبیرە ڕۆژئاواییانەی کە خوا هیدایەتی داوە ، پاش گەڕانێکی زۆر بەدوای ڕاستیدا ، لەکاتێکدا کە بۆماوەیەکی زۆر سەفیری ئەڵمانیا بوو لەجەزائیر و مەغریب ، ناوبراو چەند پەڕاوێکی گرنگی نووسیوە کەچەند جار چاپ کراونەتەوەو زۆر سوودی لێ بینراوە ،

وەك (الاسـلام هـو البـديل) و (طريـق فلسـفي الى الاسـلام)و (الاسـلام عـام 2000 م) هـەروەها یادەوەریەکانی گەشتەکەی بۆ ئیسلامی تۆمار کردوە لەپەڕاوێکدا بەناوی (یومیـات ألمـاني مسـلم — الطريق الى مكة)...

هەموو پەڕاوەکانی راستی ئیسلام دەخاتەڕوو کە ژیارێکی جیهانیەو جێـی هـەموو ئەوبەرنامـەو ژیارانە دەگرێتەوە کە دنیایان نقومی دەریایەك لەکێشەو دەردەسەری کردووە ..

لەو ڕۆژەوە کەوازی لەکارەکەی هێناوە وەك سەفیرێك ، بووە بەسەفیری ئیسـلام و دەگـەڕێ بەچوار قوڕنەی دنیاداو بانگەواز دەکات بۆ ئیسلام ..

دکتۆر دەڵێت (کاتێك چووم بـۆ عـومرە لـە سـاڵی 1982داو ، پەسـاپۆرتەکەم دایـە دەسـت ئەفسەری جەوازات ، زۆر سەیری کردو دوایی کەزانی موسڵمان بووم باوەشی پیاکردم و وتی تـۆ برامی لەئیمان وئیسلامەتیدا کە ئەوەش بەڕاستی زۆر کاری تێکردم).

هەروەها دەڵێ (ئیسلام نورو هیدایەتێکە خوا دڵ و عەقڵی پێ ئـارام دەکـات ، هیـوادارم ئـەم زستانەی ساڵی (2002)کەسەر لەکوڕەکەم دەدەم کە سەرقاڵی بازرگانی یە ، ئەویش خوا هیدایەتی بـدات و بێـت بـەرەو ئیسـلام ، هەرچـەند دڵنیاشـم کـەخوا ئاواتەکـەم دێنێتـەدی)، لـەبارەی بڵاوبوونەوەی خێرای ئیسلامیشەوە دەڵێت (داهاتووی ئیسلام بەرێوەیە لە ڕۆژئاواداو ، ئیسلام زۆر بەخێرایی بڵاودەبێتەوە ، جا ڕقی خـەڵکی لـە ژیـانی مـاددی ڕۆژئـاوا کـەوایان لێ دەکـات ڕقیـان لەهەموو شتێك بێت ، دەیان بات بەرەو گەڕان بەدوای (بدیل)ێکدا کە ئەویش ئیسلامە) .

(ڕۆژئاوا ئیسلام بە تیرۆر تۆمەتبار دەکات ، ئەمەش پاڵ بەخەڵکـەوە دەنێـت کـە بگـەڕێن بـە دوای ئیسلامدا و تێی بگەن ، کەئەمەش فرسەتە و دەگەنە قەناعەت کەئیسلام هەقە) .

(ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا خاکێکی تینوون بۆ ئیسلام کەساڵ لەدوای ساڵ زیاتر بڵاودەبێتەوە ، ژمارەی موسڵمانان لەئەمریکا زیاترە لەحەوت ملیـۆن کـەس و هـیچ ویلایـەتێك نیـە موسـڵمانی تیانەبێت ، تەنها لە لـوس ئـەنجلوس دا (62)مزگـەوت هەیـە و پلەوپایـەو شـوێنە زانسـتیەکانیش موسڵمانان خەریکن بۆی دەچن ، ئێستا لە (20٪)ی مامۆستایانی کۆلێژی پزیشکی لـە ئـەمریکادا موسڵمانن ولاوانیش لەڕۆژئاوا زیاتر دێن بۆلای ئیسلام و بوار ڕەخساوە بۆ ئیسلام کە ببێتە یەکـەم ئاین لە سەدەی نوێدا لەهەموو جیهاندا) ...

(شارستانێتی ڕۆژئاوا ماددی و مولحیدەو ئەوروپا مەسیحی نیە ، ئەم ژیارەش زۆر دیاردەی ترسناکی هێناوەتەکایەوە وەك هەڵوەشانی خێزان و خۆپەرستی و خۆخۆیی ، جائەگەر بەها باڵاکان و بەرنامەی خوایی فریای نەکەوێ ئەوا ئەو ژیارە دەڕوخێ لەناو خۆی دا)....

(شایانی باسە کە قورئانی وەرگێڕاو بۆ ئینگلیزی لەسەدا هەزار چاپکردنی زیادی کردووەو کتێبەکانی دکتۆر هوفمان زۆر داوای لەسەرەو لەم بارەیەشەوە دکتۆر دەڵێت : ئیسلام زۆر بەئاشکرا لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندنا دەبینرێت و دەبیسرێت و، بەسەیرکردنێکی قووڵ و وردبوونەوە من زۆر گەشبینم کەئیسلام تاقە (بدیل)ە) ..ل325

مه طرانی گەورەی ئیتاڵیا

قەشەی ناوداری ئیتاڵی مەترانی گەورەی شاری بولونیا ی ئیتاڵی (جیاکوموبیفی)کەتەمەنی حەفتاو سێ ساڵە بە ئەوروپییەکان دەڵێت (بەڕاستی ئیسلام سەردەکەوێ بەسەر ئەوروپادا، ئەگەر ئەوروپا بەچاکی نەبێتەوە بەگاور).

ناوبراو ئەم قسانەی چەند جار وەك ئاگادار کردنەوەیەك داوەتەوە بەگوێی ئەوروپیەکانداو زۆر جەختی کردۆتە سەرئەوەی کە گاورە کاسۆلیکیەکان لە ئەوروپاوە ، (لەپۆڵەنداو فلیپین)ەوە کۆچ بکەن بۆ ئیتاڵیا لەجیاتی ئەوەی کەخەڵکی لە ئەلبانیا و ئەفریقیا و مەغریبەوە هیجرەت بکەن بۆ ئیتاڵیا بەمەبەستی پاراستنی (ناسنامەی مەسیحی لە ئیتاڵیادا)...ل 326 المعجزە .

موسڵمانبوونی بەردەوام

لەشاری مەدینەی پیرۆز لەساڵی (2003)زدا (750)پیاوو ژنی بیانی موسڵمان بوون دیارە ئەمانەش کە دەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان و پەیوەندی دەکەن بەکەس و کاریانەوە ڕۆڵێکی باشیان دەبێت بۆ ناساندنی ئیسلام .

جانەك هەر لەوڵاتە ئیسلامیەکاندا بەڵکو لەزۆر لەوڵاتەکانی تری دنیاشدا ئیسلام بەچاکی بەرەوپێش دەچێت ، ئەوەتا کاردینال کورمال میرفی پێشەوای کومەڵەی ڕۆمی کاسۆلیك لە ئینگلترا و ویلز دەڵێت (لەبەریتانیا مەسیحیەت لەپاشەکشەدایەوئیسلام لەوپەڕی بەرەو پێش چووندایە).

پاش (50)ساڵ حوکم لەبەریتانیادا ، شاژنی بەریتانیا(الیزابیث)ی دووەم پێڵاوەکانی داکەندو چووە مزگەوتەوە لە 31 ی یولیو (2002)دا لەسەرووی بەریتانیادا، دیارە ئەمەش ڕێزێکی گەورەبوو بۆ سێ ملیۆن و نیو موسڵمان کە لەبەریتانیادا دەژین ، موسڵمانانیش قورئانێکی وەرگێردراو بۆسەرزمانی ئینگلیزیان پێشکەش کرد .

شایانی باسە کۆنگرەی ئیسلامی لەبەریتانیا داوایان لە شاژن و سەرۆك وەزیـران و ئەنـدامانی مەجلیسی نـواب کـرد کەموسـڵمان بـبن پـێش ئـەوەی کـار لــە کاربتۆازێـت . ئامـادەبوانی ئـەو کۆنگرەیەش گوێیان گرت لـەوتەی (42)کەس کەپاش 11ی سێپتەمبەر موسڵمان بوون .

یەکێکیش لەوتاربێژان وتی (کاتێك حەزرەتی عیسا سەلامی خـوای لێبێـت دێتـەوە سـەرزەوی لەدوای ئیمامی ئێمەوە نوێژ دەکات و بەشەرعی ئێمە ڕەفتار دەکات ، بۆیە وەرن لـەگەڵ ئێمە بن بۆ پێشوازی لـەو زاتە پایە بەرزە) ل334 المعجزه.

ئەمیر چارلز

ڕۆژنامەی (دەیلی تەلـەگراف)وتارەکەی ئەمیر چارلزی بەریتانی بلاّوکـردەوە ، کـە لــە 24 ی ینایری 2003 لـەپەیمانگای ئیسلامی دای لە (بیستۆشایر)لەناوەڕاستی بەریتانیا ، کە دەڵێن (بەڕاسـتی ئێمە ئەمڕۆلـە هەمووکات زیاتر پێویستمان بەوەیە لـەئیسلام شارەزا بین) ، هەروەها لـەسـاڵی 1995 یش دا ئەمیر چارلـز لـەبـەردەم (700)کەسـایەتی بـەریتانی و دووسـەد ڕۆژنامەنووسـی ئـەورووپی و جیهانی دا لـەهۆڵی پەیمانگای مەلـەکیدا وتـی (حەزدەکـەم هـەموو دەزگـا ئەکادیمیـەکانی بـەریتانیا هاوکاری بکەن بۆ دروستکردنی پردی لـەیەك گەیشتن لـەنێوان ڕۆژئاواو ئیسلام دا) شـایانی باسـە لـە زانکۆی (اکسفورد)دا وتارێکی تری لـەم شێوەیە بۆ ئامادەبوان دا . ل336 المعجزه .

یارمەتیدانی قوتابخانە ئیسلامیەکان

موسڵمانی بەریتانی یوسف ئیسلام قوتابخانەی (الفرقان)ی لە برمنگهام و قوتابخانـەی ئیسـلامی لـە لـەندەن دامەزراندووەو داوای لـەحکومـەتی بـەریتانی کـرد کەیارمـەتی ئـەو دوو قوتابخانەیـە و قوتابخانە ئیسلامیەکانی تر بدات ، حکومەتی بەریتانیش ڕازی بوو بەیارمەتی دانیان ، ئەم هەنگاوەش ڕۆژنامەی گاردیان لـەبارەیەوە وتی (ئەم هەنگاوەی حکومەت دانانی سنوورێکە بـۆ ئـەو سـتەمەی لـەجالیاتی ئیسلامی بەریتانی دەکرا).

شایانی باسە هۆڵـەندە زۆر زیاتر یارمەتی قوتابخانە ئیسلامیەکان دەدات و بە قوتابخانەی حکـومی دادەنێ و هیچ بەرپرسێك دەست ناکێشێتە ناو ئیش و کاریانەوەو هەروەها گاردیان دەڵێت (خەڵکی پۆل پۆل دەچن بەرەو ئیسلام و موسڵمان دەبن).

ئەمەش وای کردووە کەزۆر مزگەوت دووجار نوێـژی هـەینی تیـا دوبـارە بکرێتـەوە لـەبەرئـەوەی بچووکن و جێی هەموو نوێژ خوێنانی تیا نابێتەوە .

المعجزه ل341 .

كوڕی وەزیرەكان موسڵمان دەبن

ئەبو زەكەریا یحیی رسام سەرۆكی تەحریری گۆڤاری (الحوار)كەلە برمنگهام دەردەچیٚ دەڵــیٚ : كوڕی وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری دەرەوەی بەریتانی پێشوو (دوگـلاس هێـرد) و (جـۆ)كـوڕی وەزیــری تەندروســتی پێشــوو (فرانــك دوبســون)و كــوڕی بەڕێوەبــەری ئاسایشــی گشــتی لــە (میدلاند)موسڵمان بوون ...

(جۆ)كە كوڕی وەزیری تەندروستیە نــاوی خــۆی گــۆڕی بــۆ (ئەحمــەد)وتەمــەنی (26)ســاڵەو لەبارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێت (لەگەڕەكێكدا گەورەبووم كەژمارەیەكی زۆر موسڵمانی تیایــە و قوتابخانەكەشمان موسڵمانی تیابوو ، لە شانزە ساڵی دا قورئانێكی ڕاڤەكراو بــەئینگلیزیم خوێنــدەوە كە برادەرێكم بۆی هێنابووم بەناوی (سامی)كە بەئەسڵ بەنگلادیشی بوو ... من ئاواتە خوازم بچم بۆحەج و عومرەو ئەوەش كە زۆر هانی دام بــۆ ئیســلام ژیــانی موســڵمانانی ئەندونیــسیا بــوو كــە لەتەمەنی بیست ساڵی دا سەرم دان .

من بەختم باشە ، دایك و باوكم ڕۆشنبیرن و هیچ ڕێگریەكیان لیٚ نەكردم وتــا ئێســتاش بــاوكم لەجەژنی لــەدایك بــوونم دا پــەڕاوی ئیســلامیم بــە دیــاری ئــەداتیٚ ، ئــیتر نــازانم ڕەنگــە خۆشــی بیانخوێنێتەوە. من ئێستا لە چەند كۆمەڵێكی ئیسلامی خێرخوازیدا كاردەكەم و سەرۆكایەتی لیژنەی پەرەپێدانی ژیانی موسڵمانان دەكەم كەسەر بە مەجلیسی ئیسلامی بەریتانیە ، هەروەها سەرەو كاری دروستكردنی مزگەوتی (ایست لنــدن)دەكــەم لەڕۆژهــەلاٌتی پایتــەخت دا ، كەچــەند پڕۆژەیــەكی تریشی لەخۆگرتووە (ئەمەش بۆئەوەی ئەگەر كەسـێك هــات بۆمزگــەوت تــەنها نوێژەكــە نــەبێت ،بەڵكو ئەگەر پێویستی بەدكتۆر و دەرمان هەبوو بۆی دابین بكرێت)، شایانی باسە ئەحمەد ئافرەتێكی بەنگالی موسڵمانی هێناوەو پێكەوە ژیانێكی موسڵمانانە بەسەردەبەن. ل 345المعجزە .

كۆمەڵەی هاوەلاٌنی ئیسلام

لە2ی یولیو(2002)ز كۆمەڵەی هاوەلاٌنی ئیسلام ڕاگەیاندرا لەئاهەنگێكدا لەمەجلیسی عمومی بەریتانی ، كۆمەڵەكە حەفتا نائیب و كەسایەتی سیاسی لەخۆ گرتووە ، ژنە نائیبی بەریتانی ماكفــاتی وتی (بەشداری كردنی گەورەی موسڵمانان لەبەریتانیادا ، دەوڵەمەندكردنی كۆمەڵگای بەریتانیە).

ئەم كۆمەڵەیە هەولٌ دەدات كە ئەڵقەیەكی گەیەنەر بێت بۆ بەیەكگەیشتنی موسڵمانە بەریتانی یەكان و بڕیار بەدەستە سیاسییەكانی بەریتانیا .

هەروەها ماکفاتی وتی (ئێمە وەك ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانی کەموسڵمان نین هەقە زیاتر لەبارەی ئیسلامەوە بزانین و ئەم دوانگە تازەیەش زیاتر بوار ئەرەخسێنیٚ بۆ تێگەیشتنی زیاتر ودۆزینەوەی چارەسەری ئەو کێشانەی کەتووشی موسڵمانان دەبن).

هەروەها نائبی بەریتانی (دنکان)کەبەرپرسە لەمەلەفی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەحکومەتی سێبەر دا جەختی کردە سەر ئەوەی کەئەم کۆمەڵەیە ئەتوانیٚ وابکات کۆمەڵگای بەریتانی و موسڵمانان زیاتر لەیەك بگەن و ، هیوای خواست کەئەم کۆمەڵەیە بتوانیٚ پەیامی خۆی بگەیەنێت کەدانوستانێکی شارستانیەو، وەبتوانیٚ ئەم ئەزموونەش بگوازێتەوە بۆ وڵاتانی تری جیهان ، کەئەمەش دیارە دەبێتە پردێك بۆلەیەك گەیشتن لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژ ئاوادا . ل 347 المعجزه

بوونی ئیسلام لەئەوروپادا لەدێرزەمانەوەیە

گۆڤاری (الأوروبیة)کە تایبەتە بە کاروباری ئیسلامی لە ئەوروپا داوای کرد کە مێژووی پەیوەندی ئیسلام و ئەوروپا کورت نەکرێتەوە تەنها لەلایەنی بەیەکدادانی سەربازیدا ، چونکە پەیوەندی هەردولا زۆر لایەنی ڕۆشنبیری وزانستی وئابوری و ئاینی لەخۆ گرتووە بەدرێژایی سەدان ساڵ ، کەئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە شارستانیەتی ئەمڕۆدا ، تەنانەت زۆر وشەی عەرەبی و ئیسلامی چۆتە ناوزمانی ئەوروپیەکانەوە و ، کاریگەی هونەرو تەلارسازی ئیسلامیش بەئاشکرا بەسەردەمی ڕاپەڕینی ئەوروپیەوە دیارە .

نموونەش بۆئەمە زۆرە ، لەوانە ، پاشای ئەنگلۆسەکسۆنی (ئەوفا)کە فەرمانڕەوا بووە لە نێوان ساڵانی (757 ك تا 796 ك)لەپارەی ئالتونی سەردەمی خۆی لە دیویکیدا بەعەرەبی هەندیٚ عیبارەتی نووسیوە کە هەمان ئەو نوسینەیە کە لەسەر دیناری ئیسلامی زەمانی خەلیفەی عەباسی (منصور)بووە ، هەروەها ئەسکەندنافیەکان لەڕێی کەشتیە بازرگانیەکانەوە هەرزوو موسڵمانانیان ناسیوەو،شاری (کروجینیاتی)پۆڵەندیش بەڵگەیە کەلەسەدەی هەژدەوە مزگەوتی تیایە .

بەڕاستی موسڵمانان لەتاڵ و شیرینی وڵاتەکانیاندا بەشداریان هەبووەو بەشی خۆیان باجیان داوە ، ئەوە موسڵمانانی بۆسنە و هەرسك کەزیاتر لەیەك لەسەر سیٚ ی ملیۆنێکیان لیٚ شەهید کرا ...

شایانی باسە کەسەرژمێریەك لەهۆڵەندە ئاشکرای کرد کەپاش 11ی سێبتەمبەر ئیسلام یەکەم ئاینە لەئەمستردامی پایتەختداو ئەم سەرژمێری یەش ڕۆژنامەی (مترو)ی ڕۆژانە لە 29/ 2002 یولیو ڕایگەیاند کە 13٪ دانیشتوانی شاری ئەمستردام موسڵمانن و ڕێژەی کاسۆلیك یش 10٪ یەو

پروتستانتیش 5٪ و ڕێژەی جولەکەش 1٪ ن ... ئەمەش وای کردووە کەزۆر لەدەزگا ئاینیەکان دەرگاکانیان دابخەن و کەل و پەلەکانیان بفرۆشن ....ل351 المعجزە.

هۆڵەندی یەکان و ئیسلام

هۆڵەندیەکانیش پاش وردبوونەوەو دیراسەی تەواودێن بەرەو ئیسلام و ، ڕێکخراوێکی ئافرەتانی موسڵمانیشیان هەیە بەناوی (النساء)کەلە ئەمستردام دامەزراوە لەساڵی (1980)ز داو گرنگی دەدات بەئافرەتە هۆڵەندیەکان و ،دەنگی ئیسلامی هۆڵەندیش هەیە (nmo)کەلەساڵی 1986 ەوە بەرنامەکانی پەخش دەکات وهەروەها هەفتانەش بەرنامەی تەلەفزیۆنیان هەیە کەبینەری تایبەتی خۆیان هەیە.

باس و لێکۆڵینەوە نەکراوە لە سەر موسڵمانبوون

تائێستا باس و لێکۆڵینەوەی تەواو نەکراوە لەسەر دیاردەی بەردەوامی موسڵمان بوون ،ڕۆژهەلات ناسی ئەمریکی (ستیڤن همفریز)کەخاوەنی پەڕاوی (التأریخ الاسلامی)یەو بەدەساڵ هەوڵ و ماندوو بوون دایناوەو لەزانکۆکاندا دەخوێنرێت ، لەم بارەیەوە دەڵێت (مەسەلەی موسڵمان بوون لەلێکۆڵینەوە ئیسلامیەکاندا پشتگوێ خراوەو ، ئەوەی لەبارەیەوە نووسراوە ڕەنگە لەلاپەڕەیەکدا کۆبکرێتەوە).

هەروەها دەڵێت (کاتی خۆی ڕۆژهەلاتناسەکان لە دڵەوە ڕقیان لەئیسلام بوو بۆیە خوار دەجولانەوە و گوێ یان بەباسی موسڵمان بوون نەئەدا، کە لەڕاستیدا دیاردەی موسڵمان بوون واتە ئیسلام زاڵە و لەپێشترە لە مەسیحیەت و یەهودیەت).

ئیسلام دووەم بیروباوەڕە لەسوید

(یان سامویلسون)کەیەکێکە لە لێکۆڵەرە سویدیەکان لەکاروباری ئیسلامی دا ڕایگەیاند کەئیسلام بووە بە دووەم بیروباوەڕی ڕەسمی لە (سوید)پاش مەسیحیەت .

پاش 11ی سێپتەمبەر سویدیەکان زیاتر لەجاران سەر لەمزگەوتەکان دەدەن و پرسیار دەکەن دەربارەی ئیسلام، لەم بارەیەوە ئیمامی مزگەوتی (ئوبسالا)دەڵێت :(بەئاشکرا دەڵێم کەجولەیەکی ئاشکرا و کاریگەر هەیە لەناو سویدیەکاندا بەرەو ئیسلام ، ڕووداوی 11ی سێپتەمبەریش کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر شارەزابوونی سویدیەکان لەئیسلام و ، لەماوەی دوومانگی دوای ئەو ڕووداوەدا ژمارەیەکی زۆر لەپیاوان و ئافرەتانی سویدی هاتن بۆ مزگەوت بۆ پرسیارکردن لەبارەی ئیسلامەوەو بەمەش زۆریان موسڵمان بوون . زۆربەی پرسیارەکانیشیان

لەبارەی سەیرکردنی ئیسلام بۆ ئافرەت و مەسەلەی جیهاد و حەرامکردنی مەی و گۆشتی بەراز و هەڵوێستی ئیسلام لەبەرامبەر گاوروجولەکەوە بوو .

موسڵمانبوونی سویدیەکان لە قەناعەتەوەیە بەجۆرێك یەکێکیان کە تازە موسڵمان بوو بوو زۆربەگەرمی دیفاعی لە ئیسلام دەکرد و ئیدانەی ئەو هێرشەی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوای دەکرد کە دەکرێتە سەر ئیسلام و بە تیرۆر ناوی دەبەن ، لەکاتێکدا هەق بوو باس لە تیرۆری جیش الجمهوری الایرلندی و تاوانەکانی ئیسرائیل بکرایە لەفەلەستیندا ! ئافرەتێکی لاڵی سویدیش هاتە مزگەوتی (استوکهولم)و بەئیشارەت دەیویست موسڵمان ببێ ، جالەبەرئەوەی تێنەگەیشتین لێی ، لەسەر کاغەزێك ئەوەی دەیویست نووسی بە زمانی سویدیو موسڵمان بوو) ..

شایانی باسە تەلەفیزیۆنی سویدی ڕێی دا بەئافرەتی باڵاپۆشی موسڵمان کە بەئازادی لەسەر شاشە دەربکەوێ و بەرنامە پێشکەش بکات کە ئەمەش نیشانەی ژیری و حیکمەتی سویدە کە ڕێز لەهەموو بیروبۆچوون و ئاینێك دەگرێت . لەیاسای سویدی دا ئافرەتان ئازادن بەلەچکەوە وێنە بگرن و لەهەموو(معاملات)یاندا بەکاری بهێنن و، هەر باڵاپۆشێکیش تووشی کێشەیەك ببێ بەهۆی بەرگەکەیەوە بۆی هەیە شکات بکات ،هەروەك ئەو ئافرەتە باڵاپۆشەی کە لەکۆگایەکی گەورەی جل و بەرگدا کاری دەکرد ، لەبەرئەوەی کە لەسەرکار لابرا لەبەر سەرپۆشەکەی ، شکاتی کردو گەڕێنرایەوە سەرکارەکەی و باربووی چاکیشی وەرگرت. ل 358 المعجزە .

لەسویددا ئێستا زۆر بەئاسایی کەسانی ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامەی بەرز وەك دکتۆر و مامۆستایانی زانکۆ دەبینرێن کە دێنە مزگەوتەوە و پرسیار دەربارەی ئیسلام دەکەن ... شتێکی ئاسایشە کە قوتابیان ناوبەناو سەردانی مزگەوتەکان دەکەن بۆ شارەزا بوون لەئاینەکان و چاوکرانەوەیان بەسەر ژیان دا .

جێی باسەکە (أنا لیز)وەزیری دەرەوەی سوید وتبووی (ئیسلام دووەم ئاینی ڕەسمی یە لە سوید و یەکێکە لەو ئاینانەی کە داهاتوویەکی گەورەی دەبێت لەسویدا)..

حکومەتی سویدی لەپارەی شارەوانی یارمەتی قوتابخانە ئیسلامیەکان دەدات و دەست ناخاتە بەرنامەی خوێندنیانەوە ، ئەوەی کەجێی سەرنجە ئەوەیە کەدەستنوسی گرنگ هەیە لەمێژووی ئیسلامدا کەلەسویدەو دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر.

لەبەرئەوەی کە بەزمانی سویدی بابەت ونوسراوی ئیسلامی کەمە موسڵمانان کەوتونەتە خۆیان کە لەتۆڕی ئینتەرنێت دا بەزمانی سویدی بابەتی چاك دابەزێنن ، تابتوانن ئەو کەلێنە پڕبکەنەوە ، بەتایبەت کەماوەیەك لەمەوبەر (500)سویدی موسڵمان بوون ...ل 362 المعجزە .

ئیسلام لەکۆریا

پرۆفیسۆر (جەمیل هیسولی) لەگەڵ کۆمەڵێ زانای تردا پەڕاوێکیان هەیە بەزمانی کۆری بۆناساندنی ئیسلام ، کەچی کۆریەکان زۆر گرنگیان پێ نەدا تاکارەساتی 11ی سێپتەمبەر ،کەئەم ڕووداوە وای لێکردن بکەونە بەدەستهێنان و خوێندنەوەی ئەو کتێبە بۆ شارەزابوون لە ئیسلام و لەچەند هەفتەیەکدا سەدهەزار لەوکتێبە فرۆشرا .

پرۆفیسۆر جەمیل هیسولی دکتۆرای لەساڵی 1986 دا هێناوەو نامەی دکتۆراکەی بریتی بوو لە (بلاوبوونەوەی ئیسلام لە (شرق الاقصى)دا بەهۆی عوسمانیەکانەوە) ولەتەمەنی (22)ساڵیدا موسڵمان بوو لەکاتێکدا کەقوتابی بوو لەساڵی 1976 دا بەهۆی ڕەوشت بەرزی مامۆستای ڕۆشنبیری ئیسلامیەوە کەناوی دکتور الخولي بوو .

لەسەرەتاوە باوك و دایکی ناڕازی بوون ،چونکە خێزانێکی کاسۆلیکی بوون، ئەویش بە نەرمی تێی گەیاندن و پێی وتن (من لە بازنەی ئیمانەوە ناچمە بازنەی ئیلحادەوە ، بەڵکو ڕێگەیەکی ترم گرتووە بۆ ئیمان)،ئەوانیش بەم (منطق)ە جوانەی دڵخۆش بوون و،ڕەوشتی جوان و ڕەفتاری شیرینی جەمیل وای لێکردن کەزیاتر بەڕێزەوە سەیری ئیسلام بکەن و پێی قایل بن .

پرۆفیسۆر جەمیل دەڵێ : 11ی سێپتەمبەر کاری کردە سەر حکومەتی کۆری و وای لێکردن کە لیژنەیەکی بەرفراوان پێك بهێنن بۆ دیراسەکردنی کارەساتی 11ی سێپتەمبەر و ڕەنگدانەوەی لەسەر جیهان وهەروەها سندوقێکیشیان دروستکرد بۆ دیراسەی جیهانی ئیسلامی و کاریگەری بلاوبوونەوەی ئیسلام لەسەر کۆریا .لیژنەی ناوبراویش پاش لێکۆڵینەوەی زۆر داوایان لەحکومەتی کۆری کرد کە (مینحەی ئەکادیمی)زیاتر بدات بۆ دیراسەی ئیسلام . ل 365المعجزە .

ئیسلام لە ئوستراليا

(نەدوەی جیهانی لاوان) لەڕێگەی نوێنەریەوە لە ئوسترالیا و خوارووی باسیفیك ڕاپرسیەکی کرد لەگەڵ ئەوانەی موسڵمانبوون لەبارەی موسڵمان بوونیانەوە ، هەموو یەك دەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە لە ئیسلامدا چارە سەری کێشەکانیان دۆزیوەتەوە .

یەكێ لەوئافرەتانەی موسڵمان بوو بوو بەناوی (أمة الله)وتی :لەپێش موسڵمان بوونمدا لەفەراغ دا دەژیام و ، نەمدەزانی چیدەكەم و چیبكەم ، كەموسڵمان بووم ئێستا تەواو بێ كاتم و فریای كارەكانم ناكەوم چ دینی و چ دنیایی ...

هەروەها خوشكێك بەناوی (مەی)وتی : لە ئیسلامدا ژیانی ڕاستەقینەم دۆزی یەوە ، كە ئەویش فەرمانبەری خواو نزیكبوونەوەیە لێی بەعیبادات و دوعاكردنی زۆر ، ئافرەتێكی تر بەناوی (كەریمە)دەڵێ :ئیسلامم هەڵبژارد پاش دیراسەیەكی قووڵ لەڕێی ئینتەرنێتەوە ، من لەژیانم دا پابەند بووم بەكەنیسەوە بەڵام هەمیشە دوودڵ بووم و، كۆمەڵە پرسیارێك هەبوو وەڵامم دەست نەدەكەوت ، لەڕێی ئینتەرنێتەوە گفتوگۆی زۆرم كردو لەئیسلامدا وەڵامی پرسیارەكانم دەست كەوت لە هاوەڵێكی موسڵمان و موسڵمان بووم .

زۆر ئافرەتی تریش لەڕێی شووكردن بەموسڵمانان و ژیانی هاوسەرێتیانەوە لەئیسلام تێگەیشتبوون وموسڵمان بوون .

شایانی باسە ڕاگەیاندنی ناحەزان ، لەناشرینكردنی ئیسلام و موسڵمانان بەربەستێكی گەورە یە لەڕێی هاتنی خەڵكی ئوستڕالیادا بەرەو ئیسلام كەئەمەش ئەركی زیاتر دەخاتە سەرشانی موسڵمانان كە زیاتر ڕۆڵی خۆیان ببینن بەهەمووهۆكارێكی گونجاو بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی ئیسلام و بەرپەرچ دانەوەی پڕوپاگەندەی ناحەزان .

موسڵمانبوونی یاریزانە ناودارەكان

یاریزانی جیهانی نیكولاس ئەنیلكا ی فەڕەنسی كە هێرش بەری یانەی مانشستڕی ئینگلیزی یە موسڵمان بوو، لە ڕەمەزانی (2002)ز داچوو بۆ عومرەو لەگەڵ ملیۆنەهاموسڵماندا تەراویحی كردولەچاوپێكەوتنێكدا وتی : بەهۆی عەدنانی هاوەڵمەوە كەخەڵكی سعودیەیە موسڵمان بووم ، هەرچەند زۆرم لەبارەی ئیسلامیشەوە خوێندۆتەوەو سەردانی زۆری مەركەزە ئیسلامیەكانی فەڕەنسام كردووە بۆزیاتر شارەزابوون لەئیسلام ..جوانی ئیسلام سەرمەستی كردبووم و نەم ئەوێرا ئەو بڕیارە بدەم وموسڵمانێتیم ئاشكرا بكەم ... كەموسڵمانیش بووم ئەوەندە سەرسام بووم بەكەسایەتی (بیلال)بۆیە ناوی خۆم گۆڕی بۆ (بیلال)...

لە (كینیا)ش یاریزانی جیهانی تۆپی پێ (كمارا)موسڵمان بوو ،هەرچەند تووشی زۆر ناڕەحەتی هات و ناچار بوو لەیانەی (ویست هام)ی ئینگلیزی وازبهێنێ پاش ئەوەی كە هێرشی ئیعلامی

زۆری کرایه سەر و بەمەش ملیۆنـەها دۆلار زیـانی لێکـەوت ، نـاوبراو لەسـاڵی (2002)زداچـوو بۆحەج تا لـەنزیکەوە شاد بێت بەبینینی ماڵی خوا کەڕۆژی پێنج جار موسڵمانان ڕووی تێدەکەن.
هـەروەها یـاریزانی بـەناوبانگی بـەرازیلی (سـیزار)خـۆی و ژنەکـەی لەسەردەسـتی ڕاهێنـەرە تونسیەکەی دا موسڵمان بوو ... ل 373 المعجزه.

بانگخوازێک دووهەزارکەس زیاتر موسڵمان دەکات

(محمد عباس ندیم)مامۆستای زانکۆیە و پسپۆڕە لـە نەخشـەی شـارو کێشـەی ژینگەداوخـەمی یەکەمی بانگەوازەو تائێستا لـەسەر دەستیا زیاتر لـەدوو هەزار کەس موسڵمان بوون .
یەکێ لەوانەی موسڵمان بووە قەشەیەکی فەڕەنسـی یـە کـە لـەڕێی ئینتەرنێتـەوە گفتوگـۆی لـەگەڵدا کردووە و سەرەنجام موسڵمان بووەو ناوی خۆی کردووە بە (عبدالرحمان).
یەکێکی تریش کە ئەکتەرێکی تەلـەفزیۆنی ئەمریکیـە بـەناوی (لینـدکن) لـەڕێی ئینتەرنێتـەوە موسڵمانبووە لەکالیفۆرنیا و ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ (مصطفی).
هەروەها کۆمەڵێك (صینی)یـش کـەهاتبوون بـۆ (مەدینـە)لەسـەر دەسـتیان موسـڵمانبوون و، هەروەها زۆربەی ئەندامانی تیپی سێرکی ڕووسیش موسڵمانبوون لـەسەر دەسـتیا کاتێـك سـەردانی کردن وباسی ئیسلامی بۆکردن ، کە ژمارەیان حەڤدەکەس بوو ، هەندێکیان عومرەیـان کردوئنجـا بەموسڵمانی گەڕانەوە وڵاتەکەی خۆیان . المعجزه375 .

موسڵمانبوونی ئەندازیارێکی سویسری

ئەندازیاری سویسری (ریمۆشایی) تەمەن (54)ساڵ موسڵمانبوونی خـۆی ڕاگەیانـد لــە بـەردەم مـوفتی وژمارەیـەکی زۆر لــە ئامـادەبوان لــەگۆڕەپانی مزگـەوتی شـاری کالیسـیا لــە بۆسـنە ، لـەکاتێکداکە سەردانی بۆسنەی کرد ، شایانی باسە ئـافرەتێکی بۆسـنی موسـڵمانی هێنـاوە بـەناوی (فاطمە) وئیسلامەتی لـەسەردەستیا فێربووە .
(ریمۆ)دەڵێت : لـە ئیسلامدا ونبووی خۆمم دۆزیەوە وتێگەیشتم لـەتەفسیری ڕاستەقینەی بـوونی ئینسان ، کە لـە دینەکانی تردا دەستم نەکەوت .
هەروەها وتی: لـەنزیکترین فرسەتدا سەردانی شوێنە پیرۆزەکان دەکەین . ل المعجزه376

سەرۆکی ژووری بازرگانی لەپاریس موسڵمان دەبێت

لـەم یەك دووساڵـەی دوایدا ، سەرۆکی ژووری بازرگانی لـەپاریس (بییر بونارد)موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندو ،هەروەها خاتوو (برین)لـە بنەماڵـەی دەسەڵاتداری فەڕەنسـا موسـڵمان بـوو نـاوی

خۆی کرد بە (خەدیجە محجوب)و هەردوکیان چاویان بەئەمنداری گشتی رابیتەی عالەمی ئیسلامی کەوت و یەکی قورئانێکی ڕاڤەکراوی فەرەنسی بە دیاری دانیٚ و هانی دان لەسەر پابەندبوونی تەواو بەئیسلامەوە . ل 379 المعجزە.

موسڵمانبوونی حەوت بەندکراوی کرواتی

پێش ئەوەی یاسای جەنگ و مافی مرۆڤ بێتە کایەوە بەزیاتر لەهەزار ساڵ ئیسلام ڕێزگرتنی دیلی هێنایە کایەوە ، قورئان هەرزوو دای بەگوێی مرۆڤایەتیدا (ویطعمون الطعام على حُبّه مسكينا ويتمياً وأسيرا)(الانسان 8)ئەمەش وای کرد کەزۆر لەوانەی بەدیل دەگیران لەلایەن موسڵمانانەوە پاش بینینی ڕەفتارو مامەڵەی جوانیان موسڵمان دەبوون .

بەهەمان شێوەش حەوت کەس لەو کرواتیانەی کە گیرابوون ولە بەندیخانەی بۆسنەدا بوون ، پاش تێگەیشتن لەڕەفتاری جوانی موسڵمانان و هەڵسوکەوتی بەرزیان ، موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند و وتیان: ئێمە کەس هیچ زۆرێکی لێنەکردوین و بەرەزامەندی خۆمان موسڵمانبووین و حەزیش ناکەین بگوێزرێینەوە بۆ بەندیخانەی ترو ، بەڕاستی ئیسلام نوورەکەی بەردەوام دەبێت و دڵان گەش و ڕۆشن دەکاتەوە هەتا ڕۆژی قیامەت . ل 378 المعجزە.

موسڵمانبوونی دکتۆرێک وئەندازیارێک لەیەمەن

دکتۆر لی خوان چینی یە و پسپۆڕە لەنەخۆشی یەکانی چاودا لەخەستەخانەی (القطن)کاردەکات لەشاری تریم لەحەزرەمۆت ، پاش موسڵمانبوونی ناوی (سلێمان)ی بۆ خۆی هەڵبژارد وتی(بەڕاستی ئاینی هەق و مامەڵە و هەڵسوکەوتی ڕاستم لەئیسلامدا دۆزیەوە کەخوا فەرمانی پێداوە ، کەدوورە لەزیادەڕەوی وتوندوتیژی).

هەروەها ئەندازیار (فونتشانوب سلونی)ی فلیپینی کە لەکۆمپانیای نەوتی (صقر)کاردەکات لەیەمەن لەساڵی (2002)دا موسڵمان بوو وناوی ئەحمەدی بۆخۆی هەڵبژارد ،پاش ئەوەی پەڕاوی (مفتاح الجنة)ی عەللامە الحبیب ئەحمدی خوێندەوە بەزمانی ئینگلیزی ، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (الضیاء)ی ئیسلامیدا وتی : من لە نائارامی وشپرزیدا دەژیام و ئێستا هەستدەکەم کە ونبووی خۆمم دۆزیوەتەوە لە بەرنامەیەکی ڕاست و دروستدا کە دڵنیام ژیانم ڕێکدەخات وئەم گەیەنێتە بەهەشت بە ئیزنی خوا .

ل 381المعجزە.

کۆمەڵێ هندۆس موسڵمان دەبن

لە مانگی حەوتی ساڵی (2002)دا لە ڕۆژئـاوای پاکستان لـەدێی (شـاکار جـارا) ئاهـەنگێك سازکرا بە بۆنەی موسڵمان بوونی (26)هندۆسەوە و (شێخ ئەنیس علی)فێـری شـایەتمانی کـردن و هندۆسە تازە موسڵمانەکان وتیـان ، پـەنجا هندۆسـی تـریش بڕیاریـان داوە دوای دوو هەفتـەی تـر ئەوانیش پێکەوە موسڵمان ببن . ل 382 المعجزه.

ئیبراهامی ڕاستگۆ

گۆڤاری هەفتانەی (الأسرة الدينية الأسرائيلية)بلاّوی کردەوە ، کەدەنگ و باسێکی گەرم هەیە لەناو تایەفـەی (الحـرديم)دا کـە لـەجوولـەکـە توونـدەڕەوەکانن کـەپیاوێکی خوانـاس و پارێزکـار لـەماڵێك لـەجوولـەکەنیشنی (جوش ئیمونیم)پەیدا بووە لـە (قودس)، خەڵکەکە وتیـان ڕەنگـە ئـەوە (مەسیح)بێت کە دنیا هەمووی چـاوەڕێیەتی و لــە (قـودس)ەوە دا بـەزیبێ ، بۆیـە خـەڵکێکی زۆر بەیانیان لـەدەوری ماڵەکەی کۆدەبوونەوە بۆ بەرەکەت و ئامۆژگاری و دوعای خێر .

ئەو کەسەش ناوی (ئیبراهام)بوو ، لـەماڵ نەدەهاتە دەرەوەو گوێی پـێ نەئـەدان ، خەڵکەکـەش ناویان نا (ئیبراهامی ڕاستگۆ).

پاش ماوەیەك خزمێکـی لـەبـەردەرگا بـەئامادەبووانی ڕاگەیانـدا کـە ئیبراهـام چـەند مانگێکـە موسڵمان بووەو لـەماڵـەوە خەریکی خواپەرستی یە ، کە بەڕاستی ئەمەش بووە جێی سـەر سـوڕمانی خەڵکی .

ڕۆژنامەکە ئۆباڵی ئەم حاڵەتەی خستە گـەردنی زانـا جوولـەکـەکان کـە نـەیانتوانیوە فـەراغی ڕۆحی خەڵکی جوولەکە پڕبکەنەوە بۆیە ئەوخەڵکـە لێیـان دەچـێ بـەرەو ئیسـلام و خـەڵکانێکی زۆریش لە دووریان لە ئاینەوە لەکۆمەڵگای جولەکەدا سەرگەرمی مەی وفەسادو تلیاك خواردنن.

پاش بلاّوکردنەوەی ئەم هەواڵە گۆڤارەکە پـەیامنێرێکی خـۆی نـارد تاچـاوپێکەوتنی لەگەڵـدا بکەن ، کەچی (ئیبراهام)لـەترسـی پیلانـی جوولـەکـە ئـەو جوولـەکەنشـینەی بـەجێ هێشـتبوو بـۆ شوێنێکی نادیار ... ل 385المعجزه .

شایانی باسە حاخامێکی جوولەکەی ئەمریکی کە نـاوی یوسـف کـۆهێن ەولــە تونـدڕەوەکانی کۆمەڵەی (شاس)ە ، لـەگـەڕانی دا بـەتۆڕی ئینتەرنێتـدا، ڕێـی دەکـەوێ لــەبانگخوازێکی ولاّتـانی کەنداو و پاش گفتوگۆیەکی زۆر لـەسەر ئاین و فەلسەفە ،یوسف کـۆهێن موسـڵمان بـوو لـەسـاڵی (2001) داو ئەمەی بە (لونا)ی هاوسەری کەتەمەنی 34ساڵە وت و ئەویش کەوتە دیراسەی ئیسلام

و سەرەنجام موسڵمان بوو ، بەهۆی موسڵمانبوونیانەوە دژایەتی گەورە کران لەلایەن جوولەکەوەو ئێستا ژیانێکی سادە دەژین لەشوقەیەکی پەڕپووت دا لە گەڕەکی موسڵمانەکاندا.

لەمەلەفێکی تایبەتیشدا کە گۆڤاری الوسط ئامادەی کردبوو ، وە لەکەناڵی (الجزیرە)بەرنامەی (بین السطور)دا ئاماژەی پێکرا ، هەواڵێك بڵاوکرایەوە لەبارەی (145)جوولەکەوە کە لەفەلەستین موسڵمان بوون لەساڵی (2002)زداو، شایانی باسە ئەو موسڵمانانە تووشی هەڕەشەو تەنگ پێهەڵچنینی زۆربوون لەلایەن دام و دەزگاکانی جوولەکەوە و ، تەنانەت وەزارەتی ناوخۆی جوولەکە دان نانێ بە ئاینە تازەکەیاندا و توندڕەوەکانیش هەندێکیان دەفڕێنن تاناچاریان بکەن کەپاشگەز ببنەوە ، بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی کەموسڵمان بوون .

(یوسف خطاب)دەڵێ : بەلامەوە زۆر گرنگە کە وەزارەتی ناوخۆ بە موسڵمان تۆمارم بکات ، چونکە من خەمی داهاتوومە ئەگەر مردم لە کوێ بنێژرێم .

یەکێ لەو (145)کەسەی موسڵمان بوون لاوێکی تەمەن (28)ساڵە کەپێی دەڵێن (سعید)و دانیشتووی خوارووی ئیسرائیلە ، دەڵێ (هەرچەند دایکم زۆری پێناخۆش بوو موسڵمان بووم پاش ئەوەی هەواڵی موسڵمان بوونی (یوسف کوهین)م بیست ، وەڕووداوی 11ی سێپتەمبەر وای لێکردم زیاتر بەدوای ئیسلامدا بگەڕێم) .

لاوێکی جوولەکەی ڕووسیش بەناوی (غینادی یوغین)کەتەمەنی (28)ساڵە لە ڕووسیاوە کۆچی کرد بۆ ئیسرائیل و دیارە حکومەتی ئیسرائیلی هەموو ئاسانکاری یەکیان بۆ کرد ، بەلام پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ ، کۆمەڵێ لاوی موسڵمانی ناسی لەگوندی(شعب)سەربە (جلیل)ی ڕۆژئاوا پەیوەندیان پتەوبوو بەجۆرێك کە (غینادی)چوو لەوگوندەدا بژی لەگەڵ هاوەلانیداو موسڵمان بوو.

ئەمەش دەزگا بەرپرسەکانی جوولەکەی بێتاقەت کردو بەکۆمەڵێ تۆمەتی جۆراو جۆر (غینادی)یان گرت و کەوتنە لێپێچینەوە لەگەڵیدا . ل 398 المعجزە.

گەورە حاخامی داغستان موسڵمان دەبێت

پاش 11 مانگ لەڕووداوی 11ی سێپتەمبەر گەورە حاخامی داغستان موسڵمان بوو ، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی نایەوە لەناو جوولەکەکانی داغستان دا ، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەمە دووەم حاخام بوو کەموسڵمان ببێت ، بۆیە ناچار بوون حاخامێکی تر لەجوولەکەکانی مۆسکۆ بهێنن بۆ ناوچەکەیان .

ئـەوەی سـەیرە لەچـیرۆکی موسـڵمانبوونی ئـەم حاخامـەدا ئەوەیـە کـەئافرەتێکی موسـڵمانی داغستانی قورئانێکی دایە کە بەزمانی خۆیان تەفسیر کرابوو ، داواشی لێکرد کە لەگەڵ تەورات دا بەراوردی بکات، پاش ئەوەی حاخامەکەش دیراسەی قورئانەکەی کرد بەقەناعەتەوە موسڵمان بوو.

لەوکاتەشەوە کە موسڵمان بـوو بـەردەوام ئامـادەی مزگـەوتی گـەورەی داغسـتان دەبـوو ، هەرچەند هەموو جوولەکەکانی داغستان دەنگیان لێ دابڕی و دژایـەتیان کـرد ، نـاوبراوگوێی پـێ نەدان و سوور بوو لەسەر ئیسلامەتیەکەی .

حاخامەکەی پـێش ئـەمیش لەسـاڵی 1999 زدا پـاش گفتوگـۆو دانوسـتانێکی زۆر بەدرێـژایی دووساڵ لەگەڵ موسڵمانێکدا ، گەیشتە قەناعەت و موسڵمان بوو ، لەبەر هەڕەشەی زۆر و تـەنگ پێهەڵچنینی زۆری جوولەکەکان گەڕایەوە (مۆسکۆ)، چونکە کاتی خۆی لەوێوە هاتبوە داغستان ، شایانی باسیشە کەجوولەکەکانی داغستان لەوەدان کە قڕبن چونکە ڕێژەی لەدایك بوونیان لەچاو مردنیان دا زۆرکەمە. ل400 المعجزە.

هەزاران ئەفریقی موسڵمان دەبن

هەر لەساڵی (2002)دا لە أثیوبیا (حەبەشە)شانزە هەزارکەس موسـڵمان بـوون کەهـەموویان دانیشتوانی دێ یەك بوون لەسەردەستی بانگخوازەکانی کۆمەڵەی بانگەوازی ئیسلامی جیهانی .

لە (بـنین)یـش دێیـەك هـەموویان موسـڵمان بـوون لەگـەڵ جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمان .. لە(اثیوبیا)ش پەنجا گاور موسڵمان بوون لەنوسینگەی لیژنـەی موسـڵمانانی ئـەفریقیا ، لەتشـادیش (2900)کەس موسڵمان بوون و بنکەی ئیسلامی (عمر المختار)یان بۆ دامەزراندن لەچەند شـارێکدا تا فێری ئیسلامیان بکات .. ل 401 المعجزە.

هۆزی ئوراماو سەرۆکەکەی موسڵمانبوون

(دندوب ماندو هیسا)سەرۆکی هۆزی ئوراما کە لقێکن لەهۆزی (البورنا)کەنزیکەی ملیۆنێـك دەبین ، موسڵمان بوو ، پاش پانزە ڕۆژ لەموسڵمان بوونی چوو بۆ عومرەو زیارەتی مەدینەی پـیرۆز لەسێپتەمبەری (2002)زدا .

گۆڤاری (المستقبل الاسلامی)چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازداو ناوبراو وتی :

کۆمەڵێ لەبانگخوازانی لیژنەی موسڵمانانی ئەفریقیا سەردانیان کردم و باسـی ئیسـلامیان بـۆ کردم و قەناعەتم لا دروست بوو کەموسڵمان ببم.

کاتێ موسڵمان بووم خاووخێزانم کۆکردەوە و داوام لێکردن ئەوانیش موسڵمان بن ، جاکەگەرامەوە لەپێنج شەممەدا دەچمەوە ناوچەکەی خۆمان کەرۆژی کۆبوونەوەیانە و لەناویاندا موسڵمانێتیم ڕادەگەیەنم و پشت بەخوا هەموو موسڵمان دەبن چونکە لای ئێمە هەموو هۆزێك دوای سەرۆکەکەی دەکەوێت .

لای ئێمە ئافرەتێکی ئەوروپی تەمەن (75)ساڵ پانزە ساڵە کاردەکات بۆ مەسیحیەت نەیتوانی بەهێندەی موسڵمانەکان خەڵك بگۆڕێ کەتەنها سێ ڕۆژ مانەوە .

ئیسلامەتی لای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ(500)ساڵ لەمەوبەر و باوو باپیرانمان لەچوار دێڕ هۆنراوەدا هەرلەکۆنەوە ئامۆژگاریان کردوین دوای ئیسلام بکەوین و گوێ نەدەین بەمەسیحیەت .

گاورە (بروتستانت)ەکان لاوو هەرزەکارەکانیان کۆدەکردەوە لەکەنیسەکەیانداو بەگۆرانی و سەماکردن کوڕوکچیان تێکەڵ دەکردو (مەی)یان دەرخوارد دەدان و ئیتر هەرچی فاحیشەش ڕووی بدایە ڕووی دەدا .. ئێمەش ڕقمان لێ یان بوو ،چونکە ئەوە پێچەوانەی داب و نەریتی هۆزەکەمان بوو ، ئەوان دەیان ویست سەرۆك هۆزەکان بەدیاری زۆر بکڕن و ڕایان کێشن بەلای خۆیاندا دیارە ئەمەشیان بۆنەچووە سەر .. ل 409 المعجزە .

موسڵمانبوونی سوڵتانی هۆزەکانی قولای تشاد

سوڵتانی هۆزەکانی قولای لەشاری دونامنجەی تەشادی موسڵمان بونی خۆی ڕاگەیاند لەمانگی ڕەمەزانی (2003)دا ، کەحەفتا هەزار شوێن کەوتووی هەیە یەکەم کەسە کەلەو هۆزەدا موسڵمان دەبێ و ناوی خۆی لە (موسنقار)ەوەکرد بە (محمد)، هەروەها هاوکارەکەشی موسڵمان بوو ناوی خۆی گۆڕی بۆ (موسی)...ل 411 المعجزە.

موسڵمانانی خوارووی ئەفریقیا

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەخوارووی ئەفریقیا لەپیاوان و لە ژنان ڕوویان کردۆتە ئیسلام ، یەکێ لەوانە (عمر خامبول)ە کە دەڵێ : ئەوەی هێنامی بەرەو ئیسلام ئەوەیە کە ئیسلام یەك خوا دەپەرستێ و مایەی ڕزگاری یە لەجەردەوتلیاك خۆرەکان ، بەڕاستی ئیسلام موسڵمانان فێری ڕەفتاری جوان دەکات ، بۆیە منیش سەرفرازبووم لەڕێی چەوت و ڕەفتاری بەدو دوورکەوتمەوە لەچەتەکانی تلیاك و ئێستا لەگەڵ موسڵماناندا ئامادەی نوێژی جەماعەت دەبم لە مزگەوت .

ئافرەتێکی تریش کەناوی (لیلی)یە دەڵێ (خەڵکی وا هەیە پێمـان دەڵـێن : هینـدی ، چـونکە ئیسلام بەئاینی هیندی یەکان دەزانن ، کەئەمەش بەڕاستی قورس بوو لـەسەرمان).
(ئەمڕۆش نزیکەی دووهەزار ئافرەتی موسڵمانی بـاڵاپۆش ڕوودەکەنـە مزگـەوت و خـەڵکی زیـاتر لـەجاران لایان ئاسایی بووەو بەچاوێکی تر سەیر دەکەن).ل417 المعجزه .

خۆری ئیسلام هەڵدێ بەسەر ڕۆمانیادا !

موفتی ڕۆمانیا (حاجی عثمان نەجاتی)لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (المسلمون)دا جەختی کردەسەر ئەوەی کەخەڵکی ڕۆمانیـا ئامادەییـان تیایـەو حەزدەکـەن بـەگوێگرتن لەباسـی ئیسـلام هەرچەندە هێشتا کاریگەری نیزامی کۆمۆنیستی پێشویان لـەسەرماوە .

لەگەڵ ئەوەشدا کەچالاکیەکی گەورەی کەنیسە هەیـە کەچـی خـەڵکی لەفـەراغێکی ڕۆحـی گەورەدا دەژین و بەشێوەیەکی ترسناك دەردەکۆمەڵایەتیەکانیان تیـادا بـڵاوە . ئامارەکـان دەڵـێن : کەحالاَتی لـەباربردن لەسـاڵی (1989)دا گەیشـتە ملیۆنێـك و هەشـت سـەد هـەزار حاڵـەت و، بەرەسمیش ڕاگەیاندرا لەساڵی 1993 دا کەلەجیهاندا ڕۆمانیا لەهەموو وڵاتان زیاتر نەخۆشـی ئایـدز لەناو منالاَندا بڵاوە .

خۆری ئیسلام واهەڵدێ بەسەر ڕۆمانیادا و جاری واهەیە خیزانێك هەر هـەموویان بەیەکـەوە موسڵمان دەبن ،لەگەڵ ئەوەشدا کە پەڕاوی ئیسلامی بەزمانی ڕۆمانی زۆرکەمە .

یەکێتی گشتی قوتابیە موسڵمانەکانی ڕۆمانیا کەیەکەم دەزگـای ئیسـلامیە دامـەزراوە ، تـوانی مانای قورئان بەزمانی ڕۆمانی بڵاوبکاتەوەو سێ بنکەی ئیسلامی بکاتەوە لەسێ شـاردا و خـەریکی خۆئامادەکردنیشن بۆ بیناکردنی گەورەترین بنکەی ئیسلامی لەڕۆمانیادا . ل 449 المعجزه .

یەکەم مزگەوت لەپایتەختی مەجەڕ

لــە ڕەمــەزانی ســاڵی 1997 دا دروســتکردنی یەکــەم مزگــەوت لـەپایتــەختی مەجــەڕدا (بۆدابست)ڕاگەیەندرا ، کە دەبێتـە بنکەیـەکی ئیسـلامی وسەرچـاوەیەکی گـرنگ بـۆ ڕۆشـنبیری لەئەورووپای ڕۆژهەڵاتـدا ،شـایانی باسـە دوای ڕووخـانی شـیوعیەت نزیکـەی سێ هـەزار کـەس موسڵمانبوون و ئەم ژمارەیەش ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیادیە .
ل 449 المعجزه .

گەڕانەوەی هیواو شادی بۆ موسڵمانانی هیمالایا

لەم بارودۆخە تازەیەی جیهاندا و بەدەرچوونی یاسای تازەی ئازادی ئاینی لە نیپاڵ لەشاخە گەردن کەشەکانی هیمالایا ، ملیۆنێك موسڵمان هیواو شادی و ئازادیان بۆ گەڕایەوە ، ئیتر دەتوانن بەئازادی خواپەرستی خۆیان بکەن و لەمزگەوتەکانیاندا سەربەست بن .

موسڵمانان بەهۆی حوکمی (بوذ)ی یەکانەوە لەوپەڕی ناڕەحەتی و ناخۆشیدا بوون و لەهەموو بوارەکانی ژیان دوور دەخرانەوە ، تەنانەت ڕێیان نەئەدرا کەحیزبێکی سیاسی بۆ خۆیان پێکبهێنن ، لە کاتێکدا کەنیپاڵ دەوڵەتێکی پەرلەمانی یە .

لەم یاسا تازەیەی ئەم دواییەدا ڕێدراوە کە کۆنگرە ببەستن و دەزگاو ڕێکخراوی تایبەتی بۆ خۆیان پێکبهێنن کەئەمەش چاوەڕوانی دوارۆژێکی گەشی لێ دەکرێت .

هەزار مزگەوت لەپاریس

لەئامارێکی 1998 ز دا دەرکەوت کە سەد هەزار فەڕەنسی موسڵمانبوون و نزیکەی حەوت سەد کۆمەڵەی خێرخوازی ئیسلامی یارمەتی موسڵمان و غەیرە موسڵمان دەدەن و توانیویانە ژمارەیەکی زۆر خەڵك ڕزگاربکەن لەدەردی تلیاك و بەدڕەوشتی .

هەروەها لەدەوروبەری پاریس نزیکەی سێ هەزار فەڕەنسی موسڵمانبوون ، لەوانە (کلیمون توراز)ە کە کوڕەزای ئەمینداری پێشووی حیزبی شیوعی فەڕەنسی یە و ناوی خۆی کردووە بە (عبدالرحمان)، وە گۆرانیبێژی فەڕەنسی (دانیا یوسف)ە کەتوانی فیدراڵیەتی ئیسلامی فەڕەنسی دابمەزرێنێ و ڕۆژنامەیەکیش دەردەکات کەهەوڵ دەدات مافی موسڵمانان دەستە بەر بکات ، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەڕێی تەلەفزیۆن و سەتەلایت و مانگە دەست کردەکانەوە نوێژو بانگ و حەج دەچێتە ماڵە فەڕەنسیەکانەوەو بەمەش زیاتر دێن بەرەو ئیسلام .

ئەمڕۆ ئیسلام لەفەڕەنسادا دووەم ئاینەو نزیکەی پێنج ملیۆن موسڵمان هەیە لەو وڵاتەداو ، لەساڵی 1976 دا مزگەوتەکان نزیکەی (140)مزگەوت بوون و لەپاش هەشت ساڵ لە 1984 دا بوو بە (580)مزگەوت و ئێستاش بووە بەنزیکەی هەزار مزگەوت ، ئەمە بێجگە لە (900) هۆڵ کە بۆنوێژ کردن بەکاردێن .

ل465 المعجزە.

ئیسلام دوا بــەرنـامەی خوایە

ئیسلام دوا بەرنامەیەو دەبـێ بـەرەی ئـادەمی تـەنها شـوێنی ئـەو بەرنامەیـە بکـەون و بێجگـە لەئیسلام هیچ شتێکی تر لەکەس قبولْ ناکرێت :

(ومَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِـنَ الْخَاسِـرِينَ) (آل عمـران:85)ئیسـلام گەورەترین نیعمەت و فەڕوبەرەکەتە کەخوا داوێتی بەموسڵمانان و کافرانیش ئەمە باش دەزانن بۆیە لەداخ و حەسەدا دژایەتی دەکەن :

﴿ مَا يَودُّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ ولا الْمُشْرِكِينَ أَنْ يُنَزَّلَ عَلَـيْكُمْ مِـنْ خَيْـرٍ مِـنْ رَبِّكُـمْ واللَّـهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ واللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ﴾ (البقـرة:105) واتـە : کـافرانی خـاوەن پـەڕاوو هاوبەش پەیداکەرانیش حەزناکەن کە خێرتان لەخواوە بۆ دابـەزێت ، هەرچـەند خـوا خـۆی خێـر دەدات بەهەرکەس کەمەیلی لێبێت .

ئنجا حەز نەکردنەکە هەربەوەندەوە ناوەستێت و دەبێتە کێشمەکێش و تەنانەت شەڕکردن بـۆ دوورخستنەوەی موسڵمانان و خەڵکی لە ئیسلام(ودَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَـوْ يَـرُدُّونَكُمْ مِـنْ بَعْـدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّاراً حَسَداً مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُوا واصْفَحُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (البقرة:109) واتە : زۆر لەئـەهلی کیتـاب حەزدەکـەن کەبتانگێڕنـەوە بەرەو کوفر پاش موسڵمان بوونتان ، بەهۆی ئەو حەسادەتەی هەیانە بەرامبەرتان پاش ئـەوەی بـاش لەهەق و ڕاستی تێگەیشتوون و چاك دەزانن کە ئیسلام هەقەو لەخواوەیە ...

دوژمنان هەرگیز لێتان ڕازی نابن تاشوێنیان نەکەون : (ولَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُـودُ ولا النَّصَـارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُو الْهُدَى ولَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْواءَهُمْ بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَـا لَـكَ مِنَ اللَّهِ مِنْ ولِيٍّ ولا نَصِيرٍ) (البقرة:120) واتە : هەرگیز جوولـەکە و گاور لێت ڕازی نابن تـاوەکو دوای میللـەت و دینیـان نەکـەویت ، جائەگـەر دوای هـەواو ئارەزوویـان بکـەویت پـاش ئـەوەی کەئاگادارکرایت و زانیاریت بۆهات ، ئـەوە لـەخواوە دۆسـتایەتی وخۆشەویسـتی و سەرخسـتنت نابێت .

دوژمنان کۆڵ نادەن و دەجەنگن ، بەهـەموو جـۆرێکی جـەنگ ، سـابەڵکو موسـڵمانان لـە دیـن وەرگێڕن : (ولا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا ومَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَـنْ دِينِـهِ فَيَمُتْ وهُو كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا والْآخِرَةِ)(البقرة:217)

واتە: بەردەوام دژتان دەجەنگن هەتا لەدین وەرتانگێڕن ئەگەر بۆیان بکرێت ، جارهەرکەس لەئێوە پاشگەز ببێتەوە لەئاینەکەی و بەکافری بمرێت ، ئائەوجۆرەکەسانە کارەکانیان پووچەڵ دەبێتەوە لەدنیاو لەقیامەتدا وئەوانە (أولئك اصحاب النار هم فيها خالدون)هاوەڵ و هاودەمی دۆزەخن و تیایا بەهەمیشەیی دەمێننەوە .

ئەوئایەتانەی باسمان کرد گەورەترین موعجیزەن ، ئەوەتاکافران کۆڵنادەن و، پاش زیاتر لەچواردە سەدە بەئاشکرا دەیبینین چۆن ناحەزان و نەیارانی ئەم بەرنامەیە شەوو ڕۆژ لەکاردان بۆ دژایەتی موسڵمانان .(ئەگەر خوانەبێت کێ دەزانێت دوژمنایەتی کافران ئاوا بەردەوام دەبێت) ..

ڕاپۆڕتەکەی دکتۆر ولیەم

لەکۆتایی حەفتاکاندا ، کۆمکاری عەرەبی کۆمەڵێ کۆنفرانسی بەست بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ نەهێشتنی تاوان ، لەدانیشتنەکاندا نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکانیش ئامادە دەبوو کە ناوی (دکتور ولیەم کلیفۆرد)بوو ، ناوبراو بەڕێوەبەری زانستی تاوانە لە زانکۆیەکی ئوسترالی ، پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکان کەچەند ساڵێکی خایاند ، (ولیەم)ڕاپۆڕتێکی بیست لاپەڕەیی نارد بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆئەو شوێنانەی کە دژی ئیسلام کاردەکەن .

ناوبراو لە ڕاپۆڕتەکەیدا دەڵێت (لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا پەیوەندیەکی لام سەرلایی هەیە بەئیسلامەوە کە هیچ ترسی نیەو ، ئیسلام تەنها لەسەر ڕەفە دانراوە و کاری پێناکرێت ، بەلام وادەردەکەوێت کەبیرو بۆچوونێك وا لەخەیاڵی هەندێ لەدەسەلاتداراندا ، کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئیسلام و (چارەسەری کێشەکانیان بەئیسلام بکەن).

بەڕاستی وادەردەکەوێت بانگەوازێك هەبێت بەنهێنی بۆ ئاوێتە بوونەوە لەگەڵ ئیسلامدا کە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەین ، ئەگەر هێزی ماددی نەوت و هێزی ئیسلام یەك بکەوێ و موسڵمانان هۆشیار ببنەوە ، ئەوا شارستانیەتی ڕۆژئاوا لەمەترسیدا دەبێت .

بۆیە (دکتۆر ولیەم)پێشنیاری کرد کەئەو ڕابوونە ئیسلامیە ڕێی لێبگیرێت و ئاستەنگ بهێنرێتە ڕێی.

ئەم ڕاپۆڕتە کە لە (1979)دا نێردرا پێشنیاری گرتنی بیرە نەوتەکان دەکات لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە داوای ڕێگرتن دەکات لەگەڕانەوە بۆئیسلام کەئەم پیلانانەش بەردەوام کاری بۆ دەکرێت (بەرنامەی الجديد فى اعجاز القران /د.محمدسعيد رمضان البوطى).

بۆئەمەش ڕێ لەبانگخوازان دەگیرێت و تەنگیان پێهەڵدەچنرێت ، ئەوەتا لەمیسردا عەمر خالیدێك پەیدا بوو ، هەرزوو لەوڵات ئاوارەیان کردو تەنگیان پێهەڵچنی کاتێك بۆیان دەرکەوت لەسەر خەڵکی بەگشتی و چینی لاوان بەتایبەتی کاریگەری هەیە .

عەمر خالید لەپێشەکی پەڕاوی (اصلاح القلوب)دادەڵێت (لەسەرەتاوە لەمزگەوتی (الحصری)دەستمان پێکرد کەجێی دووسەد کەسێك دەبێتەوە ، خوا کردی کەدەنگمان بگاتە هەزارەهاو نزیکەی پانزە هەزار کەس دەهاتن بۆ وتارەکانم ،ڕەنگە بڵێی چۆن جێ دەبۆوە ؟!!

لەدەوروبەری مزگەوتەکە پێشانگای فرۆشتنی سەیارە هەبوو ، هەموو سەیارەکانیان پێنج شەممان دەبردە دەرەوە تاجێی خەڵکی ببێتەوە ، هەروەها خاوەن چێشتخانەکان لافیتەیان هەڵدەواسی کەپێنج شەممان ڕۆژی پشووەو خواردن نافرۆشن تاخەڵکی بتوانن لەناو چێشتخانەکانیشدا دانیشن ، تەنانەت خاوەن ماڵەکان و خاوەن شوقەکان دەرگایان دەخستە سەرپشت بۆهەرکەسێ بچێ دانیشێ و گوێ بگرێ لەبڵندگۆکان کەوتارەکەیان دەگەیاندە گوێی هەزاران .

چەندەها لاوی خواناس ڕاخەریان بەسەرشان دەهێناو دەبردو دایان دەخست ، چەندەها ئافرەت بەڕووی سوورەوە ئەو ناوەیان پاك دەکردەوەو ئامادەیان دەکرد بۆ کاتی وتارەکە ، تەنانەت (یاسمین)ی کچی حوصەری کەلەتەمەندایە ، وەك تەمەن بیست ساڵێك هەڵدەسوڕا، بەچاکی هەستت پێدەکرد کە دوای ئەجرو پاداشت و ڕەحمەتی خوا کەوتووە .

ئەگەر دەپرسیت نهێنی ئەم سەرکەوتنە لەکوێدایە ؟! دەڵێم لە (ئیخلاص)دایە ، ئیخلاصی هەمووئەوانەی بەوکارە هەڵدەستان) .

بەڵێ .. عەمر خالید زیاتر ناوبانگی بلاوبۆوەو لەکەناڵی (اقرأ)ەوە وتارەکانی هەفتانە بلاودەکرانەوە ، فشارێکی زۆر خرایە سەر ئەوکەناڵەش کەڕێی پێ نەدات و وتارەکانی بلاونەکاتەوە .

هەروەها شێخ (الحبیب الجفری)کەخەڵکی یەمەنەو ماوەیەك لەمیسر وتاری داو هەرئەوەندە زانیان خەڵکی سوودی لێدەبینن و بەرەو لای خوا دێنەوە هەربەشەو لەمیسر دەریان کرد !

بەڵام خوا بالادەستەو چی بوێت ئەوە دەبێت (والله من ورائهم محیط)خواوەند چوار دەوری کارەکانیانی گرتووەو نایەڵێ لەسنووری دیاری کراو دەرچن و نایەڵێ مەرام و ئاواتیان بێتەدی ، هەروەها :(والله غالب علی أمرِهِ ولکنَّ أکثر الناس لا یعلمون)(یوسف21)خوای گەورە زاڵە بەسەر کارو فەرمانەکانی خۆیدا و چی بوێت دەیکات،هەرچەند زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستی یە نازانن .

دوژمنان هەمیشە لەخەمی ئەوەدان کەچۆن قورئان لەبەرچاوی موسڵمانان سووك بکەن تا هۆکاری بیرخستنەوەو هۆشیار کردنەوەیان لەدەست دەربێنن .. چونکە هەرکەس بەچاوی ئینسافەوە سەیری قورئان بکات دان ئەنێ بەوەدا کەقورئان موعجیزەیە .

دکتۆر بوطی دەڵێ : ئەگەر پێت بڵێن جوتیارێك کەهەموو ژیانی جوتیاری بێت و لەسنووری دێکەی زیاتر نەچووبێت بەهیچ لایەکدا و هیچ زانست و زانیاریەکی وەرنەگرتبێت ،پەڕاوێکی نووسیوە باس لەزانستی ئەستێرەکان و زانستی پزیشکی و یاسای شەڕو ئاشتی و بواری ئابووری و .. هتد دەکات . چۆن بڕوا دەکەیت بتوانێ شتی وابکات ؟! هۆکەشی ئەوەیە کە بابەتەکان بڕواناکرێت کەسێکی ئاوا دوور لەزانست و زانین پەی پێ بەرێت ...

قورئانی پیرۆزیش ئەگەر سەیری بابەتەکانی بکەیت ، بەهچ جۆرێک لە توانای کەسێکی وەک حەزرەتدا نیە دروودو سەلامی خوای لەسەر بێت . بۆ نموونە :

یەکەم / سەیری ئەم ئایەتە بکە : ﴿يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَولَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ وعْداً عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ ولَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ إِنَّ فِي هَذَا لَبَلاغاً لِقَوْمٍ عَابِدِينَ ومَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ (الانبياء:107)

واتە : ڕۆژێك دێت ئێمە ئاسمان دەپێچینەوە ، وەکو چۆن کتێبی کراوە دادەخرێت و دەپێچرێتەوە ، هەروەك چۆن لەسەرەتاوە دروستمان کرد وەك ئەوسای خۆی لێ دەکەینەوە ، جائەوە پەیمان و بەڵێنی ئێمەیە ، بێگومان ئێمە ئەو کارە ئەنجام دەدەین .

سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە لەکتێبی زەبووردا دوای تەورات بڕیارمان داوە کە : بێگومان بەندە شیاوو چاکەکانم دەبنە خاوەنی زەوی ، بەڕاستی ئالەم باسەدا مژدەو ئاگاداری هەیە بۆ بەندە خواپەرست و چاکەکان ،ئەی (محمد)ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆهەموو جیهان ..

جارێکی تر ئایەتەکە بخوێنەرەوە ، ئاخر کێ دەتوانێ قسەی وابکات :

أ-ئێمە ئاسمانەکان دەپێچینەوە هەروەك پێچانەوەی کتێب .

ب- چۆن دروستمان کردوە لەسەرەتاوە وای لێ دەکەینەوە .

ج- ئەوە پەیمان و بەڵێنی ئێمەیە و ئێمە ئەنجامی دەدەین .

د- سوێند بەخوا ئێمە لە زەبووردا پاش تەورات بڕیارمانداوە کەبەندە چاك و شیاوەکان دەبنە خاوەنی زەوی و بالادەست دەبن .

هـ- ئەمە بەلاغ و ئاگاداری یە بۆ بەندە خواپەرستەکان .

و-ئەی (محمد)ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنیا بۆئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت بۆ هەمووجیهان.

ئەگەر جوان لێی بکۆڵیتەوە ئەمە فەرمایشتێکی هەروا سادەو ئاسان نیە وترابێ وتەواو، نەخێر ، باسی پێچانەوەی ئاسمانەکان تازەترین و تەواوترین بیردۆزی زانستی یە لەبارەی کۆتایی ئاسمانەکان ، چونکە زانایان بەئاشکرا فراوان بوونی بەردەوامی ئاسمانەکانیان دۆزیوەتەوەو دەڵێن ئەم فراوان بوونە بەردەوام دەبێت تائەگاتە حاڵەتێك کەئیتر لەوەزیاتر زیاد ناکات و دەچێتەوە یەك و وەك سەرەتای لێدێتەوە .

هەروەها کێ دەزانێ سەرەتا ئاسمانەکان چۆن بووەو وەکو خۆی لێ دێتەوە پاشان کێ دەتوانێ پەیمانی وا گەورە بدات و بڵێ پەیمانمان دەبەینە سەرو زانستی سەردەمیش دان بنێ بەو ڕاستیەدا !

ئنجا ئەو یاسا گرنگەی کە سەرەنجام بۆچاکانە ، کێ دەتوانێ بێجگە لەخوا دەستی بەو مەسەلەیەوە بێت و دنیا بەجۆرێك بگێرێ کەچاکەکاران و خواناسان بنە (وارث)و جێنشین و دەسەڵاتداری سەرزەوی ...

دووەم/ سەیری ئەم ئایەتە بکە کە دەفەرموێ : ﴿وإنْ تَتَولَوا يَسْتَبْدِلْ قوماً غيرَكُمْ ثمَّ لايكونُوا أمثالَكُمْ﴾ (38محمد) واتە:ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن لەم ئاینە ، خوا کەسانی چاکتر لەئێوە دەهێنێتە مەیدان ، کە وەك ئێوە نابن و زیاتر خزمەت بەم ئاینە دەکەن .

ئەگەر باش سەیری ئەم ئایەتە بکەیت و لێی وردبیتەوە ، ئەمە قسەی مرۆڤێکی چواردە سەدە لەمەوبەر نیە ، کە بوێری شتێکی ئاوا بڵێت ، کێ دەتوانێ ئاوابێ منەت بێت و ، بڵێت فلان کەس، فلان گەل و میللەت ، ئێوە ئەگەر مەشخەڵی ئەم بەرنامەیە هەڵنەگرن ، کەسانی تر دێنم چاکتر لەئێوە مەشخەڵدارو سەرمەشق و پێشەوابن ، ئنجا بەدرێژایی مێژووش ئەمە ڕاست دەرچێت و بڕوانە ڕۆژان و ساڵانی ڕابردوو .

عەرەبی دانیشتووی مەککە نەیانکرد ، خوا لەمەدینەوە خەڵکی هێناو بوونە پەروانەی دەوری چرای ئیمان و خواناسی !

کاتێ عەرەب نەیانتوانی و شایانی ئەو مەشخەڵداری یە نەبوون ، خوا کوردێکی قارەمانی وەك سەلاحەدینی هێنایە مەیدان و قودسی پێ ڕزگار کرد تەنانەت سەلاحەدین خۆی دەیزانی کەخوا هەڵی گرتووە بۆ کارێکی گەورەو مەزن، بۆیە کاتێك لەشەڕی (الرملة)دا شکا ، کاغەزێکی نارد بۆ خەلیفە لەبەغداو تیایا وتی : (لقد أشرفنا على الهلاك غير مرة وما أنجانا إلا الله لأمْرٍ يُرِيدُهُ هو

سُبحانه)واته : بەڕاستی چەندەها جار هەق بوو تیا بچوومایە ، خـوا نەیهێشـت تیـا بچـم بۆکارێـك كەخۆی دەیەوێت و هێشتومێتیەوە بۆ شتێك كەخۆی دەیزانێت ..

ئەوەبوو خوا هێشتیەوە بۆ ڕزگارکردنی قودس و پاش نزیکەی ساڵێك لـەڕزگارکردنی قـودس کۆچی دوایی کرد!

ئاشکراشە کەچەند سەدە ئاڵای ئیسلامەتی چووە دەستی تورکەکانـەوەو خەلافـەتی عوسمانیـان دامەزراند .. ئەوانیش بوونە پیاوە نەخۆشەکەو خوا لـەوانیشی سەندەوە ...

ئێستاش ڕابوونی ئیسلامی سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە ، کەسانی غەیری عەرەب زۆر گەرمن لـەسەر دینداری ، تەنانەت دکتۆر محمد سعید رمضان بوطی کەتەمەنێکی زۆری لـەخزمـەتی ئیسـلام دا بەخت کـردووە دەڵێـت : سـاڵی (2004) لـەئـەمریکاوە بـانگکرام بـۆ کۆنفرانسـێك لـە سـان فرانسیسکۆ لـەئەمریکا ، لـەلایەن موسڵمانە ئەمریکیەکانەوە ، بەڕاسـتی ئەوەنـدە گـورج و گـۆڵ و خەمخۆر و گەرم بوون لـەبانگەوازدا کەلـەدڵی خۆم دا وتم : خۆزگە خوای گەورە یەك لـەسـەردەی هەوڵ و چاکەو کۆششی ئەوانی بۆمن بنووسیایە !

موسڵمانبوونی ئافرەتێکی بەریتانی

دکتۆر بوطی دەڵێت : لـەم ساڵانەدا ئافرەتێکی ئینگلیز موسڵمان بوو هەر زوو هەوڵی دا لـەگەڵ باوکیدا موسڵمانی کرد ،پاشان زۆر خەریك بوو لـەگەڵ دایکیشیدا ، تاگەیشـتە ئـەوەی کـەدایکی نەخۆش کەوت لـە خەستەخانەو لـەگیانەڵادا بوو ، ئـەو ئافرەتـە هـەر کـۆڵی نەئـەداو دەیویسـت قەناعەتی پێبکات و شایەتمان بێنێت .

لـەوکات و ساتەدا کە دایکی پێیەکی لـە دنیادایەو پێیەکی لـەقیامەتدایە لـەوە دەچوو قەناعـەتی کردبێت ، خێرا کچەکە تەلـەفونی کرد بۆ بنکەی ئیسلامی لـە لـەنـدەن کـەخێرا دووکـەس بنێـرن تاشایەت بن لـەسەر شایەتمانی دایکی و موسڵمانبوونی بۆ ئەوەی لە قەبرسانی موسڵمانان دا بنێژرێ ، کەچـی لـەبنکەکـە تـەنها کارمەنـدێکی پاکسـتانی لێبـوو ...هەرچـۆنی بـوو هـات بۆلایـان بـۆ خەستەخانە ، کە دێتە ژوورەوە کچەکە دەبینێ کە لـە ژوورسـەری دایکێتـی و لـەلای ڕاسـتیەوە دەمی لـەگوێی نزیك کردۆتەوەو شایەتمانی فێر دەکات ، کابراش دەچێتە لای چەپیەوە و دەمی نزیك دەکاتەوە لـەگوێی و شایەتمانی پێ دەڵێـت : پـاش تۆزێـك دایکەکـە بەهـەر حاڵێـك دەبێـت چـاو هەڵـدەبڕێ و بەدەنگێکی نزم دەڵێ : سەلامتان لێ بێ مەلائیکەتەکانی خوا ، (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله)، پاشان گیان دەسپێرێ !

بەڕاستی ئەمە بەڵگەیە کەخوا بەردەوام گەلانی تریش هیدایەت دەدات بەرەو ئەم ئاینەو پاشەڕۆژیش هەر بۆئیسلامە .

موسڵمانبوونی هەزاران کەس لەسەردەستی ئافرەتێکی ئەمریکیدا

بانگخوازی ئەمریکی (ئامینە ئەسیلەمی) باسی موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت : لە ڕۆژی 21 ی مایو 1977 دا چووم بۆ زانکۆی (دنفر) لە کۆلۆرادۆ بۆئەوەی کە ماددەکانی فەسڵی خوێندنی تازە دیاری بکەم ، سەرسام بووم کەبینیم لە کۆمپیوتەردا بەهەڵە ناوم لەوانەی (شانۆ)دا دەرچووە ، بەناچاری و نابەدڵی چووم بۆ خوێندنی فەسڵێك لە شانۆ ، ئەوەش کەزیاتر ڕقی هەستانم ئەوەبوو کە لە پۆلەکەدا قوتابیەکی عەرەبی موسڵمانم لەگەڵدا بوو،چونکە بیستبووم موسڵمانان ترسناکن !

لەبەرئەوە زۆر لەو قوتابیە دوورە پەرێز دەبووم و لەولایەشەوە دانەئەنیشتم کەئەوی لێ دادەنیشت .. کەچی ڕۆژ بەڕۆژ هەستم بەڕەوشتی جوان و پاك وتەمیزی دەکردو وێنەکەی لەبەرچاوم دەگۆڕدرا ، پاش چەند مانگێك ئەو قوتابیە قورئانێکی دامێ کە بەزمانی ئینگلیزی ماناکانی لێکدرابۆوە ،کەوتمە خوێندنی قورئانەکەو هەموو ئەو وەڵامانەم دەستکەوت کە بەدوایدا وێڵ بووم .

دواتر لەگەڵ دوو هاوڕێی تری دا هاتن بۆ ماڵمان و لەگەڵ من و مێردەکەمدا دانیشتن و قورئانیان بۆ دەخوێندم و بۆیان تەفسیر دەکردم .. پاشان نزیکەی پەنجا پرسیارێکم لێ کردو زۆر بەجوانی وەڵامی دامەوە ، هەرلەو دانیشتنەدا موسڵمانبووم و ئەویش هەفتانە سەری لێ دەدایەن و باسی ئیسلامی بۆ دەکردین .

بەڕاستی ئەو ژنەی کەموسڵمان دەبێ لەکۆمەڵگای ئەمریکی دا لەوەزیفەکەیدا بەچاوێکی تر سەیری دەکەن و خراپ مامەڵەی دەکەن ، (کەچی لەگەڵ موسڵمانی تردا واناکەن و ڕێز لەڕاو بۆچوونی دەگرن ، بەڵام ئەمریکی یەك موسڵمان بێت بەتایبەت ئافرەت ئەوا مامەڵەیان دەگۆڕێ لەگەڵیا) .

هەروەها ئەگەر مێردی هەبێت و موسڵمان نەبێت ئەوا ناچارە جیابێتەوە لێی چونکە ئەوە ئەمری خوایە کە نابێ ئافرەتی موسڵمان شووبکات بەپیاوی کافر .

ئەمەش کێشەی منداڵی بۆ دروست دەکات چونکە باوکەکە نایەڵێ چاوی بەمناڵەکانی بکەوێ و دژایەتی دەکات ..

پاش ماوەیەك كە زیاتر لـە ئیسلام تێگەیشتم خۆم داپۆشی و داوام لـەمێردەكەم كرد كە ئەگـەر موسڵمان نەبێ جیادەبینەوە ، دیارە ئەویش موسڵمان نەبوو ، واشی دەزانی كـەمن دەمـەوێ شـوو بەیەكێكی تر بكەم كە لـە ڕاستیش دا وانەبوو ، من هیچ كێشەم لـەگەڵیدا نەبوو ، تەنها مەسـەلـەی ئیمان نەبێت ..

من و مێردەكەم بەختەوەربووین و زۆریەكترمان خۆشدەویست و، دوو كوڕیشمان هەبوو، كەوتینە مەحكەمەومەحكەمەكاری ، دادگا نیو سەعاتی دامێ كە یا مێردوو منالـەكانم هەڵبژێرم یان دەستیان لێهەڵگرم و موسڵمانەتی هەڵبژێرم ، ئەمەش بەڕاستی تاقیكردنەوەیەكی زۆر قورس بوو ، خۆم دایە دەست خواوئیسلامم هەڵبژارد، چونكە ئیسلام ژیانمە ،لێدانی دڵمە ، خوێنی ناو دەمارەكانمە ،ئیسلام هێزوتوانامە ،من بەبێ ئیسلام هیچ نیم و بەبێ ئەو ساتێك ناژیم .

هەرچۆنی بوو جیابووینەوەو پێنج ساڵ كوڕە بچوكەكەم نەبینی كەتەمەنی سێ ساڵ بوو ، لـەسایەی خواوە دانم بەخۆمدا گرت و ڕۆژ بەڕۆژ سەكینەی ئیمانیم زیادی كرد، هەستم دەكرد هەرهەنگاوێك بنێم بەرەو لای خوا ،خوای گەورە بەفەزڵ و ڕەحمەت و میهرەبانی خۆی دەئەوەندە دێ بەلای مندا .

تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووم بەهەمووحسابێكی دكتۆرەكان لـەسەر مردن بووم ، خوای گەورە هات بەهانامەوەو شیفای دام .

كەشووشم كردەوە پزیشكەكان دەیانووت منالـم نابێت خوای گەورە منالێكی تریشی پێبەخشیم.

بەڕاستی تەنها ئیسلامە كە هـەقی ئـافرەتی بەتـەواوەتی داوەو هەركـەس بەویژدانـەوە سـەیری ئیسلام بكات هەست بەم ڕاستیە دەكات .

لــە وتارێكـدا لــە زانكۆیـەكی واشـنتۆن كەیـەكێتی قوتابیـانی موسـڵمان ڕێكیـان خسـتبوو ، (ئامینە)باسی ئیسلام و ئازاد كردنی ئافرەتانی كرد و تیشكی خستە سەر هەڵبژاردنی مێردو میرات و یەكسانی و تەڵاق و هێنانی زیاتر لـەیـەك ژن و زۆر بـەجوانی هـەموو لایەنـەكانی ڕوون كـردەوە ، ناوبراو وتی: (ئیسلام یەكەم بزوتنەوەیە كە هەوڵی ڕزگاركردنی ئافرەتانی داوەو داكۆكی كردووە لـەمافەكانی پێش زیاتر لـەهەزار و چوارسەد ساڵ .

هەروەها باسی ئەو هەوڵانەی ڕۆژ ئاوای كـرد لــەبواری ئـازادكردنی ئافرەتـان و وتـی : ئـەو هەوڵانە كە لـەژێر پەردەی ئازادكردن و دەسـتەبەركردنی مافـەكانی ئافرەتـدا دەدرێـن ، ئافرەتیـان ئاسوودە نەكردووە ، بەڵكو بە پێچەوانەوە نەگبەتی و ناڕەحەتی ئافرەتیان زیاد كردووە .

لەبارەی بالاپۆشیشەوە وتی : حیجاب نیشانەی ڕێزو داوێن پاکی و شانازی یە لــە ئیســلامدا و هەرگیز نیشانەی چەوساندنەوەو زۆر لێکردن نیە) ...

لەپاش شانزە ساڵ واتە لە ساڵی 1993 دا مێردی (ئامینە)موسڵمان بوو کە لێیان پرسـی بۆچـی موسڵمان بووی وتی ، چۆن موسڵمان نەبم ، لەکاتێکـدا شـانزە سـاڵە (ئامینـە)دامـەزراوە لەسـەر ئاینەکەی و نموونەی ڕەوشت بەرزی و داوێن پاکیە ...

لەیەکێ لە کۆنفرانسەکانی موسڵمانان دا لە ئەمریکا (ویتنی)کوڕی ئامینە کە تەمـەنی نـۆزدە ساڵ بوو شایەتمانی هێناو موسڵمان بوو ، ئەمەش وای لە ئامادەبوان کرد کە هـەموو بەیـەك دەنـگ بڵێن (الله أکبر)، شایانی باسە (ئامینە)لەسەرتاسەری ئەمریکادا خـەریکی بانگـەوازەو شـەوو ڕۆژی خستۆتە سەریەك وسەرۆکی(یەکێتی جیهانی ئافرەتانی موسڵمان) لقی ئەمریکای باکورە.

لێیان پرسی چەند کەس لەسەردەستا موسڵمان بوون، وتی : بەڕاستی نازانم ژمارەیان چـەندە ، بەڵام تائێستا سێ هەزار نامەم پێگەیشتووە لەوانەوە کەلەسایەی خـواوە بـەهۆی منـەوە موسـڵمان بوون ، ل 579 / المعجزە .شایانی باسە لەساڵی 2011دا لەکاتی گەڕانەوەی لە وتاردان لە شارێکی ئەمریکی ئوتۆمبیلەکەی وەرگەڕاو کۆچی دوایی کرد .

موسوڵمانبوونی قەشەیەکی هۆڵەندی

قەشەیەکی هۆڵەندی موسڵمان بووەو دەڵێت (من سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی بووم لەکانێکی خەڵوزدا کەمەغریبەکان کاریان تیا دەکرد ، ڕۆژێك هەندێکیان بوورا بوونەوەو بران بۆلای پزیشك ، کەهاتنەوە هۆش خۆیان ، ڕازی نـەبوون هـیچ بخـۆن و بخۆنـەوە، لەبەرئـەوەی بـەڕۆژوو بـوون، ئەمەوای لێکردم دیراسەی ئیسلام بکەم ..

پاش چەند ساڵێکیش لەمانگی ڕەمەزاندا چووم بۆ میسـر و عـادەتی خـەڵکی وایـە کەلەسـەر شەقامەکانیش بەربانگ دادەنێن وبەڕاستی زۆر ڕێزیان لێ دەگرتم و بەلای هەرکەسدا دەڕۆیشتم زۆر بەخۆشیەوە بانگی دەکردم بۆ بەربانگ هەرچەند نەشیان دەناسیم ، بەڕاستی ئـەم مامەڵـەو ڕەفتـارە جوانە وای لێکردم کەموسڵمان ببم).

ئاینێک ئاوابێت هەقە ڕێزی لێبگیرێت

یەکێکی تریش کە موسڵمان بووە دەڵێت (کۆچم کرد بۆ خواروی ئەفریقیا و ، ڕەش پێستێك بووە هاوەڵـم ، زۆر توڕەو کەلـەشەق و سەرخۆش بوو ، پاش ئەوەی چەند ساڵێك لێـك دابـڕاین ، بینیمەوە تەواو گۆڕدراوە ، لەسەرخۆ ، نەرم و نیان ، ڕەوشت بەرز، کە لەهۆکاری گۆڕانیم پرسی

زانیم موسڵمان بووە ، بەڕاستی ئەبڵەق بووم کەئەو گۆڕانە مەزنەم بینی لەژیانی دا ، بۆیە وتم : بەڕاستی بیرو ڕایەك ئەوەندە بەهێز بێت بتوانێت ئاوا کەسێك بگۆڕێت ،شایانی ئەوەیە ڕێزی لێبگرێت ،ئەمەش وای لێکردم موسڵمان بم) ل 355 المعجزە. ..

سێ یەم / سەیری ئەم ئایەتە بکە : ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كَانَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ ثُمَّ كَفَرْتُمْ بِهِ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِي شِقَاقٍ سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أولَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ أَلا إِنَّهُمْ فِي مِرْيَةٍ مِنْ لِقَاءِ رَبِّهِمْ أَلا إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُحِيطٌ﴾ (فصلت:54)

واتە: ئەی پێغەمبەر (د.خ)پێیان بڵێ : باشە ، ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن خواوە بێت ، پاشان ئێوەش بڕواتان پێی نەبێت ، دەزانن چ سەرەنجامێکی سامناك چاوەڕێتانە ؟ جائیتر کێ هەیە سەرسەختترو نەگبەتتر لەوەی کەرێگەی جیاو دوور لەڕاستی گرتبێتە بەر.

ئێمە لە ئایندەدا بەڵگەو نیشانەی سەر سوڕهێنەریان نیشان دەدەین لەئاسۆکانی بوونەوەرداو لەخودی خۆشیاندا ، ئەمەش بۆئەوەی چاك بۆیان ڕوون بێت و دڵنیا بن کە ئەو زاتە هەقە ، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نیە کە بێگومان ئاگادارو زانایە بەهەموو شتێك ؟!

لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگەو نیشانەیەدا ئەوانە هەر گومانیان هەیە لەبەیەکگەیشتنەوەو ئامادەبوونی بەردەم پەروەردگاریان ، ئاگاداربەو دڵنیابە کەخوا ئاگادارەو زانایە بەهەموو شتێك و هیچی لێ ون نابێت و هیچ لەدەستی دەرناچێت .

جارێکی تر سەیری ئەو ئایەتە بکەرەوە ، ئەگەر خوا نەبێ کێ زەمانەتی داهاتوو دەکات کە بەردەوام بەڵگەو نیشانەکان دەربکەون ؟.

بەڵگەو نیشانەکان زۆرن

ئەمرۆ لێکۆڵینەوەوە و تاقی کردنەوە لەسەر هەرشتێ دەست بیگاتێ دەکرێت وبەمەش زیاتر موعجیزەی ئیسلام دەردەکەوێت... بۆنموونە :

یەکەم/ لەسالآنی پەنجاکاندا بەریتانیا ئەفسەرێکیان فێری عەرەبی کرد بەحەوتساڵ و ناردیان لەڕێی مەغریبەوە وەك حاجیەك کە بچێتە میسر و پاشان بۆ مەککەی پیرۆز ، ئەمەش بۆئەوەی پارچەیەك لە بەردە ڕەشەکە بکاتەوە تاتاقی کردنەوەی لەسەر بکەن ، بەهەرحاڵ کابرا کە ناوی (ریچارد)ە ، فرسەت دێنێ و پارچەیەك لەبەردە ڕەشەکە دەکاتەوە لەکاتێکی چۆڵداو دەیباتە سەفارەتی بەریتانیا و ئەوشەوە لە خۆشیدا ئاهەنگ دەگێڕن ، پاشان بەخێرایی دەگەڕێتەوە بەریتانیا و لەمەتحەفی بەریتانی فەحسی بەردەکە دەکرێ لەلایەن پڕۆفیسۆر (ڕید) ەوە .

سەرەنجام ڕایدەگەیەنن کە ئەو بەردە بەردی سەر ئەم زەوی یە نیە ، کەئەم ئەنجامە بـە ریچـارد دەڵێن یەکسەر دەبوریێتەوە ! پاشان ناوبراو ئەمەی لە پەڕاویێکدا بەناوی (گەشتێك بۆمەککە)لەدوو بەرگدا تۆمار دەکات و موسڵمان دەبێت.

کەبەڕاستی ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە و بەڵگەو نیشانەیەکی دیارو ئاشکرایە .

دووەم/ (دکتۆر عبدالباسط محمد السید) کە زانایەکی میسری پسپۆڕە لەبواری پزیشـکی و (طـب النبوی)دا لەبەرنامەی (ساعة حوار)ی کەناڵی (المجد)دا لەم شەوانەی مانگی یەکی ساڵی (2005)دا ڕایگەیاند کە (دکتۆر کارنەر) لەمەتحەفی بەریتانی پارچەیەکی بچوکی بەردە ڕەشەکەی وەرگرتووەو تاقیکردنەوەی لەسەر کردووە و پاشان ڕایگەیاندووە کە ئـەم بـەردە وەك (أشـباه الموصـلات) یـك وێنەی نیە لە سەر زەوی و لە (کۆمەڵەی خۆریش)دا چونکە دەتوانرێ دوو ملیۆن خەتی تەلەفۆنی لێ ببەسترێ ...

سێ یەم /ئاشکرایە کە لە فەرموودەدا باس لەئاوی زەمزەم کراوە کەئاوێکە خـوا بەتایبـەت هـەڵی قوڵاندووە بۆ ڕزگارکردنی هاجەرە خاتوون و ئیسـماعیلی کـوڕی و ئـەم ئـاوە بـۆ هەرمەبەسـتێك بخورێتەوە بەسوودە .

لێکۆڵینەوەی زۆریش لەسەر ئاوی زەمزەم کراوە ، یەکێ لەو لێکۆڵینەوانە ئـەوەبوو کـە (د. عبدالباسط)لەهەمان بەرنامەدا باسی کرد کە نزیکـەی سـەد ئـافرەتی دووگیـان کـە ئـاوی دەوری کۆرپەلەی سکیان کەم بوو ، خستیاننە بەر لێکۆڵینەوە بەوەی کە بۆماوەیەك ئاوی زەمزەمیان دانێ ، سەرەنجام بۆیان دەرکـەوت کەئـەو ئـاوەی دەوری کۆرپەلـەیان دروسـت بۆتـەوەو بۆیـان بۆتـە (شیفا)... ئەمەش سێ ساڵ دووبارە کرایەوە لەگەڵ ئافرەتانی دووگیانی تردا و هـەمان سـەرەنجامی دا بەدەستەوە ، کەئەمەش ڕاستی فەرموودەکانی سەلماند .

چوارەم / (ڕۆبەرت کانزی)زانایـەکی پسـپۆڕە و دەڵێـت : هەرکەسـێك بهێنـی بـەئامێری تایبـەت فەحسی بکەی دەبینی ڕووناکیەك بەدەوری لەشیا هەیە کەپێی دەوترێت (الجسـم الاثـیری)، جائـەو ڕووناکیە لەکاتی تاواندا ڕەنگێکەو لەکاتی خوا پەرستیدا ڕەنگێکی ترەو لەکاتی نەخۆشیدا لاوازەو لەکاتی ساغیدا بەهێزە .

ڕۆبەرت کانزی تاقیکردنەوەی کرد لەسەر زۆرکەس لەئەوروپا بۆی دەرکەوت ڕەنگەکان وەك پێویست نین و شێواویەکی تیایە ، کەچی موسڵمانێکی فەحس کرد بینـی ڕەنگـەکان هاوسـەنگی و

ڕێکوپێکی تیایە ، تەنانەت لەکاتی دەستنوێژدا زۆر زیاتر بەرەو سپێتی دەچیٚ و زیاتر هێمنی و دڵنیایی و پاکێتی لەکەسەکە و ڕەنگەکەی دا دەردەکەویٚ .

پاشان دکتۆر ڕۆبەرت لەسەر سی و حەوت کەس تاقیکردنەوەی کرد لەمەککە پێش ئەوەی عومرە بکەن ، بۆی دەرکەوت ، هەندێکیان ڕەنگی ڕووناکیەکەی دەوری لەشیان قاوەیی تۆخەو هەندێکی تریان ڕەش و هەریەکەی بەجۆرێك ... پاش عومرە کردن فەحسی کردنەوە ڕەنگی ڕووناکیەکەی دەوری لەشیان هەموو بوو بەسپی ...کەبەمەش سەلماندی تاکویٚ عومرە ڕۆڵی خۆی هەیە لەپاك بوونەوەی ماددی و مەعنەوی دا !

پێنجەم / ئەگەر سەیری فەرموودەکانی حەزرەتیش بکەین دروودی خوای لەسەر بێت ئەوا بەئاشکرا پێغەمبەریٚتی حەزرەتمان بۆ دەردەکەوێت ...

لەسەردەمی حەزرەت **(د.خ)**، فارسەکان دەسەلاٚتداربوون وهەموو حسابێکیان بۆ دەکرا ، تەنانەت کە (بنی الشیبان) هاتنە لای حەزرەت و بانگی کردن بۆ ئیسلام و سەرخستنی ئەم پەیامە وتیان : ئێمە ناتوانین شەڕ لەگەڵ فارس دا بکەین ، چونکە هاوپەیمانین لەگەڵیاندا . حەزرەتیش **(د.خ)**کەبینی شەرت وشروتیان هەیە لەموسڵمان بووندا ، فەرمووی ئێوە هەقی خۆتانە ، بەلاٚم ئەم ئاینە کەسێك ناتوانیٚ سەر یبخات و پێی هەستیٚ مەگەر گشتگیر بیٚ و بەهەموو فەرمانەکانی هەستێت ، (واتە : ناکریٚ بەرامبەر هەندیٚ بجەنگیت و بەرامبەر هەندێکیش نەجەنگی)...

ئنجا حەزرەت فەرمووی (ئەگەر ماوەیەك چاوەڕیٚ بکەن دەبینن کەخوا موڵك و ماڵ و خاکیان دەدا بە ئێمە)!!(ئەگەر ئەوزاتە پێغەمبەر نەبێت ، ئەم قسەیەی لەکویٚ هێنا ؟! کیسرایەك کە هەرچی بچوایە بۆلای لە دووری (15)مەترە وە لەخزمەتیا دەوەستاو پەرۆی سپی دەبەست بەدەمیەوە نەوەکو هەناسەی لە دووریشەوە کار لەکیسرا بکات ،کیٚ لەوبڕوایەدا بوو لەسەردەستی موسڵماناندا شکت بخوا ! ئەوەتا (بنی الشیبان)هەرجورئەتیان بە خۆیان نەدا کە لە گەڵیاندا ڕووبەڕوو ببنەوە !

هەرواش دەرچوو کەحەزرەت **(د.خ)**فەرمووی و زۆری نەخایاند (مثنی کوری حارثە ی شەیبانی)بوو بەسەر لەشکری موسوڵمانان و ، خواش فەتحەکەی لەسەردەستی ئەوا کرد ،ئەوەی کەجاران خۆی و هۆزەکەی لیٚ ی دەترسان و زاتی ئەوەیان نەدەکرد خۆیان بدەن لەقەرەی ئەمڕۆ لایان ئاسان بوو ، بەفەزڵی خوا سەرکەوتن بۆ بەرنامەکەی خوا بوو ! .

سەرچاوەکان:

1-الاسلام المعجزة المتجددة في عصرنا /ابى عبدالرحمان صالحبن حليس الشافعي
2-بەرنامەی ساعه حوار /کەناڵی المجد
3-بەرنامەی الجديد في اعجاز القران/د .محمد سعيد رمضان البوطي
4- ديوانی مەحوی / مامۆستا مەلا عبدالكريم المدرس
5-ڕۆژنامەی یەکگرتوو

ناوەرۆك

ژیـانـەوە

بەرگی حەوتەم

پێشەكی

سـوپاس و سـتایش بـۆ خـوای پـەروەردگارەو درروودو سـەلامیش لەسـەرگیانی پـاكی حەزرەت(د.خ)و یارو یاوەران و شوێن كەوتوانی .

حاڵی موسڵمانان لەم سەردەمەدا سەیرەو ژیانێكی نائاسایی و نامۆ دەژین كە هەرگیز وانەژیاون لەسەدەكانی ڕابردوودا .

موسڵمانان زۆریـان لـەئیسـلام دووركەوتوونەتـەوە، هەریەكـە و بەڕێژەیـەك، هەنـدێكیان هەرلەئیسلام چوونەتە دەرەوەو هەندێكی تریشیان لە ئیزدیواجیەتێكی سەیرو سەمەرەدا دەژین ، ئیزدیواجیەت لەفیكرو لەهەڵسوكەوتدا ،لـەبڕوا و لـە كـردەوەدا ، كـە بەڕاسـتی ئـەم ئایەتـە دەیانگرێتەوە كە گلەیی دەكات بەئاشكرا ودەفەرموێت :﴿ یا أیها الـذین أمنـوا لم تقولـون مـالا تفعلـون ، كَبُرَ مقتاً عند الله أن تقولوا مالا تفعلون﴾(الصف).واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێنـاوە بـۆ شـتێك دەڵـێن كەخۆتان نایكەن و قسەوكردارتان یەك نیە ، خەشم و ڕقێكی گەورەیـە لای خـوا ئـەوەی كـە دەیڵێن و نایكەن .

ئالـەمەوەحاڵـەتێكی ناساغی و نەخۆشی لەناو نەوەی نوێی موسڵماناندا سـەری هەڵـداوە ، كەبەناو موسڵمانن و بەتـەواویش پابەنـدی ئیسـلام نـین، ئەمـەش ڕێ لـەوە نـاگرێ كـەبڵێین موسڵمانی چاك لێرەو لەوێ هەیەو ڕابوونێكی ئیسلامیش سەری هەڵداوەو بەڕێوەیە.

دوژمنانیش سەركەوتووبوون لەوەدا كە ئیسـلام دابـبڕن لـەواقیعی ژیـانی موسـڵمانان و كەسانێك پەیدابوون كەبڵێن :ئیسلام كەلەپورێكە و بەكەڵكی ژیانی سەردەم نایەت و، ڕۆژئاوا بەوەپێش كەوتوون كە وازیان لە ئاین هێناوەو زۆری تر لـەم قسـانە كـە ئەگـەر وردبكرێنـەوە خۆیان ناگرن لەبەر ڕاستیەكاندا.

بەپیلانی دوژمنان خەلافەتی ئیسلامی ڕووخا و ئنجا هەر لەم سـەدەیەدا چـەند جـەنگێكی گەورەش بەرپابوو كە سەرەنجام ئینگلیز و فەڕەنسا و ئیسپانیا و هۆڵەنداو ڕوسـیا و زۆر وڵاتـی تر خاكی ئیسلامیان پارچـە پارچـە كـردو خـاكی فەلەستینیشـیان دا بەجوولەكـە ، كـە بـووە بەخۆرەو بەربۆتە خوێن و گۆشت و لاشەی موسڵمانان .

موسڵمانانیش لەتاو گیانی خۆیان و بەرێنمایی دوژمنان پەنایان بردە بەر بیری نەتەوایەتی و عەرەبچێتی و توركچێتی ولاسایی كردنەوەی ڕۆژئاوا بە هیوای ئەوەی بەرەو پێش بچن كە دیارە

ئەوانەش هەمووی خەوو خەیاڵێك بوون و،پاش چەندەها ساڵ ڕەنج و ماندوو بوون مایە پووچ دەرچوون .

ئەم مایەپووچیەش وای کرد کە زۆر لەموسڵمانان بیٚ هیوا بن و بڵێن ئاخر زەمانە و کار لە کارترازاوەو کەس هیچی پێناکرێت ، لەکاتێکدا کە قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (ص) بە دەیان مژدەیان تیایە و بەئاشکرا بەموسڵمانان دەڵێن کە بە هەوڵ و کۆشش و گەڕانەوە بۆ ئیسلام سەرفرازو سەربەرزی دنیا و قیامەت دەبن .

لەم سەدەیەدا چەندەها پەڕاو بلاْوکرانەوە بۆ چارەسەری ئەو بیٚ هیوایی و ڕەش بینیەو ، مژدەیان ئەدا بە موسڵمانان کەپاشە ڕۆژێکی گەش چاوەڕێیانە و پاشەڕۆژ بۆ ئیسلامە ، وەك پەڕاوی (المستقبل لهذا الدين)ی مامۆستای شەهید (سەید قطب) و ،(المبشّرات بانتصار الاسلام) ی دکتۆر یوسف القرضاوی و، (وعودالاسلام) ی بیریاری فەڕەنسی موسڵمان ڕۆجیەگارودی و،(الاسلام کبديل)ی بیریاری ئەڵمانی موسڵمان دکتۆر موراد هوفمان و زۆری تریش .

بەڵیٚ .. قورئان و فەرمووده زۆر پەیمان و مژدەی تیایە بەداهاتوویەکی گەش بۆ ئیسلام ، ئەو وادەو پەیمانانەش زۆریان هاتوونەتە دی و ئەوانەی ماویشن بیٚ گومان دێنە دی ..

خوا پەیمانی خۆی دەباتەسەر

ئەمە ڕاستیەکەو قورئان زۆر جەختی دەکاتە سەر ، تابەتەواوی لەدڵ و بیروهۆشی موسڵماناندا جێگیر ببێت و لەواقیعی ژیانی ڕۆژانەشیاندا ڕەنگ بداتەوە ،بۆ نموونە دەفەرموێت :

1)﴿ ولا يزالُ الذين كفروا تُصيبُهُم بما صَنَعُوا قارِعة أو تَحُلُّ قريباً من دارهِمْ حتّى يأتيَ وعْدُ الله ، إنّ الله لا يُخْلِفُ الميعاد﴾(الرعد: 31).. واتە : بەردەوام ئەوانەی کە بێباوەڕن بەلاْی سەخت و ناخۆشیان تووش دەبێت بەهۆی ئەو کارو پیشەیەوە کە ئەنجامیان داوە ، یاخود ئەوبەلاْ سەختانە لە نزیك ماڵەکانیانەوە دادەبەزێت و سەرهەڵدەدات هەتا بەڵێنی خوا دێتە دی ، بەڕاستی خوا پەیمانی ناشکێنێت و دەیهێنێتە دی .

بەڵیٚ .. کافران چی دەکەن بابیکەن ، وەعدو پەیمانی خوایە ، سەرەنجام بۆ چاکەکارانەو تیاچوونیش بۆ خراپەکارانە ..بەڕاستی وەعدو پەیمانی خوا دێتەدی ئەمڕۆ بێت یان سبەی ، لە دنیادا بێت یان لە ئاخیرەت .. خۆ ئەوەتە لە دنیادا وازی لیٚ نەهێناون بەردەوام بەلاْو موسیبەت بۆ خۆیان و دەوروبەریان دەنێرێت سابەڵکو وریابنەوەو بگەڕێنەوە ..

2)﴿ ويستعجلونك بالعذاب ولن يُخلِفَ اللهُ وعْدَهُ ، وإنّ يوماً عند ربِّكَ كألف سنةٍ مما تَعُدُّون ، وكأين من قريةٍ أملَيْتُ لها وهي ظالِمة ثُمَّ أَخَذْتُها وإلَّي المصير﴾(الحج:48). واته : خوانەناسان پەلـەت لیّدەکەن کە ئەو سزایە زوو بەخەیان پیّ بگریّت،بیّگومان هەرگیزخوا لـە بەڵیّنی خۆی لانادات و لـەسەر داخوازی نەفامان پیّش ودوای ناخات ، بەڕاستی ڕۆژیّك لـەلای خوای پەروەردگارت وەکو هەزار ساڵ وایە لـەوەی کە دەیژمیّرن،واتە :مرۆڤ بەحسابی خۆی ئەگەر پەلـەبکات ، ئەوە لـەتەمەنی کورتی چەند ساڵـەی خۆیەوە سەیر دەکات ، بۆیە ئارام ناگریّ و سەری دنیای لیّ دیّتەوە یەك ، بەڵام خوا (حلیم) ەو بەئارامەو خاوەنی (أزل و أبد)ە وهەربووەو هەردەبیّ ، هەزار ساڵی مرۆڤ لای خوا وەك ڕۆژیّك و بگرە کەمتریشە ،خۆی دەزانیّ چی دەکات ، هەرچیش بکات بەحسابەو حیکمەتی زۆری تیایە ، جا بابزانن ، کەچەندەها شارو شارۆچکە هەبوون کە من مۆڵـەتم داون لـەکاتیّکدا کە دانیشتوانیشی ستەمکاربوون ، دوای ماوەیەك ، بەوئەجەلـەی کە بۆم دانابوون لـەناوم بردن ، سەرەنجام و گەڕانەوەش هەربۆلای منە .

باشە کافرانی مەککە، پاش سیانزە ساڵی پیّغەمبەرایەتی ،خوا لـە شەڕی بەدردا سزای بۆ نەناردن وحەفتا گەورەو دەسەلاّتداریان کە لـە هیچ سڵیان نەدەکردەوە نەبوون بەپەندی زەمانەو گیانی خراپەکاریان بەدۆزەخ شادنەکرا ؟

کاتیّ تانەو تەشەریان لـەپیّغەمبەر (د.خ)دەدا کە کوڕی نیە ودوا بڕاوە ، خوا نەیفەرمووئەوان دوابڕاون ؟﴿ إنا أعطيناك الكوثر ، فصل لربك وانحر ، إن شانئك هو الابتر ﴾ باشە کافران بەچ دەردیّك چوون لـە دنیادا زۆربەی ئەو کوڕانەش کە هەیانبوو شانازییان پیّوە دەکردن ، نەبوونە موسڵـمان ، کەئەوەش هەر دوابڕاوی یە بۆ باوکەکانیان چونکە لـەڕیّبازی ئەوان وازیان هیّناو بوونە شویّنکەوتەو شاگردی محمد(د.خ)،کە ئاشکراشە بەوموسڵـمانبوونەیان هاوسەرەکانی حەزرەت(د.خ) بوونە دایکیان و حەزرەتیش بۆخۆی بووە باوکی مەعنەویان، نەك هەرباوك بەڵکو لـەباوکیش زیاتر ،هەروەك ئایەتەکە دەفەرمویّت بووە پیّشترو خۆشەویستر لـە نەفسی خۆشیان (النبي أولى بالمؤمنين من انفسهم وأزواجه أمهاتهم) ، دەی کیّ دوابڕاوە ؟ کیّ ناوی زیاتر لـەهەزار و چوارسەد ساڵـە ماوەو ئیّستاش لـەڕۆژئاواو ڕۆژهەلاّت بەملیۆنەها کەس ناوی (محمد)و (ئەحمەد) لـە منالاّنیان دەنیّن و شانازیش بەو ناوەوە دەکەن ؟!

3)﴿ الم ، غُلِبَتِ الرومِ في أدنى الارض ، وهم مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سيغلِبون في بضع سنِن ، لله الأمر من قبل ومن بعد ،ويومئذ يَفْرَحُ المؤمنون بنصرالله ينصُرُ مَن يشاء ، وهوالعزيزالرحيم ، وعدَ الله لا يُخلِفُ اللهُ وعْدَهُ ولكن أكثر الناس لا يعلمون ﴾ الروم: 4-6

واتە:ئەلیف لام میم ، ڕۆمەکان تێکشکێنران بەدەستی فارسەکان ، لەنزیکترین و نزمترین وڵاتیاندا ، بەڵام لە ئایندەدا نۆرەیان دێتەوە ، ڕۆمەکان دوای شکستیان سەردەکەونەوە ، لەچەند ساڵێکدا (3 تا 9)ساڵ ، هەموو کاروفرمانێك تەنها بە دەست خوایە ،لەوەوپێش و لەوەو دوایش لەهەمووکات وشوێنێکدا ، جائەو ڕۆژە موسڵمانان دڵخۆش دەبن بە سەرکەوتنی خوا (کە موسڵمانان سەرکەوتن لەشەڕی بەدردا لەهەمان ئەو کاتەدا کە ڕۆمەکان سەرکەوتن بەسەر فارسەکاندا) ، هەرکەسێك یان هەر دەستەیەك ئەو زاتە بیەوێت ، سەری دەخات ، هەر ئەو خوایەش خاوەنی دەسەڵاتی بێ سنوورەو زۆریش میهرەبانە ، بێگومان ئەوە بەڵێنی خوایە ، خوا لە بەڵێنی خۆی لانادات ، هەرچەند زۆربەی خەڵکی عەقڵی لەچاویایەتی و لەهاتنەدی وەعدی خوا تێناگات .. ئەوانە تەنها ڕوو کەشێکی کەم لەژیانی دنیا دەزانن ولەئاخیرەت بێ خەبەرو بێئاگان:﴿ يعلمون ظاهراً من الحياة الدنيا وهم عن الآخرة هم غافِلون﴾...

جابۆئەوەی لەو ڕاستی یە و لەئەجەلی خوا تێ بگەن ئەوە بیربکەنەوە :

﴿ أولَمْ يتفكروا في أنفسهم ، ماخلق الله السماوات والأرض وما بينهما إلاّ بالحقِ وأجلٍ مُسمَّى ، وإنّ كثيراً من الناس بلقاء ربهم لكافِرون﴾(الروم : 8)واتە :ئەوە بیرێکیان لەنەفسی خۆیان نەکردۆتەوە ، کەخوا ئاسمانەکان و زەوی و چی لەنێوانیاندایە دروستی نەکردووە بەهەق نەبێت و، هەرهەموشیان ئەجەلی بۆ دیاری کردوون ، بەڕاستی زۆر لەخەڵکی بێباوەڕن بە قیامەت و گەیشتنەوە بەپەروەردگار .

4) ﴿أفمن حقَّ عليه كلمةُ العذاب أفأنت تُنقذُ مَنْ في النّار ، لكِن الذين اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَف مِن فوقِها غُرَف مَبْنِية تجري من تَحْتِها الانْهارُ وعْدَ الله لايُخلِفُ الله الميعاد﴾(الزمر:20)واتە: ئایا ئەوکەسەی کە بەهۆی خراپی وخوانەناسیەوە بڕیاری سزادانی درابێت ، ئایا تۆ دەتوانیت لەناو دۆزەخ ڕزگاری بکەی ؟! بەڵام ئەوانەی کە لە پەروەردگاریان دەترسان و دیندار بوون کۆشك و تەلاری چەند نهۆم کە ژوورەکانی لەسەریەکن بۆیان ئامادەیە ، چەندەها ڕووبار بەژێرو بە بەردەم ئەو کۆشکانەداجاریە،ئەوەش بەڵێنی خوایە ، بێگومان خواش بەڵێنی خۆی دەباتەسەر .

5) ﴿ربَّنا إنّك جامِعُ الناسِ لَيْومِ لا ريبَ فيه ، إنّ اللهَ لاَ يُخلِفُ الميعاد ﴾(أل عمران9) واته :پەروەردگارا بەڕاستی تۆ کۆکەرەوەی هەموو خەڵکیت لە ڕۆژێکدا کەهیچ گومانی تیانیە ، بێگومان خوا بەڵێنی خۆی دەباتە سەر .

کێ لەخوا ڕاستگۆترە ؟

خوای پەروەردگار هەموو فەرمایشتێکی ڕاست و دروستە و پەیمانی خۆی دەباتە سەر، (وعد الصدق) وەعدو پەیمانی ئەوەو لەقورئاندا جەخت دەکاتە سەری و دەفەرموێت :

1-﴿الله لاإله إلاهو لَيَجْمَعَنَّكُم إلى يومِ القيامةِ لاريبَ فيه،ومَنْ أصْدَقُ مِن اللهِ حديثاً﴾ (النساء:87) واتە: (الله)خوایەکە بێجگە لەو هیچ خوایەکی تر نیە ، سوێند بەخوا لە ڕۆژی قیامەتدا کۆتاندەکاتەوە کەهیچ گومانێکی تێدانیە،جاکێ هەیە قسەی لەخوا ڕاستر بێت ؟.

2-﴿والذين أمنوا وعَمِلوا الصالِحاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جنّاتٍ تجري مِن تحتِها الانهارُ خالدين فيها أبداً ، وعْدَ الله حقّاً ومَنْ أصْدَقُ مِن اللهِ قيلا ﴾ (النساء:122).. واتە :ئەوانەش باوەڕیان هێناوەو کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە،ئەوە لەمەودوا دەیانخەینە ناو باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەخت و بەبەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات و ژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنەسەر ، ئەوە بەڵێنێکی نەگۆڕاوی خوایی یە ، جاکێ هەیە لەخوا ڕاستر و دروستر بەڵێنی خۆی بباتە سەر ؟!

3- ﴿وقالوا الحمد للهِ الذي صَدَقَنا وعْدَهُ وأَوْرَثَنا الارضَ نَتَبَوأُ مِنَ الجَنَّة حيثُ نشاء فنعم اجرُ العاملين﴾(الزمر:74)واتە: کاتێ پارێزکاران دەچنە بەهەشتەوە دەڵێن : سوپاس وستایش بۆ ئەو خوایەی کە بەڵێنی خۆی بۆمان بردەسەر و کردینی بە خاوەنی خاکی بە هەشت و لە هەرشوێنێك ولەهەرجێیەکدا بمانەوێت سەربەستانە ژیان دەبەینە سەر ، ئای چەند پاداشتی تێکۆشەران و خەباتکاران گەورەو چاك و بەنرخە.

4- ﴿وما أرسلنا قبلك إلاّ رجالاً نوحي إليهم ، فَسْئَلوا أهْلَ الذِكْرَ إن كنتم لا تعلمون ، وما جَعَلْناهُمْ جَسَداً لا يأكلون الطعامَ وماكانوا خالِدين ، ثُمَّ صَدَقناهُمُ الوعْدَ فأنجيناهُمْ ومَنْ نشاء وأهلكنا المُسْرِفين﴾(الأنبياء: 7-9) . واتە: ئێمە پێش تۆ کەسانی ترمان ڕەوانە نەکردووە ، جگە لەپیاوانێك کە هەڵمانبژاردون و وەحی و نیگایان بۆ ڕەوانەدەکەین ، دەبپرسن لە خاوەنی کتێبەکانی پێشوو ئەگەر ئێوە ئەم ڕاستیانە نازانن،ئێمە وەنەبێت ئەوپێغەمبەرانەمان لەپەیکەرو لاشەیەك دروستکردبێت کەخواردن نەخۆن و ژیانی هەمیشەیشمان پێ نەبەخشیوون، لەوەودوا بەڵێنی خۆمانمان بۆ

بردوونەتەسەر ،جارِزگارمان کردوون لەگەڵ ئەوانەداکەدەمانەوێت و باوەڕیان هێناوە ، سەرکەش و لەسنوور دەرچووەکانیشمان لەناو بردووە .

بەڵێنەکانی خوا هەقن

ئەم بوونەرە هەمووی ئەوەی زانراوەو ئەوەی نەزانراوە هی خوان ،بۆیە خوای گەورە چی بویێت لەم بوونەوەرەدا دەیکات و هیچ شتێك نیەرِێگربێت، هەر بەڵێنێکی بوێت دەیباتە سەر ، قورئان دەفەرموێت :

1-﴿ ألا إنَّ للّهِ مافِي السماوات والارض ،ألا إنَّ وعْدَ اللهِ حَقٌ ولكنَّ أَكْثَـرَهُمْ لا يعلمـون ﴾ (يونس : 55) واتە : خەڵکینە ئاگاداربن و بیرتان نەچێت کە بەڕاستی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر هەمووی بۆ خوایە ، ئاگاداربن کەبەڵێنی خوا ڕاست و دروستە ، هەرچەند زۆربەی خەڵکی لەم ڕاستیە بێئاگان و نایزانن .

2-﴿ وأوحينا إلى أُمِ موسى أن أرضِعِيِهِ ، فإذا خِفْتِ عليه فَأَلْقيةِ في اليَمّ ولا تخافى ولا تَحْزَني إنّا رادُّوهُ إليكِ وجاعِلُوهُ مِن المُرْسَلين ﴾(القصص7)

واتە: ئێمە وەحیمان نارد بۆ دایکی موسا کە شیری بداتیٚ ، وەپێمان وت : ئەگەر ترسایت لەوەی کەپێی بزانرێت فرِێی بدەرە ئاوی ڕووبای نیلەوە ، نەبترسە لەوەی تووشی بەلاّ ببێت ، نەخەفەتیشی بۆ بخۆ ، چونکە ئێمە بەڕاستی دەیگێڕینەوە بۆلات و لە ئایندەشدا دەیکەین بەیەکێك لەپێغەمبەرە پەیامدارەکان

﴿ فالَتَقَطَهُ آلُ فِرعون ليكوُنَ لَهُمْ عَدُوّاً وحَزَناً ، إنّ فِرعَونَ وهامانَ وجنودَهُما كانوا خاطئين﴾ئەوسا ئیتر داروودەستەی فیرعەون هەڵیان گرتەوە ، تاسەرەنجام ببێتە دوژمن و خەفەت بۆیان ، بەڕاستی فیرعەون و هامان و سەربازەکانیان گوناهکارو تاوانبارو هەڵەبوون . ﴿وقالتِ امرأَتُ فِرعَوْنَ قُرَّتُ عينٍ لي ولَكَ لا تَقْتُلُوهُ عسى أنْ يَنْفَعَنا أو نَتَّخِذَهُ ولَداً وهُمْ لا يَشْعُرُون ﴾ کاتێك فیرعەون موسای ساوای بینی فەرمانی کوشتنی دەرکرد،خێزانەکەی نەیهێشت وتی: هیوادارم ببێتەمایەی خۆشحاڵی و چاورِوونی بۆ منیش و بۆتۆش ، مەیکوژن ، بەڵکو لەئایندەدا سوودمان پێبگەیەنێت،یان دەیکەینە کوڕی خۆمان ، ئەوان لەم تەگبیرو ڕایەدا بوون بەبیٚ ئەوەی هەست بکەن و بزانن لەسەردەستی ئەو منالەدایە کۆتایی فیرعەون .

﴿وأصبحَ فؤادُ أُمّ موسى فارِغاً ، إنْ كادَتْ لَتُبْدي بِهِ لولا أنْ رَبَطْنا على قَلْبِها لِتَكونَ مِن المؤمنين،وقالت لإخْتِهِ قُصِّيهِ فَبَصُرَتْ بِهِ عَنْ جُنُبٍ وهم لا يَشعُرون﴾ ئەوسا دایکی موسا هەستی

بەبێتاقەتی و بەبۆشایی یەکی زۆر کرد لـە دڵ و دەروونیدا، بەڕاستی خەریك بوو ڕازەکە بدرکێنێ و کارەکە تێك بدات ، ئەگەر ئێمە دڵمان دامەزراو نەکردایە تالـەو کەسانە بێت کە بڕوایان بە بەڵێنی خوا هەیە ، پاشان بەخوشکەکەی موسای وت : بڕۆ بەشوێنیدا، دوای تاوێك لـە کەنارێکەوە موسای بەباوەشی ئافرەتێکەوە بینی ، ئەوان نەیانزانی کە خوشکەکەی چاودێری دەکات لـە دوورەوە .

﴿وحَرَّمْنا عليه المَراضِعَ مِنْ قَبْلُ فقالت هل أَدُلُّكُمْ على أهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُ لكم وهُمْ لَهُ ناصِحون﴾ئێمە پێشتر هەرچی ئافرەتی شیردەرە لـەومان حەرام کرد ، خوشکەکەی بەمەی زانی ، هاتە پێشەوەو وتی :ئایا ناونیشانی ماڵێکتان پێ بڵێم کە ئەو منالـەتان بۆ بەخێو بکەن ، دڵسۆزو میهرەبانیش بن بۆی .

﴿فَرَدَدْناهُ إلى أُمِهِ كي تَقَرَّ عَيْنُها ولا تَحْزَنَ و لِتَعْلَمَ أنَّ وعْدَ اللهِ حقٌّ ولكِنَّ أَكْثَرَ هُمْ لا يَعْلَمُون﴾(القصص:13)بەو شێوەیە گێڕامانەوە بۆلای دایکی تا دڵنیاو دڵئارام بێت و چاوی بەبینینی ئاسوودە بێت و ئیتر خەفەت نەخوات و لای ڕوون بێت کە بەڵێنی خوا هەق و ڕاستە ، بەلام زۆربەی ئەو خەڵکە نازانن و هەستی پێناکەن .

بەڵێ :ئەمە نموونەیەکی گەشە لـەمێژووەوە کەخوا بۆ موسڵمانانی تۆمارکردووە لـە قورئانـدا ، تا لـەڕوانگەی ئەو باسەوە جوانترو چاکتر لـە بەڵێنی خوا تێبگەن کە بەڵێنەکانی هەمووی هـەقن و ڕاستن .

پەیمانی شەیتان نایەتەدی

لـەقورئانی پیرۆزدا باسی پەیمانی شەیتان دەکات کە هەرگیز نایەتەدی و تەنها خەڵـەتاندنەو هیچی تر ، قورئان دەفەرموێت :

1-﴿ يَعِدُهُمْ ويُمَنّيهِمْ ومايَعِدُهُمْ الشيطانُ إلاّ غُرُوراً ﴾(النساء: 120) واتە:شەیتان بەڵێنیان دەداتێ و ئاوات و ئارەزوو دەڕازێنێتەوە بۆیان ، دیارە کە شەیتانیش هیچ بەڵێنێکیان پێنادات جگە لـە فریودان وخەڵـەتاندن نەبێت ..

2-شەیتان لـەئاخیرەتدا بەشوێن کەوتوانی دەڵێت:﴿ وقال الشيطانُ لّما قُضيَ الامر إنّ اللهَ وعَدَكُمْ وعْدَ الحَقّ ووعَدْتُكُمْ فأخْلَفْتُكم ﴾(أبراهيم:22) واتە: کاتێك هەمووشت تەواو دەبێت و چاکەکاران دەچنە بەهەشت و خراپەکاران دەچنە دۆزەخ ، شەیتان بەدۆستانی خۆی دەڵێت :

بەڕاستی خوا بەڵێنی ڕاست و دروستی پێدابوون و منیش بەڵێنی دۆرو ناڕاستم پێدان و بەوەش سەرگەردانم کردن .

3- ﴿الشيطان يَعِدُكُمُ الفقَر ويأمُرُكُمْ بالفحشاءِ ، والله يَعِدُكُمْ مغفِرَةً مِنْهُ وفضلاً واللهُ واسِع عليم﴾(البقرة: 268) واتە: کاتێ ئێوە لەماڵ و داراییتان دەبەخشن ، شەیتان بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێدەدات و دەتانترسێنێت لەهەژاری و فەرمانتان پێدەدات بەگوناهو تاوان و خراپە و نەبەخشین ، خوای گەورەش بەڵێنی لێخۆش بوونێکی تایبەتی خۆیتان پێدەدات لەگەڵ زۆری ڕۆزی و بەهرەی فراواندا و ، خوا فراوانگیرو زانایە ..

گومانی دووڕووەکان بەرامبەر بەڵێنی پەروەردگار

کاتێك کافرانی قوڕەیش و هاوپەیمانەکانیان هاتنە سەرمەدینەو فشارێکی زۆریان خستە سەر شارو، لەپشت چاڵەکەوە مۆڵیان خوارد و ، هەوڵی هێرش هێنانیان بوو بۆسەر مەدینە ، ئالەو کاتەدا ئەوانەی دووڕو بوون و دڵیان نەخۆش بوو کەوتبوونە پڕوپاگەندەکردن و دڵ ساردکردنەوەی خەڵکی ، قورئان دەفەرموێت : ﴿ يا أيها الذين امنوا اذكُرُوا نعمة الله عليكم إذ جاءتكُمْ جنود فارسلنا عليهم ريحاً وجنوداً لم تَرَوها وكان الله بما تعملون بصيراً ، إذ جاءُوكُمْ مِنْ فوقِكُمْ ومِنْ أسفَلَ مِنكم وإذ زاغَتِ الابْصارُ وبَلَغَتِ القُلوبُ الحناجِرَ وتظنُّونَ باللهِ الظنونا ، هنالك أبْتُلِيَ المؤمِنونَ وزُلْزِلوا زِلزالاً شديداً ، وإذ يقولُ المنافِقون والذين في قلوبهم مَرَضُ ماوعَدَنا اللهُ ورَسولُهُ إلاّ غُروراً ﴾(الأحزاب9) واتە :ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە یادی نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان (مەبەست جەنگی خەندەقە کەخوای گەورە فریای ئیمانداران کەوت)، کاتێك سەربازانی کوفر هاتنە سەرتان ، ئێمەش ڕەشەبایەکی بەهێزو سەربازانێکمان ناردە سەریان کە نەتاندەبینین ، خوای گەورە بینابوو بەهەوڵ و کۆششتان ، کاتێکیش دوژمنان لەسەروخوارتانەوە هاتنە سەرتان کاتێکیش چاوەکان ئەبڵەق بوون ، دڵەکان گەیشتبوونە گەروو ، گومانی جۆراو جۆرتان دەبرد بەبەڵێنەکانی خوای گەورە (بەسەرکەوتنی بڕواداران).

لەوێدا ئیمانداران تاقی کرانەوەو تووشی تەنگانەو سەختیەکی زۆر توندو بەهێز بوون و تووشی دڵەلەرزەیەکی زۆر سەخت کران .

کاتێکیش دووڕووەکان و ئەوانەی دڵیان نەخۆشی گومانی تیابوو دەیانووت : بەڵێنی خواو پێغەمبەرەکەی تەنها بۆ خەڵەتاندن نەبێ هیچی تر نەبوو ؟!

بڕواداران و دڵنیایی بەرامبەر بەڵێنی خوا

قورئان لـە بارەی هەڵوێستی بڕوادارە تەواوەکانەوە لـەجەنگی خەندەق دا دەفەرموێت : ﴿ولَمّا رَءا المؤمنون الاحزاب قالوا : هذا ماوعدَنا اللّهُ ورَسُولُهُ وصَدَقَ اللهُ ورَسُولُهُ ، ومازادَهُمْ إلاّ إيماناً وتسليماً ، مِن المؤمنين رجال صَدَقُوا ماعاهَدوا اللهَ عليه ، فَمِنْهُمْ مَنْ قضى نَحْبَهُ ومِنهم مَنْ يَنتظِرُ وما بَدَّلُوا تبديلا﴾(الاحزاب22-23) واتە :کاتێك بڕواداران ئەو هەموو دەستەو تاقمەیان بینی کەهاتبونە سەریان وتیان: ئەمە ئەوەیە کە خواو پێغەمبەرەکەی بەڵێنیان پێداوین ، کەئاوا دژایەتی ئاینەکەی دەکرێت و کافران و دووڕووەکان نەخشەوپیلان دەکێشن بۆ ڕیشەکێشکردنی ، دیارە کەخواو پێغەمبەرەکەی ڕاستیان فەرموو لـە پێشهاتنیدا ، بێگومان ئەودژایەتیە باوەڕ و ملکەچی نەبێت هیچی تری بۆ زیاد نەکردن (واتە سوورتربوون لـەسەرئیمان)...

پیاوانێکی زۆرهەن لـەئیمانداران ئەو پەیمانەی داویانە بەخوا ، ڕاستیان کرد ، لـەسەری ژیـان و پابەندبوون پێوەی ولایان نەدا لێی، جاهەیانە پەیمانەکەی بەجێگەیاندو مرد لـەسەری ، هەشـیانە چاوەڕوانە ، بەهیچ شێوەیەك نەگۆڕان و لاری ڕووی تێنەکردون .

بەڕاستی ئەم دوو هەڵوێستە بەردەوام دووبارە ئەبێتەوە ، بڕوادارە ڕاستەکان دڵنیان لـەوەی کەکێشمەکێشی نێوان هەق وناهەق بەردەوامەوئەگەر بۆ ماوەیەکیش بەری خۆری ئیسلام بگیرێت، ئەوە کاتیەو خۆری ئیسلام تارۆژی قیامەت ئاوانابێت وخوای گەورەش دەیەوێ بڕواداران کاربکەن بەڕاستی بۆخواو سەرەنجامیش تەنها بەدەست خوایە کە بەڵێنی سەرکەوتنی داونەتێ .

دووڕووەکانیش هەمیشە وان لـە دوودڵی و ڕاڕاییداو گومانیان هەیەو گومانیش بۆ دەوروبەریان دروست دەکەن، گوایە ئیسلام بەسەرچووەو جارێکی تر ناتوانێ ڕۆڵی خۆی لـە ژیاندا ببینێتەوە .

بڕوادارو مژدەکانی قورئان

لـە قورئانی پیرۆزدا چەندەها ئایەت مژدە ئەدەن بەبڕواداران ، بەئارامگران، بەتێکۆشەران ، کەسەرکەوتووسەرفرازدەبن لـەدنیاو قیامەتدا ، دیارە ئەمەش بەڵێن وپەیمانی خوایە بۆیان و بەڵێن وپەیمانی خواش بێگومان دێتەدی ،قورئان دەفەرموێت :

1-﴿ إنَّ هذا القرأن يهدي للتي هيَ أقْوَمُ ويُبَشَّرُ المؤمنين الذين يعملون الصالحات أنَّ لهم أجراً كبيراً﴾(الآسراء9) واتە :بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگەو ڕێباز وبەرنامە ، مژدەیش دەدات

بەو ئیماندارانەی کە کاروکردەوە چاکەکان دەکەن ، بێگومان پاداشتی زۆرو بێ سنوور چاوەڕێیانە ..

2-﴿ ألا إنَّ أولياء اللهِ لا خوفُ عليهم ولاهُمْ يَحْزَنون ، الذينَ امنوا وكانوا يَتَّقون ، لَهُمْ البُشرى في الحياة الدنيا وفي الآخرة ، لاتبديلَ لكلماتِ الله ، ذلك هو الفوزُ العظيم ﴾(يونس 64)واتە: ئاگاداربن کەبەڕاستی چاکان و خۆشەویستانی خوا ، نەترس ڕوویان تێدەکات لەسەرەمەرگ و ڕۆژی لێپرسینەوە داو ، نەغەم وپەژارەو دڵتەنگی دایان دەگرێت ، بەڵکو فریشتەکان بەڕووخۆشیەوە مژدەی سەرفرازی و خۆشنوودیان دەدەنێ ، ئەو بەختەوەرانە ئەو کەسانەن کە باوەڕی بەتین و دامەزراویان هێناوە بەپەروەردگار و پارێزکارن ، هەربۆئەوانە مژدەی کامەرانی و بەختەوەری لەدنیاو لەقیامەتدا ، بێگومان ئەو بەڵێنانەی خوا هەردێنەدی و هیچ گۆڕانێکیان بەسەردانایەت ، ئائەوەیە سەرفرازی و کامەرانی گەورەو مەزن .

3-﴿ ياأيها الذين امنوا هل أدُلُّكُمْ على تجارة تُنجيكم من عذاب أليم ، تُؤمِنون بالله ورسُولِهِ وتُجاهِدون في سبيل الله بأموالِكم وأنفُسِكُمْ ذالِكم خيرٌ لكم إن كنتم تعلمون ، يغفر لكم ذُنُوبَكُمْ ويُدخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تجري مِن تحتِها الانهار ومساكِنَ طَيِّبَةً في جَنَّاتِ عَدْنٍ ذلك الفوز العظيم ، وأخرى تحبونها نصر من الله وفتح قريب وبشرِ المؤمنين ﴾ (الصف: 10-13). واتە : ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە ،دەستنیشانی بازرگانیەکتان بۆبکەم ،کە لە سزایەکی بە ئێش ڕزگارتان بکات ؟! سەرەتا باوەڕهێنانتانە بەخواو پێغەمبەرەکەی ، ئنجا هەوڵ و تێکۆشانتانە لە ڕێی خوادا بەبەخشینی ماڵ وسامانتان ، وەبەخشینی خۆتان (بەگیان فیداکردن)، بێگومان ئەو کارەتان چاکترو فەرترە بۆتان ئەگەر بزانن وتێ بگەن.

ئەوسا خوا لەگوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت و دەتانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە کەچەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا تێدەپەڕێت و جاریە ، هەروەها کۆشك وتەلاری خۆش و ڕازاوە وپاکوخاوێن لە باخەکانی بەهەشتی عەدن ، بەڕاست ئائەوەیە سەرکەوتنوسەرفرازی و دەستکەوتی گەورەو بێسنوور ، جاشتێکی تریش هەیە کەحەزی لێدەکەن ، ئەویش بەخشینی سەرکەوتنە لەلایەن خواوەو فەتحە (فەتحی ولاتان و دلان) ، ئەو مژدەیە بدە بەبڕواداران .

هاتنەدی مژدەکان بۆ نەوەی ئیسرائیل لەڕابردوودا

ئەو مژدانەی باسمان کردن لەهەموو سەردەمێکدا هەبوون بۆ بڕواداران ، ئەوەتە قورئان باسی سەردەمی حەزرەتی موسا دەکات ، کەمژدە دەدات بە بڕواداران و ئەو مژدانەش دێنە دی، ئەمەش بۆ ئەوەی وانە و پەند بێت بۆ بڕواداران ودڵنیابن لە هاتنەدی ئەو بەڵێنانە .

قورئان دەفەرموێت ﴿ وأوحينا إلى موسى وأخيه أنْ تَبَوءا لِقَومِكُما بمصرَ بُيُوتاً و اجعَلُوا بيُوتَكُمْ قِبْلَةً وأقيمُوا الصلاةَ وبَشِرِ المؤمنين ﴾(يونس87)

واتە : ئێمە وەحیمان نارد بۆ موسا (سەلامی خوای لێبێت)وبراکەی تالەمیسردا چەند ژوورێك ئامادەبکەن و ئەو ژوورانەش بکەنە شوێنی خواپەرستی و ڕووی تێبکەن و پێمان وتن: نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن ، مژدەش بدە بەئیمانداران .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ قال موسى لقومه أستعينوا باللهِ واصبِروا إنَّ الارضَ للّهِ يُورثُها مَنْ يشاءُ مِنْ عِباده والعاقِبة للمتقين ، فالوا : أوذِينا مِن قبلِ أنْ تأتِينا ومِن بعدِ ما جئتنا، قال عسى ربُّكُمْ أنْ يُهلِكَ عَدُوكُم ويَسْتَخْلِفَكُمْ في الارضِ فَيَنْظُرَ كيف تَعْمَلُون ﴾(الآعراف 128-129)

واتە :حەزرەتی موسا سەلامی خوای لێبێت بە گەلەکەی وت : داوای کۆمەکی و پشتیوانی لەخوا بکەن و ئارامبگرن ، بەڕاستی زەوی موڵکی خوایەو دەیسپێرێت بە هەرکەس کە بیەوێت لە بەندەکان ، سەرەنجامیش هەربۆ پارێزکارانە ، گەلەکەش وتیان : پێش ئەوەی تۆ بێیتە ناومان و دوای ئەوەش کە هاتوویت بارودۆخی ئێمە خراپەو ئازاردراوین ، موسا وتی : ئومێد وایە پەروەردگارتان دوژمنەکانتان لەناوببات و بتانکاتە جێنشین لە زەویدا ، ئەوسا سەیرتان دەکات کە ئێوە چۆن کاردەکەن .

سەرەنجام خوای گەورە مژدەکان و بەڵێنەکانی بۆ هێنانەدی و فیرعەون و دار دەستەکەی تەفروتووناکرد ، قورئان دەفەرموێت ﴿ وأورثنا القومَ الذين كانوا يُسْتَضْعَفون مشارِق الأرض و مغاربِها التي باركنا فيها ، وتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبَّكَ الحُسْنى على بني إسرائيل بِما صَبَرُوا ، ودَمرْنا ماكان يصْنَعُ فِرْعَوْنُ وقَوْمُهُ وماكانوا يَعْرِشون ﴾(الاعراف137)

واتە:ئەوسا ئەوگەلەی لاواز دەکران و دەچەوسێنرانەوە لەهەموو خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئەو وڵاتەی کە فەڕو بەرەکتمان بەسەردا ڕژاندبوو کردە جێنشین و (وارث)و، بەڵێنی ڕاست و جوانی پەروەردگارت ئەی محمد (د.خ) هاتەدی بۆنەوەی ئیسرائیل بەهۆی ئەوەی کە ئارامیان لەسەرگرت ،(کەواتە ئەگەر ئوممەتی تۆش ئارامبگرن هەمان سەرەنجامیان دەبێت)، هەرچیش فیرعەون و قەومەکەی دروستیان دەکردو ئەو کۆشك و تەلارسازیانەی کە دەیانکرد، هەرهەموویمان کاول و وێران کرد .

چەند نموونەیەک لەسەر بەڵێن و پەیمانی قورئانی

لـە قورئاندا ژمارەیەکی زۆر بەڵێن وپەیمان هاتووە ،کەهاتوونەدی یان لـە داهاتوودا دێنەدی بۆ نموونە :

یەکەم /سوورەتی (الأنعام) مەکیە و باسی سەرەکی بیروباوەڕەو باسی تاك وتەنهایی خوا دەکات و وەڵامی پڕوپاگەندە و شوبهەکانی کافران دەداتەوە و ڕێنمایی بڕواداران دەکات لـەو کێشمەکێشەی دەیکەن لـەگەڵ ناهەقدا..

سورەتی (الانعام)لـە کاتێکی ناسکدا هاتە خوارەوە ، لـەکاتێکـدا کەبانگـەوازی ئیسـلامی بەناخۆشترین قۆناغیا تێدەپەڕی ، کە ئەوەش ساڵـەکانی دەنگـدابڕان بـوو کەموسـڵمانان لــەناو دۆڵی (ئەبی تاڵیب)دا کەنارگیر کرابوون و دەنگیان دابڕیبوو لـێیان و،کڕین وفرۆشتنیان لـەگـەڵ نەدەکردن و ئابڵووقەیان خستبووە سەریان ، پاش ئەوەش ساڵی خەم وخەفەت هات کـە (ئـەبو تاڵیب)و (خـاتوو خدیجە)وەفاتیـان کرد،هـەر لـەوماوەیـەدا حـەزرەت ڕووی کـردە (طـائف)و زۆر بەخراپی مامەڵـەیان کردو بەردبارانیان کرد ، ئنجـا ئـەوەبوو (ئیسـراومیعراج) بەپێغەمبـەر کـرا (د.خ)وەك دڵنەوایی و دڵدامەزراویەك کەخوا بۆ پێغەمبەرەکەی فەراهەم هێنا .

لـەو بارودۆخەدا قورئان دڵنەوایی بڕوادارانی دەکـردو بـەڵێنی ئـەدانێ کـە کـافران تێـك دەشکێن وسەرکەوتن و پیرۆزی بۆیان دادەبەزێ لـەخواوە

ئەوەتا لـەسەرەتای سوورەتەکەوە دەفەرموێت : ﴿ وماتأتيهم مِن أيـةٍ مِـنْ أيـاتِ ربِّهـِمْ إلاّ كـانوا عنهـا مُعْرِضين ، فقد كَذّبُوا بالحَقِّ لّما جاءَهُمْ ، فسَوْفَ يأتيهِمْ أنباء ماكانوا بِهِ يستهزِءون ﴾ (الانعـام5) واتـە :بێبـاوەڕان هیچ بەڵگەوموعجیزەیەکی پەروەردگاریان بۆ نایـەت پشـتی تێنەکـەن و ڕووی لـێوەرنـەگێڕن ، بێگومان ئەوانە کاتێك ئەو هەق و ڕاستیەیان بـۆ هـات کـە قورئانـە بڕوایـان پێنـەکرد ، جالــە ئایندەدا بۆیان دێت و پێیان دەگات هەواڵی ئەوەی کە ئەوان گاڵتەیان پێدەکرد.

ئەمە هەڕەشەیەکی ئاشکرای خوایە کەلێیان دەکات و پەیمانیان بـە لـەناوچـوون دەداتـێ ، هەروەك گەلـەکانی پێش خۆیان کە لـە ئەنجامی خراپیانەوە خوا ڕیسوای دنیاو قیامـەتی کـردن ، دەی سەیری گەلانی پێش خۆتان بکەن و پەندی لـێوەرگرن﴿ أَلَمْ يَرَوْا كم أهلكنا مِن قبلهم مِن قَرْنٍ مَكّنّـا هُمْ فِي الأرض مالَمْ نُمَكّنْ لَكُمْ وأرسَلنا السماءَ عليهم مِدْراراً وجعلنا الأنهارَ تجري مِن تحتِهِمْ فأهلكنـاهُمْ بِـذُنُوبِهِمْ وأنشـأنا مِنْ بَعْدِهِمْ قَرْناً أخرين ﴾ الأنعام6

واته : ئایا نەیانبینیوە و نەیانزانیوە چەندەها نەوەمان پێش ئەمان لەناو بردووە کەپایەدارمان کردبوون لەزەویداو بەشێوەیەك ئێوەمان ئاوا پایەدار نەکردووەو بارانی زۆرمان بەدەوام بۆ دەباراندن ،چەندەها جۆگەو ڕووباریشمان لە ناو گێڵگە و باخ و شارەکانیاندا بۆ ڕەخساندبوون خوڕەمی دەکرد بەنێو درەخت و کۆشك و تەلاریاندا ، بەڵام بەهۆی لادان و گوناهو تاوانیانەوە لەناومان بردن و نەوەی ترمان لە دوای ئەوان هێنایە کایەوە ..

دووەم/ هەرلەسوورەتی (الانعام)ئایەتی 26دا دەفەرموێت﴿ وهم يَنْهَونَ عنه ويَنْأونَ عنه ، وإن يُهْلِكُون إلا أنْفُسَهُمْ ومايَشْعُرون ﴾ واتە : کافران نایەڵن کەس گوێ بۆ قورئان بگرێت و خۆشیانی لێ دووردەخەنەوە ، جابەو کارەیان جگە خودی خۆیان کەس لەناونابەن و هەستیشی پێناکەن.

ئەوانە دوو تاوانیان هەیە ، یەکەم بەرامبەر نەفسی خۆیانە کە لەقورئان دووردەکەونەوە ، دووەمیش تاوانی دوورخستنەوەی خەڵکە .. ئەمەش بەو مەبەستەی کە سەرکەون بەسەر ئیسلامدا ، بەڵام بێگومانەو پەیمانی خوایە خۆیان لەناو دەچن ، هەرچەند هەستیشی پێناکەن ..

لە ئایەتی (65)و(67) یشدا دەفەرموێت(قل هو القادر على أن يبعث عليكم عذابا من فوقكم أو من تحت أرجلكم أو يلبسكم شيعا ويُذيق بعضكم بأس بعض ، أنظر كيف نُصرف الايات لعلهم يفقهون ، وكذب به قومك وهو الحق ، قل لست عليكم بوكيل لكل نبأ مستقر وسوف تعلمون) واتە : پێیان بڵێ هەر ئەو زاتە بە توانایە دەتوانێت سزای سەختتان لە سەرووتانەوە بۆ بنێرێت یان لەژێر پێتانەوە یاخود بتانکاتە دەستە دەستەو پارچە پارچە وتاڵاوی توندو تیژی هەندێکتان بکات بە گەرووی هەندێکی ترتاندا ، تەماشا بکە چۆن چەندەها بەڵگەی جۆراوجۆریان بۆدەهێنینەوە بۆ ئەوەی ئەوان تێبگەن لەگەڵ ئەوەشدا گەلەکەی تۆ ئەم بەرنامەوقورئانەیان بەدرۆزانی لەکاتێکدا هەر ئەوەیە هەق و ڕاستی ، پێیان بڵێ ئەوە ئیتر من دەسەڵاتی ڕزگارکردنی ئێوەم نیە ،وەمن پشتیوانی ئێوە نیم ئەگەر خوا بەڵایەکتان بەسەر بهێنێت بۆهەموو هەواڵێك کە لە قورئاندا هاتووە کات و شوێنی بەدیهاتنی خۆی هەیە ، لەئایندەشدا دەیزانن ..

مەبەست لە هەواڵەکانی قورئان لێرەدا سەرکەوتنی ئیسلامە بەسەر کوفردا کەئەمەش لە جەنگی بەدردا هاتەدی پاش چەند ساڵێك .. هەروەها قورئان لە الانعام ئایەتی 133 بۆ 135 دەفەرموێت :﴿ وربك الغنى ذو الرحمة ان يشأ يُذهبكم ويستخلف من بعدكم ما يشاء كما أنشأكم من ذرية قوم آخرين ، انما توعدون لآت وما انتم بمعجزين ، قل ياقومي اعملوا على مكانتكم اني عامل فسوف تعلمون ، مَن تكونُ له عاقبة الدار انه لايفلح الظالمون ﴾ واتە :پەروەردگاری تۆ زۆر دەوڵەمەندو بێنیازە ، هەروەها خاوەنی

سۆزو میهرەبانیە ، ئەگەر بیەوێت ئێوە لەناودەبات و هەرکەسێکی بوێت دەیکاتە جێگری ئێوە هەروەك چۆن ئێوەی لەنەوەی کەسانێکی تر هێناوەتەکایەوە ، بەڕاستی ئەو بەڵێنانەی کەدەتاندرێتیٚ بەرێوەیەوبێگومان هەردێت و ئێوەناتوانن دەستە وسانمان بکەن ورێبگرن لەهاتنەدی ..

ئەی محمد (د.خ) پێیان بڵێ ئەی گەل و هۆزم چیتان بۆ دەکرێت ئەنجامی بدەن لەسەر شێوازی خۆتان ئەوە بەڕاستی منیش بەردەوامم لەسەر کاری خۆم چونکە لە ئایندەدا دەزانن کەسەرەنجامی ماڵی قیامەت بۆکێ دەبێت ، دڵنیاش بن کە ستەمکاران سەرفراز نابن ..

بەڵێ سەرکەوتنی 313 کەس بە کەلوپەلێکی کەمی جەنگەوە بەسەر هەزار جەنگاوەری تێروتەسەلی پڕتفاقدا لەجەنگی بەدردا بەڕاستی بەڵگەیە لەسەر ڕاستی پەیمانەکانی قورئان بەتایبەت ئەگەر سەیری سوورەتی الانفال بکەین کەباسی دەستی قەدەرو یارمەتی پەروەردگار دەکات بۆ بڕواداران .

قورئان لە سورەتی القمردا هەر لە مەککە دەفەرموێت : ﴿ أكفاركم خير من أولئكم أم لكم براءة في الزبر ، أم يقولون نحن جميع منتصر سيُهزم الجمع ويولون الدُبر بل الساعة موعدُهم والساعة أدهى وأمر ﴾ واتە : ئایا کافرانی ئێوە چاکترن لە ئەوانەی پێش خۆیان کە لە ناومان بردون؟؟ یان پەیمانتان دراوەتیٚ لەپەڕاوە ئاسمانیەکاندا کە تووشی لەناوبردنو تیاچوون نایەن ؟؟یان دەڵێن ئێمە هەموومان کۆین و سەرکەوتووین و ناشکێین ، لەئایندەیەکی نزیکدا لەشکرو کۆمەڵیان شکست دەهێنن وهەڵدێن ، جگە لەوەش قیامەت کاتی لێپرسینەوەیانە، کە ڕۆژێکی زۆر سەختترو تاڵترە .. کاتێ ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە حەزرەتی عومەر پرسیاری کردلە حەزرەت (د.خ) وتی : ئەی پێغەمبەری خوا چ کۆمەڵێك شکست دەخوات ؟؟

جا عومەر دەڵێت :کەلەشەڕی بەدردا حەزرەتم بینی (د.خ)ئەم ئایەتەی دەخوێند ﴿ سيهزم الجمع ويولون الدبر ﴾ ئنجا تەئویل و مانای ئایەتەکە تێگەیشتم ، کەخوا لە بەدردا هێنایەدی ..

پێغەمبەر (د.خ)دەیزانی کەئەوە پەیمانی خوایە ، چونکە لە سورەتی ئەنفالیشدا هاتووە کەخوا پەیمانی کاروانەکە یان سەرکەوتن بەسەر کافرانای دابوویە بۆیە لەسەرەتای شەڕەکەدا دوعای کردو فەرمووی :﴿ اللهم أنجز لي ماوعدتني ، اللهم آتني ماوعدتني ، اللهم ان تهلك هذه العصابة من أهل الاسلام لا تُعبَد في الارض ﴾ واتە : خوایە ئەوەی بەڵێنت پێداوم بۆم بهێنەرە دی ، خوایە ئەگەر ئەم کۆمەڵە لە ئەهلی ئیسلام لەناوبچن لەسەر زەوی ناپەرسترێیت ..

ئەوەندە پاڕایەوە ئەبوبەکر پێی فەرموو :ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو پاڕانەوەیەت بەسە ، خوای گەورە پەیمانی خۆییت بۆ دەباتە سەر ..

سێیەم / لەسورەتی ڕۆم دا قورئان ڕێنمایی حەزرەت وهاوەڵانی دەکات کەئارام بگرن چونکە بەڕاستی پەیمانی خوا دێتەدی و ، باکافران بێئارام ودڵساردیان نەکات ﴿ فاصبر ان وعد الله حق ولا يستخفنك الذين لايوقنون ﴾ الروم 60 ..

چوارەم / لە سورەتی (یونس)یشدا هەر لەمەککە خوای گەورە بە کافرانی فەرموو ﴿ فهل ينتظرون الا مثل أيام الذين خلوا من قبلهم ، قل فانتظروا اني معكم من المنتظرين ، ثم ننجي رسلنا والذين آمنوا كذلك ننجي المؤمنين ﴾ یونس103/واتە : ئەو بێباوەڕانە چاوەڕێی چی دەکەن ؟؟ مەگەرهەر چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە ڕۆژگارێکیان بەسەر بهێنین وەك ئەوەی بەسەر ئەوانەی پێشیاندا هێنامان ؟؟بڵێ : جا ئێوە چاوەڕێ بن ، بەڕاستی منیش لەگەڵ ئێوەدا لەچاوەڕوانانم ، لەوەودوا کاتێك کافرانمان لەناوبرد ، پێغەمبەرانمان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە ڕزگار دەکەین ، هەر بەو شێوەیە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ئیمانداران ڕزگار بکەین ..

پێنجەم / کاتێك حەزرەت (د.خ) کۆچی کرد بۆ مەدینەو گەیشتە (جوحفە)زۆر شەوقی هەبوو بۆ مەککە ، ئەم ئایەتەی بۆ هاتە خوارەوە ﴿ ان الذى فرض عليك القرآن لرادُك الى معاد ﴾القصص 85/واتە : بەڕاستی ئەو خوایەی کە گەیاندنی قورئانی لەسەر تۆ فەرز کردووە، سەرەنجام دەتگێڕێتەوە بۆ مەککە ، ئەم وەعدەش پاش نۆ ساڵێك هاتە دی و بە سەربەرزی و سەرکەوتوویی گەڕایەوە مەککە و فەتحی کرد .

شەشەم/ لە سورەتی نوریش دا پەروەردگارباسی وەعدی خۆی دەکات کە بڕواداران دەکاتە جێنشین و پایەداریان دەکات ، ئەگەر چەند مەرجێك لە خۆیاندا بهێننە دی ﴿ وعد الله الذين آمنوا منكم وعملوا الصالحات ليستخلفنهم فى الارض كما استخلف الذين من قبلهم وليُمَكنن لهم دينَهُم الذى ارتضى لهم وليُبَدلنهم من بعد خوفهم أمنا يعبدوننى لايشركون بي شيئا ، ومَن كفرَ بعد ذلك فأولئك هم الفاسقون ، وأقيموا الصلاة و آتوا الزكاة وأطيعوا الله والرسول لعلكم تُرحمون ، لاتحسبن الذين كفروا مُعجزين في الارض ومأواهم النار ولبئس المصير ﴾ النور 55-57

واتە : خوا بەڵێنی داوە بەوانەی بڕوایان هێناوە لەئێوەو کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بەڕاستی لە ئایندەیەکی نزیکدا جێنشین و پایەداریان دەکات لە وڵاتدا هەروەك چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی جێنشین کردووەو ئەو ئاینەیان بۆ دەچەسپێنێت کە خوا خۆی پێی ڕازیە ، هەروەها ترسیان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامی و هێمنی ، ئەو کاتە ئیتر بەتەواوی هەرمن دەپەرستن و هەرگیز

هاوەڵ و هاوبەشم بۆ بڕیار نادەن ، ئەوسا ئەوەی دوای ئەو پایەدارییە بێباوەڕ بێت ، ئا ئەوانە تاوانبارو لە سنوور دەرچوون ، ئەی بڕواداران نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتی ماڵەکانتان دەرکەن و فەرمانبەرداری پێغەمبەربن بەڵکو ڕەحمتان پێبکرێت .

وامەزانن ئەوانەی بێباوەڕ بوون لەدەست تۆڵەی خوا لەسەر زەوی ڕزگاریان دەبێت ، ئەوانە لە قیامەتیشدا شوێنیان ئاگری دۆزەخە ، ئای چ سەرەنجامێکی خراپە .

حەوتەم /قورئان باسی کێشمەکێشی نێوان هەق و ناهەق دەکات و دەفەرموێ﴿ ان الذين كفروا يُنفقون أموالهم ليَصُدوا عن سبيل الله ، فسيُنفقُنها ثُم تكونُ عليهم حسرة ثم يُغلبون ، والذين كفروا الى جهنم يُحشرون ﴾ الانفال 36 واتە :بێگومان ئەوانەی بێباوەڕن ماڵ و سامانی خۆیان بەخت دەکەن بۆ ئەوەی ڕێبگرن لە بلاوبوونەوەی بەرنامەی خوا ، جا ماڵ وسامانیان لەئاییندەشدا بەخت دەکەن ودەبێتە داخ و حەسرەت بۆیان و لەدوایشدا شکست دێنن ، بێگومان ئەوانەی کە بێباوەڕن بۆ دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن .

بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی

ئەو هەواڵانەی پێغەمبەر(د.خ)داویەتی بۆ ئەوشتانەی کە ڕوویانداوە ، یان لە داهاتوودا ڕوودەدەن ، بەڵگەی ئاشکراو دیارن لەسەر پێغەمبەرایەتی حەزرەت (د.خ)، چونکە ئەوشتانە کەس ناتوانێ پەی پێبەرێت مەگەر پێغەمبەرێك کەخوا بەوەحی ئاگاداری دەکات .

ئەوشتانە جۆرێکن لەغەیب ونهێنی و خواش کەعالیمی غەیبە ئەگەر بیەوێ پێغەمبەرەکەی لێ ئاگادار دەکات و، ئەویش کاتێ بەبڕواداران دەڵێت و دێنە دی دەبنە مایەی دڵدامەزراوی و یەقینی زیاتر .

خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت:﴿ عالمُ الغيب فلايُظْهرُ على غيبه أحداً،إلامن إرتضى من رسول﴾ (الجن:27) واتە: خواوەند زانای نهێنی و شاراوەکانە ، کەسیش لەنهێنی و شاراوەکانی ئاگادار ناکات ، مەگەر بۆ پێغەمبەرێك خوا خۆی ڕازی بێت بەوەی هەندێ نهێنی بزانێت ... هەروەها دەفەرموێت :﴿ والنَّجمِ إذا هوى ، ماضلَّ صاحبُكُمْ وما غَوى ، ومايَنْطِقُ عن الهوى ، إنْ هو إلا وحْيُ يوحى ﴾(النجم 4)واتە : سوێند بە ئەستێرە کاتێك ئاوادەبێت و لەشوێنی خۆی دەترازێت ، هاوەڵ و هاوڕێی ئێوە محمد(د.خ)گومڕاو سەرلێشێواو نەبووە ، لە ڕێگەی ڕاست و ڕەوان نەترازاوە ، قسەو گوفتاری لە ئارەزووبازی و هەواوهەوەسەوە نیە ، ئەوەی کە ڕای دەگەیەنێت تەنها نیگاو وەحی خواییە.

لەوهەوالانەی کەپێغەمبەر د.خ داونی و هاتوونەتە دی

یەکەم/ هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەتیاچوونی سەرانی قورەیش :

لەپێش ئەوەدا کەجەنگی بەدر دەست پێبکات ، حەزرەت(د.خ)هاوەلانی ڕێکخست بۆ جەنگەکەو ڕێنمایی کردن ، ئنجا مژدەی تیاچوون و کوژرانی سەرانی قورەیشی دانێ و فەرمووی : ئەمە شوێنی فلانە کەسە لێرەدا دەکوژرێ و ئەوەش شوێنی فلانە کەسەو، بەو جۆرە ، ئەنەس دەڵێ : بەخوا حەزرەت (د.خ)چۆنی فەرموو بوو ئاوا دەرچوو ، هەریەکە لەوانەی کەپێغەمبەر (د.خ)ئاماژەی بەشوێنەکانیان کردبوو لەوشوێنەدا مردن بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێك لێی بترازێن ..ئەمەش ئیمامی مسلم ڕیوایەتی کردووە : (أخرج أبو يعلى في مسنده فقال : حدثنا هدبة ثنا حماد عن ثابت عن أنس أن النبي (د.خ) لما ورد بدراً أومأ بيده الى الأرض فقال (هذا مصرع فلان)فوالله ما ماط أحد منهم عن مصرعه)(صحيح) موسليم لە (كتاب الجهاد والسير)دا و بوخاری لە (كتاب المناقب)دا ڕیوایەتیان کردووە، ئەم هەواڵە دووبەشە ، یەکەم : هەواڵدانە بە کوژرانی گەورەو سەرانی قورەیش ، کە ئەمەش دیارە خوا هەواڵی داوەتێ ئەگینا کێ وادەی مردنی کێ دەزنێ ، دووەمیش : هەواڵدانە بەشوێنی کوژرانی ئەوکەسانە کەدیارە ئەمەش هەر غەیبەو خوا پێغەمبەرەکەی لێ ئاگادار کردووە ، هەروەك قورئان دەفەرموێت :﴿ وما تدري نفس بأيّ أرض تموت إنَّ الله عليم خبير ﴾(لوقمان :34)

واتە:هیچ کەس نازانێت لەسەر چ خاکێك دەمرێت و کۆتایی بەژیانی دێت ، (هەروەك چۆن کاتی مردن و چۆنیەتیەکەشی شاراوەیە)، بەڕاستی خوا بە هەموو شتێك زاناو ئاگادارە .

دووەم / هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەکوژرانی (ئومەیەی کوڕی خەڵەف):

سەعدی کوڕی موعاز هاوەڵی ئومەیەی کوڕی خەڵەف بوو،ئەگەر ئومەیە بچوایەتە مەدینە لای سەعد دادەبەزی و بەهەمان شێوەش ئەگەر سەعد بهاتایە بۆ مەککە لای ئومەیە دادەبەزی ، جاکاتێ موسڵمانان هیجرەتیان کرد بۆ مەدینە سەعد هات بۆ مەککە بۆ عومرە کردن و بەئومەیەی وت : بزانە کەی چۆڵە دەمەوێ تەوافی کەعبە بکەم ، ئەویش لەنزیك نیوەڕۆدا بردی بۆ تەواف ، لەڕێگا ئەبو جەهل گەیشت پێیان و وتی : ئەبو صفوان ئەوە کێ یە لەگەڵتا؟ ئەویش وتی : ئەوە سەعدە .. ئەبو جهل وتی : دەبینم بەدڵنیایی تەواف دەکەی لەمەککە لەکاتێکدا لەئاین وەرگەڕاوەکانتان داڵدە داوەو دەتانەوێ یارمەتیان بدەن و سەریان بخەن، بەخوا ئەگەر لەگەڵ (ئەبی صفوان)دا نەبوویتایە بە سەلامەتی نەدەگەڕایتەوە ناو کەسوکارت ،

سەعد بە دەنگی بەرز وتی : بەخوا ئەگەر ڕێم لێ بگری لێرە ، لەشوێنێکی زۆر گرنگتر دەست دەهێنمە ڕێت ورێی مەدینەت لێ دەگرم ئومەیە پێی وت : دەنگ بەرزمەکەرەوە ئەی سەعد بەسەر (أبی الحکم)دا گەورەی ئەهلی ئەم دۆڵەیە .

سەعد وتی: ئومەیە واز لەوەبێنە بەخوا من بەڕاستی گوێم لەپێغەمبەری خوا (د.خ)بووە کە دەیفەرموو (إنه قاتلك) ئەودەتکوژێ ،ئومەیە وتی:لەمەککە دەمکوژێ ؟ سەعد وتی : نازانم . (بخاري) پاش نزیکەی دوو ساڵێك لە شەڕی بەدردا لەساڵی دووی کۆچیدا ، ئەم هەواڵە هاتە دی ، لەکاتی جەنگەکەدا بیلال چاوی بەئومەیە کەوت کەکاتی خۆی لەمەککە سزای زۆری دابوو ، هاواری کرد ئەی ئەنصاری خوا ئەوە سەری کوفرە، ئەوە ئومەیەی کوڕی خەلەفە ، هەرئەوەندە (ئەنصارەکان)گوێیان لێ بوو ، هێرشیان کردە سەر ئومەیە و کوڕەکەی و هەردوکیانیان کوشت (السیرة النبویه لابن هشام) ..

سێ یەم /هەواڵدانی پێغەمبەر (د.خ)بەکوشتنی (ئوبەی کوڕی خەڵەف)

ئوبەی کوڕی خەڵەف کەیەکێکە لەسەرانی قوڕەیش و دژایەتی حەزرەتی دەکرد (د.خ)، سوێنددەخوات کە (محمد)دەکوژێت ، کاتێك حەزرەت (د.خ)ئەم هەواڵەی بیستەوە فەرمووی : (أنا أقتله إن شاء الله)من دەیکوژم إن شاء الله(الحدیث حسن/صححه الحاکم والـذهبی)..ئوبەی هەرکاتێ لەمەککە بەحەزرەت بگەیشتایە (د.خ) پێی دەووت : ئەی محمد من ئەسپێکم هەیە هەموو ڕۆژێك ئالیکی زەڕاتی ئەدەمێ و تۆی پێ دەکوژم ، حەزرەتیش (د.خ)پێی دەفەرموو : من تۆ دەکوژم إن شاء الله..

لەجەنگی ئوحودا ئوبەی درعی لەبەردا بوو ، بەسواری ئەسپەکەیەوە هاواری کرد ، کوا محمد خوا بمکوژێت ئەگەر نەیکوژم ،ئنجا هێرشی هێنا بەرەو لای پێغەمبەر (د.خ).. هاوەڵان وتیان : پێغەمبەری خوا با یەکێکمان بەری لێبگرین ؟ فەرمووی وازی لێبهێنن ، کە لێی نزیك بۆوە پێغەمبەر (د.خ)ڕمێکی لە هاوەڵێك وەرگرت و ڕووبەڕوووی وەستاو ، لەنێو دەفەی شانی و زنجیربەندەکەیەوە کونێکی بەدی کرد ڕمەکەی تێگرت ، چەقیە شوێنی خۆی و لەسەر ئەسپەکە هەڵی دایە خوارەوە و لەخۆڵەکەدا گەوزاندی ، برینەکە گەورەنەبوو ، تەنها ملی ڕووشاندبوو ، خوێنی زۆری تێزا، وتی : وەڵڵاهی محمد کوشتمی ، پێیان وت : وەڵڵاهی زەنەقت چووە لە محمد ، برینەکەت وانیە ، وتی : لەکاتی خۆیدا لەمەککە پێی وتووم : من دەتکوژم ، وەڵڵاهی ئەگەر تفی لێ بکردمایە دەیکوشتم، ئوبەی لە کاتی گەڕانەوەدا بەرەو مەککە لەڕێگا مرد .

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە دەڵێت : ئوبەی وەکو گا دەیبۆڕاندو دەیووت : سوێند بێت ئەو ئازارەی بەمنەوەیە ئەگەر بەهەموو خەڵکی (ذی المجاز)ەوە بوایە دەمردن ... (ل315 گولاوی سەرمۆر).

چوارەم/ هەواڵدانی حەزرەت(د.خ)کە قورەیش دوای جەنگی ئەحزاب هێرش ناهێننە سەر موسڵمانان: بوخاری دەگێڕێتەوە کە حەزرەت(**د.خ**)لەجەنگی ئەحزاب دا فەرمووی ئیتر ئێمە هێرش دەبەینە سەریان و ئەوان ناتوانن بێنە سەر ئێمە (نغزوهم ولا يغزوننا).. ئەم هەواڵەش کەغەیبەو خوای گەورە حەزرەتی(**د.خ**)لێ ئاگادار کردبوو ، هەرواش دەرچوو ، (ابن حجر)دەفەرموێ : ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکە لەبەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی حەزرەت (**د.خ**)، چونکە پاش ساڵێك حەزرەت (**د.خ**)چوو بۆ عومرە بۆ مەککەو ڕێیان لێگرت و سوڵحی حودەیبیە هاتە کایەوە ، لەساڵی دواترا عومرەیان کرد،لەپاش ئەوەش فەتحی مەککە کراو ، بەمەش دەوری قورەیش و مەککە تەواو بوو لەهاتنە سەر مەدینە لەپاش جەنگی (ئەحزاب).

پێنجەم /هەواڵدانی پێغەمبەر (د.خ)بەفەتحی خەیبەر :

بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوەکە لە ڕۆژی خەیبەردا حەزرەت (**د.خ**)فەرمووی (سبەینێ ئەم ئالایە ئەدەم بەپیاوێك کە خوا فەتحی خەیبەری لەسەر دەستا دەکات ، خواو پێغەمبەری خۆش دەوێ و، خواو پێغەمبەریش ئەویان خۆش دەوێت)ئەوشەوە خەوو خەیاڵی خەڵکی ئەوەبوو کە کێ بێ ئەو ئالایە وەرگرێ ، هەمووان حەزیان دەکرد وەری بگرن ، بۆ بەیانی حەزرەت (**د.خ**)فەرمووی: کوا عەلی ؟! وتیان : چاوی یەشێ ! کە هات (تفى)موبارەکی دا لەچاوی و چاك بوویەوە بەجۆرێك هەروەك هیچی نەبووبێ وابوو ، ئنجا ئالاکەی دایە دەست ، عەلی وتی : شەڕیان لەگەڵ دەکەم تاوەکو ئێمەیان لێدێت ، حەزرەتیش (**د.خ**)پێی فەرموو : لە سەرخۆ بڕۆ ، تادەڕۆیتە مەیدانیان ، پاشان بانگیان بکە بۆ ئیسلام و پێیان بڵێ : ئەگەر موسڵمان بن ماف و ئەرکەکانیان چیە و چۆن دەبێت ، بەخوا ئەگەر خوا بەهۆی تۆوە هیدایەتی یەك کەس بدات بۆ تۆ باشترە لەموڵکی (حُمر النعم).

شاری خەیبەر دووبەش بوو ، بەشێکیان پێنج قەڵای تێدابوو ، بەشی دووەمیشی سێ قەڵای تیابوو ، لەناو خەیبەردا قەڵاو شورای بچوکتریش هەبوون .. شەڕی خوێناوی لە بەشی یەکەمی قەڵاکاندا بوو ،کەپێشەوا عەلی و موسڵمانان زاڵبوون بەسەریاندا و بەشی دووەمی قەڵاکانیش

کەچەکداری زۆریشیان تیابوو ورەیان ڕووخاو بەبێ شەڕ خۆیـان دا بەدەسـتەوە. جوولـەکـەکانی خەیبەر هانی کافرەکانیان دەدا بەردەوام و تیژیان دەکردن بۆ دژایەتی پێغەمبـەر (د.خ)و بـەردەوام خەریکی پەیمان شکێنی و ناپاکی بوون ، بۆیە پێغەمبەر (د.خ)پاش گەڕانەوەی لـەسوڵحی حودەیبیـە چووە سەریان و ڕەگ وریشەی دەرهێنان ، دیارە ئەمەش وەعـدی خـوا بـوو بـۆی لـەقورئانـدا ﴿ وَعَدَكم اللهُ مغانِمَ كثيرةً تأخُذُنَها فَعجلَ لكم هذه ﴾ (الفتح:20) واتـە : خـوای گـەورە بـەڵێنی دەسـتکەوتێکی زۆری پێـداون کـە لـە دوژمنـانی دەسـتێنن ، بـەڵام ئەمـەی بـۆ پێشخسـتن(واتـە:سـوڵحی حودەیبیە)،مەبەست لەدەستکەوتە گەورەکەش فەتحی خەیبەرە .

بەڵێ ..کاتێ خواو پێغەمبەرەکەی وەعـدو پـەیمان دەدەن دێنـەدی ، چونکەچـی هەیـە لـەم بوونەوەرەدا بتـوانێ ڕێ لـەهاتنـەدی ویسـتیخوا بکـات ؟؟ دیـارە هـیچ شـتێك نیـە ، قورئـان دەفەرموێ : ﴿ أولَمْ يسيروا في الأرض فَيَنْظُرُوا كيف كان عاقِبَةُ الذين من قَبْلِهِمْ وكـانوا أشـدَّ مـنهم قُـوةً وماكـان اللهُ لِيُعْجِزَهُ مِن شئ في السماوات ولا في الأرض ، إنّهُ كان عليماً قديرا﴾(فاطر:44)

واتە: ئایا ئەوە نەگەڕاون بەزەویدا ، تاسەرنج بدەن و تەماشا بکەن ، چۆن بووە سەرەنجامی گەلانی پێش ئەمان و چیمان بەسەر هێنان ، ئەوانە هێزو دەسەڵاتیان لـەمان زیاتر بـوو ، وەنـەبێت خوا هیچ شتێك دەستەو سانی بکات لـەئاسمانەکان ، یان لـەزەویـدا ، چـونکە بەڕاسـتی ئـەو زاتـە هەمیشە و بەردەوام زانایەو بەدەسەڵات و توانایە ، یان دەفەرموێ :﴿ وإنْ تَولَيتُمْ فأعْلَمُوا أنّكُمْ غيرُ مُعْجِزي الله وبشر الذين كفروا بعذاب أليم ﴾(التوبـە:3)واتە :خۆ ئەگەر یاخی بن و بەگوێی بەرنامەی خوا نەکـەن ،ئەوە چاك بزانن بەڕاستی ئێوە دەسەوسـانکەری خـوانین و لـەدەسـەڵاتی دەرناچـن و مـژدە بـدە بەوانەی کە بێباوەڕن بەسزایەکی پڕ ئازار.

شەشەم /هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)کە (قزمان) لەئەهلی دۆزەخە:

بوخاری وموسلیم بۆمان دەگێڕنەوە کە ئەبو هورەیرە دەڵێ : لـەگەڵ حەزرەتدا بووین (د.خ)لـە غەزایەکدا (کەغەزای خەیبەر بوو)، حەزرەت (د.خ)بەپیاوێك کە ئیدیعای ئیسلامەتی دەکرد فەرمووی (ئەوە لـە ئەهلی دۆزەخە)، لـە شەڕەکەدا کابرا شەڕێکی باشی کردو بەقورسی بریندار بوو ، هاوەڵان بەپێغەمبەریان وت(د.خ):ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەی فەرمووت لـە ئەهلی دۆزەخە ئەمڕۆشەڕێکی قورسی کردووەو مرد ،حەزرەت فەرمووی (د.خ)(بەرەو دۆزەخ) ، ئەمە وای کرد خەریك بوو هەندێ کەس دوودڵی و گومانی بۆ دروست ببێت،کاتێك لـەم قسەو باسەدا بوون ، وترا: نەخێر نەمردووە بەڵام بەخەستی بریندار بووە ، لـە شەودا کابرا خۆی

نەگرت و بە شمشێرەکەی خۆی کوشت ، کەئەم هەواڵەیان دا بەحەزرەت (د.خ) فەرمووی (الله أكبر أشهَدُ أني عبدُ الله ورسوله).. الله أكبر شایەتی ئەدەم کەمن بەندەو نێرراوی خوام ..ئنجا فەرمانی دا بە بیلال کە لەناو خەڵکدا بانگەواز بکات ئەوەی موسڵمان نەبێت ناچێتە بەهەشتەوەو بەڕاستی خوا ئەم ئاینە بەکەسانی (فاجر)یش بەهێز دەکات (واتە خوا موسەخەریان دەکات بۆ ئیسلام)،شایانی باسە ئەو کابرایە کە ناوی (قزمان)بووە ، دووڕووبوو، دیارە دووڕوویش لە دڵایەو خواپێی دەزانێ و هەرخواش حەزرەتی بەوەحی ئاگادار کردووە ..

حەوتەم/هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەخەلافەتی ئەبوبەکر:

خاتووعائیشە دەفەرمویت : پێغەمبەر (د.خ)لەنەخۆشیەکەیدا پێی فەرموو : (ادعي لي أبابكر وأخاك حتى أكتُبَ كتاباً فإني أخاف أن يتمنى متمن ويقول قائل انا اولى ويأبى الله والمؤمنون إلا أبابكر) بخاری.واتە:ئەبو بەکرو براکەتم بۆ بانگ بکە بانوسراوێك بنووسم بۆ ئەبوبەکر ، من دەترسم کە یەکێ ئاوات بەشوێنەکەی بخوازێ، وەیەکێ بڵێ : من باشتر و لەپێشترم بۆ کاربەدەستێتی موسڵمانان لەئەبوبەکر،چونکەخواو بڕواداران ئەبوبەکر نەبێت کەسی تریان ناوێت

بەڵێ .. هەروا دەرچوو کەحەزرەت (د.خ)فەرمووی ، لە ساڵی یانزەی کۆچیدا کەپێغەمبەر (د.خ)وەفاتی کرد ، لە سەقیفەی بەنی ساعیدە خەریك بوو کێشە بکەوێتە ناو موسڵمانانەوە ، بەڵام خوا پاراستنی و سەرەنجام ئەبوبەکر بوو بەخەلیفە و بوو بەمایەی خێر بۆ موسڵمانان .

هەشتەم /هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەشەهید بوونی (پابت کوڕی قیس): کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە سورەتی الحجرات دا : ﴿ يأيها الذين أمنوا لا ترفعوا أصواتَكُمْ فوقَ صوتِ النبي ولا تَجْهَرُوا له بالقَولِ كَجَهرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْض أنْ تَحْبَط أعمالُكُمْ وأنتم لا تَشْعُرُون ﴾ ، واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا (د.خ)بەرزمەکەنەوە لەکاتی گفتوگۆدا ،هەروەك چۆن بەدەنگی بەرز قسە لەگەڵ یەکدا دەکەن ، نەوەکو کردەوەتان پووچ بێتەوە و هەستیشی پێنەکەن . کە حەزرەت (د.خ)ئەم ئایەتەی بۆ هاوەڵانی خوێندەوە ، ماوەیەك (ثابت کوڕی قیس)ی نەبینی و ئەحواڵی پرسی ،هاوەڵێك وتی : من هەواڵیت بۆ دەپرسم ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)، کاتێ پرسیاری کرد بۆی دەرکەوت لەماڵ نایەتە دەرەوە ، کەچوو بۆلای و ئەحواڵی پرسی ، لە وەڵاما وتی : من حاڵم باش نیە و دەنگم بەرز کردۆتەوە بەسەر پێغەمبەرداو کارو کردەوەم پووچ بۆتەوەو لە ئەهلی دۆزەخم ، کاتێ ئەم قسانەیان گەیاندەوە پێغەمبەر (د.خ)، فەرمووی : بڕۆن مژدەی بدەنێ ،

کەئەهلی دۆزەخ نیە بەڵکو ئـەهلی بەهەشـتە(بخـاری لـەکتاب التفسـیر ڕیوایـەتی کـردووە)...
هەروەها بەیهەقی وحاکمیش بەسەنەدی صحیح ڕیوایەتیان کردووە، کەحەزرەت (د.خ)بـەپابت ی فەرموو : ﴿ یاثابت الا ترضى أن تعیش حمیداً وتُقتَلَ شهیداً وتَدْخُلَ الجنة ﴾واتە : ئەی پابت بۆ حەز ناکەی کـە بەسەر بەرزی و سوپاسکراوی بژیت و بەشەهیدی سەربنێیتەوە و بچیتە بەهەشتەوە ؟! پابت وتی : بەڵێ حەزدەکەم . جەنگی یەمامە زۆر نارەحەت و قورس بوو ، موسڵمانان لەسەرەتاوە حاڵیـان باش نەبوو ، پابت کە ئەمەی دی وتی : ئێمە لـە سەردەمی پێغەمبـەردا (د.خ)ئـاوا نەدەجـەنگاین ، ئێوە خراپ هاوەڵـەکانتان ڕاهێناوە ، خوایە من بەریم لەوەی کە ئەو بڕوادارانـە دەیکـەن ، ئنجـا زۆر قارەمانانە جەنگا هەتا شەهید بوو..

نۆیەم /هەواڵدانی حـەزرەت (د.خ)بـەوەی کـە فاتمـەی کچی یەکـەم کەسـە پێـی دەگاتـەوە لـەدوای وەفاتی : لـەدوا ڕۆژەکانی تەمەنی پیرۆزی حەزرەت دا (د.خ)،کە نەخۆش بـوو لــەماڵی عائیشــە ، حەزرەت (د.خ)ناردی بەدوای فاتمەی کچیداو شـتێکی چـرپاند بـە گوێیـدا ، فاتمـە دەسـتی کـرد بەگریان ، پاشان شتێکی تری چرپاندەوە بەگوێیدا ، دەستی کرد بە پێکەنین ، عائیشە دەڵێت : کە دوایی پرسیارمان کرد لـە فاتمە لـەبارەی ئەو پێکـەنین وگریانـەوە وتـی : پێغەمبـەر (د.خ)چـرپاندی بەگوێمداو فەرمووی: لـەم نەخۆشیەدا دەمرم ، منیش بەوە گریام ، پاشـان چـرپاندی بەگوێمـدا و فەرمووی : کە من دوای خۆی یەکەم کەس دەبم پێی دەگەم ، بەم هەواڵـەش دڵخۆش بووم ..

شایانی باسە فاتمە دوای پێغەمبەر (د.خ)شەش مانگێك ژیاو یەکەم کەس بوو لـە ئەهلی پێغەمبەر (د.خ)کەپێ ی بگاتەوە ...(گولاوی سەرمۆر ل555) ...

ئیمامی نەوەوی دەڵێت : ئەمە موعجیزەیەکی دیاری حەزرەتە ، بگرە دوو موعجیزەشە ، یەکەم هەواڵی دایە کە فاتمە دەمێنی تا دوای حەزرەت (د.خ)، پاشان دووەمیش : کە فاتمە یەکەم کەس دەبێ دەگاتەوە بەحەزرەت (د.خ)...(شرح النووی لصحیح المسلم 77/12)

دەیەم/ هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەفەتحی مەدائین :

موسلیم ڕیوایەتی کردووەکەحەزرەت(د.خ)دەفەرموێ : (لتفتحن عصابة من المسلمین او من المؤمنین کنوز کسرى التي في القصر الأبیض)(حدیث صحیح). واتە : کۆمەڵێ لـەبڕواداران فەتحی(مەدائین)دەکەن و دەست دەگرن بەسەر زێڕو زیوو موجەوهەراتی کیسرادا کە لـەکۆشکی سپی دایە ...

ئەم هەواڵەش هاتەدی لەساڵی شانزەی کۆچیدا ، کە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص فەتحی شاری (مەدائین)ی کردو فارسەکانی شکاندو کۆشکی سپیکیسراش هەرچیتیابوولەسامان وزێڕو زیوو بووە غەنیمەتی موسڵمانان.

یانزەیەم / هەواڵ دانی حەزرەت (د.خ)بەشەهیدبوونی ئوم حیرام :

ئوم حیرام دەڵێ گوێم لەحەزرەت بوو **(د.خ)**فەرمووی:(أول جيش من أمتي يغزون البحر قد أوجبوا ، قالت أم حرام قلت يارسول الله أنا فيهم ، قال : أنتِ فيهم ، ثم قال النبي **(د.خ)**: أول جيش من أمتي يغزون مدينة قيصر مغفور لهم ،فقلت أنا فيهم يارسول الله ، قال : لا)(اتفق عليه الشيخان).

واتە : یەکەم سوپایەك لە ئوممەتم کەغەزا دەکەن و دەچنە بەحرەوە ، بەهەشتیان بەدەست هێناوە ، ئوم حیرام وتی : منیان تیام ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی : بەڵێ تۆیان لە گەڵدای ..

ئنجا فەرمووی : یەکەم سوپایەك لە ئوممەتم کە هەوڵی گرتنی شاری قیصر دەدەن واتە (استنبول) خوا لێیانخۆش بووە،وتم:ئەی پێغەمبەری خوا **(د.خ)**منیان لەگەڵدام فەرمووی نەخێر...

یەکەم :ئەم فەرموودەیە هەواڵ ئەدات بەدروستکردنی کەشتی جەنگ و چوونە ناو دەریاوە کە ئەمەش لەسەردەمی معاویەی کوڕی ئەبوسفیان دا هاتە دی لەساڵی (27)ی کۆچی کە چوون فەتحی قبرص بکەن ..

دووەم :هەواڵ ئەدات بەوەی کە (ام حیرام)دەمێنی تائەوکاتەو بەشداری دەکات لەوچوونە ناو دەریایە ، بەڵێ ..أم حیرام لەگەڵ عبادەی کوڕی صامت ی مێردی چوونە ناو ئەوکەشتیەوەو چوون بەرەو فەتحی (قبرص)،کە لە گوێ دەریاکە دابەزین (أم حیرام)لەسەر ولاخ کەوتە خوارەوەو شەهید بوو ، قەبرەکەشی تائێستا ماوە لەو شوێنەدا ...

سێیەم:هەواڵدانی تیایە بە غەزاکردنی(قسطنطنية/استنبول)کە ئەمەش لەزەمانی یەزیدی کوڕی موعاویەدا هەوڵی بۆ دراو لە زەمانی (محمد فاتح)دا بەیەکجاری فەتح کرا .

دوانزەیەم/هەواڵدانی حەزرەت (د.خ) بە ڕوودانی فیتنەوشەهیدبوونی عوسمان :

ئیبن عومەر دەڵێ : حەرزەت (د.خ)باسی فیتنەیەکی کردو فەرمووی (ئەمە(واتەعوسمان) تیایا بە مەزڵومی دەکوژرێ(حديث حسن /ترمذی و أحمد ڕیوایەتیان کردووە).. ئەم هەواڵەش هاتەدی

لەساڵی 35ی کۆچیدا لەئەنجامی فیتنەو ئاشوبێك کەبەرپابوو،سەرەنجام حەزرەتی عوسمان شەهید بوو ، وە بەمەزڵومی سەری نایەوە .

سیانزەیەم /هەواڵدانی حەزرەت (د.خ) بەشەهید بوونی عەمماری کوڕی یاسر :

حەزرەت **(د.خ)**بەعەمماری کوڕی یاسری فەرموو (ابشر عمار تقتلك الفئة الباغية)(حديث صحيح /ترمذی ڕیوایەتی کردووە) واتە:مژدەت لێبێت عەممار کۆمەڵ و دەستەی دەرچوو لە فەرمانی ئیمام شەهیدت دەکەن ..

ئەم هەواڵەش هاتەدی لە ساڵی 37 ی کۆچیدا لەجەنگی صفین دا ، لە ئەنجامی ئەوەی کەحەزرەتی عوسمان لەلایەن ئاژاوە گێڕانەوە شەهید کراو پێشەوا علی بووە ئەمیری موسڵمانان و کۆمەڵێ لەهاوەڵان لەژێر سەرکردایەتی (معاویە)دا داوای خوێنی (عوسمان)یان دەکردو دەیانویست بەپەلە تۆڵە لە تاوانباران بسەنرێ ، پێشەوا عەلیش ڕای وابوو کەئەو کارە بەپەلە نابێت و چاوەڕێی باروزروفی دەکرد ،سەرەنجام سوپای پێشەوا عەلی ومعاویە بەهۆی ئاژاوە گێڕانەوە دایان بەیەکداو ژمارەیەکی زۆر موسڵمان شەهید بوون .

یەکێ لەوانە عەممار بوو ، جا لەبەرئەوەی هاوەڵان ئەم فەرموودەیەیان دەزانی ، بە شەهید بوونی عەممار کە لەگەڵ سوپای پێشەوا عەلی دا بوو ، خەڵکی دڵنیا بوون کەتاقمی معاویە باغین و لەفەرمانی ئیمام دەرچوون و ئیجتهادەکەیان هەڵەیە .. لە فەرموودەیەکی تریشدا حەزرەت **(د.خ)**بەعەممار دەفەرموێت:(آخر شربة تشربها من الدنيا شربة لبن)(حديث صحيح /ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە) واتە : ئەی عەممار دوا خواردنەوەت لە دنیادا شیرە کە دەیخۆیتەوە.

جاکاتێ لە (صفین)دا ، شیریان هێنا بۆ عەممار و خواردیەوە ، پێکەنی ، وتیان بەچی پێدەکەنی؟؟ ئەو فەرموودەیەی گێڕایەوە ، ئیتر چووە ناو شەڕەکەوەو پاشماوەیەك شەهیدبوو،بەمەش هەواڵەکەیحەزرەت **(د.خ)**هاتەدی کە دواهەمین خوردنەوەی عەممار شیردەبێت لە دنیادا پێش شەهید بوونی .

چواردەیەم/هەواڵدانی حەزرەت(د.خ)بەڕێکەوتنی نێوان حەسەن ومعاویە: پێغەمبەر **(د.خ)**لەسەر مینبەر بوو ، حەسەنیش لەلایەوە بوو ، جارێك سەیری خەڵکەکەی دەکردو جارێکیش سەیری حەسەن و فەرمووی : (ابني هذاسيدولعل الله أن يُصلح به بين فئتين من المسلمين)(بخاری)واتە : ئەم کوڕەی من سەیدەو ڕەنگە خوا سوڵحی نێوان دوو دەستەی گەورەی موسڵمانانی پێبکات .

ئەم هەواڵەش هاتەدی لەساڵی چل ی کۆچیدا بەوەی کە کاتێك حەزرەتی عەلی شەهید کرا و پێشەوا حەسەن هاتەجێی ، ناوبراو دەستی لەخەلافەت هەڵگرت بۆ معاویە کە کاربەدەستی شام بوو ، ئەم ساڵەش ناونرا ساڵی یەکڕیزی موسڵمانان (عام الجماعة)...

پانزەیەم /هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەماوەی خەلافەتی ڕاشیدین :

حەزرەت **(د.خ)**دەفەرموێت : (خلافة النبوة ثلاثون سنة ثم يؤتي الله الملك أو ملكه مَن يشاء)أبو داود /حديث حسن/ واتە : خەلافەتی نبوەت سی ساڵەو پاشان خوای گەورە موڵکەکەی دەدا بەهەرکەسیێ بیەوێت ... ئەمەش هەروەك هەواڵەکانی تربەتەواوەتی هاتەدی، خەلافەتی ئەبوبەکر لە ساڵی یانزەی کۆچی یەوە دەستی پێکرد تاساڵی چلی کۆچی کەپێشەوا حەسەن کوڕی عەلی وازی هێنا لەخەلافەت بۆ معاویەی کوڕی ئەبی سفیان ..

ساڵەکانی حوکمڕانی خەلیفەکانی ڕاشیدینیش بەم جۆرە بوو :

ئەبو بەکر دووساڵ و سیێ مانگ و دەڕۆژ.

عومەر دەساڵ و شەش مانگ و هەشت ڕۆژ

عوسمان یانزەساڵ و یانزەمانگ و نۆ ڕۆژ

علی چوارساڵ و نۆ مانگ و حەوت ڕۆژ

حەسەن نزیکەی شەش مانگ و

دەکاتە (27)ساڵ و (35)مانگ و (34)ڕۆژ

کەبەمەش دەکاتە سی ساڵ و چوار پێنج ڕۆژ کە ئەمەش ڕەنگە (تداخل)ی ڕۆژەکان بێت.

شانزەیەم /هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەمانەوەی عبداللە ی کوڕی سەلام لەسەر ئیسلامەتی تامردن : قەیس کوڕی عباد دەڵێ: لەمزگەوتی مەدینە دانیشتبووم ، پیاوێك هاتە ژوورەوەو نیشانەی خشوع لەسەر دەموچاوی بوو ، خەڵکی وتیان : ئەم پیاوە لەئەهلی بەهەشتە ، پیاوەکە دوورکات نوێژی سوننەتی کرد بەخێرایی و چووە دەرەوە ، منیش شوێنی کەوتم ، پێم وت : تۆ کە هاتیتە ناو مزگەوتەوە وتیان : ئەم پیاوە لەئەهلی بەهەشتە ، ئەویش وتی : بەخوا نابێ کەسێ شتێ بڵێ کەنەیزانێ ، ئێستا پێت دەڵێم ئەوە لەچییەوە هاتووە ، من خەوێکم دی لەسەردەمی حەزرەتدا **(د.خ)**و بۆم گێڕایەوە ، لەخەوما لە باخێکی گەورەو خۆش دابووم ، لە ناوڕاستیا عەموودێکی ئاسن هەبوو کە خوارەوەی لە زەویدا چەقابوو ، سەرەوەشی لەئاسمانا بوو ،

لەسەرەوەی قوڵفێکی پێوە بوو پێم وترا پیاسەرکەوە،وتم:ناتوانم،خزمەتکارێك هات و لـە پشـتەوە جلەکانی بۆ کۆکردمەوە و یارمەتی دام سەرکەوتم و دەستم گرت بەقوڵفەکەیـەوە ، دەسـتم بـە قوڵفەکەوە بوو خەبەرم بووەوە . کە ئەمـەم بـۆ حـەزرەت **(د.خ)**گێڕایـەوە فـەرمووی : ئەوباخـە ئیسلامەو ئەو عەمودەش عەموودی ئیسلامەو ئەو قوڵفە (عروە)یـە (عـروة الـوثقى)یـە ، تـۆ لـەسـەر ئیسلام دەبیت تادەمریت.(ئەوپیاوە عبدالله ی کوڕی سـەلام)بـوو /ئـەم فەرموودەیـە (صـحیح)ەو بخاری و مسلم ڕیوایەتیان کردووە . .

ئەم هەواڵەش هاتەدی ، عبدالله ی کوڕی سەلام سی وسیّ ساڵ دوای حەزرەت **(د.خ)**ژیاو بەموسڵمانی لەمەدینە وەفاتی کرد لەساڵی چل و سیّ ی کۆچی دا ...

حەڤدەیەم /هەواڵدانی حەزرەت (د.خ) بەتەمەن درێژی سەعدی کوڕی ئەبی وقاص : سەعد دەڵیّ :لـەمەککە (پاش فەتح کردنی)نەخۆش کەوتم و حەزرەت **(د.خ)**سەری دام ، ئەو حەزی نەدەکرد کە بمرێت لـەوشوێنەی کە کۆچی کردووە لـێی و فەرمووی :خوا ڕەحم بکات بە (ابن عفراء)(کە لـە مەککەدا کۆچی دوایی کرد)... وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ئەمەویّ ماڵەکەم هەمووی بکەم بەخێر ،فەرمووی : ناوامەکە ، وتم : نیوەی دەکەم بەخێر ، فەرمووی : نابیّ ، وتم : یەك لـەسەر سێی دەکەم بەخێر ، فەرمووی یەك لـەسەرسیّ باشەو زۆریشە ، تۆئەگەر مناڵەکەت بە دەوڵەمەندی بەجیّ بهێڵی باشترە لـەوەی کە بە هەژاری بەجیّیان بهێڵی و دەست لـەخەڵك پان بکەنەوە ، جاتۆ هەرچیش بۆ خۆت وماڵ ومناڵیش خەرج بکەی هەرخێرە،تەنانەت ئەو پاروەش کە دەیکەیت بەدەمی هاوسەرەکەتەوە هەربەچاکە بۆت دەنوسرێت ، جاتۆش ڕەنگەخوا بتهێڵیّ و تەمەن درێژت بکات تا کەسانێك سوودمەندبن لـێت و کەسانێکیش زیانیان پێبگات.. (صحیح مسلم).

بەڵیّ ..سەعد دەترسا لـەمەککە بمرێت لـەو نەخۆشیەداو ، کەچی حەرزەت **(د.خ)**نەی هێشت وەسیەت بکاو ماڵەکەی هەمووی ببەخشیّ و فەرمووی کە تۆ دەمێنی ، ئەوەبوو پەنجا ساڵێکی تر ژیاو ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لـە فتوحاتی ئیسلامیداو کەسانێکی زۆر بەهۆیەوە موسڵمان بوون کە بەمەش سوودمەند بوون ، کەسانێکیش کە بڕوایان نەهێنا و دژایەتیان کرد تیاچوون و زیانمەندبوون .

هەژدەیەم / هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەشەهید بوونی (حسین): حەزرەت**(د.خ)**ڕۆژیّ بەیەکیّ لـەخێزانەکانی فەرموو : (مەلائیکەتێك هاتە لام لـەماڵەوە ، کە هەرگیز لـەوەوبەر نەهاتووە ، پێی

وتم : ئەم کورەی تۆ (حسین)شەهید دەبێ و ، ئەگەر دەتەوێ ئەو گڵەشت پیشان دەدەم کە لە سەری شەهید دەبێ ، ئنجا گڵێکی سووورباوی پیشان دام .(صحیح)ەو ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، ئەم هەواڵەش لە ساڵی شەست و یەکی کۆچیداهاتەدیو لە کەربەلا شەهید کرا لەگەڵ حەڤدەکەس لەئەهلی (بیت). ل 128نبؤات الرسول ماتحقق منها وما يتحقق.

نۆزدەیەم /هەوڵ دانی حەزرەت (د.خ)بەکوێر بوونی زەیدی کوڕی ئەرقەم :

ڕۆژێك حەزرەت **(د.خ)**سەردانی زەیدی کوڕی ئەرقەمی کرد کە نەخۆش بوو ، پێی فەرموو : ئەم ناساغیەت هیچ نیە ، بەڵام چۆن دەبێ ئەگەر دوای من تەمەن درێژ بیت و کوێر ببی ، زەید وتی : کەواتە ئارام دەگرم و چاوەڕێی پاداشتی خوا دەکەم ، ئەویش فەرمووی : کەوابێ بەبێ حساب دەچیتە بەهەشتەوە . (حديث حسن)رواه طبراني وأحمد/ ئەم هەواڵەی حەزرەتیش **(د.خ)**هاتەدی و زەید بەو نەخۆشی یە هیچی لێ نەهات و چەندەها ساڵ ژیا دوای حەزرەت و پاشان لەساڵانی دوایی تەمەنیشی دا کوێر بوو ...

بیستەم/هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەوەی کە (محمد کوڕی مەسلەمە) فیتنە کاری تێناکات:
حوزەیفەی یەمانی (کاتم سرِی)پێغەمبەر بوو **(د.خ)**، وتی : هەرکەس بگاتە زەمانی فیتنە من دەترسم لێی کەتێوە بگلێ و کاری تێبکات ، تەنها محمدی کوڕی مەسلەمە نەبێت کە گوێم لێ بوو حەزرەت **(د.خ)** پێی فەرموو: تۆ فیتنەکارت تێناکات وزیانت پێناگەیەنێت(حاکم ڕیوایەتی کردووەو صحیح)ە.

هەرواش دەرچوو کە حەزرەت **(د.خ)**فەرمووی ، لەزەمانی فیتنەکەدا ، محمدی کوڕی مەسلەمە لەجیاتی شمشێرەکەی ، شمشێرێکی تەختەی هەڵگرت و چووە ناوچەی (الربذة)و بەشداری هیچ لەئاژاوە و فیتنەی نەکردو پاشان گەڕایەوە مەدینە و لەساڵی (43)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد . ل131 / نبؤات الرسول.

بیست ویەك/هەواڵدانی حەزرەت (د.خ) بەشەهیدبوونی کۆمەڵێ لەهاوەڵانی : حەزرەت**(د.خ)** لەسەر کێوی(حراء) بوولەمەککە ، لەگەڵ ئەبوبەکرو عمرو عوسمان و علی و تەڵحەو زوبەیر ، کێوەکە لەرزی ، حەزرەت **(د.خ)**فەرمووی : ئارام بە ئەوەی لەسەرتە یان پێغەمبەرە یان (صدیق)ە یان شەهیدە (موسلیم).

جارێکی تریش لـه مەدینە ،حەزرەت **(د.خ)**و ئەبوبەکر و عمرو عوسمان لـەسەرکێوی ئوحود بوون و شاخەکە لـەرزەیەکی کرد ، حەزرەت **(د.خ)**هەمان شتی فەرموو (بخاری)..ل 134 نبؤات الرسول. ئەمەش موعجیزەیەکی گەورەیە ،یەکەم هەواڵـە بەوەیکە ئەبوبەکر(صدیق) ەوشەهید نابێ وئەوانی تر هەموو شەهید دەبن ، هەرواش دەرچوو کەحەزرەت**(د.خ)** فەرمووی ، ئەوهاوەڵانە هەموویان شەهید بوون ..

بیست و دوو / هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەماوەی تەمەنی عبدالله ی کوڕی بسر :

حەزرەت **(د.خ)**بە (عبداللە) ی کوڕی (بسر)ی فەرموو (کەمناڵ بوو): ئەم غولاٌمە(قـرن)یـك دەژی،(بالـوکـەش بەدەموچـاویەوە بـوو)فـەرمووی : ناشمرێـت هــەتا ئەوبالـوکانــەی دەموچــاوی لانەچێت/حاکم ڕیوایەتی کردووەو(صحیح)ە.ئەم هەواڵـەش هاتەدی بەوەی کە عبدالله ســەد ســاڵ ژیاو ئەوکاتەی مرد ئەو بالـوکانەی بەدەموچاوی یەوە بوو نەمان . ل 138 نبؤات الرسول .

بیست و سێ/ هەواڵدانی حەزرەت(د.خ)بەئاسایشی نیوەدوورگەی عەرەب :

عەدی کوڕی حاتەم دەڵێ : کاتێ لـەلای پێغەمبەر بووم **(د.خ)**پیاوێك هات وشەکوای هەژاریکرد،ئنجا یەکێکی تر هات و شەکوای لـە دزوجەردەی ڕێگا کرد ، حەزرەت **(د.خ)**فەرمووی :ئەی عەدی ئایا حیرەت بینیوە ؟ وتم: نەخێر نەمدیوە بەلاٌم بۆم باسکراوە ، فەرمووی :ئەگەر بمێنی دەبینی کە ئافرەتێك لـە (حیرە)وە دێت و تەوافی کەعبە دەکات و لـەخوا نەبێ لـەکەس ناترسێت .. (واتە:کەس ڕێی لێناگرێ و ئاسایش دەبێت)، منیش لـەدڵی خۆما وتم ئەی دزوجەردەکانی (طی)کە دنیایان سەرقاڵ کردووە چییان لێ دێت ..(بخاری گێڕاویەتیەوە)...

ئنجا پاش چەندەها ساڵ کە لـە سەردەمی خولـەفای ڕاشیدین دا هەموو نیوە دوورگە خیرایە ژێر ڕکێفی ئیسلامەوە ، عەدی وتی : بەڕاستی ئەوەتا دەبینم کە ئافرەتێك لـە (حیرە)وە لـەعێراق دێت بۆ تەوافی کەعبەو لـەخوا نەبێت لـەکەس ناترسێت ... (بخاري)ل145 نبؤات الرسول.

بیست و چوار / هەواڵدانی حەزرەت (د.خ)بەفەتحی ئیسلامی:

حەزرەت **(د.خ)**فەرمووی : زەمانێك دێت کۆمەڵێکی زۆر لـەخەڵکی غەزا دەکەن ، دەوترێت:هاوەڵی پێغەمبەرتان تیایە، دەڵێن :بەڵێ ، بەهۆی ئەوەوە فەتح دەکەن و سەردەکەون ، ئنجا زەمانێك دێت دەوترێت :کەسێکتان تیایە هاوەڵێتی ئەصحابی پێغەمبەری کردبێت ، دەوترێت : بەڵێ ، بەهۆی ئەو کەسەوە فەتحیان بۆ دەکرێت ، ئنجا زەمانێك دێت دەوترێت : کەسێکتان

تیایه هاوەڵێتی هاوەڵانی ئەصحابی پێغەمبەری کردبێت ، دەڵێن : بەڵێ ، بەهۆی ئەوەوە فەتحیان بۆ دەکرێت . بخاری ومسلم .

ئەمەش لەپاش وەفاتی حەزرەت (د.خ) هاتەدی بەوەی کەجیهادو بڵاوکردنەوەیئیسلام بەردەوام بوو ، ئنجا لەجەنگەکاندا بەهۆی یارانی پێغەمبەر (د.خ)یان هاوەڵی یارانی پێغەمبەر یان هاوەڵی هاوەڵی یارانی پێغەمبەرەوە (د.خ)فەتحیان بۆ دەکرا ، بۆنموونە :

کاتێك عەمری کوڕی عاص لەگەڵ (مقوقس)ڕووبەڕوو بووەوە لەمیسر ، زۆر لە موسڵمانان شکان و خۆیان نەگرت ، عەمر لۆمەی کردن و هانی دان لەسەر خۆ ڕاگری ، پیاوێکی یەمەنی پێی وت : ئێمە خۆ لە بەردو ئاسن دروست نەبووین !!

عەمر ڕووی لێوەرگێڕاو ئیهمالی کرد ، ئنجا بانگی کردە یارانی پێغەمبەر (د.خ)، کە کۆبوونەوە پێی وتن : پێشکەون خوا لە سەردەستی ئێوەدا سەرکەوتن دەدات بە موسڵمانان ، ئەوانیش پیاوانە جەنگان و خوا سەرکەوتنی دانێ. ل149نبؤات الرسول .

بیست وپێنج / هەواڵ دان بەفەتحی فارس و ڕۆم و نیوەدورگەی عەرەب ودەجال: حەزرەت (د.خ) بەهاوەڵانی فەرموو : غەزای نیوە دوورگەی عەرەب دەکەن و خوا بۆتان فەتح دەکات ، ئنجا غەزای دەجال دەکەن و بەسەر ئەویش دا سەردەکەون و خوا فەتحتان بۆ دەکات . (مسلم)ل150الوعود .

دیارە پاش چەندە سەدەیەك هەموو ئەوانە هاتنەدی و ماوەتەوە فیتنەی دەجال،کە ئیدیعای خوایەتی دەکات.خەڵکێکی زۆری پێدە خەڵەتێ و سەرەنجام لەسەردەستی موسڵماناندا بەسەرکردایەتی حەزرەتی (عیسا) سەلامی خوای لێبێت دەشکێت و لەناودەچێت ، ئەمەش بێگومان دێتەدی ، ئەوەی بگاتە ئەو زەمانە دەیبینێ ،چونکە ئەوە سیان لە هەواڵەکانی هاتنەدی ، چوارەمیش بەهەمان شێوە دێتە دی.

بیست و شەش / هەواڵدان بەبڵاوبوونەوەی سوو خواردن : حەزرەت(د.خ)دەفەرموێ: (لیأتین علی الناس زمان لایبقی منهم أحد إلا أكل الربا فمن لم یأكل اصابه من غبار)(ابن ماجة / حدیث صحیح)ل254 النبؤات. واتە:ڕۆژێك دێت کەس نامێنێ سووی نەخواردبێ،ئەوەش کەسووی نەخواردبێ پریشکی بەرکەوتووە (یان تۆزی سووی لێ نیشتووە)...

بەڕاستی ئەمەش موعجیزەیەکی گەورەیە،چونکە لە سەردەمی حەزرەتدا سووخواردن هەبووە بەڵام بەهۆی ئەوەیکەئیسلام جەنگێکی گەورەی بەرپاکرد دژی سووخۆری و حەرامی کرد تەواو کەم بۆوە ..

باشە کێ دەڵێ سەرهەڵدەداتەوە ؟ باشە ئەگەر سەریشی هەڵدایەوە چۆن ئاوا زۆر بڵاودەبێتەوە و هەموو کەس دەگرێتەوە ؟.

ئەگەر سەیری ئەم سەردەمەی خۆمان بکەین ڕاستێتی ئەم فەرموودەیە بەچاکی دەبینین ، ئەوەتا هەموو کاروباری بانقەکان لەسەر سووخواردن بەندەو خەڵکانێکی زۆر سڵ لەسوو خواردن ناکەنەوە و زۆر کەسیش ئەگەر ڕاستەوخۆ سوونەخوات پڕیشکی بەردەکەوێت .

بیست وحەوت/هەواڵدان بە پەیدابوونی ستەمکارو ئافرەتی داپۆشراوی ڕووت:

حەزرەت **(د.خ)**دەفەرموێت : (صنفان من أهل النار لم أرهما ، قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة لايدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا)موسليم.

ئەم فەرموودەیە باس لەدووکۆمەڵ دەکات کەپەیدادەبن ، کۆمەڵێکیان ئەوانەن کە ستەمکارن وبەقامچی کەهەروەك کلکی مانگایە سزای خەڵك دەدەن، کۆمەڵی دووەمیش ئافرەتانن کە داپۆشراوی ڕووتن ، هەرچەند بەناو جلیان لەبەردایە بەڵام لەبەرتەنکی یان تەسکی یان کورتی وەك هیچیان لەبەردا نەبێت وایە ، کە ئەمڕۆش لە هەمووکات زیاتر ئەم دیاردەیە دەبینین لەو مۆدەی جل و بەرگانەی کە هەر ڕۆژەی جۆرێکەو هەمووشی بۆ جوڵاندنی ئارەزووواتە و بۆ خۆشکردنی ئاگری فەسادە ..

بیست و هەشت/هەواڵدان بەنەمانی حوکمی ئیسلامی و پاشان نوێژکردن :

حەزرەت**(د.خ)**دەفەرموێت: (لينقضن عُرى الاسلام عروة عروة فكلما انتقضت عروة تشبث الناس بالتي تليها وأولهن نقضاً الحكم وآخرهن الصلاة)(أحمد/ حديث حسن)واتە:قوڵفەکانی خێمەی ئیسلامەتی یەك یەك دەپچڕێت ، هەرکاتێك یەکێکیان پچڕا خەڵکی دەست بەوی تریانەوە دەگرێ ، یەکەمیان حوکمە و دواهەمینیان نوێژە.

بەڕاستی هەروادەرچووە،خەلافەتی ئیسلامی ڕووخێنرا و دوژمنان هەر ڕۆژەو بیانوویەك بە ئیسلام دەگرن و خەڵکانێکی زۆریش وازیان لە نوێژ کردن هێناوە و تەنها بەناو موسڵمانن .

بیست و نۆ / هەواڵدان بە هێرشی دوژمنان بۆ سەر موسڵمانان : حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت :

﴿ یوشك الامم أن تداعى علیكم كما تداعى الأكلة إلى قصعتها ، فقال قائل : ومن قلة نحن یومئذ ؟ قال : بل انتم یومئذ كثیر ولكنكم غثاء كغثاء السیل ، ولینزعن الله من صدور عدوكم المهابة منكم ، ولیقذفن الله في قلوبكم الوهن ، فقال قائل : یارسول الله وما الوهن ، قال : حب الدنیا وكراهیة الموت﴾حدیث حسن/أبوداود .واتە :ڕۆژێك دێت گەلان هێرش دەكەنە سەرتان ، هەروەك چۆن كۆمەڵە وشترێكی برسی هێرش دەبەن بۆ ئالف و خواردنیان ، یەكێ وتی : لەو ڕۆژەدا لەبەركەمیمانە ئاوامان لێدێت ؟ فەرمووی : نەخێر ، بەڵكو ئێوە لەو ڕۆژەدا زۆرن ، بەڵام وەك كەف و پوش و پەڵاشی سەرلافاو وان و ، خوای گەورە ترستان و هەیبەتتان لە دڵی دوژمن دەردەكات و لاوازی (الوهن)دەخاتە دڵتانەوە ! یەكێوتی:ئەی پێغەمبەری خوا ئەو لاوازی (الوهن)ە چیە ؟ فەرمووی : خۆشەویستی دنیاو حەزنەكردنە لەمردن .

بەڕاستی ئەم فەرموودەیەش وەك ئەوانی تر هاتۆتەدی ، ئەوە حاڵی موسڵمانان كەچۆن دنیا سەرگەرمیان دەكاو حەزناكەن گیان فیدا بن و حەزناكەن بمرن لە ڕێی خوادا ، ئەمەش دیسان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە حەزرەت(د.خ)داهاتووی‌ئومەتەكەی و قۆناغەكانی ژیانیانی پیشاندراوە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە كە زانایە بە (غیب و شهادە)... ئەم ڕێنماییانەی حەزرەتیش (د.خ)بۆ ئەوە بووە كەموسڵمانان لەخۆیان تێبگەن و شارەزای دەردو نەخۆشیەكان بن و بتوانن چارەسەری بكەن و دوژمنان باشتر بناسن و نەخەڵەتێن بەفاكوفیكی ناحەزان و پڕوپاگەندەی پیاوانی شەیتان .

سی/هەواڵدان بەشوێنكەوتن و چاولێكردنی گاوروجوولەكە: حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت:

﴿ لتتبعن سنن من كان قبلكم شبراً بشبر ذراعاً بذراع حتى لو سلكوا جحر ضب لسلكتموه قلنا یارسول الله الیهود والنصارى؟؟ قال فمن﴾ بخاري ومسلم.. .

واتە : بەڕاستی شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەكەون بست بەبست و باڵ بەباڵ ،تەنانەت ئەگەر بچنە كونی بزن مژەشەوە دەچن بەدوایاندا ، وتمان ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)مەبەستت جوولەكەو گاورە ؟

فەرمووی :ئەی گوایە كێ ؟!

ئەمە خوێندنەوەیەکی داهاتووە،کەحەزرەت (د.خ)پێش زیاتر لەچوارده سەده ئاماژەی پێکردووە و سەد دەرسەدیش تەواوە،ئەوەتا جوولەکە و گاور کۆڵنادەن(ولن ترضى عنك اليهود ولاالنصارى حتى تتبع ملتهم) البقرة120 ، نەگاور نەجوولەکە لێت ناگەرێن ورازی نابن تادوایان نەکەوی ، بۆئەم شوێنکەوتنەش بەملیارەها دۆلار سەرف دەکرێ و هەرچی هۆکاریش هەیەخراونەتەکار لە کەناڵە فەزاییەکان و رۆژنامەو گۆڤارەکان پروپاگەندەی ئەڵقەلەگوێکان و کرێنی خەڵکان (يصبحُ الرجل مؤمناً وُيمسي كافرا يبيع دينه بعرض من الدنيا) بەیانی کابرا موسڵمانە و ئێوارە دەبێتە کافرو ئاینەکەی دەفرۆشێت بەدنیا.

سی ویەك / هەواڵدان بەپەیدابوونی کەسانێك کەلافی پێغەمبەرایەتی لێئەدەن :

حەزرەت(د.خ) دەفەرموێت: (لاتقوم الساعة حتى يبعث دجالون كذابون قريب من ثلاثين كلهم يزعم انه رسول الله)بخاری ومسلم...واتە :قیامەت نایەت تاوەکو نزیکەی سی دەجالی درۆزن پەیدا نەبێت کەخۆیان بەپێغەمبەر دەزانن ،ئەمەش هاتۆتەدی لەزەمانی حەزرەتەوە (د.خ)تائەمرۆ کەئەوانەی ناویان هەیەو کاریگەرێکیان بووە نزیکەی سی کەسێك دەبن وەك (اسود العنسي، مسيلمة الكذاب) کەهەرزوو لەزەمانی حەزرەتدا (د.خ)پەیدا بوون ، لەم سەردەمەی خۆشماندا (بابی و بهائی و قادیانی)سێ نموونەن لەم بوارەدا و کەسانێك هەن کە تائێستا پێیان خەڵەتاون..

سی و دوو / هەواڵدان بەبوونی ئەهلی خێر لەهەموو زەمانێکدا :

حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت: (لاتزال طائفة من أمتي ظاهرين حتى يأتيهم أمرالله وهم ظاهرون)بخاري/ واتە: کۆمەڵێ لەئومەتم لەسەر ئیمان و ئیسلامەتی دامەزراو دەبن تائەوکاتەی کەخوای گەورە بایەك دەنێرێ و پێش قیامەت هەرچی برواداره دەیباتەوە و ئەهوالی قیامەت بەسەر بێ برواکاندا دێت.

ئەمەش بەڵگەیە کەخوا نوری ئیسلام درێژە پێدەدات و کۆمەڵێك هەردەبن سەرمەشق بن بۆ ئەوەی هەرچی هەقی بوێ چاویان لێ بکات .

سی وسێ / هەواڵدان بەتازەبوونەوە و(تجديد) ی ئیسلام :

حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت : (إنّ الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها)(أبو داود /صحيح). واتە: خوای گەورە بەراستی هەموو سەری سەدساڵێك کەسێك دەنێرێت کە دینی خوا تازە بکاتەوە و موسڵمانان هوشیار بکاتەوەو ببێتە (مجدد) بۆیان ، ئەمەش بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی دەیبینین وەك (حسن البصری،عومەر عبدالعزيز ، عبدالقادری گیلانی ، مەودودی ، بەننا).

گەشبینی پەروەردەی ئیسلامی

حەزرەت **(د.خ)**هەرچی پێویست بێت بەئوممەتی گەیاندووە، بۆیە دەست گرتن بەقورئان و سوننەتەوە ، مایەی ڕزگاری وسەرفرازی یە لـەهەموو کات و شوێنێکدا، وتمان حەزرەت **(د.خ)** باسی فیتنەوئاشوبی بۆموسڵمانان کردووە تابەرچاو ڕوون بن و بزانن چۆن مامەڵەی لـەگەڵدا بکەن .

ئەم باسی فیتنە و ئاشووبەش بۆ ئەوەنەبووە کە بڕوادار بێ هیوابێت و بڵێ : تازە کارلـەکار ترازاوە و چیمان بۆدەکرێت ؟ نەخێر ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆئەوە بووە کەهەمووی بەیەکەوە سەیر بکرێ و لـەهەموو گۆشەکانیەوە بخوێنرێتەوە ، واتە نابێ یەکێ فەرموودەیەك بێنێ لـەبارەی فیتنەوەو بێ هیوابێ ... چونکە چەندەها فەرموودەی تریشمان هەیە کەباس لـەداهاتوویەکی گەش دەکەن بۆ ئیسلام و باس لـەزاڵبوونی موسڵمانان دەکەن بەسەر ئەو کۆسپانەدا ...

ئیبن عباس دەڵێت : (كان رسول الله **(د.خ)** يتفاءل ولا يتطير)واتە : هەمیشە پێغەمبەر **(د.خ)**گەشبین بووەو هەرگیز بێ هیوا نەبووە .

ئەوەتا لـەگەرمـەی نارەحـەتی وفشـاری دوژمنـان دا گـەش بینـەو بـەنووری پێغەمبەرایـەتی دەروانێتە دنیاو ڕووداوەکان و دەفەرموێت : (والذي نفسي بيده ليفرجن الله عنكم ماترون مِـن الشِـدة ، وإنـي لأرجو أن أطوف بالبيت العتيق آمنا، وأن يدفع الله إلي مفاتيح الكعبة ، وليهلكن الله كسرى وقيصـر ، ولتـنفقن كنوزهمـا في سبيل الله) بخارى ومسلم ، واتــە : بــەو خوایــەی گیــانی منــی بەدەســتە بــەدڵنیایی خوائــەم نارەحــەتی وفشارانەمان لـەسەرهەڵدەگرێت کەدەیبینن ، وە من هیوادارم کــە بــێ تــرس و بەئــەمینی تــەوافی کەعبەبکەم و خوای گەورە کلیلـەکانی کەعبە بداتە دەستم ، وە هەروەها خوای گەورە کیســراو قەیسەر لـەناوبەرێت و ماڵ و سامانیان بەخت بکەن لـە ڕێی خوادا.

مەشخەڵدارانی پەیامی خوا

مەشخەڵدارانی پەیامی خوا دەست بەدەست ئەم بەرنامەیە دەگەیەنن و خۆری ئیسلام ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەم بشــگیرێت ، هــەرگیز ئاوانابێــت تــاوەکو ژیــان لــەم ســەرزەوی یــەدا مابێــت حەزرەت**(د.خ)**دەفەرموێت : (لا تزال طائفة من أمتي قائمة بأمر الله لا يضرهم من خذلهم أو خالفهم حتى يأتي أمر الله وهم ظاهرون على الناس) مسـلم. واتە : بەردەوام کۆمەڵێ لـەئومەتم هەڵدەستن بە گەیاندنی بەرنامــەی خواو زیانیان پێناگەیەنێ ئەوانەی کەپشتیان ناگرن یان دژایەتیان دەکەن ، تاوەکو قیامەت دێـت و

ئەوان لەناو خەڵكا دیارن و ناتوێنەوەو هەمیشە سەر مەشقن .. لە فەرموودەیەكی تریش دا دەفەرمویّت : (لایزال الله یغرس في هذا الذین غرساً یستعملهم في طاعته)ابن ماجه وأحمد وابن حبان. واتە: بەردەوام خوای پەروەدگار كۆمەڵە كەسانێك دێنیّ كە لەخزمەت بەرنامەی خوادابن و كاری بۆ بكەن ..

بڵاوبوونەوەی ئیسلام

لە لێكۆڵینەوەیەكدا كە بە سەرپەرشتی ئەزهەر كرا دەركەوت كرداره سەربازی یەكانی پێغەمبەر **(د.خ)**نزیكەی هەشتا غەزاو سریە بووە وتەنها لەحەوتیاندا شەڕ ڕووی داوەو ، لەهەموو ئەو شەڕانەش دا لەموسڵمانان سەدو سی و نۆكەس شەهید بوون و لەكافرانیش سەدو دوانزەكەس ، وەهەمووی دەكاتە دووسەدو پەنجاویەك كەس ، كەنزیكەی ژمارەی ئەوكەسانەیە كە لەڕووداوی ئوتومبیلدا لەشارێكی مام ناوەندی دا لەناو دەچن لەساڵێكدا.

بەڵێ .. ئیسلام بەنیوە دوورگەی عەرەبدا بڵاوبۆوە بە ڕێنمایی حەزرەت **(د.خ)**كەنابیّ ئافرەت و منالّ و پیروپەككەوتە بكوژرێت و دەبیّ دەستپارێزن مەگەر كەسێك كە بەفیعلی ڕووبەڕوویان ببێتەوە ..

دوژمنان پڕوپاگەندە دەكەن كەئیسلام بەزۆر و بەشمشێر بڵاوبۆتەوە كەچی لەڕاستیدا وانەبووە ،ئەوەتالەسەد ساڵی یەكەمی هیجرەتدا ڕێژەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە دەرەوەی نیوەدوورگەی عەرەبدا بەم شێوەیە بووە :

لە وڵاتی فارس ڕێژەی موسڵمانان لەسەدا پێنج بووە (5٪).

لە وڵاتی عێراق ڕێژەی موسڵمانان لەسەدا سیّ بووە (3٪) .

لە وڵاتی سوریا ڕێژەی موسڵمانان لەسەدا دوو بووە (2٪) .

لە وڵاتی مصر ڕێژەی موسڵمانان لەسەدا دووبووە (2٪) .

لەوڵاتیئەندەلوسیش دا ڕێژەی موسڵمانان كەمتر بووە لەسەدایەك (1٪)

ئیسلام لەو ڕێژە كەمەوە وردەوردە بەكاریگەری بەهێزی لەسەردڵ و دەروون خەڵكانێكی زۆری كێش كرد بەرەو ئیسلام تاوەكو ڕێژەی لەو وڵاتانەدا لەم ساڵانەدا بوو بە لە سەدا بیست و پێنج (25٪).

لەئێران لەساڵی (185)ك .

لەعێراق لەساڵی (225)ك .

لەسوريە لەساڵی(275)ك .

لەميسر لەساڵی (275)ك .

لەئەندەلوس لەساڵی (295)ك .

پاش هەوڵ وكۆششێكی زۆری تر هەر بەكاريگەری خوورەوشتی جوان و هەر بە موعجيزەی قورئان وفەرمووده ڕێژەی هاتنی خەڵك زياتر بوو بەرەو ئيسلام تا گەيشتە لەسەدا پەنجا (50٪)لەو ولاّتانەدا بەم شێوەيە :

لەئێران لەساڵی (235)ك

لەعێراق لەساڵی (280)ك

لەسوريە لەساڵی (330)ك

لەميسر لەساڵی (330)ك

لەئەندەلوس لەساڵی (335)ك

پاش چەندەها ساڵی تر ڕێژەی ئيسلام گەيشتە (75٪) بەم شێوەيە :

لەئێران لەساڵی (280)ك

لەعێراق لەساڵی (320)ك

لەسوريە لەساڵی (385)ك

لەمصر لەساڵی (385)ك

لەئەندەلوس لەساڵی (400)ك

كەواتە خەڵكی بەزۆر و بە شمشێر نەبوون بە موسڵمان بەڵكو زۆر بە لەسەرخۆيی بلاّوبۆتەوەوهەرئەوەندەیحكومەت و دەسەلاّتدارە تاغووتەكان نەمان وموسڵمانان ئەو بەربەستەيان شكاندو خەڵكی ئازاد بوون ئيتر خەڵكی هاتن بەرەو ئيسلام ..

ئاشكرايە لەئيسلامدازۆركردن نيە﴿وقل الحق من ربكم فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر ﴾(الكهف:29) وه ﴿لا إكراه في الدين قد تبين الرشدُ من الغي فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى لا أنفصام لها والله سميع عليم ﴾(البقرة :256)

واتە: پێيان بڵێ هەق وڕاستی لە پەروەردگارتانەوەيە،هەركەس دەيەوێ بابڕوابهێنێ و هەركەس نايەوێ بابڕوانەهێنی .

(زۆرکردن نیه لـه وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا،چونکه بەڕاستی ڕێبازی چـاك ودروسـت ڕوون و ئاشکرا بووەوجیابۆتەوە لـه گومڕایی و سەرکەشی ، جائەوەی باوەڕی نەبێت بە تاغوت و باوەڕی دامەزراو بێنێت بەخوا ، جابێگومان ئەو کەسە دەسـتی گرتـووە بـە بـەهێزترین هۆکـاری ڕزگارییەوە ، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کـەوتووە کەپسـانی بۆنیـەو هەڵناوەشـێ ، خـوایش بیسەرو زانایە).

ڕەنگە یەکێك بڵێ ئەی ئەو جەنگانەی ڕوویان دا لـەگەڵ عەرەب و فـارس و ڕۆم دا بۆچـی بوو ؟! دەڵێین: هەریەکە لـەدەسەڵاتدارانی عەرەب و دەسەڵاتدارانی فارس و ڕۆم ڕێگربوون لـەبەر ئیسلامدا کە خەڵکی بەئازادی بیبیستن و بەئازادی دوای بکەون ، واتە ئەوانە بەربەست بوون لـە ڕێی ئازادی فیکری خەڵکدا .. ئیسلامیش بەفەرمانی خوا ئەو بەربەستانەی لابرد .. بەڵام هەرگیز گەلانی قڕنەکردوهەرگیز بە زۆر خەڵکی نەکردبە موسڵمان،چونکە بڕواهێنان لـە دڵدایەو کـەس ناتوانێ بەزۆر فەرزی بکات و بیسەپێنێ .. شایەتیش بۆئەم ڕاستی یە ، ئەوەتا کەنیسەکان و شوێنی پەرستشەکانی ئاینەکانی تر تائێستا ماون ،ئەوەتا شوێن کەوتەی ئاینـەکانی تـر لــە دێـر زەمانـەوە تائێستا ماون و زۆر بەشیان دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کەئیسلام بەزۆر بڵاونەبۆتەوە ، بەپێچـەوانەی خەڵکانی ترەوە کەبەئاگرو ئاسن لـەگەڵ غەیری خۆیان مامەڵـەیان کردووە ، ئـەوە جـەنگی خـاچ پەرستان ، ئەوە (محاكم التفتيش)لەئەندەلوس ، ئەوە ئیستعماری ڕۆژئاوا ، ئەوە جـەنگی جیهـانی یەکەم و دووەم کەزیاتر لـە (50)ملیۆن کەسی تیاکوژرا و بەملیۆنەها ئـافرەت و منـاڵ بـێ کـەس مانەوە!

ئاشکراشە کەئەمریکیەکان چی ئەفریقی داماویان ڕفاندو کردیانن بەکۆیلــە لای خۆیـان و کڕین وفرۆشتنیان پێوەکردن ، کەخاڵێکی ڕەشە بەناوچەوانیانەوە ومێژووش هەمووی لـەسەر تۆمار کردوون ..

ئەوە ڕووسیای ڕووسیاش کە نزیکەی (25)ملیـۆن موسـڵمانیان لـەناوبرد لــە زیندانـەکان ولـەسیبریادا کە بەزۆر دەیانویست سەرکوتیان بکەن و ئاینەکەیان پێبگۆڕن .

یان قەتڵ و عامی ئەمریکی یەکان لـەڤێتنام کە نزیکەی سێ ملیۆن کەس بـەخۆڕایی کـوژرا ،ئەوەش هێرۆشیماو ناکازاکی و ڕەفتاریان لـەوڵاتانی تر خۆتان حەکەم بن ..

بەڕاستی زۆر سەیرو سەمەرەیە ئەوەی دەستی بـەخوێن سـوورە دەیـەوێت ئیسـلام تۆمـەتبار بکات و دەستە چەورەکەی بەپاکترین و بەڕێزترین بەرنامەدا بسوێت و هەروا بەقاڵـەی دەم لێـی دەرچێت !

خۆری شارستانێتی یەکی نوێ وا هەڵدێ !

* بیریار ماکنیل دەڵێت (شارستانیەتی خۆرئاوا لـەم دواییانەدا وەکو وەحشێکی لێهاتووە ، کەئەوەندە دڕندەبووە پەلاماری هەموو مەعنەویاتێك دەدات وهەموو بەها بەرزو بالاکان دەشکێنێ و ئنجا چنگی ئالاندۆتە ڕیخۆڵـەکانی خۆی و لـەوەدایە خۆی لـەناوبەرێت)ل 481المعجزە المتجددە ..

شبلنجر دەڵێت (ژیارەکان دەوراتی فەلـەکیان هەیە ، لێرە ئاوا دەبێت لـە شوێنێکی تر هەڵدێت، شارستانێتیەکی نوێ خەریکە هەڵدێت لـەجوانترین شێوەدا کە ئەویش شارستانیەتی ئیسلامەکە گەورەترین توانای جیهانی ڕۆحی پاکی هەیە)ل 480المعجزە .

*بیریاری فەڕەنسی دیباسکیە دەڵێت : (بەڕاستی ڕۆژئاوا ئیسلامی نەناسیوەو، هەر لـەسەرەتاوە ڕۆژئاوا چۆتە بەرەی دژایەتیەوەو کۆڵی نەداوە لـە بوختان کردن بۆی ، ئەمەش بۆ ئەوەی بیانووی بەدەستەوە بێت بجەنگێ لـەگەڵیا ، ئەمەش وای کردووە لـەعەقڵیەتی ڕۆژئاوادا بیروبۆچوونی ناڕاست بچەسپێ ، بێگومانیش تەنها یەکخواناسیەکەی ئیسلامە کە جیهانی سەردەم ڕزگار بکات لـەسەر گەردانیەکانی ژیاری ماددی سەردەم کەئەگەر بەردەوام ببێت مرۆڤایەتی لـەناو دەبات)..

* برنارد شو لـە بەریتانیاوە بەهەموو جیهان دەڵێ: (ڕۆژێك دێت کە ڕۆژئاوا ئیسلام وەردەگرێت ، بەڕاستی چەند سەدەیەك ڕابوورد کەڕۆژئاوا تەنها ئەو شتانەی دەخوێندەوە کە دژ بەئیسلام و پێغەمبەرەکەی بوو ، بەلام ئەمڕۆ قورئان وەرگێڕدراوەوپەڕاوی ئیسلامی نوسراوە بەزمانەکانی ئەورووپاو پیاوانی ڕۆژئاوا تێگەیشتن کەئیسلامی ڕاستەقینە ئەوە نەبووە کە لـەپەڕاوو ڕۆژنامەکانی پێشوودا دەیانخوێندەوە) ل 482المعجزە .

* نووسەری بەناوبانگ (لیونارد)دەڵێت: (بەڕاستی ئیسلام فەزڵی هەیە بەسەر ئەورووپاوەکە پێویستەدانی پێدابنێین، لـە داهاتوویەکی نزیکدا بێگومان ئەورووپا و قارەی مەسیحیەتیش دان دەنێن بەوەدا کەئیسلام وموسڵمانان فەزڵیان هەیە بەسەریانەوە .

*لێکۆڵەری بیانی (نسکس)دەڵێت (بەڕاستی موسڵمانان ڕۆژانە زیاد دەکەن، کەئەمەش بەڵگەی زیندویەتی و پایە بەرزی ئیسلامە).

* گەورەترین زانای ئەڵمانی دەرمانی نەخۆشی یە زایەندی یەکان (پرۆفیسۆر یوفولیفل تز)لەزانکۆی بەرلین دەڵێت (هەرگیزا و هەرگیز چارەسەرێك نادۆزینەوە باشتربێت بۆ نەخۆشی یەکانی زایەندی لەم فەرموودەیەی دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر (محمد) **(د.خ)**لەقورئاندا کەخوا تیایدا دەفەرموێت : ﴿ قل للمؤمنين يَغضوا من أبصارهم ويحفظوا فروجهم ذلك أزكى لهم إن الله خبير بما يصنعون ، وقل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن و يحفظن فروجهن ولا يُبدين زينتهن إلا لبُعُلَتِهِنَّ أو آبائِهِنَّ أو آباء بعولتِهِنَّ أو أبناء بعولتهنَ أو إخوانهن أو بني إخوانهنّ أو بني إخوانِهَنَ أو بني أخواتِهِنَ أو نسائِهِنَ أو ماملكت أيمانهن أو التابعين غير أولي الإربةِ من الرجالِ أو الطفل الذين لم يظهروا على عورات النساء ولا يضربن بأرجُلِهِنَ لِيُعْلَمَ مايُخفينَ مِن زينتِهِنَّ وتُوبوا الى الله جميعاً أيها المؤمنون لعلكم تفلحون ﴾(النور: 30-31)

واتە : ئەی پێغەمبەر **(د.خ)**بەپیاوانی بڕوادار بڵێ : چاویان بپارێزن لە سەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم، داوێنیخۆیان بپارێزن لە گوناهو ،جوانی خۆیان دەرنەخەن جگەلەوەی کەدیارە (دەم چاوو دەست)،با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیانداو جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن بەتەواوی بۆهاوسەرەکانیان نەبێت ،یان باوکی خۆیان ، یان باوکی مێردەکانیان ، یان کوڕی خۆیان ،یان کوڕیمێردەکانیان،یان بۆبراکانیخۆیان ، یان برازاکانیان ، یان خوشکەزاکانیان ، یان ئافرەتێك کە پەیوەندیان هەیە پێکەوە ، یان ئەوانەش کەنیزەکانیانن (کەلەباروودۆخی تایبەتدا هەبوون)یان ئەوانەی کە لە ماڵەکانتاندا دەژین و پێویستیان بەئافرەت نیە(لەبەر پیریونەخۆشی.. هتد)یاخودئەو منداڵانەیکە هێشتا شارەزاییان لە ئافرەتاندا نیەو (ئارەزووی جنسیان بۆ دروست نەبووە)، نابێت ئافرەتانی ئیماندار قاچیان دەربخەن وپێیان بدەن بەزەویدا (تادەنگی خشڵ و پاوانەکانیان بێت)و بزانرێت کە زینەتدار و خشڵدارن ، کەواتە هەمووتان ئەی بڕواداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو بگەڕێنەوە بۆئەوەی ڕزگاروسەرفرازبن .

*(مسيو أوجين يوغ)دەڵێت (ئیسلام ئاینێکی ئاسانە بۆ مرۆڤ کەپابەندی ببێت ،لەبەرئەوەشە کەبەهەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوەو چۆتە قوڵایی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەوروپاو ئەمریکا)...ل **489**.

*زانای ئافرەتی فەڕەنسی (إفا لاماك ديمترا)دەڵێت (دیاردەی هاتن بەرەو ئیسلام لەئێستادا شایانی لەسەر وەستانە ، پابەند بوونی لاوانی ڕۆژئاوا بەئیسلامەوە سەرەنجامی ئەو پرسیارانەیە کە لەدڵ و دەروونیاندا هەیەو وەڵامیان دەست ناکەوێت لەئیسلامدا نەبێت، لەڕابردوودا زیاتر

زانایان و مامۆستایان و لێکۆڵەرەوان دەهاتن بەرەو ئیسلام بەڵام ئێستا هەموو چین توێژەکان دێن بەرەو ئیسلام) ل 490 المعجزه .

*پرۆفیسۆر(لیونیدسیوکیانینیمن) پسپۆڕ لەیاسادا لەپەیمانگای (الدولة والقانون) لەڕوسیای ئیتحادی ئەڵێ (ئاسۆیەکی گەش و ڕوون هەیە بۆ سوود وەرگرتن لەشەریعەتی ئیسلامی لە دەستووری نوێی ڕووسیادا)ل 494.

سویدو نەرویج و دانیمارک و فنلندە

لە وڵاتانی ئەسکەندنافیا ڕابیتەی ئیسلامی کۆنفرانسێکی بەست لە (23–25) دیسمبری (2001) زدا ،کە باس لە ڕووداوی 11ی سێبتەمبەر و کاریگەریەکانی کرا،لاوێکی قوتابی زانکۆی سویدی لەوکۆنفرانسەدا موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندو بووە مایەی دڵخۆشی ئامادەبووان وپیاوێکی پیری سویدیش ڤێللایەکی کرد بەوەقف کەببێتە بنکەی لەبەرکردنی قورئان .. ل501 المعجزه .

هاتن بەرەو ئیسلام بەردەوامە!

یەکەم/ بەهۆی هەوڵی کۆمەڵێ بانگخوازەوە لەوڵاتی سعودیەدا وەك دکتۆر زەغلول نجار وهاوەڵانی ، توانرا لەپێنج سەد هەزار سەربازو ئەفسەر کەهاتبوونە ناوچەی کەنداو بیست هەزاریان لێ موسڵمان بکەن لەپیاوو ئافرەت ، زۆریان چوون بۆ حەج وعومرەوهەندێکیان کە فڕۆکەوان بوون نیوەی مووچەکەیان دەبەخشی بۆ دابینکردنی قورئان وبەخشینەوەی بەسەر هاوەڵانیاندا لە ئەمریکا /ل 235 القوانين القرآنية للحضارات.

پیاو باشێك دەڵێت: چووم بۆ قاعیدەی مەلیك عبدالعزیزی ئاسمانی ، تاقسە بکەم لەگەڵ ئەو ئەمریکیانەیموسڵمان بوون ،یەکێك لەو ئەمریکیانـەم بینـی ، بـالاّ بـەرز و ڕووگـەش و نـورانی سەری هەموو سفر کردبوو،سەلامی لێکردم ، نیازم بـوو لێـی بپرسـم بۆچـی ئـاوا سـەری سـفر کردووە ، ئەو پێشمکەوت و بەشانازی یـەوە وتـی : (تـازە وا لـەمەککـە هاتومەتـەوەو عـەمرەم کردووە !) ، وتم : ئەی باشە خۆ دەکرا تەنها قژت کورت بکەیتەوە و تۆزێکی لێ ببڕیت ، بۆچـی ئاوا سفرت کرد ؟ئەوەی سەیر بوو وەڵامەکەی خستمیە گریـان ،وتـی (هـەموو تەمـەنم خـۆم بـۆ ئافرەتان جوان دەکرد کاتی ئەوە هاتووە کەخۆم بۆ خوا جوان بکەم) ل514 المعجزه.

(دیاره دەکرێت تەنها قژ کورت بکرێتەوە ، بەڵام خێری گـەورەترە بۆپیـاو کـە هەمووقـژی بتاشێ و سفری بکات لـە دوای حەج وعومرە ، ئەمیش بۆ زیاتر دەستکەوتنی پاداشت ئاوا سەری سفرکردووە، هەروەك ئەوەی کە لـە نیوەڕۆی ڕەمەزانـدا موسـڵمان بـوو بـوو ، ئـەو نیـوە ڕۆژە یەکسەر بەڕۆژوو بوو نەیخستە سبەینێ و بڵێ قەیدی چیە وامـن ئـەمڕۆ موسـڵمان بـووم سـبەینێ یەکجاری بەڕۆژو و دەبم!)..

دووەم/موسڵمان بوونی قەشەیەک لە تەنزانیا:

قەشەیەك لـە تەنزانیا کوڕێکی دوانزە ساڵی دەبێت ، رۆژێك لـە بـاوکی دەپرسـێت : خـوای سپی پێست و ڕەش پێستەکان جیاوازە ؟!

باوکی دەڵێ : بۆچی ئەو پرسیارە دەکەیت ؟!

دەڵێ : دەبینم کـە ڕەش پێسـت بـەجیا دەچـنە کەنیسـەوەو تائـەوان نەیەنـە دەرەوە سـپی پێستەکان ناچن !

ئنجا کوڕە دەستی باوکی گرت تامزگەوتێکیان لێدەرکەوت کەنوێژی هـەینی یـان دەکـردو هەموو ڕەگەزەکان بێ جیاوازی لەمزگەوتدابوون ...

کوڕەکە وتی: ئەوەتا لێرە هەموو یەك خوایان هەیە،بۆ ئێمەش تەنها ئەو خوایـە نەپەرسـتین ؟ باوکە واقی وڕمابوو ، نەیدەزانی چی بکات !!

دیارە کوڕەکەی پێشتر موسڵمان بوو بوو بەبێ ئـەوەی بـاوکی بزانێـت ، ئنجـا کوڕەکـەی باوکیبەجێهێشت وچووبۆناو مزگەوت بۆ نوێژی هەینی و زۆر پاڕایەوە کەخوا هیدایـەتی بـاوکی بدات،خوای گەورەش نزاو پاڕانەوەکەی لێوەرگرت و باوکیشی موسڵمان بوو ...

سێ یەم/ جورج میتسلوری منالێکی ڕەش پێست بوو لەخوارووی ئەفریقیا نەخۆشکەوت و دایکی بردی بۆ نەخۆشخانە ، هەرچی پاڕایەوە ، پزیشکێکی سپی پێسـتی لێ بـوو ڕازی نـەبوو فەحسـی بکات و چارەسەری بکات و، بەدایکەکەی وت:(چاکتر وایە بمرێت ئێمە نامانەوێ ئێوە لـەناوماندا بمێنن)، خوا کردی منالـەکە بەبێ داوودەرمان و پزیشك چاك بۆوەوگەورە بوو ، ئیسـلامی ناسـی لـەسەر دەستی شێخ ئەحمەد دیدات و ناوی ئەحمەدو محمد ودیدات ی خۆشویست و نـاوی خـۆی گۆڕی بۆ (محمد علی دیدات)...

ئەم کوڕە بەردەوام بوو لـەسەر خوێندن وحەزی دەکردببێتە پزیشك بەڵام نەبوونی ونـەداری کۆسپ بوون لـە ڕێی دا ، بۆیە نامەی نارد بۆ (محمد علی کلای)ئەویش کەفالـەتی خوێندنی کردو

پاش چەند ساڵێك هەوڵ و كۆشش ئاواتی هاتەدی و بـووە پزیشـك، بـەڵام چـۆن پزیشـكێك ؟! پزیشكێكی ڕەوشت موسڵمان كەجیاوازی لـەنێوان كەسـدا نـەدەكرد ، ڕۆژێـك سـپی پێسـتێك هاتەلای و وای پیشان دا كەزۆر ناساغە و ئاهو ناڵەی بوو .

هەرچەند فەحسی كرد هیچی وای شك نەبرد.دواتر سـپی پێسـتەكە كـەزۆر سەرسـام بـوو لەمامەڵەی جوانی پێی وت :بـرا منـیش وەك تـۆ پزیشـكم ویسـتم تاقیـت بكەمـەوە بـزانم تـۆش ڕەگەزپەرستی یان نا.

لەم ڕووداوەوە بوونە هاوەڵ وسەرەنجام موسڵمان بوو لەسەردەستی دكتۆرمحمد دیـدات دا، هەرئەوەندەهەواڵەكەش بلاوبۆوە خێرا دەسـەڵاتداران دكتـۆرە سـپی پێسـتەكەیان گێڕایـەوە بـۆ ئەوروپا ، چونكە لـەگەڵ مژدەدەرەكاندا هـاتبوو بـۆ ئـەو ناوچـەیە ، بۆئـەوەی كەسـی ترچـاوی لێنەكات.. جادكتۆر محمد علی دیدات دەڵێت (بەڕاستی ئیسلام هاتووە بۆ ئـەوەی خۆشەویسـتی بلاوبكاتەوە بەجیهاندا بەهۆی ڕێنماییە بەرزو بالاكانیەوە).. المعجزە ل524 .

چوارەم /موسڵمانبوونی زانای نەوتی ئەمریكی ئەحمەد بریان: زانانی نەوتی ئەمریكی موسڵمان بوو بەهۆی ئەوەی لە هەندێ لە ولاتە ئیسلامییەكاندا ژیانی بەسەربردو كـاری كـرد ، لـەبارەی موسڵمان بونیەوە وتی (بەڕاستی ئیسلام ئاینێكی نەرم ونیان وئاسانەودەگونجێ لـەگەڵ هەموو كات و شـوێن و سـەردەمێكدا ، ئەوەنـدەش بەسـە كـە مـن دڵنیـابووم كـەدڵی پـاكی بـڕوادار دڵـی موسڵمانانە).

پێنجەم / موسڵمان بوونی لویس ئارندریە گرافیل.

ناوبراو لـەگەڵ دایك وباوكیادەژیا لـە واشنتۆن وهەرچی داوا بكردایە بۆی جێبەجێ دەكرا و نازی زۆریان دابوویە .

ڕۆژێك پۆلیسێكی ئەمریكی بینی ڕەش پێسـتێكی بەوپـەڕی وەحشـیەتەوە ڕادەكێشـا بـەرەو ئۆتۆمبێلی پۆلیس و هەرچیش بەلایانا بڕۆیشتایە ، شتێكی ناشرینی دەكرد بەرامبەر ڕەش پێستەكە ، هی وابوو تفی لێ دەكرد ، هی وا بوو پیادەماڵی ... هتد .

لـویس لـەدایك و باوكی پرسی بۆ وای لـێدەكـەن ؟ وتیـان : ئـەوە ڕەش پێسـتەوئەوخوێنەی لەدەمارەكانیدایە لـەو خوێنـە نیـە كەلـەئەمریكیەكاندایـە وئەوانەوێنـەی ئەمریكیـەكانیان ناشـرین كردووەو سەرچاوەی هەموو خراپەو تـاوانێكن. پـاش ماوەیـەك یـەكێ لـەو ڕەش پێسـتانە بـووە

هاوەڵی لویس و برادەری یان زۆر خۆش بوو ، لویس دەچووە ماڵیان و دایك و باوكی دەبینی كەزۆر بەڕێزن و هیچ زیانیان بۆ كەس نیە .

لویس گەورەبووهەمیشە دژی ئەوەبوو ڕەگەزپەرستی هەبێ و ڕەشەكان بچەوسێنرێنەوە ، هەستی دەكرد كەهەندێ ڕۆژ برادەرەكانی هیچ ناخۆن بەبێ ئەوەی نەخۆش بن ، پرسیاری كرد لێ یان ، وتیان : ئێمە بەڕۆژووین ، ئەویش ویستی هەروەك ئەوان هیچ نەخوات ، وتیان : بۆئەوەی خێرت دەست كەوێت دەبێ لەپێشدا موسڵمان ببیت و باسی ئیسلامیان بۆ كرد ، ئەو ئیسلامەی كەجیاوازی لەنێوان كەسدا ناكاو باشترین كەس لای خوا ئەوەیە كەزیاتر پارێزكار بێت ﴿ إن اكرمكم عند الله اتقاكم ﴾.. سەرەنجام لویس موسڵمان بوو ناوی خۆی گۆڕی بۆ كريم شريف و ژنی هێنا و چەند منالی موسڵمانی خستەوە ، سێ جار چوو بۆحەجی ماڵی خواو بەردەوام بانگەوازی دەكردو زۆرجاریش لەمركزی ئیسلامی واشنتۆن وتاری هەینی دەدا و لەسەر دەستیا خەڵكانێكیزۆر موسڵمان بوون لەئەمریكا و لەبەریتانیادا . ل 528 المعجزه ..

شەشەم /موسڵمانبوونی مامۆستای ڕۆژنامەگەری لەزانكۆی نیویۆرك :

ناوبراو گاور بوو ، لەمەغریب بوو بەموراسیلی دەنگی ئەمریكا و كۆمەڵێ ڕۆژنامەی نیویورك ،وەلەبارەی مانەوەی لەمەغریب دا دەڵێ :

مانەوەم لە هەشتاكاندا لە مەغریب بوو بەخێر و بەرەكەت بۆ خۆم و خاوو خێزانم ، دنیایەكم بینیجیاواز لەودنیایەیكە بینیبووم لە نیویورك ، لە نزیكەوە جوانی ڕەوشت و ڕەفتاری بەرزی موسڵمانانم بینی كەڕای كێشام بەرەو شەریعەتی هەق ...

ڕۆژێك لەچالێك قاچم هەڵنوتا لەبازاڕی شەعبی شاری (رباط) دا ، یەكسەر كۆمەڵێ مەغریبی هاتن بۆیارمەتیم و زۆر خەمیان بوو دەیان پرسی ئاخۆ ئازارم پێگەیشتووە ؟! جارێكیش نەخۆش كەوتم ، دەرودراوسێ و هاوەڵان زۆر بەگەرمی سەردانیان كردم و ئەیانویست خزمەتم بكەن ، بەڕاستی لای ئێمە لەئەمریكا شتی وا نابینی، چونكە هەركەسەو سەرقاڵی خۆیەتی و كەس ناپەرژێتە سەركەس، جا كە دەپرسم چۆن ئەو هەموو لوتفەیان هەیە بەبێ بەرامبەر؟! دەڵێن: ئەوە ئیسلام فەرزیكردووە لەسەرمان و پێغەمبەرەكەمان(د.خ)فەرمانی پێداوین.

دیراسەی قورئانم كردو لەگەڵ زۆر زانادا گفتوگۆم كرد ، عەقیدەی یەكخواناسی دڵ ودەروونی پڕكردم ، ڕۆژێك ئەم ئایەتەم خوێندەوە كە دەفەرموێت :﴿ لا تُدْرِكُهُ الابصارُ وهو يُدرِكُ الابصارَ وهو اللطيف الخبير ، قد جاءكم بصائر من ربكم فمن أبصر فلنفسه ومَن عَمِيَ فعليها وما أنا عليكم بحفيظ ﴾

(الأنعام:103) واتە :(لەدنیادا چاوی ئینسان ناتوانێ خوا ببینێت ، زانیاری ئەو خوایە و بینینی هەموو شتێکی گرتۆتەوە ، هەرئەوە وردبین و ئاگایە ، بێگومان بەرچاورِوونیتان بۆ هاتووە لەخواوە ،جاهەرکەس رِێی رِاست ببینێ و شوێنی بکەوێ بۆ خۆیەتی و هەرچیش کوێر بێت لەبەرامبەریا ئەوە بۆ خۆیەتی زیانی لێدەکەوێت ، وە من (واتە :پێغەمبەرد.خ)چاودێرنیم بە سەرتانەوە.

ئیتر خۆم بۆ نەگیراو فرمێسك بەچاوما هاتەخوارێ و ، دڵنیابووم کەئەمە ئاماژەیەکە بۆ من کەخێرا موسڵمان بم ، بۆیە دەست و برد خۆم پێچایەوە و گەرِامەوە بۆ ئەمریکاو خۆم و ژن و کورِەکەم لەمزگەوتی گەورەی نیویورك دا موسڵمان بوونی خۆمان رِاگەیاند . المعجزه ل531

حەوتەم / موسڵمانبوونی (مارکو أنطونیو)ی ئەمریکی :

ئەم لاوە وەك زۆربەی لاوانی رِۆژئاوا سەرگەرمی ژیانی دوور لەخوایی و نەفامی بوو ، زۆر دڵی بەقژە پرِەکەی خۆش بوو کەخۆی جوان بکاو لەناو ئافرەتاندا خۆی بنوێنێ.دەڵێت :

زۆر پرسیار دەهات بەخەیاڵمدا ، چوومە کەنیسەی کاثولیك‌ی و پرسیارم لە قەشە کرد وەڵامێکی وام دەست نەکەوت دڵم ئاو بخواتەوە و هەرچیم دەوت ، دەیووت : خوا دەزانێت چۆنە ! لەدڵی خۆمدا وتم : ئەگەر مەرجەعی ئاینی یەکەمان هیچ نەزانێ لەئاین ،ئەبێ منی داماو چی بکەم ؟!

بۆیە بریارمدا کە رِێرِەوی ژیانم بگۆرِم ، شتێکم بیستبوو لەبارەی ئیسلامەوە ، چووم بۆ مزگەوتێکی نیویورك وقسەم لەگەڵ ئیمامەکەیدا کرد کەناوی شێخ عبداللطیف بوو ، ناوبراو لەگەڵ ئەوەدا کەئیمامەتی دەکرد ئەندازیاریش بوو ،زۆر بەجوانی ئیسلامی بۆ رِوون کردمەوەو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەم دەستکەوت کە دەهات بەخەیاڵمدا ... دوای چوارمانگ بووم بەموسڵمان لەکاتێکدا کەتەمەنم حەڤدە ساڵ بوو ، ئافرەتێکی موسڵمانی بانگخوازم هێنا ، منیش شارەزابووم و کەوتمە بانگەوازکردن لەخزمەکانمەوە دەستم پێکرد ، پاشان چوم بۆ بەرِازیل و هەندێ چالاکیم لە بواری بانگەوازدا نواندو ئنجا چووم بۆ وڵاتی سعودیە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی وئیسلام.

(مارکو أنطونیو) ناوی خۆی گۆرِی بۆ (عبدالسلام عبدالله محمد) و بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکانی و دەڵێت: (سوودی زۆرم بینی لەبوونی سوپای ئەمریکی لەکەنداودا لە گەردەلولی بیاباندا ، هەلێکی باشم بۆ رِەخسابوو توانیم بانگەوازێکی باش بکەم و ژمارەیەکی زۆر لەسایەی خواوە

موسڵمان بوون ، بەڕاستی ئیسلام ئەوەندە ئاسان و ڕوونە هەرچی بیناسیّ و بۆی باس بکریّ قەناعەت دەکاو موسڵمان دەبێت).

شایانی باسە کەباوکی بەموسڵمانبوونی زانی ، تفی کردە ناوچاوی و وتی: تۆ بویتە عەرەب،ئەویش وەڵامیدایەوە وتی:نەخێر من بوومەتە موسڵمان کەئەوەش جیّ ی شانازی یە بۆ تۆش ! ل533 المعجزه .

هەشتەم / موسڵمانبوونی پێنج هەزار ئەمریکی !

یەکیّ لەبانگخوازەکانی ئەمریکا سەردانی دەزگای (الاعجاز العلمی للقران والسنة)ی کرد لە وڵاتی سعودیە و زانایان زۆر ڕاستیان بۆ ڕوون کردەوە لەسەر موعجیزەکانی قورئان و سوننەت ، ئەویش زۆر دڵخۆش بوو ، هەموو قسەکانی دەنووسی،پاشان کە گەڕایەوە ئەمریکا بانگهێشتی کرد بۆ خەڵکانێکی زۆرونزیکەی شانزەهەزارکەس ئامادەبوون ، ئەو بانگخوازەش باسی ئیعجازی بۆ کردن و فلیمی تایبەت بەئیعجازی پیشاندان و کارتی تایبەتی بەسەردا دابەش کردن ، تاوەکو ئەوەی دەیەویّموسڵمان بیّ پەیوەندی پێوە بکات تافێری ئیمان و ئیسلامەتی بکاو شایەتمان بێنێت، سەرەنجام دەرکەوت کەپێنج هەزار کەس حەز بەموسڵمان بوون دەکەن و موسوڵمانبوون . ل566 المعجزه.

دکتۆرعبدالعزیزحمادکەبەرنامەی هەیە لەکەناڵی (اقرا)دەڵیّ:سەردانێکی ئەمریکام کردو لەگەڵ کۆمەڵیّ گاوردا کەوتمە گفتوگۆ لە یەك چارەکە سەعات دا هەشت کەسیان موسڵمان بوون ، تەنانەت هی واهەبوو لە نیوەڕۆ یان عەسردا کەموسڵمان دەبوو چونکە ڕەمەزان بوو یەکسەر نیەتی دەهێنا و بەڕۆژوو دەبوو .

هەروەها د.عبدالعزیز حماد دەڵیّ : ئافرەتێکی ئەمریکی لەخەویا بینایەکی بینی کە بە قوماشی ڕەش داپۆشرابوو ، دڵی دەیخواست بچێتە لای ، کەخەبەری بۆوە بۆ باوکی گێڕایەوە کە عەسکەرییەکی خانەنشین بوو وتی : موسڵمانان کەعبەیەکیان هەیە وەك ئەوەیە کە تۆ دیوتە، بۆیە کەوتە دیراسەی ئیسلام وبەهۆی لاوێکی موسڵمانەوە زۆرشارەزابوو دوایش شووی پێکرد. ل 578 المعجزه.

نۆیەم / دکتۆر أحمد کبیسی لەبەرنامەی الکلمه واخواتها لەکەناڵی دبی یەوە وتی : کە لەدوای کارەساتی 11ی سێبتەمبەرەوە (280)هەزار کەس لە بەریتانیا موسڵمان بوون ...

دەیەم / موسڵمان بوونی بێژەرێکی ئافرەت لە تەلەفزیۆنی ئەمریکی !

لیلی رەمزی بکالوریۆسی هەیە لە (هندسة الالكترونيات)داوبێژەرە لە تەلەفزیۆنی ئەمریکی ،موسڵمان بوو لەساڵی 1999 داو، هەوڵی زۆریش ئەدات بۆ بانگکردنی خەڵکی بەرەو ئیسلام.

لیلی چوو بۆ قاهیرە بۆئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببێت و باشتر لە قورئان تێبگات ، ناوبراو دەڵێت (ئیسلام دەستی کێشا بەسەر هەست و هۆشماو وای لێکردم لەهەقیقەتدا بژیم ، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە (وەهم)دا دەژیام و دووربووم لە خوا)،(من تەرجەمەی قورئانم دەخوێند ، بەتایبەت هەندێ سوورەتیوجزئی عم تاگەیشتمە سوورەتی الاخلاص ، کەخوێندم شایەتمانم هێناو زۆر ئاسان بوو بەلامەوە)...ل 573 المعجزه .

سەرچاوەکان :

1) القوانين القرآنية للحضارات /الدكتور المهندس خالد فائق العبيدى
2) الوعود القرآنية /د. صلاح الخالدى ،
3) نبؤات الرسول ماتحقق منها وما يتحقق/محمد ولى الله الندوى ...
4) المعجزة المتجددة فى عصرنا الاسلام /صالح اليافعي

ناوەرۆك

ژیـانـەوە

بەرگی هەشتەم

پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێپایان بۆ خوای پەروەردگارو دروودو سەلامیش لەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران و یارویاوەران وشوێنکەوتوان ..

پێغەمبەر **(د.خ)** دەفەرموێت :(ان الایمان لَیَخلَقُ فی جوف احدکم کما یَخلق الثوب ، فاسالوا الله ان یُجدد الایمان فی قلوبکم) واتە : بەڕاستی بڕوا لە دڵی یەکێکتاندا کۆن دەبێ و دەڕزێت ، داوا لە خوا بکەن کەبڕوا لە دڵتاندا نویێ بکاتەوە.. هاوەڵان وتیان بەچی بڕوامان تازە بکەینەوە ؟؟ فەرمووی : بە وتنی (لااله الا الله) بڕواتان تازە بکەنەوە.

وتنی(لااله الا الله)بەڕاستی وبەتێگەیشتنەوە،مایەی نوێبوونەوەو سەرفرازی یە .(لااله الا الله)بەنرخە ،سەنگینە ، ئەگەر هەموو ئاسمانەکان و زەوی بخرێنە تای تەرازوویەکەوەو (لا اله الا الله) بخرێتە تاکەی تریەوە ، (لااله الا الله) قورسترە .. لە کاتی حەشرو حسابدا کە دڵ دەلەرزێو مرۆڤ ئاتاجی بە تاقە چاکەیەکە و کەس ئاوڕ لەکەس ناداتەوە و، خەڵکی لەیەکتری ڕادەکەن (یوم یفر المرء من اخیه وامه وابیه وصاحبته وبنیه لکل امرىء منهم یومئذ شأن یُغنیه)ئا لەو کاتەدا کارتێك کە (لااله الا الله)ی لەسەر نووسراوە دێتە سەر کردەوە چاکەکان و بەمەش تای تەرازووی چاکەکان قورس دەبێت و خاوەنەکەی ڕزگاری دەبێت ..

هاوەڵان هەردەم خەمی تازەبوونەوەی بڕوایان بووە ،یەکێکیان دەستی برایەکی دەگرت و دەیووت : وەرە با سەعاتێك ئیمانمان تازە بکەینەوە ، ئیتر پێکەوە دەبوون و باسی ئیمان و ئیسلامەتیان بۆ یەکتری دەکرد و یادی خوایان دەکرد .. ئەمڕۆش لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە نوێبوونەوەو یادخستنەوە هەیە ، ژیانەوەی ئەم جارەش بەکۆمەڵێ یادخستنەوەی ئیمانیەوە دێتەوە خزمەت هۆگرانی بەو هیوایەی کە سوودبەخش بێت (وذکر فان الذکری تنفع المؤمنین)..

یادخستنەوە

1/هەموو ڕێبوارین لەم دنیایەدا ..حەزرەت **(د.خ)** دەفەرموێ (مالی وللدنیا ما انا فی الدنیا الا کراکب استظل بظل شجرة ثم راح وترکها)وحەزرەت **(د.خ)** بە (ابن عمر)ی فەرموو (کن فی الدنیا کأنك غریب او عابر سبیل) واتە لە دنیادا هەروەك غەریب یان ڕێبوار بە ...ابن عمر سوودی لە ڕێنماییەکە وەرگرت و ئەویش ئامۆژگاری بڕواداران دەکا و دەفەرموێ (ئەگەر ئێوارەت لێهات بەتەمای بەیانی مەبە ، ئەگەر

ڕۆژت لێبووەوە بە تەمای ئێوارە مەبە ، کاتی تەندروستی باشت سوود لێوەرگرە بۆکاتیەنەخۆشیت وژیانت سوود لێوەرگرە بۆ کاتی مردنت)..

2/ئاخۆ لەم گەشتەماندا نیەتمان بۆ خوایەو ڕاست دەکەین لەگەڵ خوادا (فاذا عزم الامر فلو صدقوا الله لكان خيرا لهم) 21محمد..

حەزرەت (د.خ) دەفەرموێت (وان الرجل ليصدق حتى يكتب عند الله صديقا) بخاری ،واتە بەڕاستی پیاوێکی دیندار ئەوەندە ڕستگۆ دەبێت تا لای خوا بە (صدیق) ناوی تۆمار دەکرێت . ئەبوبەکر یەکێکە لەو کەسانە کە تا دواپلە ڕاستگۆ بووە ،(والذى جاء بالصدق وصدق به اولئك هم المتقون) الزمر 33 واتە : پێغەمبەر (د.خ)کە بەرنامەی هەق و ڕاستی هێنا وئەبوبەکریش کە بڕوای پێکرد وڕاستگۆ بووئەوانەن پارێزکار .. پێشەوا عەلی دەڵێت : (بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ، بەڕاستی خوا ناوی ئەبوبەکری ناوە لە ئاسمانەوە بە (صدیق) ..

3 / لەم گەشتەی ژیاندا پێویستمان بە مامۆستاو خاوەن ئەزموونە ، تاوەکو بە سەلامەتیوبەزوویی بگەینە مەنزڵ(يا ايها الذين امنوا اتقوا الله وكونوا مع الصادقين) التوبة 119 واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە لە خوا بترسن و لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن

هەروەها حەزرەت دەفەرموێت (د.خ) (المرء على دين خليله فلينظر احدكم مَن يخالل) واتە : مرۆڤ وا لەسەر ئاینی هاوەڵەکەی بزانن هاوەڵی کێ دەکەن . .

پێشەوا گەیلانی دەڵێت :(انما يُؤخذ العلم من افواه الرجال لا مِن الصحف) بەڕاستی عیلم لە دەمی پیاوەوە وەردەگیرێ نەك لە کتێبەوە ، هەر لەبەر ئەوەشە کەخوای پەروەردگار قورئانی بەتەنها نەنارد تاخەڵکی هەرکەس بۆ خۆی دیراسەی بکات ، بەڵکو بە حەزرەتدا (د.خ) ناردی تا هەردەم سەرمەشق بێت بۆیان ..

4/لەم گەشتەدا دەبێت لە سروشتی ڕێگاکە تێبگەین کەتاقە ڕێگایەو ڕاستەو،مرۆڤ بە هەر لایەکدا لابات تیادەچێت (وان هذا صراطى مستقيما فاتبعوه ولا تتبعوا السُبُل فتفرق بكم عن سبيله)153 الانعام واتە : ئەمە ڕێبازو ڕێگای ڕاستی منە شوێنی بکەون و شوێن هیچ ڕێبازێکی تر مەکەون تا دوورتان نەخاتەوە لە ڕێبازەکەی . حەزرەت (د.خ) هێڵکی ڕاستی کێشاو فەرمووی : ئەمە ڕێبازی خوایە، ئنجا چەند هێڵێکی تری بەملاو ئەولادا کێشاو فەرمووی : ئەمانەش ڕێگای ترن و لەسەر هەریەکێکیان شەیتانێك هەیە بانگدەکات بۆی ..

هەواو ئارەزو دەبێتە مایەی سەرگەردانی زۆر کەس و کۆمەڵ ،حەزرەت (د.خ)دەفەرموێ (افترقت الیهود علی احدی وسبعین فرقة وافترقت النصاری علی اثنتین وسبعین فرقة ، وستتفرق امتی علی ثلاث وسبعین فرقة ،کلها فی النار الا واحدة ، ما انا علیه واصحابی ، ولیکونن من امتی اقوام تتجاری بهم تلك الاهواء کما یتجاری الکَلَبُ بصاحبه لا یبقی منه عِرق ولا مِفصل الا دخله) احمد واتە : جوولەکە بوون بە حەفتاو یەك فیرقەوە و گاورەکان بوون بە حەفتاو دوو فیرقەوە ، ئومەتی منیش دەبن بە حەفتاو سێ فیرقەوە وهەموویان لە ئاگردان تەنها یەکێکیان نەبێت ، ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی من و هاوەڵانمن ، لە ئومەتی من گەلانێك پەیدا دەبن کە هەواو ئارەزوو وەك دەردی هاری چۆن دەچێتە خوێن و دەمارەوە ئاوا بەهەموو گیانیاندا بڵاودەبێتەوە .

5 /لەم ڕێگایەدا کەلەسەر هەق و ڕاستیت لە تەنهایی و کەمی هاوەڵ و هاودەم مەترسە ، کەسێ خوای باڵادەست دۆست و خۆشەویستی بێت ئەبێ باکی چی بێت (وکفی بالله ولیا و وکفی بالله نصیرا) 45 النساء ئەمەش پرسیارێکە و قورئان لە هەموانی دەکات (الیس الله بکاف عبده ؟ ویُخوفونك بالذین من دونه ، ومن یُضلل الله فما له من هاد ومن یهدی الله فما له من مضل ، الیس الله بعزیز ذو انتقام ؟) الزمر 36 واتە : ئایا خوا بەس نیە هاوکارو سەرخەری عەبدی خۆی بێت ؟؟دەتترسێنن بە غەیری خوا ، هەرکەس خوا سەرگەردانی بکات کەس ناتوانێت هیدایەتی بدات و هەرکەسیش خوا هیدایەتی بدات کەس ناتوانێت سەرگەردانی بکات ، ئایا خوا بەتواناو تۆڵەسێن نیە ؟؟.

(ولئن سالتهم من خلق السماوات والارض لیقولون الله ،قل افرایتم ماتدعون من دون الله ان ارادنی الله بضر هل هُن کاشفات ضره او ارادنی برحمة هل هُن مُمسکات رحمته ؟؟ قل : حسبی الله ، علیه یتوکل المتوکلون) الزمر 38واتە :ئەگەر پرسیاریان لێبکەیت کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردوە ؟؟ دەڵێن :خوا ، پێیان بڵێ : باشە ئەگەر خوا بیەوێت تووشی زیانێکم بکات ، ئایا ئەوانەی هاواریان بۆ دەبەن لەغەیری خوا دەتوانن بیگێڕنەوە ، یان ئەگەر خوا تووشی خێرو خۆشیەکم بکات دەتوانن دەست بهێننە ڕێی ؟؟ (دیارە کەس ناتوانێت شتی وابکات) کەواتە بڵێ :خوام بەسە ، تەنها پشت بەو دەبەستن ئەوانەیکەبیانەوێ بەڕاستی پاڵپشتیان هەبێت.

6/لەم ڕێگایەدا تووشی تاقیکردنەوەو بەڵاو موسیبەتی زۆر دەبین کە ئەوەش سوننەتی خوایە لەم دنیایەدا ، تادەرکەوێت کێ ڕاست دەکات لە بڕواکەیداو کێ ڕاست ناکات (احسب الناس ان یُترکوا ان یقولوا آمنا وهم لایُفتنون ، ولقد فتنا الذین من قبلهم ، فلیعلمن الله الذین صدقوا ولیعلمن الکاذبین) العنکبوت 2/کاتێك حەزرەت (د.خ) لەگەڵ خەدیجەی هاوسەریدا چوون بۆلای وەرەقەی کوڕی نەوفەل هەرزوو پێی

ڕاگەیاندن کە لەم ڕێیەدا تووشی ئەشکەنجەوئازارو دەربەدەری دەبێت ، حەزرەت لای سەیربوو فەرمووی : أَوَ مُخرجي هُم ؟؟! بۆ دەربەدەریشم دەکەن ؟؟ وەرەقە وتی : بەڵێ ، هەرکەس وەك تۆ پێغەمبەر بوو بێت تووشی نارەحەتی و ناخۆشی و دەربەدەری بووە بەدەست گەلەکەیەوە .. لەچیرۆکی ڕاهیب ومنداڵەکەش دا ،کەمناڵەکە چەندقۆناغێکی بڕیڕاهیبەکە پێیوت : ئەمڕۆ تۆلە من باشتری و توانات زیاتر پێیە ، بۆیە توشی بەلاو تاقیکردنەوە دەبیت لەمەودوا ....

حەزرەت (د.خ) دەفەرموێ (ان الله اذا احب قوم ابتلاهم ، فمن رضی فله الرضا ومن سخط فله السخط) واتە : بەڕاستی خوا ئەگەر کۆمەڵێکی خۆشویست تاقیان دەکاتەوە بە بەلاو موسیبەت ، هەرکەس ڕازی بوو ئەوە خوا لێی ڕازیە وهەرکەسیش ناشکوری کردو ناڕازی بوو ئەوە خوا لێی ناڕازییە ..

7/ گردۆڵکەی نەفس و ئارەزوو : لە ڕێگای ڕێبوارانی ڕێی خوادا گردۆڵکەیەکی سەخت هەیە کە ئەویش نەفسەو دەبێ بەسەریا زاڵ بین وئەو گردۆڵکەیە بگرن ،﴿فلا اقتحم العقبة،ومالدراك ماالعقبة ﴾ البلد13 یان وەکو ابی علی دقاق بە قوتابیەکەی کە لە دوورە ولاتەوە هاتبوودەیویست خاتری بگرێو لەڕێزی پێشەوە داینێ و گرنگی زیاتری پێبدا ، پێی وت:ئەم کارەی ئێمە بەوە نیە لە دوورەوە هاتبی، تەنها یەك هەنگاو لەنەفسیخۆت دوور بکەوەرەوە ،ئەوەی دەتەوێ دەستت کەوێ .

8/ داوای یارمەتی لەخوا بکە :

خوای گەورە یەکێك لەناوە پیرۆزەکانی (الهادی) یە ، ڕێنماییمان دەکات و دەستمان دەگرێ بەرەو خێرو چاکە وهیدایەتمان دەدا ئەگەر بە دڵ داوای لێبکەین لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە (یا عبادی کلکم ضال الا من هدیته فاستهدونی اهدکم) یان دەفەرموێ (من تقرب منی شبرا تقربت منه ذراعا ، ومن تقرب منی ذراعا تقربت منه باعا ، ومن اتانی یمشی اتیته هرولة) بخاری /واتە :هەرکەس بستێك لەمن نزیك بێتەوە من باڵێك لەو نزیك دەکەومەوە،کێ باڵێك لەمن نزیك بکەوێتەوە من دووباڵ لەونزیك دەبمەوە ، هەرکەسیش بەپێ بێت بۆ لام من بە ڕاکردن دەچم بۆ لای .. هەروەها دەفەرموێت (یاابن ادم ، قم الي امش الیك وامشی الي اهرول الیك)احمد /

واتە : ئەی بەنی ئادەم هەستە بۆلام من دێم بۆلات ، وەرە بۆلام من ڕادەکەم بۆ لات .

هەموومان بەندەی خواین و خوای گەورە کەسی بیرناچێت:

وەفدیکی یەمەن هاتن بۆ لای پێغەمبەر **(د.خ)** ، پیاوێکیان لەگەڵدا بوو ناوی حودەیر بوو ، کاتێك گەڕانەوە حەزرەت هەریەکەو بەپێی توانا دیارییەکی پێشکەشکردن ، تەنها حودەیر نەبێت کەلەوکاتەدا لەو ناوەدا نەبوو ، دوایی ڕووشی نەهات داوا بکا ، کە گەڕانەوە جوبرائیل دابەزییە لای پێغەمبەر **(د.خ)** وفەرمووی : (پەروەردگارت سەلامت لێدەکات و حودەیرت یاددەخاتەوە) ، حەزرەتیش **(د.خ)** خێرا سوارێکی نارد کەزوو پێیان بگاتەوەودیارییەك بدات بە حودەیرو سەلامی ئەوی پێبگەیەنێت کە سوارەکە گەیشت پێیان پرسیاری حودەیری کردو کە بینی پێی وت :

(ڕەسولی خوا سەلامت لێدەکات ودەفەرموێت :ئەوتۆی بیر چوو خوای گەورە تۆیﻰیادخستەوە) ، حودەیر دیارییەکەی وەرگرت و وتی: (خوایە وەك چۆن حودەیرت بیرنەچوو، وا لە حودەیر بکە تۆی هەرگیز لە بیر نەچێت)،دوعاکەی ئەوەندە بەکوڵ و دڵ بوو ، خوا دوعاکەی لێوەرگرت و لە هەموو کەس زیاتر یادی خوای دەکرد ..

9 / بەتەمای دەستکەوت مەبە لە جیهادا؟!

حەزرەت **(د.خ)**کەپەیمانی بەست لەگەڵ ئەنصارەکان دا کەئاینی خوا سەربخەن ،وتیان ئەگەر وامان کرد چیمان بۆهەیە ،فەرمووی : بەهەشت . وتیان: ربح البیع ، ربح البیع ،هەندێ لەهۆزە عەرەبەکان دەیانویست هەر لەسەرەتاوە مەرج دانێن بۆ دەستکەوت و دەسەڵات داری و حەزرەتیش **(د.خ)** ڕازی نەبوو ...بۆ نموونە :کاتێ لەگەڵ (بنی عامر بن صعصاع)قسەی کرد کە موسوڵمان بن ، وتیان :باشە ئەگەر هاوکاریمان کردی و سەرکەوتی ،دەسەڵات بۆ کێ دەبێ دوای خۆت ؟(مەبەستیان بوو ببنە جێگیری و فەرمان ڕەواییان دەستکەوێ)حەزرەتیش ئەو ڕێگایەی لێگرتن و فەرمووی (الامر الی الله یضعه حیث یشاء)واتە :خوا هەرکەسێکی بوێ کارەکەی دەداتە دەست ، جاهەر کەسێ بەمەرجی دەست کەوت موسوڵمان ببێ بە کەڵك نایە،کەسانی تریش هەن ئەگەر لە دەست کەوتدا نەخوێنرانەوە یان کەمیان پێدرا زویر دەبن و واز لەدینداری یان کاری بەکۆمەڵ دەهێنن ، لە کاتێك دا هەق وایە زیاتر سووربن لەسەر دینداری وکاری بەکۆمەڵ چونکە بەوە دەرگا لە شەیتان دادەخەن وپاداشتیان دەست دەکەوێ... دەستکەوت پاداشتێکی دنیاییە و لەفەرموودەدا هاتووە کە لە پاداشتی ئاخیرەت کەم دەکاتەوە ، تەنانەت دوو لەسەر سێیﻰدەبا ،هەروەك حەزرەت **(د.خ)** دەفەرموێ (ما من غازیة تغزو فی سبیل الله فیصیبون الغنیمة ، الا تعجلوا ثلثی اجرهم من

الاخرة ، ويبقى لهم الثلث ،وان لم يصيبوا غنيمة تم لهم اجرهم) مسلم (الامارة) .. هەر لەبەر ئەوەشە هەندێ لەهاوەڵان کەمابوونەوە تادوای فتوحاتی ئیسلامی دەگریان لە ترسی ئەو غەنیمەت و دەستکەوتانەی کە دەستیان کەوتبوودەیانووت : دەترسین ئەمە پاداشتی ئاخیرەتمان بۆ نەهێڵێتەوە وخۆزگەیان بە (مصعب) دەخواست کە هەر زوو شەهید بوو ،کاتێ کەناشتیان کفنێکیان دەست نەکەوت ئاودامانی بێ ، سەریان دادەپۆشی قاچی دەردەکەوت ، ناچار قاچیان بە ڕووەکێکی بۆن خۆش داپۆشی..حەزرەت هەر زوو هەواڵی دا بە ئەنصارەکان کە بەشخوراو دەبن،بۆیە فەرمانی پێدان کەئارامگربن لەسەر ئەو بەشخوراویەیان تا دەگەنەوە بە پێغەمبەر (د.خ) لەسەر ئاوی کوپر ..واتە خوا لەقیامەت دا هەقیان بۆدەکاتەوە ..

10/ هەق بۆ کردنەوەو بەسەرکردنەوە :

هەندێ جار سەرکردایەتی هەق بۆ هەندێ کەس دەکاتەوە لەبەر هەر هۆیەك بێت ، ئەمەش لەسەردەمی هاوەڵانیشدا ڕووی داوە . بۆ نموونە : پێغەمبەر (د.خ) حسابی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دەکرد کە بەتوانا بوون و تواکانیانی دەخستە کارو هاوەڵانی خۆی باش دەناسی هەرچەند تازەش موسوڵمان بوونایە . ئەوەتا لەبارەی عەمری کوڕی عاصەوە دەفەرموێ (أسلم الناس وآمن عمرو بن العاص) أحمد/ واتە: خەڵکی ئیسلام بوون و عەمریش بڕوای هێناوە ، لەدوای سوڵحی حودەیبیە خەڵکێکی زۆر موسوڵمان بوون ، بەڵام عەمر بەدڵ و بەڕاستی ئیمانی هێنا ..

عەمر دەڵێت : بە خوا پاش ئەوەی موسوڵمان بووین ، حەزرەت (د.خ) هەر کارێکی گرنگی ببوایە دەیدایە دەست من وخالید و ئێمەی بە کەس نەدەگۆڕیەوە.

ڕۆژێك حەزرەت (د.خ) بانگی کردم و فەرمووی(خۆت کۆبکەرەوەو چەکەکەت بهێنە و وەرە بۆ لام)منیش خۆم کۆکردەوەو هاتم بۆ خزمەتی و فەرمووی (من ئەمەوێت بتکەم بە سەرکردەی سوپایەك و خوای گەورەش دەتپارێزێ و دەستکەوت و غەنیمەتت دەبێت ، من حەزدەکەم خاوەن سامان و دەوڵەمەند بیت) منیش وتم : ئەی نێردراوی خوا من بۆ دەستکەوت و ماڵ و سامان موسوڵمان نەبووم ، بە ڵکو لە خۆشی ئیسلام موسوڵمان بووم، ئەویش فەرمووی :(نِعم المالُ الصالح للمرءِ الصالح) (احمد)، چەند چاکە پارەوسامانی باش بۆ پیاوی باش ..

لەساڵی فەتحی مەککەش دا حەزرەت معاذ کوڕی جبل ی نارد بۆ یەمەن و دواتر نامەیەکی بۆ ناردو کە تیایا نووسیبووی (من دەزانم خەباتت لە پێناوی دیندا ، تا وات لێهات هیچت بە دەستەوە نەماو قەرزاربوویت ، بۆیە حەڵاڵە بۆت دیارییەك کەبۆت دەهێنن) ، معاذ بە ئەمیری

لەیەمەن مایەوە ویەکەم کەس بوو بە پارەی (بیت المال) ەوە بازرگانی بکات تا ئەو کاتەی حەزرەت(د.خ) کۆچی دوایی کرد ، لە سەردەمی ئەبوبەکردا ، عومەر هاتە لای ئەبوبەکرو وتی : ئەو پیاوە بانگ بکەو ئەوەندەی پێی بژی بۆی بهێڵەرەوە وباقیەکەی لێبسێنەرەوە، ئەبوبەکریش وتی : حەزرەت ئەوی ناردووە بۆ یەمەن تا هەقی بۆ بکاتەوەو ، من هیچی لێناسێنم مەگەر خۆی شتێك بدات ،عومەر کە زانی ئەبوبەکر بە قسەی ناکات خۆی چوو بۆ لای معاذ تا قایلی بکات ماڵ و سامانەکەی بدات بە (بیت المال) . ئەویش پێی وت : حەزرەت (د.خ)منی ناردووە تا هەقم بۆ بکاتەوە و هیچ ناگێڕمەوە ..

پاش ماوەیەك معاذ هات بۆلای عومەرو وتی بەقسەت دەکەم چونکە لەخەوما خەریك بوو لە ئاوێکدا بخنکێم تۆ ڕزگارت کردم ، ئنجا چوو بۆ لای خەلیفە ئەبوبەکرو هەمان شتی وت ، ئەبوبەکریش وتی : من هیچت لێوەرناگرم و پێشکەش بە خۆتی دەکەمەوە ..بەمەش کە خەلیفە لە دەسەلأتی خۆیەوە ئەو شتانەی بەخشیەوە بە معاذ ئینجا عومەر قایل بوو ..(ل 69 شهید المحراب عمر بن الخطاب – عمرالتلمسانی)

11/ ئامادەبوون بۆمردن :

معاذ کوری جبل لەسەرەمەرگدا وتی:(مرحبا بالموت مرحبا، زائر مغب وحبیب جاء علی فاقة ، لا افلح من ندم)...واتە : سلأو لە مەرگ سلأو ،ئەی ئەو میوانەی کەیەکجار سەردەدەیت و لەکاتێکدا دێیت کە مرۆڤ زۆر موحتاج و دەستەوسانە ،وەی لەو کەسەی لە سەرەمەرگدا پەشیمانە !!

هەروەها حوزەیفەی کوری یەمان لە سەرەمەرگدا وتی: (یاموت غُطّ غَطّك ،یا موت شُدّ شَدّك ، أبی قلبی الا حبّك). واتە :ئەی مردن چەند دەتوانی زەبرم لێبکەی بیکە ،ئەی مەرگ شیدەت بنوێنە ، هەرچی بکەی هەر خۆشم دەوێی ..

ئەگەر شتێک لە ژیان زیاد نەکەیت زیادەیت !

ئەمە وتەی نوسەری بەناوبانگ (مصطفی صادق الرافعی)یە،بە ڕاستیش چاکی پێکاوە ئەگەر بۆ خەڵکیش نەبێ بە گشتی ، بۆ بانگخوازان و ڕێبوارانی کاروانی بەختەوەری لە سەدا سەد وایە! مرۆڤ توانای شاراوەی زۆری پێدراوە کە پێویستی بەوەیە کاریان لەسەر بکرێ وبخرێنە گەڕ ، بۆیە هەوڵ وکۆشش وخۆتەواوکردن کارمانە ئەگەر بەڕاستی بانگخوازین ولە ئاینەکەمان تێگەیشتوین ، دیارە بەخششی خواش لەکەس یاساغ نیە و،خوا دەستنانێ بەڕووی ئەوانەی کۆشش دەکەن ﴿کَلاًّ

نُمِدُّ هَـؤُلاء وَهَـؤُلاء مِنْ عَطَاء رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاء رَبِّكَ مَحْظُوراً ﴾الإسـراء20 ، بۆچاكتر تێگەیشتن لـە تەفسیری ئەم ئایەتە چەند نموونەیەك باس دەكەین :

یەكەم/ پیاوێك بۆچونێكی لا دروست بوو بۆ بەرەو پێش بـردن وچـاكتركردنی ئوتومبێـل چـوو بـۆ كۆمپانیای ئوتومبێلی تۆیۆتا وەلاّمیان نەدایەوە ، بۆیە ئالّتونی هاوسەرەكەی فرۆشـت وكارگەیـەكی دانا ، بەهۆی جەنگەوە ڕووخا ،دروستی كردەوە ،جارێكی تر ڕووخا دروستی كردەوە ، ئـەمجارەش بە بوومەلـەرزە ڕووخا ، دروستی كردەوە و سەركەوتنی بەدەست هێنا وئاوات وخەیالّـەكانی هاتنـە دی و بوو بەخاوەنی كۆمپانیای گەورەی (هۆندا) كە پێشبڕكیّ دەكات لـەگەلّ گەورەترین كۆمپانیا بەناوبانگەكانی جیهاندا! .

دووەم / (مایكل كـاثی) : پیاوێكی بیانی یەو لـە بەندیخانەدا بوو ، چواردیواری بەندیخانە وای لێنـەكرد تواناكانی نەخاتەكار ، بەردەوام گوێی لـە دەنگ وباسی (بورصـة) كـان ئـەگرت و دیراسـەیباری ئابووری دەكردو متابعەی بازاڕی(الاسـهم) ی دەكـردو لـەگـەلّ باوكیشـیا تەنسـیقی كـرد كـە بەڕێنمایی ئەم بكەوێتە كڕین و فرۆشتنی (سهم) و سەرەنجام كە هاتـە دەرەوە لــە بەندیخانـە تـوانی ملیۆنەها دۆلار بە دەست بهێنیّ و ژیانی خۆی لـەسەر بنیات بنیّ !

سێیەم/ پیاوێكی ئەمریكی هەژار لـە دارستانەكان دەژیا ، لـە هەژاریا ڕووی كردە لانەی بێدەرەتانان و ژنەكەشی چووە لانەیەكی تری بێدەرەتانان .ڕۆژێك چاوەڕێیپاصیدەكرد ، لـەبەر ئەوەیتەمومژ بوو پاصەكە نەیبینی و بەجێی هێشت ، بۆیە بیری كردەوە شتێك دابهێنیّ كە لــە حالّــەتی ئاوەهـادا سـایەقی پاصەكەهەسـت بـەو كەسـە بكـات كـە لـەسـەر شـەقامەكە چـاوەڕیّ دەكـات ، بـۆ ئەمەشگلّۆپێكی سووریداهێنا كە بە باتریەك ئیش بكات وبە سویچێك داگیرسیّ ، كاتیّ تـەم و مـژ بوو پاص هات ، ئەو كەسەی چاوەڕیّ دەكات پەنجە بنیّ بە سویچەكەدا و گلّۆپەكە دابگیرسـیّ و بە مەش سایەق پاصەكە نەفەرەكە ببینیّ ،ئەم بۆچونە لـە هەموو وێستگەكانی پاصـدا پـەیڕەو كـراو دانرا بەمەش ئەو پیاوە دەولّـەمەند بوو .. .

چوارەم /پیاوێك لـەسۆدان بەناوبانگە بە (ولـد الجبل) بە (كوندە)ئاوی دەفرۆشت ،پاشتر بەگوێدرێژ ئەم كارەی دەكرد ،ئینجا بە ئوتومبێل ئەم كارەی دەكرد ،ئەمەش وای كرد دەرگـای رزق و رۆزی لـێكرایەوەو دەولّـەمەند بوو .. .

پێنجەم /پیاوێك لـە فەلـەستین بەناوی (ماجد اقبالیة)کە خەڵکی (ام فحم)بوو خاووخێزانێکی سیانزە کەسی بەسەردا کەوتبوو ،تەمەنی نۆ ساڵبوو کە باوکی مـرد ،بـە هـەتیوی پێگەیشـت بـە رۆژ بـە کرێکاری بژێوی پەیدا دەکردوو بە شەویش دەیخوێند ،تا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کرد و گەیشتە خوێندنی بالاّ و ماجستێری لـە ئیدارەی ئەعمال دا بە دەست هێنا و پاشان دکتۆرای خوێند لــە (نظـم المعلومات) دا و بووە یەکەم لێکۆڵەری جیهانی لـە (نظم المعلومات) دا لـەساڵی (1997) ەوە تاسـاڵی (2002) کەوەفاتی کرد بەنەخۆشی شێر پەنجە لـە تەمەنی (44)ساڵیدا لـە ئەمریکا .

شەشەم /سەدان ساڵ لـە مەوبەر (محمد کوڕی ابی عامر)لـەگەڵ دوو برادەری دا لــە (قرطبـة) دەژیـا لـە گەڕەکێکی هەژاردا و خەریکی ئاو فرۆشتن بوون ،ڕۆژێ بە هاوەڵەکانی ووت :ئەگەر بووم بـە فەرمانڕەوای ئەندەلوس چیتان دەوێ بۆتان بکەم ، یەکێکیان ووتی : من دەمەوێ باخ و بێسـتانێکم بدەیتێ و بژێویم بۆ پەیدا بکەی .. ئەوەی تریان وتی : شەرت بێت ئەگەر بـووی بـە کاربەدەسـت پشتاو پشت سواری گوێدرێژێکم بکەو بە شاردا بمگێڕە وبڵێ ئەمە دەجال و پیاوخراپـە و هەرچـی تـــوخنی بکـــەوێ دەیخەینـــە بەندیخانـــەوە . ..

ناوبراو خوێندی و بوو بە سەرباز و پلـە پلـە سەرکەوت تا پاش سێساڵ بوو بە بەڕێوەبەری فیرقەی قورتوبە و ئینجا کە خەلـیفە مرد کوڕەکەی دانرا کە تەمەنی نۆ ساڵ بوو ،برای خەلیفەکە وەزیـری دارایی بوو ، لـەگەڵ ئەمدا بوون بەسەرپەرشتیار و ڕاوێژکار بۆکارەکانی خەلـیفە ..

پاشان ناوبراو کچی مامی خەلیفەی هێنا و سەرەنجام بـوو بـە دەسـەلاّتداری هـەموو ئەنـدەلوس و فتوحاتی زۆری کرد ...

ڕۆژێك بیری دوو برادەرەکەی کەوتەوە و پیاوەکانی نارد تا ئەو دوانەیان دۆزیەوە وهێنایـانن ...بـە یەکەمیانی وت : تۆبیرتە کاتی خۆی داوای چیت کرد ؟ وتی : بەڵێ من داوای باخ وبێستان ودابین کردنی بژێویم کرد ، وتی :چی دەوێ بۆی بکەن ...ئینجا ڕووی کردە ئەوی ترو وتـی :تـۆ داوای چیت کرد ؟وتی :قوربان بم بوورە من هەروا لـەخۆمەوە هەرچیم وت وتم ، وتی :ئەمەوێ بزانم چیت وت ؟ وتی :داوام کرد سواری گوێدرێژێکم بکەیت پشتاوپشت و بە شاردا بمگێڕی و بڵێی : ئەمـە دەجال و پیاو خراپە و هەرچی توخنی بکەوێ دەیخەینە بەندیخانەوە وتی :باشە بۆی جێبەجێبکەن.

حەوتەم :دیفید هارتمان پیاوێکی کوێر بوو ، کەم ئەندامییەکەی نەبووە ڕێگرو تـوانی بـە هیممـەتی بەرزەوە بخوێنێ و دکتۆرا بهێنێت لـە (طب) دا .

هەشتەم :ئیروین جاسکولسکی پیرەمێردێکی بیانی تەمەن سەد ساڵ بوو ، لە پێشبڕکێی ڕاکردنی سەد مەتری و دووسەد مەتری دا ، بەشداری کردو بووە خێراترین پیر لە جیهانداو دەڵێت :(پیری حاڵەتێکی دەروونیەو هیچی تر).

نۆیەم : هیروتادا ئوتوتاکی پیاوێکی یابانیەو دەست و قاچی نەبوو، پەڕاوێکی نووسی چوار ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا (بەرنامەی هندسة التاثیر /د. علی حمادی)..

خوێنەری بەڕێز ،ئەگەر بوار بێت بەهەزاران نموونە هەیە لەم جۆرە،کە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەو ڕاستیەی کە پڕۆفیسۆر (زەغلول نەجار)دەڵێ:کەم ئەندام ئەوەیە کە لە ناخیدا کەم ئەندام بێت .

باشترین بەڵگەش شێخ ئەحمەد یاسینی شەهیدە کە لەتەمەنی (16)ساڵیەوە ئیفلیج بوو ،کۆڵی نەدا و توانی ببێتە (حوجە)بەسەر هەموو ئەوانەی کە لەشیان ساغەو دەستەوسانن !!...شێخی شەهید برادەرێکی کوێری هەبوو بەناوی (کامل بلتاجی) ، هەروەك شێخ هیممەت بەرز بوو ، حەزی دەکرد هەرچۆنێك بێت خزمەتێك پێشکەش بکات ، بۆیە شێخی دەکردە کۆڵی و شێخیش ڕێنمایی دەکرد ، بەو جۆرە ئەچوون بۆ هەر کوێیەك بیانویستایە بۆ بانگەواز کردن .

ئاشکرایە ژیان بەگشتی و بانگەوازیش بەتایبەتی بەو کەسانە بەرەو پێش دەچێ کە کۆڵ نادەن و شەوو ڕۆژ لە خەمی ئەوەدان کە جێ دەستێ بەجێبهێڵن لەم ژیانە کورت وکەمەدا ،کە کەسمان نازانین چەندمان ماوە !. بە خۆداچونەوە و خۆتەواوکردن و ڕازی نەبوون بەو باروحاڵەی کە تیاین و چاکترکردنی مایەی بەرەو پێش بردنی ژیانەو، هەزاران ڕەحمەت لە پێشەوا عەلی بێت کە دەفەرموێ (ئەگەر هەموان رازی بن بەوەی کە هەیانەو بەو بارو وەزعەی کە تیایدا دەژین دنیا کاول و خاپور دەبێ).

کارکردن بۆ بەهەشت

حەزرەت (د.خ) دەفەرموێ (بڕوا کۆن دەبێ و دەڕزێ لەدڵدا هەروەك چۆن جلێك لەبەردا کۆن دەبێ و دەڕزێ ، بۆیە بڕواتان نوێ بکەنەوە بە لا الـه الا الله).

بڕوادار تووشی (ئیزدواجیەت)دەبێت ، بەوەی ڕاستە بڕوادارە بەڵام کەموکورتی و ناتەواوی ئەوەندە زۆرە کە نابووت و موفلیسی کردووە ،حەزرەت ڕۆژێ لە هاوەڵانی پرسی :دەزانن کێ موفلیسە ؟ وتیان :لەلای ئێمە موفلیس ئەوەیە کەپارەی نەبێ ، ئەویش فەرمووی :موفلیس لە

ئومەتم ئەوەیە کە لـە قیامەتدا ئەگەر چاکەشی هەبێ،ئەوەندە ناهەقی کردووە وقسەی بەم و بەو وتوە کە چاکەکانی ناهێڵن .. .

ئێمە بۆ تازە کردنەوەی بڕوامان هەق وایە ناوبەناو چەند ڕاستیەك هەیە یادی خۆمانی بێنینەوە وبپرسین :ئێمە خەریکی چین ؟!ئەم دینداریەی ئێمە مانای چیە؟!

قورئان دەفەرموێ ﴿یا ایها الذین امنوا هل ادلكم علی تجارة تنجیكم من عذاب الیم ، تؤمنون بالله ورسوله وتجاهدون فی سبیل الله بأموالكم وانفسكم ذلكم خیر لكم ان كنتم تعلمون ،یغفر لكم ذنوبكم ویُدخلكم جنات تجری من تحتها الانهار ومساكن طیبة فی جنات عدن ذلك الفوز العظیم ﴾الصف. کەواتە ئەوەی ئێمە خەریکین بازرگانیە ،کە بریتیە لـە بڕواهێنان بەخواوبە پێغەمبەرەکەی و هەوڵ وتێکۆشان لـە ڕێی خوادا بەسەرو ماڵ ...

زۆر جار لـەم بازرگانیە غافڵ دەبین بۆیە هەقە بپرسین :

کەسێك بازرگان بێت نابێ بزانێ چی دەکڕێ وچی دەفرۆشێ ؟کەسێك بازرگان بێت نابێ زۆرترین کات لـە شوێنی پێویست دا ئامادە بێ و بەجوانی مامەڵە لـەگەڵ کڕیارەکاندا بکا ،یابانیەکان دەڵێن :ئەگەر کەسێك نەیتوانی ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بێ لـەگەڵ خەڵکیدا با دووکان دانەنێ .

حەزرەت (د.خ) کاتێ پەیمانی بەست لـەگەڵ خەڵکی مەدینەدا کەهاتبوون بۆمەککە بۆحەج ،باسی ئیمان و ئیسلامەتی وئەرکی سەرشانیانی بۆکردن ،ئەوانیش وتیان : ئەگەر ئەوانەمان کرد چیمان بۆ هەیە؟! فەرموی :بەهەشت .

وتیان (ربح البیع)...بەڕاستی کڕین و فرۆشتن و بازرگانیەکی خێردارەهاوەڵان چاك لـەسەر ئەم مەسەلـەیە پەروەردە بوون ئەوە :

یەکـەم/سوهەیبی رۆمی خەڵکی مەککە نەبوو ،لـەمەککە کار و کاسبی دەکرد و شتێك ماڵ وسامانی پێکەوەنا ،کاتێك موسوڵمان بوو ویستی کۆچ بکا بۆمەدینە باری پانزە حوشتر و کەل و پەل و ماڵ و سامانی پێبوو، کافران ڕێیان لێگرت و وتیان :ناهێڵین برۆیت هەتا هەرچیت پێیە بە جێـی نـەهێلی بۆمان ،ئەویش ناچار هەموی دانێ ، پاشان ئەو عەبایەی دابووی بەسەر شانیدا ئەویشیان لێسـەند . کاتێك بێ سەروەت و سامان وڕەنجی چەند ساڵەی گەیشتە مەدینـە ،حـەزرەت (د.خ) پێـی فـەرموو :ربح البیع ...ربح البیع ...بە راستی کرین و فرۆشتنەکەت و بازرگانیەکەت لـەگەڵ خوادا خێردار و پڕ بەرەکەت بوو..

دووەم/کاتێ (حیرام کوڕی ملحان) پەیامی حەزرەتی (د.خ)گەیاندە پادشایەکی یەمەن ،لەو کاتەدا کە لە بەردەم پادشادا قسەی دەکرد لە پشتەوە ڕمێکیان کرد بە پشتیدا ،ئەویش هاواری کرد ووتی : فزت ورب الکعبە !بەڕاستی ئەوان هەموو ساتێ لە خەیاڵی سەرفرازی و بەهەشتا بوون بۆیە ئاوا دەڵێ ...

ئەو کەسەش کە شەهیدی کرد ،ئەو قسەیە کاری تێکرد و پرسیاری کرد :باشە کابرا وا لەخوێنیخۆیدا دەگەوزێ ودوور لەکەس وکاری و بەغەریبی سەردەنێتەوە ،ئیتر کامەیە (فوز) ؟؟کامەیە سەرفرازی و ڕزگار بوون و سەرکەوتن ؟!وتیان :ئەوە مەبەستی دەستکەوتنی بەهەشتە و ئەوە شەهید بووە !ئەمەش وای کرد کابرا موسوڵمان بێت ....

سێیەم/حەزرەت (د.خ) بە هاوەڵانی دەفەرموو :الا مُشمر للجنة ؟کەس هەیە قۆڵی هەڵ بکا وتێبکۆشێ بۆبەهەشت ؟! هاوەڵانیش وتیان:نحن المشمرون یا رسول الله !ئێمەین کەقۆڵمان لێ هەڵماڵیوە و تێدەکۆشین بۆبەهەشت ..

حەزرەتیش (د.خ) فەرموی :بلێن (انشاء الله)

کاتێك لەحەسەنی بەصریان پرسی کەی بڕوادار پشووی تەواو دەدات ،وتی :کاتێ پێ دەخاتە بەهەشتەوە ! بەڵێ..بەهەشت خۆ گورج کردنەوەو قۆڵ هەڵماڵینی دەوێ ،بەرچاو ڕوونی ودڵفراوانی دەوێ ،چاو قایمی و دڵدامەزراوی دەوێ ...ئەوانەی کە لەگەڵ شێخ ئەحمەد یاسین بوون ، کەلە نوێژی بەیانی هاتنە دەرەوە،وتیان :یا شێخ دەنگی تەیارە دێت ، وتی :بادەنگی بێت منیش چاوەڕێی ئەوان دەکەم ... بەڕاستی ئەوە هیممەت و عەزیمەتە تا دواپلە ،خوای گەورەش ویستی ڕێزی لێ بنێ بە شەهیدبوون ،ئەگینا ڕۆژێ پێشتر لەخەستەخانە ئەوەندە نەخۆش بوو بەتەمای نەبوون ..لەوە هەستایەوە تا لەو کات و ساتەدا شەهیدبێ و ، ببێت بە (حوججە) بەسەر ئەوانەی کە بۆبەهەشت خۆیان نارەنجێنن و خەم ساردن !!

ڕیشەکێشکردنی فیتنە

لە فەرموودە دا هاتووە کە خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە لەگڵ و، هەروەك چۆن گڵەکان جیاوازیان هەیە لە سیفات و ڕەنگدا ئاواش مرۆڤەکان جیاوازن ،هەیە زوو توڕە دەبێ وهەشە بەئارامە و(حلیم) ە، هەیەدوای گومان دەکەوێ﴿ان یتبعون الا الظن ﴾ النجم23،هەشە بەئاسانی

باوەڕ بە هەموو شتێك ناكا وباش ئەم دیواو ئەودیوی دەكا وعـەقڵی لـەپێش دڵیەوەیـەتی و شـوێن هەست وسۆز ناكەوێ ..

مرۆڤـی واش هەیـە پەلـەیـەتی﴿ خُلـق الانسـان مـن عَجَـل سـأريكم آيـاتي فـلا تسـتعجلون ﴾37 الانبيـاء.. بـە پێچەوانەشەوە كەسانی لـەسەرخۆ هەن كەئەو پەلـەپەلـەیان لـەخۆیان دا چارەسەر كردووە .... دیارە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەوڵدەدات بۆ چارەسەركردنی هەموو لایەنە(سلبی) ەكانی مرۆڤ وجـەخت دەكاتە سەر لایەنە(ئیجابیەكان) .

بەڵام ئەمەش لـە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێ و كەم تازۆر لێرەو لـەوێ فیتنەو ئاشوب وقسە وقسەڵۆك سەرهەڵدەدا ...

هەر لـە زەمانی حەزرەت دا (د.خ) ولـەدوای غەزای بەدر كەسانێكی ناحـەزو لاواز دەیـان وت (محمد) (د.خ):غەنیمەتی بۆخۆی لاداوە ،ئەمەش ڕەنگی دایەوە لـەسەر هەندێ لـە موسوڵمانانی سەر (شاخی ئوحود) كەخێرا بێنە خوارێ وغەنیمەت كۆبكەنـەوە نـەك بەشـیان نـەمێنێ و دوایـی لێـی لابدرێ ، قسەو قسەڵۆك ئەوەندە زۆر بوو كە قورئان لـەسەری هاتە جواب و فەرمووی :

﴿ وما كان لنبي ان يغُل ، ومَن يَغلُل يأت بما غَل يوم القيامة ، ثم تُوفى كلُ نفس ماكسبت وهم لايُظلمون ، افمن اتبع رضـوان الله كمن باء بسخط من الله ومأواه جهنم وبئس المصير ، هم درجات عندالله والله بصير بما يعملون ، لقد مَنّ الله على المؤمن اذ بعث فيهم رسولا من انفسهم يتلو عليهم اياته ويُزكهم ويُعلمهم الكتاب والحكمة وان كانوا من قبل لفـي ضـلال مـبين ﴾ ال عمران 164 واتە :بێگومان بۆهیچ پێغەمبەرێك نەبووە كە نادادی و خیانەت بكات و غەنیمەت بۆخۆی لا بدات ،هەركەس كاری وا بكا لـە ڕۆژی قیامەت دا ئەوەی لای داوە و ئەو ناهەقیەی كردویـەتی بە كۆڵیەوەیەتی ،لـەوەو دوا پاداشـتی هەركەسـێك بـەگوێرەی كردەوەكـانی دەدرێتـەوە و ئەوانـە ستەمیان لێ ناكرێ ،ئایا ئەو كەسەی شوێنی ڕەزامەندی خوا كەوتبێت وەكو ئـەو كەسـە وایـە كـە بەهۆی گوناه و تاوانەوە شایستەی خەشم وقینی خوا بێت ؟ بێگومـان شـوێنی ئـەو جـۆرە كەسـانە دۆزەخە كە سەرەنجامێكی ناخۆشە.

هەریەك لـەو دوو دەستەیە پلـەوپایەی خۆی هەیەلای خوا (لـە بەهەشت یـان لــە دۆزەخـدا) بەڕاستی خوا بینایە بۆ ئەو كاروكردەوانەی كە ئەنجامی دەدەن ، سوێند بێـت بێگومـان خـوا منــەتی ناوەتە سەر ئیمانداران كاتێ پێغەمبەری بۆڕەوانە كردوون لــەخۆیان ، ئایەتـەكانی ئـەویان بەسـەردا دەخوێنێتەوە ودڵ ودەروونیان پاك و پوخت دەكاتەوە ، هەروەها فێری قورئان و داناییان دەكـا، بـە ڕاستی پێشتر لـە گومڕاییەكی ئاشكرادا ڕۆچووبوون ....

جا ئەگەر کەسانێك ئاوا گومانیان بردبێ بەسەرداری پێغەمبەران (د.خ)، ئـەو پێغەمبـەرەی کـە دەفەرموێ (لایعرف قدري عند ربي الا ربي) کەس نازانێ قەدری مـن چـەندە لای پـەروەردگارم مەگـەر پەروەردگارم ، ئەوە ئیتر ئاساییە کە هەریەکەو کەم تازۆر قسەمان بەرکەوێ ....

ئاشکرایە لـەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا دووڕوو هەبوون ، قورئان هەوڵی چارەسـەری دەدا و ، ئەسڵ لـەناویانـدا پـەردەپۆش کـردن بـوو ،حـەزرەت (د.خ)کـەخوا نـاوی دووڕووەکـانی بـەوەحی پێڕاگەیاندبوو تەنها لای (کاتم سر)حوزەیفەی کوڕی یەمان باسی کرد بۆئەوەی فیتنـەی زیـاتری لێ نەکەوێتەوە .

دووڕووەکان ئازاری زۆری پێغەمبەر (د.خ) و موسوڵمانانیان دا ، تەنانەت بوختانیان بۆ خـاتوو عائیشە کرد ، ڕووداوەکە ئەوەندە کاریگەر بوو، قورئانی لـەسەر دابەزی و موسوڵمانانی تەمێ کرد کە جارێکی تر بەقسەی ئەم وئەو بڕوا نەکەن و،ئەو جۆرەشتانە بە کەم نەزانن چـونکە دەم وەردان لـە ناموس و شەرەفی خەڵکی لای خوا گرانە﴿ اذ تَلَقَّونه بألسـنتكم وتقولـون بـافواهكم مـا لـيس لكـم بـه علـم وتحسبونه هينا وهو عند الله عظيم ، ولولا اذ سمعتموه قلتم ما يكون لنا ان نتكلم بهذا سبحانك هذا بهتان عظيم، يعظكم الله ان تعودوا لمثله ابدا ان كنتم مؤمنون ﴾النـور ، واتە:ئەوە بۆهەردەماو دەم قسە لــە زمـانی یـەکتر وەردەگـرن بێلێکدانەوە ،کاتێك بەزارتان شتێك دەڵێن کە هیچ ئاگاداری نـین ،ئێـوە وادەزانـن ئـەو بوختانـە شتێکی ئاسانە ؟لـە کاتێك دا ئەوە لای خوا زۆر گەورەو ناقولایە ،دەبوایە کاتێ گوێتان لـەو بوختانە بوو ، بتانووتایە : ئێمە بۆمان نیيە قسەی وا بکەین،پاکی وبێگەردی بۆخوایە،ئاخر ئەمە بوختـانێکی زۆر گەورەیە ،خوا ئامۆژگاریتان دەکـات کـە هـەرگیز شـتی وا دووبـارە نەکەنـەوە ئەگـەر ئێـوە بڕوادارن .

بەڵێ.. لـەکۆمەڵگای ئیسلامیدا کەسانێك هەبوون کـە ئـاگری فیتنـەیان دادەگیرسـان و لـەهـەل دەگەڕان قورئان لـە بارەیانەوە دەفەرموێ ﴿ لو خرجوا فيكم ما زادُكم الا خبالا ولأوضعوا خلالكم يبغونكم الفتنـة وفيكم سماعون لهم والله عليم بالظالمين ﴾ التوبة 47 ئەگەر دووڕووەکان دەرچونایە بۆغەزاو لـەناوتاندا بوونایـە هیچیان بۆئێوە زیاد نەدەکرد بێجگە لـەسستی نەبێ ودەستیان دەکرد بـە چـرپە چـرپ لـەناوتانـداو دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی کەلێنێ لـەنێوانتاندا بەئاواتی هەڵگیرسانی فیتنەوئاشوب، کەسانێکیش هـەن لـەناو ئێوەدا گوێیان بۆدەگرن ،خوای گەورەش ئاگادارە بە کار و کردەوەی ستەمکاران ..

فیتنەو قسەوقسەڵۆك لـەکاتی دابەشکردنی هەندێ دەستکەوتدا زیاتر سـەر هەڵدەدا،حـەزرەت (د.خ)دەستکەوتەکانی غەزای حونەینی دابەش کرد بەسەر تازە موسوڵمان وسەرۆك خێڵـەکان دا و

هیچ بەر ئەنسارەکان نەکەوت ،بۆیە لە دڵیاندا شت دروست بوو ، دەنگەدەنگ پەیدا بوو ، تەنانەت کەسێ جورئەتی کردو وتی : بەخوا ئەوەتا پێغەمبەر(د.خ) بەکەس و کارەکەی خۆی گەیشتووە و ئیتر لا بەلای ئێمەدا ناکاتەوە ،سەعدی کوڕی عەبادە چوە خزمەتی وعەرزی کرد :پێغەمبەری خوا ئەنسارەکان لەبەردڵیان گرانە کە تۆ لەو دەستکەوتانە تەنها بەشیخزمانی خۆتت داو بەخششێکی زۆرت دا بە خێڵە عەرەبەکان و لەوە هیچ بەر ئەنصارەکان نەکەوت .. حەزرەتیش(د.خ) فەرمووی :ئەی سەعد ئەوە تۆ قسەی وەها دەکەیت ؟سەعد وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)منیش مرۆڤێکم و یەکێکم لەخێڵەکەم . فەرمووی :ئادەی خزم و خێڵەکەتم بۆ کۆبکەرەوە لە شوێنێکدا .

سەعد ڕۆیشت و هەموویانی کۆکردەوە ،حەزرەت (د.خ)هاتەلایان و سوپاس و ستایشی خوای کرد و پاشان فەرمووی (ئەی کۆمەڵی ئەنصار ، شتێکم لە بارەی ئێوەوە پێگەیشتووە ، کە ئێوە بەرامبەر من شتێك لە دڵتانا دروست بووە ، وانیە ؟ئایا کەمن هاتم ئێوە سەر لێشێواو نەبوون و خواهیدایەتی دان ؟هەژار نەبوون و خوا دەوڵەمەندی کردن ؟دوژمنی یەك نەبوون ،خوا هەمووتانی کردە براو دۆستی یەکتر؟وتیان: بەڵێ،خوا وپێغەمبەرەکەی خاوەن فەزڵی زیاتر وچاکترن . پاشان فەرمووی :ئەرێ خەڵکی ئەنصار وەڵامم نادەنەوە ؟وتیان :بەچی وەڵامت بدەینەوە ؟منەت و ڕێز بۆ خواو پێغەمبەرەکەیەتی .

فەرمووی :وەڵاهی ئەگەر بتانەوێ دەڵێن وڕاستیش دەکەن ، تۆکە هاتیت دوور خرابویتەوە ئێمە متمانەمان پێدایت و باوەڕمان پێهێنایت ، لاواز وزەبوون بویت ، ئێمە سەرمان خستیت ، پەڕاگەندە بوویت ، ئێمە جێگامان کردیتەوە،هەژار بووی ئێمە دڵمان دایتەوە.

ئەی خەڵکی ئەنصار ئێوە لە دڵتانداخەفەت بۆماڵی دونیا دروست بووە ،ماڵێ کەخەڵکی بەدوایدا ڕادەکەن ، ئەی خەڵکی ئەنصار ئایا ڕازی دەبن کە ئەوان بە ووشترو ماڵاتەوە بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە وئێوەش بە پێغەمبەرەوە بڕۆنەوە بۆ ماڵ وحاڵی خۆتان ؟ سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە،ئەگەر هیجرەت نەبوایە حەزم دەکرد یەکێك بم لە ئەنصارەکان ، ئەگەرهەموو خەڵك ڕوو لەشوێنێك بکەن و ئەنصاریش ڕوو لە شوێنێکی تر بکات ،سوێندبێت کەرێگاکەی ئەنصارم هەڵدەبژارد ، خوا ڕەحم بکە بە ئەنصارەکان ، بە ڕۆڵەکانیان ، بە ڕۆڵەی ڕۆڵەکانیان) بەبیستنی ئەم وتە شیرینانە هەموویان دەستیان کرد بە گریان تا فرمێسك ڕیشی تەڕکردن و وتیان:ئێمە پشکی پێغەمبەرمان دەوێت ، ئیتر پێغەمبەری خوا (د.خ) هەستاو ئەوانیش بلاوەیان لێکرد .

کەواتە قسەوقسەلۆك دروست دەبێت و فیتنە وئاشـووب سـەرهەڵدەدات بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە ئەوەندە هوشیاربین تەشەنە نەکات و سەرقافڵەی کاروانیش بە حەکیمانە چارەسەری بکات .

بەشداری نەکردن لە فیتنەو ئاشووبدا

حەزرەت(**د.خ**) ناوبەناو ئامۆژگاری هـاوەڵانی دەکـرد وئاگاداریـدەکردن کـە فیتنـەو ئاشـوب سەرهەڵدەدا(ألا ستكون فتن)، وتیان:وما المخرج منها يا رسول الله ؟ئەی پێغەمبـەری خـوا (**د.خ**)بەچـی لـێـی دەرچین وپارێزراو بین ،فەرمووی :كتـاب الله ، دەسـت بگـرن بەبەرنامـەی خواوەوپـەیڕەوی قورئـان بکەن..... هەروەها لـەفـەرمودەدا هـاتووە ،کەعومـەرو عوسمـان وعـەلی وحوسـەین شـەهید دەبـن وئاشـوب دەکەوێتـە نێـوان دوو کۆمەڵـەی گـەورەی موسـوڵمانانەوە و عـەمماریش کۆمـەڵی (باغی)(ئەوانەی کەبەئیجتهادیان لـەفەرمانی ئیمام دەردەچن)دەکوژرێت ..

زۆرجار بێویژدانی و داواکردنی میسالیەتوادەکات ئەو قسەو باسە بێتە کایەوە کەسێك خـۆی تواناکانی سنوردراوە و هیچی لـەباردا نیە یان کەمی لـەبارداپە،کەچی داوای ئەوپەڕی توانـاو هـەوڵ دەکـات لــە بەرامبەرەکــەی ئەمـــەش وایکــرد یــەکێ لــە خەلیفــەکان بــە ڕاشــکاوی بەخەڵکانیدەوروبەری بڵێ: (ئەی ڕەعیەت ویژدانتان بێ ،ئێـوە دەتانـەوێ ئێمـە وەك ئەبوبـەکرو عومەر ڕەفتارتان لـەگەڵ دا بکەین کەچی ئێوە وەك ڕەعیەتەکەی ئەوان نابن لـەگەڵمان).

برایەك خەریکیکاروکاسبی وژیانی خۆیەتی و،هیچ خۆی نارەنجێنێ و بە هەزار حاڵ ئەگەر کاتی زیادەی خۆی بدات بەدەعوە ،ئینجاچاوەڕێی موعجیزەیە لـەسەرکردەو هاوکـارانی ، ئـاخر ئـەوەی ئەمیرێکی وەك ئەبوبەکری بوێ دەبێ خۆشی وەك سەعد و خالید بێ.

ئنجا با بشزانین ئەبوبەکر هەرزوو بە موسوڵمانانی فەرموو: (خەڵکینە بەڕاستی حـەزم دەکـرد یەکێکی تر شانی بدایەتە بەر ئەم بەرپرسیارێتیە و لـەکۆڵ منی بکردایەتەوە ،جا ئەگەر بەتـەمابن وەك پێغەمبەر (**د.خ**) بم وهەمووسوننەت جێبەجێ بکەم ، ئەوە بەرگەی ناگرم چونکە حـەزرەت (**د.خ**) بـۆ خۆی معصوم بوو لـە شەیتان و بەردەوام وەحی بۆ دەهات لـە ئاسمانەوە).

بەڕاستی پێویستە خەریکی خۆمـان بـین بـە چارەسـەرکردنی کەموکوڕیـەکانمان و هەوڵبـدەین سـەرقاڵی خـەڵکی نـەبین ، سـری سـقطی بغـدادیخۆڵاسـەی ئـەزموونی خـۆی بـۆ بـانگخوازان تۆماردەکات و لـەسەدان ساڵ لـەمەوبەرەوە دەڵـێ: (هـیچ شـتێکم نـەدیوە بەتاڵکـەرەوەی ئـیش و تێکدەری دڵ و خێرا بێت بۆ لـەناوبردنی عەبدو درێژەپێدەری خەم بێت و نزیکەرەوەی خەشمی خـوا

بێت ، وەمایەی ڕیابازی و حەزکردن کردن بێت بە کوێخایەتی بە هێندەی ئـەوەی کەسـێك خـۆی نەناسێت و خەریکی گەڕان بێت بەدوای کەم و کوڕی خەڵکدا) . هەروەها عەون کوڕی عبـدالله کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعود کە تابعی یە دەڵێت : (وانازانم کەسێك دەست بەتاڵ بێت بۆگەڕان بەدوای عەیبی خەڵکیدا مەگەر لـەغافڵ بوونیەوە نەبێ لـە نەفسی خۆی).

زین العابدین کوڕی حسین کوڕی علی دەڵێت(ئەگەر کەسێك دڵسۆزو سـاغ بێـت بـۆ خـوا بەنهێنی،خوا ئاگاداری دەکات لـە کەموکوڕی یەکانی ونایپەرژێتە سەرخەڵکی) ئەمەش مانای وانیە قسە نەکرێت لـەسەر کەم وکوڕی و ناتەواویەکان ، بەڵێ قسە دەکرێت بەلاَم لای ئەو کەسەی کە دەتوانێت چارەسەری بکات .

گرنگ ئەوەیە چارەسەر بکرێو خراپەی گەورەتری لێنەکەوێتەوە ، هەندێ کـەس داوایـان لــە ئوسامەی کوڕی زەید کرد کە گلـەیی بکات لـەمەسەلـەیەکدا لـە ئەمیرەکانیان،ئـەویش وتـی : ئێـوە وادەزانن قسەیان لـەگەڵ ناکەم و پێیان ناڵێم ؟مـن بـە نهێنـی و لــەلاوە قسـەیان لـەگـەڵ دەکـەم و دەرگایەك ناکەمەوە کەیەکەم کەس بم بیکەمەوە ، (کە ئەویش دەرگای فیتنەیە).

عبدالله ی کوڕی عکیم لـەناو ئەڵقەیەکی قوتابیەکانیدا وتی(جارێکی تر هەرگیز هاوکاری ناکەم لـەڕشتنی خوێنی خەلیفەدا دوای حەزرەتی عوسمان)...

قوتابیەکانی ئەبلَق بوون و وتیان: بۆچی تۆ دەستت هەبووە لـە ڕشتنی خوێنی حەزرەتی عوسمانـدا ؟ عبدالله وتی:(من وا دەبینم باسکردنی کەم وکوڕی کەسێك لـەناوخەڵکیدا وەك خوێن ڕشتنی وایە)! بەڵێ، عبدالله عوسمانی خۆش دەویست و هەروا لـە نیەتی خێرەوە باسی هەندێ شتی کرد کە بەلای ئەوەوە کەموکوڕی بوون ،ناحەزان ئەو قسانەیان قۆستەوە و فیتنەوئاشووب هەڵگیرساو بـە ناهـەق عوسمان شەهیدکرا .

ئەوەی جێی داخە هەندێ لـەوانەی کە لـەو فیتنەیـەدا بەشـداری دەکـەن وادەزانـن بـۆ خـوای دەکەن ، عەمری کوڕی حومق کە نۆ خەنجەری دابوو لـە سەرسنگی عوسمـان وتـی: سـێ خەنجـەرم لـەبەر خوا لێداوە وشەشیشیان لـەبەر ئەو ڕقەی کە لـە دڵما بوو.

بەڕاستی خەڵکی زۆربەی گیرەوەی زمانن، بۆیە وشیاری پێویسـتەو ئـەبێ بـاش بـزانین جـاری واهەیە تاقە وشەیەك کەخوا پێیخۆش نیەوقسەکەر گوێی پێنادات دەبێتـە مایـەی بـەتاڵ بوونـەوەی کاری ئەو کەسە .

.

نەغەیبەت بکەو نەگوێشی بۆ بگرە

بۆ ئەوەی فیتنەو ئاشووب سەرهەڵنەداو برایەتی لەبەر خوا لە ناوماندا بەرقەرار بێت ، پێویستە خۆمان ڕابهێنین کە غەیبەت نەکەین و گوێشی بۆ نەگرین ، قورئان دەفەرموێت ﴿ ولايغتب بعضكم بعضا ، ايحب احدكم ان يأكل لحم اخيه ميتا فكرهتموه، واتقوا الله ان الله تواب رحيم ﴾ الحجرات 12 واتە : لەپاش ملە باسی یەکتری مەکەن ، ئایا کەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات ؟؟ دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت و ناخۆشە ، دەی کەواتە لە خوا بترسن و پارێزکاربن ، بەڕاستی خوا پەشیمانی خەڵکی وەردەگرێت ومیهرەبانە بۆیان .

فضيل کوڕی عیاض دەڵێت ﴿ اذا ظهرت الغيبة ، ارتفعت الاخوة فى الله ﴾ العوائق42 ڕۆژێک حەزرەت **(د.خ)** بە هاوەڵانی فەرموو (دەزانن غەیبەت چی یە ؟؟وتیان : خواو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن ، فەرمووی : غەیبەت ئەوەیە کەباسی براکەت بکەی بەجۆرێك کەپێی ناخۆش بێت.. وترا : ئەی ئەگەرئەوەی دەیڵێم لە براکەما هەبوو ؟ ! فەرمووی : ئەگەر ئەو قسەیەی کە تۆ دەیکەی و ئەو پێی ناخۆشە تیایا هەبوو، ئەوە غەیبەتە ، خۆ ئەگەر تیایا نەبووئەوە بوختانە(کە لە غەیبەت خراپترە) مسلم .

ڕۆژێك خاتووعائیشە لە لای حەزرەت **(د.خ)** تانەو تەشەری دا لە خاتوو (صفيه) گوایە باڵای بەرز نیە ، حەزرەتیش **(د.خ)** پێی فەرموو:ئەو غەیبەتەی کردت ئەوەندە گوناهێکی گەورەیە ئەگەر تێکەڵ بە ئاوی دەریا بکرێت هەمووی لیخن و بۆگەن دەکات ! (ئەبو داود) .. گوێ نەگرتن لە غەیبەت و بەرگری کردن لە موسوڵمانان مایەی ڕەزامەندی خواو سەرفرازی قیامەتە، حەزرەت **(د.خ)** دەفەرموێ (من رد عن عرض اخيه رد الله عن وجهه النار يوم القيامة) ترمذی .. واتە هەرکەسێ لەسەر براکەی هەڵبداتێ نەیەڵێ غەیبەت بکرێ ئەوە خوای گەورە ڕووی لە ئاگری دۆزەخ دەپارێزێ .

نموونەیەکی خۆپاراستن لە غەیبەت :

زانای خواناسی بانگخواز شێخ ئەمجەد زەهاوی نموونەیەکی بەرزە لەم بوارەدا ، ئەم پایە بەرزە کوردەو لە ساڵی (1883) لە دایك بووەو لە ساڵی (1968) ز دا کۆچیدوایی کردووە.

ئەم خواناسە بە ڕەوشت و خووی جوان و هەوڵ و کۆششی بەردەوامی توانی خزمەتێکی گەورە بە ئیسلام بکات لە عێراق و لە جیهانی ئیسلامی دا ، شێخ ئەمجەد لە سەر ڕێبازی حەزرەت(**د.خ**) و یاران بوو ، بۆ خوا سوڵحان بەڕەنگ و ڕوویەوە دیار بوو ، ئەمەش وای لە

پێشەوا بەننا کرد کە بڵێت : (ئەگەر دەتەوێ ڕووی گەشی یەکێ لـە هاوەڵـانی حـەزرەت (د.خ) ببینی سەیری ڕووی شێخ ئەمجەد زەهاوی بکە)..

شێخ ئەمجەد زۆر بیرتیژو وریاو بلیمەت بووە ، ڕۆژێك شێخ (قاسم القیسی) موفتی عێراق لـە گەڵیا باسی بەلاغەت و زمانی عەرەبی دەکات ، کە زانـایی شـێخ ئەمجـەدی بـۆ دەردەکـەوێ لـەو بوارەشدا دەڵێت : (ئەی شێخ ئەمجەد من فیقهو ئوسوڵی فیقهم بۆ تۆ واز لێ هێنا بوو کە مامۆسـتاو ڕابەر بیت ، هەرگیز بۆ ئەوە نە دەچووم کە لـە زمانی عەرەبی و بەلاغەتیشدا ئاوا بیت و موناقەشەم بکەی ، لـە کاتێکیشدا من عەرەبم و تۆش کوردیت ، بۆیە ناچارم ئەم بوارەش بۆتۆ بە جێ بهێڵم ، بە ڕاستی ئەمجەد ئەفەندی تۆ شێخی من و شێخی هەموو عێراقی یە کانی لـە (منقول) و (معقول) و هەمووزانستەکاندا ولـە مەودواش موجادەلـەت لـە گەڵ ناکەم و تەنها داوای فەتوات لێ دەکەم).

شێخ ئەمجەد ئەوەندە شارەزا بوو لـە فیقهی ئەبو حەنیفەدا ، (سید محسن الحکیم) ی پێشەوا ی شیعە لـە بارەیەوە وتویەتی (ئەگەر فیقهی ئیمام ئەبوحەنیفـە لـە جیهانـدا نـەمێنێ، شـێخ ئەمجـەد دەتوانێت لـەبەر هەمووی بڵێتەوە و بنوسرێتەوە)..

جالـەگەڵ ئەم هەموو بلیمەتی و زیرەکی یەدا هەردەم ناوی خـەڵکی زۆر نزیکـی ، تەنانـەت نـاوی منداڵـەکانی خۆشـی بیردەچـوو!! (تـەها جـابر علـوانی)دەڵێـت :ڕۆژێـك شـێخ ئەمجـەد ویسـتی ڕاسپاردەیەکی دەمی بۆبگەیەنمە شێخ محمد الصواف کە زۆر دۆست بـوون و زۆر کـات بەیەکـەوە بوون ، وتی : بڵێ شێخی خاوەن عەمامە، باڵا بەرز ، یەکسەر زانیم مەبەستی شیخ صوافە ..قسـەم نەکرد وتم بزانم ناوەکەی بیردەکەوێتەوە ، کەچی بیری نەکەوتەوە ،لێم پرسی بۆچی ئاوازوو نـاوت بیر نامێنێ؟؟ وتی : (ئەفەندی ، لـەسەرەتای لاویمەوە پاش ئەوەی بینیم لـە قورئان و سوننەتدا چـەند باسی مەترسی غەیبەت کراوە و زانیم چەند گوناهبار دەبێت ئەوەی بیکات ، لـە خوا پاڕامـەوە کـە یارمەتیم بدات نەتوانم هەرگیز غەیبـەت بکـەم ، بۆیـە ئـەبینی هەرئەوەنـدەی لێـرە بڕۆیتـە دەرەوە ناوەکەتم لـەبیردەچێت و ناتوانم ناوت بهێنم و غەیبەتت بکەم) (ل 20 الامام امجد الزهاوی / کاظم المشایخی)

فضیل کوڕی عیـاض دەڵێت:(هەرکەس دەیەوێت سەلامەت بێت لـەغەیبەت با دەرگای گومان بردن لـە خۆی داخات، چونکە کێ لـە گومان ڕزگاری بێت لـە سـیخوڕی و کەوتنـە دوای کـەموکوڕی خەڵکیش ڕزگاری دەبێت ،کێ لـەمەش ڕزگاری بێت غەیبەت ناکات) ..

العوائق /42..

.

حــەزكردنی مــرۆڤ بــەدنیاومالْ و ســامان پــاڵی پێوەدەنێــت بــۆ حــەزكردن لــە كورســی و پلەوپایەوچوونەپێشـــەوە، پـــەروەردەی ئیســـلامیش گرنگـــی داوە بـــە چارەســـەركردنی . لـــە سەردەمیهاوەڵانیشدا هی وایان هەبوو كە حەزی بەكاربەدەستێتی وچـوونەپێش دەكـرد، پێغەمبـەر (د.خ)پێی فەرموون (انكم ستحرصون علی الامـارة وسـتكون ندامـة يـوم القيامـة) واتـە:ئێـوە هەڵپەدەكـەن بـۆ كاربەدەستی،كە ئەوەش مایەی پەشیمانیە لـە قیامەتدا (بخاری).

هەروەهادەفەرموێت (انا والله لا نُولي على هذا العمل احدا سأله او احدا حرص عليـه) بخـاری ، واتـە بـەخوا ئێمە كار نادەینە دەست كەسێك داوای بكات یان هەڵپەی بۆ بكات و سووربێت لـەسەری .

رۆژێك ئامۆژگاری عەبدولرەحمانی كوڕی سەمورەی كردو فـەرمووی (داوای كاربەدەسـتی و ئەمارەت مەكە ، چونكە ئەگەر لـەسەر داوای خۆت پێت درا و كرایتە كاربەدەست ، ئـەوا خـوای پەروەردگار دەتداتە دەست كارەكە،بەلأم ئەگەر بەبێ داوای خۆت درا بە سەرتا ئەوا خوای گەورە هاوكاریت دەكات و بۆت ئاسان دەكات). پێشەوا (ثوری)دەڵێ:(لم أر الزهد في شيء اقل منه فـي الرئاسـة) واتە:هیچ شتێكم نەدیوە هێندەی كورسی و پلـەوپایە بەكەمی زوهدی تیا بكرێت .

فضیل كوڕی عیاض دەڵێت (هەركەس حەزی لـە كوێخایـەتی و خـۆ بردنـە پێشـەوە بـوو ، ئـەوە حەزدەكات باسی كەم و كوڕی خەڵكی بكات تابوتری خۆی تەواوەو، حەزیش ناكات باسی كەسی لابكرێت بە چاكە ، جا هەركەس شەیدای كورسی و پلـەو پایە بوو ئـەوە دەسـت لـە چـاكیەكەی بشۆ) .

بانگخوازانیش هەمیشە یەكتریان ئاگادار كردۆتەوە لـەم حەزوئارەزووە شاراوەیە ، ئەوە (ثوری) نامە بۆ (عباد كوری عباد) ی هاوەڵی دەنێرێ و ئامۆژگاریی دەكـات و دەڵێـت :(نەكـەیت حـەز لـە پلـەوپایە وكورسی بكەیت ،پیاوی وا هەیە لـەئاڵتون وزیو زیاتر حەزی لـێیەتی و ئەوەش هەموو كەس لـەخۆیدا دەركی پێناكات ،مەگەر یەكێك زاناو هۆشیار بێت، وریابە خۆت نەدۆڕێنی و بـە نیەتـەوە ئیش بكە) ل87 العوائق. ئەم حاڵـەتە نەخۆشیەو تووشی دڵی بڕواداردەبێت ،كاتێك بەخۆی دەزانێت هاوسەنگی ناهێڵێ و كارەكانی لێدەشێوێت .پێشەوا (ئیبن تەیمیە) دەڵێـت:(ئـەو كەسـانە حـەزی چونە پێش و بوون بە كەواسووری بەرلـەشكر وایـان لێـدەكات ببنـە دۆسـتی كەسـێك كەبەشـان وباڵیاندا هەڵبدات ئەگەر ڕاستیش نەبێت و،ببنە دوژمنی كەسێك كە لۆمەیان بكات و ئامۆژگاریان بكات ئەگەر هەق و ڕاستیش بێت).ل220 العوائق.

بانگخواز ڕاستە حەز دەکات نموونەو پێشەنگ بێت وبەباشترین شێوە بەرنامەکەی بگەیەنێ و، هەروەك (حەزرەتی ئیبراهیم) دوعا دەکات:﴿ واجعلنا للمتقين اماما ﴾، بەلاَم ئەم بوون بەپێشەوایە هەروا ئاسان نییە ، پەروەردە و پێگەیاندنی دەوێت ،تەنانەت بۆ پێغەمبەرانیش هەروا بووە ،ئەوە حەزرەت (د.خ)دەفەرموێت: (ادبني ربی فأحسن تأديبی) ئینجا لە تەمەنی چلساڵیدا خوا کردی بە پێغەمبەر ، چونکە تەمەنیش بۆ خۆی مەسەلەیەکە.

بانگخوازیش پێویستی بەپەروەردەی چاك هەیە وئینجا (الجندية طريق القيادة) ئەگەر شاگردێکیباش، یان سەربازێکی باش نەبێ ، ناگاتە ئەوەی کە بتوانی ڕۆڵی خۆی ببینێ لە ڕیزەکانی پێشەوەدا.

پلەوپایەو کورسی فیتنەیەو زۆر کەس لە خشتە دەبات ، کاتێك(عومەری کوڕی عبدالعزیز)سەرکەوتە سەر مینبەر پاش ئەوەی بوو بە خەلیفە (عوبەیدولاَ)کە برازای (عەبدولاَی کوڕی مەسعود)و مامۆستای عومەر بوو ، دڵی دەلەرزی ،ئاخۆ لەم تاقیکردنەوە قورسەدا دەرچێ ؟ عومەر لەسەر مینبەر وتی :(الا انی لست بخيركم ولكنی رجل منكم ، غير ان الله جعلنى اثقلكم حملا)ل84 العوائق واتە :ئاگادارین من لە ئێوە باشتر نیم و یەکێکم لە ئێوە ،تەنها ئەگەر جیاوازییەکیشمان هەبێ ،لەوەدایە کە خوا باری منی لە هەمووتان قورستر کردووە .پاش ئەم قسانە مامۆستای عومەر دڵی ئارام بوو، عومەریش کە خوا ناس و بۆ خوا سوڵحاو بوو، وە کۆمەڵە کەسێکی خواناسیش لەدەوری بون وهاوکارییان کرد، توانی لە دوو ساڵێکدا ڕۆڵی گرنگی خۆی ببینێ ولە مێژووشدا بە پێنجەم خەلیفەی ڕاشیدین دادەنرێ.

جەماعەتی تەبلیغ لە ولاَتی هیند و پاکستان ، کە دەچن بۆ بانگەواز کردن و یەکێکیان دەچێتە سەر مینبەر بۆ قسە کردن هەر هەموویان دەست بە دوعان کە بتوانێ چاکترین قسە بکات و زۆرترین خەڵك بێنێت بەرەو ئیسلام ،کە بە ڕاستی ئەوەیە ئیخلاص .

ئێمە دەمانەوێت پرۆژەی ئیسلامی بەرەو پێش بچێت ، هەر کەس بیکاو شان بداتە بەری خوا خێری بۆ بنوسێ و دەبێ‌پێمان خۆش بێت ، نەك لەبەر ئەوەی بە من نەکراوە ولەسەر دەستیمندا نەبوە حەز بەوە بکەم بکەوێ تامن بچمەجێگەکەی . هەمووپێویستمان بەئیخلاصە ،پێویستمان بەوەیە کەڕاست بکەین لەگەڵ خوادا ، ئەگینا کارەکانمان لێوەرناگیرێ و ڕەنج بە خەساری دنیاو ئاخیرەت دەبین﴿ وقدمنا الى ماعملوا من عمل فجعلناه هباء منثورا ﴾ 23 الفرقان .

(نورەدین زەنکی) نمونەیەکی بالأوگەشە لـەم بوارەدا،بۆیـە بـە شەشـەم خەلیفـەی ڕاشـیدین دادەنرێ، ڕۆژێك لـەمەجلیسی عیلما دەبێت وزانایەك فەرموودەیان بۆ باس دەکـات بابـەتێك دێتـە پێش کە زەردەخەنەیخستە سەر لێوی هەمووان،تەنهانورەدین نـەبێت ،لێیـان پرسـی :بـۆ وا مـات وپەستی ؟! وتی :(شەرم دەکەم لـە خوا پێبکەنم و موسڵمانانیش لـە ئەسکەندەریە لــە میسـر خـاچ پەرستان ئابلۆقەیان داون).

ئەو شەوە زاناکە خەودەبینێ بەحەزرەتەوە (د.خ)کەلـە خەوەکەداپێیدەفەرموێ: مـژدە بـدە بـە نورەدین کەخوا ئابلۆقەکەی لـەسەر موسڵمانان هەڵگرتووەورزگار بوون ،زاناکـەش دەڵێـت:ئـەی پێغەمبەریخوا ناونیشانێکم بدەرێ تابڕوام پێبکاحەزرەتیش فەرمووی :پێی بڵــێ بـە ناونیشـانی ئـەو سوجدەیەی لـەسەر شاخی (تل حارم) بردی. بۆ بەیانی کە زاناکە دەچێت بۆ نوێژی بـەیانی لــەڕێی مزگەوت نوورەدین دەبینێ کە ئەویش بەسواری ئەسپەکەیەوە دەچوو بۆ نوێژ، زاناکە ڕایدەگرێت وپێیدەڵێت : قوربان ئەمشەو خەوم بە حەزرەتەوە (د.خ) بینی ، فـەرمووی مـژدەت بـەمێ کـەخوا ئابلۆقەکەی لـەسەر موسڵمانان هەڵگرتووە و، منیش داوای ناونیشانێکم لێکرد بـۆت تـابڕوام پـێ بکەی فەرمووی:بەناونیشانیئەوسوجدەیەی کاتی خۆی لـەسەر(تل حارم) بردوتە .یەکسەر نورەدین لـەسەر ئەسپەکەی دابەزی وچووە سوجدەوە و زۆر گریاو وتی: (اللهم انصر دینـك ولا تنصـر نورالـدین الکلب ،وما نورالدین الکلب حتی تنصـره) واتە:خوایە ئاینەکەی خۆت سەر بخـە و نـورەدینی سـەگ سـەر مەخە ، نورەدینی سەگ چییە تۆ سەری بخەی؟.

بۆ پێناگەین؟ !

زۆر جار دەڵێم ئەگەر دارو درەخت بوینایە ، باخەوانەکەمان هـەر زوو دەیبڕینـەوە لـەبـەر بـێ کەڵکی و بێ بەریمان !خەڵکی دەڵێن : ئەمساڵ ساڵی ترێ یـان هـەنجیر نـەبووە کاتێـك ئـەو سـاڵـە بەروبووم باش نەبێت ، نازانم لـەوەدەچێت ئێمە ومانان هیچ ساڵێك ساڵمان نـەبێت ، بەرهـەمێکمان نیە کە دڵی باخەوان خۆش بکاو دوژمنانیش دڵیان شەق ببات ، لـە کاتێکدا ﴿ ومثلهم فی الانجیل کـزرع اخرج شطأه فآذره فاستغلظ فاستوی علی سوقه یُعجب الزُراع لیغیظ بهم الکفار ﴾الفـتح 29 . واتە (نموونەی بڕواداران وەك ڕووەکێك وایە کە لـە سەرەتاوە چەکەرە بکات،جـا چـەکەرەکەی بـەهێز کردبێـت ، پاشـان ئەستووربێت و ڕاوەستێت لـەسەر قەدەکەی ، ئەوەندە زوو پێبگات کشـتیارەکان سەرسـام بکـات وپێیان سەیربێت چۆن وا پێگەیی ؟؟!چۆن ئاوا خۆی گرت ؟؟! دیارە ئەمەش داخ دەکات بـە دڵـی کافراندا) .

هەندێ لە بڕواداران سست بوون و پێنەدەگەیشتن ، خوای گـەورە لـە قورئانـدا سەرزەنشـتی کردن تا وشیاربینەوە ﴿ الم يأن للذين آمنوا أن تخشع قلوبهم لذكرالله ومانزل من الحق ولايكونوا كالـذين أوتـوا الكتـاب فطال عليهم الامد فقست قلوبهم وكثير منهم فاسقون ﴾ الحدیـد16.. واتـە :ئایـا ئـیتر کـاتی ئـەوە نـەهاتووە بـۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، دڵەکانیان بۆ یادی خواو بۆ قورئان مل کەچ بکـات و ، وەکـو ئـەو کەسانە نەبن کە پەڕاوی ئاسمانیان بۆ ڕەوانەکراو ، دوای تێپەڕبوونی ماوەیـەکی دووروودرێـژ دڵێـان ڕەق بوو، زۆربەشیان یاخی وسەرکەش و نالـەباردەرچوون .

ئەگەر سەیری مێژووی شکۆداری ئیسلام بکەین ، ئەوە (سعد کـوڕی معـاذ) هـەموو تەمـەنی ئیسلامەتییەکەی تەنها حەوت ساڵ بوو، کاتێك لـەغەزای خەندەق دا بریندارببوو حەزرەت (د.خ) لـە مزگەوتدا خێمەی بۆ هەڵدا تا تیماری برینەکەی بکرێـت ، سـەعد دوعـای کـرد : خوایـە ئەگـەر پێغەمبەرەکەت (د.خ) جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەی مـاوە لـەگـەڵ جوولـەکەکانـدا بمهێڵــەرەوە بـۆ گیانیان ، خۆت دەزانی لـە بەر تۆچەند ڕقـم لـێیانـە و ، ئەگـەر نـەشماوە گیـانم بکێشـە و دەمـەوێ بگەڕێمەوە بۆلای تۆ ، خوای گەورەش دوعاکەی گیرا کردو برینەکەی تووشی خوێن بەربوون بوو بە شەهیدی سەری نایەوە ..

حەزرەت (د.خ) بە هاوەڵانی فەرموو : بزانن ئەوە کێیە وەفاتی کردوە ، عەرشی خوای بۆ هاتۆتە لـەرزە ؟؟ سەیریان کرد سەعد کۆچی دوایی کردووەو کاتێـك ناشتیشـیان بـە هـەزارەها مەلائیکـە تەرمەکەیان بەڕێ کرد .. باشە دەبێت ئەم پیاوە بەرزە چی کردبێت ئاوا زوو پێگەیشت و گەیشـتە ئەو پلـەوپایە بەرزە !!.

ئەوە (عبدالله کوڕی ئوم مکتوم) چۆن ئاوا عاشقی شەهیدی بوو ، چـۆن ئـاوا پێگەیشـتبوو و پەروەردەکرابوو ؟؟ کە کوێری نەبێتە ڕێگر لـە بەردەمیاو بە هیمەتی بـەرزەوە لـە قادسـیەدا ئـاڵای موسوڵمانی هەڵگرت و لـە ناوەڕاستی گۆڕەپانی جەنگدا وەستا ، تابە وەستانەکەی ببێتـە هانـدەرو دڵقایمی بۆ موسوڵمانە چاو ساغەکان و ئینجا بە شەهیدبوونیشی بووە حوجە بەسەر ئەوانەوە کە لـە بیانوو دەگەڕێن بۆ ئەوەی خۆیان لـە هەوڵو تێکۆشان بدزنەوە .

لـەناو هاوەڵاندا چەند کەسێك ئەوەندە کاری مـەزنیان ئەنجامـدا ، حـەزرەت هـەر لــە دنیـاوە مژدەی بە هەشتی پێدان وەك چوار خەلـیفەکە وخەدیجەو ..هتد .

ڕۆژێك خاتوو عائیشە لـە دەرەوەی ماڵ بوو کە گەڕایەوە ، لـەناو مزگەوتدا گوێی لـە کەسـێك بوو ئەوەندە قورئانی بەخۆشی دەخوێند پێی نەبوو بچێتەوە ماڵەوە ، دوای ماوەیەکی زۆر کـە هاتـە

ژوورەوە بۆ حەزرەتی گێڕایەوەو ئەویش چووە ناو مزگەوت و سەیری کرد سالم مولی حوزەیفەیـە ، حەزرەت **(د.خ)** فەرمووی : سوپاس بۆ ئەو خوایەی لـە ئومەتەکەمـدا پیـاوی وەك سـالمی دروسـت کردووە . شایانی باسە سالم لە جەنگی یەمامەدا کفنی پۆشیبوو پاش جەنگانێکی قورس شەهید بوو..

هاوەڵان هەرچەند زۆربەیان لاو بوون ، زوو پێگەیشتن و بوونە جێـی متمانەیحـەزرەت **(د.خ)** وکارەکانیان بۆ ڕادەپەڕاند. (زەیدی کوڕی سابیت) لاوێك بوو ،حەزرەت **(د.خ)** داوای لێ کرد کە فێری زمانی عیبری ببێ ،لە پانزە ڕۆژدا فێر بوو .

(ئوسامەی کوڕی زەید) کە تەمەنی لە شانزە ساڵ کەمتر بوو ، لە نۆ (سریە)دا جارێـك ئـەم سەرکردە دەبوو ، جارێکیش (ابو بکر)،کە بەشانزە ساڵیش حەزرەت **(د.خ)** کردی بە سـەرکردەی ئەو سوپایەی دەچووە سەر ڕۆم ، هەندێ ووتیان :خۆزگە یەکێکی بەتەمـەنتری دابنایـە ، حـەزرەت **(د.خ)** فەرمووی :(بەخوا ئەو سەرکردایەتی لێ دێت و باوکی زۆر خۆشەویستم بووە وخۆشی هەروا لە خۆشەویستانمە).

ئەوەش(سوڵتان محمدفاتح) بیست ساڵێك دەبوو کە (سـوڵتان مـوراد)ی بـاوکی دەسـەڵات و حوکمی بۆ بەجێهێشت ، سوڵتان محمدفاتح دەیویست فەتحی قوستەنتینیە بکات ،سـوپای پێکـەوەناو نامەیەکی نارد بۆ باوکی وپێی وت :من یادت دەخەمەوە کە دەبێ بەقسەی وەلی ئەمر بکرێـت ، تـۆ پێویستە کەبێیت بۆ (ئەدرنە)و حوکمی وڵات بکەیتەوە.

(سوڵتان مراد) نامەکەی خوێنـدەوەو گریـاو زانیکوڕەکـەی پێگەیشـتوەو دەیـەوێ خزمـەتی ئیسلام بکات . بۆیە هاتە (ئەدرنە) و حوکمی گرتەوە دەست . لاوی خوا ناسی نەبـەردیش (محمـد فاتیح) دەوری قوستەنتینیەی گرت، پێش هێرش بردنە سەری ،ترسێك هەبوو لـە دڵیموسوڵمانانـدا لە قایمیقەڵاو لـەوسەربازانەی کە لـەسەر قەڵاکەوە هەرچی نزیـك بوایەتـەوە ئـاوی گـەرم وڕۆنـی قرچاوی گەرمیان دەکرد بەسەر یاندا . لێرەش لاوێکی خوا ناسی پێگەیشتوو کە عەقڵی لـە تەمەنی گەورەتر بوو ، هاتە مەیدان و وتی: ئێمە هاتووین لـەپێناوی خوادا گیانمان بەخت بکەین ،چـۆن لـە ڕۆنی قرچاو دەترسین.

بەڵێ.. ئەم لاوە کە ناوی (حەسەن ئولوبادلی) بوو ، سی گەنجی تێکۆشەری لـەدەور کۆبـوەوە ، کەپەیمانیان دا نە گەڕێنە دواوە ، ئینجا موسوڵمانان قەڵاکەیان دایە بەر مەنجەنیق و ئەو سی کەسە هێرشیان برد یەك لـەدوای یەك شەهید بوون و سەرەنجام (حەسەن)یەکەم کەس بـوو پێـی نایـە نـاو

قەڵاكەوە و دەرگای كردەوەو بەدوایا موسوڵمانانیش ڕژانە ناو قەڵاكەوە ، بەمەش سەركەوتنێكی بێ وێنەیان بۆئیسلام تۆمار كرد.

بەڵێ.. هەوڵدان بۆ خۆ تەواو كردن و خۆ پێگەیاندن زۆر پێویستە ، لەوەدا كە بۆ خوا سوڵحاو بین و نموونە بین لە خواپەرستی ورەوشتی بەرزو تێكۆشان و كۆڵنەداندا.

(حەزرەتی موسا)ئامادە بوو بۆ بینینی (خضر)سەد ساڵێك (واتە :هەموو تەمەنی) بڕوات وبگەڕێت ، هەروەك فەرمووی :﴿لا ابرح حتی ابلُغ مجمع البحرین او امضيَ حُقُبا ﴾ (الكهف). (حُقُب) نزیكەی سەدسڵێكە . دیارە ئەو پێغەمبەرێكی(اولو العزم) بوو ،ئەی ئاخۆ ئێمە بانگخوازێكی خاوەن عەزم و هیممەتین ،یان نا ؟ئەگەر (نا)یە ، هەتا كەی وابین ، خۆ هاكا ئە ستێرەی تەمەنمان ئاوا بوو ، یان لە گردۆڵكەی ژیان پێچمان كردەوەو لە چاو ون بووین ، هەروەك مەولەویەكەی خۆمان دەڵێ :

كاتێكمان زانا دەورێ وەردەوە ئێمەش چوون یاران پێچمان كەردەوە

بەرەو ئیمان

خوای گەورە دوو پەڕاوی بۆ ناردوین كە بەهۆیەوە بگەینە ئیمان ،ئەویش قورئانی پیرۆزە كە دەیخوێنینەوە وپەڕاوی بونەوەرە كە هەرچەند لێی وردبینەوە باشتر لە دەسەڵات و گەورەیی پەروەردگار تێدەگەین ...

قورئانی پیرۆز كە خۆی مایەی هیدایەتە سەرنجمان رادەكێشێ بۆ پەڕاوی بینراوی بوونەوەر تا بەهۆیەوە بچین بەرەو ئیمان هەروەك دەفەرموێ :﴿ قل انظروا ماذا فی السماوات والارض ﴾101 یونس واتە:پێیان بڵێ سەیركەن چی هەیە لە ئاسمانەكان و زەویدا ،جا ئەوانەی لە بوونەوەر ورد دەبنەوەو عەقڵیان دەخەنە كار ئەوانە دەچن بەرەو ئیمان قورئان دەفەرموێ ﴿ویُریكم ایاته لعلكم تعقلون ﴾73 البقرة

ئەوانەش كەسود لە ئایەتەكانی پەڕاوی بوونەوەر وەرناگرن و دڵنادەن بە پەڕاوی قورئان ئەوانەعەقڵ و ژیریان لەدەست داوە ﴿ومثل الذین كفروا كمثل الذي ینعق بما لایسمع الا دعاء ونداء صُم بُكم عُمي فهم لایعقلون)171 البقرة واتە : نمونەی ئەوانەی ئیمان ناهێنن و لەبەڵگە و نیشانەكان تێناگەن ،وەكو ئەو شوانە وایە ،كە هاوار دەكات بەسەر ئاژەڵەكەیدا ،بەڵام تێناگەن ،تەنها ئەوە نەبێ كە گوێیان لەهات و هاوارێكە ،ئەوانە كەرو لاڵ و كوێرن و عەقڵیان لەدەست داوە ونەفامن ..

لە قیامەتیش دا كەكافرەكان راستی دەبینن ،دان ئەنێن بەوەدا كە ئەگەر گوێیان بگرتایە بۆهەق و عەقڵیان هەبوایە دووچاری سزای دۆزەخ نەدەبون ﴿ وقالوا:لو كنا نسمع اونعقل ما كنا فی اصحاب السعیر

،فاعترفوا بذنبهم فسحقا لاصحاب السعير ﴾ الملك. جا ئەوانەی بیر لـەم بوونەوەرە فراوانە دەکەنەوە و ئازادانە بەویژدانەوە ڕای خۆیان دەردەبڕن ئەوانە دان دەنـێن بەگـەورەیی و دەسـەڵاتی پـەروەردگاردا کـە بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرەیە ..

ئەزموونی ئەنیشتاین

ئەلبـەرت ئەنیشـتاین سـەرەتا جولـەکـە بـوو ،پاشـان بـووە مولحیـد ،دواتـر پـاش لێکۆڵینەوەوقوڵبونەوەی زۆر لـە ئاسمان و بوونەوەر ،بڕوای هێنا بەخواو پـەڕاوێکی نوسـی بـەناوی (من ايامي الاخيرة) تیایا وتی: (گەورەترین خەیاڵ کە بێ بەدڵ و مێشك ونەفسی بەشەردا ،ئەو خەیاڵـەیە کە لـەو وروژاندن وئینفعالـەوە دروست دەبێ کاتێ مرۆڤ لـەم بوونەوەرە فراوانە ورد دەبێتەوە . مرۆڤ دەتوانێ بەهەستی سنورداری ، بەتواناکانی عەقڵی کەهەرچەند ئـەویش سـنووردارە بگاتـە ئـەوەی کەوا بەردەوام لـە تاریکایەکی گەورەدایە ولـەپشت تاریکایەکەشەوە جوانیەك هەیە کەلـەو جـوانتر نیە و کەمال و تەواوی وباڵادەستیەك هەیە کەلـەو تەواوتر نیە وئیعجازێك هەیە کە لـەو ئیعجـاز تـر نییە ..

ئەو هەڵوێستەو ئەو هەستەش کە دروست دەبێ لـە ئـەنجامی بیرکردنـەوە لـە بوونـەوەر لـەلای من بریتیەلـەخواناسـی وعیبادەت،بەڕاسـتی مرۆڤێـك بـژی لـەم دنیایـەدا وتـەنها بۆیـەکجاریش بێـت ئەوهەڵوێستەی نەبێ وئەو هەسـتە نـەکا ئـەوە کەسـێکی بـەناو زیندووەولـە ڕاسـتیدا مـردووە !) هەروەهادەڵێت: (بەڕاستی ئیمان گـەورەترین وبـەڕێزترین سـەرەنجامە کـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتی دەیگاتێ).

ڕۆژنامەنوسێ بەناوی (فلیمنج)لۆمەی کرد لـەسـەرئەم هەڵوێسـتە ئیمانیـەو پێـی وت : سـەرم دەسوڕمێ لـە زانایەکی وەك تۆ کە(وزە)ت بەسـتەوەوداتنا لـە هاوکێشـەیەکدا لـە خـوا بترسـێ ! ،ئەنیشتاین پێیوت: فلیمنج دەمت داخە ،من مولحیدو بێباوەڕ نیم ،من ئیمانم هەیە بەخوا .

بەڵێ زانستی فەلـەك و وردبونەوە لـە ئەستێرەوهەسارەکان مرۆڤ کەمەندکێش دەکا بەرەو ئیمان ،هەروەك زانایەکی ئافرەتی ئەمریکیش لـەپەڕاوێکیدا لـەسـەر زانسـتی (فەلـەك)دەڵـێ:ئـەم زانسـتی فەلـەکە ئەگەر مرۆڤێك تیا قوڵ بێتەوە یان سوجدە دەبات بۆ بەدیهێنەرەکەییان شێت دەبێ)..

ئەزموونی فرید هۆیل

ناوبراو لـە گەورەترین زانایانی فەلـەکە وخاوەنی بیردۆزی تایبەتە کە بەناویەوە تۆمـار کـراوە ، ئەم زانایە بەدرێژای تەمەنی دژایـەتی خـوای دەکـرد وئیلحـادی بـڵاو دەکـردەوەو دەیـوت :ئـەم

بونەوەرەهەر بووەو هـەردەبێ وكـەس دروسـتی نـەكردووە بـەلاّم پـاش ئـەوەی چـووە تەمەنـەوە وئەزمونەكانی زیاتر و باشتر بـوون پـەڕاوێكی نوسـی بـەناوی (الكـون الـذكی)كەتيايـدا دەڵـێ:ئێمـە ئینكاریبوونیخوای بەدیهێنەرمان دەكرد ،لەكاتیكدا خوای گـەورە لەهـەموو لایەكـەوە جـەخت لەسەر بوونی خۆی دەكا، هەسارەكان لـەیەك دووردەكەونەوەو بۆشاییەك دروست دەبێوبەردەوام مادەیەك دروست دەبێ ئەو بۆشاییە پڕدەكاتەوە كە نازانین لەكوێوە دێكە ئەمەش بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی كە ئەو خوایەیەی ئەم بونەوەرەی داهێناوە ،هەر ئەوە كە ئـەو ماددەیـەش درووسـت دەكـا وئەو بۆشاییە پڕدەكاتەوە)..

جا ئەو پەڕاوە ئیمانیاتی زۆری تیایە كە لە ئەنجامی ئەزمونی زۆرەوەیە و بە دڵنیایەوە ئەگەر ئەو زانایە ئیسلامی پێبگەیەنرێ موسوڵمان دەبێ.

عەقیدەیەكی ڕوون و ئاشكرا

ئاینی پیرۆزی ئیسلام عەقیدەیەكی ڕوون وئاشكرای هێناوە كـەزۆر بەئاسـانی گـەورەو بچـوك ،خوێندەوار و نەخوێندەوار ،لەهەموو كات و شوێن وسەردەمێكدا بەئاسـانی تێـی دەگـات ...ئـەم ڕاستیەش یەكێ لەوبرا ئەمریكیانەی كەموسوڵمان بـوون ،ئامـاژەی پێكـرد وتـی: بەڕاسـتی بـەلای ئەمریكیەكانەوە مەسیحیەت عەقیدە نیە تەنانەت ئـاینیش نیـە ، بـەڵكو تـەنها شـتێكە لـە(ئینتیمـا) ،جاكاتێ یەهودیەت و نەسرانیەتی شێوێندراو نەیات توانی قەناعەت بە كەسانی ژیرو عاقڵ بكەن لە خەڵكی ، بیریارەكان ڕۆیشتن بەرەو نەتەوایەتی وەك هۆكاریك بۆ كۆكردنەوەی خەڵكی ، بەڕاستی تەنها ئیسلامە كە توانیوێتی سەربكەوێ لەكێش كردنی دڵی خەڵكیدا بەرەو لای خۆی.

(گاری میلـەر) لـە گەڵ ئەوەدا كە قەشە بوو ، لـە زانكۆی مـەلیك فەهـد بـۆ پـیترۆڵ و معـادن مامۆستای بیركاری بوو ، ناو براو كەنەدیە و ،خوا هیدایەتی داوموسوڵمان بوو ، لە وتارێكدا وتی : ئەی موسوڵمانان ، ئەگەر هەست بكەن بە فەزڵ و گەورەیی ئەوەی لای ئێوەیە لـە چـاو ئـەوەی لای خەڵكی دایە ،ئەواهەمیشە سوپاسی خواتان دەكرد كە لـە دایـك و بـاوكێكی موسـوڵمان لـە دایك بوون و لە باوەشی موسوڵماناندا گـەورە بـوون و لەسـەر ئـەم ئاینـە مەزنـە پێگەیشـتوون ، بەڕاستی مانای (پێغەمبەرایەتی ، خوایـەتی ، وەحـی ، ڕیسـالـەت ، زیندووبونـەوە ، لێپرسـینەوە) هەموو ئەو مانایانە كە لەلای ئێوەیە لەگەڵ ئەوەی لای خەڵكدایە جیاوازیـان بـە هێنـدەی دووری نێوان ئاسمانەكان و زەویە، بەڕاستی ڕوونی و ئاسانی عەقیدەی ئیسلام هێنامی بەرەو ئەم ئاینـە ، كـە لە هیچ بیروباوەڕێكی تردا دەست ناكەوێت ..

یاساکانی پەروەردگار

مامۆستایەکی پسپۆڕ لە بواری یاسادا کە لە زانکۆیەکی ئەمریکی دا کاردەکات ، دەڵێ: لە دانوستانێکدا لە بارەی یاساوە ،مامۆستایەکی یاسای جولەکەمان لەگەڵدا بوو ، کەوتە تانەو تەشەردان لە ئیسلام و موسوڵمانان منیش بۆ ئەوەی دەم کوتی بکەم ، لێم پرسی ، ئایا دەزانی قەبارەی یاساکانی میرات لە دەستوری ئەمریکیدا چەندە؟ وتی: بەڵێ، زیاترە لە هەشت موجەڵەد ، منیش پێم وت : ئەگەر یاسایەکی میراتت بۆ بهێنم کە لە دە دێڕ زیاتر نەبێت ، ئەوسا بڕوا دەکەی کەئیسلام ئاینێکی ڕاستەو حەقە ؟ ووتی: هەرگیز شتی وا نابێت ، منیش ئایەتەکانی میراتم لە قورئان بۆ دەرهێناو دامێ ، پاش چەند ڕۆژێ هات بۆلام و وتی : هەرگیز عەقڵی مرۆڤ ناتوانێ حساب بۆ میراتی هەموو خزمان بکات بەو گشتگیریەو کەسی لەبیر نەچێ و ، ئینجا بەشی هەریەکە لەو کەس وکارە بدات لە میرات بەو عەدالەتەو بە بێ ئەوەی ستەم لە کەس بکات .. پاشان موسوڵمان بوو.

بەڕاستی ئەمەیە گەورەیی و موعجیزەی ئیسلام ، تەنها ئایەتەکانی میرات بەس بوو کەمامۆستایەکی بواری یاسای جوولەکەی پێ موسوڵمان بێت.

ئیمان لەدەرگای دڵ ئەدات

پرۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێت : لاوێکی بەریتانیم بینی کە لەزانکۆی شا فەهد کاری دەکرد پێی وتم : سیانزە ساڵ لە بارەی ئیسلامەوە شتم خوێندەوە ، لەگەڵ ئەوەدا توانام نەبوو بڕیاری موسوڵمان بوون بدەم و شایەتمان بێنم وبەئاشکرا بڵێم : أشهد أن لااله الا الله وأشهد أن محمدا رسول الله ،لە ترسی فشاری کۆمەڵایەتی و کێشەکانی ژیان لە سەرم .

تا ڕۆژێك خۆم شت و چوومە سەر جێگەکەم و پاڕامەوە و داوام لە پەروەردگار کردکە ڕێنمایم بکات و ڕێی ڕاستم پیشان بدات، کە خەوم لێکەوت لەخەوما یەکێك پێی وتم (ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ، بڕوا بهێنن بەو تەنها خوایەی کە دروستی کردون و ئەم بوونەوەرەو هەرچی تیایە بەدیهێناوە) .. هەستام لە خەوو گریام ، زانیم کە ئەوە نیشانەیەکە بۆم لە خواوە ، زانیم کە ئیسلام ڕێبازی هەق و ڕاستیە ، بۆیە یەکسەر پەیوەندیم کرد بە بنکەی ئیسلامی ئۆکسفۆردو موسوڵمان بووم ..

موسوڵمانبوونی ڕۆبرت کۆنتین

ناوبراو ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمریکی (نیکسۆن) بوو ، هـەڵگری بڕوانامـەی دکتـۆرا بـوو لــە دیراسەی حضـارات دا و یەکێکە لـە کەسایەتیە دیارەکانی ئەمریکاو بۆ ماوەی سی سـاڵ کـاری کـرد لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو کۆشکی سپیدا .

نیکسۆن ویستی پەڕاوێك بنوسێت بۆ ئەمە داوای لـە دەزگای مخابراتی ئەمریکی کرد مەلـەفێکی تەواوی بدەنێ لـەسەر ئوسوڵیەتی ئیسـلامی ، ئـەوانیش مەلـەفێکی گـەورەیان خسـتە بەردەسـتی ، وەلەبەر ئەوەی ماوەی نەبوو دیراسەی بکات دایە دەست ڕۆبرت کۆنتین کە بۆی دیراسە بکـات و خۆلاسەکەی بداتێ ، کاتێك ڕۆبرت دیراسەی کرد کاری زۆری تێکردو موسـوڵمان بـوو ، ئێسـتا نـاوبراو لـــە گـــرنگترین بلاوکراوەکـــانی ڕۆژئـــاوادا وتاردەنووســـێ و بـــانگیخوا ئـــەدات بـــە گوێیخەڵکیدا.

موعجیزەی قورئان وسوننەت

دەرکەوتنی موعجیزەکان بەردەوامە﴿ سنريهم آياتنا في الافاق وفي انفسهم حتى يتبين لهم انه الحق ، اولم يكـف بربك انه على كل شيء شهيد ﴾53 فصلت واتـە : ئایـەت و بەڵگـەو نیشـانەکانمانیان پیشـان دەدەیـن لــە بوونەوەرو نەفسی خۆیاندا تابۆیان دەربکەوێت کەئەم قورئانـە هەقـە ، ئایـا ئەوەنـدە بـەس نیـە بـۆ پەروەردگارت کە ئاگاداری هەموو شتێکە .

حــەزرەتیش (د.خ) لــە بــارەی قورئانــەوە دەفــەرموێت (ولاتنقضـي عجائبـه)واتــە : قورئــان شــتی سەرسوڕهێنەری لێنابڕێت کەببێتە مایەی هیدایــەتی خەڵکی،ئەوەتــە دەبیــنین بــەردەوام زانایــان لــە ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاٚت ڕاستیەکانی ئیسلام دەسەلمێنن ، بۆنموونە:

1/ حەرام کردنی ئاڵتوون لە پیاوان :

کۆمەڵەی مەلەکی بەریتانی بلاٚویان کردەوە کە لـە زانکۆی (سـاوث هـامبتن) لــە بــەرواری 1998/8/16 تا 1999/11/25 لێکۆڵینەوە کراوە لـە سەر ئاڵتون وبەم ئەنجامە گەیشتون :ئاڵتون ئەو تیشکانەی کۆی دەکاتەوە ،کاریگەریان دەبێ لـەسەر خانە زیندووەکان وخرۆکە سپیەکان وخرۆکە سورەکان و هۆرمۆنیَنێرینە لـە پیاودا ،وکارناکاتە سەر ئافرەت ، هەروەها ئەگەر بەکار بهێنرێ بـۆ قاپ و قاچاخ و شتی تیا بخورێ یان بکرێ بە کەوچك و شتی پـێ بخـورێ لـەگـەڵ ئەوخواردنـەدا کارلێکدەکات و زیان دەگەیەنێ بە لـەشی مرۆڤ ..

لێرەوە حیکمەتی ئیسلام تێدەگەین کە ئاڵتوونی لە پیاوان حەرام کردووە و بۆ ئافرەتانی حەڵاڵ کردووە ، پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێ: ﴿ أُحِل الذهب والحرير للاناث من امّتي وحُرِم على ذكورها ﴾ نسائی(505) و (ئەحمەد18682)واتە:ئاڵتون و ئاوریشم بۆ ئافرەتانی ئوممەتم حەڵاڵ کراوە و لە سەر پیاوانیشی حەرام کراوە ..

لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە کە موسلیس ڕیوایەتی کردووە (پێغەمبەر (د.خ) موستیلەیەکی زێڕی لە دەستی پیاوێکدا بینی ، خێرا لە دەستی داکەندو فڕێی دا ، ئینجا فەرموی : هەر یەکێك لە ئێوە ئەم ئاڵتونە بەکار بهێنێت وەکو ئەوە وایە کە پشکۆیەکی ئاگرینی لەسەر دەستی دانابێت).. دیارە کە ئاڵتون نابێ بەکار بهێنرێ بۆ قاپ و قاچاخ و کەوچك و ، کە ئەمانەش هەمووی حیکمەتی گەورەی تیایە کەپاش زیاتر لە چواردە سەدە زانستی سەردەم سەری ڕێز دادەنەوێنێ لە ئاستیا .. (ڕاستییەکانی زانستی سەردەم)ل 57 عبدالرحمان العصافی/ و. ادیب قرداغی.

(2) شوێنەواری کەشتیەکەی نوح :

ئینجیل باسی کەشتیەکەی نوح دەکات کە لەسەر شاخی ئارارات گیرساوەتەوە ، قورئانیش باسی کەشتییەکە دەکات کە لەسەر شاخی جودی نیشتۆتەوە هەروەك دەفەرموێت (وقيل ياارض ابلعي ماءك ويا سماء اقلعي وغيض الماء وقُضي الامر واستوت على الجودى وقيل بُعدا للقوم الظالمين) 44 هود/ واتە: فەرمان درا بەزەوی :ئاوەکەت بابچۆڕێت بەناختدا ، ئەی ئاسمان تۆش بابەس بێت و باران مەبارێنە ، ئیتر ئاوەکە ڕۆچوو ، فەرمانیش بەرێکی و تەواوی ئەنجام درا ،کەشتییەکەش لەسەر کێوی جودی وەستاو لەنگەری گرت و وترا : دەك دووری لە بەزەیی خواو تیاچوون بۆ بەرەی ستەمکاران .

زانایان کەوتنە هەوڵ وکۆشش و گەڕان بە دوای دۆزینەوەی شوێنەواری ئەو کەشتییەدا ، بۆ ئەمەش لە سالأنی ڕابردوودا مانگی دەستکردی تایبەتیان بۆ داناو زانایان لێکۆڵینەوەی زۆریان کردو شوێنەواری کەشتیەکەیان دۆزییەوە لەسەر شاخی جودی لە تورکیا .

یەکێ لەزاناکان پرسی ئەو قورئانە چییە کە ئاوا باسی شوێنەکەی بەوردی دیاری کردووە بە مەرجێ ئەو ڕووداوە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕوویداوە ،یەکێك وەلأمی دایەوەو وتی : ئەوە پەڕاوێکە ، کابرایەك نوسیویەتی ئیدیعای پێغەمبەرایەتی کردوە لە نیوە دورگەی عەرەب و لە ئینجیلیشی وەرگرتووە ؟ زاناکە بە عەقڵیا نەچوو ، باشە ئینجیل دەڵێ لەسەر شاخی ئارارات گیرساوەتەوە و قورئانیش دەڵێت (جودی) ، دەی چۆن دەگونجێ لە ئینجیلی وەرگرتبێ!؟؟ (ژمارە 102 / ڕۆژنامەی دار السلام 2005/6/2)

(ئاشکرایە ئینجیل دەستکاری کـراوە و هەڵــەی زۆری تێدایــە و تەنانــەت پاپـا لـەبـەر چـاوی ملیۆنەها مەسیحیدا دانی نا بەوەدا)،شایانی باسە قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە خوای گەورە وەك ئایەتێك ئەو ئاسەوارە دەهێڵێتەوە تا بەڵگە بێت بۆ دەسەڵاتی پەروەردگاروسزادانی گەلانی ڕابردوو ، هەروەك دەفەرمویێت ﴿ ولقد ترکناها ایة فهل مِن مُدّکر ﴾القمر 15 واتە :بەڕاستیئێمە ئـەم بەسـەرهاتەمان هێشتەوە بە بەڵگە بۆ هەموو نەوەکان ، ئایا کەسێك هەیە پەند و ئامۆژگاری لێوەرگرێت؟!

لـە کۆنگرەی هەشتەمی پزیشکی ئیعجازی زانستی قورئان و سوننەت کـە لــە وڵاتـی سـعودیە بەسترا ، یەکێك لـە گەورە زانایانی زانستی کۆرپەلـەزانی(مارشاڵ جۆنسۆن) لـەدوای گـوێگرتن لــە ڕاستییەکانی قورئان و سوننەت ووتی : ئەگەر ئەوڕاستیانەی بۆ ئێمەتان بـاس کـرد لــە پـەڕتووك و بەرنامەی ئێمەدا هەبوایە ، ئەوا دنیامان پێ دەخرۆشان ، چۆن ئەم بەڵگانەتان لایـە لـەسـەر ڕاسـتی قورئان وپێغەمبەرەکەتان و ئینجا بێدەنگیشن ؟.

لـە پەیمانگای ئەلبەرت ئەنیشـتاین زانایـەکی جوولـەکـە وتـی : محمـد چـی زانیـوە لــە کـاری ئەندامەکانی لـەشی مرۆڤ (فسیۆلـۆجی) ، دکتۆر عبدالباسط محمد السید کە زانایەکی گەورەی میسری یە ئەڵێ :لـە سەر تەلـەفزیۆنی کەنەدی وەڵامم دایەوەو ئـەم فەرموودەیـەم بـە نموونـە هێنایـەوە کـە دەفەرمویێت: (مثل المؤمنین في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسد اذا اشتکی منه عضو تداعی له سائر الجسـد بالسـهر والحُمی)مسلم . وتم : ئایا پێش هەزارو چوارسەد ساڵ ئـاوا باسـی کـاری ئەندامـەکانی لــەش بکـات موعجیزە نییە ؟ زانا جوولـەکەکە وتی : بەڵێ ئەوە بنەمای زانستی فسیۆلـۆجییە ،ئنجا وتـی :ئـەو فەرموودەیە لـەکوێدایە ؟؟ وتم :برۆ سەیری ئەو دەستخەتەی فەرموودەکانی حەزرەت بکـە کـە لــە وڵاتی سویدە وناوی (الصحیفة الصادقة) یە کە لـەسەرەتای ئیسلامەوە نوسراوەتەوە و تەرجومـەش کراوە ، تاڕاستیەکانت بۆ دەرکەوێت ...

کۆنگرەی ئیعجاز لە مۆسکۆ

پرۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێت: بانگ کرام بۆ کۆنگرەی ئیعجـازی قورئـان و سـوننەت لــە (مۆسکۆ) لـە سەرەتادا حەزم نەکرد بچم ، چونکە(موسـکۆ) پایتـەختی کـوفر بـوو بـۆ زیـاتر لــە حەفتاساڵ ، لـە دڵی خۆمدا ووتم : ئەو خەڵکە چی لـەبارەی خواوە دەزانن ،تـا بانگیـان بکـەین بـۆ ئەوەی کە قورئان بانگی بۆ دەکات ؟؟

پێیان وتم : هەردەبێ بچی چونکە داوەتنامەکە لـەلایەن ئەکادیمیەی پزیشکی ڕووسی یەوە یە ، کاتێ چووین بۆ مۆسکۆلـە کۆنگرەکەدا کۆمەڵێ ئایەت باس کران کە لـە بارەی بوونەوەرەوە بوون ، بـە

تایبەت ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ :﴿ يُدبر الامر من السماء الى الارض ثم يعرج اليه في يوم كان مقداره الف سنة مما تعُدون ﴾ السجدة /5 واتە :ئەو خوایە لە ژوور ئاسمانەوە کاروباری زەوی ڕێکدەخات وسەرپەرشتی دەکات لەوەودوا ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان وکاروکردەوەی بەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ لای لە ڕۆژێکدا کە بەرامبەر هەزار ساڵە بەو حسابەی ئێوە دەیکەن .

یەکێ لە زانا موسوڵمانەکان هەستاو وتی : ئەگەر ئەو ڕۆژە هەزار ساڵ بێ، ئەو ساڵەش مەبەست ساڵی(قمری)یە چونکە ئەو کاتە عەرەب بە ساڵی (قمر) ی کاریان دەکرد ،و لەبەر ئەوەی ساڵێك دوانزە مانگە و مانگی (قمر) یش بریتیە لە خولانەوەی مانگ بەدەوری زەوی دا کە بە دیقەت حساب کراوە کە (2،4) بلیۆن کیلۆمەترە ، کەواتە ﴿2.4 بلیۆن کم × 12 مانگ × 1000 ساڵ ﴾ ئینجا ئەنجامەکە دابەش بکە بەسەر بیست و چوار سەعات دائینجا دابەشی بکە بەسەر شەست خولەك دا ئینجا دابەشی بکە بەسەر شەست چرکەدا ، ئەنجامەکە دەبێتە خێراییەك کەزیاترە لە خێرایی ڕووناکی .. پاش ئەم باسە مامۆستایەکی ناوداری فیزیای ڕوسی کەئەندامی ئەکادیمییەی ڕوسییەو پسپۆڕە لە(ڕووناکی) دا وتی : پێش ئەم کۆنگرەیە من وام دەزانی کە شارەزایی تەواوم هەیە لەبواری فیزیاو ڕووناکی دا ، کەچی ئێستا دەبینم زانستێك هەیە زۆر لەوەی من زیاترە کە دەیزانم ،نازانم چۆن داوای لێبوردن بکەم لەوەی کەچۆن ئەوەم نەزانیوە، مەگەر بەوەی کە لەبەردەمی هەمووتاندا بڵێم :(اشهد ان لااله الا الله وان محمدا رسول الله). ئینجا بەدوای موسوڵمان بوونی ئەودا چوار کەس لە(وەرگێڕەکان)موسوڵمان بوون کە عەرەبیان دەکرد بە ڕووسی و هەروەها بە پێچەوانەشەوە ..

پاش ئەوەی تەلەفیزیۆنی ڕووسی ڕووداوەکانی کۆنگرەکەی بلاۆکردەوە ، دوایی هەواڵمان زانی کەزیاتر لە سی وحەوت زانای بەناوبانگی ڕووسی موسوڵمان بوون ، تەنها بەبینینی ئەو بابەتە ئیعجازیانە ..

هەر لەو کۆنگرەیەش دا (کیث مور) زانای بەناوبانگی کۆرپەلە ناسیمان لە گەڵدابوو کە زۆربەی پزیشکەکان دەیانناسی لەبەر ئەوەی پەڕاوەکەی لەزۆربەی کۆلێژەکانی پزیشکی دەخوێنرا وپەڕاوەکەی بۆ زیاتر لە بیست وپێنج زمان وەرگێڕدرا بوو ئەم زانایە لە کۆنگرەکەدا باسیئیعجازی قورئان وسوننەتی کرد بەوەی کە وتی:(بەڕاستی تەعبیرە قورئانی یەکان لەبارەی قۆناغەکانی کۆرپەلە وە ئەوەندە ووردەو ئەوەندە تەواوە کە تائێستا زانستی سەردەم ئاوا پێی

نەگەیشتووە ، کە ئەمە ش بەڵگەیە لەسەر ئـەوەی کـە ئـەم قورئانـە لەلایـەن خواوەیـەو (محمـد) نێردراوی خوایە .

لێیان پرسی :تۆ موسوڵمانی ؟! وتی نەخێر ، بەڵام شایەتی دەدەم کە ئەم قورئانـە کـەلامی خوایـە و محمد پێغەمبەری خوایە .. وتیان کەواتە تۆ موسوڵمانی ، وتی من جارێ لە ژێر فشارێکی زۆردام کە ناتوانم موسوڵمان بوونم ڕابگەیەنم ، بەڵام لاتان سەیر نـەبێت ئەگـەر ڕۆژێـك بیسـتتان (کیـث مـور) موسوڵمان بووە ..شایانی باسە پاش ماوەیەك ناوبراو موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند .

ئیسلام و ئاینەکانی تر

پرۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێت(لەسەرەتای پەنجا کاندا، کە هێشـتا لاو بـووم و لــە بـەریتانیا بووم بۆ خوێندن، بانگ کرام بۆ وتاردان لــەبارەی (ئیســلام و ئاینــەکانی ســەردەم) ، کەلـەبنکـەی یەکێتی قوتابیانی ئەوێ بوو، کە هەموو شەوی هەینیەك کۆدەبوونەوە بـۆ دانوسـتانێکی کـراوە لــە بارەی مەسەلـەیەکەوە ، جا لـەبەر ئەوەی بیستبویان کەلاوێکی موسوڵمان لــە زانکۆیــە و هــەوڵی بەدەست هێنانی دکتۆرا دەدات بانگیان کردم بۆ بۆ ئەو وتاردانە ، جا پاش ئەوەی باســی پەیوەنــدی ئیسلامم کرد بە ئاینەکانی ترەوە ئافرەتێك کە سەرۆکی ئەو (یەکێتی) یە بوو وتی : گــەورەم لــەوە دەچێ تۆ زانیاریت لەو بارەیەوە لە هەموومان زیاتر بێت ، بۆیــە پــێم باشــە دانوســتان لەســەر ئــەو مەسەلـەیە هەڵگرین بۆ هەفتەی داهاتوو ، چونکە ئێمەناتوانین لـەسەر ئــەو مەســەلـەیە قســە بکــەین وگفتوگۆ بکەین ، تا ئێمەش بتوانین یەکێك لە قەشەکانی کاسولیك بانگ بکەین کە چەندەها ســاڵ لە ڕۆژ هەڵات کاری کردووە و عەرەبییەکی باش دەزانێــت ، تــا دانوســتانەکەش باشــتر بەرهــەمی هەبێ ، لـەهەفتەی داهاتوودا ئەو قەشەیە هات کەتەمەنی لە شەست ساڵ زیاتر بــوو ، وە ماوەیــەکی زۆریش لەمیسر و عێراق و لیبیا وزۆر وڵاتی تری عەرەبی دا کاری کردبوو..

سەعات ونیوێك گفتوگۆمان کرد و پاشان ئافرەتەکە پێی وت : گەورەم لەوە دەچێ ئەم لاوە زیاتر شارەزا بێ لـەمەسەلـەی ئایندا ، بۆیە جارێکی تر من داواکارم کە ئەم باس وخواســە بهێنــێ بــۆ هەفتەی داهاتوو تا سەرۆکی کەنیسەی شارەکەی نزیك خۆمان بانگ بکەم ، لە هەفتەی داهــاتوودا ئەو قەشەیەش کەناوی (البیشوب)بوو هات و ، شار هەمووی ئاهەنگی گێڕا بەبۆنەی هاتنی نــاوبراو بۆ شارەکەیان و پیاوانێکی زۆری ڕاگەیاندن ، لەڕادیۆ و تەلـەفیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هاتن ، پاش دانوستانەکەمان کەزیاتر لـە سەعاتێکی خایاند ، ئافرەتەکە هەستاو وتی: مــن زیــاتر لــە بیســت وپێنج ساڵـە گاورم و(کاسولیکم)، بەڵام لـە بەردەم هەموتاندا دان ئەنێم بەو ڕاستییەدا کە هیچ ڕۆژێك

به هێندەی ئەم لاوە تێنەگەیشتوم و نەترساوم لــە پـەروەردگارم ،ئـیتر لــە هۆڵەکـە چـووە دەرەوە ودواتر بیستمەوە کە موسـوڵمانبووە ورۆڵێکـی باشـی دەبینـێ لــە بانگەوازکردنـدا بۆئیسـلام لــە بەریتانیادا.

دڵسۆزی لە بانگەوازدا

بانگەواز بۆخوا چەکێکە لـە گەورەترین ئەوچەکانەی کەمایەی سەرکەوتنە لــە ژیانـدا ،ڕاسـتە ئێمە زۆرچەکی ماددی لـە دەستماندا نیەو کەسانی تر پێشـمانکەوتوون ، بـەلاٌم ئـەو چـەکەش کـە بانگەواز و خوا ناسییە لـە دەستماندایە ودەتوانین هەق و ڕاستی بگەیەنینە ڕۆژهەلاٌت و ڕۆژئاوا .

پڕۆفیسۆر زەغلول دەڵێ: لـە سەردانێکدا بۆئـەمریکا لــە زانکـۆی(تکسـاس) دوو وتـارم دا یەکەمیان بەناوی(ئیسلام ومەسیحییەت، جیاوازی نێوانیان و لێکچونیان) وە دووەمیشیان بە نـاوی (چەند وانەیەك لەهەرەس هێنانی شیوعییەت دا)، ئامادەبووان گاورو جولـەکەو عیلمانی وشـیوعی تیابوو،کەچیوتارەکان کاریگەرێکی زۆری هەبوو لـەسەریان ، بۆیە هەق وایە دەستەوسـان نـەبین و هەروا بێکار دانەنیشین وشەوورۆژ بدەینە دەم یەك بۆ ڕزگـارکردنی مرۆڤایـەتی، کـە چارەسـەریان تەنها لـە بەرنامەکەی خوادایە ..

موسڵمانبوونی سەربازە ئەمریکی یەکان

بە هۆی جەنگی کەنداوەوە بە هەزاران سەربازی ئـەمریکی وئـەوروپی ڕوویـان کردەناوچـەی کەنداو کە زۆربەیان گاوربوون و بە هیوا بوون گاورێتی بڵاوبکەنـەوە ، دیـارە هـەموو توانایـەکی ماددیان پێ بـوو، تـازەترین وپێشـکەوتوترین چەکیشـیان بـە دەسـتەوە بـوو ،..جـا کاتێـك چـەند بانگخوازێکی خوانـاس بـە ئیخلاسـەوە کەوتنـە بانگـەواز کـردن لــە ناویانـدا ، دەیـان هـەزاریان موسوڵمان بوون لـە سایەی خواوە ..یەکێ لـەو ئەمریکیانەی موسوڵمان بوون ، ئافرەتێـك بـوو بـە پلـەی (رائد)، کاتێك زیاتر شارەزا بوو لـە ئیسلام و زانی کە ناتوانێ بژی لـەگەڵ مێردەکەیـدا کـە موسوڵمان نیە ، پێی وتین : باشە من مێردم هەیەو منالٌم هەیەو زۆر خەمی خێزانەکەمە ،چی بکەم ؟ !برادەران پێیان وت کە پەیوەندی بکات بە مێردەکەیەوەو پەڕاوو شـریتی ئیسـلامی بـۆ بنێرێـت .. ئەویش پاش ئەوەیئەوانەی بۆنارد هاتەوەو وتی : مێردەکەم موسـوڵمان نـەبووە ، بـرادەران وتیـان باشە بە تەلـەفوون پەیوەندی بکە بە مێردەکەتەوەومونـاقەشەی لـەگەڵدا بکە وئێمەش لـە گەڵتائـەبین وچ پرسیارێکی هەبوو هاوکاریت دەکەین تا بتوانی وەڵامی بدەیتەوە . ئەویش تەلـەفونی بـۆ کـردو کەوتە گفتوگۆ لـە گەڵیدا ،چی پرسیاری هـەبوو وەڵامـان دایـەوەو ئـەویش بـە مێردەکـەی وت ،

سەرەنجام هەر لەسەر تەلەفونەکە مێردەکەی موسوڵمان بوو شایەتمانی هێنا ..پاش ئەوەی ئەو ژنە گەڕایەوە ولاتەکەی خۆی ،نامەیەکی بۆ ناردین و تیایا نوسیبووی کە مێردەکەی بۆتە پیاوێکی نموونەیی‌و زۆر ڕەوشت وخوومامەڵەکردنی گۆڕدراوە بەرەو چاکی وهەزار ئەوەندەی جاران سوورە لەسەر خزمەتکردنی خێزانەکەی .. جاچیرۆك و دەنگوباس لەم جۆرە زۆرن ، بۆیە بە ڕاستی ئەرکی سەر شانمانە کاتێك ئەهلی باگل دەجولێین و دەکەونە کار بۆ باگلەکەیان ئێمەش بجولێین و بکەوینە کار بۆ ئەوهەق وڕاستییەی کە بە دەستمانەوەیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە .

ئەمەش وای لە زانای ئەمریکی موسڵمان (تی .بی .ئێرڤنگ) کرد کەبلێ :ئەی موسڵمانان تازە ئێوە ناتوانن بە ئاسانی پێش بکەون لەلایەنی ئابووری و سیاسی و سەربازی و زانستی دا ، بەلاّم دەتوانن وا بکەن لەڕۆژئاوای لەخۆبایی لووت بەرز کە چۆك دابدات لە بەردەمتاندا بەهۆی ئەو ئیسلامەی کە لای ئێوە هەیە ..تەنها چل گەنجی موسڵمانم بدەنێ کە چاك لە ئیسلام شارەزا بووبن وبە چاکی پەیڕەوی بکەن و ،چاکیش بتوانن بانگەوازی بۆ بکەن بە زمانی سەردەم ،من پەیمانتان دەدەمێ کە هەردوو ئەمریکاکەیان پێ فەتح دەکەم ....

جا بەو خوایەی کەهەر خۆی خوایە راست دەکات ،ئێمە گەورەترین وچاکترین چەکی مەعنەویمان پێیە کە دەتوانین بەهۆیەوە فەتحی دونیابکەین ،مەگەر ئیسلام ئاینێکی جیهانی نییە وبۆ هەموو بەشەریەت نەهاتووە(الذين هدى الله /د.زغلول النجار).

موسڵمانبوونی جەنراڵێکی ئەمریکی

پرۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێت ئەمیر محمد بن الراشد ناردی بەدوامدا لە دوبەی بۆ گفت وگۆکردن لەگەڵ دوانزە بازرگانی ئەمریکی کەمیوانی ناوبراو بوون ،کەوتینە قسەوباس و زۆر بەخراپی هێرشیان دەکردە سەر موسوڵمانان کە دواکەوتوون و دیکتاتۆرن و گوایە خەتاکەش لە ئیسلامەوەیە ، دیاربوو کاریگەرێکی گەورەی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایان لەسەر بوو کە زۆربەیان دژایەتی ئیسلام دەکەن .دووسەعاتێك گفتوگۆمان کرد و باسی ئیعجازی قورئانم بۆکردن ، خوا ئاگادارە بیروبۆچوونیان گۆڕدراو داوای زانیاری زیاتریان کرد لە بارەی ئیسلامەوەو منیش چەند نامیلکەیەکم پێشکەش کردن .

باسەکەشم دەربارەی ئەو ئایەتەیە کەپێش چواردە سەدە باس لەوەدەکات کە ئاسن لەسمانەوەهاتۆتەسەر زەوی ، کە لەسوورەتی حدید ئایەتی 25 دا دەفەرموێت :﴿ لقد ارسلنا رُسُلنا بالبينات وانزلنا معهم الكتاب والحكمة وانزلنا الحديد فيه باس شديد ومنافع للناس وليعلم اللهُ مَن يَنصُرُه ورُسُلَه بالغيب ان الله

قوی عزیز ﴾ لەم سەدەیەی دوایدا ئەم ڕاستی‌یە زیاتر بۆ زانایان ئاشکرا بـوو ، وەچـەندەها حاڵـەتیان تۆمارکرد کە بەردی نەیزەك هاتۆتە سەر زەوی ، بۆ نموونە لـە ساڵی 1868 ز دا لـە پۆڵەنـدا سـەد هەزار پارچە بەرد لـە ئاسمانەوە کە زۆریان ئاسنیان تیایە کەوتە خوارەوە ، وە لـە سـاڵی 1912 ز دا لـە هولبرك لـە ئەریزونا دە هەزار پارچە بەرد کەوتە خوارەوە ولـە ساڵی 1947یشدا هەمان شت لـە ڕووسیا ڕوویداوە ..دیارە بەهەمان شێوەش ئەو تەنانەی کەئاسنیان تیایە لـە سەرەتای دروست بوونی زەوی‌یەوە لـە ئاسمانەوە داباریونەتە سەر زەوی و بەهۆی گـەرمی ئـەو کاتـەی زەوی‌یـەوە چـونەتە چینەکانی زەوی‌یەوە .

جارێکی تریش لـە ماڵی بازرگانێکی سعودی چاوم کەوت بە کۆمەڵێك جەنڕاڵی ئـەمریکی ، دیاربوو حەزیان دەکرد شتێك لـە بارەی ئیسلامەوە بزانن ، یەکێکیان سەرنجی دابـوو کـە کەسـێك دەهات و دەناسێنرا ، دەوترا ئەمە باوکی فلاٌنە و ئەوە برای فلاٌنە ، یان برازای فلاٌنـە .ئـەو کەسـە زۆر سەرسام بوو لـە پەیوەندی خێزانی لای موسوڵمانان و لـە ڕێزی دایك و باوك لای منداڵ و، باسی خۆی بۆ کردین و وتی : من چیم هـەبوو لـە کـوڕو کچـەکەمدا سـەرفم کـرد تاگـەورەم کـردن وخوێندنیان تەواوکرد ، کەچی هەرکەس چـووە بـەلای ژیـانی خۆیـەوەو لـێم ناپرسـنەوەو ئەگـەر لەسەری ساڵدا کارتێکی چەژنەپیرۆزە بنێرن ئیتر وادەزانن هیچیان نەهێشتۆتەوە ،ئەمە بێجگە لـەوە ی کە ناوم دەبەن بە پیرەمێردو هـەرگیز نـاڵێن (بابـە)..ئەمـەش وای لـە جەنڕاڵەکـە کـرد کـە موسوڵمان ببێت(گۆڤاری الایمان ژ21 –22ساڵی2005).

لـە کۆتاییدا پاش هەموو ئەودەنگوباسە ئەبێ بزانین کە ئێمە ئەرکێکی گـەورەمان لەسـەر شـانە لـەو ئەرکانەش :

1/وردبونەوە لـە ئایەتەکانی خوا لـە بونەوەرداکەئەوەش فەرمانی خوایە ﴿ قل انظروا ماذا فی السماوات والارض وما تُغنی الایات والنذر عن قوم لا یؤمنون﴾101یونس.

کاتێك وردیش بوینەوە بەچاکی دەچینە ڕیزی (اولوالاباب)ەوە ،قورئان دەفەرموێ:

﴿ ان فی خلق السماوات والارض واختلاف اللیل والنهار لایات لاولی الاباب ،الذین یذکرون الله قیاما وقعودا وعلی جنوبهم ویتفکرون فی خلق السماوات والارض ربنا ما خلقت هذا باطلا سبحانك فقنا عذاب النار ﴾ ال عمران190

2/پێویستە لەسەرمان بەچاکی دیراسەتی ئیسلام بکەین وبە چاکی تێی بگەین و بە چاکیش پەیڕەوی بکەین و پابەندی بین لـەماڵ و خێزان وکۆمەڵدا ...

3/ئینجا ئەبیَ باش بزانین کە بەرپرسیاریێتییەکی گـەورە لەسـەر شـانمانە ،کەئـەویش بەرپرسـیاریێتی بانگەواز کردنە بۆ لای خوا ،کە ئەویش مایەی دابەزینی رِەحمەت وبەرەکەتی خوایە بـۆ سـەرمان و چی لـە بونەوەریشدایە دوعامان بۆدەکەن وپاداشتی گەورەشمان دەسـت دەکەویَکـەپر بـەم دنیایـە دەبیَهەروەك حەزرەت(د.خ)دەفەرمویَ : ﴿ ان الله وملائكته واهل السماوات واهل الارض حتىالنملة فـي جُحرهـا وحتى الحيتان ليُصلون على معلمي الناس الخير ﴾ ﴿لئن يهدى الله بك رجلا واحدا خير لك من حمر النعم ﴾.

تیاچوونی گەلان

قورئـانی پـیرۆز لــە چـەندەهائایەتدا سـەرنجمان رِادەکیَشـیَ بۆتیاچـوونی گـەلان لــە ئـەنجامی خراپەکاریان و تۆلَـەی خـواوە بۆیـان و ، داواشمـان لیَـدەکات کـە بگـەرِیَین بـە زەویـدا تـاوەکو سەرەنجامی ئەو گەلانەو پاشماوەکانیان ببینین ، تا ببیَتە پەندو وانەو هوشیاری دلَ و دوورکەوتنەوە لە گوناهو تاوان ..هەروەك دەفەرمویَت :

1-﴿ اولم يسيروا فى الارض فينظرو كيف كان عاقبة الذين من قبلهم كانو اشد منهم قوة و اثـارو الارض وعمروهـا اكثرمما عمروها وجاءتهم رُسُلهم بالبينات ، فما كان الله ليظلمهم ولكن كانوا انفسهم يظلمون،ثم كان عاقبة الذين اسـاؤا السـوأى ان كذبوا بايات الله وكانوا بها يستهزئون﴾ الروم 10..

واتە:ئایا بە زەویدا نەگەرِاون تا تەماشابکەن چیمان بەسەر ئەو نەتەوانەی پیَش ئەماندا هیَنـاوە ، لەمان زۆر بەهیَزترو بە دەسەلاَتتربوون ، زەویـان دەکیَلاَو ژیَـرەو ژووریـان دەکـرد و ئاوەدانیـان کردبۆوە زیاتر لـەمان ،پیَغەمبەرەکانیشیان کاتی خۆی بەلَگەی زۆرو ئاشکرایان بۆ هیَنان ؟ بەلاَم بیَ سوود بوو ، زۆربەیان برِوایان نەکرد،

جاوەنەبیَ خوا ستەمی لیَ کردبن ، بەلَکو هەر خۆیان ستەمیان لـە خۆیان کرد .پاشان ئەو تیاچـوونە سەرئەنجامی ئەوانە بوو کە تاوان و گوناهیان کرد ،چونکە ئەوانە برِوایان بە ئایـەت و فەرمانـەکانی خوا نەهیَناو گالَتەیان پیَکرد.

2-﴿ افلم يسيروا فى الارض فينظروا كيف كان عاقبة الذين من قبلهم ، دمر الله عليهم و للكافرين امثالهـا ﴾محمـد10/واتـە : ئایە ئەوە نە گەرِاون بە زەویدا و سەرنج بدەن تا بزانن سەرەنجامی ئەو خەلَکە نالـەبارەی پیَشـیان چۆن بووە ؟؟ خوای بە دەسەلاَت مالَ و حالَیانی بەسەردا رِووخاندن ، جا بـۆ هـەموو بـیَ بـاوەرِان سزای ئاوا شتیَکی چاوەرِوان کراوە و،درەنگ بیَ یان زوو دوو چاریان دەبیَت .

3- ﴿ قل سيروا فى الارض فا نظروا كيف كان عاقبة المكذبين ﴾ (الانعام11) ﴿ قل سيروا في الارض فانظروا كيف كان عاقبة المجرمين ﴾ (النمل 69) واته/پێیان بڵێ:بگەڕێن بە زەویدا و سەیربکەن سەرەنجامی تاوان باران و ئەوانەی باوەڕیان بە بەرنامەی خوا نەکردووە چۆن بووە .

4-﴿ ولما جاءت رُسلنا ابراهيم بالبُشرى قالوا :انا مُهلكوا اهل هذه القرية ان اهلها كانوا ظالمين ،قال ان فيها لوطا ، قالوا :نحن اعلم بمن فيها ، لننجينه و اهله الا امراته كانت من الغابرين ، ولما ان جاءت رسلنا لوطا سئ بهم و ضاق بهم ذرعا وقالوا لا تخف ولا تحزن انا مُنَجُوك و أهلك الا امراتك كانت من الغابرين انا منزلون على اهل هذه القرية رجزا من السماء بما كانوا يفسقون ، ولقد تركنا منها آية بينة لقوم يعقلون ﴾ العنكبوت35

واته :جا کاتێك کە فریشتەکانمان گەیشتنە لای ابراهیم و مژدەی هاتنە دنیای ئیسحاقیان پێبەخشی ، وتیان : بە ڕاستی ئێمە لە ناو بەری خەڵکی ئەم شارەین ، چونکە بێگومان خەڵکەکەی زۆر ستەمکار بوون . ئیبراهیم وتی : ئاخر لوط لەوێیە ،فریشتەکان وتیان :ئێمە چاکتر دەزانین کێ لێیەو کێی لێنیە ،دڵنیابە کە ئەوو خاوو خێزانی ڕزگار دەکەین جگە لە هاوسەرەکەی کە لە تیاچوان دەبن ..

جا کاتێك فریشتەکان گەیشتنە لای لوط ،بە هاتنیان زۆر دڵتەنگ بوو ،نەیدەزانی کە فریشتەن و سەری دنیای لێهاتەوە یەك ،(وتیان :مەترسەو بێ خەم بە ، ئەوانە ناتوانن دەست درێژی بکەنە سەر ئێمە ،ئێمە فریشتەین)،بێگومان ئێمە ڕزگارکەری تۆو خاووخێزانتین جگە لە هاوسەرەکەت کە لە تیاچوانە . بەڕاستی ئێمە دابەزێنەری سزاو بەڵای ئاسمانین بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا بە هۆی دەرچون لەفەرمانی خوا ،سوێند بە خوا بەڕاستی سەرەنجام ئاسەوارێکی ئاشکرامان لە شاری کاول و وێران بەجێهێشت بۆ کەسانێك کە ژیرو هۆشمەند بن.

﴿ والى مدين اخاهم شعيبا فقال يا قوم اعبدوا الله وارجوا اليوم الاخر ولا تعثوافى الارض مفسدين ،فكذبوه فاخذتهم الرجفة فاصبحوا فى دارهم جاثمين وعادا وثمودا ولقد تبين لكم من مساكينهم وزين لهم الشيطان اعمالهم فصدهم عن السبيل وكانوا مُستبصرين ﴾ العنكبوت 38 واته:هەروەها شوعەیبمان ڕەوانە کرد بۆلای براکانی لە شاری مەدیەن ،پێی وتن: ئەی گەل و هۆزم تەنها خوا بپەرستن ،بە هیوای قیامەت و ئایندە بژین وترسی تەنگانەی ئەو ڕۆژەتان هەبێ ، گوناهوتاوان و خراپە لەسەر زەویدا ئەنجام مەدەن (چونکە زەوی بێ خاوەن نیە وژیانتان تا سەر نیە)، لە ئاکامدا خەڵکەکە بڕوایان پێنەکرد ، ئیتر بومەلەرزەیەك دووچاریان بوو،هەرهەموویان لە ماڵەکانیاندا بەچۆکدا هاتن ومردن و بوون بەژێرخاك وخۆڵەوە..

هەروەها (عاد)گەلی حەزرەتی هودو (ثمود) گەلی حەزرەتی صالحمان لەناوبرد کە ئاشکرابوو بۆتان تیاچوونیان لە شوێنەواری کاولیانەوە ، شەیتانیش کردەوەی خراپیانی بۆ ڕازاندبوونەوە ، لەڕێگەو ڕێبازی ڕاست ودروست وێڵی کردبوون لە کاتێکدا ئەوان خاوەنی عەقڵ و بیرو هۆشیش بوون ..

﴿ وقارون وفرعون وهامان ولقد جاءهم موسى بالبينات فاستكبروا في الارض وماكانواسابقين ﴾39 العنكبوت /واتە : قارون وفیرعەون و هامانیشمان لەناوبرد ،سوێند بەخوا بێگومان موسا بەڵگەی زۆری بۆ هێنان ، کەچی خۆیان زۆر بەگەورە دانا لە زەویدا ،سەرەنجام نەیانتوانی لە سزاو تۆڵەی خوا خۆیان رزگار بکەن ..

﴿ فكُلاً اخذنا بذنبه ،فمنهم من ارسلنا عليه حاصبا،ومنهم من اخذته الصيحة ومنهم مَن خسفنا به الارض ومنهم مَن اغرقنا،وما كان الله لِيَظلمَهم ولكن كانوا انفسَهُم يظلمون ﴾ العنكبوت/40 واتە :ئێمە هەریەکێك یان هەردەستەیەك لەوانەمان بە سزای تاوانی خۆی گەیاند ، جاهەیانبوو بەردبارانمان کرد ،هەیانبوودەنگ وسەدای بەهێز لەناوی برد،هەیانبوو بەناخی زەویدا بردمانە خوارەوە ،هەشیان بوو نوقمی زەویمان کرد،جا وەنەبێ خوا ستەمی لێ کردبن ،بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان دەکرد..

5/ ﴿ افامن الذين مكروا السيئات ان يَخسِف الله بهم الارض او ياتيهم العذاب من حيث لا يشعرون او يأخُذهم في تقلبهم فما هم بمعجزين ،او يأخُذهم على تخوف فان ربكم لرؤوف رحيم ﴾النحل 47 واتە:ئایا ئەوانەی چەندەها نەخشەوپلانی خراپیان کێشاوە دڵنیان لەوەی کە خودا نایان با بەناخی زەویدا ،یا خود لەلایەکەوە سزاو تۆڵەیان بۆبێت کە هەرهەستی پێنەکەن ؟! یاخود لەکاتی هاتووچۆو سەرگەرم بونیان بە کاروبارەوە لەناویان بات ،ئەوانیش دەسەوسانکەری خوانین ؟! یا خودپەروەرگار بەتوانایە لەکاتی ترس وناخۆشی وبیمدا ،بیانگرێت و لەناویان بەرێ،بەڵام مۆڵەت دەدات بەڵکو ڕووبکەنە ئیمان ،چونکە بەڕاستی پەروەردگارتان بەسۆزو میهرەبانە ...

6/﴿ افامن اهل القرى ان يأتيهم بأسنا بياتا وهم نائمون ،اوأمن أهل القرى أن يأتيهم بأسنا ضُحى وهم يلعبون ،افأموا مكرَ الله فلا يأمن مكرَ الله الا القوم الخاسرون ﴾ الاعراف99 ،واتە :ئایا خەڵکی شارەکان لەوە دڵنیان و ناترسن کە تۆڵەی ئێمە بێت بۆیان لەشەودا لە کاتێکدا ئەوان نوستوون ؟! ئایا خەڵکی شارەکان دڵنیان وناترسن لەوەی کە تۆڵەی ئێمە بێت بۆیان لە چێشتەنگاودا لە کاتێکدا ئەوان سەرگەرمی یاری و گەمەن ،ئایا دڵنیا وبێباك بوون لەنەخشەو پلانی خوا ،جا کەس بێ باك نابێ لەنەخشەو پلانی خوا جگە لە گەلی خەسارەتمەندان نەبێ...

7/﴿قل ارايتم ان اتاكم عذابه بياتا او نهارا ماذا يستعجلُ منه المجرمون ،اثُمَ اذاما وقع آمنتم به آلآن وقد كنتم به تستعجلون ﴾يونس/51.. واته :پێیان بڵێ :هەواڵم بدەنێ، باشه ئەگەر سزاوتۆڵەی خوا لەشەو یان لە ڕۆژدا بەرۆکی گرتن ،تاوانباران بەتامای چین ؟ ئاخۆ بۆچی پەلە دەکەن ؟!دوای ئەوە ئایا کە قیامەت ڕوویدا وبەرپابوو باوەڕی پێ دەهێنن ؟! ئەوسا پێیان دەوترێ ! ئا ئێستا بڕوای پێدەکەن ؟!خۆ بەڕاستی کاتی خۆی گاڵتەتان پێدەهات وپەلەتان بوو بۆیو دەتان وت :کوا بۆنایەت ..

8/ ﴿ولله غيب السماوات والارض،وما امرُ الساعة الا كلمحِ البصر اوهو اقرب ان الله على كل شيء قدير ﴾نحل/77 واته :هەرچی نهێنیوشاراوە هەیە لە ئاسمانەکان وزەویدا هەر بۆخوایەو، بەرپابوونی قیامەت پێش نایەت وەك چاو تروکاندنێك نەبێ یان لەوەش کەمتر ، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە..

لە وتارێکی گۆڤاری نویزویکی ئەمریکیدا کە باسی زانست و قیامەت دەکات هاتووە کە دەڵێت:زانستی وشکی فیزیاو فەلەك و جیۆلۆجی هەرئەوە نیە خەفەتمان بەنێ بە ڵکو ئەوەندە پێشکەوتوون بە بەڵگەوە تەحەدامان دەکەن کە هیچ شتێك بە قەدەر قیامەت نزیك نیە . ل112 آيات الله المبصرة

بەردە ئاسمانیەکان :

زانای فەلەکی (کلارك چابمن) کە لێکۆڵەرەوەیە لە هەیئەی عالەمیبۆ تەتبیقاتی عیلمیلە شاری تویکسون لە ئەریزۆنا دەڵێت (هەڕەشەو مەترسی گەورە هەیە لە سەر عالەمەکەمان لە ناوچەی دوورەوە ، لە دوای ئەستێرەی بلۆتۆوە هەوری (اوتر) هەیە کەپێك هاتووە لە بەردی گەورە گەورەو غازی بەستووخۆڵ ، کە لە سەد ساڵێکدا جارێك بەرەو زەوی دێن بەهۆی جازبیەتەوە ، گەرمی خۆر غازە بەستووەکەی دەکات بە هەڵم و کلکی بۆ دروست دەبێت و ڕووەکەشی دەتەقێتەوە بە دەرچوونی غازو غوبار لێوەی ، کە ئەوانیش 200 دانە دەبن ..
بەڕاستی مەترسی گەورە ڕوودەکاتە جیهانەکەمان کە ئێمە نایبینین و ڕەنگە هەستیشی پێ نەکەین تا تەواو دێتە سەر سەرمان).

کلك داری هالی کە هەر (76) ساڵێك جارێك دەیبینینەوە ئەگەر بەر زەوی بکەوێ لە یەك چرکەدا کاولی دەکات و پاش سەعاتێکیش لە ئاسمانەوە ئاگر دەبارێ ل116 آيات الله المبصرة .

لە ساڵی 1908دا لە سیبریا بەردێکی کەونی کە نزیکەی(300)پێ بوو کەوتە خوارەوە بە هێزێکی تەقینەوە کە(10) میگاتەن دەبوو ،(700)میلی زەوی تەخت کرد و لە بازنەیەکی (70کم)یدا

هەرچی هەبوو سووتاندی و ڕوناکیەکەی کیشوەری ئەورووپای ڕوناك کردەوە تەنانەت لـە دووری (60) میل جلی لـە بەردا دەسوتاند ...

وەکالـەی ناسای ئەمریکی ئاشکرای کرد کە هەزار تا چوار هەزار بەردو و شهوب هەیە بـەرەو زەوی دێن کە تیرەکەیان لـە نیو میل زیاترە ، کە ئەمـەیش مرۆڤایـەتی و زەوی دەپێچـێتەوە ، تـەنها (150)دانە شیان ناسـراون تائێسـتا ، ئەوبەردانـەش کەلـە (300) پـیٚ زیـاترن ژمارەیـان دەگاتـە سیٚسەدهەزار بەرد کە بەرەو ڕێڕەوی زەوی دێن و هیچیان لـە بارەوە نازانین..

ئەمەش قورئان لـەبارەیەوە دەفەرمویٚ ﴿ءامنتم مَن فیالسماء ان یَخسِفَ بکمُ الارض فاذا هی تمور ، ام امنتم مَـن فـی السماء ان یُرسِلَ علیکم حاصبا (واتە بەرد) فستعلمون کیف نذیر و لقد کذب الذین مِن قبلهم فکیف کان نکیر ﴾الملك

زانـای فەلـەکی (دۆناڵـد یومـانز)لـە وەکالـەی ناسـا (لـەمعملی تحلیلـی کـونی / لـە باسادینا/کالیفۆرنیا)دەڵێت :(لـە ڕۆژی 23ی مارسی 1989بـەردێکی ئاسمـانی (ئەسـتڕۆیدس)تـەنها (700)هەزار میلی مابوو بەر زەوی بکەویٚ، ئەگەر تەنها شەش سەعات دوا بکەوتایە لـە هاتندا ئەوا بەر زەوی دەکەوت ودنیای کاول دەکرد بەسەر یەکدا ،بە ڕاستی زەوی لـەسەر خولگەی خۆی بـە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە کە لـە دەوروبـەری بـەردی کـەونی زۆر هەیـە ، ئێسـتا بێـت یـان لـە داهاتوودا بەردێکی هەر بەردەکەویٚ ئەمە ئەگەر شتی تر پێشتر ڕوونەدات) (گۆڤـاری نـویزویکی ئەمریکی).

زانای فەلـەکی ئافرەت (کارۆلین شـوماکر)یـش کـە ئێسـتا لـە ژیاندایـە و زۆرتـرین ژمـارەی ئەستێرەی کلکداری دۆزیوەتەوە کە (32)دانەیە دەڵێت :(هول بوب) ئەستێرەیەکیکلکدارە کـە بەخێرایی 43هەزار میل لـەسەعاتێکدا دەڕوا لـەم سەدەیەی خۆمان دا خولگەی زەوی بڕی وباش بوو بەری نەکەوت ...

کلکداری(سویفت – تاتڵ)لـەساڵی 1862جارێك بینراوە ولـەچەندساڵێك لـەمەوبەردا جـارێکی تر بینراوە ، زانای فەلـەکی (برایان مارسدن)لـە بنکەی هارفاردسمثونیان بۆ فیزیای فەلـەکی حیسـابێکی کردووە کەلـە 14اغسـطس لـەساڵی2126ز دا جارێکی تر دەبینرێتـەوە و بـەهۆی تەقینـەوەکانی سـەر ڕووەکەیەوە لـە ڕێڕەوە نەگۆڕەکەی خۆی لایداوە ورەنگە بەر زەوی بکەویٚ کەڕۆژی قیامـەت دیٚ و ڕەنگە نەوەی منداڵـەکانی ئەمڕۆ ئەو ڕۆژە سامناکە ببینن (نیوزویك ئەمریکی)لا124هەمان سەرچاوە

قورئان دەفەرموێت﴿افبعذابنا يستعجلون ،فاذا نزل بساحتهم فساء صباح المُنذَرين ﴾ الصافات 177 واته:ئايا پەلەيانە بۆ سزاکەمان ،کاتێ سزاو تۆڵەی ئێمە دابەزیە سەریان ئای کەبەرەبەیانیەکی سامناکە ئەوانە تووشیان دەبێ .

﴿ وربك الغفور ذوالرحمة لو يؤاخذهم بما كسبوا العجل لهم العذاب بل لهم موعد لن يجدوا من دونه موئلا ،وتلك القرى اهلكناهم لما ظلموا وجعلنا لمهلكهم موعدا ﴾ الكهف /59 واته:پەروەردگاری تۆ لێخۆش بووی میهرەبانە ، ئەگەر بە کردەوەی ئەو خەڵکە بکات بە خێرایی لە ناویان دەبات ، بەلاّم کاتی دیاری کراو هەیە بۆیان کە بێجگە لە خوا کەس نیە پەنایان بدات،ئەوەتە شاروشارۆچکەکانمان لەناو برد بە ستەمکاریان و بۆ لەناوبردنیشیان کاتمان دیاری کردبوو .. (آيات الله المبصرة /أ .د . توفيق علوان)...

چەند نموونەیەک لەسەر تیاچوونی گەلان:

1/تیاچوونی گەلێ لەخوارووی ئیتالیا بە بورکانی (فیزۆف)لە نزیکەی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا،کە تادوا پلە خەریکی فاحیشە بوون ، ئەوانە بورکانەکە لاشەیانی داپۆشی ولەم سەدانەی دواییدا دوای نزیکەی دووهەزارساڵ دۆزرانەوە ، تاببێت بە پەندو عیبرەت بۆ هەرکەسێك کە ببینێت .

2/لەم دوایانەدا لە دوورگەی (ئۆکیناوا)ی یابانی شارێکیگەورە دۆزرایەوە لەژێر دەریادا کە بە هەموو خانوو پەرستگاو کۆشك و تەلاری نوقمی ژێر دەریا بوون ،کە خاوەنی شارستانیەکی زۆر پێشکەوتووبوون لەوزەمانەداو زانایان دەیگێڕنەوە بۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر ،جا یا بەهۆی کارەساتێکی سروشتی یەوە تیاچوون ،یان بەهۆی زیادبوونی ئاستی ئاوی دەریاوە نوقوم بوون لەکۆتایی چاخە سەهۆڵینەکانی دوایدا ، یەکێ لەو زانایانەی بەشداری کردووە لە دۆزینەوەو لێکۆڵینەوەکاندا دەڵێت (ئەم دۆزینەوانە ئاماژەن بۆ ئێمەی خاوەن شارستانیەتی نوێ وهۆشیارمان دەکاتەوە تا لەخۆمان بایینەبین وسەرەڕۆیی نەکەین ، ئەگینا هەمان چارەنووسمان دەبێ)...

3/ لەم ساڵانەی دوایش دا شارستانیەتی (اطلانطا) دۆزرایەوە ... فەیلەسووفەکانی (اغريق) ،وەك افلاطون و ارسطو باسی شارستانیەتێکی گەورە دەکەن کە سەرمەشق بووە بۆ شارستانیەتی (اغريق)کە زۆر پێشکەوتوو بوون و چیرۆك ودەنگ وباسیزۆرهەیە لەبارەیانەوە لەپەراوە کۆنەکانی شارستانیەتیە دێرینەکاندا ... ئەوان کاریگەریان هەبووە لەسەر ناوچەکانی دەریای ناوراست وبازرگانی زۆر وهونەرو زانستیان جێی سەرسوڕمان بووە ولەپڕیش دیار نەماون و دەنگ و باسیان

نەماوە...لەبەر ئەوەی تا ئەم زووانە هیچیان لەسەر نەدۆزرابوە وە هەندێك دەیان وت:ڕەنگە هەر بەخەیاڵ دروست کرابن وسەرگوزەشتەو داستانی دوور لە ڕاستی بن ، لە دەریای (ئیجە)ودەوروبەری کۆمەڵێ وێنەو ئاپار دۆزرایەوە کە دەنگی دایەوەو شێوەی ژیانی ئەوگەلەی دەرخست هەروەك ئیغریقیەکان باسیان کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایین ،ئیغریقیەکان دەڵێن لە دەوروبەری ساڵی 1680 ی پێش زایین دا بورکانێکی گەورە تەقیەوە کە چەند ڕۆژێکی خایاندو هەوری ڕەش ئاسمانی بە جۆرێك گرت کە خەڵکی ناوچەکە شەووڕۆژیان بۆ جیا نەدەکرایەوە و بوومەلەرزەیەکی گەورە ڕوویدا کە بووە مایەی دروستبوونی هەرەسهێنان و درزی زۆر لە زەویدا .هەمان باسیش لەنووسینەکانی فیرعەونیەکاندا هاتووە کە ئەوان دوورتریش بوون ..پاش لێکۆڵینەوەودیراساتی زۆر دەرکەوت کە لەو ساڵەدا لە ئەنجامی بورکان و بوومەلەرزەیەکی گەورەوە ناوچەی دەریای ئیجەی ئێستا زەویەکەی چاڵ بووەو ئاوی دەریای ناوەڕاستیش پڕی کردۆتەوەوبەوەش دەریایئیجە دروست بووە ، پاش ئەوەی کە تەنها زمانەیەکی بچکۆلەی دەریای ناوەڕاست بووە وبەمەش دوورگەی ئەتلانتا وشارستانیەکەی لەناو چوون(القوانين القرآنية للحضارات /د.المهندس خالد العبيدی).

خۆشەویستی خوا

شێخ ئەحمەد قطان کە بانگخوازێکی کوەیتیە دەڵێت:پیاوێك کە لە ساڵانی پەنجاکانداحەجی کردبوو بۆی گێڕامەوەو وتی : کاتێك چووم بۆ حەج لە کوەیتەوە، جێگا نەمابوو ، زۆریش تامەزرۆی حەج بووم ، بۆیە ناچار لەدوای لۆری یەکی بچووکدا لەگەڵ کەلوپەلی حاجیەکاندا سەرکەوتم ،لم وتۆزوخۆڵ و گەرمای زۆر پیاوی دەویست خۆی بۆ بگرێت ، بەڵام چونکە بۆ حەج بوو کە ئاواتی تەمەنەوبۆخوایە گوێم نەدایە،چیبکەم ناچارم دان بەخۆمدا بگرم .

جارجار تایەی سەیارەکە لە لمدا دەچەقی وپەنتەڕناشیدەکرد ومنیش دادەبەزیم وبە هەمووهێزم پاڵم پێوە دەناو،کاتێ لە لمەکە دەردەچوو سەردەکەوتمەوە، لە دابەزینێکدا کە پاڵم نا سەیارەکە تۆزو خۆڵی زۆری دروست کرد وسەیارەکە هەستایەوەو ڕۆیشت ومنیش نەعلەکانم چەقی لەلمەکەدا چەند هەنگاوێك گەڕامەوەو گەڕام بەدوای نەعلەکەمدا ،سایەقەکە وەیزانی سەرکەوتوومەتەوە ، بۆیە ڕۆیشت ومنیش بەجێمام ،وە بەهۆی تۆزو خۆڵەوە منی نەبینی لە ئاوێنەکەوە... سەرسام بووم ونەمدەزانی چی بکەم ،نەعلەکانم بدۆزمەوە یان بە جێی بهێڵم وڕاکەم بەدوای سەیارەکەدا بەڵکو بیانگرمەوە ،بڕیارم دا بەهەمووهێزمەوە ڕاکەم بەدوای سەیارەکەدا

،بەلاّم بەداخەوە ئەوان زۆر خێرا بوون ونەم توانی بیانگرمەوە وبەجێیان هێشتم ،ئینجا دلّی خۆم بەوە خۆش کرد هەر کە لایاندا بۆ نان خواردن وپشوودان منیان بیردەکەوێتەوە ودێنەوە بەدواما ، گەڕامەوە بۆشوێنەکەی یەکەم جارم و زۆر گەڕام بەدوای نەعلەکانم دا تا دۆزیمەوە.

دلّم پەلەپەلی دەکرد وهەناسەم سوار بووبوو ، بە شوێنی تایەکاندا دەڕۆیشتم بەو هیوایەی کە ڕێرەوی ئەوانم لێ ون نەبێ وکە گەڕانەوە پێیان بگەمەوە. لە دلّی خۆمدا وتم:کەنزیك عەصر وەستان بۆنان خواردنیووەڕۆ وکۆکردنەوەی نوێژی نیوەڕۆو عەصر هەست دەکەن کە من بەجێ ماوم ..

کات نیوەڕۆیەو هەتاو لە تەوقەسەرم دەدا ، هیچ سێبەرێنیە مەگەر لە بنیپێمدا ، گەرمایەکە پێستی دەم وچاومی شەقار شەقار کردو ڕەشەبای گەرمی لمیش دێ و دەیدا بە دەم وچاوما بۆیە ناچار ئەو پارچە قوماشەی داومە بەسەرمدا ئەیدەم بەسەردەم وچاوما.

ناوچەکە لمی ورد بوو نەمدەوێرا بوەستم لەترسی ئەوەی کە لم دامپۆشێ، لە ڕۆیشتنیش دا قاچم دەچەقیە ئەو لمە گەرمەوەو زۆر بەناڕەحەت هەنگاوم دەنا ، هەردەتووت بەناو ئاگردا دەڕۆم ،نازانم چۆن باسی هەستی خۆم بکەم لەو کاتەدا ، پێیەکم هەلّدەگرت وپێیەکم دادەنا جاری وابوودەکەوتم ولەسەر دەست و ئەژنۆ دەڕۆیشتم وهەروەك منالّ گاگۆلّکێم دەکرد. لە تاو گەرما جارجار پارچە قوماشەکەم دەخستە ژێر قاچم وژێر دەستم، لەتاو سەریشم ناوبەناویش دەمخستەوە سەرسەرم.

تف لەقوڕگما وشك بوو ،چاوم سووربووەوە وخوێنی تێزا وباش نەم ئەبینی وڕێشکەوپێشکەی دەکرد ، زمانم بوە پەلاّس و لێوەکانم قلّیشان ، لە سەرەتاوە ئارەقم کردەوە ، دواتر ئارەقیش نەماو یەك پارچە لەشم بووە ئاگر!!بەردەوام بووم لە ڕۆیشتندا ، چاوم ورد دەکردەوە بەڕێگاکەدا وناوبەناو بەهەزار حالّ جێ تایەکانم دەبینی ، چونکە ڕەشەبای لم دایدەپۆشی ، هەرجارێك چاوم بەجێی تایەکان بکەوتایە وەمزانی دنیا هێمنەو هیوام بۆ دروست دەبۆوە .. تینویەتی زۆری بۆ هێنام و لە هیلاکیا دەکەوتم و هەلّدەسامەوە و دنیا لەبەر چاوم دەخولایەوە.

خۆر ناوڕاستی ئاسمانی بەجێهێشت وتۆزێ لاربۆوە ، ئنجا لە دوورەوە درەخت وسەوزاییوئاوم دەدی ، زانیم ئەوانە سەرابن ودێنە بەرچاوم ،هەروەك قورئان دەفەرموێت : ﴿ والذين كفروا أعمالهم كسراب بقيعة يحسبها الظمآن ماء حتى اذا جاءه لم يجده شيئا ووجد الله عنده فوفاه حسابه والله سريع الحساب ﴾ النور 39 .

گوێم بەسەراب نەداو تەنها خەمی جێ تایەکانم بوو ، هەموو سەرو قژوچاوو گوێوناودەم و لووتم لم بوو ، بەلاّم هەر هیوام بەخوا بوو فریام بکەوێت،مەگەر من ڕێبواری ڕێی ئەونیم ؟ مەگەر من

بەتەمای حەجی ماڵی ئەو نیم ؟؟ئالـەم حاڵەدا ئەم ئایەتەم بیر کەوتـەوە : ﴿ ولنبلـونكم بشـيء مـن الخـوف والجوع ونقص في الاموال والانفس والثمرات وبشر الصابرين، الذين اذا اصابتهم مصيبة قالوا انا لله وانا اليه راجعون ، اولئك عليهم صلوات من ربهم و رحمة واولئك هم المهتدون ﴾ البقرة 155 / بەم ئایەتانە هەستم کرد میهرەبـانیخوا لـێم نزیکەو ، بەزۆر خۆم کێش کرد ، لەپڕ لـە دوورەوە شتێکی مەیلەو سەوزم بینی ، تۆبڵێی گیابێـت ؟؟ خۆزگە گیا بوایەو سەرم بخستایەتە سەری و لـە سایەیدا گیانم دەرچوایە . بەهەر حاڵێ بوو لێـی نزیك بوومەوە، هەستم کردخوا وەڵامـی دوعاکـانی داومەتـەوە، بینـیم کاڵەکێکـە ولـە سـەیارەی حاجییەکان کەوتۆتە خوارەوەو پێیان نەزانیوە ،خۆم بۆخشاند وخۆم دا بەسەریا ، بەپەلـە شـکانم و نام بەدەم و چاوی هەڵقرچاومەوە تا تۆزێك فێنك بێتەوە ، ئەوەندە بەلامەوە سارد بوو بۆم نەدەخورا ، دەتووت سەهۆڵـەو لـە ئازاردا هاوارم کرد ، هەرئەوەندەی چووە ناودەممەوە دەتووت ئاوەو کراوە بە سەر ئاسنێکی سوورەوەکراودا .زمانم تۆزێك تەڕبوو ، لیۆم نەرم بـوو، وردەوردە ئـازارم نـەما و گەیشتە ناو گەدەم وبوژامەوە ،پاشان ئاوەکەی ناویشیم خواردەوە ..

سوپاس بۆ خوا،بوو بە خواردن وخواردنەوە بۆم ﴿ ذهب الظمأ وابتلت العروق وثبت الاجر ان شاء الله ﴾ ، ئنجا توێکڵەکەیم خستە سەرسەرم ، ئەوە نیوەی و نیوەکەی تریشیم گرتە باوەشم کە لـەو کاتـە هەموو دنیا بوو بۆ من .

ئالێرەدا تێگەیشتم خۆشەویسـتی خـوا ئـەبێت چـۆن بێـت ، بەوانەیـەکی عەمـەلی مانـای ئـەم فەرموودەیە تێگەیشتم کە دوعاکەی حەزرەتی داوودە سەلامیخوای لێبێت وحەزرەت (د.خ)بۆمـان دەگێڕێتەوە تاببێ بەدەرس بۆمان﴿ اللهم اني أسألك حبك وحب من يحبك ، والعمل الذي يبلغني حبك ، اللهم اجعـل حبك احب اليَ من نفسي واهلي ومن الماء البارد على الظمأ ﴾ ئێستادەزانم مانـای چـیە خۆشەویسـتیەك کـەزیاتر بێت لـە خۆشەویستی ئاوی سارد لـەسەر تینوێتی !!

کەوتمەوە ڕۆیشتن وخۆریش بەرەو ئاوابوون دەچوو ، کاتێکم زانـی لـە دوورەوە سـەیارەکەمان دەرکەوت ، کەگەیشتنە لام وتیان : ئەوە ماوی ؟؟! وتم : بەڵێ ، وتیان :چۆن ؟؟! وتم :ئەوخوایەی (حی قیوم) ە ئەگـەر بیـەوێ ژیـان دەبەخشـێتەوە بـەوەی کـە لـەسـەر لێـواری مەرگـە ، ئنجـا سەرگوزەشتەی خۆمم بۆ گێڕانەوە ..

بەڕاستی نیعمەتـەکانی خـوا زۆرن و مـرۆڤ ڕادێـت لـەسـەریان و هەسـتیان پێناکـات ، مەگـەر خواناسان ، ئەوە عبداللـەی کوڕی موبارەك کەویستی ڕۆژووەکـەی بشـکێنێ و پـەرداخێك ئـاوی

بەدەستەوە بوو گریا ، لێیان پرسی بۆ دەگریت؟؟ وتی :ئەو ڕۆژەم بیر کەوتەوە لەقیامەتدا کە نایەڵن خراپەکاران دەمی بۆ بەرن (وحیل بینهم وبین مایشتهون)السبأ 54 ..خواطر داعیة / أحمد القطان ..

ئیسلام وزانستی سەردەم

ئاشکرایە کە لە وڵاتانی ڕۆژ ئاوا بودجەی زۆریان داناوە بۆ دیراسە و لێکۆڵینەوە وتاقیکردنەوە لەگشت بوارەکاندا، کەئەمەش بۆتەمایەیپێشکەوتنیان لەلایەنی ماددیدا، ڕۆژئاواییەکان لە بواری نەفسی مرۆڤیشدا زۆرتاقیکردنەوە ولێکۆڵینەوەیان کردووە و گەیشتونەتە ئەنجامی باش کە هەمووکەس دەتوانێت سوودی لێوەرگرێت ، بەڵام ئەوەی سەیرە و گەورەیی ئەم ئیسلامە دەسەلمێنێت ئەوەیە کە ئەوشتانەی ئەوان لەم سەردەمەدا وپاش خەرج کردنی پارەوپولێکی زۆر ئەیدۆزنەوەو ڕێیان لێی دەکەوێت هەزاروچوار سەد ساڵە ئیسلام فەرمانی پێداوەو جەختی کردۆتە سەر بۆ نموونە:

یەکەم :ئاینی ئیسلام باس لەوە دەکات کەژیانی دنیا تاقیکردنەوەیەو هەرکەسەو بەپێی خۆی تووشی بەشێك لە بەڵاوموسیبەت ونارەحەتی دێت ،هەروەك دە فەرمووێت ﴿ ولنبلونکم بشیء من الخوف والجوع ونقص من الاموال والانفس والثمرات وبشر الصابرین ، الذین اذا اصابتهم مصیبة قالوا انالله وانا الیه راجعون ، اولئك علیهم صلوات من ربهم ورحمة واولئك هم المهتدون﴾ 157البقرة

واتە: سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بە کەمیك لەترس وبرسێتیوکەم بوونی ماڵ وسامان ومردنی کەس و کارو تیاچوونی بەروبوومی کشتوکاڵ جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگروئارامگرن . ئەوانەی هەرکاتێك تووشی بەڵاو ناخۆشییەك دەبن دەڵێن: ئێمە موڵکی خواین و هەرچی هەمانە بەخششیخوایە،سەرەنجامیش تەنها هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان، ئائەوانە چەندەها ستایش وڕەحمەت ومیهرەبانی دەبارێت بە سەریاندا لە پەروەردگاریانەوە وئەوانە ڕێبازی هیدایەتیان گرتووە.

دیارە ئەم تاقیکردنەوەیەش حیکمەتی تیایە وخوای گەورە دەیەوێت کە هەمیشە بەندەکانی هۆشیار بکاتەوە ونیعمەت وبەخششەکانیان بیربخاتەوە ئەگەر نەخۆشی نەبێ کەس قەدری لەش ساغی نازانێ وهەستی پێناکرێت..

ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر گرنگی ئەدات بە ئارامگرتن بە تایبەت لە سەرەتای بەڵاکەدا وهەوڵ دەدات مرۆڤ هاوسەنگی خۆی لەدەست نەدات ، تەنانەت حەزرەت (د.خ) دەفەرمۆیت (لەئێمە نیە کەسێك لەموسیبەتێکدا بکێشێ بە ڕوومەتیاویەخەی خۆی دا بدڕێ وقسەی نەفامی وناشکوری بکات).

ڕۆژێك حەزرەت(د.خ) بەلای ئافرەتێکدا تێپەڕی کە زۆر شپرز بوو بۆ نزیکێکی کـە مردبـوو ، ئامۆژگاری کرد کە ئارام بگرێت،دیارە ئەویش نەیزانی ئەوە پێغەمبەری خوایە ، بۆیە لـە شـپرزیدا وتی:تۆ نازانی چیم بەسەرهاتووەو تووشی چی بووم.

حەزرەت (د.خ)بە جێی هێشت ، دواتر کە ژنەکە سارد بۆوە و، زانی ئەوە پێغەمبەر بووە، چوو بـو لای و داوای لێبـوردنی لێکـرد و وتـی: ئەوکاتـە زۆر دڵـم گـەرم بـووە ، حـەزرەتیش (د.خ) فەرمووی(سەبر ئەو سەبرەیە کە لـە گەرمەی ڕووداوەکەداو لـە سەرەتاوە بگیرێت) (انما الصبر عند الصدمة الاولى). ئارامگرتن لـە کەسێکەوە بۆ کەسـێکی تـر دەگۆڕێـت و هـی وا هەیـە باشـتر خـۆی دەگونجێنێ،یەکێك لـە هاوەڵانی حەزرەت(د.خ) هە واڵیان دایە کـە کوڕەکـەت مـرد ، وتـی:پێشـتر دەمزانی کە ئەمرێت ! وتیان: چۆن ؟ وتی:ئەی خوا بە پێغەمبـەر (د.خ) نافـەرموێ (انك ميت و انهم ميتون) تۆ دەمریت و ئەوانیش دەمرن. ئەمە باس وخواسی بەلاو موسیبەت و ئارامگرتنە لـە ئیسـلامدا با بزانین زانایان پاش چواردە سەدە بە لێکۆڵینەوە گە یشتونەتە چی؟!.

دکتور یوسف البـدر لـە بەرنامـەی(لغة الحياة) دا لـە کـەناڵی(سمارت)دەڵـێ: زانایـان پـاش تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زۆر بۆیان دەرکـەوتووە کاتێـك کەسـێك تووشـی بەڵایـەك دەبێـت و (صـــدمە)یـــەك ڕووی تێـــدەکات ،ئەگـــەرئارام نەگرێت،پچـــڕانێك دروســـت دەبێـــت لـــە بواری(کهروموگناتیسی) مێشکی ودەبێتە مایەی نەخۆشی وەك شێرپەنجەو قورحەو .. هتد..

لـە ئەورووپا دیراسە کراوە لـە سەر هەشت هەزار ئافرەت کە کێشەیان هەبووە لـە گـەڵ مناڵـە کانیاندا و ئارامیان نەگرتووە توشی شێرپەنجە بوون .

لـە قورئانی پیرۆزیشدا ئەگەر جوان لێی وردبینـەوە تیشـك خراوەتـە سـەر ئـەم راسـتیە ئـەوە حەزرەتی ئەیوب(سەلامی خوای لەسەر بێ) توشی بەڵاو موسیبەتێك بوو،ماڵ و سامان و مناڵـەکانی تیاچوون، ئەمەش زۆر کاریگەری هەبوو لـە سەردڵ دەروونیو بووە مایەی ئازار ونەخۆشی هەروەك (قرطبی)دەفەرموێت:حەزرەتی ئەیوب سەلامی خوای لێبێت توشی بەلاوموسیبەتەکە بـوو بـە هـۆی ئەوەشەوە تووشی نەخۆشی بوو.. قورئان دەفەرموێت ﴿ واذكرعبدنا ايوب اذ نـادى ربـه انـي مسـني الشـيطان بنصب وعذاب، اركض برجلك هذا مغتسل بارد وشراب و وهبنا له اهله ومثله معهم رحمة منا وذكـرى لاولـي الالبـاب ﴾42 ص . واتە: ئەی پێغەمبەر(د.خ) سەرگوزەشتەی بەندەی ئێمە ئەیوبیان بۆباس بکە ، کاتێك بـانگی لـە پەروەردگاری کـردو وتـی : بێگومـان شـەیتان تووشـی نەخۆشـی و ئـازاری کـردووم ، ئێمـەیش دوعاکەیمان گیرا کرد و وتمان : هەستە، بەپێی خـۆت ڕابکـە ئـەوە ئـاوێکی سـارد بـۆ خۆشـتن و

خواردنەوە .ئەوسا کەسوکار وئەهلەکەیمان پێبەخشی وئەوەندەی تریش ، ئەوە ڕەحمەت ومیهرەبانی تایبەتی بوو لەلایەن ئێمەو، یادەوەریشە بۆ هەمووخاوەن بیروهۆشەکان،ئالێرەوە گرنگی ئیمان وبڕوا تێدەگەین بە تایبەت بڕوا بوون بە قەزا وقەدەری خوا، کە دەبێتە مایەی دڵدانەوەی مرۆڤ وئارامگرتنی ، هەروەك قورئان بە ئاشکرا ئاماژە بەم راستیە دەکات ودەفەرموێت: ﴿ مااصاب من مصيبة فى الارض ولا فى انفسكم الا فى كتاب من قبل ان نبرأها ان ذلك على الله يسير ، لكيلا تأسوا على ما فاتكم ولا تفرحوا بما آتاكم والله لايُحب كل مُختال فخور ﴾ حديد23 واتە : هیچ بەڵاو ڕووداوێك لە زەویدا، بۆتان پێش نەهاتووە کە لە – لوح المحفوظ– دا تۆمارمان نەکردبێت ، پێش ئەوەی ڕووداوەکە پێش بێت، ئەوکارەش بۆخوا زۆر ئاسانە، ئەمەش بۆ ئەوەی کە خەفەت نەخۆن بۆ ئەوی لە کیستان چووە بەوەش دڵخۆش غەڕڕا نەبن کە پێمان بەخشیون، چونکە خوا کەسانی خۆ بەگەورە زان ولە خۆ بایی خوش ناوێت . حەزرەت(د.خ) دەفەرموێ ﴿ عجبا لأمر المؤمن، ان امره كله خير، ان اصابه ضراء صبر فله خير، ان اصابه سراء شكر فله خير ﴾ .

دینداری ڕاست وتەواو

لە دنیای ئەمڕۆماندا دەرمان شتێکە زۆر بەکاردێت و ڕۆژانە خەڵکی بەرەو نەخۆشخانەکان وعیادەی دکتۆرەکان عەودالی چارەسەری نەخۆشییەکانیان و بەتەمای شیفاوچاك بوونەوەن،ئیتر هەر کەسەو بەمەزەنەی عەقڵی خۆیو بڕی پارەی گیرفانی دەچێتە لای ئەو دکتۆرەی کە بە چاکی دەزانێت .ئینجا هەموو دەرمانێکیش کە بۆی دەنووسرێ لە سەری نووسراوە کە لە بەردەستی منالدا دانەنرێ وبە بێ ڕێنمایی دکتۆرو صیدەلانی نەخورێت.. لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش دا هەروایە..

قورئان باسی دوو جۆر شیفا دەکات :

یەکەم: هەنگوینە کە دەفەرموێت ﴿ فيه شفاء للناس﴾ النحل 69

دووەم :قورئانە کەشیفایە بۆنەخۆشییەکانیدڵ ودەروون وتەنانەت بۆنەخۆشیەکانی تریش ...

هەروەك دەفەرموێت﴿ وننزل من القران ما هو شفاء ورحمة المؤمنين ﴾82 الاسراء ،هەروەها دەفەرموێت ﴿ قد جاءتكم موعظة من ربكم وشفاء لما فى الصدور﴾ يونس 57.

جائەم قورئانەش بە هەمان شێوە کەسی پسپۆڕوشارەزای دەوێت،بە تایبەت لە فەتوادان و ئیجتهادکردن دا، تەنانەت لەم زەمانەدا پێویستەکات کەدەزگای تایبەت فەتوای جەماعی دەربکەن،کە کۆمەڵێ پسپۆر لە هەموو بۆارێکدا کار بکەن تیایدا....

هی وا هەیە چوار لاپەڕە دەخوێنێتەوە و شەیتان فوودەکات بە لووتیاو خۆی لێدەبێت بەموفتی و لەمەسەلە گەورەکاندا فەتوا دەدات، بە تایبەت کافرکردنیخەڵکو قەتڵ و عام کردنیموسڵمانان و ..هتد ، بۆیە بەڕاستی دەبێت چۆن دەگەڕێین بە دوای دکتۆری ناودارو چاك وشارەزادا بۆئەوەی چارەسەری نەخۆشیەکانمان بە چاکی بکرێ .. هەروایش بگەڕێین بە دوای زانای خوا ناس وشارەزادا وهەروا کۆیرانە دوای فتوای ئەم و ئەو نەکەوین، چونکە ئەگەر خوا نەخواستە فەتوای سەقەت و هەڵەمان وەرگرت ، نەك هەر دنیا بەڵکو ئاخیرەتیشمان دەڕوات .

خوای گەورە بۆ قورئانیو ك کتێبێك نەنارده سەر زەوی تاخەڵکی بۆخۆیان بیخوێننەوە و چی تێگەیشتن پەیڕەوی بکەن؟

بۆ بەگەورەترین ولێهاتووترین مامۆستادا ناردی ؟؟ دیارە بۆ ئەوەی هەر شتە بخاتە جێی خۆی و فێرمان بکات چۆن بە کاری بهێنین ....

جا هەروەك ئیمامی ئەوزاعی دەڵێت (هەر فەرمانێك کە خوا کردبێتی شەیتان هەوڵ دەدات بە دوو ئەقاردا ببیات ، وا بکات کە زیادەڕەوی تیا بکرێت، یان کەم تەرخەمی تیا بکرێت)..(ل18 الاعتدال في التدين)د. وهبة الزحيلي..

دیارە نەفسی مرۆڤیش حەزی بەوەیە، کە زیادەڕەوی یان کەمتەرخەمی بکات و هەمیشە کەسانێك هەن خراپ بیردەکەنەوە و بە کەیفی خۆیان شوێن بەرنامەی خوا دەکەون و دەیانەوێت کە بەرنامەی خوا بە ئارەزووی ئەوان بێت، نەك ئارەزوویان شوێن کەوتەی بەرنامەی خوا بێت ... کە ئەمیش ئاشکرایە نابێت و حەزرەت (د.خ) هەر زوو فەرموویەتی (لا يؤمن احدكم حتى يكون هواه تبعا لما جئت به) (حديث حسن صحيح- ابو نعيم والطبراني)..

هەروەها دەفەرموێت (بئس العبد عبد هوى يضله) واتەچەند خراپە عەبدێك کە بەندەی هەواو ئارەزوویەك بێت کە سەری لێ بشێوێنێ و سەرگەردانی بکات . (ترمذی)و(ئەحمەد) یان دەفەرموێت: (ان مما اخشى عليكم شهوات الغي في بطونكم وفروجكم ومضلات الهوى) ئەحمەد واتە:بە ڕاستی ئەوەی زۆر دەترسم تووشتان ببێت هەواوئارەزووی سەرگەردانکەری ورگ و عەورەتتانە، لە گەڵ هەواو ئارەزووی سەر لێشێوێنەر ... ئینجا هەر شتێك کەسێك بیهێنێ و فەرمانی خواو پێغەمبەری لە سەر نەبێت بیدعەیە و دەدرێتەوە بە سەر ساحێبەکەیدا (من احدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو رد) بخاري و مسلم..

وتمان مرۆڤی وا هەیە شت لە سەر خۆی قورس دەکات وحەزی لە زیادەڕەویە بۆ نموونە: هەر لە زەمانی پێغەمبەردا(د.خ) کەسانی وا هەبوون کە دەیانویست تەرکی دنیا بکەن و ژن نەهێنن و هەمیشە بە ڕۆژو بن،حەزرەتیش(د.خ)جڵەوگیری کردن وزۆر بە توندی سەرزەنشتی کردن و ئەو دەرگایەی لیٚ داخستن.

بوخاری دەگێڕێتەوە کە (چەند کەسێك هاتنە ماڵی حەزرەت (د.خ) و پرسیاریان کرد لە بارەی عیبادەت و خوا پەرستیەکەیەوە ، کە وەڵامیان درایەوە ، بەکەمیان زانیو وتیان ئێمە لە کویٚ و پێغەمبەری خوا لە کویٚ ؟ئەو خوا لە گوناهی بەرودوای خۆش بووە ،یەکێکیان وتی :!هەموو شەو شەو نوێژ دەکەم، یەکێکی تریان وتی : هەموو رۆژیٚ بە ڕۆژوو دەبم و هەرگیز نایشکێنم ، سێیەمیان وتی:منیش هەرگیز ژن ناهێنم ! کە حەزرەت هاتەوە وبۆیان گێڕایەوە ، ناردی بە دوایاندا وپێی فەرموون : ئێوە بوون ئاواو ئاواتان وت؟! بە خوا من لە هەمووتان زیاتر لە خوا دەترسم وپارێزکارم ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڕۆژووش دەبم و دەشی شکێنم ،شەو نویژ دەکەم و دەشخەوم ،ژنیش دێنم ، جا هەرکەس لە سوننەتیمن لابدات لە من نییە)..

نموونەیەکی تریش ، (عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عاص)ە کەسەر گوزەشتەی خۆی لەم بارەیەوە باس دەکات و دەڵێت: هەواڵیان دا بە پێغەمبەر (د.خ) کە من وتومە: بەردەوام بە ڕۆژوو دەبم و بەردەوام شەو نوێژ دەکەم .. پێی فەرمووم :تۆ شتی وات وتووە؟منیش وتم:بەڵیٚ وتوومە دایك و باوکم بە قوربانت بێت ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی :(ئەوە گرانە و ناتوانی ، بە ڕۆژوو بەو بیشکێنە، بنوو وە شەو نوێژیش بکە ، مانگی سیٚ ڕۆژ بەڕۆژوو ببە وهەر چاکەیەکیش بە دەقاتە ،ئەمەش وەك ئەوەیە بەردەوام بەڕۆژوو ببی)...

وتم : من لەوە زیاتردەتوانم ،فەرمووی :باشە ڕۆژ نا ڕۆژیٚ بەڕۆژوو ببە کە ئەوەش ڕۆژووی حەزرەتی داوودە(سەلامی خوای لیبێت)و باشترین ڕۆژووە..

وتم:من چاکتر لەوە دەتوانم ،فەرمووی :لەوە چاکتر نیە ! لە ڕیوایەتێکی تریشدا پیٚی دەفەرمویٚ (ناوبەناو بە ڕۆژوو ببە وبخەوەو شەونوێژ بکە ،چونکە بە ڕاستی لاشەت هەقی لە سەرتە و چاوەکانت هەقیان لە سەرتەو ماڵ و منالٚت هەقیان لە سەرتەو میوانەکانت هەقیان لە سەرتە، ئەوەندەش بەسە کە مانگی سیٚ ڕۆژ بەڕۆژوو ببیت چونکە چاکە بە دەقاتە وەك ئەوەیە هەمیشە بەڕۆژووببیت. نموونەیکی تریش (کاتێك پێغەمبەر (د.خ)وتاری ئەدا پیاوێك بە پێوە لە بەر هەتاو وەستا بوو،حەزەرت (د.خ) پرسیاری کرد؟وتیان :ناوی (ابو اسرائیل)ەو نەزری کردووە بە

پێوە بێو دانەنیشێو، نەچێتە بەر سێبەرو قسە نەکات و تەنها زیکری خوا نەبێو بەڕۆژووش بێت ، حەزرەت (د.خ)فەرمووی (پێی بڵێن :قسە بکات و ، بچێتە بەر سێبەرو ، دانیشێ و قەیناکە ڕۆژووەکەی تەواو بکات)بخاری. حەزرەت لە چەند فەرموودەیتریش دا جەختی کردۆتەوە سەر ئەو مەسەلەیە و دەفەرمویێت (هلك المتنطعون)، واتە : تیاچوون ئەوانەی کە توندڕەوی دەکەن لە شوێنێکدا کە پێوست بە توندی ناکات ، سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە...

دیارە لە ئیسلامدا ڕوخسەی زۆر دراوە ، هی وا هەیە بە دینداری دەزانێت کە ئەو ڕوخسانە وەر نەگرێت ، بۆیە حەزرەت(د.خ)دەفەرمویێت(من لم یقبل رخصة الله عز وجل کان علیه من الاثم مثل جبال عرفه) واتە: هەرچی ڕوخسەتی خوا وەرنەگرێت بەهێندەی شاخی عەرەفە گوناهبار دەبێت...

لە فەرموودەیەکی تریش دا دەفەرمویێت (یا ایها الناس، ایاکم والغلو فی الدین ، فانه اهلك من کان قبلکم الغلو فی الدین) ئەحمەد ونسائی واتە: خەڵکینە ئاگادار بن زیادەڕەوی مەکەن لەدیندا، بەڕاستی گەلانی پێش ئێوە زیادەڕەوی لە دیندا لە ناوی بردن ...

نموونەیەک لە زیادەڕەوی گەلانی پێشوو:

گاورەکان دوای سەردەمی حەزرەتی عیسا سەلامی خوای لێبێت بەنیازی زیاتر نزیك بوونەوە لە خوا ڕەهبانیەتیان داهێنا،کە ژن نەهێنن و تەرکی دنیا بکەن ، ئەمەش بە چەند قۆناغێکدا ڕۆیشت و سەرەنجام سەری لە سەرگەردانی و سەر لێشێواویەوە دەرچوو، قورئان لەم بارەیەوە دەفەرمویێت:

﴿ ولقد ارسلنا نوحا وابراهیم وجعلنا فی ذریتهما النبوة والکتاب ، فمنهم مهتد وکثیر منهم فاسقون ، وقفینا بعیسی ابن مریم واتیناه الانجیل و جعلنا فی قلوب الذین اتبعوه رافة ورحمة و رهبانیة ابتدعوها ما کتبناها علیهم الا ابتغاء رضوان الله فما رعوها حق رعایتها فاتینا الذین امنوا منهم اجرهم وکثیر منهم فاسقون﴾ الحدید 27... واتە :بێگومان ئێمە نوح وئیبراهیممان ڕەوانە کردووە، لە نەوەکانیشیاندا پێغەمبەرایەتی وکتێبی ئاسمانیمان دابەزاندووە ، جا لە نەوەکانیاندا کەسانێکهەبوون کە ڕێگەی هیدایەتیگرتۆتەبەرو زۆربەشیان خوانەناس ولاربوون.

لەوەودوا بە شوێن پێغەمبەراندا پێغەمبەرانی ترمان ڕەوانە کرد ، کۆتایی زنجیرەی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیممان هێنا بە عیسای کوڕی مەریەم ،ئینجیلیشمان پێبەخشی ، سۆزو میهرەبانیمان لەدڵی ئەوانەدا کەشوێنی کەوتبوون دابین کرد ، بەڵام ئەوان ڕەهبانیەت و دوورە پەرێزیان لە دنیا کردە پیشەیان ، وەنەبێت ئێمە ئەو حاڵەتەمان لەسەرفەرز کردبن ،بەڵکو تەنها بەدەستهێنانی

ڕەزامەندیخوامان لێ داواکردبوون،کەچیئەوان ڕەهبانیەتیان بەچاکیپەیڕەو نەکرد،ئێمەش پاداشتی ئەوانەمان دایەوە کە باوەڕی ڕاست و دروستیان هەبوو، هەرچەندە زۆربەیان لارولەوێر بوون ..

کە نارگیری مایەی ناساغیە!

ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی زۆری داوە بەخێزان وپەیوەندی نێوان ئەندامەکانی، تامنـاڵ بـە دڵ ودەروونێکیگەشەوە لەوکومـەڵگا بچـکۆلـەیەدا پـەروەردە ببێـت ودوور بێـت لەکـەنارگیری (ئینعزالیەت)وخۆخۆیی و نەخۆشی یـە دەروونیـەکانی تـر، دیـارە تەمـەنی منـاڵی لـە مرۆڤـدا کـە نزیکەی(9)ساڵێکەو زیاترە لە تەمەنی مناڵی هەموو گیانلەبـەرەکانیتر، ئەمـەش لەبـەر ئـەو ڕۆڵـە گرنگەیە کە دەیبینیێلە داهاتوودا کە پێویست بەوە دەکات ماوەیـەکی تـەواو (کـافی)هـەبێت بـۆ پەروەردەکردن لە هەموو بوارێکدا ، بەتایبەت چـۆنیەتی هـەڵس وکـەوت ومامەڵـەکردن لەگـەڵ بەرامبەردا ...

لە ئاینی ئیسلامدا گرنگی دراوە بەوەی کەمرۆڤ هاوەڵی چاك بۆخـۆی بگرێـت و هەوڵبـدات سوودی لێوەرگرێت ، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو تێکـەڵ بێـت بەخـەڵکی و دانـەبرێت لێیـان ،جـا ئەگەر هەندێ ناڕەحەتی تووش هات لە کەسانێکەوە کە ناتـەواو ولارولـەوێر بـوون ئـارام بگـرێ چونکە بەو ئارام گرتنەخێری گەورەیدەست دەکەوێت پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمۆیت : (المؤمن الذی یخالط الناس ویصبر علی اذاهم خیر من المؤمن الذی لا یخالط الناس ولایصبر علی اذاهم) واتە : ئەو بـڕوادارەی کـە تێکەڵ بە خەڵکی دەبێت وئارام دەگرێت لە سەر ئەو ئەزیەت وئازارەی کە لێیانەوە تووشی دەبێت باشترە لەو بڕوادارەی کە تێکەڵ بەخەڵکی نابێ و ئارام ناگرێت..

زانستی سەردەمیش پاش چواردە سـەدە ڕاسـتی ئـەم مەسـەلـەیەی سـەلماند،زانای دەروونناسـی ئەمریکی(لیون ئەیسـین بـیرگ) لێکۆڵینـەوەی زۆری کـرد لەسـەر کاریگـەری هـاوڕێ گـرتن و تێکـەڵاوی خـەڵکی لەسـەر تەندروسـتی ، دکتـور(لیـون) تاقیکردنـەوە و لێکۆڵینـەوەی کـرد لەسەر(4725)کەس لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ماوەی نۆ ساڵدا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کـە ڕێـژەی مردن زۆرترە لەو کەسانەدا کە هاوەڵیان نیە و تێکەڵ بە خەڵکی نابن وگۆشەگیرن، هەروەها بـۆی دەرکەوت کە ئەوکەسانە زیاتر تووشی نەخۆشیەکانی دڵ و شێرپەنجەو دوودڵی وخەمۆکی دەبن..

بۆیە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیەوە ئامۆژگاری دەکـات کـەمرۆڤ دانـەبڕێ لـە کۆمـەڵگا و گۆشـەگیر نـەبێت، تـاوەکو بتـوانێ ژیـانێکی خـۆش و دوور لــە نەخۆشـی بـە سـەربەرێت ..

بەڵێ خوایەك كە خۆی مرۆڤی بە دیهێناوە ولە نەبوونەوهیناویەتیە بوون بۆ خۆی باش دەزانێ كەچی لە بەرژەوەندی ئەم ئادەمیزادەیە (الا يعلم من خلق وهو اللطيف الخبير)الملك ..

لە زانكۆی میشیگان لە ئەمریكا زانای ئەمریكی (جیمس هاوس) لێكۆڵینەوەی كرد لەسەر (1700)كەس وبۆی دەركەوت ئەوانەی تێكەڵ نابن وپەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانیان باش نیە بەرێژەی لە سەدا دووسەد وپەنجا زیاتر دەمرن لەچاو ئەوانەی كەباری كۆمەڵایەتیان دامەزراوە و لە پەیوەندیانا ئاسوودەن.

لە دیراسەیەكی تردا كە نۆ ساڵی خایاندزانای ئافرەتی ئەمریكی دكتۆرە (لیزا بیركمان) لە زانكۆی كالیفۆرنیا لەسەرحەوت هەزار كەسكردی لە سەر دێیەكی سەر بە كالیفۆرنیا بۆیدەركەوت كەرێژەی مردنی ئەوكەسانەی خێزانیان نیەو گۆشەگیرن لەسەدا دووسەدە لەچاو ئەوانەی كە باری خێزانیان باشە وتێكەڵ بە خەڵكی دەبن.

بەڵێ تێكەڵ بوون بە كۆمەڵگاوهاوكاری كردنی خەڵكی وخێروچاكەكردن ئەمانە هەمووی مایەی تەندروستی باش ودڵخۆشی و تەنانەت زوو چاك بوونەوەیە ئەگەر كەسێك نەخۆش بێت، بۆیە دەبینین لە ئیسلامدا گرنگی زۆر دراوە بە سەردانی نەخۆش، تا لەكۆمەڵگا دانەبڕێت و زووچاك ببێتەوە، لە فەرموودەدا هاتووە كە پەروەردگار بەندەی خۆی ڕادەگرێ لە قیامەتداو پێی دەفەرمویێ داوای ئاوم لێكردی نەتدامێ ؟! ئەویش دەڵێ: خوای گەورە كەی تۆ پێویستت بە ئاو بووە تامن بتدەمێ؟! پەروەردگاریش دەفەرموێت: فلانە بەندەم داوای ئاوی لێكردی نەتدایە، ئەگەر بتدایەتێ لە لای من وەرت دەگرتەوە ...ئینجا دەفەرموێ: داوای خواردنم لێكردی نەتدامێ ، ئەویش دەڵێ ئەی پەروەردگار تۆ كەی پێویستت بە خواردنە تامن بتدەمێ؟! ئەویش دەفەرموێ ! فلانە عەبدم داوایخواردنی لێكردی و نەتدایە ، ئەگەر بتدایەتێ لای من وەرتدەگرتەوە ئەی عەبدەكەم نەخۆش كەوتم نەهاتی بۆلام ،ئەویش دەڵێ:ئەی پەروەردگار تۆكەی نەخۆش دەكەوی تا من بێم بۆ لات؟!

خواش دەفەرموێ فلانە عەبدم نەخۆشكەوت ئەگەر سەردانت بكردایە ئەوا منی لەلابووم ، وەك بۆلای من بهاتیتایە وابوو ، كێ گوێی لەمەبێ كەمتەرخەمیدەكات لەو بوارانەدا ؟دیارە ئەمە بۆ هەر دوولامایەی خێرو بەرەكەتە نەخۆشەكەش وئەوەش كە سەری ئەدات. زانایان لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەی زۆرەوە گەیشتنە ئەو ڕاستیە كە ئەوەی كاری خێروچاكەدەكات كاردەكاتە سەرجیهازی مەناعەی وبەرگری زیاتر دەبێت لە بەرامبەر نەخۆشیدا،هەروەهائەو

چاکەکەروخێرخوازە لەئەنجامی ئارامی دەروونی و خۆشی خێرکردنەکەوە سپڵی ماددەی تەفتەسین دەردەدات کە بەرگری میکرۆبات دەکات و دەیپارێزێ لە نەخۆشی، لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەوە ، زانایانی ڕۆژئاوا وابەچاك دەزانن کە نەخۆش خێر بکات ویارمەتی کەسانی تر بدات کەبەمەش دەزگای بەرگری لەشیان بەهێز دەبێ وزووتر چاك دەبنەوە .. ئەم ڕاستیەش دکتۆر (دین اورنیسن) جەخت دەکاتە سەریوجارێك دوونەخۆش کەدژایەتییەکتریان دەکرد،داوای لێکردن کە هەریەکیان جلی ئەوی تریان بشواو هاوکاری یەکتری بکەن تا زووتر چاك ببنەوە. لێرەوە گەورەیی ئەو فەرموودەیەی حەزرەت(د.خ) تێدەگەین کە دەفەرموێ: (داووامرضاکم بالصدقات)واتە: نەخۆشەکانتان بە خێرو سەدەقە کردن چارەسەر بکەن.. یان دەفەرمۆی(سیلەی رەحم وسەردانی خزم وکەس وچاکە کردن دەبیتە مایەی تەمەن دریژی)... پەڕاوی(ثبت علميا/ محمد كامل عبدالصمد) و (الشخصيةالمغناطيسية/المهندس علي غانم الطويل)ل 123)....

رووخۆشی وزەردەخەنە مایەی لەش ساغیە

لە ئیسلامدا گرنگی دراوە بە ڕووخۆشیو زەردەخەنە و هانی موسڵمانان دراوە کە هەمیشە ڕووگەش و ڕووکراوە بن بە ڕووی خە ڵکیدا ، کە ئەمەش بە چاکە و خێر بۆیان حساب دەکرێت ،پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت(تبسمك في وجه اخيك صدقة) هەروەها حەزرەت (د.خ)هەمیشە زەردەخەنەی لەسەر لێو بووە وهەرگیز ڕووگرژ و مۆن وبێ هیوا نەبووە..

دیارە هەرچی ئیسلام فەرمانی پێبدات مایەی خێر وخۆشیيە بۆ مرۆڤ لە دنیاو لە قیامەتدا ،ئەوەتا کۆمەڵێك زانای دەروونی وکۆمەڵایەتی ئەمریکی لێکۆڵینەوەیان کرد لە سەر ڕووخوشی و ڕووگەشی و زەردەخەنە و ڕایانگەیاند کە دەبێتە مایەی پاراستنی تەندروستی مرۆڤ لە بەرامبەر نەخۆشیەکانی سەردەمدا.... هەروەها زانای دەروونناسی ئەمریکی دکتور(جیمس ئەریکسۆن)پاش تاقیکردنەوەی زۆر لەسەر (3500)کەس کەلە چین وتوێژە جیاکانی کۆمەڵ بوون وکردبوونی بە سێ گرووپەوە (ئەوانەی کە زەردەخەنەیان نیە ، ئەوانەی کە لە هەندێ کاتدا زەردەخەنەیان هەیە، ئەوانەی کە هەمیشە زەردەخەنە لە سەر لێویانە)ڕایگەیاند کە کۆمەڵی سێیەم زۆر گورج و گۆڵ و تەندروستیان باشە و بڕوایان بە خۆیان زۆرە ، وە ڕایگەیاند کە ئەو کەسانە زیاتر کاردەکەنە سەر خەڵکی بەرامبەرو دەتوانن قەناعەتیان پێبکەن.

ئەو کەسانەی دەم بە زەردەخەنە و ڕووگەشـن ئەوانـە دوورن لـە نەخۆشـی فشـاری خـوێن و مێشکیان باشتر سوود لە ئۆکسجین وەردەگرێت ودڵ وجگەریشیان باشتر کاردەکەن. ل 120 هـەمان سەرچاوە .

ناوەڕۆك

بەرهەمەکانی نووسەر

1-لەخزمەت قورئاندا

2-بەهاری دلّان

3-ژیانەوە

4-بەرەو پەروەردەی ئیسلامی

5-بەرچاورِوونی

6-فەرهەنگی بانگخوازان

7-رامان لە قورئان

8-زەوق و سەلیقەی بروادار

9-نوێبوونەوە

10-سینە

11-ئەزموون

12-قورئان پارێزراوە

13-بەرەو بەهەشت

14-بەڵێنەکانی قورئان

15-پەیامێکی ئاسمانی

16-دەستی گەل